# نوێبوون

هاوینی 2008

ژمارە چوار

گۆڤارێکی سیاسی و ڕووناکبیری وەرزییە


خاوەن ئیمتیاز
مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی

سەرنووسەر :ئەنوەر صاڵح
جێگری سەرنووسەر :ئازاد تۆفیق

ڕاوێژکاران

ئەکرەمی میهرداد
نووسەرو ڕووناکبیر

ڕێبوار کریم
مامۆستای زانکۆ

کامەران محمد
مامۆستای زانکۆ

هیوا عزیز
مامۆستای زانکۆ

سەرپەرشتیاری هونەری
ئالان قادر



ناونشان : سلێمانی
یەکێتی نیشتمانی کوردستان
مەڵبەندی یەکی ڕێکخستنی سلێمانی

بۆ پەیوەندی کردنی:
Email:nuebwnm1@yahoo.com
Tel:o533127591



تایپ:هەردی ئەنوەر

تیراژ: 1500دانە

چاپ: چاپخانەی شڤان


هەواڵنامەی کتێب

## لەم ژمارەیەدا


| | | |
|---|---|---|
| ★ کورد ودەوڵەتی عێراقی فیدراڵ | سەرنووسەر | ١٢-٥ |


### لێکۆڵینەوە


| | | |
|---|---|---|
| ★ زمان و زەمینەکۆمەلایەتیەکانی | سالار فەتاح | ٣٠-١٥ |
| ★ یەکێتی خاکی عێراق | بەرزان ئەحمەد کوردە | ٥٨-٣١ |
| ★ پێوەر و ئامارەکان بوجەی هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٨ | محمد کریم محمد | ٨٧-٥٩ |
| ★ باکوری کوردستان | ئا: ماجید خەلیل | ١٣٥-٨٨ |
| ★ سیستەمی دیبلۆماسی لەسەدەکانی ناوەڕاست دا. | د.ئاراس فەریق زەینەڵ | ١٦٣-١٣٦ |
| ★ ئیدوارد برنشتاین و... سۆسیال دیموکراسی مۆدێرن . | ئەکرەمی میهرداد | ٢١٦-١٦٤ |


### وەرگێران


| | | |
|---|---|---|
| ★ دیموکراسی و ... کۆمەلگا نا دیموکراتیکەکان | د.عەلی مەعنەوی و.ئەردەلانی فەرەجی | ٢٥٠-٢١٩ |
| ★ شۆڕشە مەعریفی و وەرچەرخانە سەرەکیەکان لە زانستی ڕامیاریدا | جۆن.سی.دریزک و: زانا کەریم | ٢٨١-٢٥١ |
| ★ کۆنەپاریزی لە سەدەی بیستەمدا(بنەماوقۆناغ وجۆرەکان) | د.حسێن بەشیریە و.نەبەز محمد | ٣١٨-٢٨٢ |


### ووتار


| | | |
|---|---|---|
| ★ دەرهاویشتەکانی ١١سێپتەمبەر لە ناوچەی خۆرهەلاتی ناویندا . | سەعدی ئەحمەدپیرە | ٣٢٧-٣٢١ |
| ★ ئێستا و ئایندەی پەیوەندییەکانی (هەرێم-بەغدا) | ڕێبوار کەریم | ٣٣٧-٣٢٨ |


### دیدار


| | | |
|---|---|---|
| ★ حزب و ئەگەری چاکسازی لە هێلی فیکری وبنیاتی ڕێکخراوەییدا | د. شاهۆ سەعید | ٣٥٥-٣٤١ |
| ★ نوسەروڕووناکبیر(ڕێبین هەردی)لە دیدارێکدا | نوێبوون | ٣٧٠-٣٥٦ |


### القسم العربي


| | | |
|---|---|---|
| ★ الكورد و دولة الفيدرالية العراقية | رئيس التحرير | ٣٧٨-٣٧٢ |
| ★ التعايش السلمي في كركوك | د.رشيد عمار ياس | ٣٩٤-٣٧٩ |
| ★ آليات التنشئة السياسية | الناصر دريد | ٤٠٧-٣٩٥ |


هەواڵنامەی کتێب

# کورد ودەوڵەتی عێراقی فیدراڵ

کورد وەك یەكێك لە نەتەوە دێرینەكانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، تائێستا خاوەنی دەوڵەتو سنورێكی جوگرافی دیاریكراوو دانپیانراوی نێودەوڵەتی نییە. سەرەڕای ئەوەش بەدرێژایی مێژوو دووچاری دابەشبوونو چەوسانەوە بووە، هەمیشە ململانێو كێبەركێی نێوان زلهێزانی جیهانیو ناوچەكە كاردانەوەی نێگەتیڤی لەسەر بارودۆخی كوردستانو چارەنوسی هەبووە، تادواجارو لەبەرەنجامی روداوەكانی جەنگی یەكەمی جیهانیو دەرهاویشتەكانی جارێكی تر كوردستان پارچەپارچەكراو لەنێو سنوری دەوڵەتەكانی (عەرەبو توركوفارس)دا دابەشكرا، لەو ڕۆژەوە یان لەو مێژووەوە كورد لە خەباتی سیاسیو كۆمەڵایەتیو سەربازیو دیپلۆماسیو جەماوەریدا بۆ دۆزینەوەی میكانیزمێك خەباتدەكات، تاوەكو كوردیش وەك هەر گەلێكی تری ئەم دنیایە بتوانێت بەئازادانە مافی چارەی خۆنووسین بەدەستبهێنێتو لەمەیدانەدا یان لەگەڵ مەركەز بژی یان ئەوەتا دەسەڵاتێكی تایبەتی خۆی هەبێت. بەڵام بەدرێژایی نزیكەی یەك سەدە لەگەڵ سیستمە یەك لەدوای یەكەكانی توركیاو سوریاو ئێرانو عێراق نەتوانراوە میكانیزمێكی گونجاو كە ماهیەتی شوناسی نەتەوایەتی تێدا پارێزراو بێت بەرجەستەبكرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی دەسەڵاتدارانی توركو عەرەبو فارس كەزۆرایەتی ئەو وولاتەكانیان پێكدەهێننو كوردی تێدا دەژی، بەشێوەیەكی شۆڤێنیانەو تۆتالیتاریانە فەرمانڕەواییان كردووەو بەمەش



ستراتیژی كاریان نیەتی مرۆڤ دۆستیو مافی گەلانو پێكەوە ژیان لە بونیاتی فیكری ئەم گەلە سەردەستانە نەبووە، بۆیە بەردەوام كوردیان بەكەمینەو مرۆڤی پلە دووی داناوە، لەڕووی دەستورو یاساكانی ئەو وڵاتانە هیچ جۆرە مافو ئازادییەك بۆ كورد دابیننەكراوە. ئەمانەش بەپێی ڕەوتی ئەم مێژووە جۆرە ستراكتورێكی پێكهێناوە كە كاریگەری لەسەر سایكۆلۆجیای مرۆڤەكان بەجێهێشتووە. كەوایكردووە كاریگەریو لێكدانەوەی مرۆڤەكان بەشێوەیەكی ناتەندروست بێتو جۆرە پەیوەندییەكی بەرهەمهێناوە كە ئەم پەیوەندیە پەیوەندیەكی نا ئەقلانیو نادیموكراتیو نامەدەنی بێت. هەتا ئێستاش ئەم ڕەوتە كاری خۆی كردوەو دەكات.

خوێنەری بەڕێز:-

ئەوەی كە مەبەستمانە باسی بكەین بابەتی مێژوو نییە، بەڵكو ئەم چەند دێرە دەروازەیەكە بۆ بابەتێك كە دەمانەوێت باسی بكەین، ئەویش كێشەی كوردی كوردستانی باشورو دەوڵەتی فیدراڵی عیراقە.

لەدوای ڕووداوەكانی (٢٠٠٣) بەدواوەو ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام حسین، پێكهێنانی دەسەڵاتێكی تر لە عێراقدا لەڕێگەی هەڵبژاردنو نوێنەرایەتیو تەوافق توانرا پرۆسەیەك بێتەدی كە مۆركی دیموكراسی پێوەبێ، بەشداری سیاسی خەڵك لە دیاریكردنی دەسەڵاتو چارەنوسی خۆیدا، بە هەموو كەموكورتیەكانیەوە دەسەڵاتێك دروستبوو لایەنی كەم نوێنەری زۆربەی خەڵكی عێراقی تێدابوو.

ڕۆڵی كورد لەبەغدا. توانرا لەڕێگەی بەشداریەكی جدیی كۆمەڵانی خەڵك بۆ

دەنگدانی لیستی هاوپەیمانی کوردستان. کورد بە قورسایەکی باشەوە بچێتە بەغداد، کە ستراتیجی کورد لەم پرۆسەیەدا ئەوەی کە دەخوێنرایەوە زیاتر بریتی بوون لەم خاڵانە:-

١. بەئاگابوونی کورد لەمەرکەزدا، لە هەر بارو گۆڕانکاریەك کە لە عێراقدا دەکرێت.

٢. بۆ ئەوەی بە گشت لایەکی بسەلمێنین کە کورد نیازی جیابوونەوەی نییە بەڵکو دەیەوێت لەگەڵ مەرکەزدا بژی.

٣. پێکهێنانی دەستورێك کە گشت مافەکانی کوردی تێیدا پارێزراوبێتو بتوانرێت کاربکرێت بۆ ئەو ناوچانەی تری کوردستان کە لە دەرەوەی هەرێمی کوردستانن.

٤. بۆ پەیداکردنی دۆستو هاوپەیمان لە گشت ئەحزابە سیاسیەکانی ناو عێراق بە چەپو ڕاستو بە کۆمۆنیزمو ئیسلامیەوە بە بێلایەنو بەعەشایەریەوە. بۆ هاوپشتیوانی لەمەسەلەکانی کورد.

٥. بۆ ئەوەی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی عەرەبیو ئەقلیمی زیاتر کێشەی کورد تەرح بکرێتو دۆستو لایەنگری بۆ پەیدابکرێت.

٦. بۆ هاوکاری ئەمریکا بۆ سەرکەوتنی لەپرۆسەی بەدیموکراتی بوونی عێراقدا. چونکە بە حکومی ئەوەی ئەمریکا ئەو هێزە فریاد رەسە بوو کە سیستەمی سەدام حسینی رووخاند.

٧. بۆ ئەوەی کورد بتوانێت لەو هێزەی هەیەتی بەئاگابێت لەوەزعو حاڵی عێراقو لەم ڕێگەشەوە بتوانین کاریگەری هەبێت بۆ باشترکردنی میزانیەی کوردستان، پەیداکردنی مەنحە بۆ کوردستان تابتوانێت ژێرخانی ئابووری بەرەو باشتربەرێتو ئابووری داهاتی تاك لە کوردستاندا بەرەوپێش بەرێت.



ئەمانەو چەندین فاکتەری تر هۆکاربوون بۆ ئەوەی کورد لە بەغداد ئامادەبێت. بەڵام لەو هەلو مەرجەدا بیرکردنەوەو ڕای تریش هەبوو، کەئەگەر کورد لە بەغداد نەبێت ڕەنگە بۆ کورد باشتر بێت، یان لایەنی کەم ئێمە هۆکار نەبێن بۆ دروست بوونەوەی دەوڵەتێك سەرپای بەدبەختیو نەگبەتی بووە بۆ کورد.

بۆیە بەشداری کورد لەپرۆسەی سیاسیی و بونیادنانەوەی عیراق لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی کوردەوە بۆ گرەنتیکردنو فراوانکردنی ئەو مافو ئازادییانە بوو کە بەر لەرووخانی سەدام هەیبوو، نەك بەپێچەوانەوە هەروەك ئێستا هەندێك لایەنو هێزی عیراقی دەیانەوێت بەو ئاقارەیدا بەرن.

**بەرئە نجام**

پاش ٥ ساڵ زیاتر لەچارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی شیعەو سوننەو نەمانی کاری توندوتیژیو بەتێپەڕبوونی ئەم ماوەیە لەمومارەسەکردنی دەسەڵات لەگەڵ پێکهاتەکانی ئەم دەسەڵاتە کە لە ڕووی نەتەوەییەوە لە کوردو عەرەبو ... هتد پێکهاتووە. لایەنی عەرەب ئەوهێزە بوو کە مێژووی ٣٥ساڵەی حوکمی حزبی بەعس هەندێکیان دژایەتی ئەم دەسەڵاتەیان کردووەو دۆستی دێرنی کوردبوونو هەندێکیان خۆیان بە کەسی دیموکراتو مرۆڤ دۆستی ئاشتیخواز دەزانن...هتد.

بەڵام سەرباری ئەمانەش دەبینین جۆری پەیوەندیەکان پەیوەندیەکی تەندروست نییە، ئەم پەیوەندیانە بنەماکەی لەسەر بونیاتی دیموکراسیو لێکبووردنو جیاوازیو یەکترقبوڵکردن نییە، بیرکردنەوەکانی ناو دەسەڵاتی عێراق لەسەر بونیاتێکە کە پڕە لە ڕەگەزپەرەستیو دوژمنایەتیو نەسەلماندنی مافی بەرامبەر جارێکی تریش بڕوابوون بەسکتاریزمو بەهێزکردنەوەی مەرکەزو دەسەڵاتی ڕەها، توتالیتاریزم بۆیە ئەم هەلومەرجە تێزی دیموکراتیو مامەڵەکردنی مەدەنیانەو لاسەنگی لە مامەڵەی

سیاسیدا پێکدەهێنن. بۆیە ئەگەر ئێستا لێکدانەوە بۆ ئەو هەموو کاتو ماندوبوونو هەوڵدانەی کورد بکەین لە بەغداد کە بۆ چووین. دەچینەوە خاڵی سفرو هیچ هەنگاوێکمان نەبڕیوە، چونکە بەپێی ڕاگەیاندنەکانو لێدوانەکانی هەندێك لە لێپرسراوانی بەغدادبێت کورد دەبێت بچێتەوە شوێنی ساڵی ٢٠٠٣، واتە پێش ڕوخاندنی ڕژێمی سەدام حسین.

ئێمە ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە کە بونیاتی دیموکراسی بونیاتی پێکەوە ژیانو زەمینەی فرەیی لە ناو پانتایی سیاسیو فکریو کۆمەڵایەتی بەرهەمنەهاتووە، بۆیە لێرەدا ئەوەی جێگەی ترسو دڵە ڕاوکێیە ئەوەیە کاتێك برایانی عەرەبمان لەبەغداد بەهێزدەبنو کێشەکانیان کەمدەبێتەوە بیر لەکاری داگیرکاریو چەوسانەوەو مافسەندنەوەو نەهێشتنی بەشداری سیاسی لایەنەکانی غەیرە عەرەبی دەکەنەوە، زۆر گرنگە کورد بتوانێت زەمانەتێکی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی دەستور زامن بکات بۆ ئەوەی جارێکی تر لەگەڵ بەهێز بوونی مەرکەزدا کوردبەرشالأونەکەوێتەوە.

## هۆکارەکان

١-باردۆخی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەراست ناوچەیەکی پڕ لەکێشەی جۆراو جۆربوە، هەر لەمەسەلەی نەتەوەییو ئاینییو مەزهەبی ....هتد کە ئەم کێشانەش مێژوویەکی دووروی خۆی هەیە. بۆیە ئێستاش سیاسەتی هێزە گەورەکانی دنیا وەکو دەوڵەتی عوسمانیو بریتانیو ئەمریکا کاریگەری خۆی هەیە. ئەم کێشانەش بەچارەسەر نەکراوی ماوەتەوەو لە دوای پڕۆژەی خۆرهەڵاتی ناوەراستی گەوەرە بەجیهانیکردنی ئابوری بەجیهانیکردنی ئیسلامی سیاسیو تیرۆر ئەم ناوچەیە زیاتر پڕکێشەبون، ئەمانەش تائیستا لەعێراقدا ڕۆڵ



دەبینینو ئەو ستراکتورە کۆمەڵایەتییەی ئێستا هەیەو بەبەردەوامی لەژێر ئەو کاریگەریەدا بووە.

٢- ئەمریکا کەئەمڕۆ دەوڵەتێکی گەورەی دنیایەو ڕۆڵی تاکجەمسەری دەبینێتو دەیەوێت ڕۆڵو کاریگەری هەبێت لەسەر دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤو ئازادیو ئابووریو بازاری ئازاد. دژی هەموو ئەو دەوڵەتانەی کەتۆتالیتارو مەرکەزینو ئەوە دەخوازن سنورەکانیان داخەن بەسەر بەجیهانیبووندا وایکردووە کەڕادەی ململانێکان لەم ناوچەیەی ئێمەدا توندوتیژ بێتو بەریەکەوتن زیاتربێت.

٣- لەدوای پرۆسەی ئازادی عێراق ئەمریکا کاری لەسەر ئەم ستراتیژەی سەرەوە کردووە. زۆر لەدەوڵەتەکانی ناوچەکەش بەوپەڕی توانایانەوە کاریان بۆ کەمکردنەوەی هەژمونی ئەمریکا کردووە، یەکێك لەو دەوڵەتانە ئیرانە کەلەرێگەی هاومەزهەبەکانی لەدەسەلاتی عێراقدا دەیەوێت ستراتیژی ئێرانی بەرامبەر بەئەمریکا جێبەجێبکات، چونکە سیاسەتی ئەمریکا لە ناوچەکەدا جولانێکی بەرچاوی هەیە بەرامبەر بەئێرانو ئەگەری لێدانی ئەگەرێکی چاوەڕوانکراوە، کوردیش بەهۆی هاوسۆزی بۆ ئەمریکا کەوتۆتە ناو ئەو ململانێیەوەو سەرباری سیاسەتی شۆڤێنانەی ناوچەکەو دژایەتی ئەو دەسەلاتەی کەئەمڕۆ لەهەرێمی کوردستاندا هەیە دەکرێت، ئەمەش لە مادەی (٢٤)دا کە لەڕۆژی (٢٢)ی تەمووزدا لەپەڕلەمانی عێراقدا دەرکەوت.

٤- خودی کورد یەکێکە لەو هۆکارانەی کەلەماوەی (١٧) ساڵی ڕابردوودا چەند توانیویەتی لەڕووی کارگێڕیو سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتی پێشکەوتن بەدەستبهێنێت. ڕەنگە ئەم پرسیارە زۆر هەڵبگرێت، بەلأم گەر بەووردی سەیری دەرەنجامەکانی ستراتیژی کورد بکەین چ لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیو چ لەسەر

ئاستی ئەقلیمیو چ لەسەر ئاستی ناوخۆ جێگەی ڕەزامەندی بوون نییە. ئەمەش بۆ خۆی مەسەلەیەکی گرنگە بۆ ئامادەبوونی کورد لەئاستی ئەو گرەوە سیاسیانەی کە لەناوچەکەدا حزوریان هەیە، یان چەند توانراوە پایەکانی توانای سیاسی کورد سەقامگیربکرێت بۆ یەکلاکردنەوەی ئەو ململانێیانەی کەڕووبەڕووی کورد دەبێتەوە؟

## چارەسەرەکان

١- کورد لە مێژووی خەباتو تێکۆشانیدا زۆر کەم توانیوێتی بەلۆژیکی چەك سەرکەوتن بەدەستبهێنێت، لەم ڕۆدا لۆژیکی دیالۆگو عەقڵو سیاسەتو دیپلۆماسیی یەکێکە لەو لۆژیکانەی کەدەتوانێت بکرێتە ڕێبازی کارکردن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

٢- دەبێت دەسەڵاتی کورد زیاتر هەوڵبدات گوتاری خۆی یەکبخاتو جارێکی تر زۆر بەڕونی لەبەردەم گەلی کوردستاندا بەیانی بکاتو مەسەلەی نەتەوەیی لەسەروو بەرژەوەندییە حزبییەکان دابنرێتو حزب بکرێتە وەسیلەیەك بۆ بەدەستهێنانی مەسەلە نەتەوەییەکان، لەهەمانکاتدا هەوڵبدرێت بۆ بەموئەسەسەکردنی ئیدارەی هەرێمی کوردستانو ژێرخانی ئابوری کوردستان تۆکمەبکرێتو هێزی بەرهەمهێنان لەحاڵەتی بەکاربەرەوە بگوێزرێتەوە بۆ حاڵەتی بەرهەمهێنانو سەرمایەو ئابوری بەرهەمهێنراوی کوردستان لەخودی کوردستاندا بێتەبوون، گۆڕان بەسەر ژیانو گوزەرانی خەڵکدا بێتو دەسەڵاتێکی یاسایی تۆکمە بێتە ئاراوە کە پارێزەری ئازادیو مافو لایەنی کەمی دادی کۆمەڵایەتی بێت، تابتوانرێت چەمکی هاوڵاتیی بوون بەرهەمبهێنرێت کە ئەمەش وادەکات هێزی بەرگریکردن لەسەرجەم بوارەکاندا لە هەرێمی کوردستان زیادبکرێت.



٣- لە ئەمڕۆدا زۆر گرنگە دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتیو ئیقلیمییەکاندا هاوسەنگی سیاسی دروستبکاتو بتوانێت لەنێو ئەو پەیوەندییانەدا بکەرێکی ئەکتیف بێتو خوێندنەوەیەکی واقیعی دروستی هەبێتو بتوانێت کێشەی کوردی تێدا بباتە پێشەوە.

٤- کورد لەهاوپەیمانێتی عێراقدا زۆر گرنگە پەیوەندییەکانی هاوپەیمانی کوردستانو هێزی شیعە لەعێراقدا بپارێزێت، چونکە بە هەموو بەڵگەکان هێزی شیعە زۆرایەتی لە عێراقدا پێکدەهێنێنو کورد تائێستاش لەهاوپەیمانێتی شیعە زەرەری نەکردووە، لەماوەی دەسەڵاتی شیعە کورد لەبەرەنجامی ئەو هاوپەیمانێتییەی زۆرشتی دەستکەوت.

٥- دەکرێت کورد لەم سەروبەندەدا مەسەلەی پرۆتۆکۆلاتی غازو نەوت لەهەرێمی کوردستاندا وەك کارتێکی فشار بەکاربهێنرێت بۆ چارەسەرکردنی هەندێك لەکێشە سەرەکییەکانو دورکەوتنەوە لەو پرۆتۆکۆلانەو پەیوەستبوون بەبنەماکانی دەستوری عێراقی فیدڕاڵ.

سەرنووسەر



هەواڵنامەی کتێب

## لێکۆڵینەوە

- ❖ زمـان و زەمینــەکـۆمـەڵایـەتیـەکـانـی.
- ❖ یەکێتـی خاکـی عێراق(کـێشـەو چـارەسـەر).
- ❖ پێوەر و ئـامـارەکـان بـوجـەی
هەرێمی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٨ .
- ❖ باکوری کوردستان.
- ❖ سیستـەمی دیبلۆمـاسی لــەسـەدەکانی نـاوەڕاست دا.
- ❖ ئیدوارد برنشتاین و سۆسیال دیموکراسی مۆدێرن .



www.pukm1.com

هەواڵنامەی کتێب

# زمـــان و زەمینــەکـۆمـەڵایـەتیـەکـانـی

سالار فەتاح

زمـــان ڕۆڵێکـــی گـــرنگ دەگێرێـــت بـــۆ بەرهـــەمهێنانی شـــێوازی جیـــاوازی بیرکردنەوە( ئەفسانەیی، ئاینی، فەلسەفی، زانستی )[١]. زمـان ئـامرازێکی گرنگـە لـە ئامرازە گرنگەکانی گەشەی ئەقڵی و هەڵچون، ئـامرازێکی گرنگـی پەیوەنـدیکردنی کۆمەڵایەتیـە، زمـان رابـردو ئیـستاو ئاینـدە بەیەکـەوە دەبەسـتێت، زمـان توراسـو بەهاو دابو نەریتەکان لە بـابو باپیرانـەوە دەگوازێتـەوە لەئێمەشـەوە بـۆ نـەوەکانی داهاتوو[٢]، بۆیە گەشەی کۆمەڵایەتی، گەشـەی پیـشەیی پـشت بـە زمـان دەبەسـتێت. لـەزووەوە کۆمەڵناسـەکان ئـەو بڕوایـەیان لـەلا جـێگیر بـوە کـە زمـان میحـوەرێکی جەوهـەری ژیـانی کۆمەڵایەتیـە بەتایبـەت لـەم دواییانـەدا قوتابخانـەی کـارلێکی هێمایی ( Symboic interaction school ) (ئـارفنغ غوفمـان) هـەروەها (هاروڵد غارفینکل) دارێـژەری مەنهەجیـەتی ئیتنـو میتودولۆجیـا بەوپـەری بایەخـەوە لـە زمـان دەروانـن[٣]. بـە رای ئـەم قوتابخانەیـە (Symboic interaction school)، زمان هەلی ئەوەمان پێدەدات بە هوشیاری خودی بگەین، درکـی خۆمـان و تاکیـەتی خۆمـان بکـەین. سـەرەکی تـرین ڕەگـەزیش لـەم پرۆسـەیەدا هێمایـە. ئـەم قوتابخانەیـە یارمـەتیمان دەدات لەچـاوی کەسـانی تـرەوە خۆمـان ببیـنین[٤]. قوتابخانـەی کـارلێکی هێمـایی بۆچـونی وایـە دەتـوانین لـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی تێبگـەین بـەهۆی ئـەوکارلێك و پەیوەندیکردنـەوە کـە لـەنێوان مرۆڤەکاندایـەو





زمـانیش بنەمایـەکی گرنگـە بۆکارلێـك و پەیوەنـدیکردنی مرۆڤـەکان[٥]. ئـەم قوتابخانەیە کارلێکی کۆمەڵایـەتی نێـوان تاکـەکان روون دەکاتـەوە سـەرنج دەخاتـە سەر ئەم خاڵانە:

١. مرۆڤەکان بێجگە لە پێکهاتە مادیەکەی ژیان لەپێکهاتەیەکی هێماییدا ژیان بەسەر دەبەن. کاتێك هێماو واتاکانیان فێر دەبن دەتوانن جیاکاری بکەن.
٢. دەتـوانین لـەرەفتاری تاکـەکان تێبگـەن لـەرێی فێربـوونی هێماکانیانـەوە،وە پەیوەندی هێماکان و بیرو باوەرو بەهاکانیان.
٣. چـەمکی خـود لـەرێی ئـەو کارلێکـە هێماییـەوە پێـك دێـت کـە تـاك لەگـەڵ ئەوانی تردا لەرێی کاریگەریـەوەو لـەرێی گەشـەپێدانی کۆمەڵایەتیـەوە(دایـك، باوك،خوشـكو برا،پـەروەردەکارەکان...هتـد.). لـەرێی ئـەو کارلێکـەوە تـاکو وێنەیەکی زاتی بۆ پێك دێت . لەرێی ئەو وێنەیەوە دەزانێت چی لـە کەسـانی تـر دەچێتو لـە چیـشدا جیـاوازە لـە ئـەوان. تێروانینـی ئـەوان لەسـەر ئـەو، پەرچـــەکردارەکانی کەســـانی تـــر لەبەرانبـــەر هەڵـــچونەکانیدا وەك هەڵسەنگاندنێك بۆ تواناکانی و ڕەنگو رواڵـەتی کاریگـەری لەسـەر درککردنـی زاتـی دەبێـت وەك تێگەشـتنێکی کۆمەڵایـەتی[٦]. پەیوەنـدی نێـوان هێماکـانی زمان و ماناکانیان پەیوەندیەکی هەڕەمەکیە[٧].

هێمـــا ئـــەو شـــتەیە کـــە جێگـــەی شـــتێك دەگرێتـــەوە . ( Oliquid stat pro aliquot)[٨]، نوێنەرایەتی ئەو شتە دەکات[٩]. سیـستەمی هێمـا هاوبەشەکان بەسە بۆ ئـەوەی لـەنێوان دوو مـرۆڤ یـا زیـاتردا هەسـتێکی هاوبـەش گەشە بکات، بۆ ئەوەی یەکبوون و هاوپەیمانیەتیش دروسـت بکـات[١٠]. هێماکـانی نـاو زمان جیاوازن لە هێما سروشتیەکان، هێما سروشتیەکان ئامـاژەن بـۆ بـونی شـتێك

کە لەسروشتدا لەرێی هەستەکانەوە ئەزمون دەکرێت بەڵام لەناو هێماکانی زماندا دەکرێت ئاماژە بەشتێك بکەیت لە سروشتدا نەبێت تەنها لەکلتوری کەسی قسەکەردا هەبێت یا لە کلتوری وەرگریشدا. بۆنمونە (پەری دەریا- حورية البحر) لەسروشتدا بوونی نیە بەڵام لەکلتوری ئەفسانەی کۆمەڵگەکاندا بوونی هەیە[١١]. زمان دوو بنەمای گرنگی هەیە یەکێکیان دەرونیەو ئەویتریان کۆمەڵایەتیە. دەرونیەکەی ئەوەیە تەعبیر لە هەڵچونو هەستو سۆزمان دەکات. بنەما کۆمەڵایەتیەکەشی ئەوەیە وادەکات بەرانبەر بەو جۆرە لێبکات کە دەمانەوێت[١٢].

زۆربەی زانایان پییانوایە ئاژەڵەکانیش قسە دەکەن لەرێی کۆمەڵێ جوڵەو دەنگەوە یا شەپۆلی سەرو دەنگەوە پەیام دەگۆرنەوە. هەنگ کاتێك لەشوێنی هەڵاڵە کە دەگەرێتەوە ئەگەر لە (٣٩) پێ دوربێت ئەوا بە دەوری خۆیدا دەسورێتەوە، بەڵام ئەگەر دورتربوو ئەوا کلکی لەشێوە ژمارە ( ٨ ) دا دەجوڵێنێتو سەما دەکات خێرایی سەماکەی نیشانەیە بۆ چەوری سەرچاوەکە[١٣]. ئەو هەموو ئاماژانەی کە ئاژەڵان بۆ دەستنیشانکردنی هەلومەرجێکی دیاریکراوی خۆیان وەك ملکەچی نواندن یا ململانێ کردن مرۆڤ توانیبێتی لە بەشێکی تێبگات بەشێکە لەپێکهاتەی سروشتی( فترى). گیانەوەران لەرێی پرۆسەی فێرکردنەوە فێرنەبون هەربۆیە ئەوزمانە لە هەمو هەنگەکانی دنیادا وەك یەکە. وەك ئەو توێژینەوەیەی لەسەر باڵندەی جۆری ( flycatcher) کرا لە ئەمریکا هەر بە زەرنەقوتەیی لە جۆرەکەیان دابڕی کە گەورە بوو وەك هاوجۆرەکانی خۆی دەیخوێند. ئەمە بەلگەی هۆکاری بۆ ماوەیی بوون دەسەلمێنێت لەزمانی ئاژەڵدا[١٤]. کارل بوهلەر بەلگەیەك دەهێنێتەوە بۆ سروشتی بوونی زمانی ئاژەڵان. دەڵێت ئەو جوجکەیەی کە ئامێری دەواجنەکان هەڵیانهێناوەو لەوێش گەورە کراوە وەك هەمان ئەوجوجکەیەی کە مریشکێك هەڵی دەهێنێتو گەورەی دەکات جوکەجوك





دەکاتو کرتەکرتو کە گەورەش بوو گارەگار دەکات.[١٥]

## قسەکردنی کۆمەڵایەتی

قسەکردنی کۆمەڵایەتی ئەو ئاخاوتنەوەیە مرۆڤ لەرێگەیەوە بیرو بۆچونی دەگوازێتەوە بۆ کەسی بەرانبەر بە ئامانجی پەیوەندیکردنی کۆمەڵایەتیو فراوانکردنی لەرێگەی رەدکردنەوەو قبولکردنەوە[١٦]، جان بیاجە چەند توێژینەوەیەکی لەسەر ئەرکەکانی زمان لە ژیانی منالّ-دا جێبەجێ کرد لە ناو ئەو توێژینەوانەدا توێژینەوەیەکی گرنگ بوو لەسەر پیشکەوتنی تەمەنو تەحەولکردنی قسەکردن لە خود (ذات) و بۆ کۆمەڵ یابەرەو روانگەی کۆمەڵایەتی[١٧]. لیۆن (Lyons) لەساڵی ١٩٨١-دا جیاوازی کرد لە نێوان سێ شێوەی بنەڕەتی زمانی رۆژانەدا:

١) لەهجە ( Accent).
٢) زمانی گشتی( Dialect).
٣) لەهجەی کەسی(Idiolect).

جۆری یەکەم ئەو ئاخاوتنەیە کە قسەکەر لەکاتی قسەکردنیدا ڕاناو بەکاردەهێنێت. بەڵام زمانە گشتیەکە(Dialect) جۆرێکی جیاوازە پێکهاتەی رێسای زمانەوانی مفرەداتی تایبەت بە خۆی هەیە، بەڵام جۆری سێیەم کە لیۆن پێی وتوە لەهجەی کەسی (Idiolect). تایبەتە بە هەریەکێکمان کە شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە لە کۆمەڵێك شێوازی قسەکردنو راهاتنی فەردی پێك هاتوە. کە هەریەکەمان ئەو شیوازە بە پێی هەلومەرج بەکاری دەهێنین بە پێی ویستی خۆمان موفرەداتەکانی هەڵدەبژێرین لە هەلومەرجەکاندا[١٨].

لەدیدی پیاجەوە هەندێك خودمحوەریانە قسە دەكەن. قسەكردنی خود محوەری باكی بەوە نیە بزانێت بۆ كێ قسە دەكاتو كێیە گوێی لێدەگرێت، واتە قسەكەر بۆخۆی قسە دەكات، هەوڵ نادات خۆی بخاتە جێگەو ئاستی كەسی بەرانبەر، واتە لەدیدی ئەوەوە ببیستێ. ئەم جۆرە ئاخاوتنە ئەم قسە كرنە تایبەتمەندی كۆمەڵایەتی پێوەنیە خود میحوەریە(Egocentric speech)[19] بەڵام قسەكردنی كۆمەڵایەتی پێچەوانەی ئەم شێوە قسەكردنەوەیە، منداڵ تیایدا روبەرووی گوێگر دەبێتەوە هەوڵی ئەوە دەدات كاریگەری لەسەر دابنێت بیروورای لەگەڵدا بگۆڕێتەوە[20]. هەربۆیە ئەوانەی كەمئەندامنو هەستی بیستنیان تەواو نیە دوچاری كێشە دێن لە گەشەی كۆمەڵایەتیو پیشەییدا، چونكە ناتوانن مەبەستیان بەباشی دەرببڕنو بەباشی لە كەسانی تر تێبگەن چ لەناو خێزان چ لە شوێنی كارو فرمان[21].

خودمحوەری لە ئاخاوتندا بەرای بیاجە تا تەمەنی شەش ساڵیە چونكە تا ئەو تەمەنە منداڵ توانای ئەوەی نیە خۆی بخاتە جێگەی كەسی بەرانبەر، لەبەر ئەوەی منداڵ لە تەمەنی منداڵی زودا توانای گۆڕینەوەی بیروورای نیە تەنها تەعبیر لە دنیای تایبەتی خۆی دەكاتو بیروورای بەرانبەر دەرك ناكات وەك ئەو دوو منداڵەی كە لە تەمەنی سێ ساڵیدان كە یەكێكیان ئەڵێت (خوشكەكەم ئەمشەو جەژنی لەدایك بونیەتی) ئەویتریان ئەڵێت (دوێنێ شەو پشیلەیەكی جوان هاتبویە ژورەكەمانەوە)[22].

بیاجە لە توێژینەوەیەكدا تێبینی بیست منداڵی دەكرد كە لە تەمەنی دوساڵی تا تەمەنی یازدە ساڵیدا بوون، لەكاتی نواندنی چالاكی سەربەخۆدا لە پەیمانگەی رۆسۆ منداڵەكان تێبینی دەكران هەمو ئەو رستەو دەربرینانەیان تۆماركرا





لەدەرەنجامی شیكردنەوەی بەیاناتەكاندا بۆیان ئاشكرابوو هەرچی زیاتر تەمەنی منداڵەكە هەڵكشاوتربێت كەمتر خودمحوەری بە قسەكانیانەوە دیارە زیاتر قسەوباسەكان ئاراستەیەكی كۆمەڵایەتیان وەرگرتوە[23].

جاكبسون بۆچونی وایە زمان یەك ئەركی هەیە ئەویش پەیوەندیكردنە، بەڵام (دوكرو) بۆچونی وایە زمان لەكاتێكدا ئەركی پیوەندیكردن دەگێڕێت كە قسەكردنەكە ئامانجداربێتو مەبەستی بێت شتێك دەربڕێت. لەلایەكی تریشەوە، پەیوەندیكردن جێبەجێ نابێت تا وەرگر لەمەبەستی نێرەر تێنەگات. واتە پەیوەندیكردن لەچوارچێوەی ئەو ئاڵوگۆڕەدایە كە لەنێوان قسەكەرو وەرگردایەو هەردوك لە مەبەستی یەكتر بگەن. بەڵام واقع ئەو راستیەی روون كردوەتەوە ئەو زمانەی خەڵكی قسەی پێدەكەن هەمیشە زمانێكی روون نیە، هەندێك جار زمانێكی ئاڵۆزو تەمو مژاویە. لەبەر هەندێك هۆكاری دەروونیو كۆمەڵایەتیو ئەخلاقی[24].

زمان وەك سیستەمێكی هێمایی بۆ بەستنەوەی تاكەكانی كۆمەڵگە بەیەكترەوە. بۆگواستنەوەی ئەزمونەكانیانو هەستەكانیان و بیروبۆچونیان بەیەكترەوە. دراوێكی هاوبەشە، شتێكی تر نیە جگە لە رێكەوتنێكی كۆمەڵایەتی، گەشەی كردوە بۆ ئاڵوگۆڕی بیروراو داهێنانی بیرو بۆچون[25]. چالاكیەكانی زمان لە تواناییەكانی قسەكردن نوسین تێگەیشتن، لەو رەمزانە پێكدێت كەلەزمانی ئەو گروپەدا باون كە تاك ئینتمای بۆ دەكات[26]. زمان خاسیەتێكی هەیە كەپردی پەیوەندیە كۆمەڵایەتیەكانە، چونكە ئامرازی بنەڕەتیە بۆ لەیەك گەیشتنو رێككەوتن لەسەر شێوازی كاركردن، بەبێ زمان هیچ جۆرە پەیوەندیەك لەنێوان تاكەكاندا نابەسترێت[27]. زمان لەژیانی تاكو كۆمەڵدا رۆڵێكی گرنگ دەگێڕێت،

بەتایبەت بۆتاك زمان ئامرازێکە لەرێگەیەوە هەستو سۆزی دەردەبڕێت، بۆ کۆمەڵگەش ئامرازێکە بۆ کارلێك لەنێوان تاکەکاندا[٢٨]. ئەو کۆمەڵگایانەی سیستەمێکی هێمایی کۆمەڵایەتی هاوبەش بەکار دەهێنن زیاتر بەیەکەوە پەیوەستن تا ئەوانەی سیستەمگەلێکی هێمایی جیاواز بەکار دەهێنن[٢٩].

هیچ ژیانێکی کۆمەڵایەتی نیە بەبێ پەیوەندیکردن. بەبێ زمانیش هیچ پەیوەنیکردنێك لەنێوان مروڤەکاندا نیە. بێجگە لەو ئەرکەی بۆ پەیوەندیکردنو سەلماندنی بونی کۆمەڵایەتی هەیەتی[٣٠].

توێژینەوە شیکاریەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەریان خستوە سەرەتای کارلێکی کۆمەڵایەتی بە کردارێکی کۆمەڵایەتی دەست پێدەکات کە کەسێکی دیاریکراو دەینوێنێت لەبەرانبەر کەسێکدا، لەبەرانبەر ئەو کردە کۆمەڵایەتیەدا کەسەکەی تر پەرچەکردارێك دەنوێنێت وە بەو کاریگەریە ئاڵوگۆڕکراوەی کە لەنیوان ئەو دوو کەسەدایە یا لەنێوان کردارەکەو پەرچەکردارەکەدایە دەوترێت کارلێك: (interaction)[٣١]. مەبەست لەکارلێکی کۆمەڵایەتی (social interaction) کاریگەری دولایەنەی نێوان تاکەکانە لە هەلومەرجی پەیوەندیەکی کۆمەڵایەتیدا[٣٢]. ئارفنغ غوفمان دەڵێت کارلێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێك ڕوداون کە لە بونێکی هاوبەشدا ڕوو دەدەن یەکە بنەڕەتیەکانی ئەو ڕەفتارەش سەیرکردنو هێماکانی دەمووچاو جوڵەو جەستەو دەربڕینی زمان بەهۆیەوە کەسێك بەردەوامی هەلومەرجێکی پێدەدات بەمەبەست یا بەبێ مەبەست[٣٣]. غوفمان لەیەکەمین وتاریدا کەلە ساڵی ١٩٥١ دا بڵاوی کردەوە باسی چۆنیەتی پەیوەندیکردنی کەسەکان دەکات لەگەڵ یەکتر لە کارلێکی ڕوبەڕودا ئەنجامی دەدەن. پێش گوفمان لۆك بایەخی بە ئاخاوتنو نوسین دەدا، بەڵام غوفمان





ئاماژەکانی دەستو دەربڕینەکانی دەمووچاوو شێوازی وەستانو دانیشتنو نەبراتی دەنگو وەستانو بێدەنگیەکانو پێکەنینو هێماکانی سەرسوڕمانی وەك (ئاه) هەموو ئەمانەی وەك ئامرازگەلێکی پەیوەندیکردن باس کرد[٣٤]. پێویستە جیاوازی بکەین لەنێوان کرداری کۆمەڵایەتیو کردارە ناکۆمەڵایەتیەکاندا. ماکس فیبەر بۆچونی وایە کرداری کۆمەڵایەتی، ڕەفتارێکی مرۆییە، واتایەکی تایبەتی لەخۆگرتوە بۆ ئەنجامدەری کردارەکە دەگەڕێتەوە بەپێی لێرابینیەك لەو کەسەی کە کردارەکەی بەرانبەر ئەنجام دەدات[٣٥]. ئەو واتایەی کەسەکە بیری لێدەکاتەوەو مەبەستیەتی وادەکات کردارەکە کۆمەڵایەتی بێت. ئەو پێکدادانەی لەنێوان دوو ماتۆرسواردا ڕوودەدات کردارێکی سروشتیە نەك کۆمەڵایەتی بەڵام ئەو هەوڵانەی کە هەریەکەلەو دوو ماتۆر سوارە بۆ ڕازیکردنو هێورکردنەوەی یەکتری دەیدەن، کرداری کۆمەڵایەتی پێدەوترێت. کارلێکی کۆمەڵایەتی بەپێی چەند پێودانگێك(المعايير) کە ئەو کارلێکە ئاراستە دەکەن لەرێی سیستەمێکی لێرابینی کۆمەڵایەتیەوە لەچوارچێوەی ڕۆڵو پێگەو تواناییەکانی لەناو کۆمەڵگەدا، کارلێکی کۆمەڵایەتی گروپە کۆمەڵایەتیەکان پێك دەهێنێت[٣٦]. ئارفنغ غوفمان دەڵێت لە زۆربەی هەلومەرجە کۆمەڵایەتیەکاندا ئێمە کارلێکی کۆمەڵایەتی نامورەکەز ئەنجام ئەدەین[٣٧].زمانیش هەڵگری دەیان موفرەدە هەر موفرەدەیەك هەڵگری فەرەزیاتی کۆمەڵایەتییە، هەر موفرەدەیەك لەلای بەکاربەر هەڵگری تەوەقوعی تایبەت بە خۆیەتی ئەو توێژینەوەی سەبارەت بە بەکارهێنانی دەستەواژەی تایبەت بە ڕەگەز وەك بەکار هێنانی موفرەدەی (Man) وەك ئاماژەیەك بۆ هەموو ڕەگەزێك یا مرۆڤێك تەنانەت ژنیش دەگرێتەوە لەرێی چەند چاوپێکەوتنێکەوە کە لە ساڵی ١٩٧٨ ئەنجام دراوە، ئەوەیان بۆ ڕوون بوەتەوە کاتێك پیاوان ئەو موفرەدە ( Man ) بەکار دەهێنن



هەواڵنامەی کتێب

وەك رەگەز بەكاری دەهێنن، بەڵام لە زەینی ژناندا وەك مرۆڤ لێكدەدرێتەوە[38].

تەنانەت كاتێك دەسەڵاتەكانیش گۆڕاون هەوڵیان داوە لەرێی زمانەوە، خۆیان لە سیستەمەكانی پێش خۆیان بە جیاواز لەقەڵەم بدەن، ناوی دامەزراوەو رەوشە كارگێڕیەكانیان گۆڕیوە بۆ ئەوەی بتوانن پەیوەندیەكی گونجاو لەگەڵ جەماوەردا بونیاد بنێن. تۆكفیلی پێیوایە دەسكەوتێك كەهەردوو سیستەمی حكومەتی قونسڵخانەو ئیمپراتۆریەت بەدەستی هێنابێت لە بنەرەتدا لەوەدایە وشەی نوێیان كردۆتە بەری زۆربەی دامەزراوەكانی رابردویان، واتە گۆڕینی ئەو وشانەی كە لەخەیاڵدانەدا چەندین وێنەی جارسكەر دەوروژێنن گۆڕیویانن بە چەند وشەیەكی تر كە دوورن لە وروژاندنی ئەم جۆرە وێنە بێزاركەرانەوە بۆنمونە :وشەی (taille) بەواتای ئەو باجەدێت كەلە رابردوودا لەفەرەنسا لەكاتی جەنگەكاندا دەسەپێنرا گۆڕا بە ( contribution fonciere ) كەبەواتای پشكداری خانوبەرە دێت، ی وشەی (gabelle) كەبەواتای باجی خوێ دەهات گۆڕا بۆ( Limpot du set ) لەكاتێكدا هەمان واتای هەیە، هەروەها تین لەو بارەوە یەعقوبیەكان لەرێگەی بەرزكردنەوەی دروشمی ئازادی برایەتیەوە كە لەو كاتەدا ئەم دوو وشەیە شەعبیەتیان هەبوو توانیان سیستەمێكی داپڵۆسێنەر بسەپێنن كەلەرووی درندایەتیەوە هیچی لە داهۆمی كەمترنەبوو[39]. وشە زۆر كاریگەری هەیە لە پەیوەندیەكاندا چونكە كاریگەری لەسەر هەستو سۆز دادەنێت هەرلەبەر ئەوكاریگەریەشە كەهێشتا ئەمریكیەكان كاتێك گوێیان لە دەنگی كەنەدی سەرەك كۆماری كۆچكردوی ئەمریكا دەبێت كاریگەری لەسەر هەستو سۆزیان دادەنێت[40]. وشە گۆران بەسەر هەستو سۆزماندا دەهێنێت زۆربەی كات كە قسە لەگەڵ خۆماندا دەكەین یا لەگەڵ كەسێكدا سەرنج لە جۆری ئەو وشانە نادەین كە بەكاریان دەهێنین. چ بگات بەوەی كە سات لە دوای





سات بزانین كاریگەری ئەو وشانە لەسەر هەستو سۆزو بیركردنەوەمان چیە، ئەگەر پێمان بڵێن ( لەوانەیە هەڵە بیت) كاردانەوەیەكمان دەبێت ئەگەر پێشمان بڵێن( درۆ ئەكەی) كاردانەوەیەكی توندترمان دەبێت. هەرچەندە یەك واتایان هەیە، بەڵام بەگۆڕانێك لە وشەكاندا گۆران بەسەر هەستو بیرو بۆچونماندا دێت.[41]

## فاكتەری كۆمەڵایەتی گەشەسەندنی زمان

ژینگەی منداڵ رۆڵێكی كاریگەری هەیە لەسەر گەشەكردنی زمانی منداڵ، بۆ نمونە ئەو منداڵانەی لە خێزانی چینە مام ناوەندەكاندا دەژین لە دوای تەمەنی شەش مانگیەوە ژمارەی ئەو دەنگانەی دەریدەبرن لە جۆرو ژمارەوە زۆر زیاترە لە ئەو دەنگانەی منداڵی خێزانێكی هەژار لەو تەمەنەدا دەریدەبرێت، واتە زمانی منداڵ وەك رەفتارێك دەكرێت چاكسازی تیا بكرێت لەرێی چالاككردنی كۆمەڵایەتیەوە[42]، شێوازی بەكارهێنانی زمان زۆر كاریگەری هەیە لەسەر تێروانینی خەڵك لەسەر قسەكەر لەهجەی كەسی كاریگەری هەیە لەسەر پەیوەندیەكانی، (Edwards) لەیەكێك لە توێژینەوەكانی دا ساڵی ١٩٧٩ كۆمەڵێك دەنگی تۆماركراوی منداڵان كە دەقێكی زمانەوانیان دەخوێندەوە بۆ ژمارەیەك لە مامۆستا لێدا داوای لێكردن نمرە بۆ ئەو منداڵانە دابنێن لە رووی زیرەكی حەماسەتو شادی ..هتد. نیوەی ئەو منداڵانە بە لەهجەی كرێكارە خۆماڵیەكان قسەیان دەكرد، نیوەكەی تریش بە لەهجەی چینی مام ناوەند قسەیان دەكرد، لەدەرەنجامدا ئەوەی بەدی كرا ئەوانەی نمرەی زۆر خراپیان وەر گرتبوو ئەوانە بوون لە چینی كرێكارەكان بوون، ئەم دەرەنجامە رادەی ئەو كاریگەریەمان بۆ روون دەكاتەوە كە ئەحكامی كۆمەڵایەتی دەكەونە ژێر كاریگەری لەهجەو ئەو شێوازە دەربرینەی تاك قسەی پێدەكات[43]. زانای

کۆمەڵناسی پەروەردەیی بیرنستین(١٩٧٥) بیرو رای وایە ئەو منالانەی لە ژینگەی کۆمەڵایەتی جیاوازدا گەورە دەبن هەر لەسەرەتای ژیانیانەوە گەشە بە کۆمەڵێك هێمای جیاوازو شێوازی قسەکردنی جیاواز دەدەن[٤٤]. لێرەدا مەبەست لە جیاوازی نیشانەکانی زمان نیە بەڵکو مەبەست لە(pragmati)یە کە جیاوازی رێکخستن و رێگاکانی سودوەرگرتنە لەزمان[٤٥].پراگماتی ئەو بەشانەی ئاخاوتنە کە لە هەندێك هەلومەرجدا بەکار دەهێنرێن. دەوروبەرو کاتو شوێن رۆڵی دەبێت لەبەکارهێنانیانداو لە تێگەشتنیان[٤٦].

هەرلە منالی زووەوە زمان پژانو گەشەی زمان دەست پێدەکات، لەتەمەنی هەژدە مانگیدا ٥٠ موفرەدە تا دووساڵی تەمەنی تەواو دەکات نزیکەی ٢٠٠ یەکە (موفرەدە) فێردەبێت ، تا شەش ساڵی لە هەشت هەزار وشەوە تا چواردە هەزار وشە (موفرەدە) فێر دەبێت[٤٧]، ئەدای اللغوی ( Linguistic Performanc) دەکەوێتە ژێر کاریگەری کۆمەڵێك هۆکاری کۆمەڵایەتی کاری تێدەکەن کە تێکرا هۆکاری کلتورین: سکنر باوەری وایە منالْ بەهەمان فێربوونی شێوازی رەفتار فێری زمان دەبێت[٤٨]. تاوەکو پاڵنەری بەکار هێنانی زمان هەبێت شانسی گەشەکردنی زمان زیاتر دەبێت، ئەو منالانەی لەو خێزانانەدان کە هانی زمان دەدرێن منالەکان توانای قسەکردنیان زیاترە یا زۆرجار باوكو دایك داخوازی منالەکەیان ئەبەستنەوە بە زمانیەوە کاتێك بە شێوە دەربڕینێك یا ئاماژەیەك داوای شتێك ئەکات ئەوان شتەکەی پێنادەن تا ناوی شتەکە نەهێنێت ئینجا پێی دەدەن هەروەها منالانی تاقانە لەروی زمانەوە بەتوانا ترن چونکە زۆربەی کارلێکیان لەگەڵ گەورەکاندایە[٤٩]، سکینر رای وایە بەهەمان شێوازی شەرتیکردنی چالاك کەلە پرۆسەی راهێنانی ئاژەڵان لەسەر هەندێك ئەرکی سادە بەکار دەبرێت، بەو شێوازەش لەرێی پاداشتو سزاوە پرۆسەکانی گەشەپێدانی زمان لەرێی دایکانو باوکانەوە گەشەی پێدەدرێت.[٥٠]





هەروەها ئەو چینە کۆمەڵایەتیەیە کە تاك تیایدا گەشە دەکات[٥١].

لەرووی جیاوازی چینەکانیشەوە لە توانای فێربوونی زمان بڕوانین بەتایبەت لەبەراوردی منالانی هەژارو دەوڵەمەنددا، بە بۆچونی برنستاین هێماکانی زمانی منالانی هەژار، سنورداو پەیوەستە. ئەم نیشانەیە بەستراوە بە زەمینە کلتوریەکەی ئەو چینەوە. زۆربەی ئەندامانی چینی هەژار بە کلتورێکی پتەوی خێزانداریوخۆجێیەتی(محەلی) سەروکاریان هەیە لەو کلتورەدا بەهاکان بەبێ چەندو چون بەسەر منالاندا دەسەلمێنرێت، پێبەپێی ئەو کلتورەی خێزانو گروپەکانیان زمانی ئاخاوتنیان دەگونجێنن بەبێ ئەوەی بتوانن ئەوە روون بکەنەوە کە بۆچی پەیڕەوی لەو رەفتارە تایبەتە دەکەن[٥٢].

زمان وەك ئامرازێکی گرنگی بیرکردنەوە دەربرینو وتوێژو لەیەك تێگەیشتنە لەنێوان کەسەکاندا، گەشەی زمان لە قۆناغی مێرمناڵیەوە دەژمێردرێت لەرووی چەندایەتیو چۆنایەتیەوە، بەهۆی توانایی مێرمناڵەوە لە توانایی دەربرینی بیرو بۆچون درووستکردنی رستە بەکارهێنانی هێماو دەستەواژەی زمانەوانی. ئەوە زمانە تاك دەباتە ناو پەیوەنیە کۆمەڵایەتیەکانەوە لەگەڵ کۆمەڵگەدا وردە وردە لەناو کۆمەڵگەدا شوناسی پێدەبەخشێت، لەرێی زمانەوە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی جێبەجێ دەکرێت، لەرێی زمانەوە نەبێت منالْ ناتوانێت ببێتە ئەندام لەناو خێزاندا. منالْ لەرێی زمانەوە لە دنیای تاکبوون دێتە دەرەوە[٥٣].

## پەراوێزەکان

[1] . محمد مستقيم، اللغه والجماعه، http://www.doroob.com ٢٠٠٥

[2] . الدكتور صالح حسن الداهری . سيكولوجيه رعايه الموهوبين المتميزين وذوى الاحتيجات الخاصه دار وائل للنشر والتوزيع عمان٢٠٠٥ الگبعه الاولى لاپەڕە١١١

[3] . انتونى كيدنز. علم الاجتماع، لاپەڕە ١٦٤

[4] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٧٦

[5] د احسان محمد الحسن ، موسوعه علم الاجتماع . لاپەڕە. ٥٧٥

[6] . د.سميره احمد السيد، مسطلحات علم الاجتماع، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٧٠

[7] برنارد کەمری ، ئەوانی تر ، زمان، وەرگێر کامیل محمد قەرەداغی، سلێمانی: چاپخانەی تیشک٢٠٠٧ لاپەڕە ٩

[8] . امبرتو ايكو ، السيميائية وفلسفة اللغة، ترجمة د ، احمد الصمعى، الطبة الاولى، بيروت : مركز الدراسات العربية ٢٠٠٥ لاپەڕە ١٣

[9] جون ت برويير، مدارس من اجل التفكير، علم التعلم فى الصف، ترجمه د. كهيلا بوز، مراجعه د. على سعود حسن، دمشق: منشورات وزاره الپقافه، ٢٠٠٢ لاپەڕە ٦٠

[10] د .محمد الدروبى، وعى السلوك الكونفورميا و انظمة الوعى. طبعة الاولى، دمشق: دار كنعان للدراسات والنشر والخدمات الاعلامية، ٢٠٠٤ ، لاپەڕە ٧١

[11] امبرتو ايكو، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ٨١

[12] صالح الشماع، بزوغ وارتفاع اللغة عند الطفل . بصرة: مطبعة حداد. ١٩٦٧ ، لاثةرة ٧٦





[13] جيمس تريفل. هل نحن بلا نظير.ترجمه ليلى موسوى. كويت : عالم المعرفه ٢٠٠٦ لاپەڕە ٥٤

[14] هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ٥٥

[15] صالح الشماع، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٠

[16] الدكتور صالح محمد على ابوجادو.علم النفس التطورى الطفولة والمراهقة.الطبعة الثانية. دار المسيرة للنشر والتوزيع عمان ٢٠٠٧ لاپەڕە ٣٠٢

[17] . د. صالح محمد على ابوجادو، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٠٦

[18] نيكى هيس. فى اللغه والمعرفه اللغويه . تعريب چياو الجصانى بغداد : سلسله كتاب الحكمه الشهرى، ٢٠٠٧ لاپەڕە٣٧

[19] . د. صالح محمد على ابوجادو، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٠١

[20] هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٣٠١

[21] د. صالح حسن الداهرى، سەرچاوەی پێشو، لاپەڕە ٩٥

[22] . د. صالح محمد على ابوجادو، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٠١

[23] جون كنجر، ثول موسن، ضيروم كيجان.(سال) سايكولوجية الطفولة والشخصية ، ترجمة دكتور احمد عبد العزيز سلام، د جابر عبد الحميد جابر. قاهرة: الناشر دار النهضة العربية ، لاپەڕە ٣١١

[24] محمد مستقيم، سەرچاوەی ئەلیکترۆنی پێشوتر

[25] د محمد الدروبى ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٦٥

[26] برنارد کەمری ، ئەوانی تر ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە٩

[27] . محمد عبد المنعم نور، اسس العلاقات الاجتماعيه، دراسه اساسيه للعلوم الاجتماعيه، القاهره: مكتبه القاهره الحديپه ١٩٦٣ ، لاپەڕە٢٤

[28] .عبد الستار مصطفى حاجى. العوامل النفسية والبيئية فى مستوى الطلاقة اللفضية



هەواڵنامەی کتێب

لدى طلبة جامعة دهوك . جامعة الصلاحدين رسالة ماجستير غير منشورة، ٢٠٠٣ لاپەڕە ٣

[29] . د محمد الدروبی ، سەرچاوەی پێشوو،لاپەڕە ١٧١

[30] محمد مستقیم ، سەرچاوەی ئەلیکترۆنی پێشوو

[31] أحمد الخشاب ، علم الاجتماع الاسری ، کویت: دارالمعرفه ١٩٩٨ ، لاپەڕە ٧١

[32] . د.سمیره احمد السید، مسطلحات علم الاجتماع، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٥٠

[33] جوزیف(جون ای).واخرون.اعلام الفکر اللغوی. ترجمه احمد شاکرالکلابی.ا لجزو الیانی.گبعه الاولی.گرابلس: دار الکتاب الجدید المتحد.٢٠٠٦، لاپەڕە ٢٣٨

[34] هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ٢٤٠

[35] أحمد الخشاب ، سەرچاوەی پێشوو ، لاپەڕە ٧١

[36] هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٧١-٧٢

[37] .انتونی کیدنز.علم الاجتماع. ترجمة .د. فایز الصیاغ. بیروت : توزیع مرکز دراسات الوحدة العربیة ٢٠٠٥ لاثةرة ١٧٠

[38] . نیکی هیس. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٤٤

[39] گۆستاڤ لۆبۆن ، سایکۆلۆجیای جەماوەر، وەرگێڕ ئارام جەمال، سلێمانی: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، ٢٠٠٦ لاپەڕە ١٧٥

[40] . انتونی رابینز، بسوی کامیابی،( یاداشتهایی یک دوست)، ترجمه مهدی مجردزاده کرمانی، چاپ دووم، تهران: موسسه فرهنگی راهبین، ١٩٩٥ لاپەڕە ٧٠

[41] هەمان سەرچاوە ، لاپەڕە ٧٠





[42] جون کنجر، پول موسن، چیروم کیجان ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٤٥

[43] . نیکی هیس. (٢٠٠٧). فی اللغة والمعرفة اللغویة . تعریب ضیاء الجصانی بغداد : سلسلة کتاب الحکمة الشهری لاثةرِة ٤٠

[44] . انتونی کیدنز علم الاجتماع. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە١٧٠

[45] علی علاقەبند، جامعه شناسی اموزش و پرورش. تهران: موسسه انتشارات بعست. ١٣٧٢لاپەڕە ١٦٤

[46] هۆگر مەحمود فەرەج. پراگماتیک و واتای نیشانەکان، زانکۆی سلێمانی نکۆلێژی زمان. نامەی دکتۆرای بڵاو نەکراوە،٢٠٠٠ لاپەڕە ٦

[47] . د. صالح محمد علی ابوجادو، سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە ٣٠٢

[48] . هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٢٥٣

[49] جون کنجر، پول موسن، چیروم کیجان ، سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ٣٠٥

[50] مایکل ایسنگ ، فرهنگ توصیفی روانشناسی شناختی، ترجمه علینقی خرازی، رمزان دولتی محسن رئیس قاسم، حسین کمالی چاپ اول .تهران: نشر نی٢٠٠٠، لاپەڕە ٣٩٢

[51] . د . محمد علی صالح ،علم النفس التطوری الطفولة والمراهقة، الطبعة الثانیة، عمان: دار المسیرة للنشر والتوزیع ٢٠٠٧ لاثةرة ٣٠٥

[52] . علی. علاقەبند. سەرچاوەی پێشوو، لاپەڕە ١٦٤ - ١٦٥

[53] محمد مستقیم، سەرچاوەی ئەلیکترۆنی پێشوو ،

هەواڵنامەی کتێب

# یەکێتی خاکی عێراق( کێشەو چارەسەر)

بەرزان احمد کوردە

خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە ئاڵۆزترین و پڕکێشەترین ناوچەی جیهان دادەنرێت، لەناو ئەو ناوچە جوگرافیەدا زیادەڕەویی ناکەین ئەگەر بڵێین دەوڵەتی عێراق لەو ئاڵۆزی و کێشانەدا لە پێشەوەی دەوڵەتەکانی تری ناوچەکەوە دێت. لەبەر ئەوە ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر قسەکردن دەربارەی کێشەو قەیرانەکانی عێراق ناوەندە سیاسی و ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرییەکانی گرتۆتەوە، هەرچەندە ئەم بارودۆخە لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا شتێکی نوێ نی یە و سەرەتاکانی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو کاتەی دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی نوێ بەپێی ڕێککەوتنامەی (سایکس بیکۆ ١٩١٦) و بڕیاری کۆمەڵەی گەلان سەبارەت بە ویلایەتی موسڵ (١٩٢٥) وەك قەوارەیەکی سیاسی پێك هات.

ئەمڕۆ لە تێکڕای ناوەندە ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنەکاندا بەپێی جیاوازی پرۆژەو بەرژەوەندییە سیاسی و ئینتما نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبیەکان دید و بۆچوونی جیاواز و تەنانەت دژ یەکیش دەربارەی چارەسەری قەیرانە هەنوکەیی و داهاتوویەکانی عێراق دەخرێنە ڕوو. بە ڕادەیەك هەندێك جار ئەو ئاڵۆزییانە دەگەنە ئاستێکی مەترسیدار و ڕێگە چارەکانیش ئەستەم دەبێت.

بۆ ئەوەی خۆمان لەو تێڕوانینە پێشوەخت و تەنانەت ئایدۆلۆژییانە دەرباز





بکەین، دەبێت بە میتۆدێکی زانستیانە و بابەتیانە و واقیعانە بڕوانینە کێشەکە.

**بۆ ئەوەی لە کێشەکانی ئەمڕۆی عێراق تێبگەین دەبێت:**

١- لە سروشت و خواست و ئینتمای ئایینی مەزهەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتیو...هتد ئەو کۆمەڵ و پێکهاتە مرۆڤیانە تێبگەین کە عێراقیان پێکهێناوە.

٢- قەیرانەکانی ئەمڕۆی عێراق قەیرانی ئێستا نین، واتە هەڵقوڵاوی گۆڕانکارییەکانی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق(٢٠٠٣) نین، بەڵکو ڕەگ و ڕیشەی مێژووییان هەیە و دەگەڕێنەوە بۆ ئەو کاتانەی کە دەوڵەتی عێراق وەك دەوڵەتێکی نوێ لەلایەن داگیرکەری بەریتانیاوە دامەزرێنرا.

عێراق لە ڕووی نەژادەوە، لە کورد و عەرەب و تورکمان و کلد و ئاشوری پێك هاتووە لە ڕووی ئایینیشەوە لە موسوڵمان و جولەکە و مەسیحی و یەزیدی و کاکەیی و شەبەك پێکهاتووە. لە ڕووی مەزهەبیشەوە لە موسوڵمانی سوونە و شیعە پێکهاتووە، واتە عێراق پڕاوپڕە لە ڕەگەز گەلێکی نەژادی و ئایینی و ئایینزایی دژبەیەك، کۆکردنەوەی دژ گەلێکی لەو شێوەیەش لە چوارچێوەیەکی دیاریکراوی جوگرافیدا و بەبێ ڕەچاوکردنی تێڕوانین و خواست و تایبەتمەندیو کلتوری تایبەتی ئەو کۆمەڵانە کارێکی ئەستەمە.

هەر بۆیە لە مێژووی نوێی ئەو ناوچەیەی ئەمڕۆ پێی دەوترێت دەوڵەتی عێراق ئەوەمان بەرچاو ناکەوێت کە یەکێك لەو ڕەگەزە دژانەی ناو عێراق ئەو مافە بەخۆی بدات و فەرمانڕەوایەتی ڕەگەزەکانی تر بکات و لە پرۆسەی بونیادنانی خۆیدا بەکاریان بهێنێت و ئەوانی تری بۆ ڕام بووبێت!

بەم شێوەیە عێراق بەدەست نەبوونی بنەماکانی یەکێتی ڕاستەقینەوە دەناڵێنێت، واتە ئەگەر ئایین یاخود نەتەوە یان مەزهەب یا زمان یا هونەر و ئەدەب لە دەوڵەتانێکی جیهانیدا بووبێتە فاکتەری خولقاندنی یەکێتی، ئەوا لە عێراقدا پەرت بوون و جیاوازییەکانی بەرهەم هێناوە.

بەڵام ئەوە کێ یە کە بەتەواوی ئەو ڕاستییانە فەرامۆش دەکات و دێت هێڵێکی سور بە دەوری هەموو ئەو ڕەگەزە دژانەدا دەکێشێت و لە بۆتەیەکیان دەترنجێنێت و دەوڵەتێکی سیاسیان لێ دروست دەکات و کۆمەڵێکیان دەکاتە فەرمانڕەوا و ئەوانی تریش مەحکومەکان؟ دواتر خواستەکانیان کپ دەکاتەوە.

ئەو (پاڵەوان)ەی بەم کردارە مەترسیدارە هەستا. شانشینی بەریتانی بوو ئەو ئیمپراتۆریەتەی خۆری لێ ئاوا نەدەبوو.

گومانی تێدانی یە کە عێراق بەم پێکهاتە جوگرافی و نەخشە سیاسیەی ئێستایەوە کە هەیە، بەرهەمی دەستی کۆلۆنیالیزمی بەریتانیە و یەکێکە لەو پێکهاتانەی لە ئەنجامی ڕێکەوتنامەی (سایکس-بیکۆ) دروست بوو، ئەو ڕێکەوتنامەیەش تەنها خواستی داڕێژەرانی خوێندبووەوە هیچ ئیعتبارێکی ئایینی، نەتەوەیی، مێژوویی، سیاسی و کۆمەڵایەتیو ....هتد بۆ ئەو ناوچانە نەکردبوو کە هەستا بوو بە پەرتکردن و کۆکردنەوەیان.

واتە ئەوەی داگیرکەران خۆیان ویستبێتیان هەر ئەوەیان ئەنجامداوە، ئیتر چ دەرەنجامێکی لێدەکەوێتەوە بۆ دانیشتوانە ڕەسەنەکان ئەوە کێشەی خۆیانە.

**لێرەدا بە دووبەڵگەی مێژوویی ئەم ڕاستییە دەسەلێنین:**

**بەڵگەی یەکەم:** لە ٣٠ تشرینی دووەمی ساڵی ١٩١٨ دا و دوای داگیرکردنی شاری موسڵ و یەکلایی بوونەوەی بۆ بەریتانیا (ئارنۆلد ویلسن) جێگری حاکمی مەدەنی





بەریتانی لە عێراقدا بروسکەیەکی لە وەزارەتی موستەعمراتەوە پێدەگات و داوای لێدەکات کە ڕای خەڵکی عێراق بزانێت دەربارەی ئەم خاڵانەی خوارەوە:

١-ئایا پێیان باشە یەك دەوڵەتی عەرەبی لە ژێر چاودێری بەریتانیادا دروست بکرێت؟ سنورەکانی لە ویلایەتی موسڵ لە باکورەوە بۆ کەنداوی عەرەبی لە باشور درێژ بێتەوە؟

٢- ئایا وا دەبینن ئەو دەوڵەتە نوێ یە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەمیرێکی عەرەبی یەوە؟

٣- لە حاڵەتی دووهەمدا کێ پێشنیار دەکەن لە ئەمیرە عەرەبەکان[1].

ئەگەر لە ناوەرۆکی ئەم سێ خاڵە وردبینەوە، ئەوە بە ئاشکرا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە نەخشەو پلانی سیاسی بەریتانیا لە عێراق چی یە؟! بەپێی ئەو سێ خاڵە بەریتانیا دەیەوێت لە عێرقدا دەوڵەتێکی نەتەوەیی عەرەبی دروست بکات و سنوری ئەو دەوڵەتەش لە باکوری ویلایەتی موسڵەوە تا کەنداوی عەرەبی درێژ دەبێتەوە.

ئەگەر دەوڵەتەکە عەرەبی بێت، ئەوا بێگومان دەبێت کەسێکی عەرەبی فەرمانڕەوایەتی بکات، ئەگەر لە داڕشتنی پرسیاری دووەم ووردبینەوە ئەوا داوای ئەوە ناکات کە ئەمیرێکی عەربیتان پێ باشە یاخود غەیرە عەرەب، بەڵکو داوای پێشبینیکردنیان لێدەکات سەبارەت بەوەی کە (وا دەبینن!) ئەو دەوڵەتە نوێ یە بخرێتە ژێر دەسەڵاتی ئەمیرێکی عەرەبەوە! نەك (هەڵبژاردن و دانان)!

لە پرسیاری سێ یەمیشدا داوادەکات کێ (پێشنیار) دەکەن لە (ئەمیرەعەرەبەکان) بۆ ئەو پۆستە! ئەمەش تەنها پێشنیار کردنە! ڕەنگە پێشنیارەکەش ڕەت بکرێتەوە لەم میانەیەدا بەوە دەگەین کە:

١- بەریتانیا دەیەوێت ئەمیرێکی عەرەبی کە (فەیسەڵ کوڕی حسێنی شەریفی مەککە) بکاتە پاشا، واتە بەریتانیا پێش وەخت بڕیاری داوە کە چی دەکات، ئەو سێ پرسیارەش (پرسە گورگانە)ن کە لە خەڵکی عێراق دەکرێت.

٢- بەریتانیا لە عێراقدا تەنها نەتەوەی عەرەبی خوێندۆتەوە و نەتەوە و ڕەگەزە جیاوازەکانی تری لە عێراقدا فەرامۆش کردووە، واتە بەریتانیا لە عێراقدا بەشێوەیەکی کرداری هەستا بە تۆخکردنەوەی جیاوازییە نەژادی و نەتەوەییەکان.

**بەڵگەی دووەم:** لەوەدا بەرجەستە دەبێت کە لەمێژوودا بە (کێشەی ویلایەتی‌موسڵ) ناسراوە ئەم کێشەیە لە نێوان تورکیاو بەریتانیادا هێندە توندبوو کە هەریەکەیان دەیانویست ئەو ویلایەتە بخاتە سەر قەڵەمڕەویەکەی خۆی، ئەم ململانێیە وای لەو لیژنە تابیەتیە کرد کە لە لایەن کۆمەڵەی نەتەوەکانەوە نێردرابوو دوای بیستنی ڕاو بۆچون و سەرنجی جیاوازی هەردوولا ناچار بوو بەوردی لە بابەتەکە بکۆڵێتەوە و دیراسەی بکات و بۆ ئەو بەڵگە ئەدەبیانە بگەڕێتەوە کە پەیوەندییان بە ناوی عێراقەوە هەیە[٢].

بۆ گەیشتن بە ئەنجام لیژنەکە گەڕایەوە سەر مێژوونووسان و جوگرافی زانەکانی کۆنی عەرەب، هەروەها سود لە ژمارەیەك نەخشەی عەرەبی و سەدان نەخشەی سەدەی شانزە و سەدەی بیستەم وەرگیرا کە لە ئەوروپادا ئامادە کراون، هەروەها سودیان لە کتێبەکانی گەشت و سیاحەتنامەی هەموو سەردەمەکان و کتێبەکانی گەشت و جوگرافیای دواناوەندی قوتابخانەکانی میسر وەرگرت کە بەزمانی عەرەبی نووسراون.

**سەرئەنجام لیژنەکە گەیشتنە ئەوەی کە سێ ناوچە ناسراون ئەوانیش:**

(عێراقی عەرەب، جەزیرە، کوردستان) سنوری عێراق لە باکورەوە لە هیت و





تکریت و زنجیرەچیاکانی (حەمرین) تێپەڕناکات، دڵنیا نەبوون کە بەشێکە لەناوچەی ململانێ‌و ڕۆژێ لە ڕۆژان بەشێك نەبووە لە عێراقی عەجەم.

هەر لە سەردەمی داگیرکردنی عەرەبەوە تاکاتی لێکۆڵینەوەی لیژنەکە لە ساڵی ١٩٢٥ دا ناوچەی ململانێ نەباس کراوەو نە بە بەشێك لە عێراق دانراوە، لای دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ نائاشنا بووە، بەڵام بۆ عەرەبی عێراق ناسراو و ئاشنا ترە، لە وشەی میزۆپۆتامیای ئەوروپی (میزۆپۆتامیا) بەشی ڕۆژئاوای ناوچەی (ململانێ) دەگرێتەوە، ئەوەی حکومەتی تورکیا باسی دەکات کە ویلایەتی موسڵ بەشێك بووە لە (ئەنادۆڵ) لیژنەکە پێیوایە ڕاست نی یە، هەردوو ناوچەکە واتە (ویلایەتی موسڵ و ئەنادۆڵ) کوردستانی ڕۆژئاوا و سوریا دەکەونە نێوانیانەوە[٣].

هەروەها لە ڕووی ئاماری دانیشتوانەوە تێکڕای ئامارە بەریتانی و تورکی و لیژنەکەش کوردەکانیان بە زۆرینە داناوە لە ڕاسپاردەکانی لیژنەکەشدا بە ئاشکرا ئەوە دەربڕاوە کە ئەگەر حساب بۆ خواستی دانیشتوان بکرێت، ئەوا دەبێت بە پلەی یەکەم بەرژەوەندی‌و داواکاری کورد ڕەچاو بکرێت[٤].

دیارە هیچ لەو ئەنجام و قەناعەت و بڕیارانەی کە لیژنەکە پێ ی گەیشت بە دڵی حاکمە ئینگلیزەکان نەبوو، چونکە ئەوان لەخەمی فراوانکردنی کۆلۆنیالیەکانی خۆیان بوون، تەنانەت کە لیژنەکە پێشنیاری ڕاپرسی کرد ئەوان بە هەموو توانایەکیانەوە کۆسپیان بۆ دروست کرد، چونکە ئەگەر بەپێی ڕاپرسی بوایە ئەوا ڕەنگە زۆرینەی ویلایەتەکە چونە پاڵ تورکیایان لا باشتر بووایە.

**لێرەدا بەگرنگی دەزانین پاساوێکی بەریتانیا بێنینەوە لەو چەند خاڵەی بۆ ڕەتکردنەوەی هەڵبژاردنەکەی پێشکەشی کردبوو.**

(نیوەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ لە کورد پێک هاتووە، چواریەکی دانیشتوانی عەرەبن ئەوی دیکەشی کەمایەتین و موسڵمانن (یەزیدی، مەسیحی، جولەکە) عەرەب و مەسیحیە کلدانیەکان وایان نیشان داوە کەوا دەیانەوێت لە عێراقدا بمێننەوە، ئاشوورییە دەستورییەکان پارێزگاری بەریتانیایان پێ پەسەندە و نایانەوێ نەسەر بە عێراق و نەسەر بە تورکیا بن، تورکمانیش هەل و مەرجی ژیانیان لەبارە، بەڵام ژمارەیان کەمە و کارناکاتە سەر کێشەکە بەو شێوەیەی ویستی نیوەی دانیشتوانی ویلایەتی موسڵ دابین بکات، نیوەکەی دیکەشی کە پێکهاتووە لە کورد، ئەوانە زۆربەیان ساویلکەن و بەباشی ناتوانن ویستی خۆیان دەبڕن[٥].

لێرەدا زۆر بە نارەوایی ڕای کورد کە بەپێی ڕای بەریتانیا خۆی زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ویلایەتەکە پێك دەهێنێت، باسکراوە، چونکە زۆر بە باشی ڕای کوردەکانیان دەزانی لەگەڵ ئەو پڕۆژەیەدا یەکی نەدەگرتەوە کە ئەو لە عێراقدا کاری بۆ دەکرد.

ئەم دروست کردنە ناچوون یەك و هەمە چەشنە کە بە ناسروشتی و بە بڕیاری سیاسی و داگیر کردن پێکەوە لکێنراوە، هەمیشە سەرچاوەی قەیران و کێشە بووە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی لە کۆنترۆڵ کردن و چەسپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر تەواوی هەرێمەکەدا ڕابکێشێت و دەسەڵاتی یاساو گیانی هاونیشتمانی و ئینتما بۆ یەك نیشتمان و دەوڵەت و دەسەڵاتی تیا بخولقێنێ، بتوانن خاڵی هاوبەشی هاوکاری و یەکگرتنەوەی بەرژەوەندییەکانی دەستە جەمعی هەموویانی تیا بەدی بکەن.





هەرکوتلەیەك لەم پێکهاتە پێکەوە لکێنراوەدا بە جیا لەوانی تر لە (ڕووی غەریزەیی و دەروونیەوە) بە جۆرەها شێوە پارێزگاری لە تایبەتیەکانی خۆی دەکات و بە دوای مەرجەکانی بوون و مانەوەی خۆیەتی، لەبەردەم خۆ فراوانکردنی ئەوانی تردا.

یەکەم کەس کە هەستی بەم قەیرانە کرد لە عێراقدا، کەسی یەکەمی عێراق بوو، مەلیك فەیسەڵی یەکەم لە یەکێك لە یاداشتە نهێنیەکانیدا کەبەسەر ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی عێراقدا بڵاوی کردبووەوە، دانی بەو ڕاستیەدا نابوو، وەك دەنوسێت: ((دەڵێم و دڵیشم پڕ لە حەسرەتە، کە بە باوەڕی من هێشتا شتێك نی یە لە عێراقدا پێی بگوترێت گەلی عێراق، بەڵکو چەند کوتلەیەکی مرۆیی خەیاڵی هەن و بەتاڵن لە هەموو فکرەیەکی نیشتمانی و ئاخنراون بە هەموو شتە تەقلیدی و نادروستە ئایینیەکان و هیچ کۆکەرەوەیەك کۆیان ناکاتەوە، گوێ ڕادەدێرن بۆ هەر خراپەیەك و، بەلای ئاژاوەدا دایانشکاندووە، ئامادەیی هەمیشەییان تێدایە بۆ ڕاپەڕین و دژ وەستانی هەر جۆرە حکومەتێك))[٦].

بوونی ئەم هەموو ڕەگەزە ناکۆکانەی کە شا فەیسەڵ ئاماژەی بۆ دەکات و حەسرەتی بۆ دەخوازێت، هۆکاری سەرەکی خولقاندنی تێکڕای ئەو ململانێ و مەرگەسات و نەهامەتیانەیە کە دەوڵەتی عێراق بە درێژایی تەمەنی دروستبوونی بە خۆیەوە بینویەتی، عێراق هیچ جۆرە یەکێتیەکی سروشتی تێدا نییە وەك (یەك نەتەوەیی و یەك نەژادی) یاخود (یەك ئایینی یەك مەزهەبی) تا پاڵپشتی یەك یەکگرتنەوەو یەکبوونی جەماوەری خەڵکی عێراق بێت و بنکەی ئینتمایەکی فراوانی هاوبەشی بۆ دروست بکات.

تاكە یەكێتیەك كە لە عێراقدا هەیە (یەكێتی قەوارەیی سیاسی)یە كە وەك مەلیك باسی لێوە دەكات، لە تەلبەنی دەروی ئۆردویەكی زیندانیان دەچێت، كە هەریەكە لەلای خۆیەوە هەوڵی پساندن و خۆلێقوتاركردنی دەدات.

هەر بۆیەش دەبینین تەنها خەڵكی ناوەڕاستی عێراق و ووردتر خەڵكی بەغداو ئەو حیزبانەی بەزۆری سەركردایەتیەكەیان هی ئەو ناوچەیەیە قسە لەیەك نیشتمانی و ئینتمای عێراقی و هاونیشتمانێتی دەكەن، چونكە مێژووی سیاسەت گۆڕانكاری و دەسەڵات لە عێراقدا بەزۆری یان لە بەغداو ئەوەی تێدا نیشتەجێ یە.

## چارەسەر

حكومڕانێتی عێراقێكی بەزۆر پێكەوە لكێنراو و پڕاوپڕ لە نەژاد و ئایین و مەزهەبی جیاواز كارێكی قورس و ئەستەمە، بە تایبەت ئەگەر ئەو سیستەمە فەرمانڕەوایەتیە بیەوێت دەربڕی خواست و ویستی ئەو ڕەگەزە جیاوازانە بێت، كە ئەمە لە ناوچەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا (دەگمەنە) چونكە كلتورێكی دكتاتۆری و تاكڕەوێتی تێدا زاڵە. لەگەڵ ئەوەدا كە بونیادێكی كۆمەڵایەتی و دواكەوتوی هەیە.

مەلیك فەیسەڵ وەك ئاماژەمان بۆ كرد یەكەم كەس بوو بەوردی دركی بەو قەیرانە كردبوو لە عێراقدا، بەڵام لەباتی ئەوەی پێشنیاری چارەسەرێكی بنەڕەتی بكات بۆ عێراق ئەو هات لەو بابەتەیدا پێشنیاری دامەزراندنی سوپایەكی بەهێز دەكات، تا ئەو قەوارەیە لە پارچە پارچە بوون بپارێزێت! واتە دامەزراندنی سوپایەك بۆ سەركوتكردنی خواستی هەر كوتلەیەكی مرۆیی یاخود ئایینی و مەزهەبی كە بیەوێت كیانێكی سەربەخۆییانە بۆ خۆی هەڵبژێرێت.





هەر بۆیە لە مایسی ١٩٢٣ دا مەلیك فەیسەڵ لە ووتارێكیدا لە شاری موسڵ ئەوەی دووپات كردەوە كە ویلایەتی موسڵ بەشێكی دانەبڕاو و هەمیشەیی عێراقەو حكومەتی بەغدا هەرگیز ناتوانێت و لە توانایدا نی یە تەنها یەك ڕۆژ بەبێ ئەم هەرێمە بژی[٧].

هەروەها لە بڵاوكراوەیەكی پارتی سەربەخۆی عێراقدا (حزب الاستقلال العراقی) كە بەسەر كۆمەڵێك خوێندكاری ئەو دەمەدا بەخشراوەتەوە، هاتووە (دەربارەی هەر پرسیارێك لەبارەی ویلایەتی موسڵەوە پێویستە بوترێ كە ویلایەتی موسڵ سەری عێراقی عەرەبیە، هەر كەسێك لە ئێمە بیر لە جیاكردنەوەی ئەو ناوچەیە بكاتەوە لە عێراقدا، ئەوا بە خائین و ناپاك لە قەڵەم دەدرێت)[٨].

بە هەمان شێوە ئەنجومەنی دامەزرێنەری عێراقی (مجلس التأسیس العراقی) لە كۆبونەوەیەكیدا لە بەهاری ١٩٢٤ بە مەبەستی گفتوگۆكردن سەبارەت بە پەیماننامەی ساڵی ١٩٢٢ ی نێوان عێراق و بەریتانیادا، زۆر بە ڕاشكاوی جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەكەنەوە كە عێراق بریتی یە لە ویلایەتی موسڵ و موسڵیش بریتی یە لە عێراق[٩].

لە بەرانبەر ئەم گۆشە نیگایەدا گەر چاوێك بەو لێكۆڵینەوەیەدا بخشێنین كە كۆمیسۆنی تایبەت لە تەوەری بەڵگە سیاسیەكاندا باسی لێكردووە، دەبینین كۆمیسۆنەكە دەگاتە ئەو دەرەنجامەی بڵێت: (دەربارەی هۆشیاری نەتەوەی عێراقی لە ویلایەتی موسڵدا هیچ هەست و سۆزێكی لەم شێوەیە بەدی ناكرێت، جگە لەو چەند عەرەبە ڕۆشنبیرە كەمە نەبێت، كە دۆخی نەتەوەییەكەشیان گوزارشتە لە هەستێكی عەرەبی توندڕەو و بەرگیر دژی بێگانەكان)[١٠].

هەروەها کۆمەڵناسی عێراقی (علی وەردی) لە کاتێکدا سەرقاڵی توێژینەوە بوو دەربارەی سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە کوردستان لەگەڵ عێراقی عەرەبیدا تەواو جیاوازە و ناتوانرێت لێکۆڵینەوە و شیکردنە سیۆلۆژییەکانی بۆ خوێندنەوەی کۆمەڵگەی کوردی بەکار بهێنرێت [11].

بەڵام لە ڕووی کردارییەوە وەك (د.کەمال مەزهەر) دەڵێت: (لەسەرەتاوە جەخت لەسەر ئەوە دەکەین کە مەلیك فەیسەڵی یەکەم، بە درێژای حوکمی پاشایەتی لەناو تاقمی حوکمڕاندا لە بارەی مامەڵەوە لەگەڵ کوردو مەسەلەی کورد لە هەموویان چاکتر بووە هۆی ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو خاڵی گەوهەری: یەکەمیان پەیوەندی بەو ڕاستیەوە هەیە کە مەلیك فەیسەڵی یەکەم لەوانی تر واقیع بینتر و لە سەرنجیا بەرانبەر نەتەوەی کورد کراوە تری هەموویان بووە. خاڵی دووەمیش پەیوەندی بە هەڵوێستی ئینگلیزەکانەوە هەیە کە ئەیانویست مەلیك فەیسەڵی یەکەم هەڵوێستێکی واقیع بینانە لە ئاست کوردو کوردستاندا بگرێتە بەر، چونکە دەیانزانی چارەنووسی ویلایەتی موسڵ تا ڕادەیەکی دوور لەسەر هەڵوێستی کوردان وەستاوە)[12].

بەلای ئێمەوە ئەو چارەسەرەی کە مێژوو نووسی گەورەی کورد (محمد امین زەکی بەگ) بۆ کێشەی کورد لە عێراقدا پێشنیاری کردووە تا ئێستا باشترین چارەسەرە، ئەو زۆر بە باشی لە بارودۆخی سیاسی کۆمەڵایەتی و...هتد گەلانی عێراق تێگەیشتبوو، لەبەر ئەوە زۆرجار دەیگوت (کە کوردستان لە دەسەڵاتی ئاغای شێخ و عەشیرەتەکان ڕزگاری بوایە، ئەو کاتە دەبێ بەرەو یەکێتی یەکی





ئارەزوو مەندانە لەگەڵ عەرەبی عێراقدا هەنگاو هەڵبێنینەوە، وەك یەکێتی سویسرا، هەموو ئەو توخمانەی یەکگرتن کە لە نێوان سویسرییەکاندا هەیە، لە نێوان عێراقییەکانیشدا هەیە[13].

بێگومان ئەگەر لە ساڵانی سی و چلەکانی سەدەی ڕابوردووەوە گوێ لەم چارەسەر بگیرایە و کاری پێبکرایە، ئێستا شتێك نەدەبوو لە عێراقدا پێی بگوترێت (کێشەی کورد) و عێراقیش یەکێك دەبوو لە دەوڵەتە پێش کەوتووەکانی جیهان.

بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد بە درێژایی خەباتی لە عێراقدا هەوڵی ئەوەی داوە بتوانێت بە شێوەیەکی ئاشتیانە و دیموکراسیانە چارەسەری کێشەکانی بکات، هەموو کاتێکیش یاخود دەستپێشخەری ووتوێژەکان بووە یاخود وەڵامدانەوەی ئیجابی بۆ دەستپێشخەرییەکان هەبووە.

ئەوەبو پشتگیرییەکی تەواوی لە سیستمی کۆماری کرد لە کاتی دامەزراندیدا لە ساڵی ١٩٥٨ و دواتر لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا بەیانی یانزەی ئازاری مۆرکردو...هتد. بەڵام لە هەموو بارو دۆخەکاندا حکومەتی عێراقی پێشێلکاری ڕێککەوتنامەو ڕێگەچارەی ئاشتی و دیموکراسیەکان بووە.

پاش ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەڵبژاردنی پەرلەمان لە ساڵی ١٩٩٢، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری سیستمی فیدراڵی بۆ کوردستان پەسەند کرد.



هەواڵنامەی کتێب

له دوای ڕووخانی رژێمی بەعسی دکتاتۆر لە ساڵی ٢٠٠٣ و دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نیشتمانی و دامەزراندنی حکومەتی عێراق و دانانی دەستور بڕیاری فیدراڵیزم بۆ عێراق درا.

ئەو سیستمەی کە زیاتر لە نیو سەدەیە محمد امین زەکی بەگ وەك باشترین هەڵبژاردن بۆ بەڕێوەبردنی عێراق خستبوویە ڕوو.

تا ئێستا لە عێراقدا چەندەها کێشە بە هەڵواسراوی لە نێوان حکومەتی بەغدا و حکومەتی هەرێمی کوردستاندا ماوەتەوە لە گرنگترین ئەو کێشانەش کێشەی چارەنووسی شاری کەرکوك و ئەو ناوچانەیە کە لە کوردستاندا بە (ناوچە تازە ئازاد کراوەکان) ناسراوە.

باشترین ڕێگە چارە بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە دەبێت تەواوی لایەنە پەیوەندیدارەکان دەرگاکانی گفتوگۆ کردن بکەنەوە و بەرانبەرەکانیان بخوێننەوەو لە ڕێکەوتنە ئارەزوومەندانەکانیانەوە چارەسەرەکان گەڵاڵە بکەن.

بەڵام چارەسەری بنەڕەتی بۆ ئەو کێشەیە بریتی یە لە گەڕانەوەی هەڵبژاردن بۆ نەژادە جیاوازەکان و ڕەخساندنی کەش و هەوایەکی ئازادی، تاکو بتوانن لە میانەیدا بڕیاری هەمیشەیی سەبارەت بە چارەنووسی خۆیان بدەن لەوێوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە مافی چارەی خۆنوسین باشترین چارەسەرە بۆ کێشەکانی عێراق.





## پاشکۆی ژمارە یەك
## تێڕوانینی مەلیك فەیسەڵی یەکەم دەربارەی پێکهاتەی نەژادی و تایفەگەری عێراق*

زۆر لە مێژە هەست دەکەم هەندێ لە وەزیرەکان و دۆستانی جێی بڕوای خۆم بیرو بۆچونی جیاواز لە بیروبۆچونی منیان دەربارەی چۆنێتی هەڵسوڕاندنی کاروباری دەوڵەت هەیە. زۆر جاریش لە هۆکانی ئەم مەسەلەیە تێڕاماوم. سەرئەنجام بۆم دەرکەوت کە هۆی ئەمە ئەوساو ئێستاش تێڕوانینی من بۆ کاروباری وڵاتو چۆنێتی پێکهاتن و بەڕێوەبردنی نینو بۆچونەکانی من بۆ فاکتەرە کاریگەرەکانو هەلومەرجی ڕۆژگار و هۆکارەکانی تێکدانو ڕوخاندنی وەك نەخوێندەواریو جیاوازی ڕەگەزو دینو مەزەبو واژو ژینگە، نازانن، لەبەر ئەوە بە پێویستم زانی بۆچونەکانی خۆم هەڵبژێرم، نەخشەی خۆم بۆ چارەسەرکردنی ئەو دەردانەو دامەزراندنی مەملەکەت لەسەر بناغەیەکی پایەدار ڕوون بکەمەوەو ئاشنا بۆچونەکانی خۆم هەڵدەڕێژمو پاشانیش بە تێرو تەسەلی دەچمە سەریان.

١- وڵاتی عێراق لەو وڵاتانەیە کە گرنگترین فاکتەری ژیانی کۆمەڵایەتییان تێدا بەدی ناکرێ کە یەکێتی فکری، میللیو دینی یە. سەرەنجام عیراق وڵاتێکە هێزەکانی پەراگەندەو بچڕبچڕنو سیاسەتمەدارەکان پێویستیان بەوە هەیە کە هەم مشورخۆرو دانابن هەم بە شێوەو ناوەرۆك بەهێزبن، گۆبەندی شەخسی یا تایفەگەری یا توندڕەوانە نەنێنەوە، شوێن پێی سیاسەتی

دادو پارسەنگو هێز هەلگرن، ڕێزێکی زۆر لە دابو نەریتی هاونیشتمانیان بگرنو نەکەونە ژێرباری تەئسیراتی کۆنەپەرستان و بۆچونی توندڕەوان.

٢- تێڕوانین و بیروبۆچونێکی زۆر لێك جیاواز لە عێراقدا هەیە کە بەسەر ئەم بەشانەدا دابەش دەبن:

١- گەنجە نوێخوازەکان لەوانە کارمەندانی حکومەت.
٢- دەمار گرژەکان.
٣- سننە.
٤- شیعە.
٥- کورد.
٦- کەمینە ناموسڵمانەکان.
٧- خێڵەکان.
٨- سەرخێڵەکان (ئاغاکان).
٩- ئەو جەماوەرە فراوانە نەخوێندەوارەی ئامادەیە هەموو بۆچونێکی خراپ بەبێ بیرکردنەوەو لێ ووردبونەوە قبوڵ بکات.

لاوانی عێراق کە حکومەت هەڵدەسوڕێنن، لەوانە بەشێکی زۆری لێپرسراوەکان، دەڵێن نابێ گوێ بدرێتە بیروبۆچونی دەمار گرژو خاون بیرکۆنەکان چونکە ئەوانە وا ڕاهاتون لەسەر بیرکردنەوەیەك کە دەچێتەوە سەر خاچێکی کۆن. ئەو لاوانە بە پێویستی دەزانن وولات بەرەو پێش ببرێ و گوێ نەدرێتە هیچ ڕایەكو مادام قانونو نیزامو هێز بەدەست حکومەتەوەیەو ئەو قانونو نیزامو هێزەش خەڵکی ناچار دەکا بە گوێی حکومەت بکەن، دەبێ بەبێ گوێدانە قسەی فلان و فیسار، گەڵ بگەیەنرێتە ئاستی لێوەشاوەی خۆی.





گوێ نەگرتن لە بۆچونی ئەمو ئەو، بابێ بایەخیش بێ، گوناهێکە لێ خۆشبونی بۆ نیە. خۆ ئەگەر حکومەت هێزێکی وای هەبوایە کە بەزەبری هێز زۆردارەکانی گەل هەڵسوڕێنێ، منیش پشتیوانیم لە ڕاکەیان دەکرد. بەڵام تا ئەو کاتە ئەو هێزە بەدەست دێنین، دەبێ بە جۆرێك ڕەفتار بکەین کە گەل لەخۆمان نەوروژێنینو لانی کەم دڵی بەوە خۆش کەین کە بە پێچەوانەی داب و نەریتەکانی هەڵسوکەوت نەکەین بۆ ئەوەی ئەو گەلە لەکاتی تەنگانەدا پشتی حکومەتەکەی بگرێ.

ئەو پەندە بچوکەی کە مانگرتنە گشتیەکە فێری کردین، بەس بۆ هەڵسەنگاندنی باری سەرنجی گەلو لەبەر چاوگرتنی، بۆ زانینی هێزی خۆشمان ئەوەمان بەسە بزانین کە ئێمە تا شۆڕشە چەکدارەکەی شێخ محمودمان پێ دامرکایەوە سەری دنیامان لێ هاتەوە یەكو بۆمان دەرکەوت کە نوقسانی یەکی زۆرمان لە هێزی سوپادا هەیە. هەموو ئەمانە دەمبەنە سەر ئەوەی بڵێم حکومەت زۆر لە گەل بێ هێزترە، خۆ ئەگەر وولات هیچ چەکێکی لێ نەبوایە، مەسەلەکە هیچ بایەخێکی نەدەبوو بەڵام لە مەملەکەتدا زیاد لە سەد هەزار تفەنگێك هەیەو خودی حکومەت تەنها پانزە هەزارێکی هەیە. دیارە لە هیچ وولاتێکی ئەم دنیایەدا حکومەتی واو گەلی وا نیە. ئەم کەمو کوڕییەش وام لێ دەکا لە مەسەلەکە بکۆڵمەوەو بکەومە تێڕامانو داوا لە کارمەندانی دەوڵەتو هەڵسوڕێنەرانی وولات بکەم ژیرانە ڕەفتار بکەنو هیچ جۆرە هەڵەشەیی یەك نەنوێنن.

لەوەی باسکرا ئاماژەم بۆ بۆچونەکانی خۆمو بۆچونەکانی کارمەندانی حکومەتو لاوەکانو باری گەل کرد. بەمەش ویستم ڕێ بۆ ئەوە خۆش کەم کە دەمەوێ بیلێمو وێنەی وولات وەك ئەوەی ئێستا دێتە بەرچاوم بخەمە بەرچاو و

نەخۆشیەکانی دەسنیشان کەم‌و پاشان چارەسەری پێویستی بۆ پێشنیار بکەم.

٣- عێراق مەملەکەتێکە حکومەتێکی عەرەبی سننی کە لەسەر کەلاوەی حکومی عوسمانیدا دامەزراوە، حکومی دەکا. ئەم حکومەتە حوکمی بەشێکی زۆر کورد دەکا کە زۆربەی نەخوێندەوارەو خەڵکانێکی وای تێدا هەڵکەوتوە کە بۆ مەبەست‌و غەرەزی خۆیان هانی دەدەن دەستبەرداری حکومەت بێ گوایە ئەم حکومەتە حکومەتێکە لە نەژادی ئەوان نیە، هەروەها ئەم حکومەتەش زۆرینەیەکی نەخوێندەواری شیعەش حوکم دەکا کە لەگەڵ ئەو حکومەتەدا هاوڕەگەزە بەڵام ئەو زوڵمەی بەهۆی حوکمی تورکەوە لێیان کراوەو لێ نەگەڕاوە بەشداری لە دەسەڵاتدا بکەن و لەسەری ڕابێن‌و سەرئەنجام بۆتە هۆی پەیدابونی دەلاقەیەکی گەورە لە نێوان ئەو دوو مەزهەبەی کە گەلی عەرەب بەسەریدا دابەش بووە، هەموو ئەمانەش بە داخەوە وای کردووە ئەم زۆرینەیە یاخود ئەو کەسانەی تەماح‌و مەبەستی خۆیان هەیە، بە تایبەتی پیاوە ئاینی یەکان‌و ئەوانەی بەبێ ئەوەی شایستە بن بە شوێن پۆست‌و پلەو پایەدا کەوتون‌و لە ڕووی ماددییەوە هیچیان لەم حکومەتە نوێ یە هەڵنەکڕاندووە، وای نیشان بدەن گوایە تەنها لەبەر ئەوەی شیعەن هێشتا دەچەوسێنرێنەوە، ئەوانە ئەم زۆرینەیە هان دەدەن دەست بەرداری ئەم حوکمە بێ کە دەڵێن گوایە حوکمێکی سەرتاپای سننەیە. هەرگیز نکۆڵی لەوەش ناکرێ کە ئەو کەسانە تەئسیر دەکەنە سەر ڕای خەڵکانی ساویلکەو نەخوێندەوار.

ئەم بارستە مەزنانەی دانیشتوانم لەبەر چاو گرت بەڵام لەهەمان کاتدا کەمیینە مەسیحی یەکانی تریشم فەرامۆش نەکردووە و ناشبێ فەرامۆشیان کەین چونکە ئەم کەمینانە بە فیتی سیاسەتی نێودەوڵەتان داوای ئەم‌و ئەو مافە





دەکەن، بێ لەوانە بارستەی تری خێڵە کوردو شیعەو سننەکانیش هەیە کە بەحوکمی بەرژەوەندیان‌و تەماحی شێخەکانیان کە حکومەت هەڕەشەی لێ دەکا، دەیانەوەێ هەموو ڕووخسارێکی حکومەت داماڵن.

بەرامبەر بەم بارستە مرۆییانە کە چەندان واژۆو مەیلی جیاجیایان تێدا هەڵدەکەوێ‌و هەریەکێکیان پیلان لەدژی ئەوەی تر دەگێڕێ، حکومەتێکی پێکهاتوو لە لاوانێکی سەرگەرم هەیە کە زۆربەیان بەوە گوناهبار کراون کە سننەن یا بەدین نین یا عەرەبن بەڵام سەرباری ئەمە، ئەو لاوە سەرگەرمانە خولیای پێشکەوتنن‌و نایانەوێ دان بەو تۆمەتەدا بنێن کە لە ملیان شەتەك دراوە، خۆیان لەو جیاوازیانە نەبان دەکەن، ئەو دوبەرەکیەی نێوان بارستەکان ناسەلمێنن، خۆیان بە بەهێزتر لەو هەموو خەڵکەو لەو هەموو پیلان‌و دنەدانەی خەڵکی دەزانن‌و گوێش نادەنە ئەو تێز و گاڵتە پێکردنەی کە دەوڵەتە دراوسێکانیان، ئەوانەی دەزانن بایی چەندن، پێیان دەکەن.

دەترسم بڵێن زیادەڕۆیی دەکەم بەڵام ئەرکی سەرشانمە هیچ سوسەو گومانێکی خۆم نەشارمەوە، بە تایبەتی کە دەزانم تەنها چەند کەسێك لەوانەی ئەرك لێپرسراوێتی خۆیان دەزانن ئەو نوسینەم دەخوێننەوە، ناشمەوێ پاکانە بۆ هەڵوێستی زۆرینە نەفامەکەی شیعە بکەم‌و ئەوە بگێڕمەوە کە هەزاران جار بیستومەو خەڵکانێکی تریش لەو کەسانەیان بیستووە کە قسەی خراپ بۆ ئەو خەڵکە بەستەزمانە نەفامە دەکەن، دەیان وروژێنن، ڕقیان هەڵدەستێنن گوایە باج لەسەر شیعەیەو مردن لەسەر شیعەیەو پۆست‌و دەسەڵات بۆ سننەیە کەچی شیعەش هیچی بەرناکەوێ. گوایە ڕۆژە دینی یەکانیشی بێ ڕێز و بێ حورمەتن. لەم بارەیەشەوە زۆر نمونە دەهێنمەوە کە پێویست ناکا بچینەوە سەریان.

من ئەوەم بە نمونە هێنایەوە چونکە دوبەرەکی زۆر لە نێوان ئەو تایەفانەدا هەیە کە بەدکارەکان دەیان وروژێنن‌و نەریتی هاوبەشیش لە نێوان ئەندامانی تایفە ئیسلامیەکاندا هەیە و هەموویان تێکڕا، ڕقیان لەو کەسە دەبێتەوە کە ڕێزیان لێ ناگرێ. بێ لەمە پیلانی ئاشوری کلدانی ئێزیدیەکانیش هەیە، ئەو دەمارگرژییەی لە نێو ئەم نەفامانە هەیە هێزی حکومەت بەرامبەر بە خەڵکانی سادە و ساویلکە دەپڕوکێنێ، عەقڵی دەوارنیشنی و دەسەڵاتی خێڵەکی ئاغاکانیش کە ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە چەند دەسەڵاتی حکومەت فراوانتر بێ دەسەڵاتی ئەوان کزتر دەبێ، هەموو ئەم جیاوازییانەو هەموو ئەم تەمحاکاری و خانە گومانی یە، هەمووی تێك هەڵکێشی یەکتری دەبێ و لێك دەئاڵێ و ئارامی‌و ئاسودەیی وڵات دەشێوێنێ. ئەگەر تێکڕای ئەم هۆکارانە بە زەبری هێزێکی ماددی دانا چارەسەر نەکرێن تا ئەو کاتەی وڵات سەقامگیری بەخۆیەوە دەبینێ‌و جیاوازییەکان لەناو دەچن‌و نیشتمانێتی یەکی ڕاستگۆ جێی دەمارگرژی مەزەبی‌و دینی دەگرێتەوە نێشتمانێتیەك کە ڕەنج و کۆششێکی زۆر دەوێ‌و نەزاهەتێکی تەواوی لە لایەن حکومەتەوە گەرەکە، بارودۆخ هەربەترسناکی و سامناکی دەمێنێتەوە.

لێرەدا بە دڵێکی پڕ کەف‌و کوڵ‌و کەسەرو خەفەتەوە دەڵێم کە هێشتا لە عێراقدا (گەلێکی عێراقی) نییە، ئەوەی هەیە چەند گروپێکی مرۆییە کە فیکرەیەکی نیشتمانی یان نییە. بە داب‌و نەریت‌و شتی هەلەق‌و مەلەقی بۆ ئایین هەڵبەستراو گۆش کراون، هێند بێ سەرو بەرەن هیچ پەیوەندیەك کۆیان ناکاتەوە، گوێ بۆ خراپەو بەد کاری هەڵدەخەن، ئاشوب‌و گێرەشێوێنی دەنێنەوەو هەمیشە ئامادەن لە نرخی هەر حکومەتێك کەم بکەنەوە، سەرئەنجام ئەوەی ئێمە دەمانەوێ ئەوەیە کە لەو بارستانە گەلێك پێك بێنین، پەروەردەیی کەین، پێی بگەیەنین‌و





فێری کەین، ئەوەی دەزانێ چەند سەختە لەم هەل‌و مەرجەدا گەلێك پێکەوە بنرێ، دەبێ ئەوەش بزانی کە ئەم کارە ڕەنج‌و تەقەلایەکی زۆری دەوێ.

ئەمە ئەو گەلەیە کە من ئەرکی دروست کردنیم گرتە ئەستۆ و ئەمەیە بۆچون‌و باری سەرنجی من لە بارەیەوە. نەخشەی دروست کردنیشی بەمجۆرە دەبێ:

من لەو بڕوایەدام کە کارەکە سەخت و دژوارە بەڵام پێویستیش بەبێ ئومێدی‌و ترس ناکات، ئەگەر ئەم کارە زیرەکانە، دانایانەو دڵسۆزانە ئیشی بۆ بکرێ‌و حکومەت لەم بارەیەوە نەخشەیەکی دیاریکراوی داڕشت‌و بە شێوەیەکی جدیی‌و بەپێ داگرتنەوە بەئەنجامی گەیاند. هەموو دژوارییەکان بەرپەرچ دەدرێنەوەو هیوا هۆنینەوە بە سەقامگیریی سیاسی پتەوتر دەبێ. پێم وایە بەرنامەیەك لە بابەتی ئەوەی من وا لە خوارەوە دەچمە سەری، سەرکەوتن مسۆگەر دەکا. وا لێرەش بەرنامەکە بە کورتی دەخەمە بەرچاوو پاشان بە تێرو تەسەلی:

١- زیادکردنی هێزی سوپا لە ڕووی ژمارەوەو بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە، بە جۆرێك کە ئەو سوپایە بتوانێ ئەو یاخی بوونە چەکداری یە دامرکێنێ کە لەیەك کاتدا لانی کەم لە دوو ناچەی لێك دوور بەرپا دەبێ (ناوچەی کوردستان‌و ناوچەی شیعەنشینی خواروی عێراق - سەنتەر).

٢- پاش ئەوەی سوپا بەم ئاستە دەگات، خزمەتی نیشتمانی (تەجنیدی ئیجباری - سەنتەر) ڕادەگەیەنرێ.

٣- کێشانە کردنی داب‌و نەریت‌و ڕێوڕەسمە دینی یەکانی تایفە موسڵمانەکان بەیەك تەرازوو ڕێزگرتنی تایفەکانی تر.

٤- پەلەکردن لە چارەسەرکردنی گیرو گرفتی زەوی.

٥- فراوان کردنی مەئزونیەت (خۆپاڵاوتن - سەنتەر) بۆ ئەنجومەنەکانی لیواو شارەوانیەکان بەپێی توانا، بەلاسایی کردنەوەی قانونی عوسمانی.

٦- پەلەکردن لە دامەزراندنی خوێندنگەی کارمەندان.

٧- کاری سودبەخشو پاراستنی بەرهەم.

٨- زانست (زانیاری).

٩- لێك جیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانو دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن.

١٠- چەسپاندنی مەلاکی دەوڵەت.

١١- دانانی سنورێك بۆ ڕەخنەی نابەجێ لە کردنەوەی لە کردەوەکانی حکومەت لە ڕۆژنامەکانداو لەلایەن حزبەکانەوە.

١٢- دادو نیزام و گوێڕایەڵی لە فەرمانبەرانداو داد لە کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکانیاندا.

١- لە سوپاوە دەستم پێکرد چونکە پێم وایە بڕبڕەی پشتی پێکهێنانی نەتەوەیەو من وای بۆ دەچم کە ئێستا سوپاکەمان لە ڕووی ژمارەو تفاقەوە لەوە لاواز ترە کە ئەرکی سەرشانی خۆی جێ بەجێ بکات کە پاراستنی ئاسایشەو هی ئەوە نییە کە پیاو لە تواناکەی دڵنیا بێو پێداویستی یەکانی مەملەکەتی پێ دابین بکرێ، بە تایبەتی کە چەندین فاکتەری جوراوجۆر هەن کە دەبێ وامان لێ بکەن هەمیشە بە ئاگاو وریا بین نەبا یاخیبونی چەکداری ڕووبدات.

ئێستا من لە سوپا داواکار نیم ئاسایشی دەرەوەمان بۆ بپارێزێ چونکە ئێمە پاش ڕاگەیاندنی خزمەتی گشتی ئینجا ئەم داوایەی لێدەکەین، ئەوەی من ئێستا داوای لێدەکەم ئەوەیە کە ساز ئامادەبێ بۆ دامراکندنەوەی دوو شۆڕش کە ڕەنگە (خوانەخواستە) لەیەکەم کاتدا لە دوو ناوچەی لێك دوور هەڵگیرسێن، من لەوە





ئارخەیان نیم کە ئێمە شەش مانگی تر، پاش ئەوەی ئینگلتەرە دەست لە لێپرسراوێتی خۆی لەم وڵاتە دەکێشێتەوە، بتوانین بە تەنها لەسەر پێی خۆمان بوەستین چونکە هێزی پارێزەی بەس نی یە. تا لەوەش دڵنیا نەبم کە سوپا جێ بەجێ کردنی قانونی خزمەتی گشتیو هەر ئیجرائاتێکی تری پێ دابین دەکرێ، ڕازی نابم خزمەتی گشتی یا هەر ئیجرائاتێکی تری گرنگ، یا وروژێتەر و سەر بەگۆبەند جێ بەجێ بکرێت. سەرئەنجام، بە پێویستی دەزانم سوپا بگەیەنرێتە ئەو ئاستەی کە بتوانێ ئاواتی ناوبراوم بێنێتەدی.

تا لەوە دڵنیا نەبین کە هێزێکی باش لەبەردەستدایە، شتێکی خراپە ڕیفۆرمێکی زۆر لە وڵاتدا بەئەنجام بگەیەنین. دیارە لەبەهاری داهاتوودا دوو مانۆڕی بەبایەخمان لەبەردەم دایەو پێویستە هێزێکی وامان لەبەردەست دابێ کە لەکاتی تەنگانەدا بەرپەرچی هەر گێچەڵێك لەومەملەکەندا بداتەوە.

٢. دەبێ برا شیعەکانمان بەم شێوەیەی خوارەوە دڵنیا بکەینەوە:.

أ) ڕێنمایی کردنی قازیی بەغداد وەك ئەوەی ئێستا دەیکات یەکخستنی ڕۆژانی ڕۆژووگرتنو ڕۆژو شکاندن. ئەمەش شتێکی مومکینو شەرعیە.

ب) ئاوەدان کردنەوەی شوێنە پیرۆزەکان تا هەست بکەن حکومەت ئەو شوێنانەی فەرامۆش نەکردووە کە لەلای هەموان پیرۆزنو بە ئاسەوارێکی مێژوویی وا دەژمێردرێن کە وڵاتیان پێ دەرازێتەوە، لەبەر ئەوە دەبێ حکومەت لەهەموو ڕویەکەوە بیانپارێزێ.

ج)پیاوانی ئایینی شیعە هیچ پەیوەستێکیان لەگەڵ حکومەتدا نیەو حاڵی

حازر وەك بێگانە وان، بەتایبەتی کە بەبەرچاوی ئەوانەوە پیاوانی دینی سننە بەو پارەو پوولە شادن کە ئەوان لێی بێ بەشن، ئێرەییش(بەتایبەتی لەناو پیاوانی دین دا) شتێکی بەرچاوە، مادام ناشتوانین ئەوقافەکانیان بەسەردا دابەش بکەین، دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە ئەوقافێکی تایبەت بدۆزینەوە، بەبڕوای من ئەمە بەو جۆرەی کە من ئاماژەم بۆ کردووە شایێکی مومکینە بەڵام تا ئێستا هەلی جێبەجێ کردنیم بۆ نەلواوە.

٣. ڕێزگرتن لە ڕێو ڕەسمە گشتیەکان شتێکی گران نیە، بەتایبەتی لە ڕۆژانی ڕەمەزاندا ڕێز گرتنیش لە بڵاوبوونەوەی بەد ڕەوشتی ، کارێکی قورس نیە، سەرئەنجام، ئەگەر حکومەت بتوانێ ئەو ماڵانە دابخا کە بەدکاری تێدا دەکرێ، بەچاکترین شێوە خەڵکی بەلای خۆیدا ڕادەکێشێ.

٤. ئینجا دێمە سەر مەسەلەی باج، قانونی باجی داهات قسەی هەموو بەکارێکی بڕیو بەگەورەترین کاری ئازایانە دەژمێردرێ، خوا یاربێ بەرەکەشی دەدورینەوە.

٥. چارەسەرکردنی گیروگرفتی زەوی، هاووڵاتیان بەزەوی یەوە دەبەستێتەوە، ئەم گیرگرفتە پەیوەندیەکی زۆری بەئاغاو نفوزیانەوە هەیەو پێویست ناکات بەتێروتەسەلی باسی قازانجەکانی بکەم، بەڵام تاپێمان بکری دەبێ پەلە لەجێبەجێ کردنی بکەین، نابێ شێخو ئاغاکانیش هەست بەوە بکەن کە حکومەت دەیەوێت بیانسڕێتەوە بەڵکو ئەوەندەی پێمان دەکرێت دەبێ دڵنیایان کەینەوە.

٦. هیوادارم مەسەلەی خوێندنگە هەموو دانیشتوانی عێراق لەوە دڵنیاکا کە هەموویان، شان بەشانی خەڵکی بەغداو موصڵ، بەشێوەیەکی یەکسان بەشداری لەدامو دەزگاکانی دەوڵەتدا دەکەنو خێری لێ دەبینن، بەمجۆرە ئەو تۆمەتەی کە





کوردو شیعە گێرەشێوێنەکان دەیخەنە پاڵ حکومەتەوە کە گوایە حکومەتی سوننەکانە یا حکومەتی عەرەبەکانە، دەڕەوێتەوە.

٧. بەدووودڵیەوە دەڵێم:. ئەگەر هەندێ دەسەڵاتمان لەبابەتی دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنەکانی ولایەتەکانی زەمانی عوسمانیەکان بۆ لیواکان سەلماند، فاکتەرێك دێنینە گۆڕێ کە دانیشتوانی لیواکان هان دەدا بەشداری لە حوکم دا بکەن.

٨. زۆر باسی جیاکردنەوەی دەسەڵاتی یاسادانانمان لە دەسەڵاتی ڕاپەڕاندن کردووە، ئەمەش دەبێ دەستکاری کردنی قانونی بنچینەیی (دەستوور) ئەنجام بدرێت.

٩. نابێ لێگەڕێین حزبە دەستکردەکانو ڕۆژنامەکانو هەندێ کەس ڕەخنەی نابەجێ بگرنو، ڕاستیەکان بشێوێنِنو گەل چەواشە بکەن. دەبێ دەرەتانی ڕەخنەگرتنێکی بەنەزاکەتو ماقوڵ بەئەدەبیان بۆ بکەینەوە، هەرچیش ناماقوڵی دەکا دەبێ بەڕاشکاوی سزا بدرێ.

١٠. پێویستە لەسەر کارمەندانی دەوڵەت کە ئامرازی ڕاپەڕاندنن ئامێری گوێ ڕایەڵو سودبەخش بن. هەرچیش سوسەی لێ بکرێ کە دەستی لەگەڵ حزبەکانی ئۆپۆزسیۆن تێکەڵ کردووە خەڵکی لەدژی دەوڵەت هاندەدا دەبێ لەکار بخرێ، دەبێ ئەوە بزانی کە ئەو پێش هەموو شتێك کارمەندو خزمەتکاری هەموو حکومەتێکە.

١١. نافیعە (کرێکاران). من ئەم ناوە تازەیەم داهێناوە لە داتاشینیدا چوومەوە سەر واژە تورکیەکە، چونکە پێم وایە ئەو ناوە من دامهێناوەجۆرەها کارو چالاکی نەتەوە دەگرێتەوە، باشە ساڵی پار پارەمان بۆ کارە سەرەکیەکان تەرخان کرد، نکوڵی لەوە ناکەین کە ئەو قانونە بەپەلە دەرکراوە بەمەرجێك کە لە هەندێك خاڵدا شیاوی گۆڕینو دەستکاری کردن بێ، هەر کات بەپێویستمان

زانی بەبڕوای من، دەبێ چاوێك بە بەندەكانیدا بخشێنینەوە بەتایبەتی بەشی بیناو ڕێگاوبان.

زۆربەداخەوە دەڵێم:. كشتوكاڵ لە وولاتەكەماندا مایەپووچ دەبێ، چونكە مەملەكەتەكەمان لەبازاڕەوە دوورە، ئێمە ملیۆنەهامان بۆ كاروباری ئاودێری تەرخان كردووە، بەڵام چی لەو بەروبوومە دەكەین؟ كە ئێستا نەتوانین بەروبوومی زەویەكەمان ساغ بكەینەوە، ئەی سبەی پاش ئەوەی (ئەم پرۆژە گەورانە تەواو دەبن چی دەكەین؟ خۆ نامانەوی ئەم هەموو بەروبوومە لەسەریەك كەڵەكە بكەین‌و تەماشایان كەین؟ ئەم هەموو بەروبوومە چ خێرێكی هەیە ئەگەر نەنێردرێنە بازاڕەكانی هەندەران یاخود لانی كەم لەناو وولاتدا ساغیان نەكەینەوە؟ لەكاتێكدا زۆر لە پێداویستیەكانی خۆمان لەدەرەوە دێنین، ئەم هەموو پارە خەرج كردنە لەپای چی ئەگەر بازاڕێك بۆ بەروبوومەكان نەدۆزینەوە؟

پێم وایە دەبێ سەرلەبەر بە هەڵوێستی ئابووری خۆماندا بچینەوە، وا بەبەرچاوی خۆمانەوە دراوسێ تورك‌و ئێرانیەكانمان ئەوپەڕی هەوڵ‌و كۆشش ئەدەن كە چیتر پێویستیان بەبەرهەمی بیانی نەبێت. كۆسپ‌و لەمپەرێكی زۆریان لەپێش هاتنی سەرمایەی بیانی بۆ وولاتەكەیان داناوەوبۆ دامەزراندنی كارگەو دابین كردنی پێداویستیەكانیان بێ باكانە پارە خەرج دەكەن.

دەبێ دەست لەو سیاسەتە چەوتە هەڵگرن كە تەگەرە لەپێشكەوتنی نەتوە گەشەكردووەكان دەداو دەبێ بەشێوەیەكی كاریگەرانە یارمەتی ڕۆڵە بەئەمەكەكانی نیشتمان بدەین، دەبێ ئیمتیازاتەكانیش بۆ ماوەی دیاریكراوبۆ





ڕۆڵە چوست‌و چالاكەكانی وولات بسەلمێنرێ، ئەگەر كەسیش نەبێ لەخۆی ڕابینێ ئەم پرۆژە پیشەسازی یە دامەزرێنێ كە حكومەت ئومێدی قازانج كردنی لێ دەكا، دەبێ خودی حكومەت ئەم ئەركە بگرێتە ئەستۆو بەپارەی خۆی یاخود ئەگەر كرا بەبەشدار بوونی سەرمایەی نیشتمانی، ئەگەر نەكرا بەبەشداربوونی سەرمایەی بیانی یاخود بەشدار بوونی هەردووكیان بەڕێوەی بەرێ.

پێویستە لەسەر حكومەت دەزگایەكی تایبەت بۆ دیراسە كردنی هەموو جۆرە پرۆژەیەكی گەورەو بچوكی پیشەسای دامەزرێنێ، گرنگترین‌و پاشان پرۆژە گرنگەكان دامەزرێنێ‌و هاووڵاتیان فێری ئەوە بكات كە ئیشە بچوكەكان بكەن‌و ئیشە گەورەكان بۆ خۆی بهێڵێتەوە ئەگەر نەتوانرا هاووڵاتیان بیكەن.

نەنگی‌و مایەی پێكەنین‌و گریانە كە بینای گەورەگەورە بەپارەیەكی زۆرو ڤیرتاو كردنی بەملیۆنەها ڕوپیە بكەین، نابێ دزی‌و جەردەییەكەشمان لەیاد چێ، پارەو پولی ئەم گەلە بەستەزمانە تا ئێستا بەكارگەیەك نەدراوە كە هەندێ لە پێداویستیەكانی بۆ دابینكا، بریا لەجیاتی بینایەكی حكومەت كارگەیەكی ڕستنی لۆكەم دەبینی‌و لەباتی كۆشكێكی شاهانە كارخانەیەكی شوشەواتم دەدی.

پەراوێزەکان

١- فاضل حسین: کێشەی ویلایەتی موسڵ: و/ محمد شاکەلی، چاپی دووەم / ٢٠٠٧، ل ١٠.

٢- هەمان سەرچاوە، ل ١١٧.

٣- هەمان سەرچاوە ، ل ١١٨.

٤- هەمان سەرچاوە ، ل ١٢٢، ١٩٣.

٥- هەمان سەرچاوە ، ل ١٠٦.

٦- بڕوانە ووتارەکەی مەلیك فەیسەڵ لە ژمارە(١٧) گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ساڵی ١٩٩٦ ، ل. ١١٣.

٧- فرمان عبدالرحمن : پاکتاوکردنی ڕەگەزی کورد لە کوردستانی عێراقدا، ساڵی ٢٠٠٦، سلێمانی، ل ٢٨.

٨- هەمان سەرچاوە ،ل ٢٨.

٩- هەمان سەرچاوە ، ل ٢٨ و دواتر.

١٠-هەمان سەرچاوە ، ل ٢٩.

١١- بڕوانە کتێبی لێکۆڵینەوە دەربارەی سروشتی کۆمەڵگەی عێراقی: علی وەردی، خانەی وەرگێڕان.

١٢- کەمال مەزهەر احمد: هەڵوێستی مەلیك فەیسەڵی یەکەم لە مەسەلەی کورد لە عێراقدا، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵێتنەوەی ستراتیجی، ژ ٣١، ژ ٣ ی ساڵی هەشتەم، ئابی ٢٠٠٠، ل ٦٣.

١٣- کەمال مەزهەر احمد: پێشەکی بۆ کتێبی: محمد امین زەکی بەگ: خولاصەیەکی تأریخی کوردستان لە زۆر قەدیمەوە تا دەوری ئیمڕۆ، بنکەی ژین، ٢٠٠٦، سلێمانی ل ٢ .





* ئەم یاداشتە نوسینێکی مەلیك فەیسەڵی یەکەمە (١٨٨٣-١٩٣٠) کە بیرو بۆچونی خۆی سەبارەت بە پێکهاتەی عێراق و گیروگرفت و گێچەڵەکانی تێدا دەربڕیوە و بە تایبەت بۆ چەند کەسێکی ئاشنای خۆی نوسیوە وەك نوری سعید، یاسین هاشمی، ناجی شەوکەت، ناجی سویدیو جەعفەر عەسکەری. ئەم یاداشتە بایەخێکی تایبەتی هەیەو شایستەی لێکۆڵینەوە شیکردنەوەیە.{ بڕوانە : ووتارەکەی مەلیك فەیسەڵ ، بورهان خانەقینی لە عەرەبی یەوە وەریگێڕاوە، ژمارە(١٧) گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی ساڵی ١٩٩٦ ، ل ١١٣.}

www.pukm1.com

هەواڵنامەی کتێب

# پێوەر و ئـــامـارەكـــان، بــوجــەی هەرێمی كوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٨

محمد كريم محمد

هەواڵنامەی كتێب

ناكرێت باسی بوجەی هەرێمی كوردستان بەدەر لە بوجەی عێراق سەیر بكەین، بۆ ئەوەی خەڵكی كوردستان لانی كەم ئاگای لە جوڵەی گۆڕانكاریەكانی ناوەند بێت و لە وێشەوە بەراوردێكی ئابوریانەو زانستیانە بۆ واقیعی ئابوری و بوجەی كوردستان بكەین لانی كەم بزانین لە چوارچێوەی عێراقی (نائارام و گەندەڵدا) كە دەزگای نەزاهەی شپرزە و ماندوو كردووە، دەنگو باسی بوجە و گەشەی ئابووری لە كوردستان لە چیدایە.

هەوڵدەدەین بوجەی ٢٠٠٨ لە حكومەتی ناوەند و كوردستاندا بخەینە ڕوو بۆ ئەوەی بەراوردكردنی لەگەڵ بوجەی كوردستاندا ئاسانتر بێت، بۆیە لە سێ تەوەری سەرەكیەوە ڕاڤەی دەكەین:

**یەكەم:** بوجەی كوردستان... پێوەر و ئاماژەكان.

**دووەم:** سیمای بوجەی ٢٠٠٨ ی هەرێمی كوردستان.

**سێهەم:** پێشنیارەكان بۆ بوجەی ٢٠٠٨ ی هەرێمی كوردستان.





## پێوەر و ئاماژەكان:

**یەكەم: دواندنی خشتەكانی بوجەی ٢٠٠٨ ی عێراق:**

خشتەی ژمارە (١) بڕی گشتی بوجەی عێراق پیشان دەدات بە پێكهاتەكانیەوە، كە تیایدا بڕی كۆی گشتی بوجەی بەكاربردن (النفقات التشغيلية) بە (٥٩،٨ ترلیۆن دینار) دانـدراوە و كۆی گشتی داهات (الايرادات) بە (٥٠،٧ ترلیۆن دینار) داندراوە لەسەر بناغەی نرخی یەك بەرمیل نەوت بە (٥٧ دولار\بەرمیل) كە نرخەكانی لە بازاڕی جیهانیدا لەسەر و (١٠٠ دۆلارە بۆ یەك بەرمیل) و نرخی دۆلار بە (١٢٠٠ دینار\دۆلار) شكێندراوەتەوە كە هەتا ئێستا لە (١٢٢٠ دینار\دۆلار) كەمتر نەبووە. بڕی هەناردەی نەوت بە (١،٢ ملیۆن بەرمیل\ڕۆژ) دیاریكراوە كە ڕۆژانە ئێستا نزیكەی (٢،٥ بەرمیل نەوتە). بە واتایەكی تر پشكی كوردستان لە ڕاستبونەوەی ئەو ژمارانە لە قۆناغەكانی داهاتوی ساڵی ٢٠٠٨ بەرەو هەڵكشان دەڕوات و لەو بڕە زۆر زیاتر دەبێت كە ئێستا ڕاگەیەندراوە. پشكی پارێزگەكانیش بە (٤ترلیۆن دینار) دیاریكراوە.

**خشتەی ژمارە (١)**

**پێكهاتەی بوجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بە ترلیۆن دیناری عێراقی**

| بڕگە | بڕ بە ترلیۆن |
|---|---|
| كۆی بوجەی بەكارهێنان (اجمالی النفقات) | ٥٩،٨ |
| كۆی گشتی داهات | ٥٠،٧ |
| گەشەپێدانی پارێزگەكان | ٤ |
| یەدەك | ١،٦ |

خشتەی ژمارە (٢) ڕێژەی گەورە بوونی بوجەی داهات (الایرادات) و بەکاربردن (النفقات) دەردەخات لەگەڵ ڕێژەی هەر یەکەیان لە کۆی گشتی بوجەی ٢٠٠٨ . دەبینین بەکاربردن لە بوجەی عێراقدا بە ڕێژەی (١٨٪) زیادی کردووە بەراورد بە هەمان برگە لە ساڵی ٢٠٠٧. هەر لەم بوجەی بەکاربردنەدا بوجەی (تەشغیلی) بە ڕێژەی (١٣،٦٪) زیادی کردووە بەرامبەر ئەوە بوجەی وەبەرهێنان بە ڕێژەی (٣١،٤٪) زیادی کردووە. ئەمە ئاماژەیەکی زۆر باشە بۆ ئابووری عێراق کە دەیەوێت چاکسازی ئابووری ئەنجام بدات و ڕووی کردۆتە بەرهەمهێنانی ناوخۆ و  وورده وورده بەجێهێشتنی پشت بەستن بە هاوردە. برگەی داهات لە بوجەکەدا بە ڕێژەی (٢٦،٧٪) زیادی کردووە بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٧ ئەمەش زۆر زیاترە لە بوجەی بەکاربردن (النفقات) وەك لەسەرەوە ئاماژەی بۆ کرا و ڕێژەکەی (١٨٪) یە واتە هێشتا ڕێژەیەکی باش پارەی یەدەك لەدەستیدایە بۆ هەرچ بوارێکی تر بیەوێت.

**خشتەی ژمارە (٢)**

**ڕێژەی گەشەی پێکهاتەی بوجەی  عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٧**

| برگە | ڕێژەی گەشەکردن |
|---|---|
| بوجەی بەکارهێنان (اجمالی النفقات) | ١٨٪ |
| داهات | ٢٦،٧٪ |

خشتەی ژمارە (٣) تەنها باسی ئەو گۆڕانکاریانە دەکات کە حکومەتی ناوەند دەیەوێت لە برگەی داهاتەکاندا بیکات بەراورد بە ساڵی  ٢٠٠٧ وەك بوجەی





داهاتی پلان بۆدارێژراو (المیزانیة التخطیطیة) پێناسەی کردووە. لە خشتەکەدا دەردەکەوێت کە عێراق بەرنامەی داناوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ تەنها پشت بە داهاتی نەوت نەبەستێت بەڵکو بۆ ئەندازەیەکی باش خۆی بگوازێتەوە بۆ داهاتەکانی تر بەدەر لە نەوت. بۆ نمونە گەشەی داهاتی نەوت بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٧ تەنها (١٤٪) زیاد دەکات هەرچەندە نرخی بەرمیلی نەوت نزیکەی (١٠٠٪) زیادی کردووە بەمەش ڕێژەی پشکی نەوت لە داهاتی عێراقدا بەراورد بە ساڵانی پێشو کە لەسەرو (٩٥٪) بوو دادەبەزێنێ بۆ (٨٣،٦٪) ئەمەش دەستکەوتێکی ئابووری گەورەیە بۆ ئابوری عێراق و خۆ ڕاپسکاندنە لە پشت بەستن بە هاوردەی کاڵا لەدەرەوە لە ماوەی تەنها (٤) ساڵدا پاش ڕزگار کردنی عێراق کە لە یەك پلانی (٥ ساڵە) کەمترە. بەڵام بەرامبەر ئەمە هەوڵی داوە داهاتە غەیرە نەوتیەکان بە ڕێژەی ((١٩٤،٣٪) گەشە پێبدات. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە گووتاری سیاسی عێراقی بە فیعلی ئیرادەیەکی بەهێزی هەیە بۆ چاکسازی ئابوری و خۆ ڕاپسکان لە پاشکەوتەی بازاڕی جیهانی. بە واتایەکی تر، دەرچون لە گووتاری ڕاگەیاندن و دەرخستنی جدیەتی ئەو شیعارەی بەرزیان کردۆتەوە کە ئەم ساڵی ساڵی ئاوەدانکردنەوە دەبێت نەك هەر بە گفت بەڵکو بە پێوەری ئابوری.

**خشتەی ژمارە (٣)**

**ڕێژەی گەشەی پێکهاتەی داهاتی بوجەی  عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٧**

**و گرنگیە ڕێژەییەکانیان لە کۆی گشتی داهات**

| برگە | ڕێژەی گەشەکردن | گرنگی ڕێژەیی لە کۆی |
|---|---|---|



هەواڵنامەی کتێب

| | | داهات |
|---|---|---|
| داهاتی نەوت | ١٤٪ | ٨٣،٦٪ |
| داهاتەکانی تری غەیرە نەوت | ١٩٤،٣٪ | ١٦،٤٪ |
| کورتهێنان (العجز) | ٢٦،٧٪ | - |

خشتەی ژمارە (٤) ئاماژەیەکی تری هەوڵەکانی عێراقمان بۆ دەردەخات بە ئاڕاستەی گەشەی ئابوری عێراق و هاوسەنگکردنی بوارە ئابوریەکانی. ڕێژەی زیادبوونی مووچە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٧ (١٦،٦٪) زیاد دەکات کە گرنگیە ڕێژەییەکەی لە کۆی بوجەی تەشغیلیدا واتە بەکاربردندا لە (٣٨،٦٪) تێناپەڕێت. لەلایەکی ترەوە ئاماژەیەکی تری زۆر گرنگی تر لەم خشتەیەدا بۆ ئابوری عێراق تۆمار دەکات ئەویش کەمکردنەوەی کڕینی حکومەتە لە بازاڕەکاندا کە بە بڕگەی کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاری و سیانەکردنی حکومەتەوە ناوی بردووە. بۆ نمونە نەیهێشتوە ئەم بڕگەیە لە ڕێژەی (١٢،١٪) زیاتر تێپەڕ بکات و ئاستی ڕێژەکەشی لە کۆی بوجەی بەکاربردندا لە (١٨،٨٪) قەتیس کردووە، بەمەرجێك وەك ئاماژەمان پێکرد ڕێژەی زیادبوونی داهات گەشتۆتە (٢٦،٧٪) . بە واتایەکی تر، حکومەتی عێراق ستراتیژی کەمکردنەوەی بەکاربردنو زیادکردنی داهاتی هەڵگرتوە و ئاڕاستەی کۆی گشتی ئابوری عێراقە بەرەو خۆ بنیاتنان و کەمکردنەوەی هاوردەی کاڵا و پشت بەستنە بە ئیمکاناتی ئابوری خۆی و زیادکردنی بەرهەم، لە هەمان کاتدا کەمکردنەوەی گوشاری خەرجیەکانە (حکومەت و تاك) لەسەر بازاڕەکان و بەهۆیەوە لغاوکردنی هەڵاوسانی پارە و ئابوریە. بڕگەیەکی تری گرنگی ئەم خشتەیە، بریتیە لە سوودی قەرزەکانی سەر عێراق بە کوردستانیشەوە (نەك ئەسڵی قەرزەکان) تەنها





بۆ ساڵی (٢٠٠٨). ڕێژەی کەڵەکەبوونی تەنها سوودی قەرزەکان کە لەم بڕگەیەدا ئاماژەی پێکراوە دەگاتە (٤٤,٨٪) و ڕێژەکەی لە کۆی بڕگەی بوجەی بەکاربردندا دەگاتە ڕێژەی (١،٨٪) . ئەمەش ئەو ڕاستیە دەردەخات کە لێخۆشبون لە قەرزەکانی عێراق لە لایەن نادی پاریس و ڕوسیا و وڵاتانی ترەوە لە ووتار و تەسریحەکانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندندا، بەلاڕیدا بردنی شەقام زیاتر هیچی تر نیە. چونکە لە ڕاستیدا بەخشین لە قەرز پا بەندە بە کۆمەڵێك مەرجی بنەڕەتی کۆمەڵکەی نێودەوڵەتیەوە بەرامبەر بە عێراق لە پێش هەموویانەوە نەهێشتنی گەندەڵی و ڕونبینی (شفافیە) ت و چاکسازی ئابووری و ئیدارەی ئابووری وڵاتە کە، ڕەنگە کوردستان بە تایبەتی و عێراق بەگشتی زۆریان مابێت بۆ ئاستی دروستکردنی پردی باوەڕی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ، خۆ ئەگەر وەك خشتەو ژمارەکان دەدوێن لە عێراقدا هەوڵدان هەبێت بەو ئاڕاستەیەدا (کارەکانی دەستەی نەزاهە، لێپرسینەوەی بەرلەمان، چاودێری دارایی، گەیاندنی لێپرسراوان بە دادگا و ...هتد) ئەوا لە کوردستان ئەو هەوڵە جدیانەش نابیندرێت.

**خشتەی ژمارە (٤)**

**ڕێژەی گەشەی پێکهاتەی بەکاربردن (التشغيليه) لە بوجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٧ و گرنگیە ڕێژەییەکانیان لە کۆی گشتی بەکاربردن**

| بڕگە | ڕێژەی گەشەکردن | گرنگی ڕێژەیی لە کۆی داهات |
|---|---|---|
| مووچە | ١٦،٦٪ | ٣٨،٦٪ |

| | | |
|---|---|---|
| کڕینی کاڵا، خزمەتگوزاری، سیانە | ٪١٢،١ | ٪١٨،٨ |
| سوودی قەرزەکانی سەر عێراق | ٪٤٤،٨ | ٪١،٨ |
| مەسروفاتی تری هەمەجۆر | ٪١٢،٤ | ٪٣٠،٧ |

**دووەم: دواندنی خشتە ئامارییەکانی کوردستان بۆ بوجەی ٢٠٠٨:**

ئەگەر سەیری پێکهاتەی داهاتەکانی عێراق بکەین لە خشتەی ژمارە (٥) دا دەبینین بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بە ڕێژەی (٪٢٦،٧) زیادی کردووە. لەوە گرنگتر بڕگەکانی پێکهاتەی ئەو داهاتەیە کە پێویستە لە دیزاینکردنی بوجەدا دەربخرێت وەك سامانێکی ئەو وڵاتە جا گرنگ نیە زۆرە یان کەم. بۆ نموونە باجەکانی ناو عێراق و هاوکاریە کۆمەڵایەتیەکان کە لە دەرەوە دێنە عێراق ڕێژەی (٪١٠،٩٣) ی کۆی گشتی داهاتی عێراق دروست دەکەن، هەروەها داهاتەکانی نەوت و غەیرە نەوت لە بوجەکەدا دەرکەوتووە کە ڕێژەکەی بۆ ساڵی ٢٠٠٨ دەگاتە (٪٨٩) هەروەها داهاتەکانی تری (عەینی) کە لە بوجەدا دەرکەوتووە دەگاتە (٪٠،٠٧). دەرنەکەوتنی بڕگەکانی (داهات) لە بوجەدا حسابی (ئیختیلاس و گەندەڵی) دەوڵەتی بۆ دەکرێت هەر وەك چۆن ئیرهابی دەوڵەتی هەیە، لەهەمان کاتدا پێچەوانەی زانستی ئابوری و یاسای بوجەیە لەسەر ئاستی جیهان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانی UN .

بڕگەی بەکاربردن لە بوجەی ٢٠٠٨ی کوردستان بە دوو بەشی سەرەکیدا دابەش بووە **یەکەم**: بەکاربردنی تەشغیلی دووەم بوجەی وەبەرهێنان، بوجەی تەشغیلی ئەو بەشە لە بوجە دەگرێتەخۆ کە حکومەت بە پلەی یەکەم بۆ موچە





سەرف دەکات و بە پلەی دووەم وەك نەسریە دەخرێتە بەردەست بۆ ئیدارەدانی وەزارەتەکان و کڕینی پێداویستیەکانیان کە لە بوجەدا لەژێر ناوی (کاڵا و خزمەتگوزاری و صیانە) هاتووە بۆ ئەوەی بتوانن ئیشوکارەکانیان بە کەفائەتەوە بە ئەنجام بگەیەنن. پشکی ئەم بەشە واتە (تەشغیلی یان بەکاربردن) لە بوجەی بەکاربردن لە کوردستاندا دەگاتە (٪٦٢،٢). بەڵام بوجەی وەبەرهێنان لە کوردستاندا بۆ ساڵی ٢٠٠٨ دەگاتە (٪٣٧،٧٣) لە کۆی گشتی بوجەی بەکاربردن (میزانیه النفقات).

**خشتەی ژمارە (٥)**

**ڕێژەی سەدی پێکهاتەی داهات لە بوجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٨**

| بڕگە | ڕێژەی گەشەکردن |
|---|---|
| باج و هاوکاریە کۆمەڵایەتیەکان | ٪١٠،٩٣ |
| داهاتەکانی تر بە داهاتی نەوتیشەوە | ٪٨٩ |
| داهاتی تر | ٪٠،٠٧ |

لە خشتەی ژمارە (٦) ڕێژەکانی هەردوو لایەنەکە دەرکەوتووە واتە (مووچەو کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاری و سیانەی حکومەت)، کە ڕێژەی (٪٥٩،١٥) لە کۆی گشتی بوجەی تەشغیلی دەڕوات بۆ مووچە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ و بە ڕێژەی (٪٢٠،٦٥) یش زیادی کردووە بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٧. بەڵام ئەگەر ئاماژەکانی مووچەی کوردستان بە ناوەند بەراورد بکەین دەبینین ڕێژەی زیادبوونی مووچە لە بەغدا

(١٦،٦٪) ئەم ڕێژەیەی عێراقیش زۆرکەمترە لە کوردستان وەك لە هەمان خشتەدا دەرکەوتووە. لەلایەکی ترەوە، مووچە لە عێراق بە پێچەوانەی کوردستانەوە تەنها (٣٨،٦٪) لە بوجەی تەشغیلی داگیر دەکات.

**خشتەی ژمارە (٦)**

**ڕێژەی گەشەی پێکهاتەی بەکاربردن (التشغیلیە) لە بوجەی عێراق بۆ ساڵی ٢٠٠٨**

**بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٧ و گرنگیە ڕێژەییەکانیان لە کۆی گشتی بەکاربردن**

| بڕگە | عێراق | | کوردستان | |
|---|---|---|---|---|
| | ٪ ڕێژەی گەشەکردن | ٪ گرنگی ڕێژەیی لە کۆی داهات | ٪ ڕێژەی گەشەکردن | ٪ گرنگی ڕێژەیی لە کۆی داهات |
| مووچە | ٪١٦،٦ | ٪٣٨،٦ | ٪٢٠،٦٥ | ٪٥٩،١٥ |
| کڕینی کاڵا، خزمەتگوزاری، سیانە | ٪١٢،١ | ٪١٨،٨ | ٪١٠٦،٦ | ٪١٨،٣ |

بڕگەی کاڵا و خزمەتگوزاری لە کوردستاندا چیرۆکێکی تری ترسناکی هەیە. هەر وەك لە هەمان خشتەدا دەرکەوتوە لە عێراق ئەم بڕگەیە بە تەنها بە ڕێژەی (١٢،١٪) زیادی کردووە، بەڵام ئەم بڕگەیە لە کوردستاندا بە ڕێژەیەکی گەورە باز دەدات و دەگاتە (١٠٦،٦٪). ترسناکی ئەم بڕگەیە لەوەدایە کە ئەو گۆزمە پارانە دروست دەکات کە حکومەت بۆ کڕینەکانی دەیخاتە بازاڕەکانەوە و





لیژنەکانی کڕین سەرفی دەکەن کە (ئەگەر) باش بەکارنەهێندرێت دەبنە سەرچاوەی گەورە بۆ گەندەڵی ئیداری و دارایی لە لایەك، لەلایەکی تر هەڵاوسانی نرخ لە بازاڕەکاندا. بۆیە دەبینین عێراق هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم بڕگەیەی داوە لای خۆیەوە بۆ ساڵی ٢٠٠٨.

خشتەی ژمارە (٧) ئاراستەکانی بوجەی وەبەرهێنانمان پیشان دەدات لە کوردستاندا کە بۆ ڕاپەڕاندنی پرۆژەکانی وەزارەتەکان تەرخان کراون وەك قوتابخانە و نەخۆشخانە و ڕێگاو بان و پرد و کشتوکاڵ و پیشەسازی و ئاودێری و کارەبا و چارەسەری کێشەی نیشتەجێ و...هتد. ئەم بڕگەیە لە کوردستاندا تووشی قەیرانێکی گەورە بووە بەهۆی ئەو پرۆژانەی پارساڵ واتە (٢٠٠٧) تەواو نەکراون و ئەمساڵ پێویستە ئەنجام بدرێن. ئەو ڕێژەیەی کە لە بوجەی ٢٠٠٨ بۆ ئەم پرۆژانە تەرخان کراون دەگاتە (٣٧،٤٤٪) لە کۆی بوجەی وەبەرهێنانی ساڵی ، ٢٠٠٨ چونکە ساڵی ٢٠٠٧ حکومەت تەنها توانیویەتی ڕێژەی (٧٨،٣٤٪)ی پرۆژەکانی جێبەجێ بکات، واتە وەك قەرزێکی پرۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٧ و پێویستە بوجەی وەبەرهێنانی ٢٠٠٨ لە ئەستۆی بگرێت. بۆیە تەنها ڕێژەی (٦٢،٥٦٪) لەم بوجەیە بۆ گەشەپێدانی ئابووری کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٨ دەمێنێتەوە. ئەم ڕێژەیەش دەبێتە دوو بەشەوە لە کوردستاندا یەکەمیان بە ڕێژەی (١٧،٤٪) تەرخانکراوە بۆ ئەو پرۆژانەی لە ساڵی ٢٠٠٧ ئیحالە کراون بەڵام دەستیان پێنەکراوە و ئەمساڵ دەست پێدەکەن. ڕێژەی (٤٥،١٤٪) ش بۆ پرۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٨ تەرخانکراوە. ئەم دوو بڕگەیەش لە کوردستاندا بەرەوڕووی دوو دژواری قورس دەبنەوە: یەکەم: سەرهەڵدانی گرفتی پێشبینی نەکراو بۆ نموونە(وشکە ساڵی، نەخۆشی درم، کێشەی سیاسی و عەسکەری لە ناوچەکەدا، ڕوداوی سروشتی تر) دووەم: ئەدای



هەوڵنامەی کتێب

حكومەت بۆ بە ئەنجام گەیاندنی ئەو پرۆژانەی نەخشەیان بۆ داندراوە وەك لە خشتەكانی خوارەوە زیاتر دەردەكون.

**خشتەی ژمارە (٧)**

**ڕێژەی پرۆژە بەردەوامەکان، بەردەوامە پێشنیارکراوەکان و پێشنیارکراوەکان لە بوجەی وەبەرهێنانی کوردستاندا بۆ ساڵی ٢٠٠٨**

| ڕێژەی پرۆژەی جێبەجێکراو یاڵی ٢٠٠٧ | ڕێژەی بوجەی ٢٠٠٨ بۆ تەواوکردنی پرۆژەکانی ٢٠٠٧ | ڕێژەی بوجەی ماوەی ٢٠٠٨ بۆ پرۆژەکانی ٢٠٠٨ |
|---|---|---|
| ٧٨،٣٤٪ | ٣٧،٤٤٪ | ٦٢،٥٦٪ |

خشتەی ژمارە (٨) ئەدای حکومەت لە وەزارەت و دەزگاکاندا دەخاتە ڕوو لە بەکارهێنانی بوجەی بەکارهێناندا (تەشغیلی). وەك ئاماژەی پێدرا مەبەست لەم بوجەیە بەکارهێنانیەتی لە وەزارەتەکاندا بەدەر لە مووچە بۆ بەڕێکردنی ئیشوکاری ڕۆژانەی فەرمانگەکان واتە بوجەیەکە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کەفائەتی ئیداری و بەشەری وەزارەت و دەزگاکان کە بوجەی وەبەرهێنان بە ئاستێکی کارامەتر جێبەجێ بکەن و پرۆژە وەبەرهێنەکان لەکاتی خۆیاندا و بە باشترین شێوە جێبەجێ بکرێن. بەڵام بە داخەوە ئەدای حکومەت و وەزارەتەکان لە ئاستی پێویستدا نیە لەم ڕووەوە ڕەنگە هۆکاری زۆر لە پشت ئەم کێشەیەوە بن وەك نەگەشتنی بوجە لە کاتی خۆیدا، کەمی دەسەڵات، ڕۆتین و بیرۆکراتی، نەبوونی پلان، لاوازی فەرمانبەران و کەمی کەفائەتیان....هتد. بەڵام هۆیەکە هەرچیەك بێت حکومەت لێی بەرپرسە و ئیدارەی وڵاتەکە زیاتر بەرەو





شپرزەیی دەبات. هەوڵماندا‌وە ئەدای تەشغیلی هەندێك لە وەزارەت و دامودەزگان لە خشتەکەدا دەستنیشان بکەین وەك نموونە. تێبینی دەکەین ئەداکان زۆر نزمن بۆ ئاستێك هەدەری گەورە لە سامانی وڵاتەکەدا هەیە کە نەتواندراوە پرۆژەکان بە ئەنجام بگەیەندرێت بە هۆیەوە تەنها (٧٨،٣٤٪) پرۆژەکانی ساڵی ٢٠٠٧ جێبەجێکراوە ئەوەکەی تری تەدویر بووە بۆ ساڵی ٢٠٠٨ . وەك ئاماژەمان پێدا، کێشەکە لەوەدایە کە بوجەی وەبەرهێنان بۆ ئەم ساڵ زۆر کەمترە لە پار ئەگەر ئەداکەش وا خراپ بێت ئەوە کارەسات دەبێت. ئەدای حکومەت بۆ سەرفکردنی بوجەی ئیشپێکردن یان بەکاربردن لە (٦٣،٣٦٪) بۆ ساڵی ٢٠٠٧ تێنەپەڕیوە کە زۆر لە وەزارەتەکان لەو ڕێژەیەش کەمتر بووە. بۆ نموونە بەرلەمان ئەداکەی (٤٨،٩٦٪) بووە، ئەنجومەنی وەزیران ((٧٥٪) و پلاندانان (٢٦،٣٪) و کارەبا (٥٢،٦٨٪) و وەبەرهێنان (٤٣،٢٥٪) بووە و...هتد وەك لە خشتەی ژمارە (٩) دا هاتووە.

**خشتەی ژمارە (٨)**

**کەفائەی ئەدای هەندێك وەزارەت و دەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەکارهێنانی بوجەی تەشغیلی بۆ ساڵی ٢٠٠٧**

| برگە | ڕێژەی ئەدا | برگە | ڕێژەی ئەدا |
|---|---|---|---|
| بەرلەمانی کوردستان | ٤٨،٩٧٪ | ئەنجومەنی وەزیران | ٧٥٪ |
| کشتوکاڵ | ٥٠،٦٪ | ئاوەدانکردنەوە | ٨٣،٤٨٪ |
| تەندروستی | ٧٤٪ | شارەوانیەکان | ٦٠،٤٤٪ |
| پلاندانان | ٢٦،٣٪ | پیشەسازی | ٦٠،٧٪ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| کارەبا | ٪٥٢،٦٨ | گەیاندن | ٪٥٦،٤٢ |
| بازرگانی | ٪٦٤،٣٢ | وەبەرهێنان | ٪٤٣،٢٥ |
| گەشتوگوزار | ٪٥٢،٧ | تێکڕای گشتی حکومەت | ٪٦٣،٣٦ |

خشتەی ژمارە (٩) ئەدای حکومەتمان پیشان دەدات لە بواری وەبەرهێناندا.
لێرەدا لەبەر نەبوونی داتاو زانیاری ناچار بوین تەنها یەك فاکتەر بەکاربهێنین ئەویش پێوەری تێچوونی وەبەرهێنانە بەرامبەر بڕی مووچە کە حکومەت سەرفی دەکات. بۆ ئەو مەبەستە تەنها ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ تمان وەرگرتووە. وەك لە خشتەکەدا دەرکەوتووە. بۆ ساڵی ٢٠٠٦ پێوەرەکە (٣،٠٣٦ دینار مووچە\یەك دینار وەبەرهێنان)، بە واتایەکی تر، دامەزراندنی یان سەرفکردنی هەر یەك دینار لە حکومەتی کوردستاندا لە ساڵی ٢٠٠٦ بە مەبەستی وەبەرهێنان لە بوجەی وەبەرهێنانی وەزارەتەکان بڕی (٣،٠٣٦ دیناری) مووچە تێچووە. ئەم بڕە بۆ ساڵی ٢٠٠٧ کەمبۆتەوە بۆ (٢،٥٦ دینار مووچە) بەو مانایەی ئەدای حکومەت بۆ ساڵی ٢٠٠٧ باشتر بووە بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٦ .

**خشتەی ژمارە (٩)**

**ئەدای بوجەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستان**

**بۆ ساڵەکانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧**

| ساڵ | ئەدا |
|---|---|
| ٢٠٠٦ | ٣،٠٣٦ دینار مووچە\یەك دینار وەبەرهێنان |
| ٢٠٠٧ | ٢،٥٦ دینار مووچە\یەك دینار وەبەرهێنان |





خشتەی ژمارە (١٠) لە ڕوانگەیەکی ترەوە ئەدای حکومەتمان پیشان دەدات لە بواری خزمەتگوزاریە سەرەکیەکانی کوردستاندا وەك (ئاو، کارەبا، ڕێگەوبان و نیشتەجێ) کە ئەدای وەزارەتەکانی (شارەوانیەکان و ئاوەدانکردنەوە و کارەبا ) لێیان بەرپرسیارە. تێبینی دەکەین لە کۆی گشتی (٢،٤ ملیار دۆلار) پشکی وەزارەتی شارەوانیەکان لە بوجەی وەبەرهێنانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا دەگاتە ڕێژەی( ٢١،٦٨٪) ی بوجەکە بەڵام ئەدای ئەم وەزارەتە کە خزمەتگوزاریەکانی شارەکانی لە ئەستۆدایە لە پێش هەموویانەوە ( ئاو) لە بوجەی تەشغیلیدا دەگاتە (٦٠،٤٤٪)، کارەبا لە بوجەی وەبەرهێناندا (١٧،٦٣٪) بەڵام ئەدای تەشغیلیەکەی (٥٢،٦٨٪)، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە پشکەکەی لە بوجەی وەبەرهێناندا (١٢،٢٨٪) بەڵام ئەداکەی لە تەشغیلیدا (٨٣،٤٨٪). ئەگەر ڕەچاوی کەفائەتی وەبەرهێنانی حکومەتیش بکەین بۆ ساڵی ٢٠٠٧ (٢،٥٦٠ دینار مووچەیە\ یەك دینار وەبەرهێنان) و (٦٣،٣٦٪ لە بوجەی تەشغیلیدا)ئەوا پێشبینی چارەسەری کێشەکانی کوردستان وەکو پێویست ناکەین ئەگەر کێشەی نەخوازراویش ڕونەدات.

**خشتەی ژمارە (١٠)**

**پێوەرەکانی ئەدای ساڵی ٢٠٠٧ و ڕێژەی پشك لە بوجەی وەبەرهێنان و تەشغیلیدا بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بۆ وەزارەتە خزمەتگوزاریە بنەڕەتیەکانی کوردستان**

| وەزارەت | ڕێژە لە بوجەی وەبەرهێنان ساڵی ٢٠٠٨ | ئەدا لە بوجەی تەشغیلیدا ساڵی ٢٠٠٧ | ئەدای ئابوری و کارگێڕی ساڵی ٢٠٠٧ |
|---|---|---|---|



هەواڵنامەی کتێب

| | | | |
|---|---|---|---|
| شارەوانیەکان | ٪٢١،٦٨ | ٪٦٠،٤٤ | ٢،56 دینار مووچە\دینار وەبەرهێنان لەسەر ئاستی حکومەت |
| کارەبا | ٪١٧،٦٣ | ٪٥٢،٦٨ | |
| ئاوەدانکردنەوە | ٪١٢،٢٨ | ٪٨٣،٤٨ | |

بوجەی تەواوکاری لە مانگی حوزەیرانی ٢٠٠٨ لەلایەن بەرلەمانی عێراقەوە ڕاستاندنی بۆکرا بە بڕی(٢٠،٦) ترلیۆن دینار کە دەکاتە (٢،٩) ملیار دۆلاری ئەمریکی بەمەشەوە کۆی گشتی بوجەی کوردستان تەنها لە عێراقەوە دەگاتە نزیکەی (١٠) ملیار دۆلاری ئەمریکی بێجگە بە داهاتەکانی تری کوردستان وەك نەوت، گومرگ، رسومات، داهاتەکانی (دۆمێنی) حکومەت وەك داهاتی کارگە و نرخی فرۆشتی زەوی حکومەت و کرێی موڵکەکانی حکومەت و ...هتد. لە عێراق بوجەی تەواوکاری تەخانکراوە بۆ وەبەرهێنان، بەو ئاڕاستەیەی کە داهاتی بوجەی شەش مانگی یەکەمی ٢٠٠٨ هەموو خەرجیەکانی ساڵی ٢٠٠٨ ی دابینکردووە. بەڵام لە کوردستان بەهۆی کورتهێنانی بوجەوە، ئەم بوجەی تەواوکاریەش هەر وەك بوجەی بەکاربردن مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت.

**دووەم: سیمای بوجەی ٢٠٠٨ ی هەرێمی کوردستان:**

**یەکەم:** بوجەی حکومەتی هەرێم بوجەیەکی بەدەرە لە یاسا پەیڕەوکراوەکانی ڕێکخستنی حساباتی نەتەوەیی بەتایبەتی ڕێکخراوەکانی UN چونکە هەموو لایەنەکانی داهاتەکانی لە خۆ نەگرتووە کە بەدەرن لە داهاتەکانی حکومەتی ناوەندی بەغدا وەك:

١.بەرهەمی نەوتەکانی ناو هەرێمی کوردستان و گرێبەستە نەوتیەکانی تر.





٢. داهاتەکانی حکومەت لە قەرزەکانی دەدرێت بە حکومەتی هەرێمی کوردستان.

٣. داهاتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە کۆمەك و یارمەتی مونحەکانی دەرەوە.

٤. ئەمە بێجگە لە کۆی ئەو داهاتانەی تر وەك باج، رسوم، گومرگ، داهاتی دۆمینی حکومەت،کە لە ڕێگەی حکومەتی ناوەندیەوە دەگەڕێتەوە سەر بوجە بەڵام نازاندرێت لە کوردستاندا چەندە.

**دووەم:** بوجەی ٢٠٠٨ ی کوردستان ئەدایەکی تەشغیلی نزمی هەیە کە لەسەر ئاستی تێکڕای حکومەت لە (٦٣،٣٦٪) تێپەڕ ناکات بە مەرجێك لە زۆربەی وەزارەتە گرنگە بەرهەمدار و خزمەتگوزاریەکاندا ڕێژەکە لەمەش کەمترە.

**سێیەم:** ئەدای وەبەرهێنانی حکومەت زۆر نزمە بەمەش (تێچوونی) وەبەرهێنانی لە کەرتی حکومەتدا لە کوردستاندا بەرز کردۆتەوە بۆ نموونە تەنها لە بواری مووچەدا یەك دیناری وەبەرهێنان لە حکومەتدا بۆ ساڵی ٢٠٠٦ دەگاتە (٣،٠٣٤) دینار و ساڵی ٢٠٠٧ کەمتر بۆتەوە بۆ (٢،٥٦٠) ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئەدای کادری حکومەت و ئیدارەی وڵات زۆر خراپە و لە ماوەی (١٧) ساڵی تەمەنی حکومەتدا کاری پێویستی تیا نەکراوە و ئێستاش بوجەی ٢٠٠٨ هەر لەسەر ئەم نەسەقە پێدادەگرێت و ئاماژەکانی بە زانستی و ئەداکەی چاك ناکات.

**چوارەم:** بوجەی ٢٠٠٨ی کوردستان بوجەیەکی هەڵاوسانگەرایە (میزانیة تضخمیة)، بۆیە پێشبینی دەکرێت بە جێبەجێکردنی بوجەکە ڕێژەی هەڵاوسان لە کوردستاندا ڕوو لە هەڵکشان بکات ئەمەش بە هۆی:



هەواڵنامەی کتێب

١. زیادبوونی مووچەوە بە گشتی بە ڕێژەی (٢٠،٦٥٪)

٢. بەرزبوونەوەی ئینفاقی حکومەت بە ڕێژەی (١٠٦،٦٪) بەراورد بە ساڵی ٢٠٠٧ لە بواری کڕینی کاڵا و خزمەتگوزاری و سیانەدا.

٣. بوجەی وەبەرهێنانی کوردستان بۆ ساڵی ٢٠٠٨ بۆ ژێرخانی ئابووری کوردستان ئاڕاستەکراوە و زۆر کەمی دەچێتە بواری بەرهەمەوە.

ئەم خاڵەش ئابوری کوردستان دەخاتە بەردەم دوو کێشەی گەورەوە. لەلایەک داهاتی تاکە کەس زۆر دەکات واتە دروستکردنی (داوای ئەکتیف) لەسەر پێداویستی کاڵاو خزمەتگوزاری، ئەم فورساییەش لە داوا دەگوازرێتەوە بۆ گوشاری گەورەتر لەسەر بازاڕ، ئەم ئاڕاستە ئابوریەش بە دوو شێواز کار لە بازاڕ دەکات یەکەم: بەرزکردنەوەی نرخی کاڵاو خزموتگوزاری دووەم: پاشکۆیەتی زیاتر بۆ بازاڕەکانی جیهان.

**پێنجەم:** بوجەی ٢٠٠٨ نابێتە هۆی باشکردنی ژیانی کۆمەلانی خەلك بە تایبەتی توێژی مووچەخۆر و داهاتە جێگیرەکان هەرچەندە ئاستی مووچە بە ڕێژەی (٢٠،٦٥٪) بەرز دەبێتەوە چونکە تێکڕای بەرزبوونەوەی ئاستەکانی هەلاوسان لە کوردستاندا بەرزترە لە ڕێژەی بەرز بونەوەی مووچە بۆ نموونە ساڵی ٢٠٠٧ گەشتە ( ٣٧ -٤٠٪) ، ئەم ڕێژەیەش زۆر بەرزترە لە ڕێژەی (٢٠،٦٥٪) زیادبوونی مووچە. ئەمە سەرەڕای پێشبینی ئاستێکی بەرزتر لە هەلاوسان دەکرێت بەهۆی دیزاینی بوجەکە خۆیەوە.

**شەشەم:** بوجەی کوردستان بوجەیەکی بەرهەمهێن نیە بەراورد بە بوجەی حکومەتی عێراقی.ئەم ڕاستیەش لە هەندێك سیمای بوجەکاندا ڕەچاو دەکرێت گرنگەکانیان:





١. گەشەی داهاتە غەیرە نەوتەیەکان لە پلانی عێراقدا دیزاینکراوە بۆ بەرز کردنەوەی بە ڕێژەی گەشەی (١٩٤٪) کە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە و هەوڵدانێکی گووتاری سیاسی عێراقە بۆ خۆگواستنەوە بۆ قۆناغی خودکیفایی و دابەزینی پشکی نەوتە لە پیکهێنانی داهاتی عێراق بۆ ڕێژەی (٨٣،٦٪) کە ئەم ڕێژەی نەوتە لە داهاتی ساڵانی پێشوی عێراقدا لەسەرو (٩٧٪) بووە. بەڵام ئەم ئیرادەیە لە بوجەی کوردستاندا وونە بۆ نمونە گرنگترین کەرتە ئابوریە بەرهەمهێنەکانی کوردستان کشتوکاڵ و پیشەسازی و سەرچاوە سروشتیەکانە. وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێژەی سەرمایەی وەبەرهێنانەکەی لە بوجەی وەبەرهێنانی کوردستاندا (١،٧٧٪) لە بوجەی تەشغیلیدا (٢،٢٤٪)، وەزارەتی پیشەسازی پشکەکەی لە بوجەی وەبەرهێناندا (٠،٨٩٪) و لە بوجەی تەشغیلیدا (٠،٤٠٪)، وەزارەتی سەرچاوە سروشتیەکان پشکی لە بوجەی وەبەرهێناندا (١،٤٤٪) و لە بوجەی تەشغیلیدا (٠،٦٣٪) ئەمە سەرەڕای نزمی ئەداکانیان بۆ ساڵی ٢٠٠٧ وەك ئاماژەیان بۆ کرا.

٢. لە هەمان کاتدا گەشەی مووچە لە بوجەی کوردستانی ساڵی ٢٠٠٨ (٢٠،٥٣٪) بەڵام ئەم ڕێژەیە لە عێرقدا (١٦،٦٪) پشکەکەشی لە کۆی بوجەی تەشغیلی (٣٨،٦٪) ، بەڵام پشکی مووچە لە کۆی بوجەی تەشغیلی کوردستاندا (٥٩،١٥٪).ئەمەش ئەو ئاماژەیە کە بوجەی تەشغیلی لە کوردستاندا فراوانترە بەراورد بە عێراق.

٣. ئەگەر لە ڕوانگەی بوجەی کڕینی حکومەتەوە سەیری بوجەی تەشغیلی بکەین دەبینین لە عێراق ڕێژەکەی (١٢،١٪) بەڵام لە کوردستاندا ئەم ڕێژەیە بەرز دەبێتەوە بۆ (١٠٦،٦٪). بۆیە کۆی ئەو پێوەرانە ئەو قەناعەتەمان لا دروست

دەکات کە ئیرادەی گەشەی داهات و ئابوری ولات لە عێراقدا زۆر بەهێزترە و بە جدی و بەهەند وەرگیراوە بە پێچەوانەی کوردستان کە زۆر لاوازە.

**حەوتەم:** بوجەی کوردستان ناوەرۆکێکی (کۆمەڵایەتی – سیاسی) لەخۆ گرتووە بەراورد بە ناوەرۆکێکی ئابوری، کە دەبوایە پێچەوانە بوایە بە ناوەرۆکێکی ئابوری دەست پێبکات و ناڕاستەوخۆ سیاسەت تەوزیفی بکردایە لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی خۆی. ئەمەش زیاتر لە بواری مووچەدا دەردەکەوێت کە لە خاڵەکانی پێشودا ئاماژەیان بۆ کرا، کە تیایدا عێراق باشتر پلانی بۆ داناوە. لەلایەکی تر بوجەی کوردستان هیچ ئاماژەیەکی تیا نیە بۆ گەشەپێدانی کەرتی تایبەت کە دەکرێت ببێت بەسەرچاوەی هەم گەشەی ئابوری وڵات هەم خۆشگوزەرانی هاوڵاتی، بەڵام لە عێراق کەرتی تایبەت بۆتە جێگای گرنگی پێدانی گووتاری سیاسی عێراقی.

**هەشتەم:** بوجەی کوردستان\٢٠٠٨ گاپی دواکەوتنی کوردستانی لە هەناوی خۆیدا هەڵگرتووە بەراورد بە ئابوری عێراق. ئەمەش ئاماژەیەکی ترسناکە بۆ تەمەنی (١٧) ساڵەی حکومەتی کوردستان کە بڕیاری سیاسی و ئابوری لە دەست خۆیدا بووە بە پێچەوانەی بەغدا کە دکتاتۆریەت ئاراستەی کردبوو، لەلایەکی ترەوە تەمەنی حوکم و گەشەپێدانی ئابوری لە عێراقدا کەمترە لە دەورەیەکی پلانی (٥) ساڵەیی بێجگە نائارامی وەزعی عێراق بەرامبەر بە ئاسایشی کوردستان و تەمەنی (١٧) ساڵەی حکومەت. تێبینی ئەوە دەکرێت کە گووتاری سیاسی عێراق خۆکۆکردنەوە و تەسمیمگیری و ئیرادەی خۆی یەکلا کردۆتەوە بۆ خۆ ڕاپسکاندن لە پاشکەوتەیی بۆ داهاتی نەوت لە لایەك و پشتبەستن بە هاوردەی کاڵای بێگانە لەلایەکی تر. بۆیە هەموو پێوەرەکانی بوجەکەیان ئاماژەن





بەو ئاڕاستەیەیە وەك گەشەپێدانی داهاتی غەیرە نەوتی، کاراکردنی بوجەی تەشغیلی و کەمکردنەوەی ڕێژەکەی لە بەرژەوەندی بوجەی وەبەرهێنان و کەمکردنەوەی بوجەی بڕگەی کڕینی حکومەت لە بواری کاڵا و خزمەتگوزاری بە ڕێژەی زۆر بەرز بە پێچەوانەوە بوجەی کوردستان دەقاودەق پێچەوانەی ئەم ستراتیژە دیزاینی بوجەکەی کردووە ئەمە سەرەڕای بەرزی ئاستی شەفافیەتی عێراق لە بوجەدا بەتایبەتی لە بواری داهاتاکاندا کە هەموو ووردەکاریەکانی دەرخستووە و پەردەپۆشی هیچ بڕگەیەکی داهاتی نەکردووە. بە پێچەوانەی کوردستان کە دژی هەموو ئاڕاستە جیهانی و یاسایی و نیودەوڵەتیەکان دیزاینی پێکهاتەکانی بوجەی کردووە کە بۆ ئاستێك نایاساییە بە هەموو پێوەرێکی (حساباتی ئەکادیمی نەتەوەیی و پێوەرەکانی بوجە لە ڕێکخراوە جیهانیەکانی UN دا). ئەم واقیعەی بوجەی کوردستان\٢٠٠٨ بە بەردەوامی تەغزیەی گاپی دواکەوتنی کوردستان دەدات بەراورد بە ئابوری عێراق و ساڵ بۆ ساڵ ئەم دەلاقەیە فراوانتر دەبێت. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ هەمان بازنەی پاشکۆیەتی مێژووی دروست بوونی عێراق لەگەڵ جیاوازیەك کە دوێنێ بە زەبری سیاسی و سەربازی بووە ئێستا (ڕەنگە) بە فاکتەری ئابووری بێت. بۆیە گووتاری سیاسی کوردستان ئیستیهلاکی هەلە ئابوریەکان دەکات لە چوارچێوەی ڕێزنەگرتنی فاکتەری زەمەندا.

**نۆهەم:** بوجەی کوردستان\٢٠٠٨ بەدەرە لە ئاوێتەکردنی هەموو شێوازێکی شیکردنەوەی زانستی ئابوری بەڵکو بە ئیحا و نەفەسێکی ژمێریاری داڕێژراوە. ئەمەش ڕەهەندی پێشبینی داهاتو و دووربینی ئابوری لە بوجەکەدا پەراوێز خستووە. هەر ئەمەشە بوجەکەی زۆر بە سادەو ساکاروبێ ئاماژەی پێوەر تەسلیمی بەرلەمان کردووە کە هەموو ڕەهەندێکی شیکردنەوەی ئابوری زانستی ڕەتدەکاتەوە.

**دەهەم:** بوجەی کوردستان هاوسەنگی ڤیتاعی ئابوری کوردستانی فەرامۆش کردووە کە پێویست بوو وەك ڕەهەندێکی ستراتیژی بیخوێندبایەتەوە، چونکە بزرکردنی ئەم ڕەهەندە زۆر بوجەی کەرتەکانی تری ئابوریش بە هەدەر دەدات. چونکە هاوسەنگی ئابوری تێکەڵکێشی کەرتەکانی ئابوری مسۆگەر دەکات کە لە کۆتایی تونێڵەکەدا گەشەی ئابوری دروست دەکات بە پێچەوانەوە کەرتە ئابوریەکان لە جێگای خۆیان (مراوحە) دەکەن ئەم ئاراستەیەش لە بوجەی کوردستاندا زیاتر باڵادەستیە ژمێریاریەکە سەپاندویەتی بەسەر بوجەکەدا. بۆیە بوجەکە زیاتر لە تەسویەی حسابات دەچێت لەوەی لە چوارچێوەی یاسایی و شیکردنەوەی ئابوری بوجەدا ڕێکخرابێت.

**پانزەهەم:** بوجەی کوردستان پشت ئەستوور نیە بە سیستمی داتا و ئامار چونکە لە هەموو جۆرە پێوەرێکی چۆنایەتی (نەوعی) بەتاڵکراوەتەوە و پێشکەش بە بەرلەمانی کوردستان کراوە، بە تایبەتی پێوەرەر هەیکەلیەکان و ڤیتاعیەکان و ڕێژەکانی گەشەکردنیان لە ساڵەکانی پێشودا کە زۆر گرنگن و بەرچاو روونی دەدەن بە دانانی سیاسەت و ستراتیژی دیزاینکردنی بوجەکان و هاوسەنگکردنی کەرتەکانی ئابوری. چونکە پێوەری (بڕ) و (چۆنیەتی) ستراتیژ و فەلسەفەی گووتاری سیاسی وڵات پیشان دەدات بۆیە غایبکردنی ئەم فاکتەرانە بوجەی کوردستانی لە نەسەقی بوجەوە گواستۆتەوە بۆ تەنها لیستێکی حساباتی دوکانداری نەك ئاراستەکردنی ئابوری وڵاتێك نەك بە پاشخانێکی فەلسەفی و ستراتیژێکی گەشەپێدانەوە.





**سێهەم: ڕاسپاردەکان بۆ بوجەی ٢٠٠٨ ی هەرێمی کوردستان:**

بەهەند وەرگرتن و جێبەجێکردنی ڕاسپاردەکان بۆ بوجەی ٢٠٠٨ ی کوردستان خۆی لە خۆیدا شۆڕشێکی چاکسازی ئابوری و کۆمەڵایەتی و یاسایی و تەنانەت سیاسیش لە کوردستاندا دەخولقێنێ .لێرەدا بە پێویستی دەزانین پێش پێشکەشکردنی ڕاسپاردەکان چەند خاڵێك لەم ڕووەوە ئاماژە پێبدەین:

١. سیمای ڕاسپاردەکان بە گشتی لە وەدایە کە دەکرێت لە سەقفی زەمەنی کورتخایەندا جێبەجێ بکرێن ئەگەر نێتەکانی چاکسازی لە کوردستاندا جدیبن.

٢. پرۆژەکانی چاکسازی کە لێرەدا ئاماژەی پێدراوە، تەنها وەك پرانسیپ (مبدأ) و هێڵی سەرەکی و گشتی باسکراون، بۆیە دەبێت بە توێژینەوە و ئەکادیمیانە هەنگاوەکانی بە دۆسیەکردنیان بۆ بنرێت و پاشان بچنە بواری جێبەجێکردنەوە.

٣. پێویستە پەرلەمان بوجەی بۆ تەرخان بکات بۆ ئەنجامدانیان چ لەسەر بوجەی خۆی یان بوجەکانی وەزارەتەکان هەر یەکە و بۆ بە دۆسیەکردنی کێشەکانی خۆی کار بکات.

**ڕاسپاردەکان:**

١. بەستاندەردکردنی بوجەی کوردستان بۆ ئاستی بە یاساییکردنی و دەرکردنی لە چوارچێوەی لیستێکی ژمێریاری ساکار و گواستنەوەی بۆ یاسای تایبەت بە بوجە وەك لە زانستەکانی (حساباتی نەتەوەیی و ڕێکخراوەجیهانیەکانی UN و وڵاتانی جیهان) پەیڕەو دەکرێت. بوجە بەو لاسەنگیە یاسایەوە نەدەبو بۆ بەرلەمان بەرز بکرێتەوە کە زۆر بەشی داهاتەکانی بە شێوەی نا یاسایی دەرنەخراوە. چونکە ئەوە لێپرسراویەتیەکی گەورەیە

تەنانەت بەرلەمان بیخاتە کارنامەی خۆیەوە بەو کەموکوڕیەوە چونکە ئەمە لە ناوەرۆکدا دانپیانانێکی بەرلەمانە بە ناشەرعی بونی گەورەترین پرۆژەی وڵات کە بوجەیە و وەرچەرخانی ژیانی گەلی کوردستانی پێوە بەستراوە، خۆ ئەگەر هەر بەو شێوەیە بڕاستێندرێت (المصادقە) ئەوە شەریکبوونێکی ئاشکرای بەرلەمان دەبێت لە بە نایاسایکردنی بوجەکەدا.

٢. دروستکردنی هەیئەتێکی پسپۆڕی ئابوری بۆ بەرلەمان کە بۆ هەموو کێشە ئابوریەکان هەڵوێستەی تەشریعی و یاسایی شیاوی خۆی هەبێت و بە کەموکورتیەوە بەسەر بەرلەماندا تێنەپەڕێت.

٣. پێویستە حکومەت ئیجبار بکرێت بۆ دۆسیەکردنی کێشەکانی خۆی پەنا بۆ ناوەندە تایبەتمەندەکان بەرێت لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان و بوجەی پێویستی بۆ دابندرێت کە ڕەنگە بە بڕێکی زۆر کەم لە هەدەری بوجەکانیان بتوانن بە زانستی و ئەکادیمیانە مامەڵە لە گەڵ دۆسیەی وەزارەتەکانیان بکەن. چونکە ئاشکرایە کە ئەدای ئیدارەی ئابوری وڵات زۆر لەوە نزمترە تەعامول بەو لێپرسراوێتیە گەورەیەوە بکرێت ئەگەر هێڵی سووری بەتەنگەوە هاتنی سەرفکردنی بوجە هەبێت چ وەك ئامادەکردنی بوجە چ وەك جێبەجێکردنی.

٤. پێویستە حکومەت ئیجبار بکرێت وەك ئەرکێکی زۆر ستراتیژی بۆ ئابوری کوردستان و بە زووترین کات تەعبیئە بکات بۆ دروستکردنی سیستمێکی داتا و زانیاری بۆ وڵات کە هەوێنی زۆر لە کێشە قورسەکانی ئابوری-کۆمەڵایەتی کوردستانە. لەلایەکی ترەوە، لاوازی سیستمی داتا و ئامار، جارێکی تر کێشەی کوردستان دەباتەوە بەردەم چەقۆی قەدەریەت و هەڕەمەکیەوە تەنانەت دەسەوسانکردنی باشترین پسپۆڕیش. چونکە سیستمی داتا و ئامار تەنها چەکی





دەستی کادری بەتوانا و پسپۆڕە نەبوونی ئەم چەکە زانا و نەزان یەکسان دەکات.

٥. حساباتی بوجە چەندە لە ڕووی یاساییەوە دەبێت ستاندەرد بێت، پێویستە لە ڕووی ئابوریشەوە پشتئەستوور بێت بە شیکردنەوەی ئابووری و پێوەر و مەعاییرەکانی بڕ و جۆر واتە (المؤشرات النوعیە و الکمیە) لەسەر ئاستی هەیکەلی و قیتاعی کەرتەئابوریەکان. بەڵام لەم ڕووەوە بوجەی ٢٠٠٨ ی کوردستان زۆر هەژارە بەو پێوەرە گرنگانە. بۆ نمونە هیچ پێوەرێکی گۆڕینی هەیکەلی ئابوری کوردستانی تیا نیە وەك لە بەغدا هەیە بۆ نموونە زیادکردنی بەرهەمی نەتەوەیی (١٠٪) ی بۆ دیزاینکردووە، یان هیچ پێوەرێکی چارەسەری بێکاری لە بوجەی کوردستاندا نیە وەك لە عێراق حسابی کەمکردنەوەی بە ڕێژەی (١٠٪) بۆ کردووە،یان کارکردن بە پێوەرەکانی هەڵاوسانی ئابوری کە عێراق ئامانجێکی بۆ دیاریکردووە کە کەمکردنەوەیەتی لە ماوەی جێبەجێکردنی بوجەی ٢٠٠٨ بە ڕێژەی (١٠٪). بۆیە ئامانج لە بوجەی کوردستاندا وونە وەك هەموو ئامانجەکانی تر. بۆیە پێویستە ئاڕاستەکانی بوجە و دابەشکردنەکەی لەسەر بناغەی فەلسەفە و ستراتیژی تێڕوانینی پلانی گەشەپێدانی ئابووری بێت نەك دابەشکردنی ژمێریانەی بوجە بەسەر کەرتەکانی ئابوریدا. ئەمەش دەخوازێت وەزارەتەکانی کوردستان تۆکمە بکرێن بە سیستمی ئامار و توێژەری ئەکادیمی هەتا ڕێژەی بەهەدەردانی سامانی ئابوری کەم بکرێتەوە.

٦. بوجەی تەشغیلی کوردستانی\٢٠٠٨ ڕاستە ئەگەر لە زنجیرەی زەمەنی ٢٠٠٦-٢٠٠٨ تێبینی بکەین بەرەو دابەزین ڕۆشتووە کە پێوەرێکی ئیجابی باش بۆ بوجە تۆمار دەکات بەڵام لە ڕووی پێکهاتەوە لادانی زۆر گەورەی تێیا هەیە. بۆ نموونە: بڕگەی کڕینی (کاڵا و خزمەتگوزاری) حکومەت ئیختیلالی گەورەی

هەیە بە تایبەتی ئەگەر بەراوردی بکەین بە بوجەی عێراق کە دیزاینی ئاوەدانکردنەوەی ئابووریە. لە کوردستان ئەو پێوەرە بە ڕێژەی (١٠٦،٦٪) لە ٢٠٠٨ بەراورد بە ٢٠٠٧ زیاد دەکات بەمەرجێك قورسایی (١٨٪)ی کۆی گشتی بوجەی تەشغیلی لە کوردستاندا پێکدەهێنێ، بەڵام زیادبوونی ئەم پێوەرە لە عێراقدا تەنها (١٢،١٪) . بۆیە پێویستە بوجەدانەری کوردستان ئەم شێواویەی بوجە ڕاست بکاتەوە لە ڕێگای کەمکردنەوەی بوجەی تەشغیلی بە گشتی بەڵام بەبێ ئەوەی زیان بە ئەدای جێبەجێکردنی بوجەی وەبەرهێنان بگەیەنێت. بە واتایەکی تر، بە سیستمێکی زیرەك (نظام ذكي)  پێداچونەوە بە بوجەی تەشغیلیدا بکرێتەوە.

٧. پێداچونەوە بە بەرنامەی بوجەی وەبەرهێنان و ئاڕاستەکردنی بەشێکی بەرەو کەرتەکانی بەرهەمهێنان (القطاعات الانتاجية) کە بوجەی ٢٠٠٨ بەشی هەرەزۆری بۆ ژێرخانی ئابوری تەرخان کردووە لە بوجەی وەبەرهێنانی وەزارەتەکاندا تەنانەت لە وەزارەتە بەرهەمدارەکانیشدا وەك پیشەسازی و کشتوکاڵ. ئەم شێوازی دابەشکردنەی بوجەی ٢٠٠٨ هەڵاوسانگەرایی لە ئابوری کوردستاندا بەرهەم دێنێ. ڕووکردنە کەرتی بەرهەمداری وەزارەتەکانی حکومەت دەرفەتی باش دەڕەخسێنێ بۆ لغاوکردنی هەڵاوسان و بێکاری لە کوردستاندا و باشکردنی ئاستی گوزەرانی کۆمەڵگە.

٨. بوجە لە سەر دوو بنەمای بنەڕەتی ڕادەوەستێت یەکەمیان: سەروەری یاسایە دووەمیان: سیستمی لێپرسینەوەیە. لە سێبەری هەردوکیاندا چاودێری دارایی حکومی نەك (حیزبی) کارە بەدواداچونەکانی خۆی دەکات. لە بوجەی کوردستاندا ئەم سیستەمە غائیبە. نە سیستمی لێپرسینەوە هەیە نە سەروەری یاسا. غایبوونی ئەم دوانە سەرچاوەی هەموو ئەو پاشاگەردانیە ئابوریەیە کە





ئابوری کوردستان تێی کەوتووە. غایبوونی ئەم سیستمانەی ئیدارەی ئابوری کوردستان و بوجە و بە دواشیاندا پۆست بووە بە (مەکرەمە و ئیمتیازاتی حیزب) لە جیاتی ئەرك و لێپرسراویەت. بۆیە ئەم واقیعە کۆمەڵێك دیاردەی پەلکێش کردووە بۆ ناو جێبەجێکردنی بوجە و ئیدارەی کوردستان ئەویش تەسلیمکردنی جومگە سەرەکیەکانی دەستەڵاتی جێبەجێکردنە بە کەسانی ناموئەهەل. ئەم دیاردەیە بۆ ئاستێك ڕۆچووە کە هەندێك  جار دامەزراوە بۆ پۆست یان کەس دروستدەکرێت لە جیاتی پراکتیزەکردنی سیستمی وەسفی وەزیفی. بۆیە زۆر گرنگە بەرلەمانی کوردستان بەجدی کار بکات بۆ داخڵکردنی ئەو دوو سیستمە بۆ جێبەجێکردنی بوجەی کوردستان.

٩. بەو ئاڕاستەیەی بەرلەمانی کوردستان نوێنەری شەقامی کوردستانە و پارێزەری بەرژەوەندیەکانییەتی بۆیە پێویستە ئاگای لە کێشەو گیروگرفت و داخوازیەکانیان بێت و ساڵانە لە ڕێگەی بوجە و پلانی ئابوریەوە بتوانێ چارەسەری گونجاویان بۆ بدۆزێتەوە و بەرنامەکانیان داخڵی بڕگەکانی بوجە و پلانی ئابوری بکات. بە واتایەکی تر، بەرلەمان دەتوانێ تەعدیلی بڕگەکانی بوجە و پلانی ئابوری بکات بە ئاڕاستەی داخوازی ناوچەکان و شارەکان. لێرەدا ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی ناحکومی (دەستەڵاتی پێنجەم) و ماسمیدیا (دەستەڵاتی چوارەم) ڕۆڵی زۆر ستراتیژی دەبینن. بۆیە ئەرکی بەرلەمانە ئەم دوو دەستەڵاتە لە خۆی نزیك بکاتەوە نەك هەر بۆ گەیاندنی کێشە و داخوازیەکانی هەڵبژێرەر بەڵکو بۆ چاودێری جێبەجێکردنی بوجە و پلانی ئابووری. ئێستا ئەم دەستەڵاتانە دەستەڵاتی جێبەجبیکردن بۆ خۆی قۆرخی کردون و بوجەکەیانی خستۆتە لای خۆی و کردونی بە ئەدەواتی پڕوپاگەندە بۆ خۆی کە زۆر جار لە

ئەرکە سەرەکیەکانی خۆشیان کە گەیاندنی ڕاستیەکانە دوریان دەخاتەوە. بۆیە زۆر گرنگە کە بەرلەمان سەرلەنوێ لەسەر بناغەی لێوەشاوەیی و کارامەیی و ئاستی بەرنامە و تۆکمەیی چالاکیەکانیان ڕێکیان بخاتەوە پاش هەڵسەنگاندنی ئەداکانیان لە ماوەی ڕابوردویاندا. پاش ئەوە خۆی بوجەیان بۆ دابین بکات و سەروەرێتیەکانیان بۆ بگێڕێتەوە کە ئێستا لە ڕێگەی بوجەکانیانەوە دەستەڵاتی جێبەجێکردن لە (زۆریانی) زەوت کردووە. پاش کۆنترۆڵکردنیان لە ڕووی ڕێکخستنەوە بەپێی تایبەتمەندێتیان ئەرکیان پێ بسپێرێت بە هەردوو ئاراستەکە گەیاندنی ڕاستیەکان و کێشە و گیروگرفتەکان و ئاستەکانی هەنگاوە ئیجابیکان لەلایەکی ترەوە، چاودێری جێبەجێکردنی بوجە و پلانە ئابوریەکانی پێ بکات، و لە ئاستێکی تریشدا، بە ڕێکخراوە پرۆفیشناڵەکانیش دۆسیەی کێشەکانی کۆمەڵگەشیان پێ گەڵاڵە بکات هەر وەك لە زۆر ئاستی جیهانیدا ئەم میکانیزمە لەگەڵ ئەم دەستەڵاتانەدا پەیڕەو دەکرێت. چونکە ئەمانیش زۆر جیاوازیان نیە لە ڕووی ئەرك و فەرمانەوە لە دەزگاکانی نەزاهە و چاودێری داراییەوە کە وەك دەستەڵاتی سەربەخۆ لە دەستەڵاتی جێبەجێکردن چاودێری ئەدای دارایی حکومەت دەکات لە ژێر سێبەری سەروەری دارایی و یاسایی بەرلەمان و دوور لە دەستەڵاتی جێبەجێکردن.

١٠. گرنگە بەرلەمان هەڵوێستە بکات لە ئاست لاوازی ئەدای حکومەتدا بۆ هەردوو خەرجیەکانی بەکاربردن (النفقات) واتە بوجەی تەشغیلی و بوجەی وەبەرهێنان کە بەشێکی گەورەیان بۆ لاوازی ئەدای سامانی بەشەری لە ئیدارەی ئابوری کوردستاندا دەگەڕێتەوە. بۆیە ئیجبارکردنی حکومەت بۆ کاراکردنی ئەم لایەنە زۆر گرنگە ئەمەش لە ڕێگەی توێژینەوە و کاری مەیدانی و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی وڵاتانی تر نەك سەرپێیانە و لە ژووره داخراوەکانی





حکومەتدا.جا ئەم پرۆسێسە پێویستی بە دامودەزگای ڕاهێنان و پەیمانگە و فێرکردنی کاری هونەری و ...هتد لەسەر بناغەی پێویستی بازاڕی کار و کەرتەئابوریەکان هەیە. لەلایەکی ترەوە، بەستنەوەی پۆستەکانی ئیداری لە حکومەتدا بە کارامەیی کادیرەکانی ئەم سیستمە و کردنی بە بناغەیەکی تۆکمە بۆ سیستمی تەوسیفی وەزیفی لە کوردستاندا.

١١. زۆر گرنگە بەرلەمانی کوردستان حکومەت هانبدات بۆ هاوکاری کەرتی تایبەتی کوردستان خۆشی لە ڕێکخراوەکانی ئەم کەرتە نزیك بکاتەوە بۆ لە نزیکەوە تێگەشتن لە کێشەکانیان. چونکە حکومەت و بوجەکەی وەك دەرکەوت هەر فریای دروستکردنەوەی ژێرخانی ئابوری دەکەوێت چونکە نە وەك بوجە و ئیمکانیەتی سیولە نە وەك ئەدا و شارەزایی ئیدارەی حکومەت لەو ئاستەدا نیە فریای کەرتی بەرهەمهێنی کوردستان بکەوێت. بۆیە ئەم ئەرکە قورسە دەکەوێتە ئەستۆی لێپرسراوێتی کەرتی تایبەتەوە. بۆیە دەبێت بەرلەمان هەم کێشە یاساییەکانیان بۆ چارەسەر بکات بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کە لە ئەرکە گرنگ و ڕاستەوخۆکانی پەرلەمانە و بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەستکاری بوجە بکات بە ئاراستەی سەرپێخستنی کەرتی تایبەتی کوردستان. ئەم ئەرکەش پێویستە بە مەیدانی و لەسەر بناغەی توێژینەوە ئەنجام بدرێت بۆ ئەوەی سەرەنجامێکی ئیجابی لێبکەوێتەوە نەك بە چەند هەنگاوێکی نەزۆکی حکومەت کەرتەکە لە بار ببرێت. چونکە باشکردنی ئەدای ئابوری وڵات بەگشتی و کەرتی بەرهەمهێنەر بە تایبەتی و باشکردنی گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵ و لغاوکردنی هەڵاوسان و هەڵمژینی بێکاری سەریح و ڕوپۆش تا ئاستێکی زۆر دەکەوێتە ئەستۆی ئەم کەرتە لە کوردستاندا.

١٢. زۆر حساباتی بوجەی کوردستان ساڵانە لەگەڵ ناوەندا بە هەڵواسراوەیی دەمێنێتەوە. لەوانە ئەو داهاتانەی دێنە سەر بوجەی کوردستان پاش پەسەند کردنی بوجە وەك هەنگاوەکانی تەکمیلی. بە واتایەکی تر، لە گواستنەوەی بوجە لە قۆناغی مەزەندەوە (التخمین) بۆ قۆناغی فیعلی. گرنگترین ئەو بڕگانەش بریتین لە جیاوازیەکانی نرخی تەخمینی و فیعلی نەوتی فرۆشراو، جیاوازی بڕی بەرهەمی تەخمینی و فیعلی نەوت، جیاوازی تەخمینی و فیعلی نرخی دۆلار بە دینار وەك ئاماژەیان پێکرا. هەروەها داهاتە غەیرە نەوتیەکانی تری عێراق وەك یەکەم : مالی: وەك قەرز و مونحە بڕەکانی باج و گومرگ و رسوماتی عێراق و کوردستان و دووەم: کۆمەکی مەعنەوی: وەك خولی ڕاهێنان و زەمالەی دیراسی زانکۆکان و ..هتد یان سێهەم: کۆمەکی عەینی: وەك یارمەتی تەکنۆلۆجیو سەماد و تۆو و پەڕتوك و کۆمپیتەر و...هتد. ئێستا کورد لە بەغدا ئاگای لە زۆربەی ئەم بڕگانە نیە بۆیە عێراق بە ئاگا یان بێگا لە زۆر لەم سەرچاوانە بوجەی کوردستانی بێبەش کردوە. بۆیە زۆر گرنگە بەرلەمان گوشاری پێویست لەسەر حکومەت دروست بکات یان ڕاستەوخۆ خۆی هەڵسێت بە دروستکردنی سیستمێکی گونجاو لە پسپۆڕانی ئابوری، ژمێریاری، یاسایی و...هتد لە بەغدا جێگیری بکات بۆ بەدوادچوونی ئەو مافانەی کوردستان لە بەغدا ڕەنگە بە بەبەشێکی زۆر کەمی ئەو مافانەی لە دەست دەچن ئەم سیستمە دەتوانێ کارا بکرێت. ئەمەش لە ڕێگەی لیژنەوە سەرکەوتو نابێت بەڵکو دەبێت لەسەر بناغەی شارەزایی و پسپۆڕی بێت و هەیئەتێك بێت لەسەر ئاستی لێپرسراوێتیەکە بێت و خولی پێویست بە کارەکەشیان بۆ سازبکرێت.





# باکوری کوردستان

## خەباتی پارتایەتیو ڕێکخراوەیی ناسیۆنالیزمی کورد

(١٩٤٦ — ١٩٨٠ )

ئا: ماجید خەلیل

### سیاسەتی حکومەتەکانی تورکیاو ڕەوشی گشتی کوردستانی باکوور

کوردستانی باکوور لەسیەکانی سەدەی بیستەمی جەنگی جیهانی دووەمدا بەتوندی سەرکوت کرابوو، دەسەڵاتو یاسا لەسەر مەسەلەی کورد زۆر دیسپۆتیزمو هەستیار مامەڵەی دەکرد، خامۆشیو سەرکوتو گەمارۆی سەر کوردستانی باکوور ، دەنگو ڕەنگی کوردانی باکورو بارودۆخەکەیانی لەبەردەم دنیای دەرەوەدا شێواندبوو، هەربۆیە زانیاریەکانی سەر ئەو قۆناغە زۆر لێڵو پەنهانن، هێندە دەزانرێ لە دواین زەبری سەردەمی تاك حزبی کۆماری تورکیا بۆسەر کوردو جوڵانەوەی کوردستانی باکوور، لەداردانی (١٢٠)کەس بوو لە سەرۆك هۆزەکانی کورد لە دیار بەکر، ئەم ڕوداوەش لەبەهاری ساڵی ١٩٤٥ز بوو، ڕووداوەکە بەبیانوی کۆبونەوەی جەماوەری کوردی دیاربەکر بوو دژی سیاسەتەکانی حکومەت[١]، بەم جۆرە چ لە ساڵانی جەنگی جهانی دووەمو چ لە ساڵانی یەکەمی دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، دەسەڵاتدارانی تورکیا زۆر لەسەرخۆو بە وریاییەوە هەندێ هەنگاویان نا بۆ ئەوەی جوڵانەوەی کوردی بەو جۆرە بێدەنگو مرێنراویەی خۆیەوە بمێنێتەوە، ئەوان زیاتر لە

دروستبوونی کۆماری دیموکراتی مهاباد لە ڕۆژ هەڵات کوردستان دەترسان، چونکە ئەمە دەبووە هۆی بەهێز بوونی جوڵانەوەی ڕزگاری خوازی کورد لە کوردستانی باکوور[٢]، هەربۆیە لەکۆتایی ساڵی ١٩٤٥و سەرەتای ساڵی ١٩٤٦ز دا دەسەڵاتدارانی تورکیا دەستیان کردەوە بە ڕاگواستنی کوردی نزیك سنورەکانی ئێران و عێراق بۆ ناو قوڵاییەکانی تورکیا. بەڵام لە ئەنجامی توندو تیژ بوونی بارودۆخی سیاسی ناوخۆ ناچار بوون تاوێ دەست لەسیاسەتی لەناوبردنی کورد هەڵبگرن، جگە لەمەش لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم، ئیتر لەناوچینی باڵا دەستی تورکیادا بۆچونی تر دەربارەی کێشەی کورد پەیدا بوون[٣]، ئەمەش لەگەڵ گۆڕانە نێو نەتەوەییەکانی دوای جەنگو سەرهەڵدانی سەردەمی فرەحزبی تورکیادا هاتە گۆڕێ.

دیارە لە دوای کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی دووەم لە تورکیا، سیستمی فرە پارتی سەریهەڵداو ڕۆڵی جەماوەر لە ژیانی سیاسیدا پەرەیسەند، هەر لەم کاتەدا بزووتنەوەی ئازادییە دیموکراتیەکانو نەمانی چاودێری ڕۆژنامەوانیو لابردنی یاسا توندو تیژەکانو ڕێگەدان بە فرە پارتایەتیو سەندیکا کرێکاریەکانو چاکسازی بواری ئابوری هاتبووە گۆڕێ، لە تورکیاشدا خواستێکی نوێ بۆ گونجاندنی یاساکانی وولات لەگەڵ بنەما ئایدۆلۆژییەکانی دیموکراتی خۆرئاوا لەدایك بوو بوو[٤]، عیسمەت ئینۆنۆ، لە یەکی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ دا ڕایگەیاند : پێویستە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە تورکیادا ڕووبدات. هەربۆیە سەرۆکی تورکیا لە پەیامی ساڵانەیدا بۆ ئەنجومەنی نیشتمانی گەورە، پێشوازی کردبوو لە دەرکەوتنی پارتی بەرهەڵستکار لە وولاتدا، هەروەها داوای کردبوو چالاکییە دیموکراتیەکان فراوانتر بکرێت، کەخۆیان لەدەستپێکی ئەزمونی فرە پارتایەتیدا دەبینیەوە، لەبەرامبەردا جەلال بایار، عەدنان مەندەریس، فوئاد کوپەرلو،





ورفیق کورئالتان لە ٧ ی حوزەیرانی ١٩٤٥ ز ڕاپۆرتێکی ناسراو بە ڕاپۆرتی چوارینەیان دەرکرد کە تیایدا ڕەخنەیان لە میتۆدی ناو خۆی پارتی دەسەڵاتدار (پارتی گەلی کۆماری) گرتبوو، ئەوان خواستی چاو پیاخشانەوە بەتەواوی یاساکان و فراوان کردنی ئازادیە دیموکراتیەکانیان هەبوو، لەسەرەتادا ئەم ڕەخنانە قەبوڵ نەکران و ڕەخنەگرانیش لەناو حزبیشدا دەرکران، دواتر نەتەوەییە تورکەکان کە ئاڕاستەیەکی ئاینیان هەبوو خواستی حزبێکی سیاسیان پێشنیار کرد ، کە بەڵکو هەوڵێك بن بۆ بینینی ڕۆڵی بەرهەڵستکاری لە حکومەتدا، ئەوەبوو لە ١٨ تەموزی ١٩٤٥ ز حکومەت واژۆی دواکاریەکەی کردوو پارتی ڕاپەڕینی نەتەوەیی دامەزرا، ئەمەیش یەکەمین حزبی بەر هەڵستکار بوو، کە لەوقۆناغەدا لەدایك بوو، دواتر خواستی هەڵبژاردنێکی ڕاستەوخۆشیان خستە بەردەم دەسەڵاتداران، بەڵام نەیان توانی هیچ کورسییەك لە هەڵبژاردنی ١٩٥٠ ز بەدەست بهێنن، ئەوکات جەلال بایار لە حزبی کۆماری دەرکرابوو، ئەوەبوو لە ٧ ی کانونی دووەمی ١٩٤٦ ز حیزبێکی نوێی بەناوی (پارتی دیموکرات) دامەزرا لەدەرەوەی دەسەڵاتدا،[٥] لەگەڵ ئەم پارتەشدا ڕێساکانی تورکیا ڕێگایان بەدروستبونی چەندین پارتی ئایدیا جیا دا، کەبریتی بوون لە:

١. حیزبی سۆسیالیستی تورك.

٢. پارتی کرێکارانو جوتیاران.

٣. پارتی ئوممە.

لە بواری ڕۆژنامەگەریشدا ساڵانی ( ١٩٤٦- ١٩٥٠ ) ٤٠٪ ی ئەو ڕۆژنامانەی کە دەردەچوون لە ئێستاشدا بەردەوامن، ئیتر ئامادەیی جەماوەرو خواستی گۆڕانکاری هەموو تورکیای گرتەوە، ئاڕاستەی چەپو ئیسلامی لیبراڵی ململانێیەکی توندی خزاندە ناوخۆی تورکیاوە، لێرەوە کێشەی کوردیش وەکو

کێشەیەکی شاراوەو چارەنەکراو زۆر بەگەرموگوڕی لەبەردەم ستراتیژو سیاسەتی پارتەکاندا ڕاست بویەوەو پێویستی بە چارەسەر هەبوو، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٥٠ ، کە بە یەکەمین هەڵبژاردنی ئازاد لە مێژووی تورکیا دێتە هەژمارد، پارتی دیموکرات سەر کەوتنی بەدەست هێنا، ئەم پارتە خۆی بە نوێنەرانی دەرەبەگ و خاوەن زەوی‌و پیاوانی ئاینی دەبینیەوە، کەپێی وابوو ئەوان واقیعی کۆمەڵگای تورکیا حساب بۆ دەکەن، ئەم حزبە چوارساڵ پێش سەرکەوتنی لە لایەن خاوەنداریکی گەورەی وەکو عەدنان مەندەریس‌و جەلال بایاری سەرۆك وەزیرانی سەردەمی ئەتاتورکەوە دامەزرابوو، پشتیوانی خەڵك لەوان مانای ڕازی بوونی خەڵك نەبوو بە بەرنامەی پارتەکەیان، بەڵکو کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر بە بەربەست و ستەمی چەندین ساڵەی کەمالیزم، سەرکەوتنی ئەوان لەسەر بنەمای سەرکەوتنی بۆرجوازیەتی تورك بوو، لەیەکەم هەڵبژاردندا کوردو تورك هەردوولا خاوەنی دەنگ بوون، لەم سەروبەندەدا تاڕادەیەك هەناسەیەکی ئارام دونیای وێران و جینۆسایدی خەڵکی زەبونی کوردی گرتەوە، ئەو کوردانەی تا ئەوکات ڕوبەڕوی جینۆسایدی رەگەزی‌و بایەلۆجی دەبوونەوە، ڕابەرانی فیوداڵ ڕێگەیان دا کوردە دورخراوەکان بتوانن سەردانی شوێنە لێ دورخراوەکانیان بکەنەوەو دەیانهێشت زەوییەکانی ڕابردوویان ببیننەوە، ئەمە تەنها هەوڵێکی دیموکراتیەکان بوو تا دەنگی کورد ڕابکێشن [٦]، لەبەرئەوەی تا ئەو کاتە گیانی عەشیرەتگەری‌و دەرەبەگایەتی‌و ناوچەگەریەتی لەناو کورد شوێنی سەنگینی خۆی هەبوو، پێکهاتەی پارتی دیموکراتی تورکیایش لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرابوو، هەربۆیە کوردەکان نێچیرێکی باش بوون بۆ پڕکردنەوەی سندوقەکانی دەنگدان لە بەرژەوەندی پارتیدا، ئیتر دەبوایە لەبەرامبەر ڕاوکردنیاندا نەرمیەك بنوێنن، دیارە ئەمەیش تا ئەوکاتە بوو کەدەنگی





کوردانیان بەکارهێناو بە هێزی دەنگی کورد سەرکەوتن، ئەگەرنا وەکو تێڕوانینی گشتی دەڵێت " فەلسەفەی پارتی دیموکرات هیچ جیاواز نەبوو لە فەلسەفەی پارتی گەلی کۆماری"، ئەویش پێداگری لەسەر شەش بنەماکەی ئەتاتورك دەکردەوە، لەبەرئەوە سەرکەوتنی ئەو پارتە شکست نەبوو لە ئامانجەکانی بۆ پارتی گەلی کۆماری، بەڵکو گواستنەوەی سیستەمی تاك حزبی بوو بۆ فرەحزبی، تەنانەت ئەم هەوڵەی تورکیا بە یارییەك دادەنرێت لەنێوان سیاسەتمەدارانی ئەو کاتەی تورکیا [٧].

سەبارەت بە ڕەوشی کورد لە ڕووی فەرهەنگی‌و سیاسی‌و ئابوریەوە، هەروەها شوێنی کورد لە دەستورو ڕێساکانی تورکیاو سیاسەتی حکومەتە نوێیەکان لەمەڕ کورد، دەکرێ بڵێین قۆناغێکی تاریك ڕووی لە جیهانی کوردان کرد لەو قۆناغەدا، لەبەرئەوە خزانی تورکیا بۆ ئامێزی خۆرئاواو ئەمریکا، سەرانی شۆڤێنی تورکی چاکتر بەردایە حاڵو باڵی ژیانی کورد، شوێنی کورد نەك هیچ گۆڕانی ڕووەو چاکەی نەدی، بەڵکو وێرانتر بوو، پەیمانی هاوبەشی دەوڵەتانی هاوبەرژەوەند زیاتر کوردیان لە پەلوپۆ خست [٨]، تورکیا وەك وڵاتێکی زۆر نزیك لە ئینگلتەراو ئەمەریکا ئەرکی ڕاستەوخۆی جێبەجێکردنی پلانەکانی وڵاتانی ڕۆژئاوای گرتەئەستۆ، تەنانەت پاش چونە ناوەوەی تورکیا بۆ هاوپەیمانیەتی باکوری ئەتڵسی ساڵی ١٩٥١، ئیتر بەپێی مادەی سێی ئەم هاوپەیمانیە چەندەها ڕێکەوتنی شاراوەی نهێنی‌و دوور لە هۆشداری گەلانی تورکیا بەستران، [٩] هەمو ئەمانەش ئاکامەکانیان بەزیانی کوردو کێشەکەیدا دەشکانەوە، دواتر بەمەبەستی دروستکردنی هاوپەیمانیەتیەکی تر لە ٢٤ی شوباتی ١٩٥٥ز دا لە شاری بەغداد، لە نێوان عێراق‌و تورکیا ڕێکەوتننامەی هاوکاری مۆرکرا، کە دواتر بەڕێکەوتننامەی بەغداد ناسرا، لە کۆتایی ساڵی ١٩٥٥دا وڵاتانی ئینگلیزو پاکستان‌و ئێرانیش بونە ئەندام .



هەوالنامەی کتێب

دیارە هاوپەیمانی بەغداد هەستکردن بوو بە پەرەسەندنی مەسەلەی کورد، عیسمەت شەریف وانلی کە سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیرێکی کوردەو بۆ جوڵانەوەی کوردی خەبات دەکات، چەندین نامەی ئاراستەی (un) کردووە سەبارەت بە پەیماننامەی بەغداد، ئاشکرای کردبوو ئەو هاوپەیمانیە خەسڵەتی دژە کوردی هەیە، هەر لەو بارەیەوە عسمەت شەریف نوسیبووی "دەتوانم باوەڕتان پێبهێنم کە بونی کورد تاکە هۆکاری سەرەکیە لە دروستبونی هاوپەیمانی بەغداد لە نێوان تورکیاو ئێرانو عێراقدا، هەموو ئەمانە بەمەبەستی لە نێو بردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورد یەکیان گرتووەو ئینگلتەراش دژی کورد کار دەکات"، ئەو پێی وابوو بەریتانیا دەیەوێ ڕەوشی ئێستای کورد هەروەكو خۆی بێت، تا بەسەرکەوتوویی نەوتی ناوچەکە بەتاڵان بەرێت، لەبەر ئەوە تەنها کورد قوربانی سیاسەتی نوێی ڕۆژهەڵاتەو هیچ بەڵگەیەکیش بۆ ئەو ڕاستیە پێویست ناکات[10]، خۆرئاواو ئەمەریکاش کارییان بە تورکیا بوو، ئەودەمانە دەستپێکی جەنگو گەرمەی جەنگی سارد بوو، تورکیا لە ستراتیژیەتی ڕووبەڕوبونەوەی ئەمەریکا لەگەڵ شویعیەتدا بەردێکی سەنگینی بناغە بوو[11]، لەبەر ئەوە پەیمانە ستراتیژیەکانی تورك لەگەڵ دونیای دەرەوەدا وای لە عەقڵی شۆڤێنی تورکان کرد، کە بەبێ گوێدانە هیچ بنەمایەکی یاسایی، تەنانەت بە یاساو دەستور حاشا لە بونی کورد بکات، هەربۆیە ئەو ئاماژانەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە دوای ساڵی ١٩٤٦ز، لەمەڕ کورد باسیان لە کرانەوەی کەشو هەوای سیاسی کرد بوو[12]، سەرلەنوێ داخرایەوە، لەبەرئەوە ئەنقەرە بەردەوام بوو لەسەر سیاسەتی توندو تیژی دەرهەق بە مەسەلەی نەتەوەیی لە کوردستانی تورکیا، تورك بەفەرمی بەردەوام بوو لەسەر حاشاکردن لە بونی کورد وەك گەلێك، کە ناسنامەی تایبەتی خۆی هەیە، تەنانەت لەگەڵ ئەوەی ئاخافتنی





کوردی لە حزوری فەرمانبەرانی تورك بە یاسا قەدەغە بوو، سزای توندیشی لە دوابوو، حاشاکردن لە بونی ماددی کوردیش لە ئارادا بوو.

جەلال بایار سەرۆکی تازە کاتێك ساڵی١٩٥٣ واتە ساڵێك پێش ئەوەی تورکیا لە پەیمانی ناتۆ وەرگیرابوو سەردانی وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکای کرد، ڕۆژنامەوانان هەندێ پرسیاری ڕووگیریان لێکرد، ئەو هیچ خۆی شلۆق نەکردو بێ لەڕوودامان پێی ڕاگەیاندن" کە هیچ کەمینەیەکی نەتەوەیی لە تورکیادا نییە"[13].

ئەندامێکی پەرلەمانی بەریتانیا (فیلیب برایس) ساڵی ١٩٥٦ز سەردانی ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی تورکیای کردو دواتر نوسی" دەسەڵاتداران نایانەوێ دان بنێن بە بونی گەلانی وەکو کوردو ئەرمەن، کە لەو وڵاتەدا دەژین، لە کاتێکدا تەواوی ئەو بیانیانەی سەردانی ئەوێیان کردووە بە درێژایی پێش ٤٠ ساڵ لەو مێژووە، دانیان بەوەدا ناوە کە کورد بەشێکی گەورەی دانیشتوانی تورکیایەو نەتەوەیەکی ڕەسەنی ئەو خاکەنو بەزمانی خۆیان دەدوێن، تەنانەت لە نێوان ئەوانو تورکدا هیچ شتێکی هاوبەش بونی نییە"[14].

کورد بەپێی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی نێوەندی تورکیای ساڵی ١٩٥٥، ١٢٪ی دانیشتوانن، کە ٢٣ ملیۆن کەسی تورکیایان پێك دەهێنا، بەڵام ئەو ڕێژەیە زۆر دوور بوو لە ڕاستییەوە، تەنانەت تەنها کوردی ناوچە کوردیەکانیان بەکورد نوسی بوون، کە زۆرینەیان خۆشیان لە مەترسی هەڕەشەو گوڕەشەدا بە تورك نوسیبوو، لەگەڵ ئەوەشدا کوردانی ڕاگوێزراوی دەرەوەی کوردستان دیاری نەکرابوون، کورد هێندە فشاری گۆڕانەکانی تورکیای لەسەر بوو کە (سی. جی. ئەدمۆنس) لە کتێبی (الکورد والعرب والترك)دا لە چاپی ئینگلیزی ساڵی ١٩٥٧دا

دەڵێ" لەسەرچاوەیەكی باوەڕ پێكراوەوە بیستومە كە كوردو دەنگی كورد، بە پلەیەكی چاوەڕوان نەكراو گرنگو بە بایەخ بوون لەهەڵبژاردنەكاندا، بەڵام دەسەڵاتدارانی تورك دان نانێن بەو ڕاستیەداو داننانێن بە بونی هیچ نەتەوەیەك بێجگە لە تورك"، هەمان ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیز لە ڕۆژنامەی مانجستەر كاردیانی ئینگلیزیدا لە ١٩٥٦ز دەڵێت" لەو دورگەیەی سەربە دەریاچەی وانە، كەنیسەی ئەرمەنی وێرانكراوە، فەرمانبەرانی تورك ڕێگەیان نەدەدا بە بیانیەكان ڕوو بكەنە ئەویَ". ناوبراو دەڵێ" هەمان عەقڵیەتی ڕابردوو (كە مەبەستی سەردەمی دیسپۆتیزمی ئەتاتوركە) بۆ ئێستای توركەكان ئامادەیی هەیە"[15] ، بەمجۆرە پارتی دیموكرات تا ساڵی ١٩٦٠ لە شوێنی دەسەڵاتدا مایەوە، سیاسەتی ئەم حزبە لەگەڵ ئەوەی بە شێوەیەكی گشتی نوێگەری بوو بۆ ژیانی مەزهەبیو عەشیرەتگەری ، بە تایبەت لە ناوچە كوردیەكاندا ئەو حزبە ڕێگەی دەدا شێخو تەریقەتە كوردیەكان كە نفوسێكی زۆریان لە ناو كوردا هەبوو كارو چالاكی بكەن، بەڵام هیچ جۆرە مەیلێكی نەتەوەگەریو كلتوریو فەرهەنگیو ڕۆشنبیری كوردی ڕێگەی نەدەبویەوە[16]، كورد تەنها بەكارهێنراو بوو چ لە رووی مرۆیی چ لە ڕووی سەروەتو سامانو تاڵانو بڕۆی خاكەكەیەوە، چ لە ڕووی یاریكردن بە گیانی لاوانی كورد لە ڕێكەوتنە نێو دەوڵەتیەكاندا، توركیا وەكو ئەندامێكی هاوكاری ئەمەریكا هەزاران سەربازی توركیای، كە كوردەكان زۆرینەیان پێكدەهێنان، بۆ جەنگی كۆریا نارد، چەندەها بنكەی سەربازیش لە چوارچێوەی پەیمانێكی ڕێگە پێدراوی ئەمەریكا لە ٢٦ی فوریەی ١٩٥٤ لە كوردستان دامەزرا، هەر هەمان ڕژێمی مەندەریس بوو كە دەیویست لە حاڵەتی شاڵاوێكی شورەویدا هەموو كوردستان بە بۆمبایەكی ئەتۆمی بە ئاسماندا بەرێت،،ئەم نیازە بەهۆی شۆڕشی تەموزی ١٩٥٨ ی عبدالكریم قاسمەوە





ئاشكرابوو[17]، دیارە شۆڕشی ١٤ ی تەموزی ١٩٥٨و ڕووخانی ڕژێمی پادشایەتی لە عێراق و دەرچونی لە هاوپەیمانی بەغداد گورزێكی كوشندەبوو درا لەسیاسەتی شۆڤێنیانەی توركیاو عێراق و ئێران، هەرچەندە بارودۆخی كورد لە توركیا هەروەكو خۆی مایەوە، چونكە حكومەتی حزبی دیموكرات بەردەوام بوو لە سەركوتی جوڵانەوەی دیموكوراسی و بەرزبونەوەی هەرجۆرە دەنگێكی نارەزایی لەناو كوردەكانی توركیا، لە ١٧ ی دێسەمبەری ١٩٥٩ داحكومەتی توركیا ٤٩ ڕۆشنبیری كوردی زیندانی كرد، كە بەشێكیان نوێنەری خوێندكارانی زانكۆ بوون، ئەگەرچی گرتنەكە ئەو پەڕی نهێنیو دڕندانە بوو، لەهەمانكاتدا ڕێگە بەڕۆژنامەكانیش نەدرا وەك هەواڵ بڵاویبكەنەوە[18]، چونكە حكومەتی توركیا بەردەوام دەیویست ڕای گشتی دونیا لە سەركوتی كورد بێ ئاگا بكات، بە هیچ جۆرێكیش گوێی بە خواست و داواكانی خەڵك نەدەدا، بەردەوامیش بوو لەسەر درێژە پێدانی سیاسەتی ناوخۆ دژ بە بەرژەوەندیەكانی گەل، بەشێكی تر لە سیاسەتەكانی حكومەتی مەندەریس لەبەرامبەر كوردا بەكارهێنانی ئایین بوو، لەساڵی ١٩٦٠ ز بودجەی دروست كردنی ٥٠٠٠ هەزار مزگەوتی دابینكردبوو بۆ كوردستان، ئەمەیش تەنها سیاسەتێك بوو لەبەركارهێانی ئایین بۆسەركوتی بزافی كۆمۆنیزمی، لەگەڵ ئەوەشدا حیزبی دیموكرات زۆر بەتوندی لەدژی ئەو دەمارگیرییە ئاینیانە ڕادەوەستا كەداواكاری دەستكەوتێكی زۆرتر بوون لەو دەسكەوتانەی كە هەیان بوو،[19] لەئەنجامی هەموو ئەم سیاسەتانەدا لەناوخۆی توركیاشدا دەنگی دژ زیاد بوو، دواجار لە ٢٧ ی ئایاری ١٩٦٠ كودەتای دەوڵەتی توركیا ڕویدا، ئەم كودەتا كۆمەڵێك ئەفسەرو جەنراڵی پایەبەرزی سوپا لە كۆمیتەیەكدا بەناوی كۆمیتەی یەكیەتی نەتەوەیی یەكیان گرتبوو، ئەو كودەتایەیان ئەنجام داو دواتر تەواوی دەسەڵاتەكانی ئەنجومەنی یاسادانان و

ئەنجومەنی جێبەجێ کردن کەوتنە دەستی ئەم کۆمیتەیە، یەکێك لە هۆکاری ئەم کودەتایە بە قسەی ئەندامانی کۆمیتەکە بریتی بوو لە مەترسی (کێشەی کوردی)، کەبەئاشکرا هەڕەشەی لەیەك پارچەیی خاکی تورکیا دەکرد، ئەم کودەتایەش ئەنجامدراو ئاواتی کۆمەڵە پێشکەوتوخوازو هێزە دیموکراتیەکانی نەهێنایەدی، ڕاستە لەگەڵ کودەتا زۆر لە زیندانیەکان ئازاد کران، بەڵام نوێنەرانی ڕۆشنبیری‌و ناسیۆنالەکانی کورد کەتاوانبار کرابوون بەکارو چالاکی دژ بەبەرژەوەندی تورکیا هەرلەزینداندا مانەوە [20]، لەبەر ئەوە کورد ئەگەرچی قوربانی دەستی حکومەتی عەدنان مەندەریس بوو، بەڵام لەلایەن ئەنجومەنی سوپای نوێشەوە چاکتر هەراسان بوو، سیاسەتی دورخستنەوەی هێزی مرۆیی و ڕۆشنبیری و جموجوڵی لاوانی کورد بۆ خۆرئاوای وولات باشتر درێژەی هەبوو، کە ئەمجارە زیاتر ئامانجی نوخبەو خوێندەوارەکانی کورد بوو[21]، ئەو دەمانە جموجوڵی کوردستانی باشورو پەیوەندیەکانی هەستی کوردایەتی کوردستانی باشورو باکوور لەگۆڕێدابوو، ژەنراڵ جەمال گۆرسێل بەکوردەکانی تورکیا هۆشداریدا کە بە هیچ جۆرێك نابێت بەرگری‌و پارێزگاری لە شۆڕشەوانانی مەلامستەفای بارزانی بکەن، یاخود نابێت ڕێ بەخۆیان بدەن بیر لەشۆڕشی لەو جۆرە بکەنەوە، لەگەڵ ئەوەی لە تورکیادا ئازادیەکی سیاسی ڕێژەیی لەنێوان ساڵانی ١٩٦٠ ـ ١٩٧٠ هاتبووە ئاراوە، ئەویش تەنها لەبوارەکانی دەرکەوتنی کۆمەڵە چەپڕەوەکان، کە ڕۆشنبیری کوردو تورکی لەخۆگرتبوو خۆی دەبینیەوە [22]، بەڵام ڕەوشی ڕۆژهەڵاتی تورکیا لەو قۆناغەدا لە هەموو ڕووەکانەوە لەلوتکەی وێرانی‌و تاریکی دابوو، بەپێی یاساش جەمال گۆرسیل دژی هەر جموجۆڵ و بونێکی کورد بوو، کودەتا پاش سەرکەوتنی لە ١٥ی سێپتێمبەری ١٩٦١ حکومی لە سێدارەدانی هەریەك لە سەرۆك کۆمار جەلال بایارو سەرۆك وەزیران عەدنان مەندەریسی لە





گەڵ وەزیری دەرەوە فتین ڕوشدی زولولوو وەزیری دارایی حەسن بولتقانی دەرکردو پاشان جێبەجێیشی کرد، تەنها حوکمی جەلال بایاریان کرد بە زیندانی ئەبەدی، دواتر بڕیاریاندا بە هەڵبژاردنێکی نوێی پەرلەمانی لە ١٥ی ئۆکتۆبەری ١٩٦١ز [23]، لەئەنجامی هەڵبژاردنەکەدا حکومەتێکی ئیئتیلافی پێك هات‌و جەمال گورسیل بوو بە سەرۆکی حکومەتی تورکیا، ئەو لەهەموویان زیاتر هەڵپەی پێداگرتنی لەسەر بەهێزکردنی ڕۆحی ناسیۆنالستی و ڕەگەز پەرستی لە پڕۆژەی دەستوری نوێدا دەکرد، لەوتەیەکی بەنێوبانگیدا وتبووی " ئێوە ئاگاتان لەو ململانێیە نییە کە ئێمە لەگەڵ کوردیزمدا دەیکەین، ئەگەر ئێمە واز لە ناسیۆنالیزم بێنین، ئایا ئەوان پاڵ دەدەنە لای ئێمە ؟ بۆیە ئێمە پشت بە ناسیۆنالیزم دەبەستین، پێش هەموو شتێك نەتەوەکەمان دەبێتە نەتەوەی تورکیاو پێویستە تورکی بێت، ئەگەر ئێمە واز لەمە بێنین، ئەوا دوای پەنجا ساڵ تاقە یەك تورك لە وولاتدا نامێنێت".

بەمجۆرە دەسەڵاتدارانی تورکیا لە هەوڵی ئەوەدابوون کە کەمە نەتەوەکانی تر بتوێننەوە، لەوانەیش نەتەوەی کورد، بەڵام لە دەستوری ساڵی ١٩٦١ هەندێك حاڵەت‌و دۆخی وای تیابوو کەلە دەستوری ساڵی ١٩٢٤ز بونی نەبوو، بۆنموونە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ دان بەوەدا نرابوو کەمیللەتانی تری ناتورك لەوولاتدا بونیان هەیە، بەگوێرەی ماددەی دوانزە هەموان بەرامبەر بە یاسا یەکسانن، بە بێ جیاوازی زمان، ڕەگەز، جیاوازی ئاینی و مەزهەبی، بەڵام هەوڵ بۆ ئەوە بوو دۆخی دەستورەکە بەجۆرێك بێت کەبڵێن لەتورکیادا تەنها تورك هەیە، بەردەوام دانەرانی دەستور دەیانەوێت بە شێوەیەکی فراوانتر تەفسیری ووشەی تورك بکەن، ماددەی ٢٤دەنوسێت" هەرکەسێك هاوڵاتی بونی بەدەوڵەوتی تورکیاوە گرێدرابێت تورکە"، بەم شێوەیە دەستوری ساڵی ١٩٦١ نەیتوانی خۆی لە دیاردەی



هەواڵنامەی کتێب

شۆڤێنیزمیو ڕەگەز پەرستی تورکی ڕزگار بکات، کە ئایدۆلۆژیاکەی هەموو جۆرە مافێکی کەمە نەتەوەییەکانی لە کۆماری تورکیا ڕەتدەکردەوە، بۆسەلماندنی ڕاستی قسەکانمان ئەم ماددانە دەخەینە ڕوو :

دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت بێ قەیدوشەرت دەبێت لەدەست نەتەوەی تورکیا بێت (ماددەی ٤)

هەمو تورکێك مافی خۆیەتی لە یەکێك لە دامەزراوەکانی دەوڵەتدا کار بکات (مادەی ٥٨)

هەموو تورکێك تەمەنی بگاتە ٣٠ ساڵ بۆی هەیە خۆی کاندید بکات (مادەی ٦٨)

هەر تورکێك تەمەنی بگاتە ٤٠ ساڵ و بڕوانامەی خوێندنی باڵای هەبێت، دەتوانێت خۆی وەکو سیناتۆر هەڵبژێرێت (مادەی ٧٢)[٢٤]

لەبەرئەوە ئەو چاوەڕوانیەی لە ئەنقیلابی ٢٧ ی مایسی ١٩٦٠ دا دەکرا بەسەرۆکایەتی جەمال گورسیل، کە چاوەڕوان دەکرا ڕژێمێکی نوێو سیاسەتێکی نوێ لەگەڵ کورددا پێش بگرێت زۆر پێچەوانەبوو، ئەو لە وەڵامی پرسیارێکی پەیام نێری ڕۆژنامەی THE TIME ی لەندەنیدا کە لێی پرسیبوو ئاخۆ ڕژێمی نوێ دان بە مافەکانی گەلی کورددا دەنێت یان نا، گورسیل وتبووی " دەڵێی مێژووت نەخوێندۆتەوە، لەتورکیادا شتێکی لەبابەتی کوردو کوردەواری هەر وجودی نییە "٢٥. هەروەها لە کۆتایی ئۆکتۆبەری ١٩٦٠ز لە کۆبونەوەیەکی جەماوەی شاری دیاربەکری کورددا هەمان دەهۆڵی کوتابویەوە " نەتەوەیەك نییە نێوی نەتەوەی کورد بێت، ئێوە گشتتان تورکن "٢٦. هەروەها گورسیل لە گوتەیەکیدا لە ساڵی ١٩٦٣ز لە شاری دیاربەکردا کینەو داخی دڵی پێ





ناشاردرێتەوەو دەڵێت :" تف بکەرە چارەی ئەوکەسەی کەپێت دەڵێت تۆ کوردیت". حیفزی ئوغوز بەکاتا ی وەزیری نێوخۆ لە ١٩٦٣دا وتبووی "کوردەکانیش وەکو تورکمانو ئۆزبەگەکان بەڕەچەڵەك تورکن "[٢٧]، وەزیری ناوخۆ ساڵی ١٩٦٦ز (خلدون منتس ئوغلو) سەردانی شاری فارتوی کرد، کەلە ساڵی ١٩٦٦ز بومەلەرزە لێی دابوو، ئەو لەبری هەموو دڵدانەوەیەك بۆسەر خەڵکی لێقەوماوی کورد نەڕاندی " ئەم هەموو هات و هاوارەی بۆچیە؟ ئالەم شارەدا تەنها ٣٠٠٠ هەزار کەس مردووە، تەماشای ڤێتنام بکەن لەوێندەر پتر لە٣٠هەزار کەس مردووە"، کە کوردەکان ناڕازیی خۆیان لەمەڕ ئەم ڕەفتارە دەربڕی وەزیری نێو براو ئەو حەقیقەتەی وەبیر هێنانەوە، کەدەبێت هەمیشە لە بیریان بێتو لەوتەیەکدا وتی " من دەنگی کۆمەڵێك ئاژەڵ دەبیستم کەلەزاری بەشەرەوە دێن، ئەوەی لەم وڵاتەدا ڕازی نییە دەرگا کراوەیەو بابڕوات لە وڵاتێکدا بژی کەپێی خۆشە" لە ٢٨، ساڵی ١٩٧١ ڕەوشی کوردستان ڕووبەڕوی دۆخێکی سەخت و ئاڵۆزتر بویەوە ٢٩، پێش ڕودانی ئەو کودەتایەش ڕەوشی کورد لە تاریکیدا بوو، تەنانەت ساڵی ١٩٦٧ حکومەتی جەودەت سۆنای یاسایەکی دەرکرد بە پێی ئەو یاسایە بەڕەسمی زمانی کوردی قەدەغەبوو، لەو کاتەوە تەواوی کتێب، ڕۆژنامە، قەوان، شریتەکان، بەکوردی قەدەغە کران، پاش ڕێککەوتنی ١١ی ئازاری ١٩٧٠ی کوردی عیراق کەئۆتۆنۆمیان پێدرا، لەبەرامبەردا تورکیا مامەڵەی نامرۆڤانەی دژی کورد بەتینتر کرد، هەرلەو کاتەدا چەندین خوێندکاری کورد بە دەستی تورك تیرۆر کران، ئەوەبوو پاش ١١ی ئازاری ١٩٧٠ هێزەکانی کۆماندۆی تورکیا بەربونە گیانی خوێندکارانی کورد، ئەوانەی هێزی خۆپیشاندانەکان بوون، سەبارەت بە ئەتککردنی ژنو منداڵی کوردیش، لە حەوت و هەشتی ئاوریلی ١٩٧٠دا ٢٠٠٠هەزار سەربازی تورك بە پشتیوانی شەش کۆپتەر پەلاماری شارۆچکەی سلیڤانی سەری

بەپارێزگای دیاربەکریاندا، تەواوی خەڵکیان کۆکردەوەو لە پێش چاوی پیاوە دەسگیرکراوەکاندا بەزۆر سواری ژنەکانیان دەبوون، ئەوجا دانیشتوانی شارەکەیان ناچار کرد لە سەرزەوی ڕاکشێن و سەربازەکان بەسەر ئەو فەرشە گیاندارانەدا سەمای فۆلکلۆری تورکیان ساز دەکرد، کە تەنها لەو ڕوداوەدا هەشت کورد گیانیان لەدەست دا، کەیفی لەو بابەتەیان لەنێوچە کوردیەکانی دی وەکو (دێریك، میدیات، بیسمیل، باتمان)دا دوبارە کردەوە [٣٠]، ساڵی ١٩٧١ حکومەتی سلێمان دیمریل ڕوبەڕوی کێشە گەلێکی زۆری ئابوری و خۆپیشاندانگەلێکی زۆر بویەوە، لە زانکۆکاندا فەوزاو بێسەرو بەری‌و ململانێی تایفی‌و ئاینی‌و چەپگەری و لیبڕاڵگەری لە لوتکەدابوو، پێکدادان لە نێوان ڕەگەزی ڕاستڕەو و چەپڕەودا زیاد بوو بوو، بەتایبەت ساڵانی ١٩٧٠ - ١٩٧١، ڕەوشێکی نائارام و توندوتیژ لەنێو وولاتدا سەریهەڵدابوو، لەم نێوەندەدا سەرۆکی ئەرکانی گشتی‌و سەرۆکی گشتی هێزە چەکدارەکان لە ١٢ ی ئازاری ١٩٧١ یاد خەرەوەیەکی دایە جەودەت سونانی سەرۆکی کۆمار، کەداوای لێ کردبو بە دامەزراندنی حکومەتێکی بەهێز تا ڕوبەڕوی فەوزاو هەڵاوسانی ئابوری بێتەوەو چاکسازی کۆمەڵایەتی بکات، بەڵام سلێمان دیمریل ناچار ئیستیقالەی پێشکەش بەسەرۆکی کۆمارکرد [٣١]، ئەمەش بواری کردەوە بۆ زنجیرەیەك لە هاوپەیمانیەتی نیشتیمانی‌و ناحزبی کە سەرکردایەتی وولاتیان کرد تاوەکو هەڵبژاردنی ١٩٧١، وەزارەتی یەکەم دکتۆر نیهاد ئیبراهیم گرتیە دەست، تا ٢٦ی ئایاری ١٩٧١، دووەم کابینە فەرید ملن بوو، سێهەم لەلایەن نەعیم تالو بوو کە تا تشرینی یەکەمی ١٩٧٣ درێژەی هەبوو، ساڵی ١٩٧٣ هەڵبژاردن کراو تیایدا پارتی گەلی کۆماری لە پێشەوەبوو، دواجار لە شوباتی ١٩٧٤ز هاوپەیمانیەك لە نێوان پارتی گەلی کۆماری و پارتی ئیخلاسی نیشتمانی پێك هات بۆدروستکردنی حکومەت، بەمەش بولێند ئەجەوید سەرۆکی





پارتی گەلی کۆماری بوو بەسەرۆك وەزیران و نەجمەدین ئەربەکان سەرۆکی پارتی ئیخلاسی نیشتمانی بوو بەجێگری، ئەم دوو حزبە لەڕووی ئایدۆلۆژی و سیاسەتی ناوخۆو دەرەوە تەبا نەبوون ، ئەربەکان خواستی وولاتانی ئیسلامی و پەیوەندی ئەوانی لەسەر دابوو، لەبەرامبەریشدا بە پێچەوانەوە، ئەمەش بویە هۆی ئەوەی دوای شەش مانگ بولێند ئەجەوید ئیستیقالە بکات، ئیتر حکومەتی نا حزبی پێکهات، کە تیایدا سلێمان دیمریل حکومەتێکی ئیئتیلافی پێك هێنا ٣٢، بەم جۆرە ئەم ڕەوشە ئاڵۆزانە لە تورکیادا ئامادەیی هەبوو، تاوەکو کودەتای ساڵی ١٩٨٠، لەهەمانکاتدا هیچ کام لەم حکومەتانە دوور تانزیك دانیان بەبونی مافی کورددا نەدەدا، لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی تەندروستی‌و کۆمەڵایەتیەوە کوردستان لەلوتکەی نالەباریدا دەژیا ، دیارە تورکیا دوای جەنگی جیهانی دووەم لەکەرتی پیشەسازیدا ئابوری تورکیای تەواو فراوان کردبوو، ئەم فراوان بوونەش دەگەڕایەوە بۆ بەرهەم هێنانی بیانی، بەتایبەت ئەمریکا بەهاوکاری لەگەڵ کەرتە ناوچەییەکاندا، بەڵام ئەم ئیستیسمارە تەواوی لەبەشەکانی خۆرئاوای وولاتدا بوو، فیشر دەڵێت" یارمەتیەکانی ئەمریکا لەدوای ساڵی ١٩٤٧ دەستی پێکرد، کەهۆکاری سەرەکی پێشکەوتنی ئابوری وولات بو"، تورکیا لە نێوان ساڵانی ١٩٤٨- ١٩٦٢ بڕی ٣٨٠٠ ملیۆن دۆلار یارمەتی ئابوری وولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکای وەرگرتبوو، کە ١٦٠٠ ملیۆن دۆلاری یارمەتیە ئابوریەکان بوو و ٢٢٠٠ ملیۆن دۆلاریش یارمەتی سەربازی بوو [٣٣]، ئەو دەمانە لە ساڵی ١٩٧٠ هەشت ملیۆن‌و نیو کورد زوبان لە تورکیادا دەژیان کە ٢٣٪ دانیشتوانی تورکیا بوون، لە ساڵی ١٩٧٠ تەواوی دانیشتوانی تورکیا ٣٥ ملیۆن‌و ٨٠٠ کەس بوون، هەرچەندە ئەم ڕێژەیەی ئاماری ١٩٧٠ زۆر دەقیق نییە، بۆچون هەیە دەڵێت کورد ١٢ ملیۆن بوون، ناڕاستی ئەم ڕێژەیەو کەمی ڕادەی کورد دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە لە ساڵی

١٩٦٥ز دا كاتێك دەیانپرسی لە كوردێكی دانیشتوانی ناوچە كوردیەكان زمانی دایكیت كامەیە؟ وشەیەك توركیان نەدەزانی، بەلاّم بە دلگرانیەكەوە دەیان ووت" باشترە خۆمان نەخەینە ناسۆریەوەو بنوسین زمانی دایكمان توركیە". ئەوكات دانیشتوانی كورد بە گشتی لادێ نشین بون، ٧٢٪ یان لە لادێو كوخەكاندا دەژیان، لە ڕوویی فێركاریو فەرهەنگیشەوە نەخوێندەواری بەلاّیەكی دیاری كۆمەلگای كوردی بوو، لەوێدا ٧٢٪ی خەلكی كورد لە سەروی شەش سالێەوە نەخوێندەوار بوون، لەكاتێكدا كۆی دانیشتوانی توركیا ٤١٪ی نەخوێندەوار بوون، یاخود ژمارەی نەخوێندەوارانی كورد دوو هێندەی نەخوێندەورانی تورك دەبوون، تاوەكو ئێستاش زۆربەی لادێكانی كورد كە زۆرینەی دانیشتوانی كوردی لێیە قوتابخانەی سەرەتاییان لێنییە، سالی ١٩٧٥ز لە كۆی ١٨ زانكۆو ١٥٧ پەیمانگای فێركاری لە توركیادا، كوردستان تەنها یەك زانكۆی لێبوو، كە لە ئەرزڕۆم بوو، یەك كۆلێژی پزیشكیش لە دیاربەكر، لەگەلّ چوار كۆلێژی ئەندازیاریو پەروەردەی مامۆستایان لەهەمان شاردا هەبوون، تەنانەت لەو پەیمانگاو زانكۆیانەی كوردستانیشدا، خوێندكاری كورد كەمینە بوو، زمانی فێركاریش توركی بوو، لە سالی ١٩٢٥ بە پێی یاسا زمانی كوردی قەدەغە بوو، بلاّوكراوەی كوردیو گۆڤارو ڕۆژنامە نا یاسایی بوو، كورد بە نهێنی سەرەڕای فشارو زولّم، دەس بەدەستو ژێر بە ژێر دەقە سیاسیو ئەدەبیەكانیان بە پیتی لاتینی چاپ دەكرد[٣٤]، سەبارەت بە كاروباری ئاینیو مومارەسەی سروتە ئاینیەكانیش لەو قۆناغەدا، زۆرێك لە لادێكانی كوردستان قوتابخانەی خوێندنی قورئانی لێبوو، لەوێ مندالاّن قورئانیان دەخوێندو بنەماكانی ئاین شارەزا دەبوون، زۆر لەوانە بێژانی ئایین ئەدەبیاتی كلاسیكی كوردیان لە بەرهەمەكانی ئەحمەدی خانیو مەلای جەزیریو تەیرانو باباتاهیرو كۆییو ... هتد، دەوتەوە، مەلاكان لە ژیانی





كۆمەلاّیەتیو فەرهەنگی خەلكی لادێكاندا نەخشێكی دیاریان هەبوو، ئەوان لەسالاّنی ١٩٥٠-١٩٦٠ پێگەیەكی ڕۆحی بەرینیان داگیركردبوو، بەلاّم سیاسەتی حكومەت ئەمەی پێ قەبولّ نەدەكرا ، هەربۆیە لەسالی ١٩٦٥ ز بەدواوە لەلایەن حكومەتی ئەنقەرەوە ، ڕۆحانیو مەلایەك دەنێردرا بۆگوندەكان كەدەرچوی قوتابخانە دەولّەتیەكان بێو شوێنی ئەو مەلایانە بگرێتەوە كە خزمەتیان بە كلتورو فەرهەنگی كوردی دەكردو زادەی واقیعی خەلكەكە بون، مەلاكانی دەولّەت ماف گەلێكی زۆریان پێ درابوو، زۆربەیان پەیوەندیان بە دەزگا جاسوسی و هەوالگریەكانی ڕێكخراوی ئاسایشی توركیاوە هەبوو، ڕاستەوخۆ خزمەتیان بە ئایدۆلۆژیای فەرمی دەولّەت دەكرد[٣٥]، یاخود دەولّەت ئەوانی بەكاردەهێنا بۆ ڕێگری لە بلاّوكردنەوەی بزافی كۆمۆنیزم لەنێو كوردا، چونكە تاڕادەیەك چەپەكان لە میتۆدو بەرنامەیاندا كوردیان وەكو نەتەوەیەك دەبینی، لەلایەكی ترەوە حكومەتی توركیا لە سالاّنی شەستەكاندا دەستیكرد بە كردنەوەی قوتابخانەی ناوخۆیی لە شارەكانی كوردستاندا بۆئەوەی مندالاّنی كورد بەپێی یاسای ژمارە ٢٢٠ لە قوتابخانەكاندا بخوێننو فێری زمانی توركی ببن تاكلتوری توركی بەئاسانی كاریان لێ بكات، لێرەدا زەحمەتە بتوانین بلّێین كردنەوەی قوتابخانەكان بۆ ئەوە بووە مندالاّنی كورد فێری خوێندنو نوسین بكەن، چونكە لە ویلایەتەكانی ڕۆژئاوادا كورد زۆرن و ئاستی خوێندەواریش زۆر نزمە، بەلاّم لەوێ حكومەت ئەو جۆرە قوتابخانانە ناكاتەوە، لەسالی ١٩٨٦ نزیكەی ٤٨ قوتابخانەی سەرەتایی لەم بابەتە هەبوو كەتیایدا ١٤٢٢٩ مندالّ دەیان خوێند، لەسالی ١٩٧٠- ١٩٧١ لە ٥٧قوتابخانەی ناوخۆ٥١ دانەیان لە ویلایەتەكانی ڕۆژهەلاّت بوو، تەنها شەش دانەیان لە ڕۆژئاواو ناوەڕاستی وولاّت بوون، ئەوانیش لەشارەكانی ،قۆنیە ، ئەستەمبولّ، ئەنقەرە بوون، شاری بەدلیس بەپێی سەر

ژمێری ئاماری ساڵی ١٩٦٥ دانیشتوانەکەی ٢٥٠ هەزار کەس بوون کە ٧٦٪ی نەخوێندەوار بوون، لەوێدا تەنها ٣ قوتابخانە دروستکرا، لەویلایەتی کاستەمۆنۆ ژمارەی دانیشتوانی ٤٤٢ هەزارن و ٦٠٪ی نەخوێندەوارن، لەوێش یەك قوتابخانەی لەو بابەتە دروست نەکرا [٣٦] ، هەروەها ساڵی ١٩٦٩ دەزگایەکی ڕادوێیی لەدیار بەکرو وان و ئەرزڕۆمو چەند شوێنێکی تری ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ دانرا، بەرنامەکانی ڕادوێکە هەمان بەرنامەی ڕۆژئاوا بوون، چونکە بەگوێرەی یاسای ژمارە ٣٥٩ دەبوایە ناسیۆنالیزمی تورك بەهێز بن [٣٧] ، لەساڵی ١٩٧٠ لەتورکیادا بۆهەر دەهەزار نەفەر سێ تاچوار پزیشك هەبوو، بەڵام لە کوردستان بۆئەو ڕێژەیە تەنها یەك پزیشك هەبوو، لە کوردستاندا بێدەرمانیو بێ پزیشکی بارودۆخی کوردانی پەشێو کردبوو [٣٨]، لەڕووی ئابوریشەوە لەگەڵ ئەوەی تورکیا شیوێنکەوتەی دەوڵەتانی پێشکەوتوبو، تاڕادەیەك ئابوری لەپەرەسەندنداببوو، گۆڤاری نیوزویکی ئەمریکی نوسیویەتی" تورکیا شوێنکەوتەی ئابوریو سەربازی ئەمریکایە "[٣٩]، ئەو بواری پیشەسازییەی کەتورکیا بە پشت بەستن بە ئەمریکا بە گەڕیخستبوو، تەنها ٢٪ی لەناوچە کوردیەکاندا بوو ، هەر ئەم ڕێژەیەش کوردی سەرقاڵ کردبوو [٤٠]، لەبەرئەوەی دەتوانین بڵێین قۆناغی فرەحزبی لەتورکیا قۆناغی مەحرومبوونی کوردبوو لەووڵاتەکەی، ئەوان لە ووڵاتی خۆیاندا وەکو بێگانە ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا، ناوی شارو ڕوبارو گوندەکانیان گۆڕدرابوو بەناوی تورکی، لەو ووڵاتەدا زمانی فەرەنسی و ئینگلیزی لە قوتابخانەکاندا دەخوێنراو زمانی کوردی قەدەغە بوو، ساڵی ١٩٦٧ ڕۆژنامەیەکی ناسیۆنالیستی (اتوکن) نوسی بووی" ئەگەر کورد دەیانەوێت بەزمانی خۆیان قسە بکەن کەزمانەکەیان ٤تا٥ هەزار ووشە زیاتر نیە، با بڕۆن لە شوێنی تر ئەم قسانەیان بکەن، ئێمەی تورك لەم ووڵاتەدا ڕوبارێ خوێنمان داوە تا گورجی و





یۆنانی و ئەرمەنمان ڕیشە کێش کرد، با بڕۆن بۆهەر شوێنێك کەدەیانەوێت بۆ ئێران بۆ پاکستان بۆ هیند یاخود پەیوەندی بکەن بە بارزانیەوە یاخود لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان داواکەن ووڵاتێکیان لە ئەفریقا بۆ بخوازێ، ئێمە توڕەبین وەك شێری بێشەین، با لە ئەرمەنیەکان بپرسن، کە ئێمە کێین" [٤١] ، تەنانەت سیاسەتی حکومەت وای لێهات کورد خۆیان ناچار دەبوون ووڵاتیان بەجێبهێڵن، لەساڵی ١٩٧٢ ئاژانسەکانی دەنگ و باسی جیهانی ڕایانگەیاند کە حکومەتی تورکی لەو ساڵەدا سەدان هەزار هاوڵاتی خۆی ناچارکرد کە زۆر بەیان خەڵکی ناوچە کوردەکانن ڕوو بکەنە ناوچە پیشەسازیەکان و لەوێندەر دوی بژێوی خۆیان بکەون، بەم کاری کۆچاندنە بەردەوامە، حکومەت توانی ناوچەیەکی سنوری فراوان لە کورد خاڵی بکات، ئەم دەوڵەتە لە هەمانکاتدا دەیویست تورکیا بکات بە نیشتمانی هەموو تورکی دنیا لە هەرکوێیەك بن، ئاژانسەکانی دەنگوباس ئاماژەیان بەوە کرد کە ئەم سیاسەتی دوفاقییەی ئەو کاتە، کاتێ کەشف بوو کە تورکیا ڕایگەیاند ئامادەیە (٣٤٥٠) پەنابەری ئەڤغانی لە پاکستان وەربگرێو لە ڕۆژهەڵاتی تورکیادا نیشتە جێیان بکات، شایەنی باسە ئەو ئەفغانیانەی باسمان کرد کۆمەڵە قەرغیزیەکی ئەڤغانی بوونو بە زمانی تورکی قسانیان دەکردو ئەسڵ و ڕەچەڵەکیان کازاخی و ئۆزبەکی بوو، ووتەبێژێك بەنێوی ڕێکخراوی لقی (un ) ی تایبەت بە کاروباری پەنابەران لە جنێف ڕایگەیاند" فرۆکەی سوپای تورکی ئەو پەنابەرانە ڕاستەوخۆ بۆتورکیا دەگوازێتەوە، هەروەها کاری پێویستیش بۆگواستنەوەی مەڕوماڵاتەکانیشیان ئەنجام دراوە"، مرۆڤ کە لەسایکۆلۆژیەتی تورکو بیرۆکەی ڕەگەز پەرستانەیان وورد دەبێتەوەو ئەو ئەزموون و تەجروبانە دێنێتە بەرچاو کەلەو بوارەدا کردوویانە، دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کەئەم پرۆسەیە بەڕاستی جێبەجێکراوە.

دواتر ئەو هاووڵاتیە تورکە نوێیانە لە پاییزی ساڵی ١٩٨٢دا لە کۆمەڵێك گوندی ئەو دەڤەرانە، کە لەو خێزانە کوردانەدا چۆڵ کرابوون نیشتەجێ بوون بوون .[٤٢]

## کاردانەوەی سیاسیو ڕوناکبیری و فەرهەنگی کورد لە کوردستانی باکوور ( ١٩٤٦-١٩٧٩ ).

لەبەرامبەر ڕێوشوێنە حکومیو حزبیەکانی دەسەڵاتدارانی تورکیو ناسیۆنالیستی تورکیا ، بزافی ڕوناکبیریو سیاسیو فەرهەنگی گەلی کورد لە باکوری کوردستاندا لێرەو لەوێی و لە شارەکانی کوردستانو شارە گەورەکانی وەکو ئەستەمبوڵ و ئەنقەرە کاردانەوەی ئەو ڕەوشە نالەبارەی گرتبویە ئەستۆی خۆی و قۆناغ بە قۆناغ بەپێی زەمینەو تایبەتمەندی سەردەمەکە خۆی دەنواند، یەکەمین کاردانەوەی کوردی شکستهێنانبوو بەماوەی دەسەڵاتداریەتی پارتی گەلی کۆماری، چونکە ئەوە کوردەکان بوون، بون بەهۆی سەرکەوتنی پارتی دیموکرات لەهەڵبژاردنەکانداو یەکەمین پارتی دەستکردی کەمالیەکان لەشانۆی سیاسی دورخەنەوە، ئەوەبوو ژمارەیەك کورد توانیان بۆئەنجومەنی نەتەوەیی تورك هەڵبژێررێنو کورسی گەلێك داگیربکەن، دیارە هەموو ئەو شێخو بەگو ئاییینانەیش کەرێگە درابوون بگەرێنەوە سەر زەویەکانیان، بەشێکی زۆری پەیوەندیە کۆمەلایەتی و ڕۆحیەکانی کوردی ڕۆژهەلات قەبولیان بوون، هەربۆیە شوێنی ئەوان چ بەرامبەری حکومەتی ناوەندیو چ لەبەرامبەر خەڵك بە هێزو پتەو بوو [٤٣]، دواتر ژمارەیەك لەکوردە دەوڵەمەندەکان ڕویان کردە شارەکان، ئەوانەی سوودمەند بووبوون لە ئابوری ئازادی حکومەت، هەرئەوان زەمینەیان بۆ (دوگوکولبوك ) یان ڕۆژهەلاتگەراکان ڕەخساند سەرهەڵبدەن، ئەم زاراوەیە





بەواتای لایەنگری لە گۆڕینی سیاسی ئابوری و پێشکەوتنی ڕۆژهەلات دەهات، واتە ئەو شوێنەی کە کوردستان دەگرێتەوە، لێرەوە ڕێگەیان دا بەخۆیان دەنگێك بدەن بەگوێی دەسەلاتداراندا بۆ پێشکەوتنی کوردستان ، بەلام حکومەت ساڵی ١٩٥٩ ڕێگای لەو دەنگەگرت و پەنجا کەس لە ڕابەرانی ئەو بزوتنەوەیان دەسگیر کرد [٤٤]، لەو دەمەدا سیاسەتی دەوڵەت بۆ خۆتێکەڵکردن لەگەڵ کورددا یاخود چینی دەسەلاتداری کورد، کەسەرۆك خێڵەکان و شێخەکان و زەمیندارە مەزنەکان بوون دەیبردنە سەنگەری خۆیەوە و لەوێشەوە دەکران بەدەزگای نهێنی و پیاوی دەوڵەت، ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری ئەو هێزانە لەگەڵ دەوڵەت کاردەکەن، ئەمەش خواستێکی حکومەتە تا بەم ڕێگایە هۆشیاری نەتەوەیی کوردی بتوێنێتەوە [٤٥]، لەلایەکی ترەوە لەرێکەوتنی بەغدادی ١٩٥٥ دا بەگوێرەی مادەی یەکەمی ئەم هاوپەیمانیە دەکرێت پرۆتۆکۆڵ و ڕێکەوتننامەی تایبەت مۆر بکەن لەپێناو هاریکاریکردنی هەردولا، واتە تورکیاو عێراق دژی جوڵانەوەی پەرەسەندوی دیموکراسی، بەتایبەتی دژی خەباتی کوردەکان لە پێناوی مافە نەتەوەییەکانیان، یەکێك لە خاڵەکانی پرۆتۆکۆڵەکە بریتی بوو لە بەهێزکردنی هاوکاری و هەماهەنگی بۆ دژایەتیکردنی تاقمو گروپی لابەلا کە دژی سیاسەتی عێراق و تورکیا کاردەکەن [٤٦]، بەمجۆرە هەر پارت و ڕێکخراوی کوردی پارچەکانی تریش بەیاسا سەرکوتکرابوون، بەلام لە بواری فەرهەنگی و ڕۆشنبیری دا کورد هەرلەکایەی نەتەوەیی دا هەوڵیان داوە، لەبەر ئەوە زوڵم و زۆرە کۆتایی بە بیری ناسیۆنالیزمی کوردی نەبوو ، هەفتەنامەی دیجلە ساڵی ١٩٤٨ لەلایەن موسا عەنتەرەوە بلاوەکرایەوە، هەروەها جگەرخوێنو قەدری جانو سەبری جان کە کوردی سوریا بوون لەگەڵ کەسانێکی تری چەپدا ڕۆلی زیندوکەرەوەی فەرهەنگی کوردییان لەو سەردەمەدا دەگێرا، ئەم چالاکیانە ئەگەر بە شێوەیەکی

سنورداریش بێت کاریگەری داناو لاپەڕەیەکی نوێی ناسیۆنالیزمی کوردی لەو قۆناغەدا نیشاندا، لەدوای سالآنی ١٩٤٨، ١٩٥٠ (بولتەنی ناوەندی لێکۆڵینەوەی کوردی) لەلایەن کامەران بەدرخانەوە بلاّو کرایەوە، هەندێك لە کوردی عێراق و سوریا کەخاوەنی گوتارێکی نەتەوەیی بوون کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردیان دامەزراند، هەموو ئەو شتانەی کەلە سالآنی ١٩٥٠ لەتورکیادا دەکرا لە ژێر کاریگەری ئەواندا بوو ، بەلاّم پەیوەندیەکی ئۆرگانیکی لە نێوان ئەمانەدا نەبوو، تەنها چالاکی ڕاگەیاندنی وەکو دەنگی ڕۆژهەلاّت و ڕۆژنامەی وولاّت و پێشکەوتوو و هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵ و کۆکردنەوەی خوێندکارانی کوردو لاوانی ڕۆژهەلاّت لە ئەستەمبولّ داو جەژنی خوێندکاران‌و بۆنەکانیان دەقۆستەوە بۆ چالاکی، ئەو کەسانەی کەئەم کارانەیان دەکرد ئەو خوێندکارە لاوانە بوون کەدوای کۆمار لە دایك بووبوون [٤٧]، هەروەکو بێشکچی دەڵێت" نەوەیەکی نوێ لە کوردستاندا پێك هاتبوو، ئەم نەوەیە ئاگاداری ئەوە بوون کە چۆن باووباپیرانیان لە لایەن یەکەکانی هێزەکانی سوپاو پۆلیس و ژەندرمەوە دەستدرێژیان کراوەتە سەرو لێیان دراوەو ئازاردراوون و شکێنران و ویژدانیان بیریندار کردوون، ئەم نەوەیە خاوەنی ئەو تاقیکردنەوەیەن، کە کەسوکاری بەسالاّچوویان لە ژێر ئازاریدا دەیانناڵاّند، هەروەها مام و پوری خۆیانیان بینیوە کە بەقژ ڕاکێشراون و براون بۆبنکەی هێشتنەوەو زیندانەکان و لەوێندەرێ شکێنراوون و دەستیان بۆ براوەو ئازاردراون، ئەم نەوەیە لە کوردستاندا پێگەیشتووەو بیستویەتی کەچۆن خەڵکی بەتەمەن یان دایك و باوك‌و مام و پورو کەسوکاریان بەنایاسایی و خیانەتکارو ڕێگرو جەردەو تاوانبار ناویان براوەو بانگکراون، ئەم نەوەیە هەمو ئەو شتانەیان دیووە، ئەوە هەموو ئەزمونی ژیانیانەو ڕۆژ بە ڕۆژ بیستویانە"، کارێکی نەشیاوە ئەم لاوانە لەم مەسەلەیە





نەزانن و لەسەر ئەم شتانە پرسیار نەکەن، کارێکی نەشیاوە هەموو ئەوانە لەیادکرێن ، هەموو ئەوانە ئێستا دەیانەوێ بڵێن" جەنگین لە پێناو پساندنی کۆت و زنجیردا ، جەنگینە لە پێناوی پێناسەی خۆدا" .[٤٨] ڕوناکبیرەکان‌و دڵسۆزانی نەتەوە کەسانی کاسبکاربوون‌و تەمەنیان لە سی ساڵ تێنەپەڕی بوو، دیارە دەسەلاّتی کەمالیستی جولاّنەوەی کوردی مارژینالّ کردبوو، هەروەها لەنێوان نەوەی کاراو چالاکی ساڵەکانی بیست و سی و نەوە تازەکاندا دابڕانێکی دروست کردبوو، لەگەڵ ئەمەشدا توندو تیژی فیزیکی نەیتوانی زەمینەی ناسیۆنالیزمی لەناوبەرێ، بە پێچەوانەوە هۆشیاری نەتەوەیی بە هێزتر کرد، وەکو ئەوەی لە بیرەوەریەکاندا قسەکردن لەگەڵ ئەو کەسانەی والە تەمەنی لاوێتیدابوون دەردەکەوێت، ڕەوتی تازەی کوردایەتی لەوکاتەدا بەواتای خوێندنەوەی مێژوو و قسەکردن بەکوردی و گەیشتن بەزانایی کوردبوون دەهات، وەکو ئەوەی لە یادەوەریەکانی موسا عەنتەرو ناجی کوتلای دا دەردەکەوێت لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٥٠دا ، ئەم ڕەوتە لە تەواوی شارەکاندا و بەتایبەتی لەنێو خوێندکاراندا بلاّوبوەتەوە، ئەم ڕەوتە تازەی ناسیۆنالیزم دوای ماوەیەکی دیار لایەنی سیاسی بەخۆ وەرگرت‌و ڕێکخستنی کۆمەڵەی ڕزگارکردنی کوردستان، کەزۆر زانیاری لەسەرنییە، بەلاّم کەسانی وەکو موسا عەنتەرو موستەفا ڕەمزی بوجاج ، یوسف عەزیز ئۆغلۆ ، ژیار شەرەفخان ئۆغلۆ، فایەق بوجاج دەیانویست وەکو ڕێکخراوێك دروستی بکەن یاخود دروستیان کردبوو، ئەم هەستە لەو بارەیەوە گرنگیەکی سەمبولیکی هەیە [٤٩]، دیارە گروپی ٤٩ کان کەساڵی ١٩٥٩ز دەسگیرکراون لە جولاّنەوەی کوردیدا یاخود لە ژیانی سیاسی تورکیدا ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبوو، کەسانی وەکو سەعید ئەڵچی، شەرافەدین ئەلچی، نورەدین یەڵماز، مەدەد سەرحەد، سەعید قرمزی توپراك، جانبین یەڵدرم، موسا عەنتەر

یاشار کایا، ناجی کوتلای تێدابوو، بوونی ئەمانە نیشانەی دەستپێکردی قۆناغێکی تازەبوو، سەبارەت بە ٤٩ کان هیچ جۆرە کارێکی جدی لە ئارادا نییە بۆ ناساندنیان بەتەواوەتی، دەتوانرێ بگوترێت کەگروپێکی بێ فۆرم بووە بەمانای ئەوەی لایەنێکی ڕێکخراوەییان نەبووە، بەلاّم کۆبونەوەی گروپێکی پشتبەستو بوون بە بیری کوردایەتی، بەڵگەکانی ناجی کوتلای و بەڵگەکانی تری ئەو سەردەمە ئەوە نیشاندەدەن کەئەنتەلیجنسای کوردی لە جولاّنەوەی ئازادیخوازی گەلانی تر، بەتایبەتی گەلی جەزائیر کاریگەری وەرگرتووە، دیارە پەنجاکانو سەرەتای شەستەکان بە سەردەمی ئازادی گەلانی ژێر دەست دێتە ئەژمار، لەو سەردەمەدا چەندین ولاّتی عەرەبی وەکو جەزائیرو میسرو یەمەنو سوریاو کوەیتو .... هتد، سەربەخۆییان لەژێردەستی زلهێزاندا بەدەستهێنا، لەئێرانیشدا بەرەی نیشتمانی بەڕابەرایەتی دکتۆر موسەدەق بوژانەوەیەکی بەرچاوی دایە هۆشیاری نەتەوەکانی ئێران بۆ ئازادی، کە کوردیش لە دوای ڕوخانی کۆمارەوە یەکەم جار بوو خواستە ئازادیەکانی جاڕبداتەوە، هەربۆ یە لەباکوری کوردستانیشدا گروپی چلو نۆکان کەزۆربەیان لەدوای کۆمار لەدایك بوو بوون، بەڵگەکانو ووتارەکانی موستەفا کەمالیان لەسەر کورد – تورك لەسالاّنی ١٩١٩-١٩٢٠ دا دۆزیوەتەوە و خوێندوەتەوە، بەم جۆرەیش ئەو وتارانە وەکو بەڵگەی هەبوونی کورد، ڕۆڵێکی گرنگیان لە زیندوکردنەوەی بیری نەتەوەخوازی بینی [٥٠]، بەلاّم کاریگەری بزوتنەوەی کوردایەتی لەو قۆناغەدا ڕاستەوخۆ کاریگەری ڕووداوەکانی کوردستانی باشوری لەسەر بوو، بەتایبەتی ڕووداوی ١٩٥٨ ی گەلی عیراق دژی ستەمی پاشایەتیو دەرچونی ئەو ووڵاتە لە پەیمانی بەغدادی ١٩٥٥ز، هەروەکو ئیسماعیل بێشکچی دەڵێت " هەر ڕوداوێك لە هەربەشێکی کوردستاندا ڕوودات مایەی سەرنجە بۆ هەموو کوردێکی هەموو





پارچەیەکی کوردستان، هەریەکەو لەلای خۆیەوە هەوڵدەدات زیاتر وەدەست بهێنێتو لەهەلّپەدایە باشتر تێبگات، لەبەرئەوە دەسکەوتو سەرکەوتنە ڕامیاری و سەربازیەکان لە بەشێکی کوردستاندا دەبێتە مایەی شادبونیان، کەوتن و دۆڕانیشیان خەفەت بارو خەمگینیان دەکات " [٥١]، لەبەرئەوە هەم شۆڕشی ١٩٥٨ کاریگەری لەسەر کوردستانی تورکیا هەبوو، هەم شۆڕشی ئەیلولی ١٩٦١ ز ، دیارە لە عیراقدا گەڕانەوەی بارزانی بۆعیراقو بەڵێندانی دەوڵەت بەمافی ئەتۆنۆمی بۆکورد، لە کوردستانی تورکیاشدا بوژاندنەوەی هێنایە گۆڕێو هەستی نەتەوەییش لەوێ لە چوارچێوەی خواستی مافە نەتەوەییەکان هەر زوو خۆی نواند [٥٢]، ڕووداوەکانی ناوخۆی عێراق بەردەوام کاری لە پەیوەندی کوردو تورك دەکرد، پاش کوشتاری تورکمانەکانی کەرکوك بەدەستی کورد لە ئاداری ١٩٥٩ز، ئارسیم ئەرین نوێنەری تورك بەئاشکرا داوای تۆڵەی کردو وتی " کوردەکان براکانی ئێمەیان کوشت، ئێمەیش دەبێت چەند تورکمان کوژراوە ئەوەندە کورد بکوژینەوە، ناتانەوێ ئەم قەرزە بەسودەوە بدەنەوە ؟ "، ئەوەبوو زیاتر لە ٨٠ خوێندکاری کورد، کە مەدەد سەرحەدی یاساناس ڕێکیخستبوون، لەدژی ئەم قسانە خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، ئەم ڕوداوەیش بووە هۆی گیرانی ٤٩ خوێندکاری ناسراوی کوردو (ئیللەری یورت) داخرا، کە عەنتەرو هاوکارەکانی لە نێویدابوون [٥٣]، گروپی ٤٩ کەس لە بزوتنەوەی کوردی باکوردا کاریگەریان زۆر بوو، لەبەر ئەو کاریگەریانە نەبووایە عەدنان مەندەریسو سەرۆك کۆمار جەلال بایارو ڕێکخراوی ئاسایش هەموویانی هەڵدەواسی، بەلاّم ئەگەری کاردانەوەیەکی توندی جیهانی ڕێگای جێبەجێ کردنی ئەو خواستەی گرتبوو، بەتایبەتی کاتێك کەیەکێك لەوانە لە دادگادا بەناوی سەعید ئاڵچی داکۆکی لە مافە شەخسی و کۆمەلاّیەتیەکانی گەلی کورد کرد لەئایاری ١٩٦٠ .

لەلایەکی ترەوە ژمارەیەك لە ئاغاکانی کورد جوتیارانیان بۆ خۆپیشاندان دژی کەمتەرخەمی حکومەت لە ووشکە ساڵی، کەتوشی ناوچەکە بوو بوو هاندا، بەلاّم لێپرسراوان ئەوانیان بە ورووژانی خەڵك بۆ دامەزراندانی کوردستانێکی ئازاد تۆمەت بارکرد، هەربۆیە ئەوانەی کە لەلایەن حکومەتەوە وادادەنران کەڕێبەرانی کۆمەڵن هەموویان بۆئۆردوگایەکی نزیك سیواس بردران، کە ژمارەیان ٢٨٤ کەس بوو، ، بەلاّم بەشی زۆریان بەفەرمانی لێبوردنی کۆمیتەی یەکیەتی نیشتمانی ئازاد بوون، بێجگە لەمانەیش ٥٥ کەس لە ئاغاو شێخە ناسراوەکانی کورد بۆ شارەکانی ئەسپارتەو ئافیۆن و ئەنتالیە دورخرانەوە [٥٤]، لەلایەکی ترەوە کوردانی کوردستانی باشور خواستی ئەوەیان هەبوو ئەو ڕەوشە نالەبارەی کوردستانی باکوریش کۆتایی پێبهێنرێت، ئەوان لە لێدوانەکانیاندا پێیانوابوو کوردستانی عێراق لە سایەی کۆمارەکەیدا دەبێت هیوایەك بێت بۆ ڕۆڵەکانی تری کورد لە هەرشوێنێك بن، هەربۆیە لە تشرینی یەکەمی ١٩٥٨ پێنج سەرۆکی هۆزی کورد لە کوردستانی باکورەوە گەیشتنە کوردستانی باشورو پەیوەندیان کرد بە شێخ ئەحمد بارزانیەوەو، ئەم ڕاستیەش لە بەڵگەنامەیەکدا ئاماژەی پێکراوە کە بۆ جێگری بەڕێوەبەری پۆلیسی بەغداد نێردراوە، کە نوسراوە" سەرچاوەی باوەڕپێکراومان لایە کە ١٠ سەرکردەی کورد لە ئاغاکانیان کەسەر بە کوردستانی تورکیان هاتونەتە سنوری عێراق، بەلاّم ناوەکانیان نازانینن، ئەوانە پەیوەندیان کردووە بە عبدالعزیز ئاغا لە لیوای موصڵ و شێخ عەلی نەقشبەندیەوە بەمەبەستی پەیوەندیکردن بە شێخ ئەحمد بارزانیەوە، ئێستاش لە لیوای هەولێرن، تکایە لایەنە پەیوەندیدارەکان ڕێوشوێنی تەواو بۆتەحقیقی ئەوانە بگرنە بەر"[٥٥] ، ئەمەش ئەوە ڕووندەکاتەوە کەلە سەردەمی حکومڕانی حزبی دیموکراتدا ئاغاکانی کورد ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە، هەروەها





تێکەلاّویان لەگەڵ پارت و گروپی جیاجیا هەبووە ، لەلایەکی تریشەوە دورخستنەوەی ڕۆشنبیرو کەسانی بەتوانا و لێهاتوی کورد ئامانجی سیاسی لە پشتەوە بوو نەك کێشەی ئابوری و کۆمەلاّیەتی، هەرلەدرێژەی سەرکوتی جولاّنەوەی کوردیدا لە ٢٧ ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٠ دا بەپێی یاسای ژمارە ١١٤ لە زانکۆکانی وولاّت ١٤٧ پرۆفیسۆرو مامۆستا لە کار دەرکران، بەوە تاوانبار کرابون کەکار بۆدامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن، لەساڵی ١٩٦١ دادگای عەسکەری سیاسی ئەنکەرە پرۆسەی دادگایی ٤٩ کوردەکەی بەڕێوە برد، دادگاکە زۆر نهێنی بوو، چلو نۆ کوردەکە پارێزەر ، دکتۆر،خوێندکار ،بەلێندەرو ئەفسەربوون، کە تاوانبار کرابوون بەتێکدانی یەك پارچەیی وولاّت، کەدەبوایە حوکمیان لە ٨-١٥ ساڵ بوایە [٥٦]، چونکە دەستوری ساڵی ١٩٦١ دروستکردنی ئەو پارتە سیاسیانەی قەدەغە کردبوو کە خەبات بۆبەدیهێنانی مافی نەتەوەیی کورد دەکەن، ماددەی ٥٧ دەڵێ" پەیڕەوو پرۆگرامو وچالاکیەکانی پارتە سیاسیەکان پێویستە لەگەڵ پرەنسیپی یەك پارچەیی دەوڵەت و نەتەوەی تورکیا کۆك بێت"[٥٧]، بەلاّم لەگەڵ دەستپێکردنی شۆڕشی کورد لە کوردستانی باشور، کوردستانی باکوریش ئامادەیی پێویستیان بۆ بەشداریکردن پیشاندابوو، ژنان و مندالاّنی شۆڕشەوانانیان پەنادەدا، ئەم پشتیوانیەی کوردانی باکور لە شۆڕش زیاتر هەستی نەتەوەیی هێنایە گۆڕێو ئیتر ئەم هەلوێستە لە جیهانبینی تورکەکاندا خوێندنەوەیەکی نوێی هێنایە گۆڕێ، تا ئەودەم ئەوان دەیانووت تورکە کێویەکان، بەلاّم وەکو هەلوێستێکی نوێ (دوگان کلیك a dogankilic) لەگۆڤاری تورکی زبانی bane déclassé (دنیای علم) کەلە ئۆکتۆبەری ١٩٦٢ لە ئەستەمبوڵ چاپ دەکرا لە ژمارە حەوتی لاپەڕەکانی ٢٦-٢٧ یدا نوسی بووی" ڕۆژ هەلاّت (کوردستان تورکیا) بەلایەنە جیاوازەکانەوە ئەمڕۆ کێشەیەکی

هەستیاری خولقاندووە، هێندە بەهێزە ڕەنگە وولاتمان بهێنێتە لەرزە، ئەمڕۆ هاولاتیانی کوردی ئێمە لەم وولاتەدا فەرهەنگی تایبەتمەندی و نەتەوەیی خۆیان هەیەو هەرگیز ناتوانین ئینکاری ئەو تایبەتمەندیانە بکەین، لەبەرئەوە لەسەرمانە کەبەتەواوی نیازپاکیەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین، ئەمڕۆ ملیۆنان نەفەر زمانی دایکیان کوردییە، لەناو ئەوانەدا زۆرێك هەن کە ئاشنا نین بە زمانی تورکی، لەبەرئەوە پێویستە بزانین کەزمانی کوردی جیا لە میراسی فەرهەنگی ئێمەیەو لەسەرمانە کە ئەوان بەعیشقەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکەین‌و خۆشمان بوێن، لەسەرمانە لەتەواوی بوارەکاندا هاوکارو دەستگرۆی کوردان بین "[58] لەبەر ئەوە شۆڕشی ئەیلول لە هەناوی کوردی تورکیادا شۆڕشێکی سەرتاسەری بو، ئەوان ئەوکات دەیانڕوانییە بارزانی وەکو سەرکردەیەکی پاڵەوانی نەتەوەیی، ئەمەیش هۆشیاری دابووە بەرییناییەکی فراوانی هەستی کوردبونی کوردستانی باکوور، لەبەرئەوە سەدان ئەندام لە هۆزەکانی کورد لەباکور لەوانە دوسکان و بۆتان و ئۆرماو قوشوریەو گویان سنورەکانی وولاتیان بڕی و هاتنە ڕیزی شۆڕشەوە بۆبەشداریکردن، لەو بەڵگە نامەیەدا ئەوە خراوەتەڕوو کە لەلایەن بەڕێوەبەری ئاسایشی لیوای موصڵەوەیە، دەڵێت" عەشیرەتە بیانیەکان هاوکاری بارزانین، لەوانە ئەندامی عەشیرەتی هورماری دوسکی ،کوبانی ، بەژمارەیەکی زۆرەوە هاتونەتە زاخۆو عەمادیەو ناوچەی دهۆك " [59] ، هەربۆیە نوێنەری عێراق لەتورکیا داوای لە مشتاق سکرتێری گشتی کاروباری سیاسی وەزارەتی دەرەوەی تورکیا کرد تا ڕێوشوێنی تەواو بگرێتەبەر بۆئەوەی ڕێ بە شۆڕشەوانان نەدرێت یارمەتی بدرێن، دیارە ئەم یارمەتیدانە تەنها کورتنەکرابویەوە لەهاریکاری سەربازی و بەس، بەڵکو زۆر کورد وەلائیان بۆپارتی هەبوو، ڕۆژنامەی ئەخباری بەغدادی دەنوسێ" عومەرو سادق و





عبدالکریم و ئیسماعیل و ئارون لەدانیشتوانی سیرت و قەزای ئاروخ، ئەوانە چەك و مەڕومالاَت بۆ شۆڕشی کورد ئاودیو دەکەن "[60]، بەدەر لەوەیش هەستێکی سەراسەری و ژێربەژێری ڕوناکبیری کوردانی گرتبویەوە، ئەوکات کتێبێك بەناوی kuterinmenesi vekurtdilr incplememeleri بەزمانی تورکی بلاَوکرایەوە، کەڕیشەی نەژادی کوردو زانیاریگەلی زۆری دەربارەی زمانی کوردی تیابوو، کتێبەکە لەسەتەمبوڵ لەساڵی ١٩٦٢ چاپکرا، هەروەها بلاَوکراوەیەکی مانگانە بەدوو زمانی کوردی و تورکی بەناوی diccle ferat لەئەستەمبوڵ بەچاپ درا [61] ، پاش ئەوەیش ٥٠٠ کورد بەتاوانی هەوڵدان بۆدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی تۆمەتبار کران و درانە دادگا، وەکو بەرپەرچدانەوەیەك و بەرهەڵستیەك دژی ئەو ڕەشبگیریە لە ٨ی ئازاری ١٩٦١ ز لەزۆربەی شارە کوردیەکانی وەکو دیاربەکرو ماردین و وان و بەتلیس و سیڤەریك‌و هەندێ شارۆچکەی دیدا خۆپیشاندان دەستی پێکرد، جەماوەی خۆپیشاندەر ئەم دروشمەیانە بەرزدەکردەوە" ئێمە تورك نین کوردین ، بڕۆخێ دەسەلاَتدارە خۆسەپێنەکان"، ئەوەبوو لەتەقەو پێکدادانەدا لەگەڵ هێزێکی سوپاییدا لەشاری دیاربەکر ١٤٩ کورد کوژران و ٤٠٠ دیش برینداربوون، لەماردین ١٢١ کورد کوژران‌و ٣٤٥ برینداربوون، جگە لەوە لە ١٣ مایسی ١٩٦١ز دا ١٤٠ کورد گیران، هەروەها لە ١٩٦٣ ز ٢٣ ڕوناکبیری کورد بەتاوانی جموجوڵی کوردانە بەندکران و پاشان ئازاد کران، لە ١ ی مایسی ١٩٦٣ ز دا دوو خوێندکاری کوردی زانستگەی ئەستەمبوڵ بەناوی (یاساکایا)و (مەدەت سەرحان) بەتاوانی پڕوپاگەندەی کوردایەتی و دەرکردنی گۆڤارێك بەزمانی تورکی‌و کوردی گیران و درانە دادگا [62]، لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٣ز ١٣ قوتابی دەسگیرکران کەدوانیان کوردی عیراق بوون، ئەمەش بەو تۆمەتەی کە گوایە بە فیتی بێگانە خەریکی پیلانگێڕان بوون، هەموو ئەمانە ئەوە ڕونتردەکاتەوە

کەژمارەیەکی زۆر لە ڕۆڵەکانی نەتەوەی چەوساوە لە تورکیا ڕزگاری خۆیان لەوەشدا دەدی کەهاوکاریو هەماهەنگی لەگەڵ مستەفا بارزانیدا بکەن، کە لەخەباتی بەردەوامدابوو دژی حکومەتی ناوەندی، وەك پێشتر باسکرا بڕیاری لە سێدارەدانی ٢٣ تاوانباری کورد درا، هەموو ئەم دەسگیرکردنە لەوەوە دەهات کە جموجولێکی خوێندکاری و ڕوناکبیری بەهێزی کوردستان و شارە گەورەکانی تورکیای تەنی بوو، هەموو ئەم چالاکیانەیش بەبیرۆکەی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردو کاری کۆمۆنیزمی جیهانی تۆمەت بار دەکران [٦٣]، لەگەڵ زیاتربوونی ستەمی ڕژێمی تورکیادا، کارو چالاکی و کاردانەوەی کوردیش زیادی دەکرد، پاش بلاّکردنەوەی گۆڤاری دیجلەو فورات لەئەستومبوڵ ساڵی ١٩٦٣ ز گۆڤارێکی تری کوردی بەنێوی دەنگ بلاّوکرایەوە، ساڵی ١٩٦٦ گۆڤارێك بەتورکی بەناوی yeni akifi شەپۆلی تازە بلاّوکرایەوە، کەهەندێ شتی کوردیشی تێدا چاپدەکرا، هەموو ئەم بلاّوکراوانەیش پاش دەرچونیانو دوای چەند ژمارەیەك قەدەغە دەکران، نوسەری کورد موسا عەنتەر لەسەر ئەو چیرۆکەی (برینا ڕەش) کە بە تورکی و کوردی بلاّویکردەوە چەندجار ڕاپێچی دادگا کرا [٦٤]، بەمجۆرە بەشێوەیەکی بەرین ناسیۆنالیزمی کوردی دەستی دابووە کاری ڕاگەیاندن، نوسینەکانی عاشق ئیحسانی و شوکری یاستمان و ووتارەکانی ئیسماعیل بێشکچی لە کۆتایی شەستەکانەوە بونە جێگای سەرنجێکی گەورە لە نێوان لاوانی زانکۆو خوێندەواری کورد، بلاّوبونەوەی مەم و زینی ئەحمەدی خانی وەکو گرنگترین بەرهەمی کلاسیکی کوردی لەساڵێ ١٩٦٨ ز ئەوەی دووپات کردەوە کەکوردی زمانی نوسینی هەیە، ئەمەیش زۆر گرنگ بوو، باسکرانی کێشەی کورد لەنێو گۆڤارە چەپەکانی وەکو ( ئانت، چەپەی تورکیا ،ڕۆشنایی )و وەرگێڕانی هەندێك نوسراوی لینین و ستالین لەسەر کێشەی نەتەوەیی بەزمان تورکی، ڕەواییەکی





باشی بەکوردایەتی بەخشی، وەکو ئەوەی کەدواتریش ئاماژەی پێدەکەین ، ئیتر نەتەوەی کورد وا هەستیدەکرد کە ناسیۆنالیزمی کوردی نوێنەریەتی [٦٥]، لەم نێوەندەدا کۆمەڵناسی کورد ئەمین بۆزئەرسەلان ڕۆڵێکی دیاری گێڕا، ئەوەبوو بەسێ مانگ بەندی سزا درا، چونکە کتێبێکی ئەلف و بێی بەزمانی کوردی نوسی بوو، ڕژێمی تورکیا بەستنی سێزدەهەمین کۆنگرەی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەوروپا کەلە ئابی ١٩٦٩ز بەسترابوو کردیە بیانو بۆلێدانی شووتی خەتەر دژی کورد [٦٦]، پاش دەسگیرکردنی موسا ئەنتەرو محەمە ئەمین بۆز ئەرسەلان ، جەماوەر ڕاپەڕیو بەهێزی جەماوەرو کاردانەوەی قورسی کۆتایی شەستەکان حکومەت ناچار کرا بە ئازادکردنیان ، دوابەدوای ئەوەی حکومەتی سلێمان دیمیرال هەمووجۆرە بلاّوکراوەو شریت و نەوارێکی بۆنێو خاکی کوردستان بەپێی یاسا قەدەغە کرد [٦٧].

ئەم قۆناغە قۆناغی کۆبونەوەی جەماوەری و خۆپیشاندانی خوێندکارانی زانکۆکان بو، کەشوێنێکی دیاری لە مێژووی هاوچەرخی کوردا هەیە [٦٨]، ڕێکەوتنی ئازاری ١٩٧٠ و بەیانی ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی باشور زیاتر جۆش و خرۆشی دایە کارو چالاکیەکانی کورد، زیاتریش سەرانی تورکی هارکرد، بەجۆرێك سەرۆکی تورکی بەئاشکرا لە لێدوانێکیدا ووتی:" ڕووداوەکانی ڕۆژهەلاّت کە کۆمۆنیستو کورد پێی هەڵدەستن هەولێکە بۆدامەزراندنی دەوڵەتی کوردی و دابەش بونی وولاّت "[٦٩]، بەیانی یانزەی ئازار هێزێکی مەعنەوی بوو بۆکوردی باکور، هەروەها بەستنی کۆنگرەی جیهانی بۆ ئاشتی کەلە مۆسکۆ بەسترا لە ٢٥-٣١ی ساڵی ١٩٧٣ نوێنەری ١٢٠ ڕێکخراوی نێودەوڵەتی وەزیاتر لە ١١٠٠ ڕێکخراوی ناوچەیی لە ١٤٣ وولاّت بەشدار بوون، ئەمە فراوانترین کۆنگرەی گەلی بوو لە مێژوی بزافی جەماوەریدا لە جیهاندا، لە ڕاپۆرتێکی

کۆنگرەکەدا هاتووە، کۆنگرە پێشوازی لە سیاسەتی حکومەتی عێراق دەکات لە چارەی کێشەی کورد بە ئاشتی و دیموکراتی لەسەر بنەمای حوکمی زاتی، کە دەکرێ نمونەیەکی گونجاو بێت بۆ ناوچەکانی تر [70].

ئەم بەیانە لە زۆربەی کوردستانی تورکیادا بلاّو بویەوە، ڕۆژنامەی (اقشام ) لەدۆسیەی کوردستاندا بەیاننامەکەی بلاّوکردەوە، ئیتر هەموو ئەگەرەکانی چارەی ئاشتی و دیموکراتی لەزیهنی کوردانەدا سەری هەڵدابوو، ئەمەیش زیاترلێکنزیکی لەنێوان ڕوناکبیران و بیرمەندانی تورکی و کورددا گونجان [71]، کاریگەریەکانی کوردستانی باشور زۆر لەوە زیاتر بوون کەلە لێدوانەکانی دەوڵەتەوە بەئاشکرا دەوترا، قسەکەری ڕەسمی ڕژێم و وەزیری داد ئیسماعیل ئارار لە کۆبونەوەیەکی پارتی گەلی کۆماری یاسای عەسکەری ڕژێم لە ڕۆژهەلاّتی ولاّتەکەیدا بەوە پەردەپۆش دەکات، کەتورکیا لەبەردەم خەتەری کێشەی کورددایەو بارزانی چاوی تەماعی بڕیوەتە تورکیا، کوردەکان لە تورکیادا پارتی ئازادی کوردیان، دامەزراندووەو چەپە ڕادیکاڵەکانیش لە ژێر دروشمی نەتەوەکانی تورکیادا پشتگیریان لێدەکەن. یاخود لە ١٩٧١/٤/٢٨ز وەزیری داد لەرێی ڕادیۆوە ڕاگەیاند" ملیۆنەها کورد لە پارێزگاکانی ڕۆژهەلاّتدا نەخشەی شۆڕشێکی چەکداریان کێشاوە" ، لێرەدا راستەوخۆ دانیان نابوو بەوەی کەملیۆنەها کورد لە ژێر زەبری ڕەگەز پەرستانی ڕژێمی تورکیا دەناڵێنن [72] لەو قۆناغەدا جولاّنەوەی کورد لە تورکیادا لەژێر کاریگەری جولاّنەوەی کوردی عیراق و چەپی تورکیا پێشکەوتو بوو، کەلە کۆتایی ساڵەکانی شەستەوە تاوی سەندبوو، دەتوانین بڵێن جولاّنەوەی کوردی لە قۆناغی ١٩٧١-١٩٧٩ ئەگەرچی هێندەی چەپی تورکیا زەربەی بەرنەکەوت، کە هەموو سەرکردە ڕادیکاڵەکانی بەجارێ کوژران، بەلاّم ئەویش لەدوای کودەتای ١٢ی مارتی ١٩٧١ز لاوازبوو، لێرەدا ناکۆکی نێوان





پارتە سیاسیەکانی کوردو ڕادیکاڵتربوونی ڕژێم زیاتر کاریگەریان هەبوو، تەنانەت ڕوناکبیرو ڕۆشنبیرە زیندانیکراوەکانیش لەزینداندا بەش بەش بوبون [73]، ئەمە لەدۆخێکدا بوو کەسیاسەتی نکوڵیکردن لەنەتەوەی کورد لەبرەودابوو تاسەرەتای هەشتاکان، واتە تاسەردەمی ئۆزال [74]، دیارە کورد بەدەر لە کاریگەربوون بەڕەوتی چەپ و شۆڕشەکانی باشوری کوردستان بەکەڵك وەرگرتن لەسیاسەتی نەرمی نواندنی حکومەت لەمەڕ زیندو بونەوەی لایەنی ئایین شوێنی خۆیان لە نێوەندە ئاینیەکاندا کردبویەوە، بەتایبەتی لەنێو نەوڕەسیەکاندا، کە دەگەڕێتەوە بۆسەعیدی کوردی، ئەم ڕێبارە دواتر (فتح الله جولين ) دەیبرد بەڕێوە، ئەوان ڕۆڵێکی کاریگەریان هەبوو لەناو تورکیا لە حەفتاکاندا، ساڵی ١٩٧٨ ز گۆڤارێکیان دەرکرد بەنێوی (سیزینتی) ، پاشان گۆڕا بۆ ناوی گۆڤاری (زمان) چەند گۆڤارێکی تریشیان هەبوو وەك گۆڤاری سور و زەفەر، بەدەیەها خوێندنگاو زانکۆیان دروستکردو خاوەنی ٢٠ ئێزگەی ڕادیۆو کەناڵی تەلەفزیۆنی بوون‌و خاوەنی دامەزراوەیەکی مالی گەورەبوون بەناوی ئاسیا فاینانس و خاوەنی چەند بانکێکی تریش بوون [75]، دیارە ڕەوتی ئایین و زیندوکردنەوەی لەناو کورددا، بەدەربوو لە ڕەگەزی نەتەوەیی، ئاسان کاریەکانیش تەنها لەوەدا خۆیان دەدیەوە کەڕێگرێك بن دژی ئەو تەوژمە چەپگەریەی خۆی خزاندبویە ڕێکخستنی زۆرێك لە پارتە کوردیەکانەوە، لەبەرئەوە هەموو گرتن و کوشتنێکی کورد لەبەر ڕەگەزی نەتەوەیی‌و جوداخوازی زمان و نەتەوە گیراوە لەو قۆناغەدا، کوردێك لەسەر سروتێکی ئاینی نەگیراوە، بەڵکو لەسەر شیعرێکی کوردی یان ئەلف و بێیەکی کوردی‌و وتەیەکی کوردی گیراون، ساڵانی ١٩٧١-١٩٧٣ دادگای نیزامی دیاربەکر زیاد لە هەزار کوردی جوداخوازی حکومدا، بەردەوام لەساڵی ١٩٧٥ ز بەدواوە زیاد لە ١٠هەزار کۆماندۆی تورك لە سنوری کاری چاودێری‌و

جموجوڵەکانی کوردا ئامادەباش بوون [٧٦]، لەساڵی ١٩٧٥ز کۆتایی هاتنی جوڵانەوەی بارزانی بۆلایەنە ناسیۆنالیستەکانی چەپی کوردیش چەندین واتای هەبوو، بەرلەهەموو شتێك ئیتر ئەکتەرێکی پاڵپشت بۆ جوڵانەوەی کوردی تورکیا نەما، ئەمەیش دەبوویە هۆی خێراتر بونی پرۆسەی تایبەتیبونی جوڵانەوەی نەتەوەی کورد لەتورکیا، کەلە ساڵەکانی شەستدا هەنگاوی بۆ هەڵگیرابوو، دووەمیش ئەوەبوو کە کۆتایی چاوەڕواننەکراوی جوڵانەوەی بارزانی کەرۆڵی پاڵپشتی بۆجوڵانەوەی کورد لەتورکیادا دەگێڕا، جوڵانەوەی کوردی تورکیای خستبووە ناو شۆکەوەو ڕوبەڕوی بەر پرسیارەتی تازەی کردبویەوە، ئەم جوڵانەوەیە لەڕوی دروشمەوە سەمبولیەکانی لە هەموو کاتێکی تر کوردستانی بووبوو، ئیتر خۆی وەکو ئەڵقەی دوای جوڵانەوەی سنور بەزێنی کوردی دەبینی، کەهەموو سەدەی بیستی دەگرتەوە، بەم جۆرە لەشاگردیەوە پلەی مامۆستای بەدەستهێناو ئیدی پێویست بوو کەببێت بە ئەکتەرێکی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستداو ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە، دوایش جوڵانەوەی بارزانی و کۆتاییەکەی ئەوەی پیشاندا کەسیاسەتی پشت بەستن بەئەمریکاو ڕۆژئاواو ئیسرائیل و ئێران سەرکەوتن بەدەست ناهێنێت، بۆیە ئەمە بوو بەهۆی ڕادیکاڵتر بوونی جوڵانەوەی کوردی لەتورکیا کەبەرەو چەپ ڕۆشتبوو لەساڵی شەستەکان [٧٧]، لێرەوە قۆناغێکی نوێ لە ناسیۆنالیزمی کورد لەتورکیا دەستیپێکرد، کەئیتر پشت بەگۆڕانی کوردستانی باشور و سیاسەتی دەرەوە نەبەستێت، لەم خاڵەوە دەرکەوتنی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا ڕەنگدانەوەی ئەم قۆناغە نوێیە بو.





## خەباتی ڕێکخراوەیی و پارتایەتی ناسیۆنالیزمی کورد

## باسی یەکەم :کوردو پارتی کرێکارانی تورکیا

پارتی کرێکارانی تورکیا یان پارتی کرێکارانی تورك لە شویاتی ١٩٦١ لە ژێر سەرکردایەتی محمد علی قیقداردا [٧٨] دروست بوو لەم حیزبەدا ژمارەیەکی بەرچاو لەسەرکردە مارکسیەکان و سەندیکا کرێکاریەکان کۆبوبونەوە، ئەم حزبە نوێنەرایەتی‌و هاوپەیمانی نێوان کرێکاری پیشەسازیەکان و کشتو کاڵ‌و ڕوناکبیرەکان و هەندێك لەخاوەنداره بچوکەکان‌و خاوەن پیشە ئازادەکانی دەکرد [٧٩]، دیارە ئەم پارتە هەروەکو پارتی کۆمۆنیستی عیراق کاریگەری بەرچاوی لەسەر هەڵسوڕانی ناسیۆنالیستی کورد دانابوو، هەربۆیە پێشکەوتو خوازترین کەسانی کورد لەپارتی کرێکارانی تورکیادا چالاکیان دەنواند، کە لە ساڵی ١٩٦٣ز بەدواوە ژمارەیەکی زۆر لە ناسیۆنالیستانی کورد چونە ناو پارتی کرێکارانی تورکیاوە، لەڕاستیدا لەم بەراییەدا گروپێکی زۆر بچوك لەپارتی دیموکراتی کوردستاندا بوون، کەلە باسی داهاتودا باسیان دەکەین [٨٠]، دیارە کاردانەوەو قورسایی جموجوڵە کوردیەکان کاریگەری لەسەر ئەم حزبە دروستکرد بوو، بەتایبەتی کە پارتی کرێکارانی تورکیا پارتێکی چەپی پێشکەوتنخوازبوو و بڕوای بە سۆسیالیزم هەبوو، ئەمەیش وایکردبوو کەڕوناکبیرە کوردەکان بخزێنە ئەو حزبەوە، لە سەرەتاوە ئەم حیزبە هەڵوێستی لەمەڕ کورد هەڵوێستێکی سیلبی و ناتەبابوو لەگەڵ خواستەکانی کورددا، ئەم جیاوازیانەیش لەناوخۆی حیزبەکەدا لەداهاتودا شوێنیان دیاربوو [٨١]، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم حیزبە لەگەل دامەزراندنیدا هەموو پێکهاتە جیاوازەکانی چەپ و پێشکەوتوخوازی نەتەوە جیاوازەکانی لەخۆیدا کۆکردبویەوە، هەرئەم بۆچونە جیاوازانەی ناو حیزبیش بوو ئەو دابەشبونانەی بەرەی چەپی بە دوای خۆیدا هێنا لەنیوان ساڵانی ١٩٦٣-

١٩٨٠ ز ڕوویدا، تەنانەت بە حیزبی خیانەت و جاسوسی وولاّتانیش تۆمەتبار دەکرا، لەلایەکی ترەوە لەم قۆناغەدا هێزی چەپ لەگەڵ هێزی ڕاستڕەوی تورك لە ململانێیەکی توندا بوون، ململانێی ئەم ڕەوتانە ڕوپەڕی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی بەزاندو دەستی دایە کوشتو بڕو تیرۆرکردنی یەکتری، لەتورکیادا ئەو دەمانە بەسەرکردایەتی پارتی کرێکارانی تورکیا چەندین یانەی ڕوناکبیری و ڕۆشنبیری فیکری و چەندین یەکیەتی خوێندکارانی لەزانکۆی ڕۆژهەلاّتی ناوەڕاست دامەزرا لەئەنقەرە، ئەم حزبە ساڵی ١٩٦٣ کۆنگرەی گشتی لە ٤ی کانونی ١٩٦٣ ز گرێدا، کە تیایدا تەواوی دامەزراوە چەپگەراکانی کۆکردبویەوە، سەرەنجام هەیئەیەکی بەڕێوەبەرایەتی لە ١٨ ئەندام پێك هات کە ٥ یان کورد بوون، لێرەدا سوسیالیزمی زانستیان کرد بویە بنەمای خەباتکردن لە پێناوی سەربەخۆی و دیموکراتیدا ئەمەیش لە ژێر دروشمی شۆڕشی دیموکراتیانەی گەلاندا کاریگەری وەرگرتبوو [٨٢]، ئەم دەزگایە ٥٤ فەرعیشی لە ویلایەتەکانی تورکیا کردبویەوە، کەفەرعەکانی ئەستەمبوڵ و ئەنقەرەو دیاربەکرو ئەرزڕۆم لەچالاکترین لقەکانیان بوون و شوێنی چالاکترین لقی یەکیەتی یانە فکریەکانی ساڵانی ١٩٦٣-١٩٦٥ یان داگیرکردبوو [٨٣]، ئەم حزبە لە هەڵبژاردنی ساڵی ١٩٦٥ ز بەشداری کرد ، توانی ١٥ کورسی بەدەست بهێنێت لە ئەنجومەنی نەتەوەیدا، لێرەوە ژمارەیەك لە کوردەکان توانیان ببنە ئەندامی ئەو ئەنجومەنە [٨٤]، دیارە پارتی کرێکارانی تورکیا لەو ڕووەوە بۆکورد سەرنج ڕاکێش بوو کەلە ڕێگای یەکیەتی حیزبەکانەوە ئامرازێکی بۆڕێکخستنی خەڵکی ئاسایی فەراهەم کردبوو، پارتی تا ئەو کاتەیش خۆی حەزی لێنەبوو بەئاشکرا مەسەلەی کورد بخاتە ڕوو، بەلاّم لەگەل هەندێکیش گەلی کورد چونە ناویەوە، چونکە لە هەموو حیزبەکان زیاتر ئامادەیی گوێگرتن لەمەسەلەکەیان هەبوو، هەربۆیە هەڵسوڕاوی خۆپیشاندانەکان





و خوێندکارە کاراکانی ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٢ بونە هەڵسوڕاوی ئەو حزبەیش لە شەستەکاندا، لەوانە تاریق زیاد ئەکینجی کەیەکێك بوو لەو چوار کوردەی ساڵی ١٩٦٥ ز لەناو پانزە کاندیدەکەی پارتی کرێکارانی تورکیا بوو بە نوێنەری ئەنجومەنی گەورەی نیشتمانی، بەمجۆرە لە کۆتاییەکانی شەستەکاندا کوردو عەلەویەکان بونە کۆڵەکەی پارتی کرێکارانی تورکیا، دیارە هۆکارێکی تری ڕوکردنە چەپ لەلایەن کوردەکانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی مەسەلەی موڵکایەتی زەوی و دەسەلاّتی چینی ئاغاکان وای کردبوو ڕوبکەنە پارتی کرێکران [٨٥]، لەگەڵ هەموو ئەمانەیشدا هەڵوێستی پارتی کرێکاران هەڵوێستێکی واقعی نەبوو کەگەلی کورد وەکو نەتەوەیەك بناسێت، بەڵکو لە ڕوانینێکی ئابوریانەوە سەیری کێشەکەی دەکردو زۆر جاریش هەڵسوڕاوی نەتەوەخوازانی لەلا بێبایەخ بوو، کەباسی کوردو نەتەوەی کورد و مافی کوردیان بکردایە. یەکێك لە ڕێبەرەکانیان بەناوی محمد علی ئایبار لەکۆنگرەیەکی نێو دەوڵەتی لەشاری ستۆکۆڵم ڕایگەیاند" کێشەی کورد لە تورکیادا بوونی نیە". بەلاّم کورد هەرشوێنی لەناو حیزبەکەدا مابویەوەو بەجێگای ئومێد یان دەزانی، حیزبەکەیش وەکو ئەندامانی کورد شوێنی بەرینی بۆدانابوون، بەلاّم وەکو دانانان بە کێشەکانیاندا مات و بێدەنگ بوو، ساڵانی ١٩٦٨-١٩٦٩ ز یەکێك لە کوردەکان بەناوی دکتۆر تارق ئاکینجی کەنوێنەری دیاربەکر بوو، بوو بە سکرتێری ئەو پارتە، کە پێشتریش ئەندامی ئەنجومەنی گەورەی نیشتمان بوو، تەنانەت ڕێکخراوو سەندیکا کوردیەکان تەواویان لە دەوری ئەم حزبە کۆبونەوە [٨٦]، هەروەها محمد علی ئەسلاّن ڕابەری پارتی کرێکارانی تورکیا لەکۆتایی ساڵی ١٩٦٩ز مانگنامەیەکی بەهەردوو زمانی کوردی و تورکی بەناوی یەنی ئاگوش – ئاڕاستەی نوێ – چاپ و بلاّو کردەوە، کەتیایدا بۆیەکەمین جار پرسی مافی نەتەوەی کوردی خستبویە

ڕوو، بەڵام گۆڤارەکە لەچوارەمین ژمارەیدا وەستێنرا، کاردانەوەی حکومەت دژی چالاکیەکانی ئەم پارتە ڕووله زیادبوو، لەکاتێکدا لە مانگی کانونی دووەمدا ١٩٦٧ حکومەتی سلێمانی دیمیریل بە پێی بڕیار نامەیەکی ڕەسمی ئامادەکردن و بڵاو کردنەوەی هەرجۆرە نوسراوێکی بەزمانی کوردی قەدەغەکرد، لەگەڵ ئەوەشدا پانتۆرانیەکان کەوتنە چالاکی و بڵاوکراوەیەکیان بەناوی (ئۆتۆکان) دەرکرد، کە زیاتر کاردانەوەی نوسینی چەپەکان بوو لەسەر کورد، هەربۆیە ئەم بڵاوکراوەیەش لەلایەن تۆرانیەکانەوە دژی کورد بوو، ئەوان ووتارێکیان نوسی بوو بەناوی هات و هاواری کوردی سوور تیایدا هەموو شتێکی نابەجێیان دژی کورد وتبوو، کورد یەکسەر دژی ئەم بڵاوکراوە ڕاپەڕینو وەڵامیان دایەوە، ئەوەبوو لەبڵاوکراوەیەکدا بەناونیشانی (وەرن بۆلانەی توندو تیژی ، ببینن کەچ کەسێك ئەوی دیکە لەناو دەبات) هەڕەشەیان لەتورکەکان کرد ، کۆمەڵەی زانکۆیانی نۆزدە شاری کورد نشینی بینگول، تەبلیس ،العزیز ،جەزیرە، دیاربەکر، ئەرزڕوم ،وان ، ئورفە، موش، سیڤەریك، لەوەڵامی نوسەری ووتاری ئۆتۆکان ڕایانگەیاند" ئێوە دەتانەوێت ئێمە بەرەو جەنگی برا کوژی بەرن، ووڵات لە حەمامی خوێندندا نوقم بکەن و بیکەنە مەیدانی جەنگ، زۆر باشە بفەرمون بۆمەیدان ئەوسا دەبینن چ کەسێك ئەوی تر لە ووڵات دەردەکات " ، هەروەها لەبانگەوازی کۆمەڵەی زانکۆیانی کورد ڕۆژی ٣ی ئاب ١٩٦٧ ڕێپێوانی جەماوەری لە هەمو کوردستان بەڕێوە چوو، لە سلیڤان دەهەزار بەشداریان کرد، لە دیاربەکر٢٥ هەزار، ئەم ڕێپێوانانە خاڵی وەرچەرخان بوون لەمێژووی بزوتنەوەی هاوچەرخی کورد، چونکە دوای ٣٠ ساڵ جارێکی تر کورد توانی بەئاشکرا دژی حکومەت ڕاپەڕن [٨٧]، هەموو ئەمانەیش کاریگەری پارتی کرێکارانی تورکیایان لەسەربوو، ئەم حیزبە تەنها پارتێکی چەپ بوو کەتوانی تاساڵی ١٩٧١ ز





بەشێوەیەکی ڕێپێدراو لە تورکیادا بمێننەوە، لە کۆنگرەی چوارەمیدا ١٩٧١ دانی نا بەبونی کورددا، بەڵام ئەوکات جیابونەوە لە ڕیزەکانیدا ڕویدابوو، هێزی ناسیۆنالیستی کوردیش ڕووی کردبویە دامەزراندنی پارتی سەربەخۆ، کە هەمویشی دەگەڕایەوە بۆکەمتەرخەمی خودی حزب لە درەنگ دانان بەمافەکانی گەلی کورددا [٨٨] بەمجۆرە لە حەفتاکاندا پارتی کرێکارانی تورکیا چاوی خشاندەوە بە سیاسەتی هەڵەیدا، دکتۆر تارق زیاد کەنوێنەری کوردی شاری دیاربەکر بوو و لە سەرکردەکانی حزبیش بوو لە بابەتێکدا کەلە گۆڤاری (قورم) بڵاوبوبویەوە، پشتگیری خۆی بۆ شۆڕشی کورد لە عێراق دەربڕیو وەدانینا بە عەدالەتی کێشەی کورددا و پێی وابوو جەوهەری خواستەکانی کورد خواستێکی نیشتمانیو دیموکراتین، ئەو بانگەشەی خەباتی دەکرد لەپێناو بەهرەمەند بوونی گەلی کورد بەمافە نەتەوەییو دیموکراتیەکانی لە چوار چێوەی کۆماری تورکیادا، هەرئەم بۆچونانەیش بوون لە کۆنگرەی ساڵی ١٩٧٠ی حزب لە ئەنکەرە گەیشتنە ئەوەی بڵێن:

١. گەلی کورد نەتەوەیەکە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی تورکیادا بونی هەیە[٨٩]
٢. تەواوی حکومەتە فاشیەکان لەبەرامبەر کێشەی کوردا سیاسەتێکی کوشتو بڕو چەوساندنەوەیان نواندووە .
٣. هۆکاری سەرەکی دواکەوتنی ناوچەکەیان لەچاو ناوچەکانی تردا کەگەلی کوردی تیا نیشتەجێیە دەگەڕێتەوە بۆسیاسەتی کۆمەڵایەتی ئابوری کەلەلایەن چینە باڵا دەستەکانەوە لەڕوویان ئەنجام دراوە.
٤. کێشەی هەرێمەکانی ڕۆژهەڵات تەنها کێشەی بۆچونە فاشیستیەکانی دەسەڵاتی سەر دەست و باڵادەستە .
٥. پشتگیری دەکەین لە خەباتی گەلی کورد لەپێناو مافە دەستوریەکانیان،



هەواڵنامەی کتێب

وەکو مافی هاوڵاتی و خواستە دیمو کراتیەکان، ئەمەیش تەنها ئەرکێکی پێویست و شۆڕشگێڕانەیە.

دیارە ئەمە گۆڕانێکی گەورە بوو لە فیکری سیاسی تورکیادا لە مەڕ کورد، کەدانانان بوو بەبونی گەلی کوردو چەوسانەوەی ئەو گەلە لەلایەن دەسەڵات، ئەمەیش حزبێك دەیووت کە ١٥ ئەندامی لەپەرلەماندا هەبوو [٩٠]، بەڵام پاش ئەوەی ئەم دانانەیش بەمافی کورد لە کۆنگرەی چوارەمی حیزبدا هات، لەگەڵ ئەوەشدا گروپێکی بەرچاو لە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆ بڕیاری جیابونەوەیان لە چەپی تورکی داو ڕێکخراوێکیان بەناوی یەکە شۆڕشگێڕیەکانی کلتوری ڕۆژهەڵات دامەزراند، ئەم پێشکەوتنە ڕێکخستنیە بەمانای تێپەڕکردنی دروشمی گەلی تورك و کێشەی سۆسیالیزم و گەیشتن بە دروشمی گەلانی تورکیاو کێشەی ڕزگاری نەتەوەیی دەهات، لەبەیانی یەکەمی ئەم ڕێکخراوەدا کە٣٠٠،٠٠٠هەزار نوسخەی لێ چاپ کرا بانگەوازی تێکۆشان لەبەرامبەر ئیمپریالیزمی ئەمریکاو بەکرێگیراوە هەرێمیەکان و ئاغا موڵکدارەکان و سەرمایەدارە گەورەکان خواستێکی گۆڕانکاری هێنایە ئاراوە و بانگی پێشخستنی کلتوری شۆڕشگێڕانەی خەڵك و بلاّو کردنەوەی ئەو کلتورە درا، ژمارەکانی تری ئەم بەیانە کۆماندۆکانی گەلی دەگرتەبەر ڕەخنەو سەبارەت بە جولاّنەوەی گەل لەڕۆژهەلاّتدا زانیاری تەواوی دەداو پێشنیاری دروستکردنی بەرەیەکی لەبەرامبەر فاشیزمدا ڕادەگەیاند، جیاوازی سوننەو عەلەوی و ڕۆشنبیرانی کوردیش هەندێك لە بابەتە هەمیشەییەکانی بەیانەکە بوون [٩١]، بۆچون هەیە دەڵێت ئەو جیابونەوەیە پێش کۆنگرەی چوارەمی پارتی کرێکاران هات، هەرلەو کاتەوەی کەخۆپیشاندانەکانی ساڵانی ١٩٦٨-١٩٦٩ ناسیۆنالیستانی ڕۆژهەڵات ڕێکیان خستبوو، ئەم جیابونەوەیەش زیاتر فیدراسیۆنێکی زانکۆیی بوو کە لەدەوری یەکتر کۆبوبونەوە، هەموو





ئەوانەیش پێشتر لە پارتی کرێکارانی تورکیا بوون کەناویان بە (دوپەرچی دوگو کولتوراوکا کلاری)(د٠د٠ك٠ئ٠ۆ) دەهات، واتە کۆمەڵەی فەرهەنگی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاّت ، ئەم جیابونەوەیە گرنگیەکی زۆری هەبوو لە ڕووی سیاسی و مێژوویەوە، چونکە سەرەتای جیابونەوەی نیوّان زانکۆیانی چەپی کوردو پارتی کۆمۆنیستی تورکیا بوو، لەلایەکی ترەوە پێکهاتەی ئەم کۆمەڵەیە ئامادەی ئەرستۆکرات و ڕوناکبیرە سیاسیە کوردەکانی تێدابوو [٩٢] ،ئیتر ئەو کوردانەی کەلە پارتی کرێکارانی تورکیاو پاشان کۆمەڵەی فەرهەنگی و شۆڕشگێڕی ڕۆژهەلاّت و ڕێکخراوی لاوانی پارتی کرێکاراندا چالاکیان دەنواند سەرجەم لە دەوری یەك کۆبونەوەو گروپێکیان بەناوی خەڵکی ڕۆژهەلاّت پێکهێنا [٩٣] زیاتر چالاکیەکانی ئەم پارتانە خۆی دەبینیەوە لە خۆپیشاندانی نێو شەقام و شارە جەنجالّەکانی وەکو ئەستەمبوڵ و ئەنکەرە، ئەمانە هێزێکی کارای کوردی و هەستێکی ناسیۆنالیزمی بڕوا بەخۆ بوون دەیجولاّندن، لەبەرامبەردا حکومەتی تورکیا دژی ئەم زیادبونەی نفوسی کورد بوو لە چوار چێوەی ئایدیا کۆمۆنیستیەکاندا، ئەوان تاڕادەیەکی باش کێشەی کوردیان زیندوکردبویەوەو لێرەو لەوێی لێدوانەکانیاندا دانیان بەمافی کورددا دەنا، هەربۆیە حکومەتی ئەنقەرە سیاسەتی زیندوکردنەوەی ئاینی لەنێو کورددا گرتەبەر، حکومەت لەکۆبونەوەی نوێژی هەینیدا مەلاکانی هاندەدا کەنەفرەت لە شیوعیەت بکەن، ئەمە لە کاتێکدا بو کەچەپەکان هەنگاویان بەرەو هێزێکی شۆڕشەوان دەنا، ئەوان لەتەواوی ڕووداوە گەورەکانی ساڵانی ١٩٦٠ -١٩٧١ ڕۆڵی بەرچاویان دەگێڕا، لێرەوە کوشت و کوشتارو تیرۆر مەیدانی سیاسی تورکیای تەنی [٩٤] لەپاش ڕوخانی شۆڕی بارزانی ١٩٧٥ ئیتر کوردەکان هێندەی تر کاریگەر بوون بە دروشمی چەپەکانو ڕقیان لە ئەمریکاو ئیسرائیلو سیاسەتی ئیمپریالیزمی ئەو سەردەمە دەبویەوە، ئەوەبوو



هەواڵنامەی کتێب

خوێندکارانی زانکۆی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە ئەنکەرە لەخۆپیشاندانەکانیاندا هێرشیان کردە سەر سەفیری ئەمریکیو ماشێنەکەیان سوتاند، کەیەکێك بوو لە بەکرێگیراوەکانی ئاژانسی هەواڵگری (سی ئای ئەی )ئەمریکاو یەکێك بوو لەتاوانبارانی جەنگی ڤێتنام [95]، خەباتی چەپەکان لەو قۆناغەدا پێشکەوتنخوازی بە شێوەی کەمالیزمی دەگرتەبەر ڕەخنە، ئەمەش لەبەر ڕۆژئاوایی بوون و بونیان بە میسۆنەری ڕەزامەندانەی کاپیتالیزم و ئیمپرسیالیزم ، هەروەها ڕەخنەیشی ئاڕاستەی هەندێك لە ڕۆشنبیرانی چەپ دەگرت ٠

لەسەرەتاوەو پێش دروستبوونی کۆمەڵەی خەڵکی ڕۆژهەڵات، کۆمەڵەی فەرهەنگی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات بەشێوەیەکی سروشتی هێڵێکی هاوشێوەی چەپی تورکیای هەبوو کەلێوەی دەرکەوتبوو ، بەلاّم لەم هێڵەدا زیاتر جەخت لەسەر ڕاستیەکانی بونی کورد دەکرایەوە ، یەکەمین بڕیارەکانی کۆبونەوەی دامەزراندنی گشتی ئەم کۆمەلاّنە بەم شێوەیە سەرنجی خۆی لەسەر کورد دابوو:

٠١ لەنێو یەك پارچەیی تورکیادا کوردیش هەیە .

٠٢ زمانی کوردی زمانێکە لەتورکیادا قسەی پێدەکرێت .

٠٣ ئەم هەبوونە یەکیەتیەکی کلتوری تایبەت بەخۆی دروستی کردووە.

٠٤ کورد لە ڕۆژهەڵات و باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەناتۆلیادا لەسەر ئابوریو بازاڕێکی هاوبەش کۆبونەوتەوە[96].

دواتر وەك باسمان کرد کۆمەڵەی خەڵکی ڕۆژهەڵات دروستکرا، کەیەکەمین ڕێکخراوی یاسایی کورد بوو لە مێژوی ڕاگەیاندنی کۆماری تورکیاداو ئامانجی ئەم کۆمەڵەیە کۆکردنەوەی لاوانی کوردو ئاشناییان بوو لەگەڵ ناسنامەی نەتەوەی خۆیان و کۆتایهێنانی هەوڵی ڕژێم لەخواستی توانەوەیاندا.





لەڕاستیدا دوو کۆمیتە لەم ڕێکخراوەدا هەبوو کەهەریەکەیان ٣٠ کەس پێکیهێنا بوون ، ئەم کۆمیتانە لە زانکۆکانی ئەستەمبوڵو ئەنکارادا خەریکی چالاکی بوون، ئەندامانی کۆمیتەی ئەنکارا بریتی بوون لە ( ئیحسان ئاکۆی ، علی بای قلو، یومنو بوجاق ،سەبری شەفیق ، نەزیر شامی قاملۆ ،ئومێد فورات ،ئیبراهیم بوکلو،ئەحمد کوتان ، مومتاز کوتان، فەخرەد شاهین) کۆمیتەی ئەستەمبولێش ئەمانە دیارترینیان بون (لەیلا ئەژدەر کەتەنها ئافرەت بوو، یەلماز باڵکاش ، باتالبات، نەجمەدین بویول کایا، محمد قلیج ، ) [97]کۆمەڵەی فەرهەنگی شۆڕشگێڕی ڕۆژهەڵات لەتەواوی شارەکانی دیاربەکرو دوروبەری لایەنگری هەبوو ، مەهدی زانا ئەندامێکی کارای ئەم کۆمەڵەیە بوو، هەروەها لەباتماندا لقی کۆمەڵەکە زۆر چالاك بوون ، کۆمەڵەکە بلاّوکراوەیەکی مانگانەی بلاّودەکردەوە کەزیاتر پەیوەندی ئەندامانی ڕێکدەخست ، سەبارەت بەپەیوەندی ئەندامانی کۆمەڵو پارتی کرێکارانی تورکیا کە بەهۆی کاریگەری بەرامبەرەوە بەڕێوە دەچوو بەجۆرێکی ئاڵۆز بوو، زۆربەی ئەندامانی لەهەمانکاتدا ئەندامی پارتی کرێکارانیش بوون، هەندێکیان وەکو نوێنەر لە ٢٩ ئۆکتۆبەری ١٩٧٠ بێ ئەوەی دەنگبدەن ئامادەبوون، ئەوان لەڕاستیدا دەیانویست بەرنامەیەك داڕێژن کە ناسیۆنالیزم و سۆسیالیزم پێکەوە گرێ بدەن، کێشەی جیابونەوە لە پارتی کۆمۆنیستی تورکیاش بەیانی پرسیی ناسنامەی کوردەکانە، کە تا ئەوکاتەیش خاوەنی ناسنامەی خۆیان نەبوون ٩٨، بەلاّم دروستبوونی پارتی دیموکراتی کوردستانی تورکیاو دواتر زاڵبونی ئایدۆلۆژیای چەپ لەناو ئەو پارتە ڕویەکی تری خەباتی کوردو ئاڕاستەی ناسیۆنالیزمی چەپڕەوانەی کوردە کەدواتر باسی دەکەین.



هەواڵنامەی کتێب

## پەراوێزەکان

[١] . دیڤید ماکداول: مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێڕانی لە فارسیەوە ئەبوبەکر خۆشناو، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٣، بەرگی دووەم، لا ٨١١.

[٢] . حەسرەتیان: یاسا دەستوریەکانی تورکیاو کورد لەسەردەمی نوێدا، وەرگێڕانی لە ڕوسیەوە د. دلێر ئەحمەد، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٧، لا٦٣.

[٣] . حەسرەتیان: هەمان سەرچاوە ، لا٦٣.

[٤] . ابراهیم خلیل احمدو خلیل علی مراد: ایران وترکیا ، دراسه فی التاریخ الحدیث والمعاصر، الموصل، ١٩٩٢، لا٢٦٣.

[٥] . ابراهیم خلیل احمدو خلیل علی مراد: هەمان سەرچاوە ، لا ٢٦٣ .

[٦] . کندال وعصمت شریف وانلی ومصطفی نازدار : کردها ، ترجمه ابراهیم یونس ، چ٣ ، تهران ، ١٣٧٢، لا ٢٤.

[٧] . ابراهیم خلیل احمد و خلیل علی مراد: سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٧٠ .

[٨] . ژویس بلو: مساله کورد ، بررسی تاریخی و جامعه شناسی، ترجمه د. برویز ئەمینی، دانیشگاه کوردستان، چ١، کردستان، ١٣٧٩، لا٤٩.

[٩] .احمد نوری النعیمی: ترکیاوحلف لاشمال الاطلسی، ط١،المکتبه الوطنیة ببغداد، بغداد،١٩٨١، لا ١٦٥ .

[١٠] . حەسرەتیان: سەرچاوەی پێشوو، لا٧٠.

[١١] . محەممەد نورەدین: تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا، وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی، چ١، سلێمانی، ٢٠٠٠، لا٣٦١.

[١٢] . گوینتەر دێشنەر: کورد گەلی لە خشتە براوی غەدر لێکراو، ، لە عەرەبیەوە حەمەکەریم عارف، چ١، هەولێر، ١٩٩٩، لا٩٤.

[١٣] . گوینتەر دێشنەر: سەرچاوەی پێشوو، لا٩٥.

[١٤] . حامد محمود عیسی، القضیة الکردیة فی ترکیا، چ١، القاهره، ٢٠٠٢، لا٢٤٤.

[١٥] . صلاح سعدالله، المساله الکردیه فی ترکیا، مرحله جدیده، مطبعة شفیق، بغداد، ١٩٩١، لا١٩.





[١٦] . بئوار الیما ( نور علی موراد) : اخرین مستعمره- بحران کردستان ترکیه از اغاز تا کنون، چ١، تهران، ١٣٦٠، لا٥٢.

[١٧] • جەمال نەبەز: کوردستان و شۆڕشەکەی ، چ ٣ ، هەولێر ، ٢٠٠٧ ،لا ٦٨ .

[١٨] حەسرەتیان : سەرچاوەی پێشوو، لا ٧٠و ٧١.

[١٩] دیڤید ماکداول : سەرچاوەی پێشوو ،٨١٤ .

[٢٠] .حەسرەتیان ، سەرچاوەی پێشو ،لا ٧١و٧٢ .

[٢١] .نادر انتصار : قومیت گرایی کرد ، ترجمه عبدالله عبدالله زاده ،چ ١، تهرات ، ١٣٨١ ،لا٦٦ .

[٢٢] .نادر انتصار : هەمان سەرچاوە، لا ٦٨و٦٩ .

[٢٣] حامد محمود عیسی: سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٥٤ .

[٢٤] .حەسرەتیان : سەرچاوەی پێشوو ،لا ٧٦و٧٧ .

[٢٥] . جەمال نەبەز : کوردستان و شۆڕشەکەی ، لا ٧٧و ٧٨ .

[٢٦] . جەمال نەبەز : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٩.

[٢٧] جەمال نەبەز : هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا ٨٠.

[٢٨] . گوینتەر دیشنەر : سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٠٠ " جەمال نەبەز: سەرچاوەی پێشوو ،لا ٨٠.

[٢٩] . بئوار الیما : سەرچاوەی پێشو، لا ٦٠ .

[٣٠] .جەمال نەبەز : سەرچاوەی پێشو، لا ٨٣ .

[٣١] ابراهیم خلیل احمد و خلیل علی مراد : سەرچاوەی پێشوو ،لا ٢٩٦ .

[٣٢] ابراهیم خلیل احمد و خلیل علی مراد : هەمان سەرچاوە، لا ٢٩٨ .

[٣٣] مجید جعفر : کردستان ترکیا ، دراسة اقتصادیة اجتماعیة سیاسیة فی تحت التخلف الاستعماری، چ ١ ، بیروت ،١٩٩٩، لا ١١٢- ١١٣ .

[٣٤] . کندال و دیگران: سەرچاوەی پێشوو، لا٨٩-٦٠.

[٣٥] . کندال و دیگران : هەمان سەرچاوە ،لا ٩٢-٩٣.

[٣٦] .حەسرەتیان :سەرچاوەی پێشو ،لا٨٣ .

[٣٧] .حەسرەتیان : هەمان سەرچاوە ،لا٨٤ .

[٣٨] . کەندالْ و ئەوانتر : سەلرچاوزەی پێشو ،لا٩٣ .

[٣٩] .مجید جفغر : سەرچاوەی پێشو ، لا

[٤٠] . کەندال ودیگران : سەرچاوەی پێشو ،لا٩٣ .



هەواڵنامەی کتێب

[41] . کەندال‌ودیگران : هەمان سەرچاوە ،لا١٤٥ .
[42] . گوێنتەر دیشنەر : سەرچاوەی پێشو ، لا ٨ ٩-٩٩ .
[43] . نادر انتصار : سەرچاوەی پێشو ،لا٦٦.
[44] . نادر انتصار : هەمان سەرچاوە ،لا ٦٧.
[45] .ئیسماعیل بەشکجی : :کوردستان – کۆلۆنیەکی نێو دەوڵەتی ، لە ئینگلیزیەوە ڕێبوار ڕەشید ، هەولێر ،١٩٩٣، بەرگی یەکەم ،لا٨٤ .
[46] .حەسرەتیان : سەرچاوەی پێشو ،لا٦٩.
[47] . حەمید بوڕ ئەرسەلان : کوردایەتی و جولأنەوەی کورد ، :گۆڤاری دۆسیەی تورکیا ،ژ٤ ، سەنتەری لیکۆڵینەوەی ستراتیژی ، سلیمانی ، ت،٢٠٠٦ ،لا٨٠ .
[48] .ئیسماعیل بێشکجی : سەرچاوەی پێشوو ،لا٩١ .
[49] .حەمید بوڕ ئەرسەلان : جولأنەوەی کوردی ، ،سەرچاوەی پێشوو ،لا٨٠-٨١ .
[50] .حەمید بوڕ ئەرسەلان :.هەمان سەرچاوە ،لا٨١.
[51] . ئیسماعیل بێشکجی: سەرچاوەی پێشوو لا ٨٣ .
[52] . گۆتەر دێشنەر : سەرچاوەی پێشوو، لا ٩٤-٩٥ .
[53] . دیڤید ماکراول : سەرچاوەی پێشو، لا ٨٢٦ .
[54] . دیڤید ماکراول: هەمان سەرچاوە، لا ٨٢٩ .
[55] .عبدالفتاح علی یحیی البوتانی : وثائق عن الحركة القومية الكرديةالتحررية ط ١ اربيل ،٢٠٠١ لا٧٠٤-٧٠٦ .
[56] .حەسرەتیان : سەرچاوەی پێشوو ، لا ٧٤ .
[57] .هەمان سەرچاوە، لا ٧٨ .
[58] . ژویس بلو : سەرچاوەی پێشو، لا ٥٠.
[59] . عبدالفتاح علی یحی البوتانی : سەرچاوەی پێشوو لا ٧٠٤-٧٠٩ .
[60] . هەمان سەرچاوە لا ٧٠٥ .
[61] . ژویس بلو : سەرچاوەی پێشوو، لا ٥٠ .
[62] .جەمال نەبەز: سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٨-٦٩ .
[63] . ژویس بلو : سەرچاوەی پێشو، لا ٥١ “ گوێنتەر دێشنەر : سەرچاوەی پێشوو لا ٩٨
[64] . جەمال نەبەز :سەرچاوەی پێشوو لا ٨٣ .





[65] .حەمید بوڕ ئەرسەلان :سەرچاوەی پێشو، لا ٨٢-٨٣ .
[66] .جەمال نەبەز: سەرچاوەی پێشوو لا ٨٣.
[67] .بئوارالیما : سەرچاوەی پێشوو لا ٥٥ “ حامد محمود عیسا : سەرچاوەی پێشوو، لا٣٥.
[68] .هەمان سەرچاوە لا ٧٩.
[69] .حامد محمود عیسی : سەرچاوەی پێشوو لا ٢٥٩ .
[70] .صلاح سعدالله : سەرچاوەی پێشوو لا ٢٦-٢٧ .
[71] .جەمال نەبەز :سەرچاوەی پێشوو لا ٨٦ .
[72] .حەمید بوڕ ئەرسەلان : سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٦ .
[73] .حەمید بوڕ ئەرسەلان : سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٨ .
[74] . محمد نورەدین : تورکیا لەسەردەمی گۆڕاندا ،وەرگێڕانی ئازاد بەرزنجی چ ١ سلێمانی ، ٢٠٠٠، لا ١٤٢ .
[75] . رضا هلال : تورکیاو ململانێ ی عەلمانیەت ،ئیسلام، ،کورد، وەرگێڕانی دلێر عەباس ، سلێمانی ١٩٩٩ ، ٨٣-٨٤ .
[76] . کندال و ئەوانی تر : کردها، لا ١٤٧-١٤٨ .
[77] .حەمید بوڕ ئەرسەلان : سەرچاوەی پێشوو، لا ٨٩-٩٠ .
[78] محمد علی مقدار : ساڵی ١٩١٠ لەدایك بووە، ئەم لەسەرەتای پێگەیشتنیەوە هەستاوە بەبانگەشە بۆبیرو باوەڕی شیوعیەت بەهاوکاری لەگەڵ شاعیری تورکی ناسراو نازم حیکمەت، هەرچەند کەلە خێزانێکی دەوڵەمەندیش بوو ،ناوبراو بەشی یاسای خوێندووە لە زانکۆی ئەستەمبوڵ، بەڵام کاری پارێزگاری نەکردووە و دەستی داوەتە کاری سیاسی و سەندیکایی ، کتێبێکیشی داناوە بەنێوی (دیلی ئازادی) کەئاڕاستەی مارکسی تیادا ئاشکرا کردووە، تەواوی خۆپیشاندانەکانی دژی ئەمریکای لە تورکیادا ساڵی ١٩٧١ لەسەر دەستی ئەو ڕێکخراوەن (ابراهیم خلیل احمدو خلیل علی مراد :ایران و تورکیا، لا ٣٠٥ ).
[79] .ابراهیم خلیل احمد وخلیل علی مراد :ایران تورکیا، لا ٢٨٩
[80] . کریس کۆچێرا : بزوتنەوەی کوردو هیوای سەر بەخۆیی، لە فارسیەوە ئەکرەمی میهرداد ، سلێمانی، ،٢٠٠٣ ، بەرگی دووەم ، لا ١٣٠ .
[81] .صلاح سعدالله : سەرچاوەی پێشو، لا ٢٨.
[82] .ابراهیم الداقوقلی : اكراد تركيا ،گ ،١ بیروت ٢٠٠٣، لا ٢٣٠ .

[٨٣] . هەمان سەر چاوە ، لا ٢٣١ .

[٨٤] . نادر انتصار : سەرچاوەی پێشو، لا ٦٨ .

[٨٥] . دیڤید ماکراول : سورچاوەی پێشو لا ٨٣٦ .

[٨٦] . کیرسی کۆمیرا : سەرچاوەی پێشو، لا ١٣٠ .

[٨٧] . کیرسی کۆمیرا : هەمان سەرچاوە ، لا ١٣١-١٣٢ .

[٨٨] . کعندال –عصمت شریف وانلی واخرون : سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٦١ .

[٨٩] . صلاح سعدالله : سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٨.

[٩٠] . هەمان سەرچاوە، لا ٣٠ .

[٩١] حمید بۆز ئەرسەلان : سەرچاوەی پێشوو ،لا٨٧ .

[٩٢] کریس کۆچێرا : سەرچاوەی پێشو ،لا١٣٢ .

[٩٣] کریس کۆچێرا : هەمان سەرچاوە ،لا١٣٣ .

[٩٤] ایبراهیم داقوقلی : سەرچاوەی پێشو ،لا٢٤٠ .

[٩٥] ایبراهیم داقوقی : هەمان سەرچاوە ،لا٤١ .

[٩٦] حمید بۆز ئەرسەلان : سەرچاوەی پێشوو ، لا٨٧-٨٨ .

[٩٧] پریس کۆچێرا :سەرچاوەی پێشو ،لا١٣٣

[٩٨] کریس کۆچێرا:هەمان سەرچاوە لا٣٣

هەواڵنامەی کێتێ

# سیستــەمی دیبلۆمـاسی لـــەســەدەکانی نـــاوەڕاست دا

ن: د. ئاراس فەریق زەینەڵ

## بنچینەکانی سیستەمی دیبلۆماسیەت

کاتێك قسە لەسەر سیستەمە دیبلۆماسیەکان دەکەین، پێویستە سەرەتا باسی ئەو بنچینانە بکەین کە دیبلۆماسیەت لەسەری بەندە، پاشان لەسەر نوێنەرایەتی دیبلۆماسی توێژینەوە بکەین بە مەبەستی روونکردنەوەی سیستەمی نوێنەر یان باڵوێزەکانو هەموو ئەو مەرجە پێوەندیدارانەی کە دەبێتە هۆی هەڵبژاردنیانو تواناو مامەڵەیان لە کارەکەیاندا. ئەمەش پێویست بە باسکردنی ئاڵوگۆڕە فەرمیەکانو یاساکانی پەیڕەو دەکرێت لەو بارەیەوە.

دانوستاندنیش یەکێکە لە توخمە سەرەکیەکان کە پێویستە گرنگی پێ بدرێت بە خستنەڕووی و روونکردنەوەی. دواجار پەیماننامەکان دێنەگۆڕێو هەموو ئەو شتانەی پێوەندی بە مەرجو شێوازی ئامادەکردنو پاکنوس کردنی و پاشان جێبەجێکردن یان هەڵوەشاندنەوەیو .... هتد. لە راستیدا لێکچونێکی زۆر گەورە دەبینرێت لە نێوان سیستەمە دیبلۆماسیەکانی چاخەکانی ناوەڕاستو ئەو سیستەمەی ئێستای وڵاتان پەیڕەوی دەکەن لەم سەردەمە نوێیەدا. لەگەڵ ئەوەش جۆرێك لە جیاوازی دەبینین لەنێوان ئەو سێستێمانەدا، ئەو جیاوازیەش دەگەڕێنەوە بۆ ئەو بارودۆخەی کە سیستەمی دیبلۆماسی تێیدا سەریهەڵداوە لە





سەردەمە مێژوووییە جیاوازەکانداو ئەو کاریگەریانەی کاریان تێکردووە.

ئەو قۆناغەی کە ئەمڕۆ گەلان تیایدا رووبەڕووی هێزەکانی دەورووبەری بووەتەوە هەمان سیستەمی دیبلۆماسی بوو کە وڵاتانو میللەتانی تر لە کۆنەوە تا کۆتایی سەدەکانی ناوەڕاست پەیڕەویان دەکردو هەرگیز بەردەوامی بەخۆیەوە نەدیووە، بەڵکو بە شێوەیەکی پچر پچربووە،و هەرگیز پێڕەو نەدەکرا تەنها لەو کاتانەدا نەبێت کە بارودۆخەکە وا پێویستی کردبێ، لەبەرئەوەی زۆرێك لەو گەلانە لەو سەردەمەدا نەیان زانیوە چی باوە لە سەردەمی نوێدا لە ئامادەکردنی رۆڵی هەمیشەیی باڵوێزخانەکان لە پایتەخی وڵاتاندا، هەروەها نەیانزانیوە کە باڵوێز هەیە نوێنەرایەتی وڵاتەکەی دەکات بە شێوەیەکی هەمیشەیی لەو وڵاتانەدا. بەڵکو ئەوەی باوبوو لەو سەردەمەدا ئەوەیە نوێنەرە دیبلۆماسیەکان لە باڵوێزو نوێنەر لە بۆنە تایبەتیەکاندا دەنێردران بۆ دانوستاندن لەگەڵ بەرپرسانی لایەنی دووەم دا، هەروەها ئەو دەسەڵاتەیان پێنەبەخشراوە بۆ کاروبارو بەرژەوەندی یان کێشە بە مەبەستی گەیشتنە رێکەوتننامە لەسەری، و هەر ئەوەندەی ئەرکەکەیان تەواو دەبوو چ گەیشتن بە رێکەوتن یان شکست هێنان، دەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، ڕەنگە ئەمە یەکێك لەو فاکتەرانە بێت کە وایکرد بێت چالاکی دیبلۆماسی پچڕ پچڕ بێتو گومان لە نێردراوەکان بکرێتو ترسیان لە هەستانیان بە کاری سیخوڕیو ئاژاوە گێڕیو کاری تێکدەرانە لەو وڵاتانەی دەچوون بۆی هەبێت.

چەند بەڵگەیەکی ڕوون هەن سەبارەت بە زانیاری موسوڵمانەکان دەربارەی سیستەمە دیبلۆماسییەکان لەلای گریك و فارس و هیندییەکان و کاریگەرییان پێی، لەو بەڵگەیەدا کە (أبو الفراء) لە پەڕتوکەکەیدا، باسی زانیاری لەبواری جیا

جیا دەکات، ئەو باسی " نەریتی فارسەکان لە هەڵبژاردنی نێردراو و یاسای پادشاکان و ڕێنماییەکانیان دەکات وەك ( أردشیر بن بابك)، و زانیاری دەربارەی پەرتوکی (خدای نامە)و وەهەروەها (أبن الفراء) باسی دەقی کتێبی سیاسەتی تایبەت و بایوگرافی (نەریاتننامەی) ئەسکەندەری گەورە و وەسێتەکانی ئەرستۆ لە بابەتی باڵوێزەخانەکانو سیفەتەکانی باڵوێز دەکات، هەروەها لە کتێبی (إبن الفراء)دا خوێنەر شارەزای ئەو زانیاریانە دەبێت کە بەڵگەن بۆ لێهاتوویی‌و ئەزموونی هیندەکان سەبارەت بە ناردنی نێردراو. [١]

ئەشێ سروشتی بارودۆخی رامیاری‌و ئابوری‌و کۆمەڵایەتی لەلای گەلانی ڕۆژهەڵات‌و ئەوروپیەکان چەند خەسڵەتێکی سەپاند بێت بەسەر سیستەمە دیبلۆماسیەکاندا، ئەویش لەکاتی خستنەڕووی توخمەکانی بابەتەکەدا دەردەکەون بە شێوەیەکی ورد.

### باڵوێزو نێردراوەکان‌و پێناسەی هەردوو زاراوەکە

گەلان بە درێژایی مێژوو گرنگیان بە نوێنەرایەتی دیبلۆماسی داوە لە ڕێگەی باڵوێزو نێردراوەکانەوەو هەموو ئەو شتانەش پێوەندیان بە چالاکیەکانیانەوە هەیە لێرەدا هەوڵدەدەین پێناسەی زاراوەی نێردراو باڵوێز بکەین بەو شێوەیەی کە ناسرابوون و لەهەمانکاتدا گەڕان بەدوای ئەو مەرجانەدا کە پێویستە هەبن لە کاتی هەڵبژاردنی باڵوێزەکاندا جا چ لەسەر ئاستی ڕووخساریان بێت یاخود سیفەتی کەسایەتی یان، لەهەمانکاتدا ستراکچەری باڵوێزخانەو ستافەکەیی و لەو ڕێو ڕەسمانەش بدوێین کە دەیانگرتەبەر.

پێناسەی هەردوو زاراوەی نێردراوو باڵوێزی کراوە، نێردراو لە ووشەی





ناردن‌و (ألأطلاق)و ئاراستەکردن داتاشراوە کە بریتیە لە ناردنی کەسێکی باوەڕپێکراو بۆ ئەنجامدانی ئەرکێکی تایبەت، هەروەها زاراوەی نێردراو لەبەر چەند هۆکارێکی ئاینی بەکارهاتووە، چونکە نێردراو لە ئاییندا واتای خۆی هەیە و لەلای پیاوە ئاینیەکان (القضاء) مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام لە بواری سیاسیدا یان لەلای پادشا و دەسەڵاتداران مەبەستێکی جیاوازی هەیە، نێردراو ئەو کەسەیەکە دەنێردرێت لەنێوان دوو دەوڵەت یان حکومەت بە مەبەستی کاری تایبەت. [٢]

باڵوێز کە لە زۆر سەرچاوەکاندا دووبارە بۆتەوە، لە داتاشراوەکانی ئەم زاراوەیەدا کە (سفیری) پێناسەی کردووە بە باڵوێزی میللەت باڵوێزی وڵات، باڵوێزی ممالیك، باڵوێزی پادشاو سوڵتانەکان. [٣] لە فەرهەنگ‌و سەرچاوەکاندا بەمجۆرە پێناسەی باڵوێز هاتووە: نێردراو ئەو کەسەیە کە چاکسازی لەنێوان میللەتدا دەکات لە (لسان العرب)یشدا دەربارەی باڵوێز هاتووە دەڵێت: گەشتی بە نێوانیاندا کرد،و دەڵێ باڵوێزکرام لەنێوان میللەتدا واتا هەوڵی ڕێکخستنم دا لەنێوانیاندا، بەڵام لەسەرچاوەکاندا سەبارەت بە جیاکردنەوەو جیاکاری لە بەکارهێنانی هەردوو زاراوەی باڵوێزو نێردراودا نەهاتووە، وەك ئەوەی ناردنی نێردراو لەلایەن میر یان وەزیرو ناردنی باڵوێز لەلایەن بەرپرسێکی باڵا دەستەوە [٤]، لەو قۆناغەی مێژوودا ئەم جیاوازییە نەبووە بەڵکو سەرچاوەکەی مێژووی نوێیە. لەو توێژینەوەیەدا کە(أبن الفراء) دەربارەی سیستەمی نێردراوەکان کردوویەتی خوێنەر هیچ جیاوازیەك لەنێوان ئەو دوو زاراوەیەدا نابینێت نە لە پسپۆڕی یان پلەدا. (أبن الفراء) کتێبەکەی ناونا (نێردراوی پادشاکان‌و ئەو کەسەی شایستەی ناوەوەو باڵوێزخانەیە) بەڵام لە ناوەڕۆکی کتێبەکەدا بەکارهێنانی هەردوو زاراوەکە وەك مورادف هاتووە ، ئەگەر چی زیاتر وشەی نێردراو بەکارهاتووە وەك لە باڵوێزو باڵوێزەکان.



هەواڵنامەی کتێب

زۆرکات ئەو ئەرکانەی بەباڵوێزو نێردراوەکان دەسپێردرا لەئاستێکی بەرپرسیارێتی گەورەدابوو، بۆ ئەنجامدانی کارێ دەنێردران بەپێی جیاوازی سەرۆکی وڵات و حکومەت کە وەك دانوستاندن بە مەبەستی کۆتایی هێنان بەشەڕو بەستنی پەیماننامە، یان بەردانی دیلەکان یان چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان دوو دەوڵەت، یان پاراستنی بەرژەوەندیە جیاوازەکان، وەك بەرژەوەندی ئابوری بەتایبەتیش چالاککردنی بازرگانیو دەستەبەرکردنی، یان دانوستاندن بە مەبەستی هاوپەیمانی سەربازی دژی دوژمنێکی هاوبەشو هتد...

لە قورئانی پیرۆزیشدا باس لە نامەو باڵوێز کراوە کە دەڵێت ﴿الله أعلم حيث يجعل رسالتة﴾،[٥] هەروەها لە ئایەتی ﴿وما كنا معذبين حتى نبعث رسولا﴾،[٦] و باسی لە باڵوێز کردووە ﴿بأيدي سفرة كرام برّ﴾،[٧] ئەوانیش مەلائیکەی پێغەمبەرەکانی خودا کە بەفەرمانی خۆی ناردوونی،و تیایاندا نێردراوی سروش ئەوانەی کە هەڵبژاردەن و خالق دروستی کردوون بۆ پێغەمبەرایەتیو پەیام گەیاندن،[٨] خوا دەفەرمێ ﴿جاعل ملائكة رسلا﴾ [٩] هەروەها دەفەرمێ ﴿الله يصطفي من الملائكة رسلا ومن الناس﴾،[١٠] و خوا فەرموویەتی ﴿ويكون الرسول عليكم شهيدا﴾.[١١]

واتا یەکەم باڵوێز لە ملائیکە بوو، وەك نێردراوی نێوان ئاسمانو زەوی بەکارهێنران بۆیە خوای گەورە باڵوێزی هەڵبژارد بۆ ناردنی پەیامەکەی بۆ پێغەمبەران و سیفەتی ئەمانەتو (ألكرم)یان تێدابوو لەبەر پیرۆزی ئەو پەیامەو پیرۆزی پرەنسیپەکانیو پاراستنی گواستنەوەی بەهەموو ئەمانەتو دڵسۆزیەوە، بۆیە میللەتان لە کۆنو ئێستادا گرنگی تەواویان داوە بە هەڵبژاردنی ئەو کەسەی نوێنەرایەتییان دەکات لە ئەرکەکاندا لە نێوان ئەوانو میللەتێکی تردا، ئەو





کەسەش پێویستە قسەزان بێتو پارێزەرێکی لێهاتووو بێت لە هەموویان زیاتر قبوڵکراو بێت لەلایەن خەڵکی شارەکەوە یاخود وڵاتەکەوە.

لەکاتێکدا نوێنەرانی دیبلۆماسی دەوڵەتان پێویست بوو زانیاریی تەواو لەسەر کارگێڕیو دارایی ئەو وڵاتانە کۆبکەنەوە، ئەمەش کارێکی سوود بەخشو چاك بوو بۆ بەرژەوەندیی ئەو دەوڵەتە بەتایبەتی لەبواری هەڵسوڕاندنی ئیشو کاری وڵاتدا کە ئەرکێکی هەرە سەرەکیی کاری دیبلۆماسیەتە.

باڵیۆزی کارێکە دەوڵەت دەیسپێرێت بە کەسێکی زاناو داناو بیر فراوانو شارەزا لە وڵاتەکەیو بەرپرسان، تا بتوانێت نوێنەرایەتی دەوڵەت بکات لەلای سەرۆکەکان و هەڵگری نامەی دەوڵەت بێتو وەڵامەکان بگەڕێنێتەوە.

ئەگەر سەرنجێکی مێژوویی بدەینە دەوڵەتی دۆستەکیی کورد دەبینین ڕۆڵێکی گرنگی لەئاستی نێو دەوڵەتیدا هەبووە بەتایبەتی لەڕووی سیاسیو ئابوریو ڕۆشنبیرییەوەو شوێنی شیاوی لەنێو وڵاتاندا هەبووە، بەتایبەتی لەسەر ئاستی پێوەندییە دیبلۆماسیەکان، ئەوە بوو لەساڵی ١٠٤٩ی زاینیدا ئیمپراتۆری بێزەنتی (قوستەنتین)ی نۆیەم داوای لە میری کورد( نصرالدوله) کرد وەك دیبلۆماتێکی باوەڕپێکراو ناو بژیوانی نێوان دەوڵەتی بێزەنتیو سەلجووقییەکان بکات بەمەبەستی ئازادکردنی (قاریط)ی مەلیکی (الابخاز)، چونکە لەکاتی خۆیدا (ابراهیم ینال)ی برای بەدیل گرتبووی، هەر لەو کاتەشدا بوو کە ناوبراو دەیویست دەست بەسەر گەلانی قەفقاسدا بگرێت، میری کوردی توانی لەم کارە دیبلۆماسیەیدا سەرکەوتن بەدەستبهێنێ، بۆیە بەو بۆنەیەوە ئیمپراتۆری بێزەنتی چەند دیارییەکی پێبەخشی، لەسەردەمی ئەودا لە کوردستانی

نێوەڕاستدا کاری دیبلۆماسی پتر گەشەیکرد، چونکە هێمنیو ئاسایش لەوڵاتدا بڵاوبوونەوەو پێوەندی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێدا پەرەیسەند بوو، چونکە (نصرالدولە) هیچ کاتێ حەزی نەدەکرد ناکۆکیو گرژی لەنێوان وڵاتەکەیو دراوسێکانیدا بەرپابێ، زۆر جاریش بە پارە ئاشتیی کڕیووە، لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە نوێنەرانی دیبلۆماتی کورد چالاکو وردبین بوون، بەتایبەتی لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیاندا، هەروەك لەزمانی دیبلۆماسیەتی ئەو سەردەمەشدا زانراوە ئەو کەسانەی کە لەم بوارەدا کار دەکەن دەبێ وردبینبن، چونکە کاری دیبلۆماسی خۆی لەخۆیدا کارێکی زەحمەتو بەرچاوو ڕێکوپێکە، بۆیە هەر لادانێکیش لەم ڕێبازە ڕەنگە وڵات تووشی زەرەرو زیانێکی زۆر بکاتو ببێتە هۆی لاواز بوونی ناوبانگی ئەو وڵاتە، بەتایبەتی لەکاتی شیکردنەوەی هەر ڕستەیەك، یان وشەیەك، یان زاراوەیەکدا لەزمانی دیبلۆماسیەتەوە، ئەوا بیروڕای جیاوازی تێدەکەوێ.

### مەرجەکانی هەڵبژاردنی باڵوێزەکان

لەبەرامبەر ئەم ئەرکە ترسناکەدا کە نوێنەرو نێردراوو باڵوێزەکان پێی هەڵئەستن، شتێکی سروشتیە کەبەرپرسان بەوردی بگەڕێن بۆ هەڵبژاردنیانو پەرۆش بن بەبوونی لێهاتوویيو توانا لە ڕوخسارو کەسێتیو ڕوشنبیرییاندا، لەم کارەشیاندا وردبینیەکی زۆریان بەکاردەهێنا. ئەمەش ئەو مەرجانەمان بیردەخاتەوە کە چۆن ئەمرۆ پێویستە هەبێت لە باڵوێزەکاندا.

ئەوەی پادشاو میرەکان دەیانویست لە باڵوێزەکانیاندا هەبێت زیرەکیو داناییو بوێریو ئەمەکداری لە کارەکەیاندا ووردەکاری بوو لە جێبەجێکردنیدا. هەندێ لە نووسەرە هاوچەرخەکان گرنگیان بە ڕوونکردنەوەی ئەم پێداویستیانە داوە (کەوا پێویستە لە باڵوێز)و تۆمارکردنی ئەوەی نووسیویانە. لەبابی





شەشەمی کتێبەکەی (إبن الفراء)دا هاتووە کە دیارترین خەسڵەت کە پێویستە لە باڵوێزدا هەبێت ئەوەیە" دەبێت باڵوێز نێر بێت، ڕۆڵەت جوان و چاوتێرو دڵ وریاو تێگەیشتووبێ، توانای وتوێژی هەبێت لەگەڵ پادشاکان دا وەك یەك ڕوو دەبێت نێردراو بەجوانترین شێوە ڕازاوەو ئامادەکراو بێت...و هەموو کۆسپەکانی پێشی لابرێت بۆ ئەوەی سەرشۆڕو ملکەچ نەبێت بۆ پارەو خزمەت کەوا پێشکەشی دەکرێت، چونکە تەماع بیانوو دەبڕێت، نێردراوی باوەڕپێکراو کەسی بەسەرەوە نیە، دەبێت گرەوی چاکەی لەسەر بکرێت... هتد.."[١٢].

هەروەها (القلقشندي) باس لە خەسڵەتو تایبەتمەندیەکانی باڵوێز دەکاتو دەڵێ: (باڵوێز گوزارشتە لە هزرو ژیری پادشاکە بەنوێنەرو نووسینەکانی، چاکتر وایە کە نوێنەری پادشا خاوەن بیرێکی ڕاستو هەوەسو ئارەزوویەکی جوان بێت، لەکاتی قسەکردندا ڕاستگۆ بێت، هەروەها دەبێ لەلایەن پادشاوە تاقی بکرێتەوە لە ئەرکەکانی پێش ناردنی بۆ جێگەی مەبەست، ئەگەر کەسێکیان یاخود نوێنەرێکیان بەکارێکی فەرمی ڕەوانەی هەر شوێنێك بکردایە، کەسێکی دیکەیان وەك چاودێر لەگەڵدا دەنارد بەبێ ئەوەی هەستی پێی بکات، بۆ ئەوەی بزانن بەڕاستی ئەرکەکانی جێبەجێ دەکات،و قسەکان بەڕاستی دەگێڕێتەوە. خۆ ئەگەر ئەرکەکانی بە ڕێكوپێکیو ڕاستگۆیی جێبەجێ کرد، ئەوا پادشا بۆ کارەکانی خۆی ڕەوانەی دەکات).[١٣]

هەر لەم بارەیەوە (القلقشندی) دەربارەی گرنگی بەدوا داچوونی پادشا بۆ نێردراوەکانو بەئاگابوون لەو هەواڵو زانیارییانەی دەیانگەیاند دەنووسێت." نێردراو کە نامە یان نووسراوی ناوەڕۆك باشی یان خراپی بۆ هات دەبێ باسی ناوەڕۆکەکەی پیت بەپێت و واتا بەواتا بۆ بکات، ڕەنگە نێردراو هەندێ جار شتی

لەبیربچێت،و ببێتە هۆی تێنەگەیشتن لەنێوان هەردوولادا،و رەنگە هۆی سەرهەڵدانی ئاژاوە بەشێوەیەک بەئاسانی چارەسەر نەکرێت.[١٤] خاوەنی کتێبی (صبح الاعشى) جەخت لەگرنگی ئاگادار بوون و بەدوا داچوونی کاری نێرداوەکان دەکاتەوە لەجێگەیەکی تر لە کتێبەکەیدا بەپشت بەستن بە ئەزموونی فەرمانڕەوایەکانی پێشتر وەک فارس و گریکەکان. باس لەڕووداوێک دەکرێت کە لەپادشای فارس ئەردەشیری کوڕی بابەکەوە وەرگیراوە کە تیایدا هاتووە:-"ئەگەر پادشا نوێنەرێکی نارد هاوتایەکی وەک چاودێر بنێرێت،و ئەگەر دوو نوێنەر بوو دەبێ دوو چاودێر بێت وتابکرێت لەڕێگە یەکتر نەبینن..."،[١٥] ناوەڕۆکی ئەم رووداوە روونی دەکاتەوە کەئەوان زانیارییان لەسەر ئایینی فارس و گریک و هیندو ئەزموونیان لەبواری دبلۆماسیدا هەبووە.

نێرداروەکان لەنێوان کەسایەتیە دیارەکانی کۆمەڵگەدا هەڵدەبژێردران کەخاوەن پێگەبوون و ئەگەر ئەم مەرجانەی کەوا لەسەرەوە دەربارەی باڵوێز باسمان کرد (سفیر)، بێگومان ئەوا باڵوێزێکی نموونەییە. ئەوانەی ناوبانگیان هەبوو لەڕای بەهێز و رەوانبێژی لەقسەکردنداو دارشتن، و هەڵگێڕانەوەی کارەکان".[١٦] سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کەمەرجەکانی باڵوێز متمانەیی و راستگۆیی یە چونکە گەر "باڵوێز درۆیکرد کارەکەی تێکدەچێ"[١٧] ئەمەش وا دەکات ببنە کەسانێکی جێی متمانە کە پادشاکان پشتیان پێببەستن بۆ کاروباری باڵوێزی و دانوستاندن لەگەڵ پادشاو وەزیرەکاندا. (إبن الفراء) لەم بوارەدا دەڵێت "ئەوەی هەڵ دەبژێردرێت پێویستە دەنگ زوڵاڵ و خاوەن روخسار و شێوە بێت، هەموو خەسڵەتە چاکەکانی تێدا بێت، رەوانبێژ و زمان پاراوبێت، توانای قەناعەت پێکردنی هەبێت، پارێزەری نهێنیەکان و راستگۆ بێت لەقسەکانیدا بە تایبەت لەو ئەرکەی پێی سپێردراوە،و ئامۆژگاری گەورەکەی بکات ئەگەر



لەئاستی ئەو بەرپرسیارێتیە نەبێت،و دەبێت شێوازێکی جیاو تایبەتی هەبێت لەکاتی گفتوگۆو نامە گۆڕین لەگەڵ خەڵکی و سوڵتاندا، ئەگەر ئەوکەسە ئەم خەسڵەتو تایبەتمەندیانەی تێدا نەبێت ئەوا شیاو نیە بۆ ئەو کارە، بۆیە پێویستە لەسەر بەرپرسان کەسانی بەتواناو لێهاتوو خاوەن ئەزموون ئەو تایبەتمەندیانە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی تووشی هەڵە نەبن ئەگەر کەمو کوڕییان هەبێت تووشی بەرپرسیاریەتی نەبن".[١٨]

لەکتێبی (إبن الفراء)دا هۆنراوەیەک هاتووە کەتیایدا باس لەسیفەتەکانی باڵوێز و بنەماکانی هەڵبژاردنی دەکات. ئەو پیاوانەی بەکەڵک دەهاتن ببنە باڵوێز بەپێی بوونی سیفەتی تایبەت بووە ئەو کەسانەی هەڵدەبژێرین تا ئەو ئەرکانە جێ بەجێ بکەن دەبێ بگونجێن بۆ ئەو پۆستە. دەکرێت بەم جۆرەی خوارەوە ئەو سیفەتانە دیاری بکرێن:-

### یەکەم: سیفەتە جەستەییەکان

دەسەڵاتدارانی رامیاری دەوڵەت گرنگیان بەم جۆرە سیفەتانە داوە کردیانە کارێکی سەرەکی لەبەر گرنگی سیاسی و شارستانی ووتیان "باشتر وایە نوێنەر خاوەنی قەدو باڵ و رێکوپێک بێت، چونکە شێوەو رواڵەت پێش زمان دەکەوێتو قەدو باڵایش عەیب دەشارێتەوە".[١٩]

لە فەرموودەیەکی پێغەمبەر (د.خ) دەفەرمووێت "ئەگەر نوێنەرتان بۆ ناردم با خاوەن ناوو دەموچاوێکی باش بێت"[٢٠] لە (عمر بن الخطاب) (ر. خ) دەگێڕنەوە "رێگەتان پێدەدرێت، باشتر ناوتان دێتە پێشەوە، گەر بێنەژوورەوە باشترین روخسارتان دێنێتە پێشەوە، گەر ئاخاوتن قسەکانتان جیاتان دەکاتەوە...

چاوی پادشاکان پێش دەکەوێت بۆ ئەوەی دیمەنی جوان بێت لەنێردراوان، بەڵکو دەبوو ئەو مەرجانە لەنێردراوەکانیان هەبوایە، چونکە یەکێك بۆ میللەتێك و شاندێك بۆ کۆمەڵێك و کەسێك بۆ کەسانی زۆر بۆیە هەوڵ بدەن ئەو کەسە قۆزو جوان بێت ئەو چاوە تێربکات کە بە پەرۆشەوە بۆی دەڕوانێت".[٢١]

ئەم مەرجانەیان کردە پێشەنگی سیفەتەکانی نێردراو یان باڵوێز لەبەر کاریگەری لەناخی بینەرانیدا، لەبەرئەوەی ناخی مرۆڤ لەسەر مەزەندە کردنی جوان و ڕێزوگرتنی ڕاهاتووە، چونکە لەجوانی ناودا جادویەك هەیە کەسەرسامت دەکات هەروەها "پێویستە باڵوێز خاوەن ئایدیایەکی ڕاست و هەوەس و ئارەزوویەکی جوان و قسەزان و زمان پاراو و ڕاستگۆ بێت".[٢٢]

## دووەم: سیفەتە ڕەوشتیەکان

ئەو سیفەتەیە کە دەوڵەت کردوویەتیە مەرج بۆ باڵوێزو نێردراوەکانیان کە جۆراوجۆرە، ئەو کەسە جێی خۆیەتی ببێتە باڵوێز کە لێهاتووە بۆ ئەو کارە، دەستو داوێن پاك و سەر ڕاستو نهێنی هەڵگربێت، بەرتیل نەخوات، و زمانی باش بێ وقسەی نابەجێی لەدەم نەیەتە دەرەوە، تووڕە بوون قووت بداتەوەو ڕاستگۆ بێت لەقسەکردندا، زۆرزان بێت لە گفتوگۆدا، هێمن و لەسەرخۆ بێت، داناو خاوەن ڕابێت، بوێربێت و نەترس لە هەڕەشەو گوڕەشە نەگۆڕێت تەماع کاری تێ نەکات، هەموو شتەکان لەکاتی خۆیدا جێبەجێ بکات.[٢٣] بۆ ئەوەی وێنایەکی وردترو ڕوونتر لەسەر سیفەتەکان بدەین یان ئەو مەرجانەی پێویستە لەباڵوێزدا هەبێت بەم جۆرە لەخوارەوە خاڵبەندی دەکەین:-

١. پێویستە باڵوێز لەئاستێکی باڵای ژیری وادابێت،[٢٤] کە بتوانێت ئەودیوی



ڕووداوەکان ببینێت و هیچ ئاستێکی لاشارەوە نەبێت، وەسیەتنامە لە(المهلب بن أبو صفره) هاتووە کە بۆ کوڕەکەی کردووەو دەڵێت:- "با لەنێوان منو تۆدا پەیامبەرێکی ژیر هەبێت، و ئەگەر نوسراوێکی نووسی بە زۆر تێی بڕوانێت، چونکە نوسراوی پیاو جێگای عەقلیەتی ڕاو بۆچوونێتی".[٢٥]

٢. زمان پاراو وقسەزان بێت، لەکاتی گفتوگۆ کردندا سەرنج ڕاکێش بێت، قسەکانی سوود بەخش بێت.[٢٦]

٣. پێویستە دانا بێت و خاوەن بیانوو بەها نەبێت، و بیانووەکەی لەژێر زمانیدا بێت، لەئاماژەکان تێبگات و لەبیانووی بەرامبەرەکەی تێبگات پێش ئەوەی قسە بکات بۆئەوەی بەسانایی بتوانێت گفتوگۆ و تەڵەکە بکات بەمەبەستی گەیشتن بە ئامانجی و بەدیهێنانی مەبەستەکانی باڵوێزخانە.

٤. پێویستە باڵوێز لە پلەیەکی بەرزی بوێری دا بێت، لەگەڵ هێمنی و ویقاردا، لەبەر ئەوەی نابێت لەهەموو شتەکاندا توند بێت هەروەها نابێت نەرم بێت.[٢٧]

٥. پێویستە هێمن و لەسەرخۆ بێت، ڕەوان بێژو زمان پاراو بێت هاوکات داناو لێهاتوو و قسەزان بێت، و توانای قەناعەت پێکردنی هەبێت.[٢٨]

٦. پێویستە ڕاسگۆ بێت تا خیانەت نەکات لەو کەسەی ناردوویەتی هەروەها واز بهێنێت لە دڵ تەنگبوون و بێ فێزی، چونکە دڵ تەنگی تەنیایی و خەمباری دێنێت، و شادی و دڵخۆشی خۆشەویستی و تەبایی دروست دەکات، چونکە خۆشەویستی دڵەکان لەیەك نزیك دەکاتەوە، بۆیە پێویستە خۆی وا دەرخات کەوا ئەو سیفەتانەی تێدایە " تا دڵ تەنگی و غەمباری نەبێتە هۆیەك بۆ مێژووی دوورکەوتنەوەو ئەمەش ببێتە هۆیەك بۆ شکستی.[٢٩] پێویستە ڕاستی بخاتە پێش شتەکانی تر لەبەرئەوەی ڕاستگۆیی متمانە دروست دەکات، متمانەش باوەڕبوون دروست دەکات و ئەم باوەڕبوونە دەرفەتە بۆ بەدیهێنانی ئامانج.

٧. پێویستە متمانەی زۆری بەخۆی هەبێ، ورەی بەرز بێتو هەست بە سەرکەوتن بکات، لەدڵەوە سەرکەوتوو بێت،و زۆر چالاکانە کارەکانی جێبەجێ بکات،(٣٠) و هەوڵەکانی سەکەوتوو بێت.

٨. ئەو کەسەی باڵوێز بێت، پێویستە خاوەن رەسەنێکی باش بێت تا شکۆداربێ لەبەرئەوە ناوداری رێگەیەکە بۆ رەفتاری جوانو رێچکەگرتنی باوو باپیران، هەروەها چەند سیفەتی تر هەن کەپێویستە لەهەڵبژاردنی باڵوێزەکاندا هەبێت:-

أ. نابێت لەو پیاوانە بێت کە مەیلیان هەیە بەلای ژندا بۆ ئەوەی نهێنیەکانی پێ نەدرکێنن، چونکە ئەو جۆرە ژنانە فرتو فێڵی زۆریان هەیە بۆ زانینی نهێنی، فارسەکان بۆ زانینی نهێنی ژنیان بەکاردەهێنا.(٣١)

ب. مەشروب خۆر نەبێت تەنانەت ئەگەر زۆریشیان لێکرد، لەبەرئەوەی مەشروب حەیای خاوەنەکەی دەباتو نهێنیەکانی پێدەدرکێنێ.(٣٢)

### سێیەم: رۆشنبیری گشتی

لەگەڵ ئەو سیفەتە جەستەییو ئاکاریەی کە دەوڵەت دەیکردە مەرج بۆ دەست نیشانکردنی باڵوێز، دەبوو خاوەن رۆشنبیریەکی بەرزبێت بۆئەوەی ببێتە تەواوکەری خەسڵەتو سیفەتەکانی تابتوانێت ئەرکەکانی بەباشی بەجی بهێنێت بەبێ کەوتنە هەڵەوەو توانای هەبێت لە گفتوگۆو دیالۆکدا، مەبەست لە رۆشنبیری گشتی پسپۆری نییە لە هەموو زانستەکاندا، بەڵکە مەبەست شارەزاییە تیایدا، بەجۆرێك کە بتوانێت ئاخافتنی لەسەر بکات گەر پرسیاری لێکرا، چونکە زانست زۆر فراوانو بەربلاوە،و لەهەر شتێك باشەکەی وەربگرە، پاشان مێژوو و ژیاننامە، هاوکات ئاشنابێت بە ژمێرەو داهات وەرگرتنی باجو کاروباری دارایی هەریەك بە شێوەیەك بۆ جیاکردنەوەی راستو هەڵەکان.(٣٣) هاوکات هیچ



مەرجێکی زانینی زمان نەبوو بۆ دانانی باڵوێز چونکە نەریت وابوو کە وەرگێری بەکاردەهێنا بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکانی،(٣٤) هەروەها دەوڵەت چەند سیفەتێکی تری زیادکرد بۆ رەچەڵەکی باڵویز وەك (باڵوێز لە بنەماڵەی خانەدانو نەجیب زادە بێت، خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز بێت، دەستو داوێن پاك بێتو هەڵگری نەریتی باوباپیرانی بێت).(٣٥)

ئامانجی دەوڵەت لە زیادکردنی نەژاد، جیاکاری چینایەتی یان رەگەز پەرستی یان تێڕوانینی لەخۆبایی بوون، هەروەك میللەتان دەیانبینی، چونکە جوامێر هەر رەوشتو رەفتاری جوامێرانە دەنوێنێت، دانانی ئەم سیفەتانە لەلایەن دەوڵەتەوە بۆ باڵوێزەکانی رۆڵێکی گرنگی هەبوو لە چینێکی باشی ئەواندا، وناونیشانی بەخشندەو پیاوەتیە لەشکۆمەزنی پێوەندیە دیبلۆماسیەکانی.

### ئەو توێژانەی باڵوێزەکان لەنێوانیاندا هەڵدەبژێرن

بەزانینی بنەمای دانوستاندنو بەستنی پەیماننامەو ئەم کارە دەچێتە بواری پسپۆری گەورە کاربەدەستان ، لەبەرئەوەی باڵوێز نوێنەری وڵاتەکەیەتی لە دەرەوە بۆیە ئەو وتەبێژیەتیو دانوستاندن دەکاتو گرێ بەست دەبەستێتو واژوی پەیماننامە دەکات لەبەرئەوەی هەموو ئەمانە کاری زۆر گرنگو ترسناکن، بۆیە هەمیشە دەوڵەت پەرۆشە لەمەسەلەی هەڵبژاردنیاندا، بەتایبەتی ئەو کەسانەی کە شارەزاو لێهاتوو بەتوانان، گەر بێتوو کەسێکی لەو جۆرەیان دەست نەکەوێت، هەوڵدەدەن باڵوێزخانەیەك پێکبهێنن کەزیاتر لە کەسێك لەخۆ بگرێت، هەریەکەیان کەموکوڕی ئەوی دی تەواوبکات، بەڵام بۆیە بۆ سەرۆکایەتی کردنی ئەو باڵوێزخانەیە لێهاتووترین کەسیان دەستنیشان دەکرد کە کەم یان زۆر سیفەتەکانی تێدابێت .



هەواڵنامەی کتێب

دەكرێ ژمارەی ئەندامانی شاندەكە زۆر بكرێت بەپێی گرنگی ئەو باڵوێزخانەیەو ئامانج لەناردنی، دەوڵەت خۆی هەڵدەستا بە دەستنیشانكردنی پاڵێوراوانو هەڵبژاردنیان پاش چەند رێورەسمێك كە چەند فەرمانبەرێكی پسپۆر ئەنجامیان دەدا.

شایەنی وتنە ناردنی باڵوێزخانە ئەگەرچی لەكاری حكومەتو بنەمای سەرەكی ئەو سیستەمەیە، بەڵام پێداویستیەكانی رامیاری كەپەیوەستە بە بەرژەوندی دەوڵەتەوە كە رێگەدەدات بە سەرۆكەكان لەو بنەمایانە دەرچن، راستەوخۆ لەرێگەی خۆیانەوە باڵوێز دەنێرن بۆ وڵاتانی دراوسێ.

### ئەو دۆكیومێتانەی باڵوێزەكان هەڵیدەگرن

دەسەڵاتداران پەرۆشی ئەوە بوون كە باڵوێزەكانیان هەڵگری دۆكیومێنت بن بەناوی (التذاكر- بلیت، تكیت) كە تیایدا ناوی هەڵگری نامەو پۆستەكەی تێدابوو، لەپاسەپۆرتی دیبلۆماسی ئێستە دەچوو لەگەڵ مامەڵەی پشتگیری كە نوسەرێكی تایبەت ناوەرۆكەكەی دەنوسی بۆئەوەی باڵوێزەكان بیدەنە دەست پادشاكان.

نێردراو لەگەشتەكەیدا چاوی پێادەخشاندەوە كە شتێكی لە بیربكردایە. لەكتێبی (صبح الأعشى)دا نموونە دەربارەی ئەوە هەیە كەپاش ناوی خوار "بلیتێك لەسەر دەستی فلانی كوڕی فلان دەرچوو كەگەیشت بە فلان كوڕی فلان بەمەستی ئەنجامدانی ئەو كارانەی كەوا پێی راسپێردراوە"، [٣٦] دەوڵەت خۆشی نووسەرەكانی دا دەنارد بۆ نووسینەوەی بەدەستوخەتێكی جوانو جوانكاری كردن تیایدا تالە ئاست پلەو پایەی باڵوێزەكاندا بێت. (التذاكر). لەسەر پەرەی بەغدادی كەباشترین جۆری پەرەبوو، دەنووسرا پەرەیەكی ئەستوورو نەرمونیان بوو بۆ نووسینی قورئان بەكار دەهات.[٣٧]





نووسراوە سوڵتانیەكان بەقوڕی سوور مۆردەكرا لە سیرافەوە دەهات،[٣٨] دەوڵەت گرنگی بەباڵوێزو نێردراوەكانی دەدا كە نامەی وەرگرتنیان پێیە، ئەو نوسراوانە بریتیی بوون لەنوسراوێك كە لەسەر زاری خەلیفەوە نووسرابوون، وەك ناساندنی نێردراوەكەو ئامانج لەباڵوێزخانەكەی تا لایەنی ئەولا بڕوای پێبكەن. ئەوەی هەڵدەستا بەنووسینی نووسراوە فەرمیەكان كەسێكی شارەزابوو لەزمانی عەرەبیدا، هەندێ جاریش كۆپیەكی ئەو نووسراوە وەردەگێڕایە سەر زمانی ئەو وڵاتەی نوێنەرەكەی بۆ دەچوو،[٣٩] دەوڵەتی بێزەنتیش گرنگیان بەجوانكاری كردن لەنوسراوی باڵوێزەكاندا دەدا، ئەگەرچی دەوڵەتی بێزەنتی زیادەڕەوی لەو بارەیەوە دەكرد، (مسكویە) دەڵێت:- "پادشای رۆم لەگەڵ نێردراوەكەیدا نوسراوێكی بۆ خەلیفەی عەباسی (الراضي بألله)ی نارد لەبەغدا لە ساڵی (٣٢٦ك/٩٣٧ز)دا، نووسراوە رۆمییەكە بەئاڵتون نووسراو وەرگێڕاوە سەر عەرەبیە كە بەزیو نووسرابوو".[٤٠]

قەیسەری كەستەنتینە لەمانگی سەفەری ساڵی (٣٣٦ك/٩٤٧ز)دا نوسراوێكی بۆ خەلیفە (عبدالرحمن الناصر) نارد بەزمانی یۆنانی نووسرا بوو لەسەر نووسراوەكە پولێكی ئاڵتونی لەسەربوو لەگەڵ وێنەیەكی مەسیحو لەسەر رووەكەی دی وێنەیەكی ئیمپراتۆر بوو كە لەشوشەی رەنگاوڕەنگ دروست كرابوو.[٤١]

وەك پێشتر ئاماژەمان پێكرد لەگەڵ نوسراوی بڕوا پێكراوی (أوراق الاعتماد) هەروەها پاسپۆرتیشیان پێدەدرا تیایدا ناو و نازناو و پۆستەكەو ئەو لایەنەی ناردوویەتیو ماوەی مانەوەیو كاتی گەڕانەوەی، تێدابوو لەگەڵ داواكاریەك بۆ ئاسانكاری كارەكەیو هاوكاری كردنی لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە،و بە باشە

هەواڵنامەی کتێب

مامەڵەکردن لەگەڵیداو ناردنی بەرێگەی ئەسپەوە لەبەرئەوەی ئەسپ ئەو سەردەمە خێراترین ئامرازی گەیاندن بوو نووسراوی بڕوا پێکراو هەمیشە لە عێراق و وڵاتی شامو میسر بەزمانی عەرەبی دەنووسرا.[٤٢]

## ئەمانەتو حصانەی دیپلۆماسی

لەسەردەمی نوێدا بیرۆکەی حصانەی باڵوێزو رێزگرتنی بەندە بە بنەمای عورفو یاسای نێو دەوڵەتی لەگەڵ دەقی یاسا نێو دەوڵەتیەکاندا کە لەکاروباری دیبلۆماسیدا دیاریکرا.[٤٣]

بەڵام لەسەردەمی پێشوودا، حصانەی وڵاتان پشتی بەست بەئەحکامە ئایینەکان کە یاسای مامەڵەکردنی باڵوێزەکانی لەگەڵ پاراستنیاندا دیاریکرد، هەروەها ئیمتیازاتی تایبەتیان هەبوو، بانگەوازی گرنگو پاراستنیو فەرامۆشکردنی دەبێتە هۆی غەزەبی خواوەند،[٤٤] شەریعەتی ئیسلامیش لەم بوارەدا یاسای روونو ئاشکرای خستەڕوو، دەگێرنەوە کە پێغەمبەر (د.خ) بەنێردراوی وت:- "بەخوا سەرم دەپەڕاندی گەر کوشتنی نێردراو رێگەپێدراو بوایە".[٤٥]

بەو پێیە لەسەردەمێکی زۆر زوو لەمێژوووویاندا، موسڵمانەکان جۆرێك لەپاراستنیان بۆ نێردراوە ناموسڵمانەکان دابین کردبوو کە دەگەیشتە پاراستنی گیانیان، موسڵمانەکانیش لەسەر ئەم رێنمایانە رۆشتن کە لەشەریعەوە هاتبوو، هەموو خەلیفەو میرو پادشاکان پەیڕەوییان دەکرد.

ئەوەی پێوەندی بەئێمەوە بێت سەبارەت بەجۆری پاراستن کە دەوڵەت پەیڕەوی دەکات ئەوەیە کە پەیمانی ئاسایشو ئاشتی دەبێ بپارێزرێ لەلایەن دەسەڵاتی ئەوەوە لەماوەی مانەوەی لەدەوڵەت یان ئەو میرنشینەی بۆی





نێردراوە. ئەمەش بەرپرس یان جێگرەکەی دەیبەخشیە یەکێك لەچەند جەنگاوەرێك کە وەك نێردراوی میللەتەکەی ئەژماربکرێت بەمەستی دانوستاندن، جەنگاوەرەکان لەبەرامبەردا گیانیان دەپارێزراو پاش کۆتایی هاتنی ئەرکەکانیان گەڕانەوەیان لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە بۆ وڵاتەکەیان زامن دەکرا.[٤]

گرنگی ئاسایش بۆ نێردراوە بیانیەکان بەمەبەستی ئاسانکاری هاتوچۆ مانەوەی بوو لەو وڵاتەدا ئەمەش بەپێی یاساکان بوو، وروژاندی بابەتی (حصانە المقر) پاراستنی شوێن وەڵامی ئەمە ئەوەیە کە ئەم سیستەمە لەو سەردەمەدا نەبوو نەلە دەوڵەتو میرنشینەکانی رۆژهەلاتو نەلە رۆژئاواو کەس باس لەوە ناکات کەبینای باڵوێزخانە هەبووبێ لەو سەردەمەداو ئەم سیستەمە زیاتر لەنوێگەریەکانی سەردەمی نوێیە.

دەوڵەت یان دەسەڵاتە سیاسیەکان لەسەرەتای دروستبونیانەوە بەناوبانگ بوون لەدابینکردنی ئارامیو ئاسایش یان ئەوەی پێیدەوترێت پاراستن بۆ نێردراوەکانیان بەجیاوازی ئایینەکانیان، ئەمەش بەپێی یاسای شەریعەتی دیبلۆماسی بۆ باڵوێزەکان بەجۆرێك کە بتوانن ئەرکەکانیان بە باشترین شێوە جێبەجێ بکەن لەماوەی مانەوەیاندا، هەروەها گرنگیدان بەوەی کە هەموو جۆرە حصانەیەك دابین بکرێت بۆ باڵوێزو هەموو ئەندامانی شاندی دبلۆمات لەگەڵ خزمەتکارو کۆیلەکان. ئەم حصانەیە هەموو ئەندامانی شاندەکەی دەگرتەوەو هەر سوکایەتیەك بەکەسێك لەو شاندە سوکایەتی بوو بەکەسایەتی باڵوێز.[٤٦]

(أبو یوسف الفقیە) دەڵێت:- "والیەکان کە نێردراوێك بهاتایە پرسیاری نامەکەی لێ دەکرد، گەر وتی من نێردراوی فلان پادشامو ناردومی بۆ فیسار



هەواڵنامەی کتێب

پادشا، ئەمە نووسراوەکەیەتی پێمە، هەر شتێکی تر کە پێمە لەشمەك و ئاژەڵ و پارەو کویلە...". [٤٧]

هـەروەها دەڵێــت:- "گــەر هــاتوو موســڵمانەکان دەســتیان گــرت بەســەر کەشتیەکداو خاوەنەکەی بڵێ من نێردراوی فلان پادشام و ئەمە نووسراوەکەی پادشایە پێمەو ئەمەش شمەکەکانیەتی لەکەشتیەکدا، پێویستە لەسەری کە بیانخاتە پێشەوە بۆ پشکنین گەر راستیان کردبا قەبووڵ دەکران" [٤٨] بەپێی ئەم یاساو بنەمایە، هەموو نێردراوەکان و شاندەکان لەلای ئەو دەوڵەت یان میرنشینە پارێزراو بوون جا گەر لەرێگەی وشکانی یان دەریاییەوە هاتبان گیان پارێزراو دەبوون و کەس رێگری نەدەکردن و تووشی مەترسی نەدەبوون و ئەوەی پەیوەندی هەبوو بەپێداویستیەکانی بالۆێز و هاورێکانی، هەموو مافێکیان پارێزراو بوو، بەتەواوی لەرووی پاراستنی گیانی و کەرامەتیەوە دڵنیابوون دەست بەسەر پارەو ماڵیدا نەدەگیرا، ئەگەر لەساڵێك زیاتر لەوڵاتدا بمایانەوە ئەوە مافی هاوڵاتی بوونی هەبوو وەك بالۆێزە بیانیەکان. [٤٩]

حصانە (پاراستن) کە دەدرێتە نێردراو بەهۆی کارەکەیەوە ئەرك و فرمانێکی گرنگ بوو، چونکە وادەکات کەبتوانێت بەباشی ئەرکەکانی بەبێ ترس و دڵەراوکێ جێ بەجێ بکات، میرنشین و دەوڵەتەکان بە درێژای ئەو مێژووە بەردەوام بوون لەسەر پاراستنی ئەو بنەمایەو پابەندی ئەرکی مۆراڵەکانی بوو، کە ئەمەش پەرۆشی دەسەلمێنێ لەجێبەجێ کردنی یاساکانی پێوەندیە نێو دەوڵەتیەکان وەك جوانترین وێنای شارستانی و مرۆیی. دەوڵەت و میرنشینەکان تەنها گرنگیان نەدەدا بەنێردراو و شاندەکان و پاراستنی سەلامەتیان و وەرگرتنی (أوراق الإعتماد) نووسراوی باوەرپێکراو بەڵکو چەند تایبەتمەندیەکی لەوە





زیاتریش بوو لەوانە لێخۆشبوون لەباجدانی (عشرالمکوس) کە لەگەشتیاران وەردەگیران، لەم بارەیەوە (أبو یوسف) دەڵێت:- "لەنێردراوی پادشای رۆم باج وەرنەدەگیراو لەوکەسەش کە ئەمانەتی پێدراوە". [٥٠]

جگە لەو نێردراوانەی کە کاری بازرگانیان دەکرد، وتی "گەر نێردراوەکان کاڵاو شمەکیان پێ بوو بۆ بازرگانی ئەوە تەنها دەیەکیان لێ وەردەگیرێت، خۆ ئەگەرنا ئەوە هیچیان لێ وەرناگیرێت". [٥١]

### مەبەست لە نامەو نامەکاری دیبلۆماسی

نامە یان نووسراوەکان لە نێو رێکخستنە دیبلۆماسیەکانی سەدەکانی ناوەڕاست گرنگی و بایەخی خۆیان هەبووە و ئەوەی زۆر بەشداری ورۆڵی بوو بێت و ، بەم کارانە هەستابێت بالێوزەکان بوون.

دەکرێ بوترێ، کە سیستەمی بالێوزەکان و نامە نێرەکانی دیبلۆماسی هەردووکیان تەواوکەری یەکتری بوون، ئەم نامە ناردنانەش کارێکی نوێ نەبوو لەم ماوە مێژووییەدا لە ژیانی سیاسی و دیبلۆماسی بۆ دەوڵەت ، بەڵکو هەر لە چاخە کۆنەکانەوە شارستانیەتە مرۆییەکان زانیویانە و پێی ئاشنا بوون، لە پاش ئەوانیش فەرمانڕەواو میرەکانی دەوڵەت ومیرنشینەکان لە سەدەکانی ناوەڕاستدا پیادەیان کردووە .

زۆربەی جاریش مەبەستی فەرمانڕەواو میرەکان لە پشت ئەو نامە فەرمییانەوە کە دەیان ناردن بۆ جەخت کردنەوە بوو لەسەر کاری بالێوزەکانیان کە راسپێردرا بوون(تەکلیف کرابوون) و بۆ پشتیوانی کردن بوو لە هەڵوێستەکانیان،لای لێپرسراوان. لەلاکەی ترەوە یان بەرانبەرەوە، ئەم کارو

فەرمانانــە لــەنێوان هەوڵــدانی چارەســەرکردنی ناکۆکیــەکان لەگــەڵ هێــزە سیاسـیەکانی دەوروبــەردا یـان دووردا، و بەسـتنی ڕێککـەوتن نامـەو پەیماننامـە لەگەڵیاندا جێ بـەجێ دەکـران، یـان چاودێری بەرژەوەندییـە جیاوازەکـان دەکـرا، وبەتایبەتی بەرژەوەندییە سیاسی وئابورییەکان .

هەندێ لەم نامـە ناردنانـە ئامانجیـان لـەوەدا بـوو کـە هاوپـەیمانی سیاسـی یـان سـەربازی دروسـت بکـەن . لەوانـەش ئـەو نامـە ناردنانـە بـوو کـە فـەرمانڕەواو میرەکـان دەیـان نـاردن بـۆ بەرپەرچـدانەوەی ئـەو تۆمەتانـەی لایـەنی بەرانبـەر ئاراستەیان دەکردن بە شکاندنی ڕێکەوتن لـە پەیماننامـەکان یـان نامـە نـاردن بـۆ دۆزینەوەی پاساو یان بیانووی گونجاو بـۆ هەنـدێ ڕەفتـاری سیاسـی یـان سـەربازی یـاخود ئـابوری کـە فـەرمانڕەواو میرەکـان پێـی هەڵدەسـتان، هەنـدێ جـار مـیر و فـەرمانڕەواکان نامــەیان دەنــارد بــۆ ترســان وتۆقانــدنی دوژمنــەکانیان وکــەم کردنەوەی ورەیان و هەڕەشە لێکردنیان بە جەنگ کردن لە دژیان.[٥٢]

فـەرمانڕەواو میرەکــان دەیــانزانی، نامــە نــاردنی دیبلۆماســی چ گرنگــی و بایــەخێکی هەیــە لــە پێوەندییــەکانی نێــوان لایەنەکانــدا. بۆیــە لەســەرەتاکانی بایەخدانیانەوە چاودێریەکی زۆرو پاراستنێکی گەورەیان پێدەدا.

گومان لەوەدا نییـە کـە ئـەو نامـە ناردنانـە چ تایبەتمەنـدی و شـێوازێکی بـاڵای هـەبوو لـە وتووێـژو وردی دەربـڕین، ولێـزانین لـە ڕەوانبێـژی دا، چـونکە بنـەما ویاسای تایبەتی هەبووە بەپێ ئەو بارودۆخـەی ڕێـو شـوێنیان دیـاری کـردووە، کـە نامەکەی تێدا دەنێردرێت . لێپرسراوان لـە دەوڵەتـدا ئەوئەرکـەیان بەدەزگەیـەکی کــارگێڕی تایبــەت ســپارد بەمەبەســتی نوســین و ئامــادەکردنی ئــەو نامانــە، و



وەڵامدانەوەی هەر نامەیەك کە لە دەرەوە پێیان دەگات.

شایانی ئاماژە پێکردنە، چالاکی وبەرەو پێشچوونی پێوەندییـە دیبلۆماسـیەکان لـە نێـوان میللـەتانی جیهـان و، دەوڵـەتان وگەلانـدا، جەختکردنـە سـەر ڕاسـتیەکی مێـژوویی وبەڵگەیـە لەسـەر پێـشکەوتنی شارسـتانیەت و بنەمایـەکی بنـەڕەتی بـوو بـۆ سیاسـەتی مـیر و فـەرمانڕەوایان، ئـەویش پێوەنـدیی ئاشـتی و دیبلۆماسییە بـۆ ئـەوەش مـیر و فـەرمانڕەواکان ڕەچاوی ئـەم بنەمایـەیان کـردووە لـە میانـەی جێبـەجێ کردنـی کردەوەیـی دا، کاتێـك باڵیۆزیـان نـاردووە بـۆ پاشـای دەوڵەتـەکان و سـەرکردەکان بـۆ جەختکردنـەوەی ڕێبـازی ئاشـتی و دیبلۆماسـی بـۆ دەوڵەتـەکانیان یـان میرنـشینەکانیان، و ئـەم جـۆرە لەمامەڵـەی سیاسـی بەڵگـەو نیـشانەیە لەسـەر شـکۆمەندی دەوڵـەت لەلایەکەوە ، و ڕێزگرتنی ئەم شکۆمەندییە لەلایەکی ترەوە.[٥٣]

پێوەندییـە سیاسـیە ئاشـتەواییە دیبلۆماسـیەکان بنـەماو بناغـە و سیـستێمیکی تایبەتی خۆی هەیە کە پێویستیەکانی تیا بێتە دێ، ئەویش دامەزرانـدنی پێوەنـدی دۆستانەیە لە نێوان میللەتانو گـەلانی جیهانـدا،[٥٤] هـەر لـەم بنەمایـەوە، دەوڵـەت و دەسەڵاتە سیاسییەکان لە پێوەندییـە دەرەکیەکانیانـدا مامەڵـەیان لەگـەڵ دەوڵـەتانی دراوسێ دا کردووەو لە میانەی ئەم مامەڵەیەوە ، ئامانجی سنوردار هەیە، کـە لەگـەڵ سروشتی ئەو قۆناغەدا گونجاوە، کە پیایدا تێپەڕیوە گرنگترینیان:

١- کـار ئاسـانی بۆچـالاکی سـەربازی لەمیانـەی بـەکارهێنانی لامەرکەزیـەت و پێدانی دەسەڵات بەسەرکردە مەیدانیەکان لـە پێنـاو بەسـتنی پەیماننامـەی ئاشـتی لەگەڵ نوێنەرانی لایەنی بەرانبەردا .

٢- بەدەستهێنانی دان پێیانانی ناوخۆیی بە دەوڵەت و دەسـەڵاتە نوێیەکانـدا، و

پتەو کردنی هێزەکەی بە بەستنی هاوپەیمانێتی یان وەستان لە دژی هاوپەیمانێتی دژەکان.(٥٥)

٣- لەماوەکانی دواتردا، ئامانج لەم کارە دەرخستنی شارستانیەتی دەوڵەت ، و توانای هێزەکەی لەسەر ئاستی سیاسی وسەربازی بوو ئەمەش لە ماوەی پێکهاتنی دەوڵەت بە شێوەیەکی ڕوون وئاشکرا تر دەرکەوت لە کاتێکدا باڵێوزی دەوڵەتانی دراوسێ دەهاتن بۆ لایان .

٤- کار ئاسانی بۆ پێوەندییە بازرگانی ورۆشنبیرییەکان وئاڵوگۆڕی دیارییەکان ئەمەش کۆتایی هێنا بە کێشە وناکۆکیە نێو دەوڵەتیەکان وهەرێمایەتیەکان وئازادکردنی دیلەکان.

پێوەندییە سیاسی و دیبلۆماسیەکان بەرەو پێشچونێکی بەرچاویان بەخۆوە بینی لەمەبەست و سیستەم و بنەما و هۆکارەکانی، ئەوەش بەهۆی پێشکەوتنی بارودۆخی دەوڵەت و پێوەندییە دەرەکیەکانەوە، بە دەرچوون لە هەستەکانی بۆ ڕاستیەکی جێگیر : کۆمەڵی نێو دەوڵەتی ناتوانێت بژی یان گەشە بکات ، ئەگەر ئەندامەکانی پێوەندی بەردەوامیان لە نێوانیاندا نەبێت بۆ ڕێکەوتن ودانوستان و ئاڵوگۆڕی بیروڕا. (٥٦)

لەو کاتەدا نێوەندێکی سیاسی و کارگێڕی گرنگ بوو لەسەر گۆڕەبانی نێودەوڵەتیدا بۆ چالاک کردنی پێوەندییە دەرەکیەکان و هەموو بوارەکاندا بە تایبەتیش بواری سیاسی، پێوەندییەکانیان بەگەلان و هێزەکانی دەورو پشتەوە زیادیکردو ئاڵوگۆڕی نوێنەرو باڵێوزەکان لە گەڵیاندا کرا لە پێناوی بەدیهێنانی بەرژەوەندییە سیاسیە ڕەواکاندا لەلایەکەوە، وپتەوکردنی پێوەندییە دۆستایەتیە دیبلۆماسیەکان لەلایەکی ترەوە .

پێوەندییە دەرەکیەکان تەنها لایەنی سیاسی نەگرتەوە، بەڵکو لێرەدا



پێوەندییەکانی تری وەك ئابوری وكۆمەڵایەتی و زانستی و سەربازی بەشداریان لە پتەوكردنی پێوەندییەکانی ئاشتی و دیبلۆماسیدا کرد.

******************

## سەرچاوەکان


١-القران الكريم

٢- الجرجاني: على بن على (ت ٨١٦هـ/١٤١٣م)

كتاب التعريفات، حققه وقدم له وضع فهارسة، ابراهيم الابياري، ط٣، دار الكتاب العربي،(بيروت:١٩٩٦).

٣- حسنين محمد مخلوف:صفوة النبوة لمعاني القرآن.

لائحەی ڤیینا ساڵی (١٨١٥)و پرتۆكوڵ اكس لاشابلو ئەو شەریعاتەی لەپاشی هات.

٤- الشيباني: محمد بن الحسن (ت ١٨٩ه/ ٨٠٢م).

شرح السرخسي على السير الكبير، (حيدر اباد- الدكن: د. ت).

٥-الطرطوشي: ابوبكر محمد بن الوليد الفهري المالكي (ت ٥٢٠هـ/ ١١٢٦).

سراج الملوك، (مطبعة بولاق: ١٢٨٩هـ).

٦- أبن الفراء: ابو علي الحسين بن محمد (ت ٤٢٦ه/ ١٠٣٤م).

كتاب رسل الملوك ومن يصلح للرسالة والسفارة، تحـ: صلاح الدين المنجد، (القاهرة: ١٩٤٧).

٧-القلقشندي: ابو العباس احمد بن على (ت ٨٢١ه/ ١٤١٨م).

صبح الأعشى في صناعة الأنشا، حققه محمد حسين شمس الدين شرحه و علق علي: يوسف على طويل ، دار الكتب العلمية، ( بيروت: ١٩٨٧).

٨-الماوردي: ابي الحسن علي بن محمد بن حبيب (ت ٤٥٠ه/ ١٠٥٨م).

الأحكام السلطانية و الولايات الدينية، مطبعة مصطفى الحلبي،( القاهرة:١٩٦٦)

نصيحة الملوك، تحـ: محمد جاسم الحديثي، (بغداد: ١٩٨٦).

٩- مسكويه: ابو على محمد بن احمد بن يعقوب (ت ٤٢١ه/ ١٠٣٠م).

تجارب الامم وتعاقب الهمم، هـ. ف. امدروز، مطبعة شركة التمدن الصناعية، (مصر: ١٩١٤).

١٠- المقري: ابو العباس احمد بن محمد التلمساني ١٠٤١هـ/ ١٦٣٢م).

نفح الطيب في غصن الأندلس الرطيب، (القاهرة: ١٩٤٩).

١١- ابن هشام: ابو محمد عبد الملك بن هشام (ت٢١٨ هـ /٨٣٣م).

سيرة النبي، تحـ :مصطفى السقا واخرون، القسم الأول الجزأين الأول والثاني، ط٢، مطبعة مصطفى البابي الحلبي، (مصر: ١٩٥٥).

١٢- ابو يوسف الفقيه: يعقوب بن ابراهيم (ت ١٨٢ه/ ٧٩٨م).

كتاب الخراج، دار الحداثة، الطبعة الاولى، (بيروت: ١٩٩٠م).

١٣- ابراهيم أحمد العدوي :

السفارات الاسلامية الى اوروبا في العصور الوسطى، دار المعارف، (مصر: ١٩٥٧).

١٤- أو بنهايم:

القانون الدولي العام، دار العلم للايين، (بيروت: ١٩٩٨).

١٥- عبد الحميد القصاب :

لمحات دبلوماسية، الاوائل للنشر والتوزيع، (دمشق: ٢٠٠٢).

١٦- عزالدين فودة:

النظم الدبلوماسية، دار الفكر العربي، (مصر: ١٩٦١).

١٧- ليون ثوبل :

هكذا تصبح دبلوماسياً، تر. سميح البابا، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، (الكويت: د. ت).

١٨- مجيد خدوري:

السلم و الحرب في شرعة الاسلام، الدار المتحدة للنشر، (بيروت: ١٩٧٣).

الصلات الدبلوماطيقية بين هارون الرشيد و شارلمان، مطبعة التفيض، (بغداد: ١٩٣٩).




هەوالنامەی کتێب

**پەرەوێزەکان**

---

(١) كتاب رسل الملوك ومن يصلح للرسالة و السفارة،ص ٥٤-٥٧؛ القلقشندي: صبح الأعشى،ج١/ص١١٧.

(٢) بروانه مادة رسول في كتاب التعريفات للجرجاني،ص١١٥؛ القلقشندي: صبح الأعشى،ج١/ص١١٦-١١٨.

(٣) . القلقشندي: صبح الأعشى،ج١/ص١٥، ٥٣، ١٤٧، ١٥٠- ١٥١.

(٤) . أبن الفراء: س- پ،ص ١٠٩- ١١٠.

(٥) . سورة ألأنعام، الآية رقم ١٢٤.

(٦) . سورة الأسراء،الأية رقم١٥.

(٧) . سورة عبسى، الاية رقم ١٥.

(٨) . حسنين محمد مخلوف:صفوة النبوة لمعاني القرآن،١١.

(٩) . سورة فاطر، الاية رقم ١.

(١٠) . سورة الحج، الآية رقم ٧٥.

(١١) سورة البقرة، الأية رقم ١٤٣،٢١٤،٢٨٥.

(١٢) . كتاب رسل الملوك ومن يصلح للرسالة و السفارة،ص٣٥.

(١٣) . صبح الأعشى،ج ١/ص١١٦.

(١٤) . صبح الأعشى،ج ١/ص١١٧،

(١٥) . هـ- س،ج ١/ص١١٧.

(١٦) عزالدين فودة:النظم الدبلوماسية،ص ١٤٦.

(١٧) . الطرطوشي: سراج الملوك،ص ٧٠.

(١٨) . كتاب رسل الملوك،ص١١.

(١٩) . أبن الفراء: س- پ،ص٢٠

(٢٠) . حديث حسن،أبن الفراء:س_پ،ص١٣.

(٢١) . أبن الفراء: س- پ،ص٢٠

(٢٢). الماورديّ:نصيحة الملوك،ص ٥٠١.

(٢٣). أبن الفراء: س- پ،ص٢٥.

(٢٤). هـ-س،ص ١١٤،١١٠؛ ابراهيم احمد العدوي: السفارات الأسلامية الى أوروبا العصور الوسطى،ص ٤٣.

(٢٥). أبن الفراء: س-پ،ص ٢٤.

(٢٦). أبن الفراء: س_پ، ص ١١٥.

(٢٧). هـ- س،ص١٢٠.

(٢٨). هـ- س،ص ١٥، العدوي: س- پ،ص ٣٤.

(٢٩). هـ- س،ص١٥.

(٣٠). هـ- س،ص ١٩.

(٣١). ابن الفراء : س- پ،ص ٢٥.

(٣٢). الماوردي: س- پ،ص ٥٠١.

(٣٣). ابن الفراء: س-پ،ص ١٤.

(٣٤). هـ- س،ص ١٠ .

(٣٥). هـ- س،ص ١١.

(٣٦). صبح الأعشى،ج١٣/ص٨١، ٩١، ٩٩.

(٣٧). هـ- س،ج ١٢/ص ٤٧٦.

(٣٨). القلقشندي: صبح الأعشى،ج ٨/٢٤.

(٣٩). العدوي: س- پ،ص ٤٣- ٤٥.

(٤٠). تجارب الأمم،ج١/ص٥٣.

(٤١). المقري: نفح الطيب في غصن الأندلس الرطيب،ج ١/ص١٧١.

(٤٢). العدوي: س-پ،ص ٤٣- ٤٥.

(٤٣). لائەحەی ڤيينا ساڵی (١٨١٥)و پرِتۆكولّ اكس لاشابل‌و ئەو شەريعاتەی لەپاشی هات.

(٤٤). أو بنهايم: القانون الدولي العام،ج ١/ص٦٧٨.



(٤٥). مجيد خدوري: السلم والحرب في شرعة ألأسلام،ص ٢٢٠- ٢٢٨.

(٤٦). مجيد خدوري: س. پ،ص ٢٢١- ٢٢٢.

(٤٧). كتاب الخرج،ص ١٨٨ .

(٤٨). هـ -س،ص١٨٨.

(٤٩). الشيباني: شرح السرخسي على السير الكبير،ج ٤/ص ٦٦- ٦٧.

(٥٠). الخراج، ١٨٨؛ مجيد خدوري: س- پ، ٢٢٥- ٢٢٦.

(٥١). أبو يوسف الفقيه: الخراج، ١٨٨.

(٥٢). المقريزي : السلوك ، ١/ ٩٦٦ – ٩٦٩ .

(٥٣). عبد الحميد القصاب : لمحات دبلوماسية ،ص ٧٦ .

(٥٤). ليون ثوبل : هكذا تصبح دبلوماسياً ، ٤٥ .

(٥٥). عز الدين فوده : الدبلوماسية ،ص١١٨ -١١٩؛ مأمون الحموي : الدبلوماسية ،ص ٤٨ .

(٥٦). عز الدين فوده : الدبلوماسيه،ص١٢٠ .



هەوالنامەی کتێب

# ئیدوارد برنشتاین‌و سۆسیال دیموكراسی مۆدێرن

ئەكرەمی میهرداد

برنشتاین تیۆرمەند و یەكێك لە رابەرە ناسراوەكانی سۆسیال دیموكراسی ئاڵمان‌و جیهان. لەساڵی ١٨٥٠ لە بەرلین لەدایك بووەو لەساڵی ١٩٣٢ مردووە. لەسی‌و سێ ساڵیدا بەرەو لەندەن دەچێت. سەرەتا یەكێك بووە لەتیۆرمەندانی ماركسیزمی ئەرسەدۆكس‌و لەساڵی ١٨٧٠ هاوڕێ لەگەڵ كارل كاوتسكی ناسراوترین رابەری سیاسی‌و فكری حیزبی سوسیال دیموكراتی ئاڵمان بوون. لەبەر توانایی‌و زیرەكی تیۆری‌و فكری كراوە بە سەرنوسەری ئۆرگانی ناوەندی سۆسیال دیموكراتی ئاڵمان، كە بەناوی (سۆسیال دیموكرات) دەرئەچوو. لەساڵانی كۆتایی ژیانی فریدریك ئەنگلز، یەكێك بووە لەهاوڕێ‌و دۆستە نزیكەكانی‌و لەبەر بڕواو متمانەی ئەنگلز بەبرنشتاین‌و كاوتسكی تەواوی ئەرشیفی خۆی‌و ماركس دەدات بەوان. لەساڵی ١٨٩٩ بەدواوە بڕوای برنشتاین لەماركسیزمی نەریتیەوە دەگۆڕێ بەرەو پیاچوونەوەو تازەكردنەوەی ماركسیزم. هەر لەو ساڵەدا یەكەمین كتێبی خۆی دەربارەی پێداچوونەوەی ماركسیزم بەناوی (پرسەكانی سۆسیال دیموكراسی) یان (سوسیالیزمی تیۆری‌و سۆسیالیزمی كرداری) دەنووسێت. لەم كتێبەدا برنشتاین هەرەسی سروشتی‌و حەتمی سەرمایەداری‌و كۆبوونەوەو تەمەركوزی سەرمایە رەتدەكاتەوەو گۆڕانی شێنەیی‌و وردە وردەی سەرمایەداری بێ توندوتیژی بۆ هێنانەدی كۆمەڵگای سۆسیالیستی پەسەند دەكات. لەساڵی ١٩٠١



دا كتێبە هەرە ناوادارو كاریگەرەكەی بەناوی (سۆسیالیزمی تەكامولی یان شێنەیی) دەنووسێت‌و ئەم كتێبە دەبێتە مانیفێستی ئایندەی رێبازی تازەگەری یان سۆسیال دیموكراسی لەسەدەی بیستەمدا. لەساڵی ١٩١٥ برنشتاین بەتەواوی تیۆری (دیكتاتۆری پرۆلیتاریا) وەلادەنێ‌و بەئاشكراو پەیگیری و داكۆكی لەڕێبازی ریفۆرمیستی دەكات لەبزوتنەوەی كرێكاری‌و سۆسیالیستی دا.[1]

گفتوگۆو لێكۆڵینەوە دەربارەی بیرو باوەڕەكانی برنشتاین‌و ئاڵوگۆڕی فكری ئەو لەسێ بەشدا باسدەكەین، یەكەم سەرمایەداری‌و سۆسیالیزم، دووەم، دەوڵەت‌و كۆمەڵگای بۆرژوایی‌و سێیەم، برنشتاین‌و زەمینەی سۆسیالیزم.

### یەكەم:

### سەرمایەداری‌و سۆسیالیزم لەتیۆری برنشتاین[2]

ئەم لێكۆڵینەوەیە سێ ئامانج دەگرێتە خۆ: یەكەم، بەیانكردنی ئەندێشە سەرەكیەكانی ئیدوارد برنشتاینە دەربارەی سەرمایەداری، سوسیالیزم‌و شۆڕش، پاشان نیشاندانی ئەوەی چۆن‌و بۆچی برنشتاین بەو تیۆرانە گەیشت.

### برنشتاینی ماركسیست

برنشتاین وەكو زۆرێك لە سۆسیال دیموكراتەكانی دیكەی ئاڵمان هەر لەزستانی ساڵی ١٨٧٨ ـ ١٨٧٩ بوو بەماركسیست. هۆكاری سەرەكی ئەم پەیوەست بوونە خوێندنەوەو بڕوای ئەو بوو بەكتێبی (ئانتی دورینگ) ی ئەنگلس. پێش ئەو مێژووە، برنشتاین وتارێكی لەدژی ماركس‌و ئەنگلس نووسیبوو كەلەوێدا بڕواو مەیلی ئاشكرای بەرەو پێداچوونەوەو لیبرالیزم نیشان دابوو. وتارەكە

بەکاردانەوەی سەختی مارکس ئەنگلس ڕووبەڕوو بوو بەرنامەو بڕیارنامەی حیزبو مارکسو ئەنگلس وەڵامی درایەوە.

برنشتاین لەساڵی ١٨٨١ بوو بەسەرنوسەری ڕۆژنامەی(سوسیال دیموکرات)ی چاپی زوریخو حەوت ساڵ لەم کارەدا بەردەوام بوو، کە پاشان بووە کەسی شایستەو متمانە پێکراوی ئەنگلس. نووسینو وتارەکانی ئەم سەردەمەی هەموویان مارکسی بوونو لەگەڵ وتارەکانی ساڵانی دواتردا جیاوازی تەواوی هەبوو. لەم سەردەمەدا دوان لەنووسینەکانی هێندە گرنگ بوون کە لە کۆمەڵی بەرهەمی مارکسیستیدا پلەی باڵایان هەبوو. مێژووی ئەو دوو وتارە هەردوکیان لەساڵی ١٨٨٥ دا بوون. برنشتاین لەم دوو وتارەدا پشتیوانی لەوەکرد کە تاکە ڕێگای گەیشتن بە سۆسیالیزم لەناوبردنی خاوەندارێتی تایبەتیەو نەیار بوو لەگەڵ بڕوای (فردیناند لاسال) کە دەیگوت خاوەندارێتی گشتی لەوانەیە بتوانێ لەگەڵ خاوەندارێتی سەرمایەدارییدا بەکردەوە هەبێ... بەبڕوای برنشتاینی مارکسیست بۆ هێنانەدی خاوەندارێتی گشتی، چینی کرێکار دەبێ بەدەسەڵات بگاتو، ئەمەش جگە لە (شێوازی شۆڕشگێڕانە) بەهیچی تر مەیسەر نابێت.

لەم قۆناغەدا برنشتاین وابیری دەکردەوە کە هەلومەرجی ڕاستینەی گەیشتن بە سۆسیالیزم لەڕێگای هەڵبژاردنو دروستکردنی پارلەمانەکانەوە جگە لە فریودان زیاتر شتێکی دیکە نییە. هەربۆیە نابێت چاوەڕوانی ئەوە بکرێت کە چینە دەسەڵاتدارەکان بەبێ توندوتیژی واز لەدەسەڵاتو ئیمتیازی خۆیان بهێنن. ئەگەر سوسیال دیموکراتەکانیش لە هەڵبژاردنو پارلەمانەکاندا بەشداری بکەن، تەنها لەبەرئەوەیە کە پیادەکردنی هەندێك لەریفۆرمو چاکسازییەکان خێراتر بکەن، دەربارەی نوێنەرانی چینە دەسەڵاتدارەکان ڕەخنەو هێرشی پارلەمانی



بکەن. سۆسیالیستەکان دەبێت پارلەمان بەتایبەتی بۆ ڕاگەیاندنو هاندانی ڕەسمی بەکاربهێنن بەقازانجی خواستەکانی کرێکاران.

برنشتاین لەئەنجامی ئەو بیرو ئەنجامانەدا بەتەواوی گەیشتە ئەو بڕوایەی کە سۆسیالیزم بەرهەمی ئیرادەیەکی ئەخلاقی نییە، بەڵکو ئەنجامی حەتمی یاساکانی گەشەی کۆمەڵگای سەرمایەدارییە، واتە دژی ئەوە بوو کە پاشان خۆی بە تەواوی بڕوای پێ هێناو بووە تیۆرمەندو ڕابەری ئەو دیدگایە لەئەنتر ناسیۆناڵی دووەمو بزاڤی سوسیال دیموکراسیدا. برنشتاین ئەوسا وا بیری دەکردەوە، کە (کۆمەڵایەتیکردن) یان سۆسیالیستی کردنی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان لەدەروونی کۆمەڵی سەرمایەداریو گەیشتنی شێنەیی بە سوسیالیزم، بەتەواوی هەڵەیە. بەپێچەوانەوە بڕوای وابوو کە ئەم هەلومەرجە ناکۆکی نێوان هێزەکانی بەرهەمهێنانو پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان سەختتر دەکات. دامەزراندنی کارتێلەکانی سەرمایەداری لەپێناوی ئەوەدایە کە ڕێگاکانی بن بەستی سەرمایەداری چارەبکەن. کاتێك کە دەوڵەت، بەڕێوەبردنی دامەزراوە کەم سوودو قازانجەکان دەگرێتە ئەستۆ، و کەرتی تایبەتی بەهێزترو دەوڵەمەندتر دەبێتو هەلومەرجی ژیانی کرێکارانیش بەدتر دەبێت. ئەمانەش سەرەڕای ئەوەی کە دەبێت کرێکاران لەڕێگای دانی باجەکانەوە باری بودجەو پرۆسەی (کۆمەڵایەتی کردن) ی دامەزراوە تایبەتەکان بخەنە سەرشانی خۆیان. بەڵام ئەوەی کە لەهەموو شت سەرنج ڕاکێشتر بوو، ئەوەبوو کە برنشتاین لەم سەردەمەدا گرنگی بەوە نەداوە کە دەوڵەتی تازەی سوسیالیستی لەکۆمەڵایەتیکردنی پرۆسەی بەرهەمهێنانو دامەزراوەکان چۆن بەوکارە هەڵدەستێ، بەڵکو تەنها ئەوەی دەگووت "بیرلەوە مەکەنەوە کە ئەم کارە خەیاڵی بێت!".



هەواڵنامەی کتێب

## برنشتاین‌و پێداچوونەوەی مارکسیزم

لەساڵی ١٨٨٠ تا کۆتایی ساڵی ١٨٩٠ ئاڵوگۆڕی تەواو لەبیری برنشتایندا ڕوویدا. وەرچەرخانی پەیگیر لەساڵی ١٨٩٥ یا ١٨٩٦ دا کاتێك ڕوویدا کە ئەو کتێبی (لویی ئەریتیە) ی دەربارەی شۆڕشی ١٨٤٨ ی فەرەنسا وەردەگێڕایە سەر زمانی ئەڵمانی‌و پەراوێزو لێکۆڵینەوەو دەرئەنجامی بۆ زیادکرد. لەم شیکردنەوەیەدا برنشتاین بەتوندی لەدژی شۆڕشگێڕانی ساڵی ١٨٤٨ ڕەخنەی گرت‌و لەسۆسیالیستە ریفۆرمیست‌و نوێنەرانی وردە بۆرژواو تەنانەت لەبەرەی دژی شۆڕشیش داکۆکی دەکرد. ئەم تیۆرەیەی برنشتاین ناکۆك‌و نەیار بوو لەگەڵ تیۆری مارکس لەکتێبی (خەباتی چینایەتی لەفەرەنسا لەساڵی ١٨٤٨ تا ١٨٥٠). برنشتاین نەیشاردەوە کە شیکردنەوەکانی لەگەڵ هەلومەرجی تازەشدا دەگونجێنێ‌و بەبڕوای ئەو شۆڕشی ١٨٤٨ نموونەی شۆڕشە سیاسیەکانی ئایندەیە لەوڵاتانی پیشەسازی پێشکەوتوودا. برنشتاین لەساڵی ١٨٩٩ کتێبێکی نووسی بەناوی (پێش مەرجەکانی سوسیالیزم‌و ئەرکەکانی سوسیال دیموکراسی) کە لەمێژوودا بە (پرسەکانی سۆسیال دیموکراسی) ناسراوە، کە بەگرنگترین‌و کاریگەرترین تیۆرو بیروڕای پێداچوونەوەی مارکسیزم‌و تازەگەری دادەنرێت. لەساڵی ١٩٢١ کتێبێکی دیکەی بڵاوکردەوە، کە زۆر بەسەختی لەدژی لینین‌و بۆلشەویکەکان‌و (هێرشی ئەوان لەهەموو وڵاتاندا) هەڵوێستی نواندو رایگەیاند کە بلانکیستەکان‌و بەلشەویکەکان نوێنەرانی یەك شتن. لێرە بەدواوە برنشتاین بوو بەلایەنی دژی مارکسیزمی شۆڕشگێڕو لەهەموو کات‌و جێگایەك لەدژیان وەستایەوە.

برنشتاین لەهەموو پرسەکاندا دژی شێوەی مارکس بوو لەپێناسەی شۆڕشی



١٨٤٨. مارکس بیروڕای ریفۆرمیستی (لویس بلان) ی بەخەیاڵ دادەناو لەدژی دەوڵەتی فەرەنسا بوو. بەڵام برنشتاین پەنابردنی بۆ شۆڕش‌و توندوتیژی بەکاری سۆسیالیستە شۆڕشگێڕەکان واتە لایەنگرانی بلانکیٚ دادەنا. بلانکیستەکان لەدیدی مارکسدا وەکو پارتی شۆڕشگێڕان پێناسە کرابوون، بەڵام برنشتاین ئەوانی بە (خەڵکی نزم‌و تینووی تیرۆری شۆڕشگێڕانە) دادەنا. هەرلێرەوەش هەوڵی ئەم حیزب‌و کۆمەڵە شۆڕشگێڕەی بۆ هەڵوەشانەوەی پارلەمان بەکارێکی خراپ دەزانی. سەرئەنجام هەوڵی پارتی شۆڕشگێڕ شکستی خواردو بلانکیٚ‌و تەواوی رابەران دەستگیرکران. پاشان حکومەت زانی‌و تێگەیشت‌و کرێکارانی مەجبور کرد کە کارگەو کارخانە حکومەتیەکان بەجێ بهێڵن‌و بیانکات بەسەرباز. وەڵامی کرێکاران راپەڕینی گشتی بوو لە ٢٢ ی ژویەنی ساڵی ١٨٤٨. شیکردنەوەی ئەم ڕووداوانە هەرچەند ڕۆشنتر بێت جیاوازی دیدگاکانی مارکس‌و برنشتاین زیاتر نیشان دەدا. مارکس شۆڕشی فوریە (چوار مانگ پێش شۆڕشی ٢٢ی ژوئن) بە ( شۆڕشی جوان) ناودەبات، چونکە هێشتا راپەڕینی هەموو چینەکان بەرامبەر بە رژێمی سەڵتەنەت، سەرپۆشی دەدا بەسەر ناکۆکی نێوان چینەکاندا. بەڵام شۆڕشی ژوئن بە (شۆڕشی نەفرەتی) ناو دەبات، چونکە ناکۆکی‌و دژایەتی ناچاری نێوان بۆرژوازی‌و پرۆلیتاریا ئاشکرا دەکات. هەردوو وەسفەکەی مارکس بۆ ئەو دوو شۆڕشە بڕوای مارکسی نییە، بەڵکو شێوەیەکی رەخنەی تەنزی مارکسە لەشیکردنەوەی کەسانی دیکە. دروشمەکانی شۆڕشی دووەم، ئەمانە بوون: "بۆرژوازی سەرنگون دەکەین!"، (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا!) بەرپا دەکەین، بەبڕوای مارکس هەرچەند ئەم شۆڕشە مەحکومە بە شکست، بەڵام وەکو پرەنسیپێکی خەباتی چینایەتی دەبێت پشتیوانی لیٚ بکەین. لەم شۆڕشەدا چینی کرێکار بەناونیشانی چینێکی سەربەخۆ سەری هەڵهێنا، کە

خاوەنی خواستی ئاشکراو ئامانجی تایبەتی خۆی بوو: کە دیکتاتۆری پرۆلیتاریا، مەرجی پێشەکیە بۆ هاتنەدی کۆمەڵگای کۆمۆنیستی بێ چینەکان.

بەڵام لێکۆڵینەوەو ئەنجامگیری برنشتاین بەتەواوی جیاواز بوو. شۆڕشی ژوئن، نە شۆڕشی چینایەتی بوو، نەپێویستی دەکرد کە بەرپابێ. شێوەیەك بوو لەمامەڵەو ناکۆکی نێوان رابەرانی حیزبە نەیارەکان کە کرێکارانیان بەرەو سەنگەرەکانی شەقامەکان برد. بەبڕوای ئەو رابەرانی شۆڕشگێڕ (خەڵکیان فریودەدا !). چاکتر وابوو کە کرێکاران گوێ لەپرۆدۆن بگرنو لەماڵ بمێننەوە. لەوکاتەدا تەنها ستراتیژی پەسەند ئەوە بوو کە کرێکاران "هەنگاو بەهەنگاو" خەبات بکەنو خۆپیشاندانی هێمنانە خاڵی لوتکەی خەباتی ئەوان بوایە. جێگای سەرسوڕمان نیە کە برنشتاین کومۆنی پاریسی ساڵی ١٨٧١ یش بەدیدی جیاواز لەگەڵ مارکس تەماشا دەکات. لە بڕوای مارکسو ئەنگلس کومۆنی پاریس (پێش هەرشتێك حکومەتی چینی کرێکارە، بەرهەمی خەباتی چینی بەرهەمهێنە لە دژی چینی خاوەندارو لەهەوڵی ئازادی ئابوری کرێکاراندا بوو). برنشتاین بەپێچەوانەوە بڕوای وابوو کە کۆمۆنی پاریس تەنها (رووداوێکی لاوەکی بوو لەمێژووی سەدەی نۆزدە) و هیچ شانسێکی نییە بۆ نوێ بوونەوە.

ئامانجی برنشتاین لەشۆڕشی ١٨٤٨ چی بوو؟ خودی خۆی وەڵام دەداتەوە: رێگا چارەی دڵخواز ئەوە بوو کە شۆڕشی ١٨٤٨ لەمانگی فوریەدا بوەستێ. حکومەتی کاتی، گرنگترین دەسکەوت بوو بۆ کرێکاران. مارکس حکومەتی کاتی بە دانوستانو ئاشتی نەبووی نێوان چینەکان، کە زۆر ناخایەنێ، وەسف کرد. بەڵام برنشتاین بڕوای بەوە بوو کە حکومەتی هاوپەیمانی چینەکان لەجیاتی حکومەتی چینایەتی بەکاربهێننو ئەمڕۆش ئەو هەڵەیە دووبارە نەکەینەوە.





ئەو بە تەواوی نەیاری خۆی لەگەڵ شۆڕشی پرۆلیتاریا کە ئامانجی جێگیرکردنی دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە، راگەیاند. رەخنەی مارکس لە بلانکیستەکان ئەوە بوو، کە بە ڕادەی پێویست شۆڕشگێڕ نەبوون، بەڵام برنشتاین سەرزەنشتی دەکردن چونکە زیاد لەپێویست شۆڕشگێڕ بوون. بەبڕوای ئەو نابێت خواستی سۆسیالیستەکان بگاتە ئەو جێگایەی کە لەگەڵ بۆرژوازی ئازادیخوازدا دەرگیربن، ئەگەر وابکەن کارەسات دەقەومێ. ئەگەر ئەو ئەزمونو پەندەی کە مارکس لە شۆڕشە شکست خواردوەکان بەدەستی هێنابوو ئەمە بێ کە: (شۆڕش مرد، بژی شۆڕش !) واتە سەرلەنوێ دەست بەشۆڕش بکرێتەوە، ئەم شکستانە لەلای برنشتاین بەڵگەی لاوازیو پوچییە بۆ مەیلو رێبازی شۆڕشگێڕی.

جێگای خۆیەتی باسی ئەوە بکەین کە حیزبی سۆسیال دیموکراتی ئەڵمان لەدوای کۆتایی جەنگی جیهانی یەکەم لەساڵی ١٩١٨ حکومەتێکی هاوپەیمانی چینایەتیو حیزبی دامەزراند. و دروست هەر بەو شێوەیەی کە برنشتاین سەرکوتی توندی بلانکیستەکانی لەلایەن حکومەتی ئیئتلافی ساڵی ١٨٤٨ پشتیوانی کرد، بەهەمان بەڵگە سەرکوتی خوێناوی سپارتاکیستەکان - لایەنگرانی شۆڕشی (روزا لوکزامبورگ)ی لە ساڵی ١٩١٨ پشتیوانی کرد. مارکسیزمی رادیکاڵو شۆڕشگێڕ لەبەرامبەر بیروڕای پێداچوونەوە، بڕوای وابوو کە ئەوان مارکسیزمی دژی شۆڕش بوون ![٣].

### تیۆری ئابوری تازەگەری برنشتاین

لەشۆڕشی ١٩١٨ ی ئاڵمان، فردریك هێبرت رابەری پارتی سۆسیال دیموکراتی ئاڵمان، چەپی شۆڕشگێڕی بەمجۆرە ئامۆژگاری کرد: "ئاڵوگۆڕی سیاسی نابێت دابینکردنی نانو ئاوی رۆژانەی خەڵك بخاتە مەترسیەوە".ئەم ئاگادارییە دەبێتە

بناغەی فەلسەفەی ئابوری برنشتاین بۆ لێکۆڵینەوە لەشۆڕشی ١٨٤٨. لەکاتێکدا مارکس ئەوە نیشان دەدا کە "شۆڕشی راستەقینە" بەدوای شکستی ئابوری سەرمایەداری پەیدا دەبێت. بەڵام برنشتاین بڕوای وابوو کە ئەو شکستو وێران بوونە جێگیربوونو مانەوەی سوسیالیزم دەخاتە مەترسیەوە، یان هەر ناهێڵێ ببێ، و سەرئەنجام زەمینەی سەرهەڵدانی دژە شۆڕش دەرەخسێنێ. بەبڕوای برنشتاین ئەم تێبینیو سەرەنجانە تەنها دەربارەی شۆڕشی ١٨٤٨ راست نییە، بەڵکو لەکاتی ئێستاشدا هەر راستن.

سەرەنجام، و بەبڕوای برنشتاین، هەنگاونان بۆ سۆسیالیزم پێویستی بەکارکردنی بێ وەستانی ئابوری سەرمایەدارییە. کە بێگومان ئەم بڕوایە لەگەڵ پرانسیپی بونیادی مارکسیزمدا ناسازگارە. هەرچەندە مارکس بڕوای بەوە بوو کە سۆسیالیزم دەبێت لەسەر بناغەی دەسکەوتەکانی گەشەی سەرمایەداری بینابکرێت، بەڵام ئەم خاڵە بەو مانایە نیە کە قۆناغی چوونە ناو سوسیالیزم بەبێ پاشەکشەی ئابوری سەرمایەداری دەبێت. لەمانەش زیاتر، لەلای مارکسیزم، مەسەلەی شۆڕشو پێویست بوونی هەلومەرجی شۆڕشگێڕانەیە.

ئەم بەڵگانە وا لەبرنشتاین دەکات، کە سەرەنجام دەبێت ئەوە بسەلمێنێ کە گەشەو بەرەوپێشەوە چوونی سەرمایەداری نابێتە هۆی هاتنەدی سۆسیالیزم. پێش ئەم بڕوایە دەیگوت چینی کرێکار نابێت شۆڕش بکات، چونکە ئەم کارە پێویستی بەبزوێنەرێکە بۆ پاشەکشەی سەرمایەداری. بەڵام ئێستا بە شێوەی دیکە بەڵگە دەهێنێتەوە بۆ نەکردنی شۆڕش: چینی کرێکار نابێت شۆڕش بکات، چونکە پاشەکشەی ئابوری سەرمایەداری هەرنابێت.





دیدگای ئابوری برنشتاین سەرەتا بەوجۆرە بوو، کە ئابوری مۆدێرن خاوەنی نەرمیو جووڵەی زۆرەو هۆکاری ئەمەش سێ شتە: سیستەمی شایستەیی (اعتبارات) مۆدێرن، گەشەی دامەزراوە مۆنۆپۆلەکان (کارتێلەکان) و فراوان بوونی هۆیەکانی پەیوەندی. ئەنگلزیش بڕوای بەبوونی ئەم سێ هۆکارە هەبوو، بەڵام دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە ئەوان هەڵگری (میکرۆبەکانی قەیرانی نزیکو هەرچی سەختتر). بەپێچەوانەوە، برنشتاین بڕوای وابوو کە سەرمایەداری مۆنۆپۆل هاوکاتە لەگەڵ مەزنترین هاوکاریو هاوئاهەنگیدا. (بێگومان ئەم بۆچوونە راست نیەو هەڵەو خەتایە، سەرمایەداری تائێستاش نایەکسانیو ناهاوئاهەنگی بەرهەم دەهێنێ).

پاشان برنشتاین لەدوای ئاماری ١٨٩٥ بەوئەنجامە گەیشت کە کۆمەڵایەتیکردنی یان هاوئاهەنگ کردنی دامەزراوە ئابوریەکان روو نادات. لەراستیدا، ئەنجامەکانی ئامارگیری ١٨٩٥ نیشانیدا کە ناوەندێتیو کەڵەکە بوونی پیشەسازی لەپەروس زیاتر دەبێت. سەرەنجام بەو ئەنجامە گەیشت کە ئەگەر ئابوری سەرمایەداری هەڵوەشێتەوە، سۆسیال دیموکراسی ناتوانێت ژمارەیەکی زۆر لەو دامەزراوە ئابوریانە کۆمەڵایەتی بکات. بەڵام لەبەرئەوەی رەوتی کۆبونەوەی سەرمایە، بەوشێوەیەی کە برنشتاین تەفسیری دەکرد، بەو رادەیە سستو لاوازە، بێگومان کۆمەڵایەتیکردن هەرگیز روونادات.

برنشتاین لەکتێبی (پێشمەرجەکان..) لەم سەرنجانە فراوانتر دەڕواتو شیکردنەوەی تازە لەگەشەی کۆمپانیا پشکدارەکان (سهامی) بەدەست دەهێنێو بڕوا بەوە دەهێنێ کە ئەم کارە بەمانای کۆبوونەوەو مۆنۆپۆل نەبوونی خاوەندارێتی تەواو دەبێ. رەخنە لەو بەوجۆرە دەبێ کە برنشتاین هیچکات



هەواڵنامەی کتێب

پرسی کۆنترۆڵی پشکەکانی نەزانیو نەبینیووە کە پەراگەندەیی ئەو پشکانە (بەشانە) هۆکارێکە بۆ کۆبونەوەی خاوەنداریێتی لەدەستی خاوەن سەرمایەو پشکە سەرەکیەکان. برنشتاین پاشان دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دابەشکردنی دەرامەتو خاوەندارێتی لەگەڵ یەکسانی زیاتردا بەرەوپێش دەچێت.

مەسەلەی گرنگ لەبیروڕای ئەودا کە چیدی بڕوای بەشۆڕشگێڕ بوونی چینی کرێکار نامێنیو درێژخایەنی تەمەنی سەرمایەداری ئەو سەرسام دەکات. لەلای ئەو ئەگەر سوسیالیزم رۆژێك بێتەدی، تەنها بەشێوەی هەنگاو بەهەنگاو لەلایەن رێکخراوە بەکاربەرەکان (مەسرەف کەر) و کارو بڕیارەکانی سەندیکاکانەوە دەبێت. سوسیالیزم لەگەڵ پێوەری شارستانیو لەسایەی دیموکراسی پارلەمانیدا مەیسەر دەبێت. ئەوەی کە مایەی رەخنەو پێکەنینی مێژووە، ئەوەیە: ئەم تیۆرە ریفۆرمیستیە، کە لەسەر هاو ئاهەنگیو ئاشتی دامەزراوە، لەئاستانەی سەردەمێکدا هاتەدی کە تایبەتمەندی سەرەکی ئەو قۆناغە جەنگو لافاوی شۆڕشگێڕانە بوو. بەڵام لەنێوان ئەم دووانە ـ ریفۆرمو جەنگ ـ هەروەکو لینین دەیگووت: پەیوەندی عیلەتو مەعلول چۆن دەبێ؟ بەهەرحاڵ ئەزموونو مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە پێداچوونەوەو تازەکردنەوەی مارکسیزم، بناغەی بابەتی هەیەو ئەرکی سیاسی دیاریکراویشی لەئەستۆ بووە !

### برنشتاین چۆن بیروڕای گۆڕا؟

برنشتاین کە مارکسیستێکی پایەدار بوو، چۆن توانی ببێتە کەسێکی ناکۆكو نەیار بە مارکسیزمو دەست بکات بەپێداچوونەوەو تازەکردنەوەی بیروڕاکانی؟





**وەڵامەکە دەبێت لەچەند ئاستی جیاوازدا بێت:**

**یەکەم،** برنشتاینو سوسیال دیموکراتەکانی دیکەی ئاڵمان، لەساڵی ١٨٩٤ رایانگەیاند کە کەمو زۆر سوسیالیستی تێکەڵاون، واتە ئەوان لەنێوان پەیڕەوە جیاوازەکاندا باشترین بیروباوەڕی لەیەك چوویان هەڵدەبژارد.برنشتاین پێش ئەوەی مارکسیست بێت، لەلایەن بیروباوەڕەکانی لاسال، لانگە، دورینگو رێبازی لیبراڵو ریفۆرمیست کاری تێکرا بوو. هەربۆیەش مەنتقی دێتە پێش چاو لەپێشەکی کتێبی (پێشمەرجەکانی سوسیالیزم) دا دەڵێت: "لەڕاستیدا هیچ ئەندێشەیەکی لیبرالی نییە کە پەیوەندی بەبیروباوەڕی سوسیالیستیەوە نەبێت" و لەڕاستیدا پێداچوونەوەی برنشتاین گەڕانەوە بوو بۆ لیبرالیزم لەناو سۆسیالیزمدا.

**دووەم،** لەساڵی ١٨٨٨ برنشتاین شاری پڕ ئاشووبی (زوریخ) ی بەجێ هێشتو بەرەو (لەندەن) ی ئارامو ئاسایش چوو، کە لەوێش گۆشەگیری هەڵبژارد، و ژیانی بەتەواوی گۆڕا. جگە لەپەیوەندی ئەو لەگەڵ ئەنگلز، تەنها لەساڵی ١٨٩٠ بەدواوە لەگەڵ بیرو باوەڕەکانی (کۆمەڵەی فابیان) دا ئاشنابوو، کەوتە ژێر کاریگەریی ئەوانەوە، و هەروەها نزیك لەبیروباوەڕی ئەوانیش لەلایەن ئەندێشەی (جورج سۆرێل) ی فەرەنسیو (بندتو کرۆچە) ی ئیتاڵی کاری تێکرا. لەگەڵ دامەزراندنی "نێونەتەوەیی دووەمی کرێکاران" مارکسیزم کە ببووە مۆدێلێك بۆ زۆربەی روناکبیرانی بۆرژوا. بەڵام مارکسیزمی برنشتاین ئارامو گونجاو بوو، کە توندو تیژی شۆڕشگێڕانەی پێوە دیار نەبوو.

**سێیەم،** قوتابخانەی پێداچوونەوەو تازەکردنەوەی بیروڕا وەکو مەیلێکی نوێ

لەشێوەی کاری ئەنترناسیۆنالی دووەمو وڵاتی ئاڵمان سەری هەڵدا. هۆکارەکانی ئەم سەرهەڵدانەش هۆکاری تازە بوون: ١ـ مارکسیزم هیچ کاتێك لەحیزبی سوسیال دیموکراتی ئاڵماندا ریشەی بەهێزی نەبوو. تەنانەت بەرنامەی کۆنگرەی (ئێرفورت) یش بەتەواوی مارکسیستی نەبوو. ئەم بەرنامەیە بڕوای بەدامەزراندنی (کۆماری دیموکراتیك) هەبوو، و لەگەڵ دەسەڵاتی دیکتاتۆری پرۆلیتاریاش نەیاربوو. لەوانەیە زیاتر لەسەدا دەی ئەو حیزبە لەگەڵ مارکسیزمدا ئاشنا نەبووبن. ٢ـ کاتێك کە حیزب لەدوای ساڵی ١٨٩٠ ئازادو یاسایی بوو، هەلومەرجی تازەی وەرگرتو بەشێنەیی لەپارلەمانو سەندیکاو ئەنجومەنەکانی شارو دەسەڵاتدا رێگای پەیداکرد. حیزبێك کەخۆی بیرو باوەڕی شۆڕشگێڕانەی نەبێتو بکەوێتە هەلومەرجی یاساییو پارلەمانەوە، بێگومان بەرەو ریفۆرمیزم دەڕوات. لەم سەردەمەدا ئەو رووناکبیرانەی کە دەچوونە حیزبەوە زیاتر مەیلیان بەرەو ریفۆرمو ئاشتیو خەباتی یاسایی هەبوو، کە بێگومان ئەوانیش هەژموونی فیکرییان بەسەر کرێکارانەوە هەبوو. چونکە کرێکاران لەبارەی خوێندەواریو هۆشیارییەوە زۆر لەدوا بوون. فراوانبوونی حیزبو خەباتی یاساییو پارلەمانی پێویستی بەوە دەکرد، کە کارمەندانیش وەربگرنو ژمارەی کارمەندانی حیزب کە لە ١٩٠٠ تا ساڵی ١٩١٤ هاتنە حیزبەوە، سێ ئەوەندەی جارانی لێهات. بیرۆکراسی لەحیزبدا هەتا دەهات بەشێوەی رێکخراو زیاد دەبوو. لەکۆنگرەی ساڵی ١٩١١ تەنها لەسەدا دەی نوێنەران کرێکار بوون، و ئەوانی دیکە کارمەندان بوون، کە بەهیچ شێوەیەك خۆیان بە شۆڕشگێڕ نەدەزانی.

**سەرئەنجام،** مەیلی پێداچوونەوەو تازەکردنەوە لەساڵانی دەیەی ١٨٩٠ بەشێك بوو لەئەنجامی گەشەی تازەی ئابوری. بێکاری کەم بووەوە، کرێو مووچەکان زیاتر بوونو هەلومەرجی تازە پێویستی بە بیروباوەڕی تازە هەبوو. دەربارەی





دەیەی ١٨٨٠ کە ساڵانی بێکاریو دواکەوتوویی ئابوری بوو، برنشتاین دەنووسێت:

رەونەقی بازرگانی ساڵانی ١٨٩٠ کاریگەری زۆری لەسەر من هەبوو. ئەم پێشکەوتنە لەگەڵ تیۆری توندو سەختی هەمیشەیی قەیرانی ئابوری کەدەبێت بەپاشەکشەی تەواوی سەرمایەداری کۆتایی بێت، لەناکۆکییەکی ئاشکرادا بوو.

لەکۆتاییدا رێبازی پێداچوونەوەو تازەکردنەوە، بەرهەمی گەشەو پێشکەوتنی ئابوری بوو.[٤]

## دووەم، دەوڵەتو کۆمەڵگای بۆرژوایی لەتیۆری برنشتاین [٥]

برنشتاین تاماوەیەكو لەناو بیری مارکسیزمدا دەربارەی دەوڵەت تیۆری تایبەتی نەبوو، تائەوکاتەی بەبڕیاری ئەنگلز، کرا بەسەرنوسەری رۆژنامەی (سۆسیال دیموکرات). پاش چەندان ساڵ بە زاراوەی نارۆشنی (دەوڵەتی ئازادی خەڵك) هاتە ناو ئەم پرسەو مارکسو ئەنگلزیش چەند جارێك رەخنەو مەحکومیان کرد، چونکە ئەوان لەم بۆچوونەدا ئەگەری پەیدابوونی دەوڵەتی بێلایەنیان لەنێوان چینەکاندا دەبینیو ئەمەش ناکۆك بوو لەگەڵ بیروباوەڕی ئەوان. بەڵام سەرەنجام حیزب، بۆچوونی برنشتاینی پەسەندکرد.

لەم سەردەمەدا برنشتاین لەژێر کاریگەریی فەیلەسوفی نابینای ئاڵمان (یوجین دورینگ) بوو کە دژی مارکسیستەکان بوو. دامەزرێنەرانی سوسیالیزمی زانستی دارێژەری تیۆری دەوڵەتی چینایەتی بوون، بەڵام برنشتاین بەگاڵتە جارێ ئەوشێوە دەوڵەتەی بە (دەوڵەتی پاسەوانی شەو) رەخنە دەگرت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا لەنێوان بڕوا بەدەوڵەتی هێزمەندو دەوڵەتێك کەنابێت لەزەمینەی ئابوری، کۆمەڵایەتیو فەرهەنگی دا دەخالەت بکات، لە گوماندا بوو.

لەم سەردەمەدا بسمارك راوێژکاری (ئاسنین) دیکتاتۆرانە بەسەر ئاڵماندا حوکمی دەکردو بێگومان حیزبی سوسیال دیموکراتیش دژی ئەو بوون. زاراوەو ناونیشانی (کۆماری) وێردی سەرزمانی کەسانی خاوەن بیر بوو، مارکسیش وتبووی کە: "دەوڵەتی کۆماری گونجاوترین زەمینەیە بۆ خەباتی پرۆلیتاریا". بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا نەیدەشاردەوە کە :"ئەم رژێمە، واتە کۆماری، بەردەوام نابێتو لەڕاستیدا، بەشێوەی گشتی کۆماری شێوەی سیاسی خێرای کۆمەڵگای بۆرژوازییە، نەك شێوەی بەردەوام".

برنشتاین لەماوەیساڵو نیوێك لەژیانی لەندەن، بەو ئەنجامە گەیشت کەلەم وڵاتە هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو ئابوریو سیاسی جەماوەری خەڵك باشەو باشتریش دەبێ، و دەوڵەت لەلای ئەوان دامەزراوەیەکی دوژمن نیەو لەنێوان چینەکانیشدا بێلایەنە. ئەنگلز تانەی لێدەداو دەیگووت کە "چاویلکەی ئینگلیزی" کردۆتە چاو. برنشتاین لەوەڵامدا بەڵگەی ئەوە بوو کە دەوڵەتی ئاڵمانیش وەکو دەوڵەتی ئینگلیزە، بەڵام بەبوونی جیاوازییەك کە گۆڕانی ریفۆرمیستی لەئاڵمان هێواشترو نابەردەوامە.

لەدوای ساڵی ١٨٩٥ برنشتاین لەوتارێکدا بەشکۆوە باسی فردیناند لاسال، بنیاتنەری بزوتنەوەی سوسیالیستی ئاڵمانی، کرد. چەمکی دەوڵەتی بەهێز لەئەندێشەی ئەودا بەتەواوی نەمابوو دەیگوت: "ئەگەر دەوڵەت هەندێکجار لەکاروانی مرۆڤایەتیدا هۆکارێکی خێراکەر بووبێت، هەر خۆیشی چەندین جار رێگر بووە لەم کاروانە". لاسال لەژێر کاریگەری هیگڵ، دەوڵەتی بەتەحقیق بوونی بیرکردنەوەی ئەخلاقی دەزانی، بەڵام مارکس ئەم دامەزراوەی بەهەڵوێستی سیاسی بۆ هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو ئابوری دەناساند. لاسال لەم





بارەیەوە دەیگوت: ئامانجی دەوڵەت، دروست هەوڵدانە بۆ هێنانەدی یەکێتی لەنێوان تاکەکان، و گەیاندنی ئەوانە بەقۆناغێك کە بتوانن دەستیان بگاتە ئامانجەکانیانو بەئاستێك لەژیان شادیان بکات کە گەیشتن بەو قۆناغە لەخۆیدا بۆئەوان مەیسەر نابێت. دەوڵەت تاکەکان بەرادەیەك شایستە دەکات تا بگەنە ئاستێك لەفەرهەنگو دەسەڵاتو ئازادی کە بەدەستهێنانی بۆهەرکەسێك بەتەنها، لەتوانادا نابێت.

دەوڵەت لەدیدی یەکەمین سەرۆکی "ئەنجومەنی گشتی کرێکارانی ئاڵمان" کەلاسال بوو، وەکو یەکێتی زۆرایەتی مەزنی خەڵك باسی لێکراوە، نەك ئامڕازی دەسەڵاتی کەمایەتی خاوەن ئیمتیاز (بڕوای مارکس). لەم سەردەمەدا، واتە سەرەتای ساڵانی دەیەی ١٩٨٠، برنشتاین تیۆرەکانی لاساڵی پەسەند نەدەکردو بڕوای وابوو کەئەم دیدگایە پایەی ئاشتکردنەوەی رابەرانی سوسیالیزمە لەگەڵ دەسەڵاتی حاکمدا. و دەنووسێ: "لەتیۆری لاسال دا ئەندێشەی دەوڵەت وەکو پردێکە کەدەبێت لاساڵی کۆماری خواز بەلایەنگرانی سەڵتەنەتی رەها بگەیەنێ، و شۆڕشگێڕانیش بە سەرسەخترین کۆنەپەرستان" برنشتاین داکۆکی لە هەڵبژاردنی گشتیو راستەوخۆ دەکردو دەیگوت: هەڵبژاردنی گشتیو راستەوخۆ نەتەنها بناغەی کاری ئێمەیە لەزەمینەی سیاسیدا، بەڵکو پایەگای سەرەکیمانە لەکاروباری کۆمەڵایەتیشدا، هەر بەو شێوەیەی کە مەرجی کۆمەڵایەتی هەرجۆرێك هەنگاوو بڕیاری گشتی. بەڵام ئەو لەهەمانکاتدا دەیزانی کەنابێت توند رەوانەو کوێرانە داکۆکی لەم بۆچوونە بکرێت، چونکە ئەگەر خەڵك بەئەندازەی پێویست هۆشیارنەبن، دەنگەکانیان لەبەرپێی ئەو سیاسەتمەدارانەدا دەرژن کەشایستەنین. ئەو دیکتاتۆرانەی کە بەدەنگی خەڵك هاتوونەتە سەرکار، پشتیان بەو توێژە کۆمەڵایەتیانە بەستووە کە بەفریو هەڵیان خەڵەتاندون. لێرەوە پێداچوونەوەی برنشتاین ئەوەشی نیشانداوە کە

گەیشتن بەسۆسیالیزم بەو ئاسانییە نیە کە لاسال بیری دەکردەوە.

**لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا، سێ ساڵ پێش مەرگی ئەنگلز، فوتابیەکەی سەبارەت بە (نەمانی دەوڵەت)، واتە تیۆری مارکس و ئەنگلز، ئاوا دەدوێ:**

بەڵام لەجیهانی راستەقینەدا، کۆمەڵگایەك کە دەیەوێت لەهەندێك لەنیازەکاندا بەشدار بێت و کۆتایی بەخراپە بهێنێ، ناتوانێ چاوپۆشی بکات لە "ئۆرگانەکانی" دەستور، لەهۆکاری ماڵی و لەوانەشە هەندێکجار لەهۆکاری ئیجبار. ئاشکرایە کە بۆ هەبوونی ئەم شتانە جگە لەکۆمەڵگایەکی رازدارو ئەسیری، شتی دیکەشی پێویستە.

جگە لەمانەش، برنشتاین بەرلەمەش لەوتارێکی رۆژنامەی (سوسیال دیموکرات) دا تیۆری هەڵوەشانەوەی تەدریجی دەوڵەتی بەتوندڕەوانە لەقەڵەم دا. و لەئەنجامدا ئەنگلز نامەی بۆدەنووسێ کە بەشێك لەو نامەیە بەم جۆرەیە.

دەبێت ئەوە نیشان بدرێت کە پرۆلیتاریای سەرکەوتوو سەرەتا دەبێت دەسەڵاتی کۆنی دەوڵەتی بۆرژوکراتی، ئیداری و ناوەندی بگۆڕێ و پاشان لەو رێگایەوە بۆ گەیشتن بەئامانجەکانی سوود وەربگرێ.

لەرۆژی ٢٨ ی ژانویەی ١٨٨٤ هاوکاری مارکس لەپێشەکی وەرگێڕانی ئاڵمانی (هەژاری فەلسەفە) کەیەك ساڵ لەدوای مەرگی مارکس چاپکرا، دەڵێت:

چینی کرێکار لەکاروانی گەشەی خۆیدا دەبێتە جێ نشینی کۆمەڵی مەدەنی کۆن، کە بوونی چینەکان و دژایەتیان ناهێڵێ. پاشان جێگاو دەورێك بۆ دەسەڵاتی سیاسی بەمانای تایبەتی دەسەڵات، لەمەیداندا نامێنێ. چونکە دەسەڵاتی سیاسی





بەوردی ناوەرۆکی رەسمی دژایەتیە لەکۆمەڵگای مەدەنیدا.

لە بیروڕای مارکس و ئەنگلزدا دەوڵەت بە شێنەیی و سەرئەنجام هەڵدەوەشێتەوەو ئەمەش دەبێتە هۆی لاوازبوون و لاوازکردنی دەوڵەت. مارکس و ئەنگلز لەنوسینەکانیاندا لەجیاتی (دەوڵەت) و (دەوڵەتی سۆسیالیستی) بەزۆری وشەی (کۆمەڵ) و (کۆمەڵایەتی) بەکاردەهێنن کەنیشانەی نەبوونی توندوتیژی و ئیجبارکردنە لە دەوڵەتی نوێدا. زاراوەی (دیکتاتۆری پرولیتاریا)، کەپاشان و زۆر بەدەگمەن لەبیرو رای ئەواندا پەیدا بووە، لەگەڵ ئەم بۆچوونەدا زۆر جیاوازن ! هەر بەبڕوای ئەوان نەك ناکۆکی و دژایەتی چینایەتی لەکۆمەڵگای ئایندەدا لەناودەچێت، بەڵکو جیاوازی نێوان چینەکانیش نامێنێ و هێزی گشتی یان هێزی دەوڵەت لایەنی سیاسی خۆی لەدەست دەدات. چونکە دەسەڵاتی سیاسی، بەمانای تایبەتی وشەکە، هێزی سازماندراوی چینێکە بۆ ستەم لەچینێکی دیکە.

ئەوەی زۆر رۆشن و بەڵگە نەویستە کە لادانەکانی رفیزیونیزم (پێداچوونەوە) بەرهەمی نەزانی و بێ ئاگایی یان بەدحاڵی بوونی تیۆرەکانی برنشتاین نییە دەربارەی مامۆستاکانی پێشوو، بەڵکو نیشاندەری تیۆرێکی دیکەیە. هەرئەوەندەی کە (لە رووداو دامان) لەبوونی مامۆستای خۆشەویست (ئەنگلس) لەنێواندا نامێنێ، رێگای پێداچوونەوە بەخێرایی زیاتر بەردەوام دەبێت. یەکێك لەمەسەلە گرنگەکان، هەرچەندە بچووك دیارە، بەڵام زۆر شایانی باسە، ئەوەیە: جیاوازی بیروڕا دەربارەی ناوی (سوسیال دیموکراسی) یە، کە ئەنگلس ئەم ناونانەی بەناچاری پەسەند کردبوو، کە دەڵێ:

ئەم ناوە بۆ حزبێك کە بەرنامەی ئابورییەکەی تەنها سۆسیالیستی نیە،

بەڵکو کومۆنیستیەو ئامانجی سیاسی کۆتایش سەرکەوتنە بەسەر هەموو دەوڵەتەکانو نەمانی دەوڵەتە بە شێوەی گشتی، لەناونیشاندا سەرکەوتنە بەسەر دیموکراسیشدا. ئەم ناوە زۆر گونجاو نیە.

بەڵام برنشتاین بەتەواوی دیدی جیاوازە لە ئەنگلز. ئەو زاراوەی (سوسیال دیموکراسی)، کە کینکل نوسەرو خەباتکاری ساڵی ١٨٤٨ لەسوسیالیستەکانی فەرەنسای وەرگرتبوو، بەهەستێکی قووڵەوە پەسەند دەکات: "ئەگەر ئەم زاراوەیە جگە لەیادەوەری وردی بنەمای لیبراڵی لەنیهادو بونیادی سوسیالیزمدا، تێگەیشتنی دیکەی نەبێ، هیچ کەسێك جگە لەداهێنەرەکەی ناتوانێ بەهاکەی بناسێ".

لەکتێبی دووەمدا، واتە (سۆسیالیزمی تەکامولی) برنشتاین ئاڵوگۆڕی لەناکاوی سەرمایەداری بەکۆمەڵگای سۆسیالیستی نەفی دەکات. برنشتاین دەڵێ لەنێوان ئەم دوو سەردەمەدا هێڵی جیاکەرەوە نیە. دیموکراسیکردنی کۆمەڵگا لەجیاوازی چینایەتی کەم دەکاتەوەو بۆ عەدالەتیەکان ریفۆرم دەکات. "بەرژەوەندی کەمایەتی خاوەن ئیمتیاز رۆژ بەڕۆژ زیاتر دەبێتە پاشکۆی بەرژەوەندی گشتی" هەرچەند دیموکراسی پێش بکەوێت، بەرژەوەندی چینایەتی زیاتر پاشەکشە دەکات. بەزاراوەیەکی دیکە، ئەگەر دەوڵەت رۆژگارێك (ئیدارەی گشتی) خاوەنداران بووبێ، لەمەودوا وانابێ. دروست هەر لەهەمان سەردەمدا بەدبینی برنشتاین سەبارەت بەتوانایی دەوڵەت لەبەڕێوەبردنی دامودەزگا ئابوریە بەهێزەکان، سەری هەڵدا.

ئەم بێ بڕواییە سەبارەت بە دەوڵەت ڕێگای لەوەنەگرت کە برنشتاین لەکتێبی سێهەمی خۆیدا، گریمانەی بوونی کۆمەڵگایەکی بێ سەرپەرشتی دەوڵەت بەگاڵتە جاڕی لەقەڵەم بدات. پاشان باس لەوەش دەکات کە گریمانەی نەمانی



دەوڵەت بەشێکە لەدەرئەنجامی تیۆری دوور لەواقعیەتو بەشێك نیە لەڕاستی کۆمەڵگاکان. یەکێك لە رەخنە گرنگەکانی ئەوکاتەی برنشتاین لەمامۆستاکانی جارانی ئەوە بوو، چۆن دەبێت دەست بکرێت بەفراوانرین کۆمەڵایەتیکردن لەهەموو زەمینەکانی جیهانداو لەکاتێکدا کە ئەوان چاوەڕوانی ئەوەن کە دەوڵەت لە نێوبچێت؟

ئێمە لەتەواوی نوسینەکانی برنشتایندا ئەم بۆچوونە دوولانەیە دەربارەی دەوڵەت دەبینین، ئەو نەخوازیاری کەمبوونەوەی دەسەڵات یان زیادبوونی تواناکەیەتی. نەخشی ئابوری دەوڵەت پەسەند ناکات، بەڵام لەهەندێك لەکارو رشتەکاندا دەورو توانای دەوڵەت پشتیوانی دەکات. لەکاتێکدا کە بوونی بەدەنەی دەوڵەت بەپێویست دەزانێ، بەڵام سەبارەت بەمەترسی بیرۆکراسی، چ لەزەمینەی ئابوریو چ لەسیاسەتدا، هۆشداری دەدات. لەدژی بیرۆکراسیە، بەڵام خوازیاری بونیادو دامەزراوەی نوێنەرایەتی فراوانە (نموونەی پارلەمان). لەلای ئەو سیستەمی دیموکراتیو نوێنەرایەتی لەسەر پایەی دیموکراتیکردنی بەردەوام دادەمەزرێ. ئەو بەردەوام لەدژی هەموو هەوڵو کۆسپە کۆنە پەرستەکان خەباتی دەکرد، کە ڕێگایان لەدیموکراسیو ماهیەتی ئازادی دەوڵەت دەگرت. و لەدژی پارلەمانو پارلەمانتاریزمی رووکەشی ئاڵمانی دەڵێت: "پارلەمانتاریزمی ئاڵمان جگە لەکۆپی کاریکاتۆری پارلەمانتاریزمی راستەقینە، شتێکی دیکەنیە".

ئەو بڕوای بەیەکێتیو هاوپەیمانی هەبوو لەدژی هەڕەشەو هێرشی کۆنەپەرستیو دەیگوت کە بۆرژوازی (بۆرژوای دیموکرات) لەم هاوپەیمانیەدا دەبێ بەشی هەبێت تەنها بەم کارە دەتوانین دامەزراوە دیموکراتیەکان رزگاربکەین.

ئەو تا ساڵی ١٩٠١ یەکێکە لەشاهیدە ڕۆشن بێ‌و ستایشکەرەکانی کۆمەڵگای بەریتانیاو دەیگوت لەدیدی کرێکاری ئینگلیزەوە دەوڵەت مایەی نەفرەت نییە. بێگومان لەم زەمینەیەدا بەریتانیا لەئاڵمان لەپێشتر بوو. برنشتاین لایەنگری پەیگیری مافە دیموکراتی‌و ئازادییە فەردییەکان بوو، چونکە ئەمانە یارمەتی خەڵك دەدەن کە داواکارییەکان بڵند بکەن‌و لەهێزی گشتی دا کاریگەربن. و دەنووسێ:

"هەر لەم ڕێگایەوە سوسیال دیموکراسی‌و چینی کرێکار، دەتوانێت هەرچی زیاتر دەزگای دەوڵەت لەکاروانی دیموکراسی بخاتە ناو ئاڵوگۆڕەوە". [٦]

### دەوڵەت لەسیستەمی بیرکردنەوەی برنشتاین دا

تائێستا ئەوەمان زانی کە هەڵوێستی پێداچوونەوەو تازەکردنەوەی مارکسیزم چۆن پەیدابوو گەشەی کرد. ئێستا دەبێت بەقووڵایی پرسەکان گرنگی بدەین‌و لەسیستەماتیك کردنی کۆتاییدا کاربکەین. پێویستە بەراوردو جیاوازی هەمەلایەنە لەنێوان تیۆری هەردوو مامۆستاو خوێندکارە پەیمان شکێنەکەیان بناسین‌و هەربۆیەش دەبێت لەم پرسە گرنگانەدا بیان خەینە بەرچاو:

پێکهاتەو دروست بوونی دەوڵەت، ماهیەتی ناوەرۆکی‌و شێوازی دەرەوەی دەوڵەت، دەوڵەتی دیموکراتی‌و دەوڵەتی چینایەتی، ئەرکە سەرەکیەکانی دەوڵەت، دەوڵەتی سۆسیالیستی‌و دیکتاتۆری پرولیتاریا، و نەمان‌و هەڵوەشانەوەی دەوڵەت.

پرسی یەکەم بریتیە لەپێکهاتەو دروست بوونی دەوڵەت، کە بەبڕوای مارکس‌و ئەنگلز دەوڵەت لە کەلێن‌وجیاوازی نێو کۆمەڵگاودابەش بوونی بەچینە



ناکۆکەکان لەدایك دەبێ. ئەم جودایی‌ودژایەتیەی نێوان چینەکانیش زادەی دابەشکردنی کارە کە بەرهەمی گەشەی هێزەکانی بەرهەمهێنانەو بەشێوەیەکی ناچاری دەوڵەت دروست دەکەن.

ئەنگلز، هەم بەرەخنەو دەرکردنی تیۆری (پەیمانی کۆمەڵایەتی) دەوڵەت (ڕۆسۆ)و هەم بەرەتکردنەوەی تیۆری میتافیزیکی دەوڵەت لە (فەلسەفەی هیگل) دا خەریك دەبێ‌و دەنووسێ: "دەوڵەت بەهیچ شێوەیەك دەسەڵاتێك نییە کە لەدەرەوەی کۆمەڵ بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنرێ" و بەشێوەی سەرەتایش، بەوجۆرەی کە هیگڵ دەڵێت:"هێنانەدی ئەندێشەی ئەخلاقی" و "وێناو واقعیەتی تاك" یش نییە، بەڵکو بەرهەمی کۆمەڵگایە لەقۆناغێکی تایبەتی لەگەشەو پێشکەوتن، دەوڵەت ئەو ئیعترافەیە کە دەڵێت کۆمەڵگا لەچەنگی ناکۆکیەکی بێ چارەسەردایە لەگەڵ خۆیداو ئەسیرو دوچاری کەلێن‌و دابەش بوونە. بەڵام لەبەرئەوەی دژایەتی چینایەتی کە ناوەرۆکەکەی بەرژەوەندی ئابوری جیاوازە، بۆیە دەوڵەت بەشێك نیە لەخەباتی نەزۆك،و بەشێوەی هێزێکی سەرو کۆمەڵگا دەرئەکەوێ. ئەرکی دەوڵەت ئەوەیە کە جیاوازی‌و ناکۆکیەکان ئارام بکاتەوەو لەسنوری سیستەم‌و یاسادا چاودێرییان بکات. ئەم هێزەی کە لەکۆمەڵگا پەیدابووە، بەڵام لەسەرووی دا جێگیرەو دوور لەکۆمەڵگا حوکم دەکات، دەوڵەتە.

ئەم شیکردنەوەیەی ئەنگلز دەبێتە سەرچاوەی زۆر پرس کە دەبێت یەك بەیەك باسیان بکەین‌و کاردانەوەیان لەڕێبازی پێداچوونەوەدا بناسین: وەکو بینیمان کە ئەرکی دەوڵەت، لانیکەم لەهەندێك لەقۆناغەکاندا، لە "ئەنجوومەنی ئیداری" چینە خاوەن ئیمتیازەکاندا سنوردار ناکرێت. ئەنگلزیش هەندێکجار ئەوە پەسەند دەکات کە نەخشی پۆزەتیفی دەوڵەت باسدەکات، چونکە ڕێگرە

لەهەڵوەشانەوەی کۆمەڵگا، واتە ناهێڵێ ناکۆکی کۆمەڵایەتی بەو ڕادەیە فراوان بێت کە ببێتە هۆی وێرانبوونی کۆمەڵگا. هەرچەندە ئەنگلز باس لەوە دەکات کە جیاوازی‌و ناکۆکی کۆمەڵایەتی، کاتێك دەگاتە لوتکە، لەکۆمەڵگا بێ چینەکاندا سەر دەرئەهێنێ، بەڵام نابێت ئەوەمان لەبیربچێت کەپێش گەیشتن بەم قۆناغە، سەردەمێکی مێژوویی درێژخایەن بۆگەشەی مرۆڤایەتی پێویستە.

ئەگەر برنشتاین، وەکو کەسانی دیکە، بخوازێ لەتیۆری ئەنگلز بۆ دەوڵەت ئەو هەڵوێستە پەیدا بکات کە دەوڵەت پارێزگاری لەبەرژەوەندی گشتی دەکات، دەبێت ئەوە بزانین کەئەم تیۆرەیە ڕەنگدانەوەی ئەم شێوەیە لەشیکردنەوە نابێت. وتەکانی ئەنگلز بەئاشکرا باس لەوە دەکەن کە دەوڵەت لەخزمەتی ئەو چینەدایە کە لەڕەوشی ئابوریدا بەهێزو باڵادەستەو ڕێگرە لەدروستبوونی کۆمەڵگای بێ چین. ئەنگلز هەر لەمبارەیەوە دەڵێ: "دەوڵەت دامەزراوەیەکە نەك تەنها بەردەوامی دەدا بە دابەشکردنی کۆمەڵگا بۆچینەکان، بەڵکو مافیش دەدا بەچینی خاوەندار کەچینی بێ خاوەندارێتی بچەوسێنێتەوەو بەسەریا زاڵ بێت". سەرئەنجام لە تەواوی نوسینەکانی ئەنگلز ئەو ئەنجامە پەیدا دەبێ کە دەوڵەت بەسنورداركردنی زۆر بەهێزی ناکۆکی‌و جیاوازییەکان، دەبێتە ئامرازێك لە دەستی توێژێکی کۆمەڵایەتی سەرەوەی کۆمەڵگا کە دەیپارێزێ‌و دەسەڵاتیشی زیاتر دەکات.

ئەنگلز بەوە رازی نابێت کە بڵێت ئەم نیهادە سەرکوتکەرە لەچ هەلومەرجێکدا لەدایك دەبێ، بەڵام دەڵێت کە تەمەنی ناکۆتا نیە: "دەوڵەت دامەزراوەیەکی ئەزەلی‌و ئەبەدی نیە. بەڵکو کۆمەڵگایەکن کە دەتوانن لەمە چاوپۆشی بکەن". دەوڵەت هەروەکو چۆن سەرەتای هەیە، هەربەو شێوەیە ئەنجامیشی دەبێت. دەوڵەت لە هەلومەرجێکی بەتەواوی دیاریکراودا دێتەدی‌و لە هەلومەرجێکی جیاوازیشدا



هۆکاری بوونی خۆی لەدەست دەداو ئەوکاتە هێدی هێدی لە نێودەچێت.

برنشتاین خاوەن دیدو تیۆری تایبەتە لەپرسی دەوڵەتداو لەلای ئەو دەوڵەت بەزۆرداری لەسەرەوەی کۆمەڵگادا نییە یان بەسەر کۆمەڵگادا نەسەپێنراوە، بەڵکو لە ئەنجامی گەشەو پێشکەوتنی کۆمەڵگا پەیدا دەبێت. دەبێت بۆ زیاتر شیکردنەوەی ئەم دوو ڕێبازە جیاوازییە سەرنج راکێشەکان بناسین. برنشتاین باس لەتایبەتمەندی هاوپەیکەری (ئۆرگانێکی) دەوڵەت دەکات‌و ئەمەش بە تەختەبەندی راوەستاوی کۆمەڵگای پێشکەوتوو دەزانێ. لەتیۆری خۆیدا باس لە دژایەتی کۆمەڵایەتی وەکو هۆکاری سەرەکی بوونی دەوڵەت خۆی دەپارێزێ‌و دەنووسێ: "لەژیانی کۆمەڵایەتیدا، جیاوازی لەژیانی ئابوری دا دەبێتە هۆی پەیدابوونی دامەزراوەی بەڕێوەبردن کە نوێنەری بەرژەوەندی هەموو خەڵك‌و خاوەنی ئەو ناونیشانەیە. ئەم دامەزراوەیەو بەم ناوەرۆکەوە لە دێرینەوە تا ئەمڕۆ بەدەوڵەت ناوبراوە". ٧

هەروەکو بینیمان لەلای برنشتاین پرسی دەوڵەت بەشێکە لەگۆڕانکاری لەئاستی هێزەکانی بەرهەمهێنانداو هیچ ئاماژەیەك بە پەیوەندی بەرهەمهێنان‌و بەرامبەرکێی هێزو توێژە کۆمەڵایەتییەکان ناکات. کاتێك ئەنگلز توخم‌و هۆکارەکانی دیکە جگە لەلایەنی چینایەتیش دەبینێ، برنشتاین هێدی هێدی، ڕەزامەندی‌و هاوڕایی خۆی ڕادەگەیەنێ. ئەنگلز نووسیویەتی: "دەوڵەت هەر لەسەرەتاوە لەکۆمەڵگا جیادەبێتەوە بۆئەوەی وەکو شێوەیەك لەئامرازی چینایەتی دەرکەوێت". بەڵام برنشتاین دەڵێت کە دەوڵەت دەیەوێت لەکۆمەڵگا جیابێتەوەو سەربەخۆیی خۆی بەدەست بهێنێ‌و دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە دەسەڵات، لەزەمینەی وابەستەبوونی خۆی ئازادبکات‌و داکۆکی لەبەرژەوەندی

گشتی بکات. بەبڕوای برنشتاین ئەو بیرە (جێگیر) ەی ئەنگلز کە دەوڵەت ئامرازی هەژموونی چینی دەوڵەمەند بەرەو بڕوایەکی سەختو دۆگم دەچێت، کەشایانی داکۆکی کردن نییە.

لەزۆر لایەنەوە وتراوە لەم جیاوازییەدا، کە بێگومان لەلای هەندێك وەکو (کفر) دێتە بەرچاو، بەبڕوای برنشتاین ئەوکەسەی کە لە بیروڕای خۆی پاشگەزبۆتەوە، ئەنگلسە نەك ئەو !

بەڵام لەپرسی ماهیەتو ناوەرۆکی دەوڵەتدا، برنشتاین بێگوێدانە گەڕانەوە بۆ بیروڕای پێشووی خۆی، سەرئەنجام بڕوا بە (بوونی دەوڵەتی سەروو چینەکان) دەهێنێ. ودەنووسێ:

بێگومان لەهەر وڵاتێك، سەرمایەدارانی پەیگیرو سەندیکاکانی کرێکاران، هەردووکیان بوونیان هەیە. بەڵام لەسەرووی ئەم دوانەوە، کۆمەڵگایەکی رێکخراو دەسەڵاتی هەیە کە نوێنەرەکەی هێزی یاسادانانە.

بۆ زیاتر رۆشنکردنەوەی هەڵوێستی برنشتاین لەبەرامبەر مارکسیزمدا دەبێت ئەوە بزانین کە مارکسو ئەنگلز لە باسی خۆیان سەبارەت بەدەوڵەتو حکومەت گرنگیان بەپارلەمان نەداوە، کە نوێنەری هەموو خەڵکە، بەڵکو زیاتر باسیان لەدەسەڵاتی جێبەجێکردن (حکومەت) کردووە. بۆ یەکەمین جار لەناو مارکسیزمدا، روزا لوکزامبورگو برنشتاین گرنگیان بەم دامەزراوە سەرەکیە داوەو ئەنگلزیش لەساڵانی کۆتایی تەمەنیدا لەوبارەوە قسەی کردووە. لەڕاستیدا لەڕێگای پارلەمانەوە دەوڵەت، لەدەوڵەتی دیکتاتۆرییەوە بەرەو دیموکراسی، بەبێ توندو تیژیو خوێنڕێژی، دەچێت.





برنشتاین دەوڵەت وەکو دەسەڵاتی تەواوی نەتەوەیەك دەناسێنێ، بەو مەرجەی کە دیموکراتیك بێ. هەربۆیە لەلای سۆسیالیستەکانو بزوتنەوەی کرێکاری چیدیکە بەدەستهێنانی دەسەڵاتو ئاڵوگۆڕی شۆڕشگێڕانە گرنگی نامێنێ.

سێهەمین خاڵ کە دەبێت باسبکرێت دەوڵەتی دیموکراتیو دەوڵەتی چینەکانە. پێویست ناکات کە ئەوە بسەلمێنین مارکسو ئەنگلز لەهەموو نوسینەکانیاندا باسیان لەمە کردووە، چونکە زۆر دیارو ئاشکرایە. بەبڕوای مارکسیزم، شێوەی دەوڵەت هەرچی بێت، بەڵام لەماهیەتی خۆیدا "دەزگای سەرمایەداری" و (سەرمایەی گشتی) یەو ئامرازێکە بۆ دەسەڵاتو ستەم. ئەم دیدگایە یەکێکە لەو پرسە ناوازانەی مارکسیزم کەهیچ گفتوگۆیەك هەڵناگرێ. بەلام دامەزرێنەری (یەکێتی گشتی کرێکارانی ئاڵمان)، واتە لاسال، دەوڵەت لەدیدگایەکی دیکەوە دەبینێ: "هەڵبژاردنی گشتی خاوەن ئەو تایبەتمەندییە سیحراوییەیە کە توانا دەدات بەهەمووان، دەوڵەمەندو هەژار، کە دەربارەی دامو دەزگاکانی وڵات بڕیار بدەن". بەڵام برنشتاین دەوڵەت لەکاروانی پێشکەوتندا دەبینێ، نەك وەك دامودەزگایەکی وەستاو: "ئەم نیهادە سەردەمێك لەخزمەتی شاهان یان چینە خاوەن ئیمتیازەکاندا بوو، بەڵام ئێستا گۆڕاوە بۆ دامودەزگایەکی بەڕێوەبردن کە لە پرنسیپدا دیموکراتیە". بەبڕوای ئەو دەوڵەت لەکاروانی پێشکەوتنو ئاڵوگۆڕدایەو هۆکارەکانی ئەم رەوتەش هێزەکانی دیموکراسیە کە لە سەروویانەوە "سوسیال دیموکراسی" جێگای گرتووە. دەوڵەت لەکاروانی دیموکراتیکردنو ریفۆرمی بەردەوام لە سۆسیالیزمدا سەر دەرئەهێنێ. یان بەدەربڕینێکی چاکتر ئەوەیە، کە هاوکات لەپەیکەری دیموکراتیو سۆسیالیستی دا بەرەو گۆڕان دەچێت.



هەواڵنامەی کتێب

لەم پرۆسەو قەڵەمڕەوەدا کە بەرەو ریفۆرم بچێت، کرێکاریش بەشێنەیی دەبێتە "هاووڵاتی"، و دەوڵەت دەبێتە دادوەرێکی بێ لایەن لەکۆمەڵگا. هۆکارو ئەنجامی ئەمەش ئەوەیە کە دەوڵەت چیدی لەبەرامبەر کرێکاراندا کەڕ نیە. هەرلێرەوەش کرێکاران سوود لەمافی دەنگدانو بەهرەگیری لەرێکخراوو سەندیکاکانی خۆیان وەردەگرنو لێیانەوە فێردەبن. برنشتاین دەڵێت: "بەو ئەندازەیەی کە وڵاتێكو خەڵکەکەی سوسیالیست بن، دەوڵەتی دیموکراتیش سوسیالیست دەبێت".

برنشتاین ئومێدی زۆری بەهەڵبژاردنی گشتی هەبوو: "هەڵبژاردنی گشتی بارۆمەترێکە کە بەهۆیەوە پلەی پوختەییو پێگەیشتنی چینی کرێکاری پێ دەپێورێ". برنشتاینی شاگرد، مامۆستاکەی بەوە سەرزەنشت دەکات کە تایبەتمەندیو سوودی دیموکراسی نازانێو دەڵێ: لەگەڵ گەشەی دیموکراسیو پیادەکردنی لەهەموو زەمینەکاندا، ئەو پەیڕەوانەی کە بەهۆی زۆرو توندوتیژی ئامۆژگاریو ستایش کراون، نەك تەنها زیادەن بەڵکو شومو کارەسات باریشن. و دەڵێت: "هەرچی دەزگا سیاسیەکانی نەتەوەکان زیاتر لەگەڵ پرانسیپی دیموکراسیدا سازگاربن، ئەگەرو بوونی کارەساتە گەورەکان کەمتر دەبێتەوە".

سەرئەنجام بۆمان دەرئەکەوێت کە شۆڕشی توندوتیژ لەدیدی برنشتایندا چ لایەنێکی کارەسات باری هەیە. و پەنابردن بۆ شۆڕش بەهەر شێوەیەك بێت بێ سوودە، چونکە خەڵك کەرۆژ بەرۆژ زیاتر بەهۆی مافی دەنگدانەوە بتوانن لەچارەنووسی خۆیاندا بەشداربن، دەشتوانن حکومەت بکەنە هۆکارێك بۆ گەیشتن بەنیازەکانی خۆیان. و بەمجۆرە لەسیستەمی بیرکردنەوەی برنشتایندا، چ لەبەرنامەی کۆمەڵایەتیو چ لەزەمینە سیاسیەکاندا، دیموکراسی دەبێتە خاوەن



گرنگترین تایبەتمەندی. هەربەوشێوەیەی کە کرێکار خاوەنی مافی خۆی بێت، لەخاوەنداریێتی میراتی گشتیو نەتەوەیی دا بەشداربێت، و بزانێت کە کۆمەڵ سەلامەتیو پارێزراوی ئەو دابین دەکات، لەبەرامبەر رووداو و کارەساتەکاندا فریای دەکەوێتو منداڵەکانی دەنێرێتە خوێندن.

لەدیدگای برنشتایندا مەیدانی خەبات، مەیدانی پارلەمانە، واتە ئەو جێگایەی کە مامەڵەو گفتوگۆی نێوان بیروڕاکان جێگای پێکدادانی چەکەکان دەگرێتەوە. پارلەمان جێگایەکە کە پارتەکان دەربارەی گەیشتن بەدەسەڵات لەگەڵ یەك هەڵوێست دەکەن. مارکس دەڵێت دەبێت دەوڵەت سەرنگون بکرێت، بەڵام برنشتاین دەڵێت دەبێت دەوڵەت بگۆڕین بەدیموکراسی. لەدیدی مارکسدا تەنانەت دیموکراسیش هۆکاری فشارە، لەلای برنشتاین لەبەرئەوەی دیموکراسی حکومەتی هەموو خەڵکە، بابەتی فشار نامێنێ. ئەو دەوڵەتی مۆدێرن بەشایانی گۆڕانو ریفۆرم دەزانێ نەك نەگۆڕو وەستاو. ئەم ریفۆرمەش بە بەشداریو کاریگەری خەڵك بەبێ پەنابردن بۆ شۆڕش، دێتەدی: پرسی پەیداکردنی دەوڵەتی پرۆلیتاریا لەبەرنامەدا نیە، بۆچی پرۆلیتاریا خوازیاری دەسەڵاتی تایبەتی خۆیەتی؟ ئایا ئەمە بەو مانایە دێت کە دەیەوێت دەسەڵات بەتەنها بگرێتە دەست خۆیو لەدژی هەموو توێژو چینە ناپرۆلیتاریاکان بەکاری بهێنێ؟

برنشتاین لەنێوان دەوڵەتی سەردەمی بیسمارکو دەوڵەتی پارلەمانی جیاوازی دەبینێ، چیدیکە پرۆلیتاریای مۆدێرن، پرۆلیتاریای پێشین نین، خەڵکێکی نەفرەتیو دەرکراو لەهەموو شوێنێك، کەسێك کە جگە لەنەبوونیو کارەسات هیچ بەشێکی نەبووە، بەڵام ئێستا ئەو یەکێکە لەئەندامانی کۆمەڵ کە خاوەنی هەموو مافە رەسمیەکانەو ئازادە لەهەژموونو دەسەڵاتی خاوەنکار.

لەدوای جەنگی جیهانی یەکەمو هاتنە سەرکاری کۆماری (ڤایمار)، سەندیکاکانی کرێکاران بەرەسمی ناسران. یاسای زۆر بەسوودی کرێکاران نووسران. شوێنو دادگای یاسایی بۆچارەسەری ناکۆکی نێوان کرێکارو خاوەن کار دامەزران. ئەگەر لەو سەردەمەدا دەوترا کە کارتێلو ترۆستە ئابوورییەکان بۆ کۆمەڵ مەترسین، وەڵامی برنشتاین ئەوەیە: "بەهەرحاڵ، دیموکراسی بەو جۆرەی کە لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکاندا بەدی هاتووە، ئاراستەی بەرەو نەهێشتنی مۆنۆپۆلە سەرمایەدارییەکانە".

راستە، دیموکراسیو پێوەرەکانی ئازادی تەنها دەسەڵاتو هەژموونێکی رەوایە کە دەتوانێ بەرامبەر دەسەڵاتو هەژموونی نارەوای سەرمایەداری بوەستێو تەواوی هێزەکانی دیکە بەسوودی سەرمایە هەڵوێست وەردەگرن. "ناسیونال سوسیالیزم" و فاشیزم بە بەڵێنی زۆرو زەبەندی سۆسیالیستی هاتنە مەیدانەوە، بەڵام لەنیوەی رێگادا لەگەڵ سەرمایەداری پەیمانیان بەست. تەنانەت دیکتاتۆری کومۆنیزم بەهۆی نازو نیعمەتی بەرچاوی "نیوکلامینتۆران" چینی تازە هاورێگا بوو. مێژوو ئەوەی سەلماندووە کە سەرمایەداری لەوە زۆرزانو فێڵبازترە کە برنشتاین بیری لێدەکردەوە. بەدبەختی زۆر گەورە لەوەدابوو ـ کە سەرەرای هۆشداریو ئاگادارکردنەوەکان ـ کۆمۆنیزمی روسیو رۆژهەڵاتی پشتیان کردە دیموکراسیو ئەمەیان بەتەنها بۆ سەرمایەداری بەجێ هێشت. و کۆستێکی دیکەش ئەوە بوو: جەماوەری وڵاتانی رۆژئاوا لە دامەزراندنو کاریگەری کارتێلو ترۆستەکان سوودیان وەرگرتووەو هێشتا سوود وەردەگرن، ئەی چۆن لەدژی ئەوان دەنگ دەدەن؟! ئەو سوودەی کە بە زیان تەواو دەبێت؟ بەزیانی وڵاتانی جیهانی سێیەم. تا ئەوکاتەی کە دیموکراسی لەوڵاتانی بێبەشدا پێ نەگرێو



بەخەڵکی رۆژئاوا نەڵێت کە "هەموو مرۆڤ برای یەکترن"، ئەم پرسە وەکو خۆی دەمێنێو سەرەنجام دیموکراسی یا دەبێت" جیهانی" بێت یان دەبێتە ئیمتیاز بۆ چینێکی تایبەتیو ئەمرۆش بۆتە بەهرەمەندی بۆ تەنها چەند وڵاتێکی تایبەت.

برنشتاین بەشداریو کاریگەریی دەوڵەت لەئابووریدا بەم شێوەیە بەیان دەکات: "بەڵام بڕوای من ئەوەیە کە حاکمیەتی دەوڵەت لە پرسی خاوەنداریێتی دا، لەوانەیە بەشێوەی جیاواز پەیدا ببێت. لەبەرئەوەی هەندێك جار رێکخراوە کۆمەڵایەتیو گشتیە ئازادەکان پشتیوانی ئەم دەسەڵاتەن، هەربۆیە سنووردارکردنی هەرچی زیاتر بەسەر بەشی چەوسێنەری سەرمایە پیادە دەکات. ئەمەش بڕوای سەرەکی سوسیالیزمی منە.

بەکارو کۆمەکی سەندیکاو هەرەوەزی لەگەڵ گەشەی دیموکراسی، ناوكو سازمانەکانی سوسیالیزم گەشە دەکەن، و لەئیمتیازو سودەکانی سەرمایەداران کەم دەکەنەوەو بەمجۆرە گرنگی کاریگەریی دیموکراسی لەئابووریدا زیاتر دەبێت".

"سوسیالیزم لەشیکردنەوەی کۆتاییدا پیادەکردنی دیموکراسییە بەسەر هەموو بەشو روخسارەکانی ژیاندا." و دەڵێت: "ئەمەش هەمان دەستورو یاسای ئەرخەمیدسە. و بۆچی لەهەموو شت زیاتر لەدژی مافی خاوەنداریێتی تێدەکۆشین، لەکاتێکدا کە دەڵێت ئامانجی سەرەکی ئێمەی سوسیالیست خوازیاری دابینکردنی لایەنی زۆری ژیانو خۆشگوزەرانین بۆ هەموو کەس؟" و لە نەیاری خۆی بەرامبەر خاوەنداریێتی کۆمەڵایەتی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان دەڵێت: "ئایا بەراستی ئێوە باوەڕتان وایە کە ئەگەر لەهەموو زەمینەکاندا کرێکارانو کارمەندان، جێنشینی سەرۆکی دامەزراوە ئابوورییەکان بن، هەلومەرجەکان باشتر دەبن؟" بەرێوەبردنی دامەزراوە ئابوریەکان پێویستی بەکاراییو شارەزایی

داهێنەرانەی خاوەنەکانیەتی: "دەوڵەتیکردن مانای دۆزینەوەی خراپترین بیرۆکراسی کە لە تێگەیشتن‌و چەمکا گونجاو دێتە بەرچاو، بەڵام لەکاردا ئیفلیجی‌و لەکارکەوتنی هەرچی زیاتری بەرهەمهێنان دەبێت".

(میللی کردن) یان (کۆمەڵایەتیکردن) ی هۆکارەکانی بەرهەمهێنان بەڕاستی کاتێك دێتە دی کە دیموکراسی بەجۆرێك فراوان‌و گەشەکردوو بێت، کە نەتەنها خەڵك خاوەنی مافی یەکسانی بن بەڵکو دەبێت خاوەن توانا‌و هێزی یەکسانیش بن. واتە هیچ هێزێکی دەرەکی سەنگینی نەکات بەسەر ویستی ئازادی تاکەکان. دووەمیش دەبێت ئەخلاق‌و دیدگای گشتی بەجۆرێك پێشکەوتوو بێت کە هەموو کەس دڵی بەخاوەندارێتی‌و ماڵی گشتی بسوتێ. ئەم دوو مەرجە لەرۆژی ئەمڕۆدا تەنها لایەنی ئامانجیان هەیە‌و نەبوونەتە هەلومەرجی ڕاستەقینە. بەبێ ئەم دوو مەرجە میللی‌و کۆمەڵایەتی کردن، تەنها دەبێتە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری دەوڵەتی کە کاریگەری‌و ئەنجامەکەیمان بینی.

**بەڵام برنشتاین دەزانێ کە پشت کردنە هەموو ئەوشتانەی کە پێشینان بە دەستیان هێناوە نە کارێکی کردەیە‌و نە دڵخوازیشە. ئەم رابردووەش لەمارکس وەردەگرێ:**

سوسیال دیموکراسی دەزانێ کە لەهەندێك ڕەوش‌و کاتدا لەوانەیە هۆکارەکانی ڕووخانی حکومەتێك لەقۆناغێکی کورتدا فەراهەم ببێت. بەڵام پرسی سەرنگون کردنی رژێمێکی ئابوری کە تەواوی توخمەکانی لەماوەی دەیەهاو دەیەها ساڵدا ئالۆگۆڕی بەسەرهاتووە، کارێکی نەگونجاوەو نابێت لەبەرنامەدا بێت.

مارکس دەڵێت، "دەسەڵاتێك کە بڕیارە بەسەر ئابوریدا زاڵ بێت‌و



پرۆلیتاریای ڕێکخراوە لەچینی باڵادەستدا". مارکس‌و ئەنگلز بۆ نیشاندانی نمونەی دەوڵەتی پرۆلیتاری لەیەك نووسراودا ئاماژە بە هەنگاوەکانی کۆمۆنی پاریس دەکەن. لەم دەوڵەتەدا دەبێت کارمەندانی حکومەتی هەڵبژێردراوو شایانی لابردنیش بن، خەڵکی چەکدار لەجێگای سوپا کاربکات. هەموو مووچەو کرێیەك دەبێت وەکو داهاتی ناوەندی کرێکار بێت‌و نوێنەرانیش تەنها دەبێت دیدگای خەڵك جێبەجێ بکەن، نەك هی خۆیان. بەڵام هەموو ئەمانە ـ کە لەدژی بیرۆکراسی بوون ـ ناکردەیی بوون‌و مێژووش جگە لەمە شتێکی دیکەی نیشان نەداوە.

دەربارەی نەمان‌و هەڵوەشانەوەی دەوڵەتیش، بێگومان برنشتاین نەیارە لەگەڵ دیدگای مامۆستاکانی. مارکس لایەنگری دیکتاتۆری پرۆلیتاریایە، واتە حکومەت‌و دەوڵەتی بەهێز، هەژمونگەر‌و ناوەندی، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەو دەوڵەت، یان هەر دەوڵەتێك، وەکو ئامرازی ستەم مەحکوم دەکات‌و مژدەی هەڵوەشانەوەی دەدات. برنشتاین لەم تیۆرەیەدا ناکۆکی بەرچاو دەبینێ. ئەو لایەنگری دەوڵەتی دیموکرات‌و مانەوەی دەوڵەتی ریفۆرم‌و چاکسازی کراو بە پێویست دەبینێ.

**بەڵام ئەنگلز دەڵێت:**

لەکۆمەڵگای بێ چین بەدڵنیایەوە دەوڵەت لەنێو دەچێت‌و کۆمەڵگایەك کە بەرهەمهێنان لەسەر بناغەی کۆمەڵایەتی ئازادو یەکسانی بەرهەمهێنەران، سازمانی تازە بەرهەمدەهێنێ، هەر جۆرێك دەوڵەت بە جێگای ڕاستەقینەی خۆیان دەگەن. بە مۆزەخانەی دێرین ناسی، لەپاڵ ڕەوڕەوەی دەستی‌و تەوری برۆنزی .

**برنشتاین وەڵام دەداتەوە:**

نـاتوانین بـڕوا بـەوە بکـەین کـە تەنانـەت لەکۆمەڵگـەی سۆسیالیستیـشدا، هاووڵاتیانی سادە بتوانن کارو ئەرکەکانی دەوڵـەتو ڕێکخراوەکـانی ئـەنجام بـدەن. نـاتوانین ئـەوە پەسـەند بکـەین کـە کۆمــەڵگا بتوانێـت چاوپۆشـی لـەبونیادو پێکهاتەی خۆی بکات.

ئەمەش کاتێك ڕۆشن تر دەبێت کە دەوڵـەتو حکومـەت بەشـێك نـەبن لـەنیهادو دامودەزگای فشار. حکومەتی وەزارەتەکانی تەندروستی، هاوکـاری، مەسکەنو لانـەی ژیـان، وەزارەتـی خوێنـدنو خزمـەتگوزاری گـشتی ڕێگاوبـان، چۆن دەبێـت بخرێنـە مۆزەخانــەوەو بۆچـی؟ وەڵامــی برنــشتاین بـۆ ئــەنگلز لــە دیموکراســی سەرچـاوە دەگرێتو دەڵێت ئەگـەر دەوڵـەتو حکومەتـەکان لایـەنی ستـەمو سـەرکوتکەرانەیان لەدەست بدەن، چ نیازێکمان بە نەهێشتنو نابوود کردنیان دەبێ؟

واقعیــەتو مێــژووی دەیــەی دووەمــی ســەدەی بیــستەم چــاوی برنــشتاینیان بــە هەلومــەرجی راســتەقینەی ســەرمایەداری کــردەوە (کــە لەپــشتی ســەرمایەداری، هــیچ جۆرێك لەبەرژەوەنـدی گـشتی نـابینرێ) و دەنووسێ: (شـاهانی راستـەقینەی دەسـەڵاتی کۆماری، باشتر دەزانن کـە لەپـشتی پـەردە، دەسـەڵاتی واقعـی لەدەسـتیان دابێـتو ئـەوەی پیـشانی دەدەن تــەنها ڕوخــساری دەرەکیــە). بــەم شـێوەیە متمانــەو پــشتیوانی ئــەو بەدەســەڵاتی کۆمــاری، جێگـای خـۆی دەدات بـەبێ ئـارامیو گومـان لـە سـاڵانی کۆتـایی تەمەندا، کە ئەمەش هاوکاتە لەگەڵ ساتە وەختی مردنی کۆماری فایمار.

تیۆری برنشتاین کە دەوڵەتی دیمـوکراتی بـەرەو گەشـەو تـەکامول دەچێو بـە شـێنەیی دەچـێتە نـاو سۆسـیالیزمەوە، لەمێـژووی بزاڤـی سوسیالیـستی دا جێگـای



گرنگی هەیە. ئەمەش وایکرد کە لەساڵی ١٩١٤ حیزبـی سوسـیال دیمـوکرات تـەواوی بیرو باوەڕەکانی ئەو پەسەند بکات.

بە بڕوای برنشتاین زاراوەی(پرولیتاریا) زۆر ڕۆمانتیکە، زیـاد پڕکـراوە بـە هەسـتو سۆزی شۆڕشگێڕانە، بەرهـەمی سـەردەمی ئـاڵودەو سـەنگینی سـاڵی ١٨٤٨ە. لەگـەڵ هـەموو ئەمەشـدا نـەیتوانیو نەیدەویـست کـە خـۆی بدزێتـەوە لـەداکۆکی بەرژەوەنـدی تایبـەتی کرێکـارانو خوازیـاری ئـەوەش بـوو کـە ئـەوان لـە دەوڵەتـدا جێگـای فـراوان ـ بـەڵام نـەك مۆنۆپۆڵی ـ یان هەبێت.

## سێیەم، برنشتاینو زەمینە تیۆرییەکانی سۆسیالیزم [٨]

برنــشتاین رووناکبیرێکی سـەربەخۆ بـوو، خۆیـشی بـە تیۆرسـاز نـەدەزانی. لەراستیدا کاتێك کە بەپرسی عەمەلیو ئەزمونی خـەریك دەبـوو، چاکترین وەفـای خۆی بە ئەندێشەی سۆسیالیستی دەنوانـد. باشـترین بەرهەمـەکانی ئـەو، نووسـینە مێژوویـیـەکانو ئـەو بەرهەمانـەن کـە تیایـدا بـاسو چارەسـەری ریفۆرمــەکانی کۆمەڵایـەتی دەخاتـە ڕوو. ئـەو هـەر چـەندە تیۆرمەنـد نـەبوو، بـەڵام حـەزی لەباسوخواستی تیۆری بوو. لەو زەمینەیەشدا چەندین لێکۆڵینەوەی باشـی ئـەنجام دابوو، بەڵام هێشتا بە دڵی خۆی نـەبوو. فەلـسەفە، کـارو قـەڵەمڕەوی تایبـەتی ئـەو نەبوو، ئەو خۆی زیاتر بە "رەخنەگری سازێنەر" دەناساندو لەساڵی ١٩٠٠ دەڵێ:

ئەوەی شایانی باس بێت مـن لەبەرامبـەری تیـۆریو ئامۆژگاریـەکانی ناسـراو بـە مارکسیزم بیروڕا یان تیۆریەکی دیکەم بۆ کۆمەڵناسی نەهێناوەتە دی. هـەر بۆیـەش نیـازم نییـە، کـە مارکـسیزم ڕەت بکەمـەوە، بـەڵکو ئەسـڵی مەسـەلەکە ئەوەیـە: پێشکەوتن ئەوە نییە کە بەرهەمی زانستی مارکس رەخنە بگرم، بـەڵکو ئەوەیـە کـە

ئەنجامو ئاڵوگۆڕەکانی پەسەند بکەم. ئەم پێشکەوتنەش کارساز نابێت، مەگەر ئەوەی کە دەبێت سەرەتا خۆم تەسلیمی ڕەخنە لەتیۆری ئەو بکەم.

**وە دە ساڵ پاشتر دەڵێت:**

ڕێبازی پێداچوونەوەو تازەگەری پایەی سەرەکی تیۆری کۆمەڵناسانەی مارکس بە ڕەسمی دەناسێ. تا ئەو جێگایەی لەزەمینەی تیۆریدا کار دەکەین، چاکتر وایە کە لەپێداچوونەوەی ناو مارکسیزم قسە بکەین، نەك لەپێداچونەوەی دژی مارکسیزم.

بەم شێوەیە برنشتاین مارکسیزم وەکو سیستەمی فیکری داخراوو تەواوبوو تەماشا ناکاتو ئەو وەکو سۆسیالیستەکانی دیکە، بە هەقی خۆی. بەڵکو بە ئەرکی خۆی دەزانێ ـ کە مارکسیزم بکاتە (پرەنسیپی دەست پێکردن)، وگەشەی تیۆری ئەندێشەی سۆسیالیستی دوای مارکس گرنگی پێ بدات. لەم بەشە لە نوسیندا کە پاشان دەیخەینە ڕوو، گاڵتە بەو کەسانە دەکات کە نوسینەکانی مارکس بە (پیرۆز) دەزانن، و بەچاوی نەگۆڕو وەستاو تەماشای دەکەن:

لەسەرەتادا تەنها وشە هەبو و لەلای خواوە بوو، بەڵکو وشە خودی خوابوو. هەر بەو شێوەیە تیۆرێك کە لەبزوتنەوەی کرێکاریو ئاڵوگۆڕی ڕووناکبیری وابەستە بەو بزوتنەوەیە لەدایك بوو، وەکو جیلوەی ئایاتی خودایی سەیریان دەکرد. تیۆرێکی کامل کە لە سەرەتای پەیدابوونی دا وەکو سەرەتای هەموو شتەکان وابوو، یان بەڕاستی دەیانویست کەوابێ. ئەم هەڵوێستە لەمارکسیزمو تەماشاکردنی وەکو خەتمی کەلام لەفەلسەفەدا نەك تەنها خزمەت نییە بە مارکس، بەڵکو گاڵتەکردنو خراپەیە بە یادەوەری مارکس. چونکە ناسینی مارکسیزم، لەبەر ئەوەی کە لەناو خۆیدا پرەنسیپی پێشکەوتنی هەیە، بریتیە لەگفتوگۆ لەگەڵ خودی



مارکس بە مەبەستی ئەوەی کە جەوهەری ئەندێشەکەی بپارێزن.

یەکێك لەبنەمای ئەندێشەکانی برنشتاین ئەوەیە کە هیچ بیرمەندێك بێ هەڵەو کامل نییە. ئەو بڕوای بەوەبوو کە ڕەخنە، هۆکاری گەشەی ئەنجامەکانەو دەڵێت:

ئەو ڕەوشە لەمێژووی زانستەکاندا ڕاستە، کە گریمانەیەکی پێشکەوتوو لەڕەخنەی گریمانەی پێشوو، وەکو تەواوکەری ئەو سەیر دەکرێ.

سەرەنجام بۆمان دەرئەکەوێ کە برنشتاین نایهەوێ تەلاری تیۆرێکی تازە دابنێ، بەڵکو ئامانجی ئەوەیە کە هەندێك بەش لەدنیای مارکسیزم کە زیادە یان شایانی گۆڕانن یان بۆ پەسەند کردن دەبن، بە تەواوی دیاری بکات. پرسی زانستی بوونی سوسیالیزم لەبۆتەی لێکۆڵینەوەی سەرلەنوێی ئەندێشەی سۆسیالیستی دایە. ئەم مەسەلەیە خاوەنی دوو لایەنی جیاوازو لەهەمانکاتدا بە تەواوی وابەستە بە یەکترن. ئایا مارکسو ئەنگلز لەوەدا سەرکەوتوو بوون کە سیستەمێکی سۆسیالیستی ڕۆشن بکەنەوە کە وەڵامدەرەوەی پێوەرە زانستیەکان بێت؟ ئایا سوسیالیزمی زانستی، هەلومەرجەکانی هەرچی بێت، توانای تیۆریکی بۆ ساز کراوە؟ بە بڕوای برنشتاین ڕەوش یا میتۆدی زانستی سروشتی، ئەزموونو تاقی کردنەوەیە. لەبەرئەوە تایبەتمەندی سەرەکی ئەو زانستە بینین (مشاهدە)و ئەزموون کردنە. دەنووسێ: (بەردی بناغەی هەر زانستێك ئەزموونەو ئەمەش بریتیە لەبینینو تاقی کردنەوەی یەك لەسەر یەك) ئەم دڵنیابوونە بەو جۆرە ئاشکرا دەبێت کە ماهیەتی هۆشیاریو ئاگایی زانستی کۆمەڵایەتی ئەزمونەکانو یەك دوو ئەزموون بە تەنها کافی نییە. بەهۆی ئیلهامێکی ئێستایی ناتوانین دەستمان بەزانست بگات، بەڵکو دەبێت بەهۆی بەڵگەو پێدانی بەردەوام، دەستمان بە ئەزموونو تاقیکردنەوە بەردەوامەکان بگات.

بە بڕوای برنشتاین لەدوای چەند ئەزموونی سەرەتایی‌و بەکۆکردنەوەی هەندێك تاقیكردنەوەی لاواز ناتوانین دەستمان بگات بە ناسینی زانستی، بەڵكو دەبێت سوود لەگریمانەکان وەربگرین. گریمانەکان لەخۆیاندا بەهای زانستیان نییە، بەڵكو ڕێنمای لێكۆڵینەوەو شارەزابوونەکانی ئایندەن. گریمانەکان "بەهای مەزنی دۆزینەوەیان" هەیەو هەر بۆیەش بەڕاستی لەنێوان ڕەوشە زانستیەکاندا جێگایان هەیە. بۆ دەست ڕاگەیشتن بە لێكۆڵینەوەو ناسینی دیاردەکان دەتوانین پێشنیازی چەندین گریمانە بکەین، بەڵام لەزانست تەنهایەك لێكۆڵینەوەی ڕاستەقینە بۆ هەر پرسێك بوونی هەیە. تیۆری‌و گریمانەکان ئەو بەهایەیان نییە کە زانست هەیەتی. (زانست، لەسەرووی تیۆرەکانەوەیە، هەروەکو چۆن لەسەرووی حیزبەکانیشەوەیە.) سەرئەنجام برنشتاین بەو ئامانجە دەگات کە زانستە سروشتییەکان "ئامانج" یان نییە (واتە دارای ئامانجێکی لەپێشەوە دیاریکراونین). ئەو تەنها "ئاکامی" زانستەکان بە شایستە دەزانێ: (بە شێوەیەکی کورت، تایبەتمەندی زانستی سروشت گەڕانە بە دوای هۆکارە بابەتیەکانداو ناسینی زانستی جیهان بریتیە لەبینین‌و ناسینی جیهان وەکو ئاکام نەك وەکو ئامانجی دڵخواز.) زانست گرنگی دەدات بە پەیوەندی‌و پابەندی هۆکارەکان کە دەبێت بەشێوەی سیستەماتیك‌و ئەزموونگەرایی لێكۆڵینەوە بکرێن. پرسی ئامانجی مرۆڤ و جیهان کاری زانست نییە. ئەمەش ئاماژەیە بە مژدەی کۆمەڵگای بێ چین‌و ئامانجەکانی سەر بەو کۆمەڵگایە.

بەسەرنجدان لەم خاڵانە بۆمان دەرئەکەوێ کە برنشتاین سەبارەت بە زانستی بوونی سوسیالیزم گەشبین نییە، بەڵام ئەمەش بە دڵنیایی‌و پەیگیری ناڵێت، لەم زەمینەیەدا دەبێت تەماشای ئەم پرسانەی خوارەوە بکەین:



١ـ برنشتاین دەڵێت کە پێشەوایانی بیری سوسیالیزم بڕوایان وابوو بەڵام نەیان سەلماندبوو کە سوسیالیزم ئەنجامی ناچارییە بۆ ئاوابوونی سەرمایەداری. پێشبینی هەرەسی حەتمی‌و ناچاری سەرمایەداری لەلای سوسیالیزم کارێکی سەلمێنراو نییە. برنشتاین بڕوای بەوە نییەو دەنووسێت: (تەواوی ئەزموونەکانی مێژوویی‌و ئاماژە زۆرەکانی ئێستا، ئەوە نیشاندەدەن کە شێوازی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری، وەکو شێوەکانی پێش خۆی، تێپەڕن، بەڵام گرنگ ئەوەیە کە بزانین ئایا ئەم کۆتاییە، بە شێوەی هەرەس دەبێت یان نا؟ وە ئەوەی کە ئەم هەرەسە لەئایندەی نزیك دەبێت یان نا؟ و ئایا ئەم هەرەسە بە ناچاری دەبێتە هۆی پەیدابوونی سوسیالیزم؟).

برنشتاین پشت بە خاڵی کۆتایی دەبەستێ. تا ئەو کاتەی کە سۆسیالیستەکان نەتوانن بە کاری وردی زانستی ئەوە بسەلمێنن کە ئەنجامی هەرەسی سەرمایەداری چی دەبێت، پێشبینیەکانی تایبەت بە پەیدابوونی سوسیالیزم جگە لەبڕوا، ئومێدو هیوا زیاتر شتێکی تر نین. لەدیدگای زانستی دا، مەسەلەی گرنگی سوسیالیستەکان سەلماندنی پەیوەندی هۆکاری"علیت" نێوان ئەم دوانەیە (ڕووخانی سەرمایەداری‌و پەیدابوونی سوسیالیزم).

٢ـ دووەمین ڕێگری زانستی سەیرکردن‌و تێگەیشتنی سوسیالیزم بریتیە، لەنەخشی ئاشکراو گرنگی ئیرادەگەرایی لەتیۆرو بزاڤی سوسیالیستی دا. بە بڕوای برنشتاین دەبێت لەبیروڕای سوسیالیستی دا هەر چۆن گرنگی دەدرێت بەنیازو ویست‌و هیواکان، هەر بەو شێوەش دەبێت نەخشی نەفی‌و ڕەتکردنەوەو نکۆڵی مرۆڤەکان ببینین. بەڵام ئیرادەگەرایی Volontarisme‌و حەتمیەت Determinisme دوو کاری دژ بکەین. برنشتاین نەخشی ئیرادە وەکو هۆکاری

گرنگو دڵخوازی ئەندێشەی سوسیالیستی پەسەند دەکات، بەڵام بڕوای وایە کە کاریگەری ئیرادە لەتیۆری دا، لەتایبەتمەندی زانستیەکەی کەم دەکاتەوە، دەنووسێ:

بە بڕوای من ویستی مرۆڤ ڕێگر لەوەی کە گەشەی مێژوویی لەسەر بناغەی چەند گریمانەی گشتی پێشبینی بکەین... لەتەواوی دادوەریو پێش گوتنە مێژووییەکاندا توخمی گریمانەیی بوونیان هەیە، هەر بۆیە ئیرادەی مرۆڤ ئەنجامی هۆکاری پێشبینی نەکراوە لەناو هەر چوارچێوەیەکی پێشبینی کراو.

لەبەر ئەوە هێزە ناسراوەکان بە هێزی بابەتی بە تەنها دیاریکەری کاروانی مێژوو نین. ویستی تاکانەی مرۆڤەکانیش کاریگەرییان هەیە، برنشتاین ئەم بڕوا بەم شێوەیە شیدەکاتەوە:

بە تەنها واقعیەتی خامی زێدە بەها نییە کە پێداویستی گۆڕانی سۆسیالیستی لەکۆمەڵدا دەخاتە ڕوو، بەڵکو ئەم گۆڕانە، بەرهەمی پەسەند نەکردنی ئەم هەلومەرجو دیاردەیەیە (سەرمایەداری) لەلایەن خەڵکەکانەوەو ئەو هەلومەرجە ڕاستەقینەیەی کە خەڵك زێدەبایی بە چەوسانەوە دەزانن و هەست بەوە دەکەن کە ئەم بەهرە ستاندنە تەحمول ناکرێت.

برنشتاین زۆر بەتوندی ناکۆکە لەگەڵ مەسەلەی پەیوەندی نێوان ویست، حەتمی بوونو زانست. ئەو هەروەها حەتمی بوون وەکو بەشێك لەزانستی سروشتی دەزانێو بڕوای وایە ئەگەر ئیرادەی مرۆڤ لەمەیدانو کار دابێت ناتوانین شتەکان پێشبینی بکەین.

٣ـ لەدیدی برنشتاین پرسی کاریگەری ئیرادە لەسوسیالیزمو مێژوودا بە



زاراوەی دوو لایەنی (بابەتی ـ خودی) لێك: دەداتەوە. دەڵێت تەنها کاتێك کە سوسیالیزم پشت بە هۆکاری بابەتی دەبەستێ، لەوانەیە بتوانین کە بەزانستیانەی دابنێین. ئەو خواستو ویستی مرۆڤ بەهۆکاری خودی یان زهنی دادەنێ، بەڵام بێ ئاگاش نییە لەئاوێتە بوونی ئەم دوانە لەپێکهاتنی کەسایەتیو ئاڵۆزی دا:

ئاشکرایە کە ویستی هیچ مرۆڤێك هۆکاری تاکانە یان بابەتی نییە، بەڵکو هەلومەرجی دەروونی، مێژوویی یا کۆمەڵایەتی وابەستەیە. هەر مرۆڤێکی عاقڵ بڕوای بە کاریگەری ژینگە هەیە. ژینگە، هەلومەرجی کۆمەڵایەتیو سروشتی بناغەی بابەتیانەی ئیرادەیە، بەڵام ئەم بناغە بابەتیە، تەنها مادی نییە، هەڵوێستو مامەڵەی ئەخلاقیو حقوقی، ئیمانی ئایینیو تیۆرە زانستیەکان لەودا نەخشی سەرەکیان هەیە.

**تیۆری برنشتاین یان گریمانەی ئەو بۆ سۆسیالیزم بەم شێوەیە ڕۆشن دەبێتەوە.**

سوسیالیزم پێویستی بەهاوتایی نێوان هێزە بابەتیەکان، کە دەبنە پشتیوانو پاڵپشتی، وکاری ئەو ئیرادەو ویستە خودیو زهنییەیانەیە کە پێویستی پێیانە.

٤ـ سوسیالیزم وەکو بەرنامەی سیاسیو تیۆری چینێك، هۆکارێکی ناسازگار دەبێت لەگەڵ زانستدا.

کاتێك کە هەندێك لەسۆسیالیستەکان بانگەوازی ئەوەیان دەکرد کە ڕەخنە لەهەندێك لایەنی زانستی مارکسیزم هاوتایە لەگەڵ هێرش بۆ سەر مارکسیزم لەدیدگای سیاسیو لەئەنجامدا خیانەتە لەچینی کرێکار. برنشتاین وەڵام دەداتەوە کە جیاوازی نێوان زانستو ئامۆژگارییە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان ئەوەیە کە ئامۆژگارییەکان بیانەوێت وەکو مەیلێکی تۆتالیتار دەربکەون، چونکە قەڵەمڕەوی

زانست دەرگای بە ڕووی هۆکاری تازەو لێکۆڵینەوەی ئەو قەڵمڕەوە کراوەیە:

هەر کاتێك کە سوسیالیزم لەهەوڵی ئەوەدا بێت تا لایەنی کردەیی بەو جۆرە بسەلمێنێ کە زانستێکی پوختە، دەبێت چاوپۆشی بکرێت لەوەی بیروڕاو دیدگای یەك چینو تەنها هێنانەدی ئامانجەکانی کرێکاران بێت.

لێرەوە پێشنیازی ئەوە دەکات لەجیاتی(سوسیالیزمی زانستی) زاراوەی (سوسیالیزمی رەخنەیی) بەکاربێت، بۆ ئەوەی سوسیالیستەکان بتوانن تیۆری خۆیان سەرلەنوێ تازە بکەنەوەو بیخەنە بەرلێکۆڵینەوەو ئەزموونی نوێ.[٩]

## چەمكو تێگەیشتنی تەكامول

لەئەندێشەی مارکسو ئەنگلزدا تەکامول رێگرنیە لەشۆڕش. بەپێچەوانەوە برنشتاین بڕوای وایە کە تەکامول، پرسی شۆڕش وەکو پێشەکی پێویست بۆ سۆسیالیزم نەفی دەکاتەوە. دەڵێ:

ئەوەی کە بە (ئامانجی کۆتایی سوسیالیزم) ناونراوە لەبڕوای مندا هیچ مانای نییە، بزوتنەوە هەموو شتێکە، مەبەستی من لەبزوتنەوە هەم جوڵەی گشتی کۆمەڵگایە، واتە پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیو، هەم جوڵانەوەی سیاسیو ئابوریو رێکخراوەییە کە بەشێکە لەم پێشکەوتنە. (کۆمۆنیستەکان هەمیشە بەگاڵتەو جنێو باسیان لەم ڕستەی برنشتاین کردووە).

کۆمەڵگا لەگەشەو تەواوکاری بەردەوامدایە. بزوتنەوەی مێژوو بەجێگیربوونی سوسیالیزم ناوەستێ، لەبەرئەوەی نابێت بیر لەکۆتایی مێژوو بکرێتەوەو مێژوو ناکۆتایە. "ئامانجی" کۆتایش هەر لەناو شەپۆلی تەکامولدایە،





تەکامول بەشێك نییە لەدیالەکتیکی شێوەی هیگڵی. دیالەکتیکی دژەکانو نەفی نەفی چەمکێکی دابڕاوە. ئەو تێدەکۆشێ تا پێویست بوونی ئاڵوگۆڕ بخاتە جێگای ناچاربوونی شۆڕش.

رەوتی تەکامول بەشێنەیی بەقۆناغی سوسیالیزم دەگاتو ئەمەش بەردەوام دەبێت. تەکامولو بڕوای لیبرالی بۆ پێشکەوتن لەئەندێشەی برنشتاین لەگەڵ یەك ئاوێتەن. ئەو بڕوای بەوە بوو کە هۆکارە مادییەکان لەسەردەمی ئێمە کاریگەری زیاتریان لەسەر تەکامولی کۆمەڵگا هەیە.

ئەمڕۆ زانستەکان، هونەر، و بەشی سەرەکی لەپەیوەندی کۆمەڵایەتی کەمتر وابەستەن بەئابوری ئەگەر بەراورد بکرێن بەسەردەمەکانی پێشین. بۆ خۆپاراستن لەهەر بەدحاڵی بوونێك دەبێ بڵێین کە هەلومەرجی ئابوری ئەمڕۆ بەجۆرێکە کە هۆکاری ئایدیۆلۆژیکیو بەتایبەتی هۆکاری ئەخلاقی مەیدانێکی فراوانتری بۆ کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە.

بڕوای برنشتاین دێتە سەرئەوەی کە زۆر هۆکاری مادیو ئایدیۆلۆژی لەسەر مێژوو کاریگەرنو سەرەنجام برنشتاین بەهیچ جۆرێك بڕوا بەوەناکات کە هۆکاری مادیو ئابوری بۆ هێنانەدی سوسیالیزم گرنگی زیاتریان هەبێت![١٠]

## ئەخلاق (ئاکار)

هۆکاری ئەخلاقی لەتیۆری برنشتاین دا جێگای گرنگی هەیە. ئەمەش دوولایەنی هەیە:

١ـ بۆ تێگەیشتن لەهێنانەدی سوسیالیزم، دەبێت کام بنەمای ئەخلاقی هەڵبژێرین؟

٢ـ کۆمەڵگای سۆسیالیستی دەبێت لەگەڵ کام لەبەها ئەخلاقیەکان هاوڕێ بێت؟

دەربارەی پرسیاری یەکەم تیۆری برنشتاین زۆر ڕۆشن نییە. دەپرسین ئەم تیۆرەیە کە (ویژدانی ئەخلاقیو تێگەیشتنی عەدالەت) دەکاتە تەوەری خۆی کە بەسۆسیالیزم دەگات، پشت بەکام بنەما دەبەستێ؟ ئەو لەسەرەتا هەندێك لەنووسینەکانی مارکسو ئەنگلس دەکاتە بەڵگە. بۆ نموونە تیۆری زێدەبایی‌و ئەو هەستەی کە لەوانەیە لەکرێکارانی چەوساوەدا پەیدا ببێ، دەخاتەبەر لێکۆڵینەوە. ئەگەر کرێکار بزانێ کە لەکرێی خۆیدا تەواوی بەهای کاری خۆی وەرناگرێ، هەستی سروشتی عەدالەتی ئەو بریندار دەبێت، چونکە لەبڕواو وێنای "بەها" دا تۆخمێکی ئەخلاقیو تێگەیشتنی یەکسانیو عەدالەت شاردراوەیە. برنشتاین بەو ئامانجە دەگات کە مارکسو ئەنگلس، بەبێ مەبەستی خۆیان، لەشیکردنەوەی زێدەبایدا، کۆمەڵێك لەهۆکاری ئەخلاقی دەخەنە تیۆری خۆیانەوە.

بەبڕوای برنشتاین هەژموونی ئەخلاقی کە کۆمەڵگا بەرەو سوسیالیزم دەبات، لەماهیەتی قوڵی بزاڤە کۆمەڵایەتیەکانیش لەدایك دەبێ. و دەڵێ کە لەکاروانی مێژوودا "هیچ هەوڵو تێکۆشانێکی بەردەوامی جەماوەری بوونی نابێت ئەگەر لەگەڵ ئاراستەیەکی ئەخلاقی دا هاوڕێگا نەبێت". ئەم بۆچوونەش لێکۆڵینەوەی یەکێکە لەگریمانە سەرەکیەکانی برنشتاین سەبارەت بەپەیوەندی ئەخلاقو سوسیالیزم. ئارەزووی تاکەکانی مرۆڤ لەسەرەتادا وابووە کە پرسەکانو شتەکان لەدیدگای باش یان خراپ دا ببینن. هەربۆیە پێویست ناکات زەحمەتی زیاتر بکێشین تابیسەلمێنین کە سۆسیالیزم لەپێداویستی مێژوویی کە بەشێکە لەئارەزووی سروشتی مرۆڤەکان، پەیدا دەبێ. "ئەوەی کە مرۆڤەکان بەرەو



سوسیالیزم رادەکێشێ، ئارەزووی سیستمی کۆمەڵایەتی عادیلانەترە، واتە سیستەمێك کە لەگەڵ ئارەزووی مرۆڤدا باشتر پیادە دەکرێ. بەلێکۆڵینەوەی ورد دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە لە سەدا نەوەدی پرسەکاندا، ئەندێشەی عەدالەت، دەستی باڵای هەیە. و سەرەنجام هۆکاری ئەخلاقی لەهۆکارەکانی دیکە کەمتر شایانی گرنگی نییە. پرسی ئەخلاق سیمایەکی دیکەشی هەیە: لەبەرئەوەی کە ئەخلاق لەناو بەهاکاندا پەیدا دەبێ، ئایا دەبێت لەناو کۆمەڵگای سوسیالیستی ئایندەشدا بڵاوبکرێتەوە؟ ئەم پرسیارە زۆر مێشکی برنشتاینی بەخۆیەوە خەریك کرد، لەبەرئەوەی سوسیالیستە هاوچەرخەکانی ئەو دەربارەی رەفتاری تاكو کۆمەڵ لەکۆمەڵگای ئایندەی سوسیالیستی دا زۆر خۆشبین بوون. برنشتاین بڕوای وابوو، ئەمەش دەبێتە پایەی تێگەیشتنی ئەخلاقی ئەو، کە "ئەرك" و "کار" و "فرمان" دەبێت وەکو "ماف" و هەق لەکۆمەڵگای سوسیالیستی دا وەکو یەکەمین بەهای ئەخلاقی بێت. بەڵام لەلای ئەو ئەوە دژوار بوو کە بزانێ بەچ شێوەیەك ئەوە زەمانەت بکرێ کە لەدەوڵەتی سوسیالیستی دا هەموو هاووڵاتیان ئەرکی خۆیان لەبەرامبەر کۆمەڵ، خۆبەخۆ ئەنجامی دەدەن. ئەم پرسە جۆرێك بوو لەبن بەست. لەلای برنشتاین، وەکو سوسیالیستەکانی دیکە، ئارەزووی ئەوەی هەبوو کە هەرچی زیاتر "توندوتیژی پاشەکشە پێکراو" لەکۆمەڵگادا سنووردار بکرێ. لەلایەکی دیکە هیچ زەمانەتێك نییە بۆئەوەی کە لەئایندەدا هیچ توندوتیژییەك پێویست نەبێت. کۆمەڵگا ناتوانێ لەبەرامبەر تاوانە گەورەکان، لەپەنابردن بۆ زۆرو ئیجبار خۆی بپارێزێ، بەڵام بەو رادەیەی کە تاکەکان، تەنانەت لەبواری ئابوریدا ئەگەر بەرپرسیاری خۆیان جێبەجێ بکەن لەتوندیو ئەندازەی ئەم ئیجبارە کەم دەبێتەوە.

جێگای سەرسوڕمانە کە برنشتاین بەم فراوانیە لەدیدگاو بیروباوەڕەکانی،

گرنگی نادات بەپرسێکی گرنگ کە ئەویش پەروەردەو بارهێنانی خەڵکە (ئەمەش لەتیۆرەکانی مارکسدا، سەرەڕای ئامۆژگاریو ئاماژەی ناڕۆشن، بۆشاییەکی گەورەیە). بۆ ڕۆشنکردنەوەی ئەم پرسە دەبێت بڵێین دەربارەی پێکهاتەو سروشتی مرۆڤ، سێ تیۆری گرنگ هەیە:

هەندێك، وەکو ڕۆسۆ، سەبارەت بەسروشتی مرۆڤ گەشبینن. لایەنێکی دیکە ـ وەکو نیچەو شۆپنهاوەر، لەم بارەوە ڕەشبینو لایەنی سێ هەمیش لەناوەڕاستی لایەنەکانی دیکەدان. لەلێکۆڵینەوە تازەکان دەتوانین ئەوە پەیدابکەین، لەبەرئەوەی کە سروشتو پێکهاتەی مرۆڤ نە بەتەواوی تاریکەو نەیەکسەر ڕۆشن، بەڵکو چاکەو خراپە لەگەڵ یەك ئاوێتەن. ئەو ڕێژەیە چییە، کە تاریکەو جیاوازی ئەم بیروڕایانە دیاری دەکات؟ تەنها لەیەك زەمینەدا جیاوازییان نییە، ئەویش مەسەلەی پەروەردەیە، و هۆکاری ئەم پەروەردەیەش فەرهەنگەو مەرجی بوونی فەرهەنگی گونجاوو باش، بوونی ئازادییە.

لەم نێوانەدا، ڕەوتە تازەکانی مارکسیزم لەو بڕوایەدان کە تا هەموو خەڵك بەهرەمەندی نەبن لەهۆکارەکانی ژیان، هەمووشت وەکو ئەوان دەڵێن، لەگرەوو دەسەڵاتی ڕەشەبادایە.

بەڵام ژیانو خۆشگوزەرانی گشتیش، بەتەواوی چاکسازو ریفۆرم هێنەری مرۆڤ نابن، ئەگەرچی ئەم ژیانەش باشو خۆشگوزەرانیە گشتیەش زەمینەن بۆ پەروەردەی گشتی، واتە شتێك کە پێش ئەم بیروباوەڕانە تەنها لەدەستی کەمایەتیەکی سنورداردا بوون. ئەگەر خۆشگوزەرانی گشتی خۆی لەخۆیدا چاکساز بێت، دەبێت ئەوە بڵێین کە دەوڵەمەندانو خاوەن تواناکان فریشتەن.





ئایا مرۆڤ دەتوانێت ڕۆژگارێك دواهەمین هێلانەی خراپەو بەدی لەپێکهاتەو سروشتی خۆیدا وێران بکات؟ دەبێت بەبێ ئەوەی کەتەنها لەچاوەڕوانی ئەو ڕۆژەدا بین، ئەو هێلانەیە لەبونیادی خۆماندا وێران بکەینو بەتەواوی تواناوە بۆ هێنانەدی تێ بکۆشین!

نابێت چاوەڕوانی ئەوەبین، کە لە سیستەمی ئایندەدا، ئەرکو بەرپرسیاریو نیەتی باش هەرلەخۆوە لەناو تاکەکانداو لەزەمینەی ئابوریدا پەیدادەبن. یان وابزانین کە هەموو تاکەکان دیدگای گشتیو خێری هەموانیان دەوێت. لەوانەیە سۆسیالیزم بتوانێت هاوکاریو یارمەتیدەری ئەمە بێتو ئەم بارە گرانە ئاسان بکات، بەڵام نابێ لەمە زیاتر چاوەڕوانی زۆرمان لەو سیستەمە بێت، چونکە بەرپرسیاری تاکەکان تەنها بەشێکی پەیوەستە بەبنەمای گشتی کۆمەڵایەتیو بەشەکەی دیکەی بریتیە لەئازادی ئەوتاکانە. ئەم دوو پرەنسیپە بەبێ یەك، مانای نابێتو شایانی بڕواکردن نین.

سەرئەنجام دەبێت لە زەمینەی ئەخلاقو "ئەرك" و "بەرپرسیاری" ناو تاك ئەوە بزانین کە دیدگای برنشتاین هاوسازە لەگەڵ تێگەیشتنی ئەو لەسۆسیالیزم. ئەو بەپێچەوانەی زۆرێك لەسۆسیالیستەکان بڕوای وانیە کە سروشتی مرۆڤایەتی بەخێراییو یەکسەر لەکۆمەڵگای سوسیالیستی دا بەرەو چاکە دەچێت. هەرچەندە زەمینە بۆ ئەو خێرو چاکەیە فەراهەم دەبێت، بەڵام لەبەرامبەر لایەنی زەمەنیو خۆشبینی گشتی دا هاوڕانیەو بەدەربڕینێکی ڕۆشنتر، برنشتاین لەسنووری نێوان بەدبینیو خۆشبینی دا راوەستاوە.

## پرسە سیاسیەکانی سوسیالیزم

پرسی سیاسی برنشتاین فراوانترە لەپرسە سیاسیەکانی ناو قەڵەمڕەوی سوسیالیزم. بۆ ناسینی ئەم پرسە، دەبێت بۆ تیۆری ئەو دەربارەی "تەکامول" بگەڕێینەوە. کاتێك کە برنشتاین چەمکی تەکامول لەناو قەڵەمڕەوی سیاسیدا باسدەکات، یان دەیەوێت هاوجووتیان بکات، لەمانای مێژووودا دەست پێدەکات. بەبڕوای ئەو هەندێك گۆڕانکاری لەکۆمەڵگای ئێستادا (سەرمایەداری) ناچارییەو ئەم بڕوایەش، ئاراستەی زۆربەی تیۆری سیاسیو هۆشیاری ئەو دیاری دەکات.

بناغەی ئەندێشەی برنشتاین، ئەو بەرەو "شێنەیی گۆڕانەکان" بەرەو تەکامول ڕێنمایی دەکات، و سەرەتا لەشیکردنەوەی سەرمایەداری بەرەو ئەو گۆڕانە بەردەوامو شێنەییانە دەست پێدەکات، و پاشان بەرەو زەمینەی سیاسی دەبات. تا ئەو جێگایەی کە پەیوەندارە بە پرسە سیاسیەکانەوە، ئەم گریمانەیە کە گۆڕانکارییەکانی ئایندە شێنەییو بەردەوامن، دەبێتە پایەی سەرەکی بڕوای ئەو بە "ریفۆرمیزم" و تیۆری "چاکسازی خوازی". چەمکێك کە برنشتاین لەکاری سیاسی دەیخوازێ، و ئەم چەمکانەش بەسەختی پێکەوە وابەستەن. لەساڵی ١٩١٢ دەنووسێ: "ڕێبازی نوێخوازی پێداچوونەوە لەکاردا بریتیە لەپشت بەستن بەپێداویستیو ناچاری بوونی ریفۆرمەکان لەسیاسەتو ئابوری دا". و دەڵێت کە ڕەوتی بەردەوام لەکاری دیموکراتیدا هەرچەندە فراوانتربێت، زیاتر پێویست دەبێت. ئەوەش کە ئەم کارە دەکاتە پرسێکی پێویست، هێزەکانی مێژوویيو بابەتی نین، بەڵکو وادێتە بەرچاو کەمیللەتو نەتەوەکانی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان بەشێوەی ناچاری خوازیاری دیموکراسیکردنی کاروبارەکانن، هەربۆیە لەڕێگای هێنانەدیدا تێ دەکۆشن. بەڵام سەرنجو دیدی پێداچوونەوە



هەوالنامەی کتێب

بەدیدگای نوێخوازی پێداچوونەوەی برنشتاین دەڵێت: لەدوای تێپەڕبوونی نزیکەی سەدەیەك لەم بیروڕایانە، تیۆرمەندانو ڕووناکبیران دەڵێن کە دیموکراسی لەگەڵ دوو ڕێگری گەورەدا روو بەڕووە:

**یەکەم**، سەرمایەداری گەورەو مەزن، هەروەکو رابردوو، لەپرۆسەی گەشەو تەکامولی خۆیدا نایەکسانیو بێ مافی زیاتر دەکاتو ئەم کارەش دیموکراسیکردن دژوارتر دەکات.

**دووەم**، سەرمایەداری بۆ پاراستنی رەوشو گەشەی کاری خۆی خوازیاری دیکتاتۆریو دوژمنی دیموکراسیە. لەم نێوانەدا لایەنگری دیموکراسی تەنها چینە بێ بەشەکانن، کە نەپارەیان هەیەو نەدەسەڵاتو نەهۆشیاری. بەڵام ئەوەی کە ئەم بۆچوونانە نارۆشنو گومڕا دەکات راگەیاندنی دەزگاکانی سەرمایەدارییە.

برنشتاین بەبەردەوام بوونی تیۆری تەکامول بەو بڕوایە دەگات کەدەبێت دیموکراسی هەرچی زیاتر قەڵەمڕەوی سیاسەتو ئابوری پێکەوە گرێ بدات، و بەمەش پایەی تیۆری "دیکتاتۆری پرۆلیتاریا" بۆ بزاڤی سوسیال دیموکراسی هەڵدەوەشێنێتەوە. ئەو لەسەر بناغەی تیۆری تەکامول، یەکێکی دیکە لەدیدگاو پێشەکیە سیاسیەکانی خۆی، کە خاوەنی گرنگیو کاریگەریی بونیادیە، دادەڕێژێ،و ئەمەش ئەوەیە کە سوسیالیزم میراتگری سروشتیو رەواخوازی لیبرالیزمە. ئەنجامەکانی ئەم هەڵوێستەش چەند لایەنەیە. برنشتاین تائەو جێگایە دەڕواتە پێشەوە کە دەڵێت لەنێوان گەشەی پێشوو کەهی لیبرالیزمو گەشەی ئێستاو ئایندەی سوسیالیزم ناکۆکی نابینێ. ئەو لەلۆجیکی ئەم تیۆرەیەو لەهاوڕای خۆی لەگەڵ گرنگی لەڕادەبەدەری تەکامول، بەچەند جارێك دەنووسێ کە دەبێت

سوسیالیستەکان تێ بکۆشن بۆئەوەی دیدگاو پێکهاتەی پارلەمانی بەرەو تەکامول بەرن‌و بیانکەنە ئەرکی سەرەکی بۆ تەواوی رەهەندەکانی کۆمەڵگا.

پەیوەست بوونی برنشتاین بەبنەمای پارلەمانی چەندین ساڵ پێش ئەوەبوو کەبڕوا بەپێداچوونەوەو تازەکردنەوەی سوسیال دیموکراسی. بهێنێ (واتە لەکۆتایی دەیەی ١٨٩٠)، دەستی پێکردو لەتەواوی ژیانیدا هیچکاتێك لەو وەفادارییە پارلەمانییە کەمکاری نەکردووە. ئەو لەسەر ئەو بنەمایەی کە تەکامولی سیاسی دەوڵەتانی مۆدێرن لەئاراستەی دیموکراسیکردندا روو لەپێشەو، بڕوا بەوە دەهێنێ کە سوسیالیزم راستەوخۆ لەسەر پایەکانی پارلەمانتاریزم بینادەکرێت. ''

## ئەنجامگیری

برنشتاین لەچوار ساڵ پێش کاوتسکیو بیستو یەك ساڵ زووتر لە روزالوکزمبورگ هاتە ژیانەوە، لەنێوان هەردووکیاندا درەخشانی تایبەتی هەبوو، ئەو هەرچەند خۆی بەتیۆرمەند نەدەزانی بەڵام تاڕادەیەکی زۆر تەواوی خەوش‌و ناسازگارییەکانی ئەندێشەی مارکسی لەناو مارکسیزمدا خستە ڕوو، بەبێ ئەوەی لەم ئاراستەیەدا لاوازبێت‌و لەدوای کۆنەپارێزیدا ئەسیربێت.

یەکەم لەبەرئەوەی کە کاروانی مێژوو لەسەر بناغەی گۆڕانکاریی‌و تەکامول دەبینێ، نەك لەسەر بناغەی شۆڕش. لەراستیدا ئاڵوگۆڕە گرنگەکانی سەدە تازەکان هەر لەسەرهەڵدانی رێنیسانس تا بزوتنەوەی ریفۆرمی ئایینی‌و پاشان دەرکەوتنی سەردەمی رۆشنگەری، هیچکامیان بەرهەمی شۆڕش نەبوون. مێژووی گۆڕانی نەتەوەکان، و لەناویاندا نەتەوەکانی ئەوروپا، هەربەوشێوەیە لەکاروانی گۆڕانکاری کەم‌و زۆر ئارامدابوون. شۆڕشەکان بۆیە روویاندا لەبەرئەوەی کە



هێزە کۆنەپەرستەکان لەبەرامبەر رووباری ئارامی تەکامول، بەنداویان دروست کردبوو. شۆڕشەکان - کە تەنها کاریان شکاندنی - ئەو بەنداوانە بوو پاشان رووبارەکان شەپۆلی تەکامولی خۆیان دەستپێکردەوە.

شۆڕشی مەزنی فەرەنسا بەهەموو گەورەیی خۆی کۆتایی بەسەڵتەنەتی دیکتاتۆری نەهێنا. دوو دیکتاتۆرو سێ شا لەدوای ئەو هاتن. ئەوەی کە ئازادی مەیسەردەکات، گەشەو تەکامولی ئەندێشەکانی سەردەمی رۆشنگەریی بوو. شۆڕشەکانی ساڵی ١٨٤٨ ی ئەوروپا دیسان چەند سەدێکیان شکاندو پاشان بەرەو گەشە چوون. سەرئەنجام ئەوەی کە رێسایە، تەکامولەو شۆڕشەکان هەڵاواردنن. لەئاڵمان شۆڕشەکان بنەمای جوتیاری‌و لەفەرەنسا بنەمای گشتی خەڵکیان هەبوو. بەریتانیا یەك شۆڕشی بینی‌و فەرەنسا چوار. تەواوی نەتەوەکانی ئەوروپا شۆڕشی لەوجۆرەیان نەبینی، بەڵام ئەمڕۆ، لەناویاندا سویدو دانمارك، بەبێ ئەو تەکان‌و شۆڕشانەش، پێشکەوترین وڵاتانی رۆژئاوان.

رەوتێکی دیکەی برنشتاین ئەوە بوو کە کۆتایهێنا بەو وێناو وەهمە خۆشبینیە پرۆلیتاریای شۆڕشگێڕ، کە دەبێت هەموو خەڵك لەم رێگایەدا پەیڕەوی لێبکەن. گرنگی پێشکەوتنی فکری برنشتاین‌و سەرسامی ئەو وێنایە بەجۆرێك بوو کەنیوەی فەیلەسوفانی فەرەنسا لەسەدەی بیستەمیشدا گرفتاری ئەو خەونە شیرینە بوون. ئەوکەسەی کەلەم وڵاتە کۆتایی بەم وەهمە هێنا، ئەلبێر کامۆ بوو.

برنشتاین بەهۆی ئەم دوو دۆزینەوەیە رێگای ریفۆرمی هەڵبژاردو هۆکارەکەشی بەدیموکراسی دەزانی، هەرچەند کە ئازادی لەلای ئەو ئامانجی

بونیادی بوو، بەڵام حکومەتی پارلەمانی هۆکاری ئەم ئامانجە بوو. ئەو توندوتیژی وەکو مەرگەسات، و منالە ناشەرعیەکەی، جەنگی چینایەتی بەشوم‌و کارەسات هێنەر دەناسی. (لەلای ئەو خەباتی چینایەتی حەقیقەتی هەیە، بەڵام دەبێت لەڕێگای خەباتی پارلەمانی‌و گفتوگۆی سیاسیەوە چارەسەربکرێت).

چوارچێوەو قاڵب بەندی دابەشکردنی مرۆڤ بەشێوەی رووکەشی (بۆرژوا) و (پرۆلیتاریا)، دابەشکردنی "انتزاعی" و "زۆر رۆمانتیك" و ناواقعیە.

سەری کێشایە ناو جیهانبینیە جیاوازەکان‌و لەهەریەکەیان شتێك فێر بوو، وەکو کۆمۆنیستەکان‌و کلێسا خوێندنەوەی ئەوانی بەکفرو زەندەقە نەدەزانی، ئەو شایستەیی بۆ لیبرالیزمی سیاسی هێنایەوە مەیدان، کە لەئەنجامی "توانای" بەلشەویکەکان بێ ئابڕوو کرابوو.

ئەو نەدەوڵەتی دەپەرست‌و نەبڕوای بەنەمانی بوو، بەڵکو بنەماکانی دیموکراسی بەدابینکەری ژیانی باش‌و تەکامول دەزانی. لەوانەیە ئەو یەکەمین کەس بووبێ کە حکومەتی بە بەڕێوەبەرێکی خراپی ئابوری زانیبێ. ئەگەر جیهان گوێی لەڕێنمایی ئەو بگرتایە دووچاری دابەش بوونی خاوەنداریێتی حکومەتی ـ تایبەتی نەدەبوو، ئەو هەموو کات‌و سامانەش بەفیڕۆ نەدەچوو.

ئەو لەبەرامبەر تیۆری کارەساتباری (دیکتاتۆری پرۆلیتاریا)، کەوەکو برینی سەرەتانی تەواوی بونیادە باشەکانی مارکسیزمی گەندەڵ کرد، دەستی دایە خەبات‌و دەنوسێ: "بۆچی دەبێت پرۆلیتاریا خوازیاری پاوانکردنی دەسەڵات بێت؟" و پاشان ئەو دەستکەوتە گرنگ‌و پڕ بایەخەی بەدەستهێنا کە



"سوسیالیزم لەشیکردنەوەی کۆتایی دا، جگە لەپیادەکردنی دیموکراسی بەسەر هەموو لایەنەکانی ژیاندا، شتێکی دیکەنیە" واتە پیادەکردنی دیموکراسی لەئابوریدا (و ئابووریش قەڵای بەهێزی سەرمایەداریە).

برنشتاین لەسەردەمی بێ ئەخلاقیدا، ئەخلاقی بەهۆکارێکی گرنگی تەکامولی کۆمەڵایەتی دەزانی‌و سەرئەنجام تێکۆشا کە مارکس لەمینبەری پێغەمبەرایەتی بهێنێتە خوارەوە تا نووسینەکانی نەکرێن بەئایەتی پیرۆز. ئەگەر برنشتاین دڵنیایی لەگرنگی ئەندێشەو فەرهەنگیش دەکردەوە، لەبەرئەوە بوو یەقینی هەبوو کە ریفورمیستانی مارکسیزم، لەماوەی یەك سەدەو نیودا دەستکەوت یان رەوتی وەکو ئەویان نەزانیبوو.

**هانا ئارێنت دەربارەی برنشتاین ئاوا ئەدوێ:**

زۆر راستی بابەتی لەوتەکانی برنشتایندا شاراوەن. راستی لەوە دایە کە بانگەوازی ئەو حەقیقەتی هەیەو رەخنەکانی لەتیۆرەکانی مارکس بەتەواوی (هاوجووتە لەگەڵ واقع).

بۆچی سەدەی بیستەم پشتی کردە لۆجیك‌و قسەکانی برنشتاین‌و رووی کردە دوو دیکتاتۆری، مەتەڵێکە بۆ هەمووان.

کۆمۆنیزم وتەکانی برنشتاینی نەبیست، بەڵام (ئاکامەکەی بینی)!

**سەرچاوەکان :**


١. دایرة المعارف دیموکراسی، جلد دوم.زیر نظر سیمورمارتین لیپست، کتابخانەی تخصصی وزارت امور خارجەی ایران، ل ٣٩٦.

٢. بۆگۆستافسۆن (BoGustafsson) کتێبی مێژووی مارکسیزمی هاوچەرخ ( History of Contemporaneous Marxism ل ل ٣٠٠-٢٨٣.).

٣. ریچارد ساکوا ، پسا کمونسیم ، ترجمەی محسن حکیمی ، انتشارات اشیان ،چاپ اول ١٣٨٥، ل ل ٢٣- ٣٠

٤. لشك کولاکوفسکی ، جریان های اصلی درمارکسیزم ،ترجمەی عباس میلانی ،جلد دوم (عصر طلایی) ، نشراگاه ، چاپ دوم ١٣٨٥.

٥. سەرچاوە : کورتەی نوسینی Pierre angel: مێژووی مارکسیزمی هاوچەرخ ، بەشی یەکەم ، ل ٢٧٩..

٦. مصطفی رحمیی ، مارکس و سایە هایش ، بەشی ( ادوارد برنشتاین ) انتشارات هرمس، چاپ اول ١٣٨٣ ، ل ل ١٤١ -١٤٥ .

٧. حسین بشیریە ، اندیشەهای مارکسیستی در قرن بیستم ، چاپ ششم ١٣٨٤ ، ل ل ٥٠ - ٥٤.

٨. سەرچاوە : وتاری (ڤرمۆن لیبکە) لە کتێبی (مێژووی مارکسیزمی هاوچەرخ).

٩. ترنس بال ، ریچارد داگر ، ایدەئولوژی های سیاسی و ایدە ال دمکراتیك ، برگردان دکتر رویا اتشارات پیك بهار ، چاپ اول ١٣٨٤، ل ل ٢٢١-٢٢٢ .

١٠. استفان سالیوان ، مارکس در دوران پسا کمونیست ، ترجمەی شیوا رویگریان ،چاپ اول ١٣٨٤ ، ل ٥٦ .

١١. لشك کولاکوفسکی ،هـ.س.پ.ل ١٢٩ .




## وەرگێران

- دیموکراسی و کۆمەڵگا نادیموکراتیکەکان.
- شۆڕشە مەعریفی و وەرچەرخانە سەرەکیەکان لە زانستی ڕامیاریدا.
- کۆنە پارێزی لە سەدەی بیستەمدا (بنەما و قۆناغ وجۆرەکان ).

هەواڵنامەی کتێب

# دیموکـــراسی و کۆمـــەڵگـــا نـــادیموکراتیکەکـــان

د. عەلی مەعنەوی

و. ئەردەڵانی فەرەجی

## پێشوتار

بـە درێـژایی مێـژووی سیاسـی کۆمـەڵگای مرۆڤایـەتی، ئایـدیا، قوتابخانـە و بۆچـوونگەلێکی زۆر سـەریانهەڵداوە و تیاچـوون، کـە هـەرکامیان شـێوازێکیان بـۆ "کۆمـەڵگای باشـتر" لـە ئامـانج و سـتراتیژێکی خۆیـان دانـاوە، بـەڵام لـەم نـاوەدا دیموکراسی هەرمانترین دیاردەی سیاسی دژمێردرێ.

ئەگەرچی دیموکراسی لە چـەند سـەدە واتـە لـە سـەردەمی دەوڵـەت_شارەکانی یۆنان تاکو شۆڕشی فەرەنسە لە شانۆی سیاسی جیهان نادیـار بـوو، بـەڵام بـەردەوام وەك نەریتێك کە توانایەتی بە زیندوو بوونەوەی لە هزر و ئەندێشەی بیرمەنـدە کۆمەڵایەتییـەکان درێـژە بـە ژیـانی خـۆی بـدات. سـەرهەڵدانەوەی دووبـارەی دیموکراسـی لـە سـەردەمی نـوێدا کـە بـە سـەردەمی "مـۆدێرن" نـاوزەد کـراوە و هاوکـات لەگـەڵ شۆڕشـەکانی سـەرمایەداری روویـداوە، بەرهـەمی گەشـەی فیکـری رۆشنگەرییەکان و هەروەها هەلومەرجی واقیعی کۆمەڵگاگـەلێك بـوو، کـە نـەریتی دێرزەمـانی لـە بـیری مێـژووی خۆیـدا پاراسـتووە و ئـەمجارە دیموکراسـی نـە لـە چوارچێوەی دەوڵەت_شارە مۆدێرنەکان، بـەڵکو لـە بـستێنی دەوڵـەت_نەتـەوەکانی رۆژئاوا سەریهەڵدا و گەشەی کرد.



www.pukm1.com

لە سەرهەڵدانەوەی دووبارەی دیموکراسی تا ئەمڕۆکە نزیك بە سێ سەدە تێدەپەڕێ. سەقامیگر بوون و پەرەئەستاندنی دیموکراسی زۆرێك بۆچوون و پێشکەشکردنی مۆدێلی جۆراوجۆر و هەروەها رووتێکردنی رۆژ لەگەڵ رۆژ زیاتری کۆمەڵگاکان بە دیموکراسی لەم مەودا زەمەنییەدا، بووە هۆی ئەوەی کە ئەم چەمکە بچێتە ناو ناوەندی وتارە سیاسییەکانەوە، ئەم جارە لە سەردەمی نوێ، لە هەموو شوێنێك باس لە دیموکراسی دەکرێ و ئەم دیاردەیە بۆ دەوڵەت و حکومەتەکان وەك تایبەتمەندییەکی باشی سیاسی و پرۆژەیەکی پێویست کە دەبێ بۆ هەموو نەتەوەکان ئەنجام بدرێ و وەك ئامانجێکی بێبەدیلی لێهاتووە.

لە گۆڕانکارییەکانی دەیەی کۆتایی سەدەی رابردوو، کاتێك دژایەتی ئایدیا سەرەکییەکانی رەقیب، کۆمۆنیزم و لیبراڵیزم کۆتاییان پێهات، یەکێك لە تیئۆریسیەنەکانی رۆژئاوایی باسی لە "کۆتایی مێژوو" کرد. ئەو دیموکراسی لیبراڵی بە تەنیا هەڵبژاردەی بەردەم کۆمەڵگا دەزانی و هاوتەریبی نەتەوە و دەسەڵاتەکانی لە رێگەی گەیشتن بە دیموکراسی بە کۆتایی مێژوو (کۆتایی دژایەتی ئایدیاکانی دوو جەمسەر) لێکداوەتەوە.

ئەوەی کە ئەوها لێکدانەوەیەك تا چ رادەیەك لەگەڵ راستییەکان یەکتر دەگرنەوە، زۆر گرنگە و جێی بیرلێکردنەوەیە و تەوەرەی سەرەکی ئەم وتارەش هەر ئەم مەسەلەیە پێکی دێنێ.

بە چاوخشاندنێکی خێرا بە سەر رەوتی دیموکراسی دەتوانین سێ بڕگەی جیا لە یەکتر هەڵبژێرین:



١_سەرەتای دەستپێکی دیموکراسی (سەردەمانی کۆن)

٢_گەڕانەوە بۆ دیموکراسی: سەدەکانی ئەم دواییە (کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان)

٣_بادانەوە (رووتێکردنەوە) بەرەو دیموکراسی: پاش رووخانی دیواری بەرلین ١٩٨٩ (کۆمەڵگا نەریتییەکان)

ئەوەی لە هێڵی ئەم رەوتە جێی سەرنجە سنورێکە کە دەتوانین نەوەك جوغرافیایی، بەڵکو سنوری نێوان کۆمەڵگا مۆدێرن و نەریتییەکان (بەر لە مۆدێرن) بزانین. هەرچەند "مۆدێرن" و "نەریتی" لێکدانەوەیەکی زۆر گشتین و ناتوانین بە روونی و دووفاکتە کۆمەڵگاکانی ئەوڕۆی بەسەر ئەم دوو لێکدانەوەیەدا دابەش بکەین. ئەم دوو چەمکە لە زۆرلاوە دەستاژۆی ئاڵوگۆڕ بوون، بەڵام لە روانگەی دیموکراسییەوە جگە لەمە دابەشکردنێکی تر کە نیشاندەر و گۆیایی جیاوازی بنەڕەتی نێوان ئەم دوو دەستەیە لە کۆمەڵگاکان بێت نییە. هۆکارەکەی ئەمەیە کە لە هێڵی رەوتی مێژووی دیموکراسی دوو بڕگە "١" و "٢" لە بواری زەمەنی و شوێنەوە جیا نەکراوتەوە، بەڵام بڕگەی "٣" ئەو کۆمەڵگایانە دەگرێتەوە کە پێشینەیەکی هاوبەشیان لەگەڵ دوو بڕگەکەی پێشوو نییە و لە زۆر لاوە لەوان دوورن.

جیاوازی ناوەرۆکی نێوان کۆمەڵگا مۆدێرن و نەریتییەکان پێویستی بە باسی جیاواز هەیە، بەڵام بە گشتی دەتوانین ئەم جیاوازییانە لە دوو تەوەرەی بنەڕەتیدا ببینین:

١_بوونی پێناسەیەك لە مرۆڤ (بەدوای ئەودا پێناسەیەك لە ماف و ئازادی)

٢_تاکەخوازی (تاکگەرایی) (دۆخ و پێگەی تاك لە کۆمەڵ)

ئەم دوو تەوەرە لە بـواری بـوونناسی "تـاك" وەك یـەكێك لـە پێكهێنـەرەكانی چـەمكی "شـارۆمەند" جێـی بایـەخـە. دەنـا جیاوازییـەكانی كۆمـەڵگای مـۆدێرن و نەریتی لە چەند رەهەندی ترەوە دەتوانرێ تـاوتوێ بكرێ: پێكهاتـەی حكومـەتی، مكانیزمی سیاسی، رێكخراوی كۆمەڵایەتی، ئابوری، كولتور و ..... هتد.

ئێستا بـە لەبـەر چاوگرتنی ئـەم دابەشـكردنە، شـانۆی سیاسـی جیهـانی ئـەمڕۆ لـە گۆشـەی رووتێكـردن بـەرەو دیموكراسـی لەبەرچـاو بگـرین، دەبیـنین كـە دەسـتەیەك لـە كۆمەڵگاكان، راسپاردەی كۆتایی پێهێنانی مێژوویان وە ئەستۆ گرتـووە، ئـەم كۆمەڵگایانـە لە بۆچوونە باوەكانی رۆژئاوا بە "كۆمەڵگاكانی لە حاڵی تێپەڕین" ناوزەد كراون.

لەم راستییەدا گومانێك نییە كە وڵاتانی دواكەوتوو (لە رۆژئاوا) یان بـە لێكدانـەوەی بـاوی وڵاتـان لـە حـاڵی گەشـەدا، بـە خێراییـەكی زۆرتـرەوە دەستخۆشـی گۆڕانكـاری و ئاڵوگۆڕ دەبن. ئەم مەسەلەیە لە چەند هۆكارەوە سەرچاوە دەگرێ لەوانە:

أ ) پێشینەی درێژماوەی دیكتاتۆرییەت

ب) بێ عەدالەتی و زوڵم

ج) بێبەشی و ستەمی ئابوری

د) بارستەی قورسی خواست و چاوەڕوانییە كەڵەكە بووەكان.

بەم هەمووەوە بەكارهێنانی زاراوەی "تێپەڕ بوون" بۆ ئەم كۆمەڵگایانە هێندێك بـاس هەڵخەڵتێنـەرە. كاتێـك بـاس لـە "تێپـەڕبوون" دەكـەین، جۆرێـك تـەبایی دێترمینیـستی (جەبرگـەرایی) لـە مێـژوومان بیردێتـەوە كـە لـە فەلسەفەی سیاسی ماركسیستی، نوسخەیەكی سەلماوی بۆ هەموو كۆمەڵگایەك لە بەرچاو دەگرێ: تێپـەڕ بوون لە سەرمایەداری بەرەو سۆسیالیزم (ئەو بەری دراوی كۆتایی مێژوو!)





هەر بەم پێیە، وشەی "تێپەڕ بوون" لە بۆچوونەكانی رۆژئاوادا لە سەرەوەها پێش فەرزێك بنیادنراوە و مەبەست زۆرتر "تێپەڕ بوون بەرەو مۆدێرنیتە"یە.
تێپەڕ بوون لە نەریت بەرەو مۆدێرنیتە پێویستی بە كۆمەڵێك چەمك هەیە لەوانە:

ئەلف) نوێ سازی

ب)گەشە

ج) پێشەیی بوونەوە.

هەر بەم پێیە، تێپـەڕ بـوون بـەرەو دیموكراسـی لـەم پێـشە فـەرزە، بریتیـە لـە هەڵبـژاردنی تـەنیا پـاڵێوراوی حـازر وەك دژە نـەریتی كۆمـەڵگا پێـشكەوتووەكانی رۆژئــاوا. بــەوەها لێكدانەوەیــەك دیموكراســی بــۆ كۆمــەڵگاكانی بێبــەری لــە دیموكراسی لە خۆگرییەكی مەرجدار وەدەست دێنێ، بەم جۆرە كە یان دیاردەی سیاسی دژە نەریتی لە رۆژئاوا دەگرن، یان مەرجەكانی پێویست بـۆ خوڵقـانی ئـەم دیاردە سیاسییە نییە و لە دەرەوەی ئەم جەغزی لە خۆگرییە دەمێنێتـەوە و بـە وتەیـەك "تێپـەڕ" نابـێ. بـەم جـۆرە ئـاڵوگۆڕ بـە سـەرداهاتنی ئـەم كۆمەڵگایانـە باشتر بەیان دەكات، چونكە لەبەر چاوگرتنی جەبری مێـژوو رەهاییـەتی لـە ژێـر نـاوی "تێپـەڕ بـوون" (بـەو مانایـەی كـە تێپـەڕ بـوون لـە هـەر شـتێك بـێ) بۆچوونەكە لە راستەقینە دوور دەخاتەوە.

جگە لەوەی كە زۆربەی كۆمـەڵگاكان، لـە ئێـستادا لـە قۆنـاغی تێپەڕبوونـدا بـە سـەردەبەن و یـان كۆمـەڵێك گۆڕانكاریـیان ناوەتـە پـشت سـەر كـە روانگەیـەكی رۆشنیان بۆ نییە، پێوەنـدی ئـەم كۆمەڵگایانـە لەگـەڵ دیموكراسـی، چ لـە روانگـەی بـواری بۆچـوونەوە و چ لـە بـواری پراكتیكـی و كردەوەیـی گـرینگترین كێـشەیە.

تاوتوێ کردنی ئەم پێوەندییە لە چوارچێوەی گشتی لە پێناسە و لێکدانەوەکانی پێوەندیدار بە دیموکراسییەوە دەستپێدەکا.

## پێناسەی دیموکراسی

لە دیموکراسیدا پێناسەیەکی کۆن و بڕوا پێکراو هەیە: دەسەڵاتی خەڵکان. ئەم پێناسەیە وەرگیراو لە دیموکراسی راستەوخۆی ئەسینایە (ئاتێن) کە لەودا هەر شارۆمەندێك بەشێکی دیاریکراوی لە دەسەڵات هەیە و سەربەخۆیانە لە دەسەڵات و بەڕێوەبردنی مەسەلە سیاسییەکان بەشداری دەکات.

نموونەی دیموکراسی ئاتێن (ئەسینا) سەرەڕای ئەوەی دەستپێکی کۆنکرێترین پێناسە لە جۆری جەماوەری شێوازی ئەنجامی دەسەڵاتە، وەك هێمایەك کە مایەی ئەوەی تێدایە لە پۆلیسی ئەوڕۆیدا بەڕێوەبچێ ناتوانرێ وێنا بکرێ. نە لەو لایەوە کە لە کۆمەڵگا چەند میلیۆنییەکانی ئەوڕۆییەوە "مافی دەسەڵاتداریەتی" شارۆمەندان بە شێوازە جۆربەجۆرەکانی دەگوێزرێتەوە، بەڵکو لەو لایەوە کە چەمکی "شارۆمەند"یش گۆڕاوە و فرە بووەتەوە. لە پێناسەی هاوچەرخدا، "رای گشتی"، "بەڕێوەبەرایەتی بە کۆمەڵ" یا "ئیرادەی زۆرینە" و "زۆرینە" جێی چەمکی کۆنی "خەڵکانی" گرتووەتەوە.

لە لایەکەوە بەرقەرار بوونی گوتاری "ئازادی" کە لە نموونەی دیموکراسی ئەسیناییدا وێنەی نەبوو، ئازادی لە پێناسەی ئەوڕۆییدا، کۆڵەکەی دیاریکردنی دیموکراسی دێتە ئەژماردن. هەنووکە بێ پێناسەی ئازادی (کە دەگەڕێتەوە سەر تاك، نەك خەڵکان) ناتوانین دیموکراسی پێناسە بکەین.

بەڵام، دیموکراسی بە هۆی مەرجەکانی گۆڕان بە سەرداهاتنەکانی نوێ،



بەردەوام لە حاڵی دووبارە پێناسە بوونەوە دایە. ئەم چەمکە لە سۆنگەی هۆکارەکانی خوارەوە لقی لێدەبێتەوە و دەبێتە چەند بەش:

١_جیاوازیی ریشەیی (بنەڕەتی) لە پێکهاتەی کۆمەڵگاکاندا.

٢_ جۆراوجۆری و جیاوازی کولتوری لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا.

٣_تایبەتمەندی سیاسی جیهانی مۆدێرن: زۆرینەچێتی.

٤_ هەوڵ بۆ ئایین و ئایدیاکان بۆ راکێشان و چارەسەرکردنی چەمکی دیموکراسی و پێشکەشکردنی مۆدێلێکی تاك وتایبەت.

بەم جۆرە هەڵێنجانە جۆراوجۆرەکان لە "ئازادی" کە لە تەوەرەی سەرەکی دیموکراسی دایە، دەبێتە هۆی ئەوەی نەتوانین پێوانەی سەلماوی بۆ دیاری بکەین: لەو روەوەی کە پێناسەی ئازادی فرەتر لە هەر پێوانەیەکی دی پێوەندی لەگەڵ دیموکراسییەوە هەیە، بە چوارچێوەی مکانیزمە بایەخی_باوەڕی کولتورییەکانەوە گرێدراوە یەك دەست نییە.

لە ئێستادا دیموکراسی و ئازادی، بە لەبەرچاوگرتنی سەمپاتی زۆرتری نەتەوەکانی باشوور، لە بستێنی کولتوری ئەم کۆمەڵگایانە، بەردەوام لە حاڵی پاڵاوتنی چەمکی دایە. بیرمەندان و هەڵکەوتووانی فیکری ئەم کۆمەڵگایانە، وێڕای کەڵکوەگرتن لە بۆچوونەکانی رۆژئاوا، خۆیان لە هەوڵی پێشکەشکردنی پێناسەیەك لە چەمکی دیموکراسین. ئەوان زۆرتر لەوەی کە بڵێن دیموکراسی چییە، هەوڵ دەدەن بڵێین دیموکراسی چی نییە. لەمڕووەوە ئەمڕۆ دیموکراسی لە سەر ئەساسی ئەو شتانەی کە نەفی دەکاتەوە: (دیکتاتۆرییەت، زاڵ بوون، کۆبوونەوەی دەسەڵات، بەربەست بوون، فەرمانبەرداری) پێناسە دەکرێ. نە بەو لایەنەی کە چ شت گەلێك پێکی دێنی. سەرەڕای زاڵبوونی چەمکی و جۆراوجۆری پێناسە و لێکدانەوە گەلێك

کە لە دیموکراسی کراوە، دەتوانین بە خاڵێکی هاوبەش ئاماژە بکرێ کە لە سیمای ساکاری دیموکراسی لە ئەفلاتون و ئەرەستۆوە بگرە هەتا بیرمەندانی سیاسی هاوچەرخ، هەمان پێناسەی کۆن و دوو وشە بەیان دەکات کە ئەوها چاکسازی کراوەتەوە: "باوەڕ بە ئازادی، رەفزی زاڵ بوون و کۆبوونەوەی دەسەڵات"

**دیموکراسی لەسەر چی سەقامیگر دەبێ؟**

پـریکلیس لە نوسخەی کلاسیکی دیموکراسیدا، چەن رەگەزێکی وەك کۆڵەکەکانی دیموکراسی ناو بردووە:

١_ دەسەڵاتی شارۆمەندان، هاوڕێ لەگەڵ بەشداری تەواو و راستەوخۆی ئەوان.

٢_ یەکسانی لە بەرامبەر یاسادا

٣_زۆرینەگری یان رێزدانان بۆ هەموو تواناییەکان.

٤_ رێزدانان بۆ هەرێمی تاکەکەسی (لە بەرامبەر هەرێمی گشتی) بۆ نواندنی کەسایەتی و گەیشتن بە خواستە تاکیەکان.

ئەم چوار خاڵە بەردی بناغەی دیموکراسی سەرەتایین بوون کە دواتر لە یۆنان ون بوون و پاش ماوەیەك جارێکی دی لە رۆم بووژانەوە.

لەم سەردەمانەی دوایدا، ئەندێشەی دیموکراسی خوازی چەند قۆناغێکی بڕی و کۆمەڵێك گۆڕانکاری بە سەر کۆڵەکەکانی دیموکراسیدا هات. خاڵی جێی بایەخی دیموکراسی هاوچەرخ و ئەو بنەمایانەی بۆی دێنە ئەژماردن، لە بەرهەمی فەیلەسوفی ئینگلیزی "جان لاك" (نیوەی دووهەمی سەدەی ١٧) رەنگیداوەتەوە.

ئەو چوار چەمکی سەرەکی دیموکراسی ئاوا روون کردۆتەوە:

١_ یەکسانی

٢_ئازادی تاکەکەس





٣_ دەسەڵات لە سەر ئەساسی ئەو کەسانەی کە دەسەڵاتیان بەسەردا دەکرێ.

٤_ دیاریکردنی چوارچێوەی دەسەڵاتی دەوڵەت.

بۆچوونی جان لاك بووە مایەی پێشکەوتنی سیستمی نوێنەرایەتی حکومەتیپارلەمانی.

دووهەمین خاڵی تایبەت بە دیموکراسی هاوچەرخ، سەرهەڵدانی لیبرالیزمی ئابوری بە دوای بەرهەمەکانی ئادام سیمس لە سەدەی هەژدەهەمە. لە راستیدا لەم بڕگەیەدا کە رەگەزی لیبرالیزم لەگەڵ دیموکراسی موتربە بوون و دیموکراسی لیبراڵ لەسەر ئەو ئەساسە پێك هات. ئەم جۆرە لە دیموکراسی بە کۆڵەکەی بۆچوونی "مرۆڤ ئابوری" یەوە بەندە. ئەم روانگەیە مرۆڤ دەخاتە ژێر کاریگەری دوو پاڵنەری "وەدەستهێنانی چێژ" و "خۆبواردن لە ئازار" و هەروەها "بە زۆرینە گەیاندنی سوود" چالاکی بنوێنێ.

لە سەدەی ١٩هەمیش بۆچوونی دەسەڵاتی بنیات نراو لە سەر نوێنەرایەتی و کۆك بوونی خەڵکان کە جان لاك هێنابوویە گۆڕێ، پەرەیسەند. لەم سەردەمەدا، بەرهەمەکانی ژان ژاك رۆسۆ و بە تایبەتی "قەراردادی کۆمەڵایەتی رێکەوتی (١٧٦٢)" کەڵکی لێوەرگیراو و بۆچوونی بەشداری بە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگادا بە گشتی لە پاڵ ئاڵۆزتربوونی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بە گشتی دامەزراوە و پێکهاتە نوێکان، بنەماکانی دیموکراسیش گۆڕان. هەر چەند ئەو کۆڵەکانەی کە لە سەرەتاوە لە دیموکراسیدا بوون لە سەردەمانی دواییشدا وەلا نەنران.

ئەمرۆش بۆ ئەوەی بتوانین دیموکراسی لە کۆمەڵگایەکدا کە هەیە، یا مەجالی

پێگەیشتنی هەیە، دەبێ لانیکەم ئەم بنەمایانە بوونیان هەبێ:

١_ کۆمەڵگای مەدەنی
٢_ حیزبی سیاسی و دامەزراوەکانی هاوشێوە (وەك رێکخراوە پیشەییەکان)
٣_ بەشداری سیاسییانە (مافی دەنگدان و هەڵبژاردن)
٤_ فەرهەنگی سیاسی گەشە کردوو
٥_جۆرەکانی ئازادی (ئازادی رادەربڕین، ئازادی کۆبوونەوەکان،...)
٦_ زۆرینەچێتی
٧_ پێکگەیشتنی سیاسی لە چوارچێوەی یاسادا

لە نێوان ئەم کۆڵەکانەدا هێندێك پێشمەرجی دیموکراسی و هێندێکی تر بە بەرهەمی ئەو دێنە ئەژماردن. لە راستیدا دەتوانین بڵێین کە هەموو ئەو بنەمایانە لە دیموکراسیدا یەك لە دوای یەك تەواوکەری یەکترین و ناتوانین سنوورێکی بەنۆبەیان بۆ دانێین: بۆ وێنە بێ فەرهەنگی سیاسی گەشەکردوو، شارۆمەند پێك نایەت و بێ شارۆمەندیش کۆمەڵگای مەدەنی و دامەزراوە و پێوەندیدارەکانی پێك نایەت.

"شارۆمەند" تاکێیەتی گەشەکردوویە کە دەتوانێ ئازادی پێناسە بکات. بیخاتە چوارچێوەی یاساوە، پارێزگاری لێبکا و درێژی کاتەوە، لە سایەی ئازادی بە مافی ئینسانی خۆی و خەڵکانی تر بە ئاگا بێتەوە و رێزیان بۆ دابنێ و، دەستدەداتە پەرەدانی هەستی بەرپرسیارەتی، فەرهەنگی دیموکراسیخوازی دەیهێنێتە بەرهەم، بەردەوام لە کەڵەکە بوونی دەسەڵات و بەلاڕێدا چوونی رەخنەدەگرێ و لە ئاستێکی فراوانتر بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای مەدەنی و



پەرەستاندنی دامەزراوەکانی هەڵقوڵاو لەوەوە هەوڵدەدا.

بۆ هەیکەل گرتنی شارۆمەند، یا بە واتایەکی تر "مرۆڤی مەدەنی" کە تەنیا لە داوێنی فەرهەنگی سیاسی گەشە کردوو پەروەردە دەبێ، ئازادی وەك ناوکی سەرەکی دیموکراسی نایەتە بەرهەم.

تەنانەت ئەگەر لە فەرهەنگێکی نادیموکراسی خوازانەدا ئازادیش بوونی هەبێ، کارکردی دیموکراتیکانەی نییە، ئەوها ئازادییەك هەر کات دەتوانێ بە دژی خۆی هەڵگەڕێتەوە.

## پێوەندی نێوان ئازادی و دیموکراسی

هەر چەند ئازادی چەمکێکی رێژەیی و فەرهەنگی بنچینەییە و هەر فەرهەنگێك پێناسەی تایبەتی لەم باسەدا هەیە کە جاری وایە لەگەڵ پێناسەی تایبەت بە فەرهەنگەکانی تر زۆر جیاوازە، ساکارترین و گشتییترین وەڵام بەم پرسیارە کە "ئازادی چییە؟" دەتوانێ بەم فەرزە دەست پێبکات کە "ئازادی، واتە بەرگیری لە نەکران لە هەر شتێك کە پێمان خۆشە ئەنجامی بدەین، (ئازادی نیگەتیڤ) بەڵام ئەم پێناسەیە بەس نییە: چونکە "هەر شتێك" دەتوانێ لە دۆخی جۆراوجۆردا سەقەت پێناسە بکرێ. بۆ وێنە ئایا بێتوانایی تاك لە وەدەستهێنانی خواستێك بە مانای نەبوونی ئازادییە؟ بێگومان نا.

أ : ئازادی تاکەکەس: لە هەموو مافەکانی تاك لە بەرامبەر دەسەڵاتدا پشتیوانی دەکات.

ب: ئازادی مەدەنی: رێگا و چوارچێوەکانی ئازادی و پۆزەتیڤی چالاك و بەشداری شارۆمەندان، ئازادی ئەندێشە و بیروباوەڕ و مافی تاك لە باوەڕ و



هەواڵنامەی کتێب

ئەندێشە و برەودان بە بیروڕای خۆی.

پ: ئازادی کۆمەڵایەتی: ئازادی ئەندێشە و رادەربڕین، بەرگری لە بەرامبەر دەوڵەت و بە واتایەکی دی دەرفەتەکانی پێشکەوتن و جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی.

لە سەر ئەم بنەمایانەیە هەموو تاکێك مافی ئەوەیان هەیە بەبێ لەبەر چاوگرتنی رەگەز و ئایین و پلەی کۆمەڵایەتی هەلی وەدەستهێنانی سەرکەوتن و کەڵکوەگرتن لە تواناکانی خۆیان هەبێ.

باوەڕمەند بوون بە ئازادی تاکەکەس، یەکێك لە لایەنە بەنرخەکانی قوتابخانەی لیبرالیزم دێتە ئەژماردن. جان ئێستوارت میل لە "گوتارێکیدا دەربارەی ئازادی" (١٨٠٥) لە ئازادی رادەربڕین بەرگری کردووە و ئەوها دەنووسی:

"یەکەم ئەوەی کە ئەگەر ئەندێشەیەك بێدەنگ بکەین، بە هۆکارگەلێك کە دەزانین، ئەو ئەندێشەیەمان رەوا پیشانداوە. حاشاکردن لەم راستییە بێتاوان بوونە لە هەڵە. دووهەم ئەوەی کە هەرچەند رەنگە ئەم جۆرە بیروڕایانە ناڕاست بن لە هەر حاڵدا، شتێك لە راستیان لە خۆیاندا پەروەراندووە و لەو لایەوەی کە ئەندێشەی زاڵ ناتوانێ لە خۆگری هەموو راستییەکان بێ، مەجالی خۆدەرخستنی دەستدەکەوێ. سێیەم ئەوەی کە ئەگەر ئەندێشەی زاڵ و پەسندی زۆرینە نەتەنیا راست، بەڵکو تووشی هەموو راستییەك بێ و لەگەڵ دژایەتی توند بەرەو روودەبێتەوە، دەمارگرژانە بێ هیچ پێناسەیەکی عەقڵانی یا زانیارییەکی ورد، پەسند دەبێ، چوارەم ئەوەی کە فەلسەفەی رەسەنی ئازادی بیروڕا لە ناوەڕۆکی راستینەی خۆی پووچەڵ دەبێتەوە و هێزی لەبن نەهاتووی خۆی لە پاڵاوتنی کەسایەتی و کردەی مرۆییانەیدا لە کیس دەچێ، ئەوسا تەنیا ماکێتێك دەمێنێتەوە کە ئازادی تەنیا دەکاتە کەسب و کار و پیشەیەکی بێکەڵك...





بەم شێوەیە ئازادی تاك کە لە لایەك و دەسەڵاتی دیموکراسیخوازی زۆرینە لە رووخانی لە لایەکی ترەوە چەشنێك پێوەندی دەستورمەندی پێکدێنێ".

بەرگری جان ئێستوارت میل لە ئازادی ئەندێشە و رادەربڕین، دەچێتە سەر ئەم خاڵە زەریفە کە دیموکراسییەکان، شێوەی "زۆرینە" دەتوانێ کارکردی ئازادی خەوشدار بکا و هێرش بکاتە سەری.

باسە گشتییەکانی دەربارەی دیموکراسی خوازراو یان نەخوازراو بەسەر دەسەڵاتی زۆرینە وەك کەڵەکە بوونی پێداگری دەکات. زاراوە یان ئیدیۆمی (دەسەڵاتی خەڵکان) بە گشتی لە هەمبەری دەسەڵاتی پاشا و دیکتاتۆرەکانی بە کار دەبرێ کە بە هێندێك وردبوونەوە دەتوانین ئەو بە "حکومەتی زۆرینەی خەڵك" وەرگێڕینەوە. ئێمە عادەتمان گرتووە کە دەنگی زۆرینە بە تەنیا رێگای دیموکراتیکانەی کۆتایی پێهێنان بە ململانێ شتە سەلماوەکان فەرز بگرین. دەسەڵاتی زۆرینە بە جۆرێك دەبێتە پێناسەی دەروونی بوونەوەی یەکێکی تر لە بنەماکانی دەسەڵات، واتە دەسەڵاتی رای گشتی. ئەم پێناسەیە لەسەر ئەو بڕوایەیە لە یەك دیموکراسیدا، شارۆمەندان بەردەوام ئەو شتەی کە دەیانەوێ، پێویستە.

باوەڕ بە پێویستی خۆبەدەستەوە دانی (تسلیم) دەسەڵات لە بەرامبەر رای گشتی، لە شکڵی توندڕەوانەیدا بە چەشنێك دیموکراسی دەگاتە ئەنجامی "زەنگی هەواڵەکان" (رێفراندۆمێکی پەلەپڕوزانە سەبارەت بە هەر مژارێك) کە بوونی پارلەمان خەوشدار دەکات.

هەواڵنامەی کتێب

## دیموکراسی و زۆرینەکان

پێوەندی نێوان دیموکراسی و زۆرینە یەکێك لە کێشەکانی پێوەندیدار بە باسەکانی دیموکراسی و ئازادییە. ئالێکسی دوتۆکڤیل بیرمەندی سەدەی نۆزدەهەمی فەرەنسە، کۆمەلگای دیموکراسیخواز بە کۆمەلگایەك دەزانێ کە لەودا جیاوازی نێوان پلە کۆمەڵایەتییەکان لە ناو بچن و یەکسانی تەواو بەرقەرار بێ. ئەو باوەڕی بە دیموکراسی بوو، پێی وابوو دەرباز بوون لێی مومکین نییە، بەڵام لە هەمانکاتدا لە چەوساندنەوەی زۆرینە دەترسا. ترسی ئەو لەوەوە بوو کە چەوساندنەوە لە پۆست و پلەی رای گشتی (زۆرینە) و بێ تێبینی و هەلکردن، لەسەر تەختی دەسەڵات دانیشێ، دۆخێك کە ئەو لە ئەمریکا دیتبووی. ئەو دەنووسێ:

لە ئەمریکا کە دامەزراوە دیموکراسیخوازەکان تەواو رێکخراون ، تەنیا شوێنێکی _ناوەندێك_ بڕیاردەر هەیە. توخمێکی تاقانەی دەسەڵات و پێشکەوتن لە تویی ئەودا شاردنەوەی بۆ نییە. لە ئەمریکا زۆرینە سنوور و کۆسپێکی ترسناکی لە سەر رێگەی ئازادی بیروڕا و رادەبڕین داناوە. لە ناو ئەم سنورانەدا، نووسەرێك دەتوانێ (ئازادە) بە ئارەزووی خۆی بنووسێ، بەڵام ئەگەر شەقاوێك لەو لاتری ئەو سنوورە دیاریکراوانە (لە لایەن زۆرینەوە) دابنێ، بێگومان پەشیمان دەبێتەوە. چونکە تەنیا ناوەندێکی دەسەڵاتدارە کە دەتوانێ رێگای سەرکەوتن و پێکشەوتنی بۆ خۆش بکات زویر کردووە. سیستمە دیموکراسی خوازەکانی تری ئەمڕۆ، ئەشکەنجەی جەستەییان کێشاوەتە چوارچێوەی زەینییەوە. لەم سیستمەدا جەستە ئازاد و رۆح دەکرێتە بەندەوە. ئەمڕۆکە فەرماندە ئیتر نابێژێ "بۆ تۆ بڕیاری مەرگ دەردەکەم و تۆ دەبێ بیر لە ترس و وەحشیەتی مەرگ بکەیتەوە"، بەڵکو دەڵێ: "تۆ ئازادی کە هەر چۆن ئارەزووتە





بیر بکەیتەوە و بژیت و هەموو شتەکانی خۆت بپارێزی، بەڵام ئەگەر ئەوها بکەی لەمەوبەدوا لە نێو خێڵی خۆددا نامۆیی... من ئیزنی ژیانت دەدەمێ، بەڵام ئەم ژیانە لە مەرگ خراپترە" (دیموکراسی لە ئەمریکا جلدی یەك ١٨٣٥).

مەبەستی تۆکڤیل لەم رستەیەدا نیشاندەری ناوەرۆکی زوڵمە و بە بڕوای ئەو لە راستەقینەی نادادپەروەرانەدا کورت دەبێتەوە و پێوەندی بە ژمارەی چەوساوە و چەوسێنەرەکانەوە نییە و ئەگەر کەسێکیان بە هۆی بیروڕا و بۆچوونی سیاسییەوە دیل کرد و پێی بلێین کە ئەم حوکمە لە ئیرادەی زۆرینەی هاووڵاتییەکانەوە دراوە نە لە سەرخواست و مەیلی تاکێك (دیکتاتۆر) بەش بە حاڵی ئەو کەسە جیاوازییەکی نییە. چونکە لە هەر دوو حاڵەتدا ئەو "دیل"ە. مەترسی شاراوەی دیموکراسی ئەوەیە کە هەموو شتێك فیدای زۆرینە دەکات و پشتبەستن بە باسی ئەخلاقی "پاکژ لە هەڵە" لە سەر بنەمای ئەم فەرزە کە خواستی زۆرینە خواستێکی بەرحەق و خەتای تێدا نییە، هیچ چەشنە سەرپێچییەك قبووڵ ناکەن لە حاڵێکدا کە دیموکراسی بە مانای قبووڵی بۆچوون و روانگەی نەیارە. جان ئێستوارت میل کە کاریگەری زۆری لە تۆکڤیل وەرگرتووە لە سەر ئەو بڕوایەیە کە هیچ بۆچوونێك ناتوانێ بلێ لە سەر ئەم لێکدانەوەیە بۆچوونی زۆرینە راستە. هەر بەم پێیە زۆرینە مافی ئەوەی نییە زۆرتر لەو ستەمەی کە کەمینە لە زۆرینەی دەکا بە سەر ئەودا رەوایی ببینێ. بەم هەمووەشەوە ناتوانین مەسەلەی رای گشتی لە بەرچاو نەگرین. رای گشتی کلیلی تێگەیشتنی چەمکی دیموکراسییە. تەنانەت سەرەڕای بوونی مەترسی چەوساندنەوەی زۆرینە، ئیرادەی شارۆمەندان کۆڵەکەی سەرەکی دیموکراسی پرەنسیپ و ئیدیال دێتە ئەژمار. بە هەموو ناکاملی و کۆسپە زانستییەکان، مەسەلەی "حکومەتی بنیات نراو لە سەر حکومەت کراوان"، تێگەیشتنی ئێمە



هەواڵنامەی کتێب

لە ناوەڕۆکی ئاسۆی دیموکراسی دیاری دەکات. مەسەلەی بەرحەق بوونی دەسەڵات لە سەر بنەمای خواست یان پێخۆش بوونی ئەو خەڵکانەی دەسەڵاتیان بە سەردا دەکرێ لە کۆمەڵگایەکی وشیار و بە ئاگادا، مەسەلەیەکی عەقڵانی و خۆڕسك ناژمێردرێ.

پێخۆش بوون و ڕەزا دەتوانێ بە شێوەگەلی جۆراوجۆر و لەوانە پڕوپاگەندە، مومەییزی، توندوتیژی، فریوکاری، دژایەتی لەگەڵ بۆچوونە دژوازەکان و یان تەنانەت کۆنترۆڵی وردی سیستمی فێرکردن پێك بێنێ. زۆرینەی شارۆمەندان لە دیکتاتۆرە مۆدێرنەکان لەو سۆنگەیەوە حکومەتیان قبووڵ کردووە چونکە هیچ بەدیلێکی بۆ ناناسن و هەرگیز دەرفەتی ئەوەیان پێنەدراوە تا بیر لە ئەڵتەرناتیفێکی تر بکەنەوە.

## ئازادی پۆزەتیڤ

باسی پێوەندیدار بە "دیکتاتۆرییەتی زۆرینە" بەیانکەری ئەوەیە کە دەوڵەتودیکتاتۆرەکان تاقانە دوژمنی ئازادی نایەنە ژماردن. کاتێك زۆرینە، هەڕەشە لە کەمینە دەکەن، ڕەنگە تەنیا یاسا بتوانێ داکۆکی لە کەمینە بکات. جان ئێستوارت میل ئەم بۆچوونەی پەرەپێدەدا کە یاسا دەتوانێ وەك کەرەستەو ئامرازێکی هەدەفمەند، بواری لەناو بردنی کۆسپەکان و نەتەنیا سڕینەوەی یاسا زاڵمانەکان، پێناسە کرد. ئازادی لە هەلومەرجی نەبوونی هۆکاری نیگەتیڤ (نەرێتی) بریتیی دەبێ لە هێزی پۆزەتیڤ و کردار. ئازادی بێ هێزی کردە، چەمکێکی خەیاڵی و بێ مانایە.

ئازادی پۆزەتیڤ بە پێچەوانەی ئازادی نیگەتیڤ، جۆراوجۆر و هەمەڕەنگە.





لە ڕاستیدا کاتێك باس لە ئازادی پۆزەتیڤ دەکەین، باس لە جۆراوجۆری ئازادییەکانیش دەکەین.

گۆناگۆنی ئازادییەکان خاوەنی بایەخی یەکسان نین. لە نێوانیاندا سەرەکی و لاوەکی هەیە. کام یەك لە ئازادییەکان ئەوەندە گرینگن کە دەبێ تەنانەت بە نرخی قوربانی کردنی ئازادییەکانی دیکە بپارێزرێن؟ ئازادی چ کەسێك دەبێ مسۆگەر بێ؟ ڕۆڵی دەسەڵات و یاسا لە دابینکردنی هێندێك لە ئازادییەکان بۆ دەستەیەك لە خەڵك چییە؟ ئەرکی دەوڵەت لە پشتیوانی ئازادی خەڵکانی تر تا چ ڕادەیەکە؟ باسی سەرەکی دەربارەی ئازادی ئەوەیە کە چ یاساگەلێك دابمەزرێنن تا زیاتر لەوەی کە ئازادیمان بۆ وەدەست بێنێ، لە کیسمان بدا.

بەم شێوەیە لە نێوان یاسایەك وەك گەرەنتی ئازادی و یاسایەك وەك کۆسپی ئازادی بالانسێك بەرقەرار دەبێت. ئاڵوگۆڕە زۆر روونەکان لە سەر دەلالەتی ماناییەکانی وشەی "ئازادی" لە باس دەربارەی ئەو زۆر گرنگە. ئەم وشەیە لە ڕوانگەی پشتیوانی مەزنی ئازادی سیاسی، بە دەربازبوون لە کۆتوبەند زۆر و جەبرو بەڕێوەبردنی دەسەڵات و ڕزگار بوون لە کۆتوبەند و گرێدراوییەکان کە جگە لە سەردانەواندنی بێ ئەملاولا بە فرمانەکانی دەستێکی **بانتر**، بابەتێکی تر بۆ تاك ناهێڵێتەوە، دەلالەت دەکات. بەڵام چەمکی ئازادی لە ناو ئازادییە پێویستەکان کورت دەکرێتەوە، دەربازبوون لە جەبری هەلومەرجێك کە بە جۆرێکی پارێزهەڵنگەر کۆمەڵە هەڵبژاردنەکانی ئێمە بەرتەسك دەکاتەوە...

هەر بەمپێیە خواستی ئازادی نوێ، تەنیا ناوێکی ترە بۆ ئەو خواستە کۆنانە، دابەشکردنی یەکسانی سەروەت و سامان، ئەم هێما نوێیەی ئازادی لە نێوان

سۆسیالیست و لیبراڵەکان بۆچوون و روانگەیەکی هاوبەشی پێکهێناوە کە هەردوکیان کەڵکی لێوەردەگرن، هەر چەند وشەی ئازادی بە مانای جیاواز بەکار دەبەن، تەنیا چەند کەسێك پەییان بەم خاڵە گرنگە بردبوو و تا ئێستاش خەڵك لە خۆیان دەپرسن ئایا ئەم دوو لێکدانەوەیە لە ئازادی دەتوانێ یەکسان بێ؟

بە گشتی بڕوا بە ئازادی تاك لە سەر بنەمای پێناسەی لیبراڵەکان کە لە "مرۆڤی ئابوری"بە دەستەوەیان داوە وەك ئامانجی پاشماوە و تاك تەوەرەی یەکێك لە بەشە سەرەکییەکانی فەلسەفەی لیبراڵیزم دێتە ئەژمار. ئەم مەسەلەیە بنەمای دیموکراسی رۆژئاوای پێکهێناوە. لە دیموکراسییە سەلماوەکانی رۆژئاوا، شارۆمەندان باوەڕیان بەم رەگەزە لە دیموکراسی هەیە کە دەڵێ مرۆڤەکان ئازاد و بەختەوەر هاتوونەتە دنیا و مافی خاوەنێتی، مافی ئازادی ئەندێشە و رادەبڕین و بلاڤۆك، مافی پێك هێنانی کۆڕوکۆمەڵ، مافی داکۆکی کردن و مافی رەخنەگرتنیان بێ. هەر بەم پێیە شێوەی باوی دیموکراسی رۆژئاوا ئازادی لە سەر مافی شارۆمەندانەوەیە.

دیموکراسی خوازراو لەو شوێنانەی سەلماوە و خوازراو لەو جێگایانەی هێشتا نەگەیشتووەتە بەرهەم، بەر لەوەی لە سەر بوونی دامەزراوە گەلی وەك پارلەمان، هەڵبژاردن، حیزبی سیاسی بنیاتنرا بێ لەسەر مافی مرۆڤ بنیادە کە بە تاك تایبەتمەندی ناوەندی بوون ئەدا. خاڵی دەستپێکی دیموکراسی شارۆمەندی ئازادو دامەزراوە مەدەنی و باقی دامەزراوەکان لە پلەی دووهەمی گرینگی و بایەخداندان. بەم جۆرە مافە سیاسی و مەدەنییەکان بە بەشێکی زاتی و جیانەکراوە لە دیموکراسی لە قەڵەم دەدرێن.



## سنورو چوارچێوەکانی وەدیهاتنی دیموکراسی

با سەرەتا بەو جۆرەی کە دیموکراسی بە بەرهەم و ڕەوتی مێژوویەکەی دیاری کراو بزانین یان ئەوە بە شتێکی ئینسانی و زاتی لە قەڵەم بدەین _لە سەر دوو شێوازی جیاوازدا_ لە ڕاستیدا ئەم باسە نەتەنیا بە وێستگە و چوارچێوەکانی پەرەسەندنی دیموکراسییەوە پێوەندی هەیە، بەڵکو هەلومەرج و چۆنیەتی تێپەڕین بەرەو دیموکراسیش لە خۆدەگرێ:

١_ چوارچێوەی یەکەم لە سەر ئەم فەرزە بنیاتنراوە کە دیموکراسی و پێویستییەکانی، رەوتی مێژووی مرۆڤایەتی چوارچێوەیەکە کە بەم نەتەوە یان ئەو نەتەوە بەرتەسك نابێتەوە و هەمەلایەنییەکی مرۆڤایەتی هەیە. لەو رووەوە دیموکراسی بە شێوەی زاتی لە هەموو کۆمەڵگا سیاسییەکاندا دەتوانێ وەدی بێ.

٢_ چوارچێوەی دووهەم: لەم ئەگەرەوە وا هەڵدەهێنجرێ دیموکراسی دەسکەوتی شارۆمەندانی کۆمەڵگا پێشکەوتووەکانی رۆژئاوایە کە جۆرێك لە کۆمەڵگای سیاسی پێك دێنێ کە ناتوانێ لە هەموو شوێنێکدا بەدی بێ.

لە ئەگەری یەکەمدا دیموکراسی ئەمرێکی زاتی و بێ سنوری زەمەنی و بێ جێگایە و وێستگەی ئەو مرۆڤە. لە ئەگەری دووهەمدا دیموکراسی بەرهەمی هەلومەرجی تایبەتی کۆمەڵگای سەرمایەداری رۆژئاوایە کە ئێمکانی دووپات کردنەوەی لە باقی کۆمەڵگاکانی تر دژوار و ئەستەم دەنوێنێ. ئەگەر مەرجی پێکهێنان و پاراستنی دیموکراسی وەك بایەخێکی هاوبەشی جیهانی، پێویستی بە بوونی خەڵکانێکە کە بە پلەی شارۆمەندی گەیشتوون، ئەم پرسیارە دێتە گۆڕێ کە ئایا ئەم چەمکە لە تاك لەگەڵ کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکان سازگارە؟ ئایا دەتوانین بۆ ئەم چەمکە "لێکەوتنەوە"قایل بین؟

وا دەنوێنێ کە سنوری جیاوازی نێوان دیموکراسییەکانی رۆژئاوا و جۆرەکانی تازە سەرهەڵدراوی ئەو لە کۆمەڵگا نەریتی یا لە حاڵی تێپەڕیندا، لە هەموو شوێنێك دەست پێدەکات. تاوتوێکردنی چۆنیەتی تێپەڕین بەرەو دیموکراسی لەم دوو دەستە لە کۆمەڵگاکاندا نیشان ئەدا کە لانیکەم لەئێستادا ئەگەری دووهەم راسترە. واتە بێ ئاڵوگۆڕی هاوکات و بەشێنەیی، دیموکراسی لە توێ جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتییەکان پێك نایەتتت و ئەم جۆراوجۆرییە لە کاتی فۆڕم گرتن یان ئەو کاتەی فۆڕمیان گرتووە لایەنی رووکاریان هەیە و لەو رەسەنایەتییەی کە لە دیموکراسییە سەلماوەکاندا هەیە، بێ بەرییە.

پێشەکییە مێژووییەکانی چوونە ناو دیموکراسی لە کۆمەڵگا سەرمایەدارییەکان، ئەو جۆرە کە باس کرا، بە گۆڕانی هاوکات و بەشێنەیی لە توێی جۆربەجۆرە کۆمەڵایەتییەکان پێك هاتووە. ئەم گۆڕانە بێ ئامادەکاری بیری کۆمەڵگا و هەروەها گۆڕانی سیستمی فێرکاری و پەروەردەیی و رۆڵی تاك، بە دی نایەت. لە راستیدا پێوانە زەینییەکانی بوژانەوەی دیموکراسی بە پلەیەك لە گەشە گەیشتووە کە لە بەر بەرامبەرکێی پێوانە عەینییەکان نەوەستنەوە. لێرەدا دوو هۆکار رۆڵی دیاریکەریان بووە: یەکیان بوونی رەگی نەریتە دێرینەکانی دیموکراسی و ئەویتر، تیۆریزەکردنی ئەم نەریتانە لە وەڵام بە پێویستی عەینی و راستەقینە و خواستی کۆمەڵگا بۆ بووژانەوە. دەتوانین ئەوە لەبەر چاوبگرین و بە خێرا بوونی کردە و کردە پەرچەکردارییە کۆمەڵایەتییەکان لە سەردەمی شۆڕشەکانی سەرمایەداریدا، کۆمەڵگا ئەو جۆرەی کە لە بواری ماددی سەرقاڵی ئافراندنی بنیادەکانی سیستمێکی نوێ بووە، لە چوارچێوەی سیاسەت و فەرهەنگیشدا تا چ رادەیەك داهێنەر بووە. رەنگە





بتوانین ئەم دۆخە لەگەڵ هەلومەرجە گۆڕان هەڵگرەکانی کۆمەڵگا لە حاڵی گەشەکانی ئەوڕۆیی هەڵبسەنگێنین. چۆنیەتی فۆڕم گرتنی شارۆمەندی ئازاد لە قۆناغی گواستنەوە بەرەو دیموکراسی لە کۆمەڵگای سەرمایەداری بەر لە هەر شتێك ئەم راستییە روون دەکاتەوە کە پێگرتنی هەر دیاردەیەکی سیاسی تازە پێویستی بە ئاڵوگۆڕی پێکهاتە زەینییەکانی ئەندامانی کۆمەڵگاوە هەیە. گۆڕانێك کە بڕەبڕە دەروونی و سەرەنجام وەك کردە و کرداری لێدێت. هیچ نەتەوەیەك بە یەك شەو دیموکراسیخواز نابێتەوە. بە وتەیەکی تر دەتوانین بڵێین کە بێ فەرهەنگی دیموکراسیخوازی ناتوانین بگەین بە دیموکراسی. فەرهەنگی دیموکراسیخوازی پێشمەرجی تێپەڕین بەرەو دیموکراسییە نەك پاشکۆ ئەو. هەڵکردن لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی ئەم فەرهەنگە بریتییە لە هەڵکردن، ئازاد بیرکردنەوە، تامڵ کردنی نەیار، باوەڕمەند بوون بە مافی ئینسانەکان، هەستی بەرپرسیاریەتی بەرامبەر بە خۆت و هەمووان و بڕوا بە مافی کەمایەتییەکان.

سەرنجدان بە چۆنیەتی فۆڕم گرتنی سەرەکیترین بنەماکانی دیموکراسی، واتە "تاك" لە فەرهەنگە جۆراوجۆرەکاندا نیشاندەری جیاوازییەکی زۆرە. هەمەگیربوونی دیموکراسی تا رادەیەك جێی شك و گومانە. لێرەدا خراپ نییە ئاماژەیەك بە بۆچوون و روانگەکانی کۆرنلیۆس کاستۆریادیس بیرمەندی هاوچەرخی فەرەنسی بکەین. ئەو لە لێکدانەوەی خۆیدا لە سەر دیموکراسی ئاماژە بە دوو جۆرە کۆمەڵگا دەکات. کۆمەڵگای خودمختار (سەربەست) و کۆمەڵگای فەرمانبەر. ئەو وێڕای هەڵسەنگاندنی ئەم دوو جۆرە کۆمەڵگایە، بڕوای وایە کە بۆ ناسینی کۆمەڵگای فەرمانبەر، پێویستە لێکدانەوەیەك لە سەر رەوتی کۆمەڵایەتی بوونی تاکی فەرمانبەر لە قولایی ئەم کۆمەڵگایەدا ئەنجام



هەواڵنامەی کتێب

بدرێ. ئەو دەنووسێ: "کۆمەڵگای فەرمانبەر، کۆمەڵگایەکی داخراوە، کۆمەڵگای ئایینی و کۆمەڵگا تۆتالیتەرەکان دوو نموونەی بەرچاوی ئەم کۆمەڵگایانەن، کە بناغەی ئەوان لە سەر فەرمانبەری بنیاتنراوە. وەها کۆمەڵگایەك ناتوانێ لە سەر دروستی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکانی خۆشی شك بکات. ئەوەی دەبێتە هۆی بەردەوامی ژیانی کۆمەڵگای فەرمانبەر، ڕادەی بڕوای تاکەکانی بە بایەخە فەرمانبەرییەکانی کە ئەم کۆمەڵگایەی لە سەری بنیاتنراوە. هەر بۆیە هەر کۆمەڵگایەك، جۆری تاکی تایبەتی خۆی بەرهەم دێنێ. تاکێك کە بە نۆبەی خۆی هەڵگرو گوازێنەرەوەی بایەخەکانی ئەو کۆمەڵگایەیە". کاستۆریادیس دەڵێ: "هیچ گرووپێك ناتوانێ دەسەڵاتی خۆی بە سەر کۆمەڵگادا بۆ ماوەی بیستوچوار سەعات بپارێزێ کە زۆرینەی ئەندامانی ئەویان ناوێ". ئەم بیرمەندە وێڕای ڕەخنەی لە دیموکراسی لیبراڵییەکانی ڕۆژئاوا کە ئەوان بە"ئۆلیگارشی لیبراڵ" ناوزەدی دەکەن، سەربەستی و دیموکراسی هاومانا دەزانن و خودمختاری لە هەمبەری فەرمانبەری وەها پێناسە دەکەن: توانای ڕاستەقینەی مرۆڤ بۆ سازدانی کۆمەڵگایەکی دیموکراتیك کە تێیدا تاك و کۆمەڵ تەواوکەری یەکترن، بێ ئەوەی یەکیان بە سەر ئەوی تردا زاڵ بێت... دیموکراسی تەنیا لە شوێنێکدا ئەگەری وەدیهاتنی هەیە کە لەودا خودەی دیموکراسیخوازی بوونی هەبێ. بەرپرسیارەتی، شەرم، ڕاستگۆیی، چاودێری دوو لایەنە و زانیاری قووڵ لەسەر ئەوەی کە بردنەوە یان دۆڕانی کۆمەڵگا بردنەوە یان دۆڕانی هەر یەك لە ئێمەیە".

ئەگەر لێکدانەوەکەی "کاستۆریادیس"مان قبووڵ بێ کە "هەر کۆمەڵگایەك، جۆری تاکی تایبەت بە خۆی بەرهەمدەهێنی" و کۆمەڵگا فەرمانبەرەکان، تاکی فەرمانبەر (و لە ئاکامدا تەواو پەسیڤ) پێکدێنێ، مەسەلەی دیموکراسی بۆ ئەم



جۆرە کۆمەڵگایانە بەکردەوە نەفی دەکرێتەوە، چونکە ئەم جۆرە کۆمەڵگایانە لە بازنەیەکی داخراودا و خولاوەی دۆڕانێکی زرێ ئاسا بەردەوام سەرقاڵی بەهێز کردنی بنەماکانی فەرمانبەرین و تا کاتێك ئەم خولە درێژەی هەبێ، پێوانە زەینییەکانی کۆمەڵگا بۆ ئەفراندنی دیاردەیەکی سیاسی نوێ ئامادە نابێ. هەرچەند وەها لێکدانەوەیەك دوور لە ڕاستی نییە، بەڵام دەتوانین بڵێین جۆرێك ڕەشبینی ڕەهایانە لە زەیندا پەروەردە دەکات. سەرەڕای جیاوازی بەرچاوی نێوان "تاك"ی پەروەردەی داوێنی کۆمەڵگای فەرمانبەر و "تاك"ی پەروەردەی کۆمەڵگای ئازاد (تاڕادەیەك خودمختار)، ناتوانین نەتیجە بگرین کە کۆمەڵگای فەرمانبەر بە جۆرێکی دەروونی و خۆڕسك توانای پێکهێنانی دیموکراسییان نییە. مەیل بە ئازادی بە هەر جۆرێك بێ ڕێگای دەکاتەوە، تەنانەت لە داخراوترین جۆری هەر کۆمەڵگایەکدا. گرینگ ئەوەیە کە خواستی دیموکراسی لەگەڵ گۆڕانی پێوانە زەینییەکانی تاکی کۆمەڵگا هاوکات و هاوڕێ بێ. تەنانەت ئەگەر پێوانە عەینی و دیکۆمێنتەکان بۆ هاتنە بەرهەمی ئەو تەواو ئامادە نەبێ. دەتوانین لە ڕێگای داهێنانە سیاسییەکانەوە تێك هەڵکێشانێك لەم دوو جۆرە پێك بێنن. جیاوازییەکی گرنگتر لە چۆنییەتی تێپەڕین بەرەو دیموکراسی نێوان دوو دەستەی کۆمەڵگای پێشکەوتووەکان و کۆمەڵگا دواکەوتووەکان ئەوەیە کە لە سەردەمی تێپەڕینی بەشێنەیی، هۆکاری پاڵپێوەنەر و بەرپرچدانەوەی دەرەکی بە سەر هەوراز و نشێوەکانی دیموکراسی لە ڕۆژئاوادا نەبووە. ئەم دیاردەیە بە جۆرێکی سرووشتی و لە سەر بناغەی ئەزموونی دوور و درێژی لە شۆڕشی سەرمایەداری تا سەلماوی و پەرەگرتنی ئەو لە وڵاتانی ئەورووپایی و کیشوەری ئەمریکا لە دایك و پەروەردە بووە. بۆ ئەم کۆمەڵگایانە، دیموکراسی دۆخێکی لەوە پێش دیاری کراو نەبووە، بەڵکو لە تاقیکردنەوەی و

ئەزمون بەدەستی کۆمەلگا خولقاوە، لە کاتێکدا کە بۆ کۆمەلگا پێشنەکەوتووەکانی ئەمڕۆ، زۆرتر نەوەك تەنیا دۆخێکی لەوە پێش دیاریکراو، بەلکو پێویستییەکی جیهانی لێهاتووە. لە هەلومەرجی ئێستادا هەم هۆکارە پالپێوەنەر و بەرپەرچدانەوەکان لە ناوە و دەرەوە گۆشار دەخنە سەر کۆمەلگاکان. لە وەها دۆخێکدا دەرفەتی گۆڕانی هاوکاتی توێ کۆمەلایەتییەکان پێك نایەت و پێوانە زەینی و عەینییەکانی کۆمەلگا یەکتر تەواو ناکەن. کۆمەلگا نادیموکراتیەکان لە کاتێکدا دەچنە ئەو قۆناغەوە کە بە هۆی دواکەوتووی مێژوویی لە گەشە و پێشکەوتن (وە درەنگ کەوتنی لە هەلسەنگاندن لەگەل کۆمەلگا پێشکەوتوەکانی رۆژئاوا بەدی دەکرێ) و هەروەها بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەم وە درەنگ کەوتنە روویان کردووەتە هاوشێوەسازی دیموکراسی. بەم جۆرە کە بە پێکهێنانی دامەزراوە مۆدێرنەکان، کە زۆرتر بەرهەمی دیموکراسین، نەپێش مەرجی ئەون بێ ئەوەی کە لە چوارچێوەی بوون ناسی تاکەکانی کۆمەلگا ئەولاتر بچن، دەست دەدەنە جێگیر کردنی دیموکراسی. لە ئاکامدا بێ فۆڕم گرتنی فەرهەنگی دیموکراسی خوازی کە تەنیا لە رێگەی فێرکردن و بارهێنانی شارۆمەندان پێکدێ، بێ کەڵەکە کردنی بە شێنەیی ئەزمونی ئازادی، چاودێری دەسەلات و رەخنە لێی، گۆڕانی خێرا لە پێکهاتەی دەسەلات و دامەزراوە پەیوەستەکان بەوەوە روودەدات، بۆرۆکراسی سەرسپاردە بە دەسەلات شکڵ دەگرێ، لە حالێکدا کاکڵی سەرەکی کۆمەلگا هەروا دەست لێنەدراو ماوەتەوە. لەم رووەوەیە کە تەنانەت بوونی دامەزراوە مەدەنییەکانی ناو ئەو کۆمەلگایانەی فەرهەنگی دیموکراسی خوازییان نییە، کاردانەوەی دیموکراسی خوازی نییە. ئەم دامەزراوە وەك شوورا و رێکخراوە پیشەیی و سیاسییەکان، بە کردەوە ئامرازێکی گواستنەوەی ئیرادەی جەماوەری یان کەرەستەیەکی



چاوەدێریو کۆنترۆلی دەسەلات نین. نەبوونی ئازادییەکان (ئازادییە مەدەنییەکان) بە هەلبژاردن و بەشداری سیاسی دیمەنێکی فۆرمالیتە دەدا. سەرەڕای ئەوەی کە مەیل بە دیموکراسی کەم تا کورت بەروونی دیارە لە هەموو کۆمەلگا داخراو و دیکتاتۆرلێدراوەکان ، شارۆمەندان لە کردەوەدا لەگەل سەرەڕۆیی دیکتاتۆڕی هاوژینی یەکترن. ئەم مەسەلەیە جگە لە راگرتنی پێکهاتەی زەینی _دەروونی کۆمەلگا، دەتوانێ لە چ شتێکی دیکەوە سەرچاوە بگرێ؟ چۆن دەتوانین ئەم جیاوازییە شیبکەینەوە؟ بەڕێوەبردنی ئیسلاحات و چاکسازی و دابەزاندنی رەگەزەکانی دیموکراسی لەم کۆمەلگایانەدا، لە نێوان دەولەتەکان دەستاودەست دەکرێن، دەسەلات، بە توندی ناوەندگەرا و بە بەشداری سیاسی خەلك، جگە لە جێگە بە جێگە بوونی دەسەلات لە ژێر پۆششی گەل - مەزنی، ناگاتە ئەنجامێکی تر. هەلێنجانی گشتی لە دیموکراسی لەم جۆرە کۆمەلگایانەدا، چەند جۆرە، ئازادییەکانیان سەرکوت یان بەرتەسك دەبنەوە، دیموکراسی رەنگی سیاسی بەخۆیەوە دەگرێ، وێڕای ئەم هەلێنجانە لە "ئازادی" لە کۆمەلگادا، خۆی چەند جۆر و ناڕۆشنە. بەلام لە ولاتانێ کە زۆینەی خەلك تووشی هەژارو بێبەشین و ئابورییەکی دەولەتی و بێململانێ (غیر رقابتی) زالە، حەساسییەتەکان سەرجەم دەخاتە سەر کۆبونەوەی سەروەت و سامان و وزەی سیاسی بەم مەبەستە بەکاردێ. لەم دۆخەدا حەساسییەتێك لە تەوەرەی کەلەکە بوونی دەسەلات لە یەك شوێن حەساسییەتێك کە پێویستی دیموکراسییە پێك نایە. لەم حالەدا هەلێنجان لە دیموکراسی زۆتری بەلای دابەشکردنی سەروەت دەشکێتەوە. ئەم دەست تێوەردانانە دەبێتە سۆنگەی ئەوەی کە کۆلەکە و کۆلەکەی فەرهەنگی_ سیاسی دیموکراسی لە پێچەوانەی رەوتی خۆیان یەکتر رەفز بکەنەوە.

هەروا کە ئاماژەی پێکرا ئازادی، ناوکی ناوەندی دیموکراسییە و حەساسییەتی گشتی ئەو لە سەر کەڵەکە بوونی دەسەڵات لەیەك شوێنە. کاتێك وەها حەساسییەتێك بەرەو لای "ئازادی" قەف دەبێتەوە، دیارە کە لە سەرنج بە دەسەڵات دوادەکەوێ و ئەمە رووداوێکە کە زۆرتر لە کۆمەڵگاکانی لە حاڵی تێپەڕین بەرەو دیموکراسیدان، روودەدا. چەمکی ئازادی خاڵی دەستپێکی ململانێو جیاوازییەکان لە درك و دامەزراندنی دیموکراسییە. ئەم چەمکە بەر لەوەی بچێتە ناو فەرهەنگی کۆمەڵگا سیاسییەوە، لە فەرهەنگی کۆمەڵگادا دەنرخێندرێ و لەو لایەوە کە جیاوازی فەرهەنگی کۆمەڵگا نادیموکراتیەکان و کۆمەڵگا دیموکراتیەکان (نەریتی و مۆدێرن) زۆر جیاوازن. هەڵێنجانی کەم تا کورت جیاواز لە کۆمەڵگا نادیموکراتیەکان دێتە ئاراوە، هەروەها مەیل بەرەو ئازادی لە کۆمەڵگا نادیموکراتیەکان مەیلێکی یەکپارچە و یەکگرتوو نییە. رەنگە هۆکاری ئەو نەبوونی هاوپشتییەکی کۆمەڵایەتی و، پەرش‌وبڵاو بوونی گرووپە کۆمەڵایەتییەکان بێ. لەم رووەوە حەساسییەتەکان لە لایەکی تایبەتەوە رێك ناخرێن و بەوتەیەکی تر ئیرادەی کۆی دیموکراسیخواز شکڵ ناگرێ.

لەم کۆمەڵگایانەدا دەوڵەت بە دەنگی خەڵکی دێنە سەرکار، بەڵام دەنگی زۆرینە تەنیا یەك "رەقەم"ە کە بۆ دەسەڵاتداران دەسەڵات دێنێ و ئەم دەسەڵاتە وەك تاکتیکێکی لێدێ کە لە نەبوونی دامەزراوە چاوەدێرییەکان و بە نێوی "هەژمونی زۆرینە" بەرژەوەندییەکانی کەمینە رەدوودەکا، دیموکراسی نوێنەرایەتی لەم حاڵەتەدا بە هۆی کەلەبەری قووڵی لەگەڵ جەماوەر بەرەو کەڵەکەبوونی دەسەڵات لە دەست یەك ناوەندا قەف دەبێتەوە و مافی دەنگدەران بەکردەوە لەبەر چاو ناگیرێ.





کۆنکرێتتر دەتوانین بڵێین کە دامەزراوە دیموکراسیخوازەکان و ئازادییە سیاسی و ئابورییەکان کە ناوکی ناوەندی دیموکراسی لیبراڵی رۆژئاوا پێك دێنن لەگەڵ لێکدانەوە نوێکان پێدزەیان کردووەتە وڵاتانی نادیموکراتیك. ئەم تەعبیرانە تا ئەو رادەیە چوونە پێشێ کە چەمکی دیموکراسی لە جیهانی سێهەم لەگەڵ چەمکی باوی لە ئەوروپا و ئەمریکا بە یەکجاری جیاوازبێ. لەم تەعبیرە نوێیەدا لە دیموکراسی، بنەما سەرەکییەکانی دیموکراسی وەك زۆرینەچێتی، دەسەڵاتی پەرلەمان و حیزبە سیاسییەکان کە کێبەرکێ و ناڕەزایەتی دەربڕینی سیاسی دەخولقێنن، وەلانراون و لە جێی ئەوان داخوازییە "جەماوەری"یەکان و "کۆمۆنی" یان "کۆمەڵی" دادەنیشێت کە پێشووتر تەنیا لە زمان حیزب یان فەرمانڕەوایەکەوە دەکرا بێتە گۆڕێ.

لە راستیدا ئەم هۆکارانەی کە نیشانەدەری دیموکراسی لیبراڵی رۆژئاوان، لە زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێهەم حزووریان نەبووە. هێندێك لەو هۆکارانە، کە بۆ دەوڵەتە نوێیەکان نەناسراو بوون بریتین لە: جیایی دین لە دەوڵەت و کەنیسە، تاکگەرایی (تاکەخوازی) ئابوری و ئافراندنی کاری، یاسای چارەسەری کێشەو ناکۆکییەکان، جیایی تاك و دەوڵەت وەك هۆکاری پێویست بۆ زۆرینەچێتیو بەرتەسك کردنەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت و سەرەنجام بردنە سەری ئاستی گوزەرانو گەشەی ئابوری کۆمەڵگا رۆژئاواییەکان کە بواری گەشەی توانا فیکریو هونەرییەکانی تاك پێك بێنێ. ئەوەی کە لە وڵاتانی تازە سەرهەڵدراو شکڵی گرت، ئەخلاقە زۆرینەچێتییەکان بوو کە بواری ئەوە بە دەوڵەت ئەدا وەك نوێنەری کۆمەڵ هەڵسوکەوت بکات و بە جێی تاك بڕیار بدا یان خواستەکانی ئەو بێنێتە گۆڕێ و کۆمەڵگای مەدەنی بێنێتە ژێر رکێفی خۆیەوە و، ئەمە رێك بە پێچەوانەی ئەو شتەیە کە لە رۆژئاوا رووی داوە. لە نەتیجەدا دیموکراسی، لە

ڕوانگەی زۆرینە ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە بایەخە کۆمەڵایەتییەکان هەیە، بایەخی کۆمەڵ لە قەڵەم دەدرێ کە تاکی ناوەتە پشت سەر و بۆ بەرژەوەندی و قازانجی تاک لە کەناڵی دەوڵەتەوە ڕەدووکا. دیموکراسی لەم مانایەدا بریتی بوو لە دیموکراسی هەمووان بە دژی سەرجەم ئەو کەسانەی کە لە دەوری ئەم دیموکراسییەدان، لە کاتێکدا کە دیموکراسی ڕاستەقینە بریتییە لە ئازادی تاک بۆ پێکەوە ژیان لەگەڵ کۆ و تەنانەت جیاواز بوون لە گەڵیش.

هۆکارێکیتر کە بووەتە هۆی ڕەگ دانەکوتانی بۆچوونە دیموکراسی خوازەکان لەم وڵاتانەدا لە مێژوو و ئەزموونەکانی ڕابردووی بزووتنەوە نەتەوەییەکانەوە سەرچاوە دەگرێ. کەم تازۆر لە هەموو وڵاتانی چەوساوەی دەستی ئیستعمار، بزووتنەوە دژی ئیستعمارییەك کە بە سەربەخۆیی گەیشتووەتە ئامانج، بەرهەمی هەوڵی بە کۆمەڵ و نەتەوەیی بووە. ئەم بزووتنەوەیە، هەموو چین و توێژەکانی خەڵکی بەسیج کرد و لە ڕۆح و هەناوی ئەواندا جێگەی کرد. وەها جوڵانەوەیەك پێویستی بە حیزبێکی سیاسی بەهێز و کۆنترۆڵی تەواوی ئایدۆلۆژی لە چوارچێوەی یەکپارچەیی سیاسی بوو و هەر بۆیەش زۆرتر ئەو دەوڵەتانەی سەربەخۆییان بەدەست هێناوە بەرەو سیستمی تاك حیزبی چوون و نەیانتوانیوە پێگەی جەماوەری وەدەست بێنن. هەر چەند سەربەخۆیی نەتەوەیی بۆ زۆرێك لەو وڵاتانە مسۆگەر بووە، بەڵام داخوازیی و چاوەڕوانییەکانی پێویست و پەیوەند بە سەربەخۆیی نەتەوەییەوە نەهاتووەتە بەرهەم. لەم ڕووەوە بێوەڵام مانەوەی چاوەڕوانی شارۆمەندان لەم وڵاتانە، ئەوان بەرەو بەدیل گەلێکی تر پاڵ پێوەدەنێ کە لەو ناوەدا دیموکراسی زۆرترین سەرنجی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە و لەم نەتەوانەدا وەك ئامانجێکی لێهاتووە.



### ئەنجام

دیموکراسی وەك جۆرێك لە سیستمی سیاسی بنیاتنراوە لە سەر لێکتێگەیشتن بۆ کۆمەڵگا جۆربەجۆرەکان وەك نموونەیەکی دڵخوازی لێهاتووە. ئەم شێوازە لەو کۆمەڵگایانەی بەر لە ئەزموونی دیموکراسی فۆڕمیان گرتووە و ئێستا ئەم پرسیارە هاتووەتە گۆڕێ کە ئایا وەها شێوازێك لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی وڵاتانی دیکە یەك دەخوێنێتەوە؟ ئایا وڵاتانی نادیموکراتیك دەتوانن نوسخەگەلی خۆیی دیموکراسی پێك بێنن؟

سێ پێوەر لە وەڵامدانەوە بەم پرسیارانە دیاری کراون:

ا ) زۆربوونی دیموکراسی.

ب) توانا کۆمەڵایەتییەکان.

ج) ڕێژەیی بوونی فەرهەنگ.

ئەگەر لە جیهانێکی بەڕاست زۆرینە و جۆراوجۆردا دەژین، کۆمەڵگا سیاسییەکان هەرکامیان بە پێی ئیمکان و تواناییەکانی خۆیان، دەتوانن جۆرگەلی دیموکراسی پێك بێنن، بەو مەرجەی لە بنەما هاوبەشەکانی دیموکراسی واتە ئازادی، یاسا و بەرتەسك کردنەوەی دەسەڵات پێبەند بن، هەڵێنجانی جیاواز لە دیموکراسی بە مانای بازادان و تێپەڕین بەسەر بنەما سەرەکییەکانی ئەو نییە.

خواستی دیموکراسی لە زۆربەی وڵاتانی لە حاڵی گەشەدا، هێمایەکە لە توانایی هزری ئەو کۆمەڵگایە بۆ قبووڵ کردنی دیموکراسی، بەڵام هۆکار گەلێکیتر هەن کە بەردەوام سەقامگیر بوونی دیموکراسی لەم وڵاتانەدا دوادەخەن. هەڵبەت جێی گومان نییە کە ئایا خواستی دیموکراسی لە ڕاستیدا خواستێکی هەمەگیر و



هەوالنامەی کتێب

نەتەوەییە. ئەزموونی پراکتیکی ئیدیۆم و ڕەوتی دیموکراتی کردن لەم وڵاتانەدا دوو خاڵی گرنگی خستووەتەڕوو:

١_بۆچوونی دیموکراسی وەك توانای هزر و زەینی کۆمەڵگا، هەمەگیر نییە، بەڵکو لە چوارچێوەی نوخبە و هەڵکەوتووان فۆڕمی گرتووە ودیموکراسی لەو جۆرە کۆمەڵگایانەدا بە توندی نوخبەگەرە. هۆی ئەوەش لە سەرەوە بوونی ئاستی نەخوێندەواری و کزی سیستمی پەروەردەیە.

٢_ بوونی پتانسیەلی توندوتیژی سیاسی (بە هۆی پێشینەی دیکتاتۆرییەت و مەشق بۆ نەکردنی یاساگەرایی) بەردەوام دەبنە لەمپەر و کۆسپی ڕێگای دەروونی بوونەوەی بنەماگەلی وەك ئازادی و پێڕەوی یاسا. سەبارەت بە خاڵی دووهەم دەتوانین بە پشت بەستن بە بێبەشی و درێژبوونەوەی چاوەڕوانییەکان و جێبەجێ نەبوونی داخوازییەکانی شارۆمەندان بڵێین، زۆرجار دەبێتە کەڵەکە بوونی ناڕەزایەتی و سەرەنجام توندوتیژی سیاسی. نەخوێندەواری، بێبەشی، ناڕەزایەتی و توندوتیژی دەرفەتی گەشەی فەرهەنگی سیاسی نادا. لە ڕاستیدا وەدرەنگ کەوتنی وەدیهاتنی داخوازییەکان، پشووی ئەزموونی بە شێنەیی دیموکراسی و ئازادی لە خەڵك دەگرێ. لە لایەکی دیکەوە نەبوونی دامەزراوە مەدەنییەکان کە بتوانن داواکارییەکان بێننە گۆڕێ و بەسەر بەرێوەبردنیان چاودێری بکەن هۆکارێکی دیکەی هەیکەل گرتنی توندوتیژی سیاسییە. کۆمەڵگا، بێ فەرهەنگی سیاسی گەشە کردوو ناتوانێ لە سەر ماف و سنووربەندییە یاساییەکان ڕێك بکەوێ.

لەم حاڵەتەدا توانا واقعییەکانی پێویست بۆ سەقامگیربوونی دیموکراسی بە رادەی پێویست گەشە ناکا، چونکە تاکەکانی کۆمەڵ بە هۆی بێبایەخی و



خەمساردی و هەست بە بەرپرسیاریەتی نەکردن و لەهەموو گرنگتر نەبوونی هاندەرە، ئەوها کە شیاویەتی مەیل بۆ پێکهێنانی دامەزراوە و نەزم و ئینزباتی کۆمەڵایەتی، و بە گشتی کاکڵی تێگەیشتنی سیاسی نیشان نادا.

ڕێژەیی فەرهەنگی وەك سێهەمین پێوەرە لە وەڵام دانەوە بە پرسیارە ناوبراوەکان، هەڵێنجان و وەرگرتنی هەر فەرهەنگێك لە ئازادی و دیموکراسی دیاری دەکات. ئازادی وەك بایەخێکی قبووڵ کراو و دیموکراسی وەك گەرەنتی و نیگابانی ئازادی، لەگەڵ جۆراوجۆری فەرهەنگی ناکۆکی نییە. ئازادی، مافی مرۆڤو یاسا چەند تەوەرەیەکن کە هەر فەرهەنگێك دەتوانێ ئەوان بۆ لای خۆی ڕاکێشێ و لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی خۆی ڕێکیان بخات. هەڵەیە گەر پێمان وابێ فەرهەنگی کۆمەڵگایەك دەتوانێ هۆکاری بەرپەرچدانەوەی دیموکراسی بێ. بێگومان لە هەموو فەرهەنگەکاندا تەنانەت کۆمەڵگا نەریتییەکانیش، پێکهاتەی پێویستیان بۆ قبووڵ و پێکهێنانی دیموکراسی هەیە. ئەگەر وەها نەدەبوو، بۆچوون بەرەو دیموکراسی تا ئەو رادەیە هەمەگیر نەدەبوو. ڕەنگە بتوانین بڵێین ئەوەی دەبێتە کۆسپ، خودی دەروونی بووی کردارە کۆمەڵایەتییە هەڵقوڵاوەکان لە ناخی ئەوانەوەیە.

بە کورتی ئەو پێشڕەوییە بەرەو دیموکراسی لە کۆمەڵگا نادیموکراتیەکان، ڕاستییەکی هەست پێکراو و حاشاهەڵنەگرە. بەڵام ئەوەی کە ئەو کۆمەڵگایانە لە هەمانکاتدا سەرەڕای جۆراوجۆری و بوونی جیاوازی گەلی بەرچاو لەگەڵ یەکتردا، بتوانن ئەم ڕاستییە لە ڕێگەی (ڕیئالیست) چێتی سیاسی و نە لە ڕێگەی ئامانج خوازی وەدی بێنن، کارێکی سپێردراو بە تێپەڕبوونی زەمەنە. دادوەری لەم بارەیەوە هێشتا دژوارە، چونکە ڕاستییەکانی ئێستا گۆیایی ئەوەن کە ئەم کۆمەڵگایانە لە مەودای دوو جەمسەری ئامانج و ئەگەری هەڵچوون و داچوونیان هەیە

## سەرچاوەکان:


١. موکفێرسۆن، سی.بی.جیهانی راستەڤینەی دیموکراسی، وەرگێڕانی عەلی مەعنەوی تهرانی. یٚ گ ھ١٣٧٩

٢. بۆبیۆ، نۆربرتۆ، لیبراڵیزم و دیموکراسی، وەرگێڕانی بابەکی گوڵستان، چشمە١٣٧٦

٣. جەهانبەگلوو، رامین، مۆدێرنیتە، دیموکرسی و رۆشنبیران، مرکز ١٣٧٤

٤. دۆبنۆ، ئالێن، رامان لە سەر بنەمای دیموکراسی، وەرگێرانی بوزۆرگی نادرزادە، چشمە ١٣٧٨.

٥. تایبەت نامەی "ئامانجی دیموکراسی" گۆڤاری پەیام یۆنیسکۆ، مهر ١٣٧٢

٦. وەرزنامەی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی "گفتگو" ژمارە١٤، "دیموکراسی" زستانی ١٣٧٥.

٧.The Global Divergence of Democracy (Journal of Democracy book), Lanky Jay Diamond,٢٠٠١

٨. Democracies and the Populist Challenge, Yves Many, Macmillan,٢٠٠١

٩.Democracization: A Critical introduction, Jean Gruel, Macmillan ٢٠٠١

١٠. The Globalization of Liberalism, Ervin Hoyden, Macmillan ٢٠٠١

١١.Green politics: Dictatorship or Democracy? James Radcliff, Macmillan ٢٠٠١

١٢. Globalizem and Local Democracy, Robin Ham Belton Palfrey ٢٠٠١

١٣. Democracy, Albert Weal ١٩٩٩. Palfrey.

١٤. On Democracy, Robert Alan Dahl, Yale University ١٩٩٩.

١٥. Developing Democracy, Robert Alan Dahl, John Hopkins University press,١٩٩٩.

١٦. Democracy and Development (Cambridge Studies in Theory of Democracy), Adam Presswork, ١٩٩٩.

١٧. Pattern of Democracy, Amend Light, Yale University press, ١٩٩٩.

١٨. Transitions to Democracy, Lisa Anderson, Gloria University, ١٩٩٩.




هەواڵنامەی کتێب

# شۆڕشە مەعریفی و وەرچەرخانە سەرەکیەکان لە زانستی ڕامیاریدا


جۆن.سی.دریزك

و: زانا کەریم


زانستی ڕامیاری لە ساتی دروستبوونیەوە کایەیەکی مەعریفی ناسەقامگیرەو بەئامانجی داڕشتنەوەی سروشتە دەوڵەتگەراییەکەی بزوتنەوەگەلێکی بەخۆیەوە بینیوە.لەمیانی ئەم وتارەدا بەراوردی پێنج بزوتنەوەی دیار کراوە کە کاریان لەسەر گۆڕانکاری گەوهەری لەزانستی ڕامیاریدا کردووە:

- دەوڵەتگەرایی Statism (چەقبەستن بەدەوری دەوڵەتدا و کردنی بەسەرچاوەی ڕاڤەکردن):ئەمەش ئەو کەڵکەڵەیە کەهاوڕەوتی ئەم کایەیەبووە لەکاتی هەوڵەبەراییەکانیەوە لەپێناو بەدەستهێنانی پیشەییبووندا.
- فرەگەرایی Pluralism :ئەم ئاراستەیە لەگەڵ کۆتایی دەیەی دووەم و سەرەتای دەیەی سێیەمی سەدەی بیستدا دەرکەوت.
- ڕەفتارگەرایی Behavioralism : (لەناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا دەرکەوت).
- ئاقارگری بەرەو داڕشتنی "زانستی ڕامیاری نوێ"

New Political Science (ئەمیش لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای نەوەدەکاندا).

- ئەو تەوژمە نوێیەی کەبە "پیریسترۆیکای زانستی ڕامیاری" ناسراوە (لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکدا دەرکەوت).

لەنێوان ئەو چوار بزوتنەوەدا کەلەسەر لۆژیکی "شۆڕشی زانستی" Science Revolution (لای تۆماس کۆهن) بەرپابوون،تەنها بزوتنەوەی یەکەم و سێیەم سەرکەوتنیان بەدەستهێنا،چونکە کایەی زانستی ڕامیاری بەرەنگاریەکی سەرسەختانەی پیشاندا بۆگۆڕانکاری.ئەوەی لەوبارەیەوە شایانی تێبینیکردنە ئەوەیە کەنهێنی سەرکەوتنی "دەوڵەتگەرایی" و "ڕەفتارگەرایی" لەوەدایە کەشۆڕشەکانیان ڕووبەڕووی هیچ بەرەنگارییەك نەبوەوە لەناو ئەم کایە مەعریفیەدا (هەرچەندە دواتر ڕووبەڕووی ڕەخنەو بەرەنگاری بوونەوە لەلایەن تەوژمی تیۆری ترەوە،بەلاّم پاشئەوەی شۆڕشە مەعریفیەکەیان سەرکەوتبوو).

زۆرکەس لەولاّتە یەکگرتووەکان هەولّی گۆڕینی سروشتی زانستی ڕامیاریانداوە،بەلاّم کەمێکیان ئەنجامی هەوڵەکانیان سەرکەوتن بووە. ئەو شۆڕشگێڕانەی لێرەدا لەبارەیانەوە دەدوێم،لەمیانی هەوڵێکی بەکۆمەڵەوە کۆششیان بۆ دارشتنی کارنامەیەکی نوێ بۆ توێژینەوە لەم کایە مەعریفیەدا، لەسەر داروپەردووی ئەو دەستکەوتانەی پێشتر بەدەستهاتبوون کردووە. بەم شێوەیە، ئەم کایە مەعریفیە پێنج بزوتنەوەی مەعریفی شۆڕشگێڕی بەخۆیەوە بینیوە. لێرەدا شایانی ئاگاداربوونە کەجیاوازی نێوان "شۆڕشی زانستی" (کۆهنی)و"بەرنامەی توێژینەوەیی" (لاکاتۆشی) پێوەرە بۆدیاریکردنی ژمارەی شۆڕشە مەعریفیەکان و بەتەنها دارشتنی بەرنامەیەکی توێژینەوەیی نوێ وەك





وەزیفی بونیادگەرایی یان بایۆڕامیاری نابێت بەشۆڕش،بەواتای وەرچەرخان لە نموونەی مەعریفی(Paradigm) دا.لەژێر ڕۆشنایی ئەم پێوەرەدا پێنج ئاراستەی هزری لەدروستکردنی دابڕاندا سەرکەوتووبوون.

کایەی مەعریفی زانستی ڕامیاری سەرەتا، لەگەڵ ڕەنگرێژبوونیدا لەکۆتایی نەوەدەکانی سەدەی هەژدەدا زانستێك بوو بەدەوری دەوڵەتدا دەخولایەوە و لەمیانی پەراوێزخستنی ئەوانەوەی کە وەك ئارەزوویەك خەریکی ڕاڤەکردنی سیاسی بوون لەهەولّی پیشەییبوونی ڕاڤەکردنی سیاسیدا بوو.بەدوای ئەمەدا فرەگەرایی Pluralist هات و هەوڵەکانی لەسەر ئەو دیدە چڕکردبوەوە کە دەوڵەت چەقی شرۆڤەکردنی بوو. بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی سێیەم ڕەفتارگەرایی Behavioralist School بوو کەلەناوەڕاستی سەدەی بیستدا دەرکەوت، ڕەفتارگەرایی بانگەشەی وەرچەرخانی لەلێکۆڵینەوەی زانستی ڕامیاریدا دەکرد بۆ چڕبوونەوە لەسەر ڕەفتاری هەنووکەیی سیستەمی سیاسی لەجیاتی دەوڵەت (لای دەوڵەت گەراکان) یان بکەرە جیاوازەکان (لای پێشەنگانی فرەگەرایی).

لەگەڵ کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستدا چوارەم بزوتنەوەی شۆڕشگێڕی گەلاّڵەبوو،ئەویش "کۆنگرە لەپێناو زانستی ڕامیاری نوێ"دا بوو.ئەم ئاراستە شۆڕشگێڕیە عەعریفیە نوێیە هێرشیکردە سەر دەستەودامێنبوونی ڕەفتارگەراکان بە ڕەوشی ئارا (الوچع القائم)،و داوای زانستێکی ڕامیاری کارایدەکرد بۆ خزمەتی گرفتە کۆمەلاّیەتیەکان و چارەسەری تەنگژەکان.

لەکۆتاییدا بزوتنەوەی "پیریسترۆیکای زانستی ڕامیاری" لەگەڵ سەرەتاکانی سەدەی بیستویەکدا دەرکەوت،و ئامانجی زالّبوونی بەرنامەی توێژینەوە

(المقاربات) چەندایەتیەکان بوو بەسەر زانستی ڕامیاریدا و بانگەشەی فرە ڕێبازی (التعددیە المنهجیە) و زیاتر چڕکردنەوەی هەوڵەکانی لەسەر توێژینەوە چۆنێتیەکان دەکرد، هەروەك جارێکیتر بە تێوەگلان و جەختکردنەوە لەسەر پێویستی بایەخدان بەپرسە گشتیەکان تێهەڵچووەوە.

لەم وتارەدا بەدرێژی قسە لەسەر بزوتنەوەی "پیریسترۆیکای زانستی ڕامیاری" ناکرێت کەبەرئەنجامەکانی تائێستا گەلاڵە نەبوون،و بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر تایبەتمەندیەکانی چوار شۆڕشەکەی پێشی چڕدەبینەوە، کەوەك پێشتر ئاماژەمان پێدا دووانیان بەپێی پێوەری پێوانەکردنی سەرکەوتن کەلەم وتارەدا پشتیپێدەبەسرێت سەرکەوتن، ئەو پێوەرەش،لەتوانای ئاراستەیەکی هزری بۆ داڕشتنەوەی کارنامەی توێژینەوە لەم کایە مەعریفیە و بواری دانپیانانی زانا و توێژەران بەجیاوکەکانیدا و پشتبەستن بەم شێوازە لەبیرکردنەوە و بەرنامەی توێژینەوە بۆدیاردەی سیاسیدا خۆیدەنوێنێت تەنانەت ئەگەر هەمان دەسپێکیشیان نەبێت. بەمەش پێویستە لەسەر باسکاران هەڵوێستی خۆیان لەم تێگەیشتنە نوێیە دیاریبکەن تەنانەت ئەگەر هەمان ڕوانینیشیان نەبێت.

دیارە پێوانی سەرکەوتنی شۆڕشە مەعریفیەکان لەسای هەڵوێستی توێژەراندا پێوەرێکی گونجاوە و لەگەڵ ئەوەشدا پێوەرێکی بێخەوشە بۆ پێوان، بەلاّم لانیکەم تاکە شۆڕشێکی مەعریفی پەردەپۆش ناکات وەك دواتر دەبینین، لێرەدا دەپرسین جیاکەرەوەی دوو شۆڕشە سەرکەوتووەکە (دەوڵەتگەرایی و ڕەفتارگەرایی) چیە؟، ئەوە پیوار (غیاب)ی نەیارگەلێکە، ئەوەندە توانایان هەبێت بتوانن گەمارۆی پشتیوانی ڕوولەزیادی گوتاری تیۆری گەشەکردوو بدەن. بەجۆرێك نەیارانی ئەو



دوو شۆڕشە مەعریفیە درەنگ وەخۆکەوتن، واتا پاش سەرکەوتنی دوو شۆڕشە مەعریفیەکە،و لەئاکامدا هەوڵەکانیان ئەنجامێکی پێچەوانەی هەبوو، بەجۆریك بەشداریکرد لەڕەوایەتیدان بەم وەرچەرخانە.

وانەیەك لەمەوە هەڵیدەهێنجین ئەوەیە، کەگۆڕانکاری گەوهەری لەکایەی مەعریفی زانستی ڕامیاریدا ناتوانێت سەرکەوتووبێت لەباری چۆڵبوونی گۆڕەپانەکەدا نەبێت لەو نەیارانەی لەئامادەباشیدان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو گۆڕانکاریە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەمەش ئەوە بەبیردەهێنینەوە کەبەدرێژایی سەدەونیوێك لەدەرکەوتنی زانستی ڕامیاری لەولاّتە یەکگرتووەکان هیچ بزووتنەوەیەکی چاکسازی سەرکەوتوو نەبووە ئەگەر بەربەرەکانی ڕەوشی ئارای لەکایەکەدا کردبێت، چونکە ئەوە ڕووبەڕووی بەرەنگارییەکی توندی کردووەتەوە لەلایەن توێژەرانەوە. تەنها دژواری چاکسازی یان گۆڕینی سیستەمی سیاسی ئەمریکی لەدژواری چاکسازی یان گۆڕانکاری لەزانستی ڕامیاری لەولاّتە یەکگرتووەکاندا دەچێت.چەندین چاکسازی مایەپووچ هەر لەفرانسیس لیبر (Francis Lieber) ەوە تا تیۆدۆر لۆی( Theodore Lowi) بەسەر زانستی ڕامیاریدا تێپەڕیون.

بۆپشکنینی گریمانکاریەکانم، لەسەر ئەو شۆڕشانە چڕدەبمەوە کەهاوڕێبوون لەگەڵ لێکۆڵینەوەی سیستەمی سیاسی ئەمریکیدا، کەتا ئەم نزیکانەش لە لێکۆڵینەوەی تیۆری ڕامیاری دانەبڕابوو. هەروەك بەهۆی لێکۆڵینەوەی سیستەمی سیاسی ئەمریکی یان (حکومەت)ە کە زانستی ڕامیاری ئەمریکی شوناس و بەهایەکی جیاوازی بەدەستهێناوە.

## لەدەسپێکدا دەوڵەت

لەگەڵ کۆتایی سەدەی هەژدەدا وێنای دەوڵەت بەسەر گوتاری سیاسی ئەمریکیدا زاڵبوو،ئەکادیمیگەلێکی ناودار کەبوون بە سیمبولی زانستی ڕامیاری تازەگەشەکردوو،پشکداربوون لەپێدانی ئەو سەنگەدا بەدەوڵەت. لەگەڵ ئەوەشدا، ئاماژەدان بەوێنای دەوڵەت و کردنی بەتەوەری گفتوگۆ شتێکی بەتەواوی نوێ نەبوو،پێشترو ئەوەی بە مشتومڕە دەستوریەکان لەنێوان فیدراڵیەکاندا ناودێڕدەکرا بایەخێکی گەورەی پێدرا. بەم شێوەیە گوتاری زانستی ئەم کایە مەعریفیە بەدەوری دەوڵەتدا دەخولایەوە ، هەر لە "فرانسیس لیبر" Francis Lieber ەوە کەوەك یەکەم مامۆستای زانستی ڕامیاری لەزانکۆی کۆڵۆمبیای ئەمریکی لەساڵی ١٨٥٧ دانرا تادەگاتە "ودرۆ ویلسۆن" Woodrow Wilson و باسکارانی تر، لەم ماوەیەدا ئەرکی سەرەکی زانستی ڕامیاری جێگیرکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتو و هاوڵاتیبونێکی چاکبوو. "ویلسۆن"بەتەنها نەبوو لەوێناکردنیدا بۆ:"سیسیتەمێکی سیاسی چێوەبەند بەو پارتەڕامیاریە خاوەن دیسپلینانە کە پێشنیازی سیاسەتگەلێکی بەوردی ئامادەکراو دەکەن،بۆ ئەو هەڵبژێرانەی کەشارەزایی تەواویان هەیە،و لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانەوە کۆنگرێس هەڵدەستێت بەبڕیار لێدانی ئەو سیاسەتانەی کەلەگێژەن دراون،تاکو بیرۆکراسیەتێکی خاوەن شارەزایی بەبەکارهێنانی باشترینی ئەوەی زانستی کارگێڕی بەخشیویەتی خەریکی جێبەجێکردنی بێت، وئەم دەوڵەتەکارگێڕیە لای "ویلسۆن" هەوایەکی ئەمریکی بێگەرد هەڵدەمژێت".چەندین لێکۆڵینەوەی ئیمبریقی تر هاوڕێی ئەم بانگەشەیە بۆ چاکە (الفضیلة)بوون و بەردەوام بوون لەسەر ڕأڤەکردنی دام ودەزگا ئەمریکیەکان و



ئاشکراکردنی ڕواڵەتە جیاوازەکانی کەلێن و لایەنداری و مەحسوبیەت و گەندەڵی.و خودی کتێبەکەی ویلسۆن بەناونیشانی "حکومەتی پارلەمانی" کەلەساڵی ١٨٨٥ دا دەرچووە بەرجەستەکەری ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانەیە.

دیارە کاری زانستی ڕامیاری بەدرێژایی نیوسەدە لەهەوڵدا لەپێناو بەرپاکردنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی یەکگرتوو،کە نەتەوەیەکی یەکگرتووی خاوەنشارەزایی پایەکانی شەتەکدابێت کورتهەڵهاتبوو. لەوبارەیەوە" فرانك گودناو" Frank Goodnow لەخستنەڕووی قسەکانیدا لەبەردەم "کۆمەڵەی زانستی ڕامیاری ئەمریکی (American Political Science Association) APSA سەبارەت بەڕۆڵی زانستی ڕامیاری لەبەدیهێنانی "ویستی دەوڵەت"دا ئاماژەدەدات:"جارجار هاوپەیمانی سیاسی بۆ ئەم مەبەستە (بەدیهێنانی ویستی دەوڵەت) دروستدەبێت،بەتایبەت بزوتنەوەی پێشکەوتنخوازی،بەڵام ئەو ئامانجەی ئەم پرۆژەیە لەپێناویدا چێبووە لەبنەڕەتدا خۆی لەنەهێشتنی گەندەڵی،کەودەنی،ماشێنی حزبی،سۆزداری (المحابات)، و لایەنداریدا دەنوێنێت.ئەمەش ئەو رواڵەتانەیە کەدەوڵەتگەرایی هەوڵی گەمارۆدانی دەدات،بەتەواوی وەك چۆن کاری لەسەر چاکسازی پێڕۆی مادیسۆنی(تۆماس مادیسۆنی یەکێك لەباوکانی دامەزرێنەری وڵاتە یەکگرتووەکان)کرد،کە بۆئەو گۆڕانکاریە کۆمەڵایەتیانەی دەرهاویشتەی شۆڕشی پیشەسازی بوون گونجاو نەبوو.لەلایەکی ترەوە،هەندێك لەباسکارانی ئاراستەی دەوڵەتگەرایی کەدەوڵەتیان پیرۆزڕادەگرت لەسەر نەیاری مۆرکی فیدراڵی دەوڵەت پێیان دادەگرت بەبیانووی یەکگرتووتربوونی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ".

بەوە ڕووندەبێتەوە کە کایەی مەعریفی تازەگەشەکردوو بەناوی زانستی

ڕامیاری ئامانجی تەنها پێشکەشکردنی چوارچێوەیەکی ڕاڤەکاری بۆ لێکۆڵینەوەی دیاردەی سیاسی نەبوو،بەڵکو بەرجەستەکردنی کارنامەیەکی سیاسیش بوو، ئەمەش ئەو جیاکەرەوەیەیە کە هەموو شۆڕشە زانستیەکانی پێدەناسرێت، دەوڵەتگەرایی ئەو ئاراستە هزریەی کەزانستی ڕامیاری دامەزراند کاری لەسەر گۆڕینی واقیعی حال نەکرد لەم کایە مەعریفیەدا بەڵکو بەپلەی یەکەم کاری لەسەر چەسپاندنی پایەکانیکرد، بەڵام ڕێگەنەدانی بە ئارەزومەندانی ڕاڤەکردنی سیاسی(ئەوانەی دیسپلینێکی میتۆدی و چێوەبەندێکی ئەکادیمیان نەبوو) بەپشکداریکردن لەکایە مەعریفیەکەدا وایلێکرد کەببێت بە بزوتنەوەیەکی مەعریفی شۆڕشگێڕی،و بەکردەوە ئەو ئاراستەیەی کەئارەزومەندانی ڕاڤەکردنی سیاسی لەخۆدەگرت لەچوارچێوەی "کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ زانستە کۆمەلایەتیەکان"ASSA کەلەساڵی ١٨٦٥ دا دامەزرا گردبوونەوە، بەلام ئەم کۆمەڵەیە خانەنشینکرا لەگەڵ دامەزراندنی "کۆمەڵەی زانستی ڕامیاری ئەمریکی"لەساڵی ١٩٠٣دا، و "کۆمەڵەی سۆسیۆلۆجی ئەمریکی"ساڵی ١٩٠٥. کۆمەڵەی ASSA لەبنەڕەتدا بەکەڵکەڵەی چاکسازی مەسیحی،و کارکردنی مەیدانی بەئامانجی بەدیهێنانی خۆشگوزەرانی گشتی دەناسرێت، بەلام ڕووینەکردە لێکۆڵینەوەیەکی شێلگیرانەی سیاسەتی ئەمریکی لەمیانی خستنەڕووی پرسیاگەلێکی قوڵەوە لەبارەی هەڵکەوتەی سیاسی ئەمریکیەوە.بەمەش دامەزرێنەرانی کەڵکەڵەی پیشەییبوون لەزانستی ڕامیاریدا بەشداریانکرد لەچەسپاندنی کارنامەیەکی هزری و شۆڕشگێڕی نوێدا و گرنگترین ڕواڵەتەکانیشی کردنی وێنای دەوڵەت بوو بەبۆچونێکی ناوەندی لەهەوڵی بەدەستهێنانی شوناسێکی نوێدا بۆ زانستی ڕامیاری.ئەم ئاراستە مەعریفیەی دەوڵەتگەرایی توشی بەرەنگاری نەبوو لەناو کایە مەعریفیەکەدا چونکە ئەوانەی



لەسەر داروپەردوویان زانستی ڕامیاری دروستبوو لەدەرەوەی ئەو سنوورەدا مانەوە کەبۆ ئەم زانستە تازەگەشەکردووە کێشرا.

## ڕا پەڕینی فرەگەراکان

ولاتە یەکگرتووەکان پێڕۆیەکی سیاسی فرەیی هەبوو بەشێوەیەك ئومێدی دەوڵەتگەراکانی تێپەڕاند،وێڕای ئەوەی دەوڵەتگەراکان دانیان بە فرەییدا دەنا بەلام بەدابەشبوونیان دەزانی،لەوەش زیاتر بەگرفتێکیان دادەنا پێویستبوو چارەسەربکرێت نەك ڕەوشێك بنرخێنرێت،ئەمە ئەو ئاراستەیەیە کە کتێبەکەی مامۆستا "ئارسەر بێنتلی" Arthur Bently ،ئەوەی ڕەفتارگەراکان بەیەکێك لەپێشەنگانی" ڕەفتارگەرایی فرەیی"دادەنێن بەناونیشانی The process of government ئاماژەی بۆ دەکات.لەکتێبێکی تریدا کە پاشتر دەریکرد بەناونیشانی Makers, Users,and Masters "بێنتلی" زاڵبوونی کۆمەڵەکانی بەرژەوەندی بەسەر سیاسەتی ئەمریکیدا سەرکۆنەکرد.ئەوەش لەگەڵ "چارلز میریام" Charles Merriam،یەکێك لەپێشینەکانی ڕەفتارگەرایدا تەبادێتەوە و لەکتێبەکەیدا کە لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا بلاویکردەوە داوای بەهێزکردنی دیموکراسی و بتەوکردنی کۆنترۆڵی لەپرۆسەی سیاسی و چاودێری کۆمەلایەتیدا دەکرد.لەگەڵ ئەوەشدا دەوڵەتی ناوەندی لەزۆرێك لەدام و دەزگاکانیدا تووشی لەبەرڕۆیشتن و لەدەستدانی کۆنترۆڵ بوو،بەلام پیرۆزڕاگرتنی دەوڵەت لەبیستەکاندا هەر بەردەوامبوو چونکە وەلامگۆی تێڕوانینە پێوەریەکان بوو.

فرەپێوەری (التعددیه المعیاریه) دەرفەتێکی زیاتری پاوانکرد لەگەڵ دانراوەکانی "هارۆڵد لاسکی" Harold Laski (١٩١٧) و "ماری پارکێت فۆلێت" Mary Parket Follet (١٩١٨).هەریەکە لە "لاسکی" و "فۆلێت" بە فەلسەفەی

"ولیەم جەیمس" کاریگەربوون کە جەختی لەسەر بوونی چەندین ڕێگا دەکردەوە لە میانیانەوە تاك دەتوانێت کاروباری خۆی بەڕێوەبەرێت.لێرەدا دەتوانین ئەو ڕاستیە بەدیبکەین کە چەمکی فرەیی لای فرەگەراکان لەسەر فرەئامرازی (تعدد الوسائل) چڕدەبێتەوە نەك فرەبەرژەوەندی.بەلاَم "فۆلێت" لەبانگەشەکارانی ڕێکخستنی کۆمەلگابوو لە کۆمەڵەگەلێکدا لە بنکەوە بە ئاراستەی لوتکە،بەمەش نەیاری ئەندازەی کۆمەلاَیەتی دەکات کە شان لەسەر ئاراستەی پێچەوانە،لە لوتکەوە بەرەو بنکە دادەدات.بەمەش جیاوازە لە دەوڵەتگەراکان لە پیرۆزڕاگرتنیاندا بۆ ئەو ڕۆڵی سەرپەرشتی (وصایە)ەی دەوڵەت پیادەی دەکات."فۆلێت"پرسیارێکی گرنگی خستەڕوو:دەتوانرێت چی بە فرەیی بکرێت؟،وەلاَمێکی ڕاستەوخۆی لەدەوڵەتگەراکانەوە درایەوە:ئەوەی پێویستە بە فرەیی بکرێت سڕینەوەیەتی.بەلاَم پاساوەکانی "فۆلێت" لێڵبوون و جێبەجێکردنیان دژواربوو.

بەلاَم "گانێل" Gunnel پێچەوانەی توێژەرانی تر وای دەبینێت کە بالاَکردنی کەڵکەڵەی فرەیی لە بیستەکاندا تاکە شۆرشێکی مەعریفی ڕاستەقینەیە کە زانستی ڕامیاری لە ولاَتە یەکگرتووەکاندا بە خۆیەوەی بینیوە ،بۆ پشتیوانی بۆ چونەکانی"گانێل"لە جیاتی"لاسکی" و" فۆلێت" پشت بەباسکارێکی تر دەبەستێت ئەویش "جۆرج کاتلین" George Catlin ە ، ڕاستە "کاتلین" خۆی کاریگەر بووە بە"لاسکی" بەلاَم نەیاری سەرچاوە ئاکاریەکەی دەکرد کە بانگەشەی گرێدانی زانستی ڕامیاری بەپرسەکانی کۆمەلگاوە دەکرد ، چونکە "کاتلین" لە لایەنگرانی "بێلایەنی زانست" بوو. هەروەها بەنیسبەت ڕووانینیەوە بۆ فرەیی "کاتلین" بۆچونێکی جیاوازی هەبوو ، وایدەبینی کە فرەیی بۆ جیاوازی بەرژەوەندەی ئەو کۆمەلاَنە دەگەڕێتەوە کەتەون(نسیج)ی





نیشتیمانیان پێکهێناوە نەك بۆ ئەزموونی ئەو کۆمەلاَنە و دەستاوێژەکان(وسائل) یان، ڕەفتارگەراکان لەسەر ئەم نەریتە ڕۆیشتن ، ئەو نەریتەی وای لە "گانێل" کرد بلێت تەوژمی ڕەفتارگەرایی شۆرشگێری نەبوو بەڵکو تەنها بەردەوامی دانی وەرچەرخانی ئەو پارادایمە بوو کە "کاتلین" پێشەوایەتی دەکرد.

ئەگەر بەچاکی لە کارەکانی "کاتلین" ورد بینەوە نزیکیەکی گەورە بەدی دەکەین لە نێوان ئەم و "ئاراستەی دەوڵەت گەراییدا" کە نەریتی لێکۆڵینەوە(التقليد البحثي)ی باوو بوو لەو ماوەیەدا، بەتایبەت کە "دەوڵەت گەراکان" دانیان بەبوونی فرەییدا دەنا بە جیاوازی ئەوەی فرەییان وەك کێشەیەك دەبینی پێویستبوو چارەسەر بکرێت.بەگشتی ، فرە گەرایی"کاتلین" لەڕووی هەلکەوتەییەوە وەرچەرخانێکی ڕیشەیی لە خۆ ناگرێت ، هەتا پێشەوای "ئاراستەی دەوڵەت گەرایی" و بەرگریکاری سەرسەختی (لای گانێل) "ولیام یاندڵ ئەلیۆت" William Yandell Elliott دژایەتی فرەیی "کاتلین" ناکات بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی تیۆرێکی شرۆڤەکاریە ، ئەوەی "ئەلیۆت" نەیاری دەکات فرە پێوەرییە (واتە ڕادەست بوون بە بوونی ئەو کۆمەلاَنەی تەونی نیشتیمانی پێك دەهێنن هەلگری بەها گەلێکی جیاوازن) لێرەدا ڕووندەبێتەوە کە تاکە شتی شۆرشگێری لای فرەگەراکان لایەنی پێوەری خستنەڕووەکانیان (طروحات) ە . ئەمەش واتە "لاسکی" و "فۆلێت" (نەك "کاتلین") شایستەن نوێنەرایەتی شۆرشی فرە گەرایی بکەن لە کایەی مەعریفی زانستی ڕامیاریدا . بەلاَم ڕووانینەکانیان لە زانستی رامیاریدا تا پەنجاکانی سەدەی بیستەم قبوڵ نەکرا. لەوکاتەدا ڕشتەی بنیاتنراو بۆ فرەیی ئەوەبوو کە لە سەر فرە بەرژەوەندی چڕ دەبوەوە نەك لەسەر فرە ئەزموونی کۆمەلگایی کە سەر دەکێشێت بۆ کۆپێکهاتی فرەبەهایی.

ئەوەی وام لێدەکات خۆم بەدووربگرم لە پۆلێنی سەرکەوتنی فرە گەراکان وەك شۆرشێکی مەعریفی تەبەنی نەکردنی خستنەڕووەکانیانە لەلایەن باسکارانی دواترەوە ، هەروەك نەیانتوانی نەریتێکی توێژینەوەیی دابڕێژن کارو توێژینەوەکانی باسکارانی زانستی ڕامیاری چێوەبەند بکات. گونجاوە شۆڕش روو بدات بەبێ ئەوەی سەرنجی یەکێك رابکێشێت ؟؟. "گانێل" لە کتێبەکەیدا کەلە ساڵی ٢٠٠٥ دا دەریکرد پەنا دەباتە بەر وەرگرتن(اقتباس) ێك لە "تۆماس کۆهن"Thomas Kuhun ەوە (١٩٦٢) تێیدا دەڵێت شۆڕشە مەعریفیەکان لە سەرەتاوە بەرهەست نین بەلاّم ئەو تێگەیشتنە نوێیەی دەیخەنە روو بەخێرایی بەسەر کایە مەعریفیەکەدا زاڵ دەبێت."گانێل" لە وەرگرتنەکەیدا نەی پێکاوە چونکە ئەوەی" کۆهن" مەبەستێتی ئاراستەی باوەڕدارانی نمونەی مەعریفی (پارادایم)ە بۆ نوسینەوەی رابردوو لەپێناو دەرخستنی باسکارە سەرەتاییەکاندا بەو پیپێیەی ئەوان ئەو پێشەنگانەن بەشداریان کردووە لە بنیاتنانی ئەو کۆشکە مەعریفیەی لە گەلاّڵەبووندا بووە . ئەوەی لە ماوەی نێوان ١٩٢٠-١٩٥٠دا رووی نەداوە ، سەرباری ئەوە وادادەنرێت ، بەرپرسانی سەرخستنی نمونەی ڕێنیشاندەریی نوێ دان بەدەستکەوتەکانیاندا بنرێت و ستایش بکرێت (تۆماس کوهن).

ئەوەی "کۆهن" وتوویەتی بەسەر "کاتلین" دا نا چەسپێت بەوەش پێویستە قسەکان لەسەر ئەو هەوڵە شۆڕشگێڕیە بێت کەخاوەنانی "کەڵکەڵەی فرە پێوەری" پێی هەستان ، ئەمەش ئەو هەوڵەیە کەئەنجامەکەی سەرنەکەتن بوو، چونکە لەلایەن نەریتی توێژینەوەی باوی ئەو کاتەوە ڕووبەڕووی بەرەنگاریەکی توند بووەوە (دەوڵەت گەرایی: بەدەوری دەوڵەتدا دەخولایەوەو جگە لە دەوڵەت بیرۆکەی بوونی بکەری تری دایە دواوە ) ، بەتایبەت سیمبولەکانی دەڵەت



گەرایی: "چارلیس بیردۆ" Charles Beardo ،"والتەر شیپارت" Walter Shepard، و" فرانسیس کۆکەر" Francis Coker ،و "ولیەم یاندڵ ئەلیۆت" William Yandell Elliott و ئەوانی تر. "لاسکی" لەسەر سۆسیالیستە رادیکاڵەکان حیساب دەکرێت و ناوی "ئەلیۆت"یش بەفاشیزمی ئیتالیەوە لکاوە . نەریتی توێژینەوەیی "دەوڵەت گەرایی" وێرای پاشەکشەی زاڵبوونی بەسەر زانستی رامیاریدا بەرقەرار بوو هەتا کاتی ژیاندنەوەی لەلایەن "تیۆدۆرلۆی" Theodore Lowiەوە لەمیانی کتێبەکەیدا (کۆتایی لیبرالیزم) The End of Liberalism لەگەڵ ئەوەشدا "تیۆدۆرلۆی" لەسەر ئەو تەوژمە حیساب دەکرێت کەبە (ڕێگە چارەی سێیەم ) ناودێڕ دەکرێت و ئاراستەی چاکسازی لە زانستی ڕامیاریدا لە خۆ دەگرێت ، لەوکاتەوە و دوای نیو سەدە لە هەژموونی زاراوەی "دەوڵەت" ،ئەم زاراوەیە خەریك بوو لە بەکارهێناندا بزر بێت ئەگەر جارێکی تر لە بواری پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکاندا بەکار نەهاتایەتەوە.

## ئاراستەی ڕەفتارگەرایی

دەتوانرێت پێناسەی "ڕەفتارگەرایی" بکرێت بەولەبەرچاوگرتنەی کە:
چەقبەستنی توێژینەوە لەسەر "ڕەفتاری سیاسی":
بەرگری (مرافعە)یەکی میتۆدی بۆ بەرژەوەندی "کەڵکەڵەی زانستی" :
پەیامێکی سیاسیە ناوەڕۆکەکەی هاندانی "کەڵکەڵەی زانستی"ە:
بۆچونێکی ڕێکخستنیە بۆ "پێڕۆی سیاسی".

وێڕای ئەوەی "ڕەفتارگەراکان" لەسەر تاك چڕدەبنەوە بەوپێیەی یەکەی ڕاڤەکردن (وحدە التحلیل)ە بەلاّم گرفتێك لە لێکۆڵینەوەی "ئەو تاکانەدا

کەلەچوارچێوەی کۆمەڵێکدان لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجە کۆمەڵیەکاندا "نیە، هەریەکە لە "رۆبێرت داهڵ " Robert Dahl" و "داڤید ترومان" David Thruman زانایانی رەفتارگەرایی بوون لەسەرەتاکانیدا،لەپەنجاکاندا کە، "ترومان" لە "ئەنجومەنی توێژینەوە لەزانستە کۆمەڵایەتیەکاندا" سەرۆکایەتی لیژنەی رەفتاری سیاسی دەکرد.

"ئاراستەی" رەفتارگەرایی"، فرەیی تەبەنیکرد لەلایەنی پەیوەست بە بەرژەوەندیەوە نەك بەهاها،واتا ئەو فرەییەی لەژێر چەتری رێکەوتندا بەدەوری دەسپێکەکانی بناغەدا لەنێوان بەرژەوەندیە ئابووریە دژبەیەکەکاندا کرهەڵهاتووە. لەگەڵ هاتنی شەستەکاندا کتێبگەلێك دەرکەوتن بەسەرکەوتنی رەفتارگەراییدا هەڵیاندا، ئەمەش ئەوەی نیشاندا کە "رەفتارگەرایی" شۆڕشێکە لەسەر رەزامەندی ئەکادیمیستەکان روویداوە بەهۆی سەرکەوتنیەوە لە دارشتنەوەی کارنامەی توێژینەوەدا،وەك بەرئەنجامی پشکداری وەکیەکی لایەنگران و نەیاران.بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا رەوایە بپرسین:ئەگەر رەفتارگەرایی شۆڕشێکی مەعریفیە،ئەوە دژی کێ ئەم شۆڕشە راگەیەنرا؟ گوتاری شۆڕشگێرەکان قسەلەسەر ئاراستەکردنی شۆڕشەکەیان دەکات دژی "زانستی رامیاری کلاسیکی" کەرێبازی مێژوویی (المنهج التاريخي) بەکاردەهێناو زیادەرۆبوو لە واقعی بوونیدا (بەوەرگرتنی وەسفی "داڤید ئیستۆن" David Easton): بەلاّم ئەو توێژەرانە کێن شەقلی "کلاسیکی" بەکارەکانیانەوە دەنرێت؟ ئەمە پرسیارێکە رەفتارگەراکان،ئەوانەی لەهەمبەر شوناسی نەیار و ئەو کار و کتێبانەی نوێنەرایەتی "ئاراستەی کلاسیکی" لەزانستی رامیاریدا دەکەن بێدەنگ مانەوەو وەلاّمیان نەداوەتەوەو کتێبی Garceau (١٩٥٣) کە پێداچوونەوەیەکی رانوێنی (مراجعه استعراجیه) لەخۆدەگرێت هیچ ئاماژەیەکی



پۆزەتیف یان نێگەتیفی تێدانیە بۆ شوناسی نەیارەکان (نەیارەکانی رەفتارگەرایی).بەلاّم توندوتیژترین هێرشێکی زانستی شۆڕشگێری بۆسەر رەوشی ئارا لەکایەی زانستی رامیاریدا "داڤید ئیستۆن" بەرپایکرد لەساڵی (١٩٥٣) دا لەمیانی کتێبێکدا بەناونیشانی:"پێڕۆی رامیاری"و ئەمەش وای لە"گانێل" کرد "ئیستۆن" بەدیارترین تیۆریزەکەرانی ئاراستەی رەفتارگەرایی دابنێت، دەتوانین ناقایلی بۆ رەوشی ئارا لەبەشی دووەمی کتێبەکەیدا بەدیبکەین،تێیدا باس لەباری ناڕازیبوون لەنێوان پسپۆڕانی "زانستی رامیاری"دا دەکات،ناوەرۆکی ئەم کتێبە مشتومڕێکی هزری گەورەی لە نێوان نووسەراندا وروژاند،بەلاّم ئەوەی جێگەی تێڕامانە ئەوەیە لە پەراوێزەکانی ئەو بەشەدا کەژمارەیان دەگاتە بیستوهەشت دانە ئاماژە بۆ هیچ زانایەکی رامیاری ئەمریکی نەکراوە بتوانرێت بەزیادەرۆیی لە ریالیزم و نوشوست لە تیۆریزەکردندا سەرکۆنەبکرێت.لەکاتێکدا،"ئیستۆن" لەبەرابەردا ژمارەیەك لەزانایانی رامیاری دەژمێرێت بەهۆی ریزپەڕبوونیان لەرێسای کلاسیکیەکان ئەوانیش: Eldersveld, Simon Gosnel, Laswwell, Appleby, Herring, Merriam. لەبەشی سێیەمدا "ئیستۆن" هەوڵیداوە نموونەیەك لەنەیارانی پێشکەش بکات و ئاماژە بۆ "جەیمس برایس" James Bryce دەکات وێڕای ئەوەی دانراوەکانی "جەیمس برایس": نیوسەدەیان بەسەردا تێپەڕیبوو ،بەلاّم لەبەشی دەیەمدا،"ئیستۆن" رەخنە لە پەنابردنی تیۆریزەکەرانی زانستی رامیاری دەگرێت بۆ هزری رامیاری بەلاّم لەناو ئەوانەدا کەبەمە سەرکۆنەکراون تەنها George Sabine بەدیدەکرێت.

ماوەیەکی درێژ پاشئەوە (١٩٨٤) "ئیستۆن" کتێبێکی تری دەرکرد،تێیدا باس لەزانستی رامیاری کلاسیکی دەکات (بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی لەبیستەکانی

سەدەی بیستدا بلاوبووەوە)،و دەڵێت زانستی ڕامیاری کلاسیکی زیادەڕەوی کردووە لەبایەخداندا بە پارت و کۆمەڵەکانی فشار لەسەر حسابی دەوڵەت و وەك نموونەیەك بۆ بانگەشەکانی ئاماژە بۆ "بێنتلی" (١٩٠٨) و "پاندیلتۆن هێرینگ" (١٩٢٩) دەکات، بێئاگا لەو ڕاستیەی کە"بێنتلی" پەناگیری لەکۆڕی ئەکادیمی کردبوو لەساڵی (١٩٥٣)دا،و پێش ڕوودانی ئەوەش "بێنتلی" بووبوو بەیەکێك لەوانەی بەپەرۆش بوون بۆ ڕەفتارگەرایی.بەلام "هیرینگ" وێڕای ئەوەی تا ماوەی سەرکەوتنی ئاراستەی ڕەفتارگەرایی لەپەنجاکاندا ژیا،بەلام نەیاری "ڕەفتارگەراکان"ی نەکرد بەڵکو لەساڵی ١٩٤٩ دا بەشێوەیەکی کارا پشکداربوو لەدامەزراندنی "لیژنەی ڕەفتاری ڕامیاری" لەژێر چەتری "ئەنجومەنی توێژینەوە لەزانستە کۆمەلایەتیەکاندا"،کەخۆی سەرۆکایەتی دەکرد،و ئەولیژنەیە دەروازەیەك بوو ڕەفتارگەراکان لەمیانەیەوە تێپەڕدەبوون بۆ APSA، هەروەك ڕۆڵێکی ژیانی هەبوو لەپارەدارکردن و چادێریکردنی دامودەزگایی شۆڕشی ڕەفتارگەرایدا.لەم دانراوەیدا "ئیستۆن" ڕەخنەکانی لە کلاسیکیەکان تازەدەکاتەوە و تێکەلاوکردنی ڕاستی و بەهاکان لەلایەن کلاسیکیەکانەوە و درێژدادڕی لەوەسفی دیاردە سیاسیەکاندا بەبێ پێشکەشکردنی لێکدانەوەیەکی تەواو،دەوروژێنێت سەرباری هەموو ئەوانە بەشداریکردنێکی کەمیان بەتیۆرە فشەڵەکان ، "ئیستۆن" دەگاتە دەرئەنجامی لەبەرچاوگرتنی کتێبی "هێزە هاوشانەکان" القوی المتوازیە) ی "میرل فاینسود" Merle Fainson وەك تیۆری ڕانەگەیەنراوی "کلاسیکیەکان". ئاشکرایە کە "فاینسود" لەو کتێبەیدا هەوڵی لێکدانەوەی پرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی داوە و دەڵێت پرۆسەی دروستکردنی سیاسەت بەرئەنجامی کارلێکی هێزگەلێکە لەئاراستەی جیاوازەوە پاڵدەنێن. ئەگەر ئەوە کرۆکی زانستی ڕامیاری کلاسیکی بێت لەو



ماوەیەدا، ئەوا هیچ پاساوێك نیە بۆ ئەوەی بکەوینە مشتومڕەوە لەگەڵ ڕەفتارگەراکاندا،زیاتر لەوە خاوەنی ئەم دانراوە (فاینسود) پاشتر بووبە سەرۆکی APSA لەلوتکەی هەژموونی ڕەفتارگەراگاندا،و خودی خۆی وەك سەرۆکی "کۆمەڵەی زانستی ڕامیاری ئەمریکی" بەشداریکرد لە پاراستنی سەرکەوتنی "پارادایم" ی ڕەفتارگەراییدا لەساڵی ١٩٦٨دا لە ڕێگەی تەنگپێهەڵچنینەوە (بەڕێگەیەکی زیرەکانە و بەرگریکارانە) بە "کۆنگرەی ئامادەکاری لەپێناو زانستی ڕامیاری نوێدا" Caucus for a New Political Science.و لەمیانی دانانی مەرجی دیاریکراوەوە بۆ بەشداریکردن لەکۆنگرەی ساڵانەی APSA دا، ئەوانەی لەهەوڵی نوێکردنەوەی زانستی ڕامیاریەوە گلابوون دووریخستنەوە.

ئەگەر "زانستی ڕامیاری کلاسیکی" کەپشت بە "ڕێبازی مێژوویی" دەبەستێت دووربخەینەوە،ناتوانرێت هیچ سەرچاوەیەك بۆ نەیاری لەنێوان "ڕەفتارگەرایی" و نەیارە گریمانکراوەکەی تردا:ڕاڤەی دام و دەزگایی یاسایی (التحلیل المؤسساتی القانونی) بەوپێیەی دژبەرێکی تری "کەڵکەڵەی زانستی"ە کە "ڕەفتارگەراکان" بانگەشەی بەرگریکردنیان دەکرد لێی بدۆزرێتەوە.لەنێو باسکارانێکی تردا "بێنتلی"و "ویلسۆن" لەمیانی "ڕاڤەی دام و دەزگایی یاسایی"ەوە پێشکەوتن بۆ هێرشکردنە سەر زیادڕۆچوون لە ڕووکەشیدا ، بەلام تاکە توێژەرێك لەبەرەی "دژکارانی زانستگەرایی"دا نەبوو،نەیاری زانستگەرایی ئاراستەیەکی پەراوێزی بوو لەم کایە مەعریفیەدا،ئەمەش لەکاتی دامەزراندنی APSA دا لەساڵی ١٩٠٣ داجەختی لەسەرکرایەوە و ئاماژە بۆ ئەوەکرا کەیەکێك لە ئامانجەکانی دامەزراندنی APSA:هاندانی لێکۆڵینەوەی زانستیی ڕامیاریە.

لەبەرئەوەی ڕەفتار، زانست، فرەیی و پێڕۆ(نظام) گرنگترین شەقڵەکانی

"ڕەفتارگەرایی"ن کەواتە پاساوێك نیە بۆ ڕەخنەگرتنی کلاسیکیەکان لێی،ئەو توێژینەوانەی لەسەر ئاستی تاك باسیان لەڕەفتار دەکرد لە سیەکان و چلەکاندا دەنگیاندایەوە و "هێرینگ"،و "گوزنێل"،و "لازوێل"،و "لازرفیلد" پێشەوایەتیاندەکرد و تەنانەت ئەو باسکارانەش کە لە "ڕەفتار"یان نەدەکۆڵیەوە بەهانەیان لە هەستان بەو کارە نەگرت. کەڵکەڵەی زانستی پێش هاتنی "ڕەفتارگەراکان" بەرقەراربوو،و ماوەی "ماکارتی" ڕیزپەڕبوو کەتێیدا توندی مشتومڕەکان کرژتربوو لەنێوان "زانست گەراکان" و" ئەوانەی بایەخیان بەپرسە کۆمەلایەتیەکان دەدا" لەنێو ئەم بگرەوبەردەیەدا "فرەیی" بووبە هەڵکەوتەیەکی ئیمبریقی کە "تیۆری ڕانەگەیەنراوی کلاسیکیەکان" دانیپێدانا،کەواتە ڕەفتارگەرایی چ شتێکی تازەی هێنا؟تەنانەت بۆچوونی سیستەمی سیاسی کە "ئیستن" دایهێنا زاراوەگەلێکی نوێی پێشکەشکرد: (Input،Out put،و Feed back)،بەلام تێوری گشتگیری نوێی بۆ زانستی ڕامیاری پێشکەشنەکردین.

کەواتە چ شتێك ڕەفتارگەرایی کرد بەشۆڕش؟،وەلامەکەی ئەوەیە کە "ڕەفتارگەرایی" گۆڕانکاری ڕیشەیی لەو بۆچوونان(توجهات)ەدا کرد، کەپێشتر لە زانستی ڕامیاریدا بەرپابوون. ئەو بوارە هەڵبژێراوانەش ڕەفتار،زانستێتی،فرەیی وەسف لەهەمبەر لێکدانەوەدا لەلایەنە تیۆریەکاندا. بە ڕەفتار دەستپێکرا،ڕەفتارگەراکان پشتیان بەلێکۆڵینەوە ڕووپێویەکان بەست کەشانی لەسەر کۆمەڵگایەکی ئاماری فراوان دادابوو، هەروەك ڕوویانکردە زیادکردنی ژمارەی لێکۆڵینەوە چەندایەتیەکان کە سەردێڕی ڕووپەڕی ناوبەناو(دوریات)ە زانستیە سەرەکیەکانی ئەم بواری پسپۆڕیەبوون.بەلام لەلایەکی ترەوە،زاڵبوونی ڕەفتارگەراکان بەسەر پسپۆڕێتیەکەدا بەشداریکرد لە پاشەکشەی ئەو



لێکۆڵینەوانەی تەرخانکرابوون بۆ ڕاڤەکردنی سیاسەتی گشتی حکومەت.

کەڵکەڵەی نوێی زانستی "ڕەفتارگەراکان" یارمەتیدان لە دەستکەوتنی سەرچاوەی نوێ بۆ پارەدارکردنی توێژینەوەکانیان بەتایبەت لە "سندوقی نەتەوەیی بۆ زانستەکان".

سەبارەت بەخاڵی پەیوەست بەفرەییەوە،واتا چڕبوونەوە لەسەر چەند بکەرێك لەهەوڵی ڕاڤەکردندا،بواری لێکۆڵینەوەی ڕەفتار زاڵبوو بەسەر لێکۆڵینەوەی دامودەزگاکاندا،بەلام بەبێ ئەوەی دامودەزگاکان لەکارنامەی توێژینەوەدا بکرێتە دەرەوە.بەدوایدا،ئەوەی شایانی تێبینیکردنە لەبابەت ئەو وەرچەرخانانەوە کە ڕەفتارگەراکان هێنایان ،ئەوەیە کەلەهەناویدا گۆڕانێکی ڕیشەیی هەڵنەگرتبوو بەڵکو تەنها وەرچەرخانێك بوو لە چڕبوونەوەدا لەسەر لایەنێك بەبێ لایەنەکانیتر.

بەمەو لەنێو ئەو چوارخاڵەی پێشوودا،بواری تیۆری،تاکە بوارێك بوو هەڵگری شتی نوێ بوو و سیفەتی شۆڕشی بەڕەفتارگەرایی بەخشی،ئەوەش ڕەنگڕێژبوونی تیۆری ڕامیاری لێبەرهەمهات وەك بوارێکی پسپۆڕی سەربەخۆ و چێوەبەندکەری توێژینەوە لە زانستی ڕامیاریدا، تیۆریزەکەران پێش شۆڕشی ڕەفتارگەرایی (واتا لە ماوەی هەژموونی "دەوڵەتگەراکان"و "ڕەفتارگەراکان"دا ) دوێنراوە تەوەرەییەکان بوون لەو گفتوگۆیانەدا سەبارەت بە شوناسی زانستی ڕامیاری دەکران.بەلام لەگەڵ سەرەتای پەنجاکاندا،ئەو بیریارانەی کۆچیانکرد بۆ وڵاتە یەکگرتووەکان نموونەی "هانا ئارێندت"Hannah Arendt ،"لیۆ شتراوس" Leo Strauss، "ئیریك ڤۆگلین" Eric Voeglin،چینێکی نوێی نەیاری لیبرالیزمی

چێکرد.و چارەسەری گونجاو بۆ هەموان لەبەریەکترازانی تیۆری ڕامیاری بوو لەبوارەکانی تری زانستی ڕامیاری،بەوەش ڕەفتارگەراکان خۆیان لەهەر ڕەخنەیەك سەبارەت دیموکراسی لیبراڵی ئەمریکی بەدوورگرت، بەمەش "ڕەفتارگەراکان" سەرکەوتن لە دوورخستنەوەی شوێنەوارە نێگەتیڤەکانی هاتنەناوەوەی لیبرالیزم بۆ کایەی مەعریفی.و لەنێو تیۆریزەکەرە سەرەکیەکاندا،"ڕۆبێرت داهڵ" Robert Dahl تاکە کەس بوو توانی خۆیڕابگرێت و لەژێر چەتری نەریتی توێژینەوەی زاڵ لە زانستی ڕامیاریدا بمێنێتەوە،ئەوەش لەبەر ئەوەی بە ئەمەکداری مایەوە بۆ نەریتی لیبراڵی ئەمریکی.

بەجیاوازی وەرچەرخان لەبوارەکانی بایەخداندا،ئەو شتە نوێیەی کە "ڕەفتارگەرایی" وەك شۆڕشێك هەڵگریبوو لە دووبارە داڕشتنەوەی وێنای فرەیی، لە فرەیی (کۆپێکهاتە بەهاییەکان) ەوە بۆ فرەیی بەرژەوەندیەکان دا خۆیدەنوێنێت، ڕەفتارگەرایی ئەم چەمکەی تەبەنیکرد بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی ئاراستەکەرێکی پێوەریە(یان تیۆرێکی پێوەریە) وێڕای بانگەشەکردنی بەردەوامی ڕەفتارگەرایی بە پابەندبوونی بێلایەنی و کاریگەرنەبوون بەهیچ بەهایەك لەکاتی ئەنجامدانی توێژینەوە زانستیەکاندا،ئەم تیۆرە نوێیە هەژموونی پەیداکرد و شوێنی پێوەرگەرایی (المعياريە) گرتەوە کەماوەیەکی درێژ لای "دەوڵەتگەراکان" باوبوو، هەتا "ئەلیۆت" کەبەو پەڕی هێزەوە بەرگری لە "دەوڵەتگەرایی" دەکرد،و لە بیستەکاندا هەڵمەتێکی دژی "فرەگەراکان" دەستپێکرد، بەڵام دەنگی لەپەنجاکاندا کزبوو وێڕای ئامادەگیەکی دیاری ئەکادیمی لە زانستی ڕأمیاریدا. ئەمەش چونکە جەنگی دووەمی جیهانی پەردەی



لەسەر لایەنی ترسناکی دەوڵەت هەڵماڵی، بەتایبەت کە شتەکە پەیوەست بوو بەدوو دەوڵەتەوە خاوەنی پێکهاتەیەکی کامڵ بوون (ئەڵمانیای نازی و ئیتالیای فاشی) و لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی سارد دا لەگەڵ دەوڵەتێکیتردا (دەوڵەتی یەکێتی سۆڤێت کە ڕوویکردە دەستێوەردان لە سەرجەم بوارەکانی ژیاندا).سەختبوو باوەڕپێهێنانی کەسێك بەدووبارە داڕشتنەوەی سیاسەتی ئەمریکی لەمیانی پێدانی ڕۆڵێکی گەورەتر بەدەوڵەت هەروەك "ڕوانگەی دەوڵەتگەرایی" بانگەشەی بۆدەکرد.

ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کەسەرکەوتنی "ڕەفتارگەرایی"بەبێ کۆسپبووە."ئیستۆن" لەکتێبەکەیدا کە لەنەوەدەکاند بلاویکردەوە ئاماژە بۆئەوەدەکات تا کۆتایی "پەنجاکان" لەناوەندی "ڕەفتارگەراکاندا" هەست بەدوورخستنەوە دەکرا،ئەمەش بەڕوونی لەکەمی دەرفەتی بلاوکردنەوە لە ناوبەناوی "Review" و کەمی ئەوپۆستانەدا دەردەکەوت کە "ڕەفتارگەراکان" لە APSA دا بەدەستیاندەهێنا،بەڵام بۆچونی "ئیستۆن" بەتەواوی ڕاست نیە،ئەوە ڕواڵەتی دوورخستنەوەی بەئەنقەست نیە بەڵکو تەنها نوچدانی دامودەزگایی بوو بۆ قۆناغێك شێوەی کۆتایی گەلاڵە نە بووبوو.بەڵگەش ئەوەیە کە Oliver Garceau "ڕاگەیاندنی ڕەفتارگەریی" (الاعلان السلوكی) لەدیارترین ناوبەناوی ئەوکاتە (Review) دا بلاوکردەوە،و بەهاتنی ساڵی ١٩٥٥ کۆمەڵێك لەناودارانی ڕەفتارگەرایی توانیان لێکۆڵینەوەکانیان بەبێ ئاستەنگ بلاوبکەنەوە: "ئەنگوس کامبێل" Angus Campbell،"جەیمس دایڤس" James C. Davies،"ساموئێل ئێلدەرسفیلد" Samuel Eldersfeld،"هاینتز ئیولا" Heintz Eulau،"ڤی.ئۆ.کەی" V.O.Key،"ئاڤێری لایزەرسون" Avery Leiserson،"وارن میلەر" Warren Miller،"ویلیەم ڕیکەر" William Riker،"هێربێرت سیمۆن" Herbert Simon.

"ڕەفتارگەرایی" پلەبەپلە بەسەر بواری پسپۆڕێتیەکەدا زاڵبوو،بەلاّم ئەمە وایلێنەکرد دووربێت لەو ڕەخنانەی لەسەرەتای شەستەکاندا چڕتربووەوە.ئەم ڕەخنانە هیچ ڕۆڵێکیان نەبوو جگە لە جەختکردنەوەی هەژموونی "ڕەفتارگەراکان" و سەرکەوتنیان لەداڕشتنەوەی کارنامەی توێژینەوە لەزانستی ڕامیاریدا، ئەمەش تەنانەت ناحەزەکانیشیان دانیانپێداناوە ئەوانەی پەراوێزخرابوون لەم کایە مەعریفیەدا. هەتا شتراوسیەکانیش (شوێنکەوتوانی لیو شتراوس) بەدەستەیەکی گۆشەگیر دەچوون لە تیۆری ڕامیاریداو بەپێچەوانەی ئەوانەوە، ڕەخنەی ئاراستەکراو دژی ڕەفتارگەرایی لەلایەنی ئەکادیمی ترەوە زیادیکرد، بەلاّم ئەم جارە سەرچاوەی ڕەخنە "کلاسیکیە خاوەن کەڵکەڵە مێژوویەکان" نەبوون، بەڵکو لەلایەن باسکارانێکەوەبوو داوای ڕۆڵێکی پۆزەتیڤیان بۆ زانستی ڕامیاری دەکرد، لەمیانی پێدانی بەرکەوتنێکی ڕەخنەیی‌و ئاراستەکردنی بایەخدانی باسکاران بەرەو پرسەکانی کۆمەڵگا، ئەمەش بەو هەنجەتەی کە "ڕەفتارگەراکان" لە میانی ئەوەی پێیدەڵێن "بێلایەنی بەهایی" لە پتەوکردنی ڕەوشی ئارا لە سیاسەتی ئەمریکیدا گلاون، وێڕای ئەوەی ڕەوشێك بوو دووربوو لەوەی ئایدیالی بێت.

### پێشەنگانی شۆڕش "کۆنگرەی ئامادەکاری لە پێناو زانستی ڕامیاری نوێ" دا

ئەو ڕەخنانەی چەپەکان ئاراستەی ڕەفتارگەراییانکرد "کۆنگرەی ئامادەکاری لەپێناو زانستی ڕامیاری نوێ" دای لێبەرهەمهات،و هەوڵیدا ڕواڵەتەکانی قۆناغی داهاتوو لە زانستی ڕامیاریدا و دووبارە ئاراستەکردنەوەی دیاریبکات.کۆنگرە ساڵی ١٩٦٧ لەمیانی کۆبوونەوەی ساڵانەی APSA دا ڕێکخراو "پیتەر باکراچ" Peter Bacharach،"کریستیان بای" Christian Bay،"تیۆدۆر لۆی" Theodore





Lowi،"مایکل برێنت" Michael Brent،"ئالان وۆڵف" Alan Wolfe،"شیڵدۆن وۆلین" Sheldon Wolin سەرۆکایەتیاندەکرد،هەروەها لیستەکە یەکێك لە ڕووە دیارەکانی پسپۆڕیی پەیوەندیە نێودەوڵەتیەکان:"هانز مۆرجێنتو" Hans Morgenthauی لەخۆدەگرت،کە یەکێك بوو لە نەیارانی جەنگی ڤێتنام.کۆنگرە پاڵێوراوێکی بۆ سەرۆکایەتی APSA پێشکەشکرد.

لەنێو ئەندامانی کۆنگرەدا ژمارەیەك لەو تیۆریزەکەرە سیاسیانە هەبوون کە سووربوون لەسەر ڕاکێشانی ئەو گفتوگۆ و ڕەخنانەی سەبارەت بە دیموکراسی لیبراڵی ئەمریکی دەکران بۆ جەرگەی مشتومڕە ئەکادیمیەکان دوای ئەوەی دابڕابوون لە چواچێوەی پسپۆڕی زانستە ڕامیاریەکان.بۆ خستنە بازاڕی تەرحەکانیان ئەندامانی ئەم "کۆنگرە"یە ڕوویانکردە ڕووماڵکردنی ئەو لایەنانەی بەناڕەسیو _یان دەبینی لە "ئاراستەی ڕەفتارگەرایی" دا: ڕوویانکردە بایەخدان بە پرسە کۆمەلاّیەتیەکان و قەیرانە سیاسیەکان کەلەو ماوەیەدا ڕوویاندا، هەروەك داوای زانستێکی ڕأمیاریاندەکرد هەڵوێستێکی یەکگرتووی بەکۆمەڵ لەو پرسە سیاسیانە وەربگرێت کە مشتومڕ وروژێن بوون وەك: جەنگی ڤێتنام،جیاکاری ڕەگەزی،هەژاری، سەرباری پرسەکانی ژینگە و ئافرەتان.

وێڕأی ئەوەی ئەندامانی کۆنگرە یەکڕأ نەبوون لەسەر دانەدواوەی کەڵکەڵەی زانستێتی،بەلاّم ڕێکخستنەوەی ئەولەویاتەکانیان بەپێویست دەبینی تاکو" زانستێتی" لەپلەی دووەمدا بێت پاش پەیوەست بوون بە پرسەکانی کۆمەڵگاوەو بواری لەباریی ئەنجامی توێژینەوەکان بۆ چارەسەری ئەم پرسانە.ئەم هەڵوێستەشیان بەوە پاساودەدا کە پرسی شرۆڤەکردنی ڕەفتاری سیاسی چەقی قورسایی مەعریفی لە زانستی ڕامیاریدا پێکناهێنێت، بەمەش بە ڕوونی

دەردەکەوێت کە "کۆنگرە لەپێناو زانستی ڕامیاری نویێ" دا وەك ئەو سێ ئاراستەیەی پێشخۆی ئامانجە هزری و سیاسیەکانی پێکەوە کۆکردوەتەوە،هەرچەند بەراورد بە "ڕەفتارگەراکان" ئامانجە سیاسیەکانی ڕوونترە.

ئەندامانی کۆنگرە زۆربەی کۆششەکانیان لەپێناو هەوڵی چاکسازی APSA دا تەرخانکردبوو،دوو پاڵێوراویان بۆ پۆستی سەرۆك و ئەندامێتی ئەنجومەنی کۆمەڵە پێشکەشکرد،بەڵام سەرنەکەوتن لەبەدەستهێنانی سەرۆکایەتیدا. وێڕای دەستگرتنیان بەسەر هەندێك لە کورسیەکانی ئەنجومەندا.شایانی ئاماژە پێدانە کە هەندێك لە پێشەنگانی "کۆنگرە" نموونەی "تیۆدۆر لۆی" Theodore Lowi و "ئیرا کاتزنێڵسون" Ira Katz Nelson توانیان لە ماوەکانی دواتردا پۆستی سەرۆکایەتی بەدەستبهێنن بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی دوو پاڵێوراوی فەرمین.بەرگری لەلایەنی "ڕەفتارگەراکان" ەوە توندتر بوو بەتایبەتی لەناوەندی APSA دا کە هەژموونێکی شێوە سەراپاییان هەبوو بەسەریدا، لەساڵی ١٩٦٨ دا هەستان بەڕاگرتنی کاری گشت لیژنەکانی کار کە ئەندامانی "کۆنگرە" بانگەشەی پێکهێنانیان کردبوو.بەڵام "داڤید ئیستۆن" کاری لەسەر ڕەواندنەوەی بارکرژی نێوان "ڕەفتارگەراکان" و "کۆنگرەیی" ەکان کرد، لەمیانی تێچێنکردنیەوە(مداخلتە) لەبەردەم APSA لەساڵی ١٩٦٨ دا بەو سیفەتەی سەرۆکی کۆمەڵەیە قسەی لەسەر "شۆڕشێکی نوێ لە زانستی ڕامیاری" دا کرد،کە دەتوانێت ئەو تەکنیکانەی "ڕەفتارگەراکان" گەشەیان پێداوە و "تیۆری پێڕۆ" شانبەشانی یەك بخاتە ڕاژەی گرفتە کۆمەڵایەتیەکانەوە.

"ئیستۆن" سەرنەکەوت لە پڕکردنەوەی کەلێنی نێوان هەردوو بەرەدا،بەڵام لە جێگیرکردنی پسپۆڕێتیەکی لاوەکی لە زانستی ڕامیاریدا سەرکەوت ئەویش سیاسەتە



گشتیەکانە. بەمشێوەیە "ڕەفتارگەراکان" لە چوارچێوەی APSA دا مانەوە و دامێنگیری بەرگریەکەیان بوون بۆ ئەو گۆڕانکاریەی "کۆنگرە لە پێناو زانستی ڕامیاری نوێ" دا مژدەی پێدەدا، بەڵام بڕوا بەخۆبوونەکەیان زۆر شلۆق بوو، کۆڵیان نەدا لەبەرگریکردن لە بەسیاسیکردنی "کایەی زانستی ڕامیاری"،ئەمەش ئەو خاڵەیە کە "ئیۆلا" Eulau لە ڕاپۆرتەکەیدا وەك سەرۆکی APSA ساڵی ١٩٧٢ وروژاندی:"ئێمە خۆمان ڕێکنەخستوە لە چوارچێوەی APSA دا لەپێناو پیادەکردنی سیاسەتدا یان لەپێناو بلاوکردنەوەی بۆچوونی سیاسیدا". بەهەمان ئاراستە "ئۆستن ڕنی" Austin Ranney سەبارەت بەدەستنیشانکردنی جێنشینێك بۆی لە سەرۆکایەتی APSA دا ڕایگەیاند کەوێنەکە لە زەینیدا زۆر ڕوونە،ئەویش ئەوەیە سەرۆکێك جێگەی بگرێتەوە هیچ پەیوەندیەکی بە "کۆنگرەیی" ەکانەوە نەبێت.

کۆنگرە،لەجیاتی ئەوەی ڕووبکاتە دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ تەوژمە کۆمەلآیەتی و سیاسیەکاندا کە هەلگری ڕۆشنبیریەکی دژ بە "کۆنگرە" بوون،هەوڵەکانی بۆ لایەنی پیشەیی تەرخانکرد،ئەوەی لۆی Lowi داوایدەکرد بە "کۆنگرە لەپێناو کۆمەڵەیەکی نوێ بۆ زانستی ڕامیاری"،و لەگەڵ سەرنەکەوتنیدا لە بەدەستهێنانی سەرۆکایەتی کۆمەڵەدا خواستی ئەندامانی "کۆنگرە" ش پاشەکشەی کردو ڕێکخستنەکەیان بوو بە بەشێکی ئاسایی لەنێو بەشەکانی APSA دا و کاری لەسەر پارەدارکردنی خۆبەخۆی لیژنەکانی کاری دەکرد،بەڵام ئەو گۆڤارە زانستیەی کە "کۆنگرە" سەرپەرشتیدەکرد (زانستی ڕامیاری نوێ) New Political Science بلاو بوونەوەی بە سنورداری مایەوەو ناوی لەناو ڕیزبەندی ئەو ١١٥ ناوبەناوەدا نەبوو کە لەبواری پسپۆڕیدا دەردەچوون.ئەم ڕاستیە ئەندامانی بزوتنەوە نوێکە کە بە:"پریستڕۆیکای زانستی ڕامیاری" ناودەبرێت لێی بەئاگانەبوون،کە لەگەڵ سەرەتای هەزارەی نوێدا دەرکەوت

کاتێك چاویانبڕیە چاکسازی کایەی مەعریفی زانستی ڕامیاری.

کۆنگرە لە پێناو زانستی ڕامیاری نوێدا هێرشێکی ڕامالەکی کردە سەر "ڕەفتارگەرایی" بەڵام ڕووبەڕووی بەرەنگاریەکی توند بووەوە.ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پێوەری پێوانەکردنی بواری سەرکەوتنی "شۆڕشە مەعریفیەکان" کەلە سەرەتاوە لە بارەیەوە دوام،دەگەینە ئەوەی کە شۆڕشی کۆنگرەییەکان سەرنەکەوت لەڕووی:

- نەیانتوانی کارنامەی توێژینەوە لە زانستی ڕامیاریدا دابڕێژنەوە.
- ئەو کارنامەی توێژینەوەی پێشنیازیانکردبوو لە ناوەندی توێژەراندا دانپێدانراو نەبوو.
- بەرهەڵستکارانی تەبەنی ڕشتەیەکی تەوفیقیان نەکرد،بەڵکو تەرحی لایەنگرانی "کۆنگرە" یان خستەپشتگوێ (ئەمەش بەلگەی لاوازی تەرحی کۆمەڵی "کۆنگرە"یە).

### پێواری شۆڕشەکان و بڵاوبوونەوەی بەرنامەی توێژینەوە

زانستی ڕامیاری لە ماوەی دوای شۆڕشی ڕەفتارگەراییدا وەرچەرخانی گەورەی بەخۆیەوە دی،و گەڕانەوەی چەمکی "دەوڵەت" بۆ ڕیزی پێشەوەی کارنامەی توێژینەوە لە کایەکەدا سەرنجی باسکارانی ڕاکێشا بۆ ئەوەی کە زانستی ڕامیاری پێڕۆی "خولە مەعریفیەکان" بەڕێوەی دەبات. بۆ نموونە: (چەمکی دەوڵەت بۆ ماوەیەکی درێژ تەوەری بایەخپێدانی توێژەران بوو پاشان پاشەکشەیکردو دووبارە لە قۆناغێکی دواتردا هاتەوەڕوو). بەڵام دەوڵەت ئەمجارە لە بەرگێکی نوێدا گەڕایەوە،و بە بەهایەکی پیرۆز دانەنرا هەروەك لەسەردەمی دامەزراندنی زانستی



ڕامیاریدا، چونکە کەڵکەڵەی دابەشگەرایی کۆمەڵگایی (التجزیئیە المجتمعیە) ڕەفتارگەراکان،کاری لە "دەوڵەتگەرا نوێ"کان کرد،ئەمانە دەوڵەتیان بە گۆڕاوێکی سەربەخۆ (متغیر مستقل) دادەنا لەو ڕووەوە کە بەرپرسیارانی دەوڵەت-لەڕوانگەی ئەمانەوە- کار بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیە تایبەتیەکانیان دەکەن و ڕەنگدانەوەی هێزە کۆمەلایەتیەکان نین.بەمەش هەلگری شتێکی نوێ نەبوون،بەڵکو خوویان بەچڕبوونەوە لەسەر بکەرگەلێکی دیاریکراو و هاندەری دیاریکراوی ڕەفتار (بەدیهێنانی بەرژەوەندی کەسی) گرتبوو،لەمەشدا هاوڕابوون لەگەڵ ڕەفتارگەراکانی وەك:"ترومان" Truman، کەدانی بەوەدانا بەرپرسە فەرمیەکان لەگەڵ بکەرگەلێکی تردا کارلێکدەکەن بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندیگەلێك کە ئەو دامودەزگایانەی (کۆمەلگایی) ئینتیمایان بۆی هەیە دیاریدەکات.

لەم بارەیەوە "ئالمۆند" Almond ئاماژە بۆئەوەدەکات کە "کەڵکەڵەی دەوڵەتگەرایی نوێ" هیچ شۆڕشێك یان وەرچەرخانێکی لە "پارادایم" دا لەهەناویدا هەڵنەگرتبوو، بەڵکو تەنها بەرنامەیەکی توێژینەوەی نوێ بوو خواستی جیاکاری بوو لە نێوان پێڕۆ سیاسیەکاندا، لەڕووی بواری کاریگەرییان لەو ڕێگەیەی لەمیانەیدا فەرمانبەرە حکومیەکان کاردەکەن لەسەر دروستکردنی سیاسەتی گشتی.

ئەوەی ئەم بەرنامەی توێژینەوەیە جیادەکاتەوە،ئەوەیە کەبەرنامەکانی توێژینەوە بەشێوەیەکی گشتی جیادەکاتەوە ، ئەویش ئەوەیە کە ئەکادیمیە چالاکەکان لە پسپۆڕیەکەدا دەتوانن پشتگوێیبخەن ئەگەر بیانەوێت تێوەینەگلێن.بەپێی ئەوە، زمانی ئەم بەرنامەی توێژینەوەیە (دەوڵەتگەرایی) لەو قۆناغەدا لەناوەندی زانایانی ڕامیاریدا لەخۆنەگیرا.بەڵام لەنەوەدەکاندا،زۆر

سەخت بوو لەسەر زانایانی ڕامیاری ئەمریکی پشتگوێخستنی تیۆری ڕێگەچارەی عەقلانی (نظرية الخيار العقلاني) وێڕای ئەوەی سەرەتاکانی ئەم بەرنامەی توێژینەوە نوێیە دەگەڕێتەوە بۆ پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو. لەگەڵ ئەوکارانەدا کە:"کینیت ئارو" Kenneth Arrow،"دۆنان بلاك" Dunan Blak،"ئەنتۆنی داونز" Antony Downs،"ویلیەم ڕیکەر" William Riker،بڵاویانکردەوە. دەستبەسەرداگرتنی پلەبەپلەیان بەسەر فەزای بڵاوکردنەوەی ئەکادیمی لە زانستی ڕأمیاریدا لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا سیفەتی ڕەواترین بەرنامەی توێژینەوەی لەم کایە مەعریفیەدا پێبەخشین.

بەلاّم تیۆری ڕێگەچارەی عەقلانی،لەجیاتی ئەوەی شۆڕشێك لە زانستی ڕامیاریدا بەرپابکات،لەژێر سێبەری "ڕەفتارگەرایی"،"دەوڵەتگەرایی نویّ" و بەرنامەی توێژینەوەی :"ڕۆشنبیری" و "دامودەزگایی نویّ" و بەرنامەکانی تری توێژینەوە لە زانستی ڕامیاریدا کە بەبەردەوامی ژمارەیان زیادیدەکرد فراوان دەبوو. هەندێك لە پێشەنگانی "ڕێگەچارەی عەقلانی" بانگەشەی ئەوەیاندەکرد کە بەرنامەی توێژینەوەکەیان بە پێشکەوتنێکی نویّ دادەنرێت،لەسەر داروپەردووی "ڕەفتارگەرایی" بنیادنراوە (لەهەردوو بەشیەوە "دیموکراتی لیبرالی" ی "ڕۆبێرت داهڵ" Robert Dahl و "تیۆری پێڕۆ" ی "داڤید ئیستۆن" David Easton)،بەلاّم "ڕەفتارگەراکان" ئەم خستنەڕووە دەدەنەدواوە و باوەڕیان نوێدەکەنەوە بە "تیۆری شرۆڤەکاریی کەڵەکەبویی"( النظريه التفسيريه التراكميه) ،بەواتای پێشکەوتنە مەعریفیەکان کە دوای شۆڕشی "ڕەفتارگەراکان" هات،پشکداریکرد لە "کەڵەکەبوونی مەعریفی" دا کە ئەوان بناغەکەیان دانا.





**کۆتایی**

گۆڕینی ئاراستەی زانستی ڕامیاری لە ولاّتە یەکگرتووەکاندا ڕووداوێکی دەگمەنەو بەدرێژایی سەدەونیوێك لە دروستبوونی ئەم کایە مەعریفیەوە لە ئەمریکا تەنها دووجار ئەم گۆڕانە ڕوویداوە، هۆکاری ئەمەش پەیوەست نیە بەوەی کە بەو ئاراستەیەدا هەوڵنەدرابێت بەڵکو بۆ سەختگیری زانستی ڕامیاری لە ئاست هەوڵی وەرچەرخانی قوڵ لەکایەکەدا دەگەڕێتەوە.مێژووی کایەی زانستی ڕامیاری سەرنەکەوتنی بزوتنەوەگەلێکی مەعریفی نوێمان لەو بارەیەوە بۆ ئاشکرادەکات، وێڕای سووربونیان لەسەر جێگیرکردنی نەریتی توێژینەوەی نویّ و چەمکی تایبەت پێی، هۆکاری سەرنەکەوتنیشیان ئەو بەرگریە سەرسەختانەیەبووە کە ڕووبەڕوویان بوەتەوە.

خۆڕاگری "شۆڕشە مەعریفی"ە سەرکەوتوەکان لەبەردەم توێژەرە "نەیارەکان" لە زانستی ڕامیاریدا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە سەرکەوتن خۆی لەخۆیدا توانای پێدەبەخشێت بۆ دارشتنەوەی کارنامەی توێژینەوە لەم پسپۆڕێتیەدا (زانستی ڕامیاری) زیاتر لەوە هەڵدەستێت بەدیاریکردنی ئەو چۆنێتیەی باسکاران. ئەوانەی هەمان وێنای مەعریفیان نیە بۆ زانستی ڕامیاری نەیاری دەکەن،سەرباری ئەوەی کە ئەو نەیاریە زۆرجار دوای سەرکەوتنی شۆڕشە مەعریفیەکە دەردەکەوێت، ئەمەش ئەو ڕێگەیە کە "کۆنگرە لەپێناو زانستی ڕامیاری نویّ" (Caucus) دای پێپێکهات لەلایەن نەوەکانی شۆڕشی ڕەفتارگەراییەوە.

ئەمە واتای ئەوە نیە کە شۆڕشە مەعریفیە سەرکەوتووەکان توانایەکی جێگیریان هەیە لە دارشتنەوەی کارنامەی توێژینەوەدا،و ئەم توانایە لەگەڵ کاتدا

ڕوو لەکەمی دەکات.ئەمە ئەو ڕێگەیە کە تەنها ئاراستەی دەوڵەتگەرایی "پێوەری" لەپەنجاکاندا گرتیەبەر. پاشماوەی "ڕەفتارگەراکان" (لە ڕێباز و تەکنیك و بابەتی توێژینەوە) لە زانستی ڕامیاریدا و بەتایبەتی لە لقی "دەروناسی ڕامیاری" دا بەئامادەگی مایەوە.لەگەڵ ئەوەشدا،توانایان بۆ دارشتنی کارنامەی توێژینەوە ڕووی لەکەمی کرد بەهاتنی حەفتاکان بەهۆی بلاّوبوونەوەی بەرنامەی توێژینەوە وە، ئەوەی ناودارانی "ڕەفتارگەرایی" وەك: "ئۆیلاو"،"ئالمۆند"،"ئیستۆن" جەختی لەسەر دەکەنەوە و بۆ ئەو لەبەر ڕۆیشستنەی دەگێڕنەوە کە ئەم ئاراستەیە تووشیهات،سەرباری دابەشبوونی بەسەرخۆیداو لەدەستدانی ئامانجێکی ڕوون بۆ بەردەوامی.بەلاّم کارەکە زۆر لەوە ئالۆزترە،لەوکاتەوە قسەکردن لەسەر "کارنامەی توێژینەوە" لە "زانستی ڕامیاری" دا تاکو بتوانرێت دووبارە دابرێژرێتەوە سەختبووە.

هەندێك لە توێژەران باوەڕیان وایە کەمێژووی کایەی مەعریفی زانستی ڕامیاری – لەڕوانگەی "تۆماس کۆهن"ەوە – گوزارشتە لە کۆمەڵێك قۆناغ کە "شۆڕشە مەعریفی " ەکان ڕووالەتەکانی دیاری دەکەن. بەلاّم ئەم تەرحە زۆر ورد نیە زۆرێك لە پێشکەوتنەکان کە ڕوویاندا بزوێنەری سەرەکی تیایاندا " شۆرشە مەعریفی"ەکان نەبوو بەڵکو"پێشکەوتنە پلەبەپلە"کان بوو، پاشەکشەی ڕۆڵی "دەوڵەت" لەسەرەتاکانی سەدەی نۆزدەوە تاچلەکانی سەدەی بیستەم بەشێوەیەکی ناراستەوخۆ و هەست پێنەکراو پشکداری کرد لە "گەلاّلەبوون" ی بەرنامەی توێژینەوە تیۆریەکان کە "ماوەی پاش ڕەفتار گەرایی " ی جیاکردەوە.

سەرکەوتنی "یەکەم کەڵکەڵەی دەوڵەتگەرایی " بۆ سووربوونی دەگەڕێتەوە لە سەر بەخشینی پیشەیی بوون و ئیحترافیبوون بەلێکۆڵینەوەی زانستی ڕامیاری ،



نەك بۆ "پابەندیە پێوەریەکان " { پابەندبوون بە بانگەشەکردن بۆ چاکسازی و پاراستنی بەهاکان} ، ئەمەی دووایان بەردەوام لایەنێکی پشت گویٚ خراوبووە لە سیستەمی سیاسی ئەمریکیدا و بێگومان سەرکەوتنی رەفتارگەرایی لە دارشتنەوەی کارنامەی توێژینەوە لە زانستی رامیاریدا دەگەرێتەوە بۆ سوربوونی لەسەر گۆڕانکاریی ڕیشەیی و لە بنەڕەتدا کۆتایی هێنانی پابەندیە {پێوەریەکان}ی لە خۆگرتبوو. ڕوونە کە هەردوو شۆڕشە سەرکەوتووەکە {دەوڵەتگەرایی و رەفتارگەرایی } وەك شۆرشێك بەبێ نەیار وابوون ، ئەمەش تاکە شێوازی شۆڕشە کە تایبەت مەندێتی ئاراستەکردنەوەی زانستی ڕامیاری بۆ ئەو ئاراستەیەی بەگونجاوی دەزانێت بەدەست دەهێنێت {لە رووی رێبازو بابەتەوە}.

**سەرنج:**

ئەم بابەتە عادل زوقاغ لە ئینگلیزیەوە وەریگێڕاوە بۆسەر زمانی عەرەبی و ئەمە وەرگێڕانی دەقە عەرەبیەکەیە،سەرچاوەی بابەتەکە بەزمانی عەرەبی:(http//:www.geocities.com/adelzeggagh).



عەوداڵنامەی کتێب

# کــــۆنە پـارێــزی لـــــە ســـەدەی بیستـــەمـدا
## ( بنەما و قۆناغ وجۆرەکان )

د.حسێن بەشیریە
و: نەبەز محەمەد

میژووی کۆنەپارێزی بە ئارامی و شکۆوە دەگەرێتەوە بۆ حەزرەتی ئادەم، ئێستا ئەوەی کە پێشینەی رادیکالیزم دەبێت تێبگات بێ توانایی وخەڵەتاوی حەوایە کە بە بەڵێنی شەیتان سەبارەت بە ئەگەری ژیانێکی باشتر هەڵخەڵەتا، بەڵام شەیتانیش باپیرە گەورەی کارل مارکس بوو [1].

### واتای کۆنە پارێزی

ئەوکاتەی ستیوارت میل فەیلەسوفی لیبرالیزمی بەریتانی لە سەدەی نۆزدەهەم دا پارتی پارێزکارانی بە پارتی خەڵکانی گەمژە و ئەحمەق پێناسە کرد، هەڵبەتە مەبەستیشی ئەوە بوو کە کۆنەپارێزان فکر و فەلسەفەیان نیە، کەسانێکی تریش تێگەیشتنێکی وایان لە کۆنەپارێزان هەیە، بۆ نمونە بیرمەندێکی تریش ووتویەتی کۆنەپارێزان بۆ ئەوەی بناسرێن(بێ ئەوەی شتێك بڵێن بەسە کە هەر دانیشن و بیر بکەنەوە، یان تەنانەت هەر دانیشن)[2] هەروەها لە سەرزەنشت کردنی ئەدمۆند برك دا کە نازناوی باوکی کۆنەپارێزی هەیە، دەگوترێت کە ئەو مێشکی کۆنەپارێزییە چونکە کۆنەپارێزان مێشکیان نیە، بەڵام کۆنەپارێزان لە رووی ئایدۆلۆژی و سیاسیەوە بنەما و پاڵپشتی هزری و فەلسەفییان هەیە،





کۆنەپارێزان خۆیان بە خەڵکی جیا و لایەنگری عەقڵی سەلیم و واقع بین دەزانن، ئەوان لە گەڵ هەر جۆرە گەلاڵەو ئەندێشەیەکی خەیاڵی وئەبستراکیتی بۆ دروستکردنی گۆڕانە قوڵەکان لە کۆمەڵگاو سیاسەت دا دژو ناکۆکن پێیانوایە هەر گەلاڵەیەکی لەم جۆرە نامومکینە ئەوان هەر جۆرە هەوڵێك بۆ جێبەجێ بونی ئامانجەکانی شار بە کارەسات دەژمێرن. کۆنەپارێزان روانین و بەڵگەکانی خۆیان لە سەر ئەزمونی واقعی و بە تایبەت مێژوویی دادەرێژن، لێرەوە دژی عەقڵگەرایی ئەبستراکتی و نامێژوویین. بەم هۆیەوە زۆرێك لەوان کۆنەپارێزی لە بناغەوە بە ئایدۆلۆژیا دانانێن چونکە ئایدۆلۆژیا لە بناغەدا بەشوێن پێناسەیەکی دیاریکراوەیە بۆ مرۆڤ و کۆمەڵگا و هەوڵدانە بۆ پێشکەش کردنی پێناسەیەکی وا، لە کاتێکدا کۆنەپارێزی ئەوەی دەسکەوتی نەریت و مێژووە قبوڵی دەکات، هەروەها کۆنەپارێزان وا دەزانن بنەما و باوەڕی خۆیان لە سەر تایبەتمەندییەکانی دەرونی مرۆڤ وەستاوە، بەو واتایە کە ئادەمیزاد مەیلی پاراستنی دەسکەوتەکانی خۆیان هەیە و کۆنەپارێزانیش بێجگە لەمە ئامانجێکی تریان نیە. بە ڕای ئەوان میراتی پێشینان بە زەحمەت بە دەست هاتووە و نابێ و ناکرێ بە یەکجاری بخرێتەلاوە. خاوەن دارێتی- نەریت – مەزهەب - حکومەتو دامەزراوەکانی تری کۆمەڵایەتی میراتی بەنرخی پێشینانەو ئەوەی لە بۆتەی مێژوودا تاقی کراوەتەوە شایەنی رێزو ستایشە.

مایکل ئۆکشات((Michael makeshift) (١٩٩٠-١٩٠١) وتویەتی:(کۆنەپارێزی واتە رەوایەتی(تەرجیح) شتێکی زانراو بەسەر شتێکی نادیاردا شتێکی ئەزمون کراو بەسەر شتێکی نائەزموندا، راستەقینە بەسەر ئەفسانەدا، شتێکی ئامادە بەسەر داواکراودا، شتێکی دیاریکراو بەسەر دیارینەکراودا)[3] بەم شێوەیە کرۆکی کۆنەپارێزی بریتیە لە پابەندی بەشتە ناسراوەکانەوە و ترس لەوەی



هەواڵنامەی کتێب

ئەزموننەکراوە و ڕەشبینی بەرامبەریان. پاشان کۆنەپارێزان خۆیان بە دژی هەر جۆرە دابەش کارییەکی هزری و ئایدۆلۆژی و لە جێی کردە گەرایان پراگماتیست دەزانن. لە راستیدا زۆربەی کۆنەپارێزانی گەورەی رۆژئاوا پیاوانی دیار و سیاسەتمەدار بون، کەچی بەرهەمی گەورە لە نەریتی هزری کۆنەپارێزیی دا کەمە.

بنجامین دیزرلی(Benjamin Disraeli)(١٨٨١-١٨٠٤) سیاسەتمەداری ناسراوی کۆنەپارێزی بەریتانی لە سەدەی نۆزدەهەم، لە پێناسەی کردەگەرا و هەلی خوازیار بونی کۆنەپارێزیدا دەڵێت: (کۆنەپارێزان وەختێك پاسەوانەکانیشیان خەریکی مەلە کردنن جلەکانیان ئەدزن)[٤] . بە شێوەیەکی گشتی کۆنەپارێزان، کۆنەپارێزی بە لایەنگری سروشتی و پشت بەستو بە عەقڵی سەلیم و نائایدۆلۆژی زانیوە، بەڵام ئەگەر لە دەرەوە لێی بڕوانین دەبینین کۆنەپارێزی ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی دیاریکراوە، کە هەر وەکو دەسکەوتێکی مێژوویی لە بارو دۆخێکی مێژوویی- کۆمەڵایەتی ڕون و ئاشکرادا سەریهەڵداوە بۆیە دەبێت لە ناسینی چیەتی ئەواندا ئەو بارودۆخە لەبەر چاو بگرین، دەبێت بۆ ڕیشەی مێژوویی کۆنەپارێزی  بە شێوەیەکی گشتی لە کاردانەوەیاندا بەرامبەر سەرهەڵدانی ڕۆشنگەری لە ئەوروپا بگەڕێین. کۆنەپارێزی کاردانەوەیەك بوو لە بەرامبەر لیبرالیزم و عەقلگەرایی و بزاوتی ڕۆشنگەری و نوێبونەوەدا. بە تایبەت لە پاش شۆڕشی فەرەنسا لە پارێزگاری لە سوننەت دا دەرکەوت و گومانێکی تەواویان هەبوو لە ئامانجە سەرەکیەکانی لیبرالیزم و نوێگەری، واتە ئازادی- یەکسانی - تاکگەرایی- عەقلگەرایی - جیاکردنەوەی دین لە دەوڵەت ، پێچەوانەی ئەوە بەرگرییان لە پاراستنی ئیمتیازات و نایەکسانی کۆمەڵایەتی پێکهاتەی هێزە کۆنەکان دەکرد. کینگ دەڵێت(کۆنەپارێزی ڕۆڵەی شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕشی فەرەنسیە، بەڵام ڕۆڵەیەکی نەخوازراو کە دژی لایەنگەری





ئەو دوو شۆڕشەیە، کۆنەپارێزانی وەکو- برك - یونالد[٥](١٧٥٤-١٨٤٠) –هیلەر Heller(١٧٥٠-١٨٥٠)- کۆلریج Samuel Taylor Coleridge (١٧٧٢-١٨٣٤) ئەوان بەرگرییان دەکرد لە هەر شتێك کە ئەم دوو شۆڕشە هێرشی بکردایەتە سەر)[٦]. نوسەران لەم بارەیەوە هاوڕان لەسەر ئەوەی کە کۆنەپارێزی لەهەموو شێوە جیاوازەکانیدا کێشەو گرفتێکی نییە جگە لە سوننەت گەراییTraditionalism .

ڕۆحی کۆنەپارێزی سوننەتە بەتایبەت سوننەتی سەدەکانی ناوەند. بەرگری کۆنەپارێزی لە سوننەتی کۆمەڵایەتی جەختکردنەوەیە لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکان، بەختەوەری زنجیرەیەك پلە وپایە، هێز، هەروەها مەزهەب.[٧]

کارل مانهایم، توێژەری هەڵکەوتوی کۆنەپارێزی، ئەم ئایدۆلۆژیایە بە کاردانەوەیەکی سوننەتگەرایانە دەزانێت بەرامبەر بە وەرچەرخانێکی خێرا کۆنەپارێزی بە مانای دیاردەیەکی مێژوویی، شێوەیەکی ئاگامەندانەی ئەو جۆرە سوننەتگەراییە کە لە کاردانەوەدا بەرامبەر داڕوخانی سیستەمی کۆنی ئەوروپا بە تایبەت بە هۆی شۆڕشی فەرەنساوە سەریهەڵدا. بە بۆچونی مانهایم بۆ تێگەیشتن لە ڕەچەڵەك و ناوەڕۆکی کۆنەپارێزی دەبێت لە وەرچەرخانە کۆمەڵایەتیەکان و چارەنوسی چینە جیاوازەکاندا بگەڕێین کە ئەوان هەڵگریان بوون. بە پەیدابونی سیستەمی نوێی بۆرژوازی- سەرمایەداری –عەقلگەرایی- داڕوخانی ژیان – سکۆلاریزم و ....هتد، ئایدۆلۆژیای کۆنەپارێزی هەر وەکو کاردانەوەیەکی هزری و سیاسی دژ بە پرۆسەی ڕوخانی سیستەمی کۆن سەریهەڵدا. هەڵگرانی باوەڕی کۆنەپارێزی گروپگەلێکی وەکو ئاغا –وردە بۆرژواکان-بنەماڵە و سەردەستەکان بوون، کە لە دەرەوەی پرۆسە عەقلانیەکانی سەرمایەداری مابونەوە و سەرەنجام بە دژی ئەوان هەستانەوە. کۆنەپارێزان لە

زیندوکردنەوەی بەها  کۆمەڵایەتیە کۆنەکان تەنانەت هەڵوێستی شۆرشگێرانەیان نواند، بە ڕای مانهایم بەم پێیە یەکەمین بەرهەڵستکارانی کۆمەلگەی بۆرژوازی کۆنەپارێزان بون نەك سۆسیالیستەکان.

کەواتە کۆنەپارێزی کاردانەوەیەکی ئاگامەندانەی چینایەتی تایبەتە بە هۆی کەوتنەبەر مەترسی بەرژەوەندیەکانیان، لەکاتی گۆڕانکارییە مێژووییەکاندا. سوننەتگەرایی تەنها کاتێك وەکو ئایدۆلۆژیای کۆنەپارێزی دەردەکەوێت، کە کۆمەلگا توشی ئاڵوگۆڕگەلێکی بنەڕەتی بوبێت، بە بۆچونی مانهایم سەرچاوەی سەرەکی ئایدۆلۆژی کۆنەپارێزی دژایەتیە لەگەڵ چەمکە بنەڕەتیەکانی کۆمەلگەی بۆرژوازی ، واتە دژایەتی لەگەڵ فەلسەفەی مافی سروشتی —پەیمانی کۆمەڵایەتی —دەسەڵاتدارێتی خەڵك —بنچینەی لۆژیکی —تاکگەری —ئازادی- یەکسانی و .... هتد.  بە شێوەیەکی گشتی کۆنەپارێزی نەریت گەراییەکی خۆئاگایانەیە کە دژ بە نوێگەری ڕۆژئاوایی سەریهەڵداوە لە بەرامبەر وەرچەرخانی جیهانی مۆدێرن ، تا ئەو شوێنەی توانیویەتی خۆڕاگری کردووە. دەبێت واتای بنەڕەتی کۆنەپارێزی لە ڕیزگرتنی سوننەت و دژایەتی لەگەڵ ئاڵوگوڕی بنچینەیی لە بەستێنە  ناکۆکەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دا بدۆزینەوە . کۆنەپارێزان هەمیشە لەگەڵ رابوردو و سوننەت ئاشناتر بووە و لەبەریەککەوتنی لەگەڵ دۆزە نوێیەکانی جیهان ترسیان هەبووە ، هەڵبەتە باشترین و کاملترین نمونە بۆ ئەندێشەی کۆنەپارێزی لە هەڵویستی ئەدمۆندبرگ، باوکی قوتابخانەی کۆنەپارێزی، بە ئامانجە ئەبستراکتی و عەقلگەراییە زیادەڕەوەکانی شۆڕشگێڕانی فەڕەنسەدا دەردەکەوێ، لە سەردەمی ڕۆشنگەری لە فەڕەنسا بۆ سوننەت و مەزهەب ومێژوو لە هەمو لایەکەوە هێرشی دەکرد و لە گۆڕان لە ئازادی و



یەکسانی، بنچینەی (اصالت) عەقڵی تاکگەری و ئەگەری گەشەکردنی بێسنورو ڕاوەستان دژایەتیکرد .

ئەدمۆندبرگ لە کتێبی لێخورد بونەوەیەك دەربارەی شۆڕشی فەڕەنسا( the revelation in France reflection no)(١٧٩٠) هەستا بە دژایەتی لەگەڵ ئەم بزاوتە هزری و ڕواڵەتە سیاسیەی ئەوان واتە شۆڕشی فەڕەنسا، بە تایبەت لە دژایەتی لەگەڵ ئەندیشەی ئەو شۆڕشگێڕانەی پشت بەستو بە توانای نۆژەنکردنەوەی کۆمەلگە لەسەر بنەمای گەلاڵەیەکی لۆژیکی بەلگەی هێنایەوە. ئەو لەم کتێبەدا بەلگە دەهێنێتەوە کە کۆمەلگە پشت بەستووە بە سیستەمێکی ئەخلاقییە و دەمارگرژیو سوننەتەکان  زەخیرەیەکی بەنرخی ڕابوردووە.

پاڵنەری کردارەکانی مرۆڤ زیاتر سۆزەوەری و ناعەقلانیە، کەواتە عەقڵی تاك ناتوانێت داوەری فەرمانە کۆمەڵایەتیەکان بێت، لە بەرامبەردا سوننەت دەسکەوتی عەقڵی کۆیی و هەموو سەردەمەکانە(تاك ئەحمەقە، بەڵام هەندێ مرۆڤ ژیرن) دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکان دەسکەوتی ژیریی هەندێ مرۆڤە، نەك پەیمانی کۆمەڵایەتی، لە کاتێکدا بیرمەندانی لیبرالی سەردەمی نوێ سەلماندویانە سوننەتیەکان و دەمارگرژەکان سودمەندن و سودمەندی خۆیان لە تێپەڕینی ڕۆژگاردا جێگیردەکەن، بێ ئەوانە کۆمەلگە لە بەریەك هەڵدەوەشێت. کەواتە ناتوانرێ وەك ئەوەی شۆڕشگێڕان ئەیانەوێت هەموو شتێك تێکبشکێنن و لە سفرەوە دەسپێبکەنەوە. هەروەها کۆمەلگە وێنەیەکی سروشتی و پاك و بەش بەش و تێك ئالاوە، ناکرێ هەموو ئەوانە بەپێی بنەمایەکی خەیاڵی و گەلاڵە دەستکردەکان دروستکرێنەوە، (خودی ئەندێشەی دامەزراندنی سیستەمی نوێ بەسە تا ئێمە بترسێنێت)[٨] کۆمەلگە گلی گۆزە دروست کردن نیە کە بمانەوێ

هەردەم دروستیان بکەینەوە. کەواتە هیچ کات ناتوانرێ میراتی پێشینیانی گۆمەڵگە تێکڕا بخرێتە لاوە. ئێستا و ئاینده پەیوەستە بە ڕابوردووەوە سەرەڕای ئەوە نایەکسانی کۆمەڵایەتیەکان وەکو ئەوەی هەیە ئاساییە:خاوەنداریێتی بەرهەم سیستەمی سروشتی فەرمان و شتەکانە، وە لە ئەنجامدا خاوەن ماڵ و پێگەکان بە پارێزەرانی کۆمەڵگە دەژمێردرێن، بە هێزەکانی باشتر و ژیرانەتر لە هەژاران بڕیار دەدەن، چونکە زیاتر تواناى ڕاگەیشتنیان بە وشیاری و زانین هەیە. لەبەر ئەوەی دەوڵەمەندەکان ڕابەری و سەرۆکایەتی ئاسایی کۆمەڵگایان لە دەستایە.

هەڵبەتە لەسەردەمێکدا کە برك دەژیا زۆربەی سەرمایەی کۆمەڵگا خەریك بو دەچوە دەستی بازرگانان و خاوەن پیشەکانەوە، پاشان بەرگریکردنی ئەو لە خاوەنداریی پیشە سازی و بازرگانی لەگەڵ ئەندێشەی گشتی ئەو لە لایەنگری لەهەر جۆرە خاوەنداریێتییەکدا هاوئاهەنگییەکی هەیە. لە باوەڕ و بنەمای کۆنەپارێزیدا، سەرمایەی میراتی و سەرمایەی بەدەستهاتوو هەردوکیان بەڕێزن هەر لەم بارەوە برك بەڵگەی دەهێنایەوە کە دەستوەردانی- حکومەت لە شتە ئابوریەکان سیستەمی ئاسایی کۆمەڵگە لەگەڵ یەك ڕێکدەخات. بەو شێوەیەی بینیمان، کۆنەپارێزی برك پێچەوانەی کۆنەپارێزی ئەوانی ترە کە داکۆکی لە باوکسالاری و دەوڵەت دەکرد، لیبڕاڵ سروشتیانە بوو هەر لەم رووەوە بە ڕای ئەو دەوڵەت بۆی نیە بۆ چاکسازی سەرمایە دەستوەردا لەکۆمەڵگەوە یان کۆمەك بگەیەنێت بە کەمدەستان و هەژاران، چونکە هەژاری خۆی بەشێکە لە سیستەمی سروشتی بازاڕ و هەژاران شایستەی هەژارین، هەر جۆرە دەستوەردانێك لە ئابوری ئازاددا دواجار بە زیانی چینی هەژاران تەواو دەبێت چونکە زیان بە کارو کاسبی دەگەیەنێ و بە بێکاری هەژاران کۆتایی دێت.





## بنەمای کۆنە پارێزی( کۆنزێرڤاتیزم )

ئایدۆلۆژیای کۆنەپارێزی هەر بۆچونێکی دەربارەی ڕۆڵی دەوڵەت و بازاڕی ئازاد و خاوەنداریێتی هەبێت بە چەندین شێوە دابەش دەبێت بەڵام بنەمای هزری ئەوان لەژێر کاریگەری برك دا بوو.

**ئیستا بە کورتی ئەوانە هەڵدەسەنگێنین :**

١-رەشبینی لە بەرامبەر عەقڵی مرۆڤدا : کۆنەپارێزان زۆر رەشبینن بە سروشتی مرۆڤ و ئەگەری چاك بونی مرۆڤ بە یارمەتی عەقڵ و عەقڵی مرۆیی(انسانی) بەهەند ناگرێ لە بەرامبەر عەقڵی گشتی تر کە لە سوننەت یان مەزهەبدا پەنهانە. بەڕای ئەوان عەقڵ و بیروڕای (تاك) پەیوەندی لەگەڵ حەقیقەتدا نیە، بە شێوەیەکی گشتی زانینی ڕاستەقینەو تەواو (قەتعی و یەقینی) شتێکە بە دەست نایەت. بێگومان خودی ئەگەری زانین لە مرۆڤدا دائەتاشرێ. لە روانگەی کۆنەپارێزاندا عەقڵ خۆی ملکەچ و پەیڕەوکاری ئارەزوە سێکسیەکانی مرۆڤە .

دەبێت بۆ دۆزینەوەی پاڵنەرە سەرەکیەکانی کرداری مرۆڤ، لە حەز و ترس‌و خوو-و نەریتەکانیدا بگەڕێین، نەك لە بۆچونگەلێکی عەقڵانی دا، وەکو ئەوەی لە زمانی(برك)ەوە ئاماژەمان پێدا(زەخیرەی عەقڵیی هەرکەسێك بەتەنیا کەمە، باشترە تاکەکان بخزێنە نێو سەرمایە و گەنجینە گشتیەکانی (نەریتەکانی میللەتان وسەردەمەکانەوە)[٩] برك ڕەوایەتی دەمارگیری بەسەر عەقڵی ڕوتدا دەدات. هەروەها دیزرلی دەڵێت(بیریارترین لێکۆڵەرەوان دەزانن کە عەقڵی مرۆڤ تا چ ئاستێك سنوردارە، مرۆڤ تەنها کاتێك گەورەیی تیایە کە بە پشت بەستن بە

سۆز هەڵسوکەوت بکات)[10]. بەم شێوەیە کۆنەپارێزی بنەمای ڕاستەقینەی نوێگەری و ڕۆشنگەری دەربارەی مرۆڤ، واتە شایستەبونی مرۆڤ بە ئازادی و وشیاری و خۆفەرمانی و ئەگەری گەشەکردنی ڕەتدەکەنەوە. کۆنەپارێزان لەسەر ئەو باوەڕن کە عەقڵ ناتوانی سیستەمی نوێی جیهان تەحەمول بکاو سیستەمی سروشتی ئێستاش سیستەمێکی ئاڵۆزە کە عەقڵی مرۆیی ناتوانێت پەی بە ئەسڵو چییەتی (کنه) ئەو ببات.

عەقڵی مرۆڤ ناتوانێ گەڵاڵەی جیهان داڕێژێو و ناتوانرێت بە هۆی عەقڵەوە ئەو بگۆڕین، مرۆڤ بونەوەرێکە وابەستە بە سوننەت و مێژووەوە و ناتوانیت لێی دەرباز ببێت. کەواتە ئەندێشە گەلێکی وەکو ئەندێشەی پەیمانی کۆمەڵایەتی کە تەوەرەی سەرەکی نوێگەرییە، خەیاڵکردنێکی باش نیە .

کۆمەڵگا لەسەر پەیمانی کۆمەڵایەتی بڕیاردەرانەی وشیارانە و هەڵبژاردەی لۆژیك مەندانە ڕانەوەستاوە، پەیمانی کۆمەڵایەتی خۆی بەشێك لە دامەزراوە کۆمەڵایەتیە گرنگەکانە کە لە چەند بارودۆخێکی ئەخلاقی دێرینەوە لەسەر بنچینەی سوننەت گەلێکی پێشین بەدی هاتووە.

سوننەت خۆی پرۆسەیەکی نەستی(ناخوداگاه) تەواوی دەسکەوتە کردەییەکانی خەڵکانی سەردەم و نەوە یەك لەدوای یەکەکانە. برك دەڵێت(سوننەت هەزار پلە باشترە لە هەڵبژاردن و بڕیاردان). کەواتە کۆنەپارێزان لە بەرامبەر عەقڵ و پەیمان و بڕیاردان و فەلسەفە کاری سوننەت بەسەر مێژوو و کرداردا دوپات دەکەنەوە. بە دەربڕینێکی تر، ئەوان ئەفزەلیەتی تێبینیە کۆمەڵایەتیەکان بەسەر حەقیقەتی توندوتۆڵ و لۆژیکی ناسین-کردار بەسەر



تیۆر –بەرژەوەندگەرایی بەسەر بنەماگەرایی دا دەدەن. بە شێوەیەکی گشتی بەڕای کۆنەپارێزان مرۆڤ و کۆمەڵگا لە خۆوە بە تەواو کۆیی (کمال) ناگەن و بە یەکجاریش پێشناکەون واتە فێرکردن و پەروەردە و یاسا دانان و بڕیاردانی عەقڵانی تەواوی ئەرکەکانی خەڵکی و کۆمەڵگا دەستەبەر ناکاو جێگای سوننەت ودەسکەوتەکانی پێشینان ناگرێتەوە. بەپێی وتە بەناوبانگەکەی برك(کۆمەڵگا بەرهەمی پەیمانی مردووەکانو زیندووەکانو خەڵکانی ئایندەیە). بەم شێوەیە کۆنەپارێزی لە بەرامبەر عەقلگەرایی، ئەندێشەی پەیمانی کۆمەڵایەتی وەکو ئەوەی لای ڕۆسۆ-پراگماتیزم-لیبرالیزم-پوزەتیڤیزم-سوسیالیزم-لەیەك وتەدا لە بەرامبەر گشتخوازەکانی بیری نوێگەری ڕۆژئاوا دەوەستێ.

٢- لە نێوان کۆنەپارێزی و مەزهەبدا پەیوەندیەکی نزیك هەیە. کۆنەپارێزان لەسەر ئەو باوەڕەن کە مەبەست و ئامانجی خودایی لە ژیانی مروڤدا بەردەوامەو ماف‌و ئەرکی مرۆڤەکان لەوەدا رادەبێ، لەبەر ئەوە عەقڵی سنورداری مرۆڤ ناتوانێت پێویستیەکانی مرۆڤ درك پێ بکات یان دابین بکات.

بە وتەی یەکێك لە توێژەرانی ئەندیشەی کۆنەپارێزی، هەر کۆنەپارێزێك (دەزانێ کە هێزگەلێکی گەورە لە ئاسمان و زەوی دا هەیە کە عەقڵی مرۆڤ ناتوانێت وێنایان بکات یا حەقیقەت و گەوهەری ئەوان بدۆزێتەوە ناکرێ بڕوا بە عەقڵی مرۆڤ بکرێت، هەر عەقڵی مرۆڤ بوو کە عیسای مەسیحیان لە خاچدا)[11]. کولریج کۆنەپارێز و شاعیری بەریتانی لە هەمان بارەوە دەڵێت(خودایا ئێمە لە فەلسەفەی خەڵکی و خەڵکی فەلسەفی ڕزگار بکە)[12] جەختکردنەوە لەسەر مەزهەب لە هەموو ئەندێشەگەلێکی کۆنەپارێزانەدا ئاشکرایە.

برک دەڵێت (مرۆڤ بە سروشت بونەوەرێکی ئایینیە)[13] . بەڕای ئەو شۆڕشی فەڕەنسا ئەوپەڕی خەیاڵ پڵاوی مرۆڤە لە سەردەمی رۆشنگەریدا و وێنەیەک بوو لە تۆڵەی خودا، ئەمڕۆش لە ئەوروپادا پارتی دیموکراتی مەسیحی بە کۆنەپارێز دەژمێردرێن. ئەوانەی خوا پەرستی دەکەن لە کەنیسەکانی بەریتانیادا پارتی کۆنەپارێزن .

مەزهەب و کۆنەپارێزی هەردوکیان لەسەر کەمدەستی مرۆڤ و زنجیرەیەک پلەو توانایی جەخت دەکەنەوە، لەمڕۆدا ئەندێشەگەلێکی کۆنەپارێزانە لە چوار چێوەی چەند بزاوتێکی مەزهەبی بە شێوەی تازە دەرکەوتون.

٣- لە روانگەی کۆنەپارێزاندا مرۆڤەکان بە سروشت لە ڕوی تواناییەوە جیاوازییان هەیە. لەبەر ئەوە نایەکسانی ئابوری و کۆمەڵایەتی دیاردەیەکی ئاساییەو هەر تێکۆشانێکیش بۆ لابردنی نایەکسانی سەرەنجام بە شکست دەگات، چونکە نایەکسانی ڕیشەی لە سروشتی مرۆڤ دایە. زیاتر لە مەش نایەکسانیە کۆمەڵایەتیەکان پێویستیەکی گەشەکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگەن. خودی ئەگەری نایەکسانی بون بەوانی تر هۆکارێکی گرنگە لە پشت هەوڵ و کارکردنی تاکە کەسیەوە ، لە ڕوی سیاسیەوە هەوڵ دان بۆ دروستکردنی یەکسانی دەسکرد لە کۆمەڵگادا سەرئەنجام دەگات بە زۆرداری. لەسەر بنەمای لۆژیکی نایەکسانییە سروشتی و کۆمەڵایەتیەکان لە بەستێنە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەدا هەمیشە پێشڕەوان و هەڵبژێردراوان بونیان هەیە. هەرلەم ڕووەوە کۆمەڵگە بە ناچاری پلەبەندیەکی زنجیرەییە و فەرمانداری و سەرکردایەتی هەمیشە پێویستیەکی بەردەوامی ئەوە. هەر بۆیە کۆنەپارێزان بە پێچەوانەی لیبڕاڵەکانەوە گەشبین



نین ، بە توانای عەقڵی و سەلاحیەتی ئەخلاقی گشتی خەڵك و لە بەس بونی سیاسی ئەوان گومان دەکەن، لێرەوە بە ناچاری دابینکردنی سیستەم وئاسایشی سەرانسەری دوپات دەکەنەوە. پابەندبونی کۆمەڵایەتی پێویستیەکی پاراستنی سیستەم و زنجیرەیەك پلە و پایەیە، هەروەها مەزهەب لە دروستکردنی زەبت و ڕەبتی کۆمەڵایەتی دا ڕۆڵێکی گرنگی هەیە، جەخت کردنەوەی کۆنەپارێزی لەسەر نایەکسانی لە هەمانکاتدا دانپێنانێکی –اعتراف- تەواوە لەسەر هەمە ڕەنگ ژیانی مرۆڤ. کۆنەپارێزان بۆ ژیانی مرۆڤ ڕازین بە هەمەڕەنگی یەکی نهێنی ئامێز، هەروەها ڕوانینێکی سەیر وسەمەرەیان بۆ ئاڵۆزی ژیانی مرۆڤ هەیە، کۆمەڵگە لە دیدی کۆنەپارێزاندا هەر وەکو پەیکەرێکی پڕ ئەندام هەڵبەتە دەسکردی مرۆڤ و دەسکەوتی پەیمانی کۆمەڵایەتی نیە، بە شێوەیەکی تۆکمە و سروشتی گەشە دەکات و نایەکسانی لە تایبەتمەندیە مەزنەکانی کۆمەڵگایە.

٤- لەگەڵ ئاڕاستەی نایەکسانی کۆمەڵایەتی ، دامەزراوە خاوەنداریێتیەکانیش هەر وەکو دیاردەیەکی سروشتی گرنگی پێ دەدرێت. کۆنەپارێزان بە پێچەوانەی لیبڕاڵەکانەوە کە خاوەنداریێتی لەسەر بنچینەی چەمك گەلێکی وەکو مافی سروشتی لێدەڕوانن بایەخدانی ئەوان بە پێویست نابینن، واتە پەیوەندی بە بەڵگە نەویستی و گومان هەڵنەگرییەوە دەبێت . هەروەها کۆنەپارێزان هەموو کێشەیەکی خاوەنداریێتی بێ چەندوچون قەبوڵ دەکەن، بە پێچەوانەی لیبرالەکان کە هەندێك لەوان بۆ نمونە خاوەنداریێتی میراتییان ڕەتکردوەتەوە

بەو شێوەی کە گوتمان خاوەنداریێتی ڕەنگدانەوەی نایەکسانیە سروشتیەکانە، بە گوتەی برك (گەوهەری ڕاستەقینەی خاوەنداریێتی ئەوەیە کە نایەکسان بێت)[14] ، لە ڕوانگەی کۆنەپارێزاندا خاوەنداریێتیش هەر وەکو خێزان و مەزهەب

دامەزراوەیەکی پیرۆزە، خاوەنداریێتی یەکێکە لەپێش مەرجەکانی ئازادی. هەروەها لەسەر ئەو باوەڕەن کەهەر بەلاییێك بەسەر خاوەنداریێتیدا بێت زەربەیەك لە ئازادی دەدات. کۆنەپاریێزانی کۆن بەتایبەت خاوەنداری زەوی و زار بە پیرۆز دەزانن بەلام ڕوویەکی خوش بە خاوەنداریێتی بازرگانی و پێشەسازی پیشان نادات، بەلام کۆنەپاریێزانی ئەم دواییە ئەرکی کۆنەپارێزی بە بەرگری لە بازاڕی ئازاد و جۆرەکانی تری خاوەنداریێتی تێکەلّ دەکەن.

٥- لە کۆنەپارێزیدا، سەرەڕای مەیلی کۆنەپارێزانی ئەم دواییە بۆ بنەماکانی ئابوری و بازاڕی ئازاد تێڕوانینێکی باوکسالارانەیان بۆ کۆمەلگا هەیە. لە دیدی کۆنەپارێزاندا کۆمەلگا زیاتر لە کۆی ژمارەیەك تاك و گشتێکە کە لە پەیوەستی بەرپرسیارێتی بەرامبەر. لەم ڕووەوە کۆمەلگە و دەولّەت زیاتر بەخێزان دەچوێنن، هەر بۆیە حاکم دەبێت ڕۆلّی باوکی کۆمەلگە ببینێت. پاشان‌و لە هەمانکاتدا، لەکۆنەپارێزیدا هەمیشە لایەنگریەکی هاوڕیکخوازانەو دژ بە سەرمایەداری هەیە .

دیزرلی دەلێت(کەلّەکە کردنی سەرمایە و هێرشکردنە سەر یەکتری لەژێر کاریگەری دەربڕینە فەلسەفیەکان و توانا یۆتۆپیاییەکان کە تەنها تێکەلّەیەکە لە سەرمایە و کار [١٥] بەریتانیای سەدەی نۆزدەهەمی بەرەو نائومێدی برد، ئەو لە دەرکەوتنی (دوو گەلی بە هێز و دەستبەتالّ) لە بەریتانیای سەردەمی مەلیکی فیکتۆریا دەیگوت، بەم شێوەیە لەسەر پارەپەرەستی و خۆپەرستی خەلّك لە چاخی سەرمایەداریدا بەشەڕدەهات . بە ووتەی ئەو (وەختێك لەکوخەکاندا شادی نیە، کۆشکەکانیش ئاسایشیان تیانیە) [١٦] (برك)یش بە حەسرەتەوە دەیگوت (سەردەمی جوامێری کۆتایی هاتووە و ڕۆژگاری فریوکاران و ئابوری دانان و ژمێریاران تەواو پێ گەیشتووە)[١٧]



به شێوەیەکی گشتی کۆنەپارێزان بە جۆرێکی تایبەت بە خۆیان لە هەرچی باشتری بەرژەوەندی گشتی میللەت و لە سەرو بەرژەوەندی چینایەتی بەرگرییان کردوە هەروەها بە هەمان شێوە لە نێوان کۆنەپارێزی و ناسیونالیزمیش دا پەیوەندییەکی نزیك هەیە لەگەلّ ئەوەشدا کۆنەپارێزان مەبەستیان ئەوە نیە کە دەولّەت دەبێت پێویستیەکانی هەژاران دابین بکات، بەلّکو بە بۆچونی ئەوان چینی بالا دەبێت خۆیان هەولّبدەن یارمەتی هەژاران بدەن بۆ نمونە سەرمایەداران دەبێت خۆیان چاودێری و پارێزگاری لە کرێکارانی خۆیان بکەن .

٦- لە دوا بەلّگەی کۆنەپارێزاندا ئەم خالّە پەنهانە کە خەلّك بە یەك ئاست هۆشمەند نین، لەبەر ئەوە هەندێك دەبێت یارمەتی ئەوانی تر بدەن، ئەم مەیلە دژ بە دیموکراتیە بە ئاستی جیاواز لە هەمو جورە کۆنەپارێزەکاندا دەبینرێتەوە. لەم ڕوانگەوە دیموکراتی نەك تەنها خواست نیە بەلّکو نامومکینیشە.

بەم هۆیەوە کۆنەپارێزان جەخت لەسەر هێز و توانای سیاسی فراوانتری دەولّەت دەکەنەوە. لە ولاتانی ڕۆژئاوادا کۆنەپارێزان تا ئەو شوێنەی کە توانیویانە دژایەتیان کردوە لە پێدانی مافی بیروڕا بە خەلّك یا تەنها بە حوکمی ناچاری یاسا سەرەکیەکانییەکانی پێکهاتوو لە توخم گەلێکی ئۆتۆکراسی autocracy و ئەریستوکراسی و دیموکراسییان قبولّ کردووە، لە هەندێ ڕووەوە کۆنەپارێزانی وەکو دیزرلی لە بەریتانیا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی گشتی بۆ ئەندێشەگەلێکی کۆنەپارێزانە ڕووبەڕوی ئەوە بونەوە کە خانەدانە خاوەن زەوی و زارەکان لەگەلّ چینی کرێکاران یەکگرن دژ بە بازرگانە



هەواڵنامەی کتێب

بۆرژوازەکـان لەبـەر ئـەوە لایـانگری بـۆ جۆرێـك لـە کۆرپۆراتیـسم لـە ئەندێشەی سیاســی کۆنەپارێزیـــدا پێــشینەی هەیــە. بەگــشتی کۆنــەپارێزان پەیامــە دیموکراتیەکانیان وەکو کەرەستەیەك بۆ دابینکردنی هێـز و پاراسـتنی زنجیرەیـەك پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەکار هێناوە.

بە گشتی کۆنەپارێزان بۆ دژایـەتی لەگـەڵ کلتـوری ڕۆشـنگەری و نوێگـەری، لـە ناکۆکی لەگەڵ عەقلگەرایی و لیبرالیزم سەریهەڵداوە، هـەروەها لـە بەرامبـەر بیری ئـازادی و یەکـسانی کۆمەڵایـەتی و دیمـوکراتی ڕووبـەڕو بونەتـەوە و بـەرگرییان لـەداب و نـەریت و سـوننەت گـەلێکی سیـستەمی کـۆن کـردووە. ئامـانجی سـەرەکی کۆنــەپارێزان ڕێگــری لــە گۆڕانکــاری نــەخوازراو یــان لانیکــەم ســنووردارکردنی ئــازادیو یەکــسانی کۆمەڵایــەتی بــوو. ئــەوان کۆمەڵگــە بــە فــاکتێکی روحــانیو جومگــەدار و پێکــەوە بەســتراو دەزانــن کــە هــەر جــۆرە بەرنامەرێــژی و دەسوەردانێك- شـکان و بـەڵا بـۆ ئـەو پەیکـەرە پاکـە دەهێنێـت. کۆنـەپارێزان لـە پەرداخ کردنی هزر لـە چوارچێوەیەکی میتـۆدی گـشتی خۆیـان پاراسـتووە. بـەڵام بەگشتی دەکرێ تایبەتمەندیە زەقەکانی ئایدۆلۆژی کۆنەپارێزی بەم شـێوەیە بـاس بکەین- سوننەتگەرایی- کۆنخوازی- ڕێز بو مەزهـەب و خاوەنـداریێتی-جـەخت لەسـەر فەزڵ دانان بۆ ئەخلاقی سوننەتی- باوکسالاری کۆمەڵایەتی و سیاسی-نوخبـە گـەری- دژایەتی لەگەڵ داهێنان و نوێگەری و بـیری نـوێ-جگـە لەمـەش کۆنـەپارێزی لەگـەڵ ڕۆمــانتیزم-ناســیۆنالیزم-مەزهــەب-نوخبــە گــەری و فاشــیزم تێکــەڵی هەیــە. لــە بەرامبـەردا لـە هـەموو مەیلگـەلێکی هـزری نوێگـەری، لـە دیموکراسـی و لیبرالیـزم کەڵکی وەرگرتووە ئەو کاتەی ئەنارشیزم و سۆسیالیزم لە دژی بووە.





## جۆرەکان و قۆناغەکانی ئایدۆلوژیای کۆنە پارێزی

ئایـدۆلۆژیای کۆنـەپارێزی سـەرەڕای پاراسـتنی بنـەما و تێڕوانینـە گـشتیەکانی خـۆی، بـەڵام بـە تێپـەڕینی رۆژگـار گـۆڕانی بەسـەر داهـاتووەوە دەنـگ و ڕەنگـی جۆراوجۆری پەیدا کردووە. بـە شـێوەیەکی گـشتی ئـەم ئایدۆلۆژیایـە سـێ قۆنـاغی مێژوویی یان سێ فۆڕمی سەرەکی هەیە:

**یەکەم:** کۆنەپارێزی لیبڕاڵ کە لە سەردەمی برەوی لیبرالیزمـدا بـەرەو پێـشەوە چـــوو، لـــە جەختکردنـــەوە لەســـەر خاوەنـــدارێتی زەوی و زار و باوکـــسالاری کۆمەڵایەتی و سیاسی هاتە دواوە و، بنەمای ئابوری لیبرالیزمی قبوڵ کرد.

**دووەم:** کۆنـــەپارێزی باوکـــسالارانە کـــە بـــە ســـەرهەڵدانی دەوڵەتگـــەلێکی دەستێوەردەرو قـەیراناوی لـە ئـابوری بـازاڕدا جارێکی تـر لـە بنـەمای باوکسالاری دێرینە پاشگەز بویەوە و پشتیوانی لە دەوڵەتی سەراپاگیر کرد.

**سێ یەم:** کۆنەپارێزی نوێ کە دووبارە گەڕانەوە بۆ بنەمای ئابوری ئازاد و لەگەڵ لیبرالیزمی نوێ تێکەڵەیەکی تازەی بەناوی ڕاستڕەوی نوێ بەدی هێنا . بەدڵنیاییەوە ئایدۆلۆژیە سیاسیەکان بە تایبەت لە کاتی پێشکەش بوندا پاکێتی و ناوەڕۆکی خۆی لە دەستدەدات و جارێکی تر لایەنگەرییە فکرییەکان لەخۆدەگرێ.

بنچینەی کۆنەپارێزی لیبڕاڵ سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ڕوانگـەکانی ئەدمۆنـد برك ئەگەرچی ئەو بەرگری لە سـوننەت دەکـرد لـە بەرامبـەر شـۆڕش و نوێگـەری بەڵام ئەو خوازیـاری ئـابوری بـازاڕی ئـازادو دەسـتوەرنەدانی دەوڵـەت بـوو لـە ڕوی ئابوریـەوە . لـە دیـدگای ئـەم نەوەیـە لـە کۆنـەپارێزان کۆمەڵگـە کۆمـەڵێك تـاکی

بەرژەوەندخواز بوو، بازاڕی ئازادیش دادپەروەری سروشتی بەرجەستە دەکرد. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە لە کۆنەپارێزی کە پێشتر پێداگری لە ئایدۆلۆژیای گشتی کۆنەپارێزیو لەسەر هەڵویستی نا عەقلانی مرۆڤ بوو خۆی چاك کرد. ئیتر مرۆڤی وەکو بونەوەرێك ناساند کە بەرژەوەندیەکانی خۆی دیاریدەکات .

هەڵبەتە دەبێت لەبیرمان بێت کە سیاسەتڕێژی ئابوری بەشێك لە خودی ئایدۆلۆژی کۆنەپارێزی نیە، بەڵکو لە ژێر کاریگەری بارودۆخە کۆمەڵایەتیەکاندا بۆ ئەم شێوەیە گۆڕاوە. بە پێچەوانەوە پاراستن یان ژیاندنەوەی سوننەت و مەزهەب و جەختکردنەوە لەسەر ئەخلاقی سوننەتی و بایەخی خێزانی هەمیشە بە بنەمای ئایدۆلۆژیای کۆنەپارێزی دانراوە. لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین کە لە ڕوانگەی کۆنەپارێزی دا تێڕوانینی ئابوریانە سیاسەتێکی نا پەسەند بووە.

لە کۆنەپارێزی باوکسالارانەدا، کۆمەڵگە بە گشتێکی جومگەدار وێنا دەکرێ کە تاك و ماف تاکی لەوێدا مانا پەیدا دەکات. لەم ڕوانگەیەدا بەرژەوەندی گشتی- ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و ئابوری دەوڵەت –چاودێری کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی هەر وەها زنجیرەی پلە و ئاست زیاتر دوپات دەبێتەوە هەروەها ئەم جۆرە کۆنەپارێزییە نوخبەگەراتر و دۆستتر بە خانە دانەکانە. باوکسالاری کۆنەپارێزی کۆن لەگەڵ بنەمای ئابوری و ئیرشادیو دەوڵەتی خۆشگوزەراندا تێکەڵ دەبێت. لە لایەنگرانی کۆنی ئەم ڕوانگەیە دەبێت سامیۆئیل کولریج بە نمونە بهێنینەوە کە لە کتێبێکدا بە ناوی(لە بەردەم بونیادی کڵێسا و دەوڵەتدا (on the constitution of the church and state) (١٨٣٠) بەر گری لە دووبارە بونەوەی زنجیرەی پلە و پایەی کۆمەڵایەتی بەر لە شۆڕشی پێشەسازی دەکرد و ڕوانینێکی دژ بە بازرگانی هەیە . هەروەها بنجامین دیزرلی سەرۆك وەزیری کۆنەپارێزی بریتانیا





لە سەدەی نۆزدەدا، ئەو لایەنگری ئەوە بوو کەدەبێت دەوڵەت پشتیوانی لە چینی هەژاران بکات. هەروەها باوەڕی وابوو کە کۆمەڵگای بریتانی بە هۆی هەژاری مەودای چینایەتییە وە بەسەر دوو گەلدا دابەش بووە و ئامانجی پارتی کۆنەپارێز دروستکردنی یەك گەللە لە ڕێگەی پشتیوانی و یارمەتیدان بە هەژاران .

لە سەدەی بیستدا هارۆڵد ماك میلان(Harold mc millan) کە دواتر لە پارتی کۆنەپارێز سەرۆك وەزیری بەریتانیا بوو لە کتێبێکدا لەژێر ناوی(میانڕەوی the middle way) بنەماکانی کۆنەپارێزی بەستەوە بە ئەندێشەی دەستوەردانی دەوڵەت لەبواری ئابورییداو بەرگری لە میانڕەوی ئابوری ئازاد سۆسیالیزم کرد بە شێوەیەکی گشتی کۆنەپارێزان لە نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەمدا لە ژێر گوشاری رادیکالێزم و سۆسیالیزم و ئابوری کینزی لایەنگر بە پاراستنی ڕۆڵی باوکسالارانەی دەوڵەت رازی بوون . لە پاش ئەوە تا دەیەی ١٩٧٠ جەخت کردنەوە لە سەر بەرپرسیارێتی حکومەت لە دابینکردنی خۆش گوزەرانی بەشێك بوو لە بنەمای ئەندێشەی کۆنەپارێزی.

ئانتۆنی ئیدێن(Anthony Eden) (١٨٩٧-١٩٧٧) وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە هەمان سەردەمدا ڕایگەیاند کە((ئێمەی کۆنەپارێزان ڕۆڵەی سیاسی قوتابخانەی (لسێفەر) نین بەڵکو هەمیشە دژایەتیمان کردووە))[٨] . پارتی کۆنەپارێزی بەریتانیاش سیستەمی دەوڵەتی بە پارێزەری خۆشگوزەرانی دانا و جێگرە سیاسیەکان و میتۆدە کینزییەکانی پەسەند کرد و پەیڕەوی لێکرد. تەنانەت کۆنەپارێزانی بەریتانی ئەنجومەنێکیان بە ناوی (ئەنجومەنی گەشەی ئابوری national council for economic development) دامەزراند بۆ گەڵاڵە کردن و بەشداری دەوڵەت لە بواری ئابوریدا، زۆر بەڵگەیان هێناوە کە

کۆنەپارێزی هەمیشە ڕوانگەیەکی لەم چەشنەی هەبووەو ڕازی بووە بە ڕۆڵی گرنگ و تایبەتی دەوڵەت. هەڵبەتە ئەم گوتەیە بە یەك واتا بە تەواوی ڕاستە چونکە ئابوری ئازاد تەنانەت بە شێوەی کۆنەپارێزانەش هەمیشە پێویستی بە دەوڵەت هەبووە بۆ دابینکردنی ئاسایش و یاسا. بەم پێیە ئایدۆلۆژیای کۆنەپارێزی لە کرداردا مەیلێکی کینزییانەی هەبوو لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی- دابینکردنی کارو خزمەتگوزاری، دڵنیایی لەسەر پرۆسەگەلێکی گەورەی ئابوری بەرگرییان دەکرد و دژی بە مەدەنیکردن و خاوەنداریێتی تایبەتو دابەشکردنەوەی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بوون ، هەر وەکو پێشینەکانی خۆیان جەختیان دەکردەوە لەسەر ڕەوتی قەبوڵ نەکردنو خواستە نایەکسانیە کۆمەڵایەتیەکانیان.

لە دەی ١٩٧٠ ئایدۆلۆژیای کۆنەپارێزی گۆڕانی بەسەر داهات بە دەرکەوتنی چەق بەستنو هەڵاوسان لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکاندا، لە دژی کاریگەری سیاسەتەکانی کینزی و دەوڵەتی خۆشگوزەران ڕەتدانەوە سەریهەڵدا . لە کاردانەوەدا بەرامبەر بەم گۆڕانە، کۆنەپارێزان دیسان گەڕانەوە بۆ بنەماکانی سیستەمی بازاڕی ئازاد . تاچرسیم لە بەریتانیا نمونەیەکی بەرجەستەی ئەم گەڕانەوەیە بوو. دروشمی سەرەکی کۆنەپارێزانی تازە بازاڕی ئازاد و دەوڵەتی بەهێز بوو. ئەوان بەڵگەیان دەهێنایەوە کە هۆکاری سەرەکی قەیرانی ئابوری هەر ئەو دەستێوەردانەی دەوڵەت بووە لە بواری ئابوریدا. هەر وەکو هۆکاری کەم بونەوەی پاڵنەر بۆ سەرمایە گوزاری و زۆر بوونی کەمتەرخەمی ڕێکخراوە کریکاریەکانیش بووە. لەم ڕوانگەیەدا تاقەکاری تایبەت بە ئابوری دەوڵەت دەبێت پاراستنی بایەخی پارە و چاودێری لەسەر توانای ئەوان بۆ ڕێگری لە هەڵاوسان بێت. بەڕای کۆنەپارێزانی نوێ گەشە و خۆشگوزەرانی ئابوری



پەیوەستی نابەرامبەری کۆمەڵایەتیە و نابێت ترس و نیگەرانی لەم بارەیەوە هەبێت . هەروەها بەڕای ئەوان دەستێوەردانی زۆری حکومەت لە ئابوریدا دەبێتە هۆی لاواز بونی کەسایەتی ئەخلاقی خەڵك و ئازادیشیان لێ بەرتەسك دەکاتەوە. ئەندێشەی ڕاستەقینەی کۆنەپارێزانی نوێ ئۆتۆنۆمی و تایبەتی سازیو بچوك کردنەوەی دەوڵەت بووە.

هەندی لە چاودێران لە نێوان کۆنەپارێزانی نوێ و لیبرالیزمی نوێ جیاوازییەکی وەها نابینن. ئەندێشە نوێیەکانی هەندێ لە کۆنەپارێزانی وەکو کەسانێکی وەکو مارگارت تاچی لە ڕاستیدا گەرانەوەیەکە بۆ لیبرالیزمی سەدەی نۆزدە. لە ڕوی شێوەوە ئەگەر کۆنەپارێزی بە واتای سوننەت گەرایی و گەڕانەوە بۆ ڕابوردوو بزانین بەو شێوەیە هەروەکو کە ئەدمۆند برك دەگەڕایەوە بۆ سیستەمی پێش شۆڕشی فەڕەنسا کۆنەپارێزانی نوێش دەگەڕێنەوە بۆ سیستەمی پێش کینز. بەڵام لە روی چیەتیەوە ئەم سیستەمە بێجگە لە جێبەجێکردنی ئامانجەکانی لیبرالیزم شتێکی تر نەبوو . لێرەدایە کە کۆنەپارێزی نوێ تێکەڵ بە لیبرالیزم دەبێت. بە گشتی لەوانەیە ناوەڕۆکی هەر ئایدۆلۆژیایەك، بێ گۆڕانی ناوی ئەو ، بگۆڕێ . هەروەها دەکرێت ناوی ئایدۆلۆژیاکان بگۆڕێ، بێ گۆڕانی ناوەڕۆکیان. بە هەرحاڵ، کۆنەپارێزانی نوێ هەر وەکو لیبرالیزمە نوێیەکان جەخت لەسەر تاکگەری و ئازادی و حکومەتی بچوك دەکەنەوە. هەر دوو گروپ لە ڕاستیدا پەیڕەوی لە باوەڕی بیرمەندانی وەکو فریدریش هایك و میلتۆن فریدمەن بون. سەرەڕای ئەوە لە ڕۆژئاوادا جیا کردنەوەی کۆنەپارێزی نوێ لە لیبرالیزمی نوێ کێشە و گرفتی زۆری ناوەتەوە.

بنەمای ئەم گرفتانەش ئەوەیە ئەگەر بڕیار بێت کۆنەپارێزی نوێ بنەمای

کۆنەپارێزی بپارێزێت دەبێت جەخت لەسەر ئەندێشەی باوکسالاری کۆمەڵایەتی کۆن بکاتەوە و نەکەوێتە داوی بۆچونە دژەکانی حوکمەتی لیبراڵەوە. بەڵام ڕاستیەکەی ئەوەیە کە کۆنەپارێزی نوێ تێکەڵەیەکە لە بڕێک چەمکی کۆنەپارێزی سوننەتی وەکو (حوکمەتی بەهێز و جەخت لەسەر سیستەمی یاسا) و بنەماکانی ئابوری بازاڕی ئازاد. ئایدۆلۆژیای کۆنەپارێزی هاوچەرخ لە ڕۆژئاوادا دوو باڵی لێ دروستبوو. یەکیان باڵی لایەنگرانی سیاسەتی کینزی کۆن یان باوکسالاری کۆنەپارێزانە;ئەوی تریان باڵی لایەنگری حکومەتی بچوك وسیاسەتی دەستوەردان لە(پارەتەوەری- monetarism ).

بە شێوەیەکی گشتی کۆنەپارێزی نوێ و لبرالیزمی نوێ لێکچون و جیاوازی زۆریان لەگەڵ یەکتر هەیە:هەردوکیان کاردانەوەیان بەرامبەر ئابوری کینزی و حکومەتی خۆشگوزەرانی و بەرزبونەوەی دەسەڵاتی سەندیکا کرێکاریەکان هەبووە، بەڵام کۆنەپارێزانی نوێ لەهەمانکاتدا بەرامبەر فەرهەنگ و شێوەی ژیانی برەوپێدراو لە رۆژئاوا پەرچەکرداری ئەخلاقی دەنوێنن و نیگەرانن لە بێنەزمی کۆمەڵایەتیو بێباکی ئەخلاقیو لاوازکردنی دامەزراوە خێزانی و ئایینیەکان. هەروەها ئەوان بە پێچەوانەی لیبرالیزمە نوێیەکان گرنگی زۆر دەدەن بە سیستەم و ئاسایش و جێگیریی سیاسی. لە ڕوانگەی ئەواندا بازاڕی ئازاد پێویستی بە حوکمەتیش هەیە.

## کۆنە پارێزی نوێ و راستڕەوی نوێ

لە دنیای سیاسەت و حوکمەت و وڵاتانی رۆژئاواییدا لە کۆتاییەکانی دەیەی سەدەی بیستەم چەند باڵێك لە لیبرالیزم و کۆنەپارێزان یەکیان گرت و لە ئەنجامدا ڕاستڕەوی نوێ سەریهەڵدا. لە دەیەی ١٩٨٠ زۆر لە وڵاتانی رۆژئاوا لە





کاردانەوەدا بەرامبەر قەیرانی ئابوری دەیەی ١٩٧٠ بە واز هێنان لە سیاسەتەکانی کینزی بەرەو لای ڕاستڕەوەکان بزوان.

ڕاستڕەوی نوێ، رادیکالیزمێکی ڕاستڕەوانە و هێرش بەرانەیە کە خۆی لە لیبرالیزم و کۆنەپارێزییەوە هەڵدەگوێزێت، لە ڕواڵەتیش دا هەڵوێستی لیبرالیزمە نوێیەکان و کۆنەپارێزانی نوێ بەکار دەهێنێت. لە بەریتانیا تاچریسم سیاسەتە لیبراڵەکانی هەر وەکو تایبەتمەندکردن و کەمی خەرجیە حکومیەکان و لاواز کردنی ڕێخراوە کرێکاریەکان لەگەڵ سیاسەتی کۆنەپارێزانەی وەکو ناسیونالیزمی زیادەڕەو، چالاککردنی کۆچکردن ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵایەتی تێکەڵ کرد. (پۆپۆلیزم -populism) ی تاچری تیکەڵەیەکی دەوڵەمەندە، هەروەها بنەما ئۆرگانیەکانی کۆنەپارێزی واتە گەل ، خێزان، وەزیفە، توانا، پێوەرە ئەخلاقیەکان و سوننەتگەرایی، لەگەڵ بنەما هێرش ئاساکانی لیبرالیزمە نوێیەکان، واتە بەرژەوەندی و تاکگەری ململانێیی و دژایەتی لەگەڵ حکومەت بە یەکتر ئاوێتە دەکات [١٩] ناوی ڕاستڕەوی نوێ بەتایبەت دەربارەی سیاسەتەکانی حزبی کۆنەپارێزی بەریتانیا لەسەردەمی تاچر و حزبی کۆماری خوازی ئەمریکا لە سەردەمی ریگاندا بەکارهێنراوە. بەشێوەیەکی گشتی(راستڕەوی نوێ) لە ڕووی سیاسی و ئابوریەوە لیبراڵە، واتە جەختدەکاتەوە لەسەر ئازادی ئابوری، کەمی دارایی، بازاڕی ئازاد و حکومەتی سنوردار، بەڵام لە ڕوانگەی ئەخلاقی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیەوە کۆنەپارێزەو بەرگری دەکات لە مانەوەی نایەکسانییە سروشتیەکان و رێگرتن لە فراوانبونی مافە کۆمەڵایەتیەکان، حکومەتی بەهێز، بنەمای مەزهەبی، خێزان بە مانای بنەڕەتی کۆمەڵگا، و لاوازکردنی یەکێتیە کرێکاریەکان. لە ڕوی کۆمەڵایەتیشەوە دژایەتی لەگەڵ کاری ژنان و ئازادییە سێکسیەکان و بزاوتە فیمنستیەکان دەکات. ڕاستڕەوی نوێ کاتێك



هەواڵنامەی کتێب

بەشداری ئابوری و حکومەت جیا دەکاتەوە لە ئازادیەکانی تاك مەیلێکی لیبرالانەی هەیە. بەڵام کاتێك ئەوان بە بەردەوامی دان بە نایەکسانیە سروشتیەکان دا دەنێن دەبنە کۆنەپارێز. لە واقعی ڕاستڕەوی نوێدا حکومەت لە ڕوی ئابوریەوە لاواز دەبێت، بەڵام لەڕوی سیاسیەوە واتە دابینکردنی سیستەم وئاسایشەوە، بەهێز دەبێت. توخمەکانی کۆنەپارێزی و لیبرالیزمی نوێ لە پیکهاتەی ڕاستڕەوی نوێدا لەم خشتەیەی خوارەوەدا ڕون دەبێتەوە[٢٠]

| کۆنەپارێزی نوێ | لیبرالیزمی نوێ |
|---|---|
| کۆمەڵگایەکی جومگەدار | کۆمەڵگەیەکی جومگەدار |
| جەخت لەسەر وەزیفەی تاك | جەخت لەسەر وەزیفەی تاك |
| جەخت لەسەر توانا و ئایین و دەوڵەتی بەهێز | جەخت لەسەر توانا و ئایین و دەوڵەتی بەهێز |
| خێزان و ئەخلاق | خێزان و ئەخلاق |
| ناسیونالیزم | ناسیونالیزم |
| پەیڕەوی مەدەنی لە بازرگانیدا | پەیڕەوی مەدەنی لە بازرگانیدا |
| ئاست بەندی کۆمەڵایەتی | ئاست بەندی کۆمەڵایەتی |
| | تاك گەرایی |
| | جەخت لەسەر ئازادی تاك و ماڤی تاك و بازاڕی |
| | ئازاد |
| | دژایەتی لەگەڵ سیاسەت گەلێکی کیزی |
| | پەیڕەوی نێو نەتەوەیی لە بازرگانیدا |
| | هاوسەنگی کۆمەڵایەتی |



## ڕاستڕەوی نوێ

بزاوتە کۆنەپارێزە نوێکان لە ئەمریکا، کە لەدوای جەنگی جیهانی دووەم سەریانهەڵدا ئاوێتەیی ئەندێشەکانی کۆنەپارێزان و لیبرالەکان بە باشی تیادەر دەکەوێت. ئەم بزاوتە هەمیشە لە حکومەت گەلێکی ویلایەتی لە بەرامبەر حکومەتی فیدراڵ ، لە بازاڕی ئازاد لە بەرامبەر حکومەتی خۆشگوزەران پارێزگاری کردووە. کۆنەپارێزی نوێ لە ئەمریکا لە ڕاستیدا لە هەڵوێست بەرامبەر سیاسەتی نوێ new deal ی فرانك لین ڕۆزۆڵت لە دەیەی ١٩٣٠ دا دەرکەوت، بەڵام لە زەمینەی کێشە ئەخلاقی و فەرهەنگیەکانیشدا هەڵوێستی وەرگرت بە تایبەتی دژی زۆر بونی سکولاریزم و شکستی بەها ئایینیەکان و ئازادی گەلێکی سێکسی ڕووبەڕو بووەوە، گرنگترین دەرکەوتوانی ئەم بزاوتە سیناتۆر جۆزف مەك کارتی(هاوسەردەمی بزاوتی دژە کۆمۆنیستی مەکارتی)، سیناتۆر بری گولدواتر(١٩٠٩) و جۆرج والاس(١٩١٩) بون، هەروەها گۆڤاری ڕیڤیو لە واشنتن زمان حاڵی ئەو بزاوتە بو بزاوتی کۆنەپارێزی نوێ لە ئەمریکا دواجار لە گەڵ باڵی ڕاستی پارتی کۆماریخواز پەیوەندی زیاتر پەیدا کردووە. هەروەها لەگەڵ بزاوتی ڕاستی ئایینی لە ئەمریکا بە سەرۆکایەتی جێری فالول و گروپی باشترین ئەخلاق (moral majority)[٢١] پەیوەندییەکی نزیکی هەبووە.



هەواڵنامەی کتێب

## کۆنە پارێزی و شۆڕشی کۆنە پارێزانە و فاشیزم

ئایدۆلۆژیای کونەپارێزی بە واتای نەریتگەرایی بەپێی ئەو جۆرە نەریتەی کە پەیڕەوی لێدەکرێ شێوە گەلێکی زۆر بەخۆوە دەبینێت (بۆ نمونە نەریتی میللی یان مەزهەبی یان نەتەوەیی) هەروەها بەشێوەی کارکردنی لە ڕەهەندی پاراستنەوە یان زیندوکردنەوەی سوننەتەکان (وەکو شێوەیەکی ئاشتیانە یان شۆڕشگێڕی و توندو تیژانە) هەروەها ڕادەی دوژمنایەتی سیستەمی جێگیر لەگەڵ ئامانجەکانی دا (وەکو دوژمنایەتی سیستەمە سکۆلار و لیبرالەکان بەرامبەر نەریتەکان، لە ئەنجامدا ئەوەی لە ڕۆژئاوا نەریتی کونەپارێزی پێ دەناسرێتەوە گەلێك سەرتر دەچێت هەر وەکو لەوانەیە کۆنەپارێزی میانڕەو بێت(وەکو هەوڵدان بۆ پاراستنی نەریتەکان لە دۆخێکدا کە هێشتا پەرتەوازەییەکی وایان بەسەردا نەهاتووە) و یان توندڕەو(بۆ نمونە لە بارودۆخێکدا کە بەڵایەکی زۆر بەسەر نەریتەکاندا هاتبێ و ژیاندنەوەیان پێویستی بە هەستانەوەی شۆڕشگێڕانە بێت) . کونەپارێزی توندڕەو زیاتر لەشێوەیەکی شۆڕشگێڕانەدا دەردەکەوێت. لێرەوە شۆڕشی کۆنەپارێزانە یان لە بزوتنی چینی باڵا و خانەدان و گروپە تۆکمەکانی بەر لە مۆدێرنیزم و سەرمایەداری سەرچاوە دەگرێ، یان لە بزاوتی چینە مامناوەندەکان‌و خواروی بەر لە سەرمایەداری واتە وردە بۆرژواو و خاوەن کێڵگەکان.

ئایدۆلۆژیا کونەپارێزی باو لە ڕۆژئاوا زیاتر میانڕەو و بێ زیان و پەیوەندیدار بە چینە باڵاکانی کۆمەڵگەی نەریتیەوە بووە.کاتێك ئایدۆلۆژیای کۆنەپارێزی توندڕەو و بوژانەوەخواز و زەبر ئامێز بێت و لەگەڵ خواستەکانی چینی ناوەند و خواروی بەر لە سەرمایەداری پەیوەست بێت، بە شێوەی فاشیزم دەردەکەوێت.





فاشیزم جۆرێك لە کۆنەپارێزییەکە وەکو بزوتنەوەیەکی ڕێکخراوەیی خۆ دەردەخات.بە شێوەیەکی گشتی فاشیزم مەیلێکی گشتی ڕاستی زیادەڕەوە لە سیاسەتدا و خاوەنی ئەم جۆرە تایبەتمەندیانەیە.لە ئەنجامدا کاردانەوەی هەندێك گروپی کۆمەڵگەی سوننەتی، بەتایبەت خانەدان و وردە بۆرژواکان و ئاغاکان لە ژێر گوشارەکانی مۆدێرنێتەو سەرمایەداریدا سەرهەڵدەدات ،هەستێکی دڵتەنگیان بۆ ڕابوردوویەکی ئامانج بوو هەیە بە شێوەیەکی هەستەوەرییانە دژی سەرمایەداری و مۆدیڕنیتە لە نێو چینە نەریتیەکاندا پەرەدەگرێ و بێجگە لە توندوتیژیخوازی و هەستان بە زیادەڕەوی.گۆڕانێکی بنچینەیی لە پێکهاتەی کۆمەڵگادا دروستناکات.بیرمەندان بەم شێوەیە پێناسەی فاشیزمیان کردووە: ئەنجامی غەلو غەشی هزری و هەستی ترس و نائارامی لە چینە نەریتیەکانی کۆمەڵگەو، بەرهەمی داڕوخانی پەیوەندیەکانی کۆمەڵگەی سوننەتی و هەوڵدانە بۆ دروستکردنی هاوپەیوەندی و شوناسی تازە، کاردانەوە لە بەردەم هەڕەشەکانی سەرمایەداری گەورە بۆ سەرمایەداری بچوك و مەترسیەکانی کۆمەڵگەی مۆدێڕن بۆ سەر لایەنی کۆمەڵایەتی خاوەن گوندەکان. فاشیزمیش وەکو مەیلێکی گشتی کۆنەپارێزی ڕوانگەیەکی دژە عەقلی و دژە دیموکراتیك‌و مەیلێکی (نوخبە) گەرایانە و هێزخوازانە و ناسیۆنالیزمی هەیە. مەبەستی ئێمە لەم وێنەیەی فاشیزم ئەوە نیە کە لە بارەی چیەتی ڕژیم گەلێکی فاشیستی،کێشەی جۆراوجۆر و پێگەی فاشیزم، بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری دروستکەری مەیلێکی فاشیستی لە سیاسەتدا و هتد... بدوێین .کە زیاتر لە کۆمەڵناسی سیاسی فاشیزمدا دەردەکەوێت. بەڵکو تەنها دەمانەوێت نەریتی فکری فاشیزم و ڕیشەکانی ئەو و بنەمای جۆرێکی تایبەت لە کۆنەپارێزی ڕون کەینەوە.

ئەوەی دواجار لە حوکمی ئایدۆلۆژی سیاسی فاشیزمدا ڕەنگی دایەوە

بەرهەمی چەند ڕوداوێکی فکری بوو.لەم ڕوانگەوە فاشیزم بە لادانێکی بێ پێشینە ناژمێردرێت ؛بەڵکو لە ڕوداوە فکرییە ڕۆمانتیکیەکان، کونەپارێزانە و دژە عەقلگەراییەك سەرچاوە دەگرێت کە هەمووی لە پەرچەکردارێك دژ بە مۆدێرنیتە و ڕۆشنگەری سەریهەڵدا. ئەم کاردانەوە گشتییە لەگەڵ مێژوو و نەریت و فەرهەنگی چەندین وڵاتی جیاواز تێکەڵاو بوو و دیاردەگەلێکی ئاڵۆزی لێکەوتەوە. بەو شێوەی کە بینیمان خەسڵەتە سەرەکیەکانی ئەم کاردانەوە گشتییە دژ بە تاکگەرایی و عەقلگەرایی و یەکسانی و ئازادی، و بەرگری لە هێزو فەرمانـدەیی و زنجیرەیەك پلە و پایەی کۆمەڵایەتی سوننەتی و باوکسالاری سیاسی و کۆمەڵایەتی بوو، هەروەها ئەندیشەی فاشیزم لەم شۆڕش و کاردانەوە کۆنەپارێزیانەیە لە دژی لیبرالیزم سەرچاوە دەگرێ، کۆنەپارێزی و بە شێوەیەکی گشتی فاشیزم، بەتایبەت لە شوێن دوبارەبونەوەی ئارامی و هاوپەیوەستی نەریتی لەدەستچووە بون. بەم مانایە چوارچێوەگەلێك وەکو ڕەچەڵەك و نەژاد و سوننەتگەلێکی نەتەوەیی و مەزهەبییان پێشنیار کردووە، داریونیزمی کۆمەڵایەتی(social Darwinism) کە لە بارودۆخی هزری کۆنەپارێزی و فاشیزم دایە، بێجگە شێوەی یەکەمی شۆڕش کە بەسەر مۆدێرنیتە و لیبرالیزم دا بوو. کە لە دژی ڕۆشنگەری لەسەر چییەتی تاك بە مانای هەبویەکی غەریزیو نائەقلانی جەختی دەکردەوە. نەژادپەرەستی هەر وەکو چوارچێوەیەك بۆ تازەکردنەوەی هاوپەیوەستی هەندێك لە داروینیزمی کۆمەڵایەتی سەریهەڵداوە. بەم پێیە نەژادپەرەستی هەر وەکو (تاکێتی) بە تاقە ڕۆحێکەوە هاتە پێشەوەو (تلقی شد) جەنگ بە ئاماژەیەکی باشتر پاساوی ڕەگەز پەرەستی دەهێنایەوە. نەژاد پەرەستی جێگای پەیوەندیگەلێکی لە دەستچوی سوننەتی دەگرتەوەو شوناسو ئارامی دەبەخشی، هەر وەکو لە بەرامبەر بە تەرحەکانی مۆدێرنیزم و



لیبرالیزم لە سەدەی هەژدە و نۆزدەدا ئیتر جەختی لەسەر سەرچاوەگەلێکی شوناس بەخشی وەکو زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی و مەزهەب دەکردەوە.

گەڕانەوە بۆ چوارچێوەگەلێکی شوناس بەخشی سنوردارتری وەکو زمان و فەرهەنگی نەتەوەیی و ڕەگەز، هەروەها دەرکەوتنی ئەو بزوتنەوە سیاسیو کۆمەڵایەتیانەی لەسەر ئەو بنەمایانە کاردانەوەیەك بوو بەرامبەر ئەنتەر ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیزم و لیبرالیزمی یەکەم. لە ئەڵمانیا سەدەکانی حەڤدەهەم و هەژدەهەم ،فیختە(Johann gottlieb fichte)(١٨١٤-١٧٦٢) و هێردەر لە هەوێنی ئەندیشەی یەکێتیو باشترینی ڕەگەز بوون، جەختکردنەوە لەسەر کۆمەڵگەیەکی وەکو گشتی و ئەندامی و پەیوەندیدار هەروەها پەرچە کردارێکی تر بوو بەرامبەر مۆدێرنیتە و تاکگەرایی لیبرالیزم. بەم پێیە تاك بە هۆی مەیلێکی زاڵ بۆ مۆدیرنیتە و لیبرالیزم لە شوناسو چوارچێوە سوننەتیەکانی خۆی دەرباز بوو.ئێستاکە لە نەتەوەدا، فەرهەنگی نەتەوەیی و ڕەگەز، کۆمەڵگای ئەندامی و هەروەها حکومەتی بەهێز و باوکسالاری سەرلەنوێ ئارامیو شوناس دروستدەکات.

لە ئیتالیا جیۆڤانی جنتیلە(Giovanni gentile) لەژێر ڕۆشنایی فەلسەفەی مۆدێڕنی هیگل دا حکومەتی وەکو تاقە جەوهەرێکی ڕاستەقینەی لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا وەسف دەکرد، کە هیچ شتێ لە دەرەوەی ئەو واتای نیە، بەڕای ئەو حکومەت دەبێت پەیوەستی و شوناسی لە دەستچوی مرۆڤ بژیێنیەتەوەو بیگەڕێنێتەوە. لە فاشیزمی ئیتالیاش دا لەبەرامبەر بە مەیلگەلێکی ناکۆکخەرەوەی لیبرالیزم و سۆسیالیزم، جەخت لەسەر ئەندیشەی حکومەتی کۆرپۆراتیڤ یەکگرتوانەی ( corporative) دەکرایەوە. لەسەر ئەم بنەمایە کۆمەڵگە و حکومەت دەبێت هەر وەکو پەیکەرێك هەماهەنگ و بێ هیچ

ناکۆکییەک بن، و تەنها لە حکومەتدا تاک مانا و نرخ و گرنگی پەیدا دەکات ،مۆسۆلۆنی دەڵێت(فاشیزم لە حکومەتدا جەخت لەسەرحوکمی واقعی ڕستەقینەی تاک دەکاتەوە)لە روانگەی فاشیزمدا حکومەت ڕەهایە کە لەلای ئەوان تاک و گروپەکان ڕێژەییین‌و تاک و گروپەکان تا ئەوشوێنە هەن کەلە حکومەت دا بن.کاتێک دەڵێین فاشیزم مەبەستمان هەمان حکومەتە (politicalideologies، pp.٢٢٩-٢٣٠)،لە ئەڵمانیا ڕەچەڵەک‌و نەژاد، لە جیاتی حکومەت، گرنکییەکی بنچینەیی هەبوو و پێویستە هاوپەیوەندییەکان‌و شوناسێک کە بەهۆی مۆدێرنیتە و لیبرالیزمەوە لەدەستچوو بوو زیندوکاتەوە.بەم پێیە شوناسی نەتەوەییی یا نەژادی، بەسەر تاک دا یەکەمیەت دروستدەکات. بە گشتی نەتەوەخوازی و نەژادپەرەستی و ناسیۆنالیزم و حکومەت خوازی، بە ڕادەی دروستکردنی چوارچێوەی هیمنایەتی و شوناس و پەیوەستی، لە ئایدۆلۆژیای کۆنەپارێزی و فاشستی دا، کاردانەوە گەلێکی یەکسانی بەرامبەر تاکگەرایی‌و لیبرالیزم‌و نەریتی ڕۆشنگەری بووە. مۆسۆلۆنی دەڵێت(ئێمە لایەنگری دژایەتییەکی تەواوین لەگەڵ جیهانێک کە لەسەر هاوڕایی بنەماکانی شۆڕشی فەرەنسە ١٧٩٨ کار دەکات) ibid p.٢٨٤ یا گوبلز وتەبێژی سەرەکی دەزگای ڕاگەیاندنی هیتلەر،دەڵێت(بەم هۆیەوە ساڵی ١٧٩٨ لە لاپەڕەی مێژوودا دەسڕێتەوە ) ibid p.٢٣٤.

بێگومان لێکچونی بۆچونی فاشستەکان لەگەڵ تێڕوانینەکانی ئەدمۆندبرک لە دژایەتی لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسە، وەکو بینیمان ڕێکەوت نیە. هەموو جۆرەکانی کۆنەپارێزی و فاشیزم یەک شەجەرەنامەیان هەیە، دروستبونی پەیوەستەگی، کە ئامانجی سەرەکی کۆنەپارێزی بەگشتی‌و لە فاشیزم دا بە جۆرێکی تایبەت ،پێویستییەکی توخمەکانی ڕابەری بووە. ئەندیشەی ڕابەرانی هەڵبژێردراو لە



هەمو شوێنێکدا بەشێک لە تێڕامانی کۆنەپارێزی بە تایبەت کۆنەپارێزی شۆڕشگێری بووە. فاشیستەکان بۆ گرنگیدان بەم ئەندێشەیە خەریکی خۆ پسپۆڕی بون لە هزری نیچە و داروین دا.ئەندێشەی هەڵبژێردراوانی غەریزی و سروشتی لە تیۆرەکانی کەسانێکی وەکو ڤیلفردو پاریتۆ( vilfredo pareto) (١٨٤٨-١٩٢٣) بۆ ڕەتکردنەوەی ئەگەری لیبرالیزم و دیموکراسی چونە خزمەتی فاشستەکانەوە.هەروەها ئەندێشەی ناعەقڵانی کۆمەڵان لەلای کەسانێکی وەکو گۆستا و لۆبن پاکانەیەکی خستە دەستی هەژمونگەراکان. بەشێوەیەکی گشتی بارودۆخی هزری دژ بە عەقڵگەراییەک کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەدا گروپێک لە ئەندێشمەندان پێکیانهێنا نەریتێکی دێرینی کۆنەپارێزییەکی زیادەڕەو و بەرهەڵستکاری دروست کرد.بەم پێیە بۆ پاڵپشتی فکری فاشیزم، بە واتای کۆنەپارێزی بەرهەڵستخواز.دەبێت لە شەپۆلی هزری ڕۆمانتیک‌و نوخبەگەراو داروینستی و دژی عەقڵی سەدەی هەژدە و نۆزدەدا بگەڕێین کە هەموی کاردانەوەگەلێکی جیاواز و ئاڵۆز لە بەرامبەر وێرانبونی جیهانی کۆن لە پرۆسەی نوێگەریدا بوو.

پێگەی کۆمەڵایەتی بزوتنەوە فاشستیەکانیش دیسان چیەتی کۆنەپارێزانەی فاشیزمی دەنوانێدەوە.بە شێوەیەکی گشتی، بە پێی لێکۆڵینەوە جیاوازەکان، فاشیزم بزاڤێکی ڕاستی زیادەڕەوە کە لەسەر هەڵویستە چینایەتیەکانی بەر لە سەرمایەداری ڕاوەستا بوو بەتایبەت وردە بۆرژوا و خاوەن گوند و بنە ماڵەکان، لە هەموو شوێنێکیش دا بەڵێنی گەڕانەوەی ئارامیەکی دەدا کە وون ببوو. ڕەوتی پێشەسازی بون و گەشەی سەرمایەداری مۆدێرن لە هەمو جێیەکدا زیانی بە چینەکانی بەر لە سەرمایەداری دەگەیاند. بەم شێوەیە فاشیزم بزاڤێکی بەڵادیدە لە دەستی مۆدێرنیزم و مۆدێرنیتە بوو.



هەواڵنامەی کتێب

ئایدۆلۆژیای فاشیزم لە هەمو جێیەکدا ڕەنگدانەوەی ترس و نائارامی چینە زیان لێکەوتووەکان بووە، هەروەها نمایندەو ترکیبی لە ئامانجە بنەماڵەیی و کوێخا و وردە بورژواکان بوو.ترس لە جیهانی نوێ‌و داڕوخانی پاڵپشتە سوننەتیەکان کاردانەوەیەکی وەحشەتناکی هەڵگیرساند، لە ئاکامدا جەخت لەسەر هیدایەت، گوێڕایەڵی، پاراستن و زنجیرەی پلە و پایە لە بەرچاو دەگرن[١] بە شێوەیەکی گشتی تایبەتمەندیە سەرەکیەکیانی ئایدۆلۆژیای فاشیزم بەم شێوەیە بووە، جەختکردنەوە لەسەر پێویستی پەیوەستی‌و شوناس لە چوارچێوەیەکی وەکو نەتەوە و نەژاد، حکومەت هەروەها مەزهەب، پیرۆز ڕاگرتنی ڕابردوو و نەریت.جەخت لەسەر ڕابەری و هێزی ڕەها و نوخبەگەرایی، دژایەتی لەگەڵ تاکگەرایی و عەقڵگەرایی و دیموکراسی و سوسیالیزم ،جەخت لەسەر یاسای گشتی سروشتی یا مێژوویی بە مانای یاسای بنەڕەتی و سەرەکی.

تایبەتمەندیە ناوەندیەکانی فاشیزم، بە واتای بزاڤی کۆمەڵایەتی هەروەها حکومەت،(هەر وەکو ئیمپریالیزم، تیرۆر یەك ئایدۆلۆژی،جەنگ خوازیاری و ئێرەیی) لەم تایبەتمەندیە سەرەکیانەوە سەردەردێنێ.لە بنچینەدا شۆڕشی کۆنەپارێزانە بەڕادەی مەیلی گشتی لە سیاسەتدا کە بە تەواوی دەبێتە فاشیزمیش، کاردانەوەیەك لەسەر ترس بەرانبەر مۆدێرنیتەو ئازادیەکانی ئەوانە، لەم رووەوە لە ڕواڵەت و ڕەوتەکاندا توندڕەو و بەرهەڵستکار و تەنانەت یۆتۆپیاییە. شۆڕشی کۆنەپارێزانە جۆرێك بریندار بوو ترسناك‌و هێرشبەرانەی کۆنەپارێزییە.

لە کۆتایی دا دەربارەی لێکچون و جیاوازیەکانی کۆنەپارێزی و فاشیزم دەبێت





بڵێین کە یەکەم، بزوتنەوە فاشستەکان لەهەمو شوێنێکدا سەبارەت بە پاراستنی هێزەکانی کۆنەپارێز، واتە خاوەن زەوی و کەنیسە و سوپا خۆی بینیوەتەوە و هەر ئەم هێزانە لە بەدیهێنانی زەمینەی پیرۆزی فاشیزم دا زۆر کاریگەر بون دووەم ئەوەی لە پێناسەی کۆنەپارێزیدا گوتمان سەبارەت بە فاشیزمیش هەر ڕاستە، بەم مانایە کە فاشیزمیش لە بنچینەدا مەیلێکی دژە مودێرنیزم و پشت بەستو بە پاراستنی چینە سوننەتیەکانی پێش سەرمایەداری بوو، سێیەم هەردووکیان ئامانجگەلێکی دەسەڵاتخوازانە و نوخبەگەرانە و دژە دیموکراتیکیان هەیە، بەڵام لە لایەکی ترەوە، فاشیزم بە مانای بزوتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی زۆر ئاڵۆزتر لە کۆنەپارێزی بەواتایەکی باوەکەی بووە: یەکیان مەیلی کۆنەپارێزانە و خانەدانی و کڵێسایی، ئەویتریان مەیلی ڕادیکاڵانەی وردە بۆرژوایی‌و دژە سەرمایەدارانە.حەرەکەتی فاشیزم هەم نوخبەگەرایی و هەژمونگەرایی و سوننەت گەرایی و خانەدان و کڵێسای دەردەخست هەم خواستەکانی دژە سەرمایەداری وردە بۆرژواکان و خاوەن کیلگەکان.[٢]

ئیتر ئەوە کە کۆنەپارێزی بە مانایەکی دیاریکراو ئەوەیە کە بە دوای پاراستنی شوناس و سوننەتەکانی ڕابردووەوە بووە،لە کاتێك دا کە فاشیزم بە ڕادەی کۆنەپارێزی بریندار و پەلامار دەر،لە ڕوبەڕو بونەوەی بارودۆخی شێوەگەلێکی تازەدا بووە، وەکو نەژاد وحکومەتی کۆپۆرانیزم، بۆ دروستکردنی پەیوەندیداری لە جۆرێکی تازەدا، بەم شێوەیە فاشیزم هێرش دەکاتە سەر بنەماکانی تازەگەری. بەڵام بە پێدانی هەندێ ئیمتیازی ڕوکەش دەریدەخات کە بە پێویستی یەکانی سەردەمی مۆدێڕن هەستاوە، بۆ وێنە بە هەمان هۆ لەژێر کاریگەری فراوانبونی بزوتنەوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لە سەردەمی مۆدێرندا کۆنەپەرەستی و کۆنەپارێزی دروستکرد و بە شێوەی بزاڤێکی



هەواڵنامەی کتێب

جەماوەری خستیەڕوو ، لەم ڕووەدا ڕەنگە بتوانین بڵێین کە فاشیزم دوو ڕوی هەیە: یەکیان سوننەتی کە ناوەڕۆکی هزری و فەرهەنگی ئەوە پێکدەهێنێت، ئەوی تریشیان مۆدێرن، کە بە قبولکردنی پەیکەری مۆدێرنیزم و جەختکردن لەسەر چەند ووتەزایەکی وەکو بەرنامەڕێژی و گەشەی هونەری لەگەڵ جیهانێکی نوێ سازش دەکات.لەگەڵ هەموو ئەمەدا، نابێت پەیوەندییە قوڵەکانی نێوان فاشیزم و سوننەتی کۆنەپارێزی بخەینە لاوە.زۆرێك لە نوسەران، کە گرنگیان بە رەهەندی کۆمەڵایەتی ئەندێشە سیاسیەکان لە رۆژئاوا نەداوە، پەیوەندی قوڵی نێوان کۆنەپارێزی و فاشیزمیان لە بەرچاو نەگرتووە.

بەو شێوەیە کە گوتمان لە نێوان کۆنەپارێزی و مەزهەب دا پەیوەندییەکی پتەو هەیە، بەڵام ئەو پەیوەندییەی نیوان کۆنەپارێزی بە واتای ئایدۆلۆژی یان وشیاری سیاسیو بونیادگەرایی مەزهەبی ڕەهەندێکی نوێ پەیدا دەکات .بونیادگەرایی بە واتای کۆشش بۆ زیندوکردنەوەی بەها مەزهەبیەکان، لە بەرامبەر ئایدۆلۆژیا و ئامانجەکانی مۆدێڕن، پەرچەکردارێکی گشتی و سەرانسەری لە سەدەی بیستەم دا بووە و لە فەرهەنگ گەلێکی مەزهەبی جۆراوجۆردا بە دیار کەوتووە. نوسەرێك لە پێناسەی بونیادگەرایی مەزهەبی دا دەڵێت (ئەوان تێدە کۆشن ئەوەی کە لەمێژووی ڕابردویاندا بەنرخ بووە زیندویبکەنەوە تا لە ڕوی نەخوازراوی سەردەمی نوێدا ڕایگرن).[٣]

بەم شێوەیە بونیادگەرایی مەزهەبی، وەکو مەیلێکی گشتی کۆنەپارێزی، شۆڕشێك بووە بەسەر مۆدێرنیتە و میراتی ڕۆشنگەری ڕۆژئاوادا، بونیادگەرایان لە هەمو مەزهەبێك دا تێدەکۆشن بە دووبارە کردنەوەی ڕونکردنەوە ڕەهاکان لە بەرامبەر ڕێژەگەرایی سەردەمی مۆدێرن هەستنەوە. بونیادگەرایی دژی



بنەماکانی مۆدێرنیتە بووە (واتە تاکگرایی، عەقلگەرایی، دنیاگەرایی، ئازادی، ئاسانکاری و تساهل، دیموکراسی، فرەگەرایی، مرۆڤ تەوەری، ڕێژەگەرایی) هەروەها لە گۆڕانی لە مەیلگەلێکی ڕۆمانتیکی ناعەقڵانی، ڕەهاروانی بەهایی، کۆگەری(لە بەرامبەر تاکگەری) ،نوخبەگەری(و شێوە جیاوازەکانی ئەوان)،ڕێکخستنی مەزهەب و سیاسەت، ئۆرگانیزەکردنی کۆمەڵایەتی، دەسەڵاتخوازی، تەوق (حصر)ی فەرهەنگی،و ئەخلاقی نوێ، لە کۆمەڵگەدا بەرگریکردووە.


بەم شێوەیە بونیادگەرایی مەزهەبی بەشێك لە ڕوداوە گشتییەکانی دژی ڕۆشنگەرییە کە لە دۆخێکی مێژوویی تایبەتدا وەکو شۆڕشێکی کۆنەپارێزانە یا ڕادیکالیزمی راستیگەرایانە دەرکەوتووە و تەنانەت کاتێ لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەلگا ئامانجە تایبەتمەندییەکانی خوی وێنە کردووە. بونیادگەرایی لە بەرامبەر ئامانجەکانی شاری مۆدێرنیتەدا وێنەیەکی تریان بۆ کۆمەڵکە پێشکەشکردووە، کە تیایدا پێشینەی دینی ئاینگەلێکی ئارام بەخش و وەفادارە گروپیەکانی بەیەکتر تێکەڵ دەکا ( ibid p.١٨- بونیادگەرایی مەزهەبی لەسەر ئامانجەکانی ڕابردوو و خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەك لە کتێبە پیرۆزەکان —ibid p.١٥) و ناساندنی مێژوو بەپێی پێویستییە بەردەوامەکانی خۆی راگرتووە. کەواتە نابێت بونیادگەرایی لەگەڵ ئارەزوو بۆنە نەریتە کۆنەکان یەکسان بکەین. بونیادگەرایی کاردانەوەیەکە بەرامبەر جیهانی نوێ ،و هەر لەبەر ئەم هۆیە کاریگەری لەو وەردەگرێت. بونیادگەرایی مەزهەب بێگومان بەرلە سەردەمی مۆدێرن نەبوون لەم رووەوە بەرهەمی مۆدێرنیتە و مۆدێڕنیزمە هەر چەندە بۆ دژایەتی لەگەڵ ئەوان سەریهەڵداوە. بونیادگەرایی تێکەڵەیەکە ئاڵۆز،چونکە پێشوازی لە داهێنان لە بوارەکانی ئابوری و هونەردا دەکات. بەڵام مەیلی کەرەستەیی بۆ مۆدێرنیتە هەیە و بنەماکانی بەها

فەرهەنگی یەکانی ئەو ڕەتدەکاتەوە ، بە وتەیەکی تر، بونیادگەرایی هەیکەلی مۆدێرنیتە قبوڵ دەکات، بەڵام لە ڕۆحی ئەوان ڕادەگات، بنەما و تەکنۆلۆژی قبوڵە، بەڵام لە فەرهەنگ و ئایدۆلۆژیاکەی دەترسێ، پێستی مۆدێرنیتە وەردەگرێ، بەڵام مێشکی رەتدەکاتەوە. کەواتە بونیادگەرایی بە وتەیەکی ڕاست سوننەتگەرایی سەردەمی مۆدێرنە.

بونیادگەرایی مەزهەبی بزوتنەوەیەکی زیادەڕەو بووە. وشەی بونیادگەرایی یەکەمجار لە سەرەتای سەدەی بیستەم دەربارەی هەندێ گروپگەلی زیادەڕەوی برۆتستان مەزهەب لە ئەمریکا بەکارهات.بەڕای هەندێك لە نوسەران، بونیادگەرایی پرۆتستانتی لە ئەمریکا و کەنەدا و بەریتانیا شێوەی ڕاستەقینەی بونیادگەرایی مەسیحی بووە لە سەدەی بیستەمدا. بونیادگەرایی یەهودی لەئیسرائیل و ئەمریکاش بۆ دژایەتی لەگەڵ ڕواڵەتی ژیانی رۆژئاوایی سەریهەڵداوە و پارێزگاری لە تەواوی یاسا دینییەکانی یەهودی کردووە .خاڵی هاوبەشی هەمو بزاڤە بونیادگەران دژایەتی بووە لەگەڵ بەها و ئاکارەکانی مۆدێرنیتەی ڕۆژئاوا و چاخی ڕۆشنگەری‌و ترس لە ئاراستە فکری و فەرهەنگییەکانی جیهانی نوێ، بەم هۆیەوە بیری کۆنەپارێزی لەگەڵ بونیادگەرایی مەزهەبی پەیوەندییەکی قوڵی هەیە، بونیادگەرایی کۆنەپارێزی شەڕخوازییەکە، لە بەرامبەر نەیارانیدا چالاك و ڕادیکال بووە، ئەم ئایدۆلۆژییە لەگەڵ دەرونی مرۆڤی سوننەتی خەساردیدە لە پرۆسەی مۆدێرنیتە پەیوەندییەکی نزیکی هەیە، هەروەها بە هۆی ئەوە کە پێویستە پارێزگاری لە پەیوەندیداری بکات لە بەرامبەر گوشارەکانی جیهانی نوێدا دەبێتە هەژمونگەرا بەمپێیە ئەندیشەی کۆنەپارێزی درەختێکی چڕوپڕو لق و پەل‌و گەڵاو کۆنەساڵی هەیە، کە ڕەنگە بتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە بیخەینە ڕوو:










هەواڵنامەی کتێب

**سەرچاوە:**

**تاريخ انديشه هاى سياسى درقرن بستم جلد دوم**

**- ليبراليسم و محافظة كارى چاب پنجم ١٣٨٣ تهران**

---

[١] برنگتن, مور ڕيشه كۆمەڵايەتيەكانى ديكتاتۆرى و ديموكراسـى,وەر گێڕانـى حسين بشيرى (تهران مركز نشر دانشگاهى ١٣٦٩) بەشى دووەم.

[٢] H.trever–reper ,"the phenomenon of fascism" European fascism, edited by s.woolf, new York ,١٩٦٠

[٣] b.lawrence ,defenders of god: the fundamentalist revolt against the modem age ,London ,l.b.tauris ,١٩٩٠ p.١٧

هەواڵنامەی کتێب

## ووتـــار

- ❖ دەرهـــاوێشتەكـــانی ١١ سێپتـــەمبەر لە ناوچەی خۆر هەڵاتی ناویندا .
- ❖ ئێستا و ئایندەی پەیوەندییەكانی هەرێم-بەغدا.



www.pukm1.com

هەواڵنامەی کتێب

# دەرهـــاوێشـتـەکـانـی ١١ سێپتــەمبـەر لە ناوچەی خۆر هەڵاتی ناویندا ..

سەعدی ئەحمەد پیرە

لە کۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو، شەڕی ساردی نێوان هەردوو بلۆکی سەرمایەدارو سۆشیالیست لە جیهاندا لەوپەڕی گەرمیدا بوو.لەو سەردەمەدا ئەگەرچی هیچ شەڕێکی تەقلیدی لەنێوان هەردوو بلۆکدا ڕانەگەیەنرابوو، بەڵام جەنگێکی ناراستەوخۆ لە نێوانیاندا لە بەشێك لە وڵاتانی دونیادا زۆر بە ڕوونی بەدی دەکرا.

بە هۆی سیاسەتەکانی ئەودەمی ئەمریکا بە تایبەتیش لە ناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا کە کێشەی فەلەستین بە قەیرانێکی توندوتیژدا تێپەڕ دەبوو، خەریك بوو بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ببنە ئامانجی سەرەکی ڕێکخراوە توندڕەوەکان، بە تایبەتیش کە ڕەوتی ئیسلامی لەو سەردەمەدا تازە سەریهەڵدا بوو بە پێی گوتەی زۆربەی لێکۆڵەرەوە سیاسیەکان، کە سەرەتای دامەزراندنی ئەو ڕەوتە دەگەڕێننەوە بۆ سەرەتای ساڵانی حەفتاکان.

داگیرکردنی ئەفغانستان لەلایەن یەکێتی سۆڤییەتەوە، شەڕی ساردی نێوان هەردوو زلهێزی ئەو سەردەمەی گەیاندە قۆناغێکی تازەوە، بە تایبەتیش دوای ئەوەی ئەمریکا خۆی خزاندە نێو کێشەکەو، هەموو هەوڵ وتوانایەکی خستەگەڕ





بۆ شکست پێهێنانی سۆڤییەت لە ئەفغانستاندا. ئەوە بوو دەزگای هەواڵگری ئەمریکا بە ئاشکرا هەوڵیدا ڕێکخراوە عەرەبیەکانی کە بۆ جیهاد دەچوونە ئەفغانستان بۆ لای خۆی رابکێشێت و هەرچی پێداویستیەکیان هەیە بۆیان دابین بکات. وڵاتانی عەرەبیش ئەوانەی هاوپەیمانی ئەمریکا بوون لە ناوچەکەدا، ڕۆیشتنی توندڕەوە ئیسلامیەکان و ڕێکخراوەکانیان بۆ ئەفغانستان زۆر پێخۆش بوو، تەنانەت چەندین نووسینگەی ئاشکراشیان لە وڵاتەکانیاندا کردەوە بۆ ناونووسکردنی خۆبەخشە موجاهیدەکان و ئاسانکاری زۆری بۆ کردن تا بگەنە بەرەکانی جەنگ لە ئەفغانستاندا و لەوێ شەڕ لە دژی ( کوفر وئیلحاد ) بکەن. مەبەستیشیان لەوەدا ئەوە بووە، ڕێکخراوە توندڕەوە ئیسلامیەکان لە وڵاتەکانیان دوور بخەنەوە..

دوای کۆتایی هاتنی داگیرکردنی ئەفغانستان کە بە شکستی سۆڤییەت تەواو بوو، ریکخراوی قاعیدە وەك یەکێك لەبەرچاوترین ڕێکخراوی ئیسلامی دەرکەوت، کە بە هۆی ڕۆڵی گرنگی لەشەڕی ئەفغانستاندا ناوبانگێکی باشی بۆ پەیدا بوو، جەماوەرێکی زۆری لە دەوردا کۆبوونەوەو، قاعیدە بەردەوامی بە خەباتی خۆی دا لە ژێر دروشمی ( جیهاد دژی کافران).

گەڕانەوەی ئوسامە بن لادن بۆ سعودیە لە ساڵی ١٩٩١ و دەرکەوتنی وەکو سەرکردەیەکی ئیسلامی، وڵاتی سعودیەی نیگەران کرد، ئەوە بوو لە ژێر فشاری دەسەڵاتی سعودییە ئوسامە رایکردە سۆدان و لەوێ دەستی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سۆدان تێکەڵ کرد بە تایبەتیش لەگەڵ سەرکردەی ئیسلامی حەسەن تورابی کە بە یەکێك لە بیرمەندو سەرکردە سیاسیە ئیسلامیە ناودارەکانی جیهانی عەرەب هەژمار دەکرێت.

لەم سەرو بەندەدا ئەمریکا هەستی بە مەترسیەکی گەورە کرد بە گەشە کردنی بیری توندڕەوی ئیسلامی لە ناوچەکەدا، دامودەزگاکانی ئەمریکا زەنگی مەترسییان دایە دەسەڵاتدارانی ئیدارەی ئەمریکا.

دوای ئەوەی ڕێکخراوی قاعیدە توانی گورزێکی توند لە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بدات لە کینیای ئەفریقا، کە قاعیدە ناوی نابوو (غەزای) کینیا. تەقاندنەوەی هەردوو باڵوێزخانەی ئەمریکا لە ئەفریقیا ئەمریکای هێنایە هۆش، بە تایبەتیش کاتێک ئوسامە بن لادن جاڕی جەنگێکی بێ ئامانی ڕاگەیاند دژ بە ( کافرو سەلیبیەکان)، کە مەبەستی جولەکەو ئەمریکا بوو. لەم سەروبەندەدا دوو مەدرەسە لە ئەمریکا سەریهەڵدا، یەکێکیان مەدرەسەی (برێنت سکۆکرۆفت)ی ڕاوێژکاری ئەمنی نەتەوەیی سەردەمی سەرۆک بۆشی باوک بوو ئەوی تریش (ریتشارد بێرل) بوو، کە بە ئەندازیاری پرۆسەی ئازادکردنی عیراق ناسراوە.

سکۆکرۆفت پێیوابوو ئەمریکا دەوڵەتێکی زلهێزی دونیایەو لە سەرجەم وڵاتاندا بەرژەوەندی سیاسی وئابوری هەیە، سەدان هەزار سەربازی ئەمریکی لە هەندێ وڵاتانی دونیادا بڵاو بوونەتەوە، بۆیە ئاساییە گەر بێت و ڕێکخراوە توندڕەوەکان بیانکەنە ئامانج و، لەو جۆرە ململانێیانەدا شەڕو هێرش و کوشتن کاردانەوەیەکی ئاساییە و، نابێت ئەمریکا سزای ئەو دەوڵەتانە بدات کە ڕێکخراوە توندڕەوەکان لەوێوە پەلاماری دامو دەزگاکانی ئەمریکا دەدەن.

بەڵام ریتشارد بێرل، ڕایەکی دیکەی هەبوو.. ئەو پێیوابوو ئەمریکا گەورەترین زلهێزی دونیایەو، دوای ڕووخانی سۆڤییەتیش تاکە سەروەری جیهانەو، بەم پێیەش هەر پەلامارو هێرشێک بکرێتە سەر بەرژەوەندیەکانی





ئەمریکا لە شان و باڵ و هەیبەت و قورسایی ئەو کەم دەکاتەوەو، متمانەی هاوپەیمانانی لە دونیادا کەم دەبێتەوە، بۆیە پێویستە ئەمریکا نەک تەنها بەرامبەر ئەو ڕێکخراوە توندڕەوانە کاردانەوەی توندو کوشندەی هەبێت، بەڵکو دەبێت سڵ نەکاتەوە لە گورز وەشاندن بۆ هەر وڵاتێک کە لە هەیبەتی ئەمریکا کەم دەکاتەوەو، هەر وڵاتێکیش کارئاسانی بۆ هەر ڕێکخراوێکی توندڕەوی دژ بە ئەمریکا بکات ئەوە دەبێت سزای قورس بدرێت.

لە دوای ڕووداوەکەی ١١ سێپتەمبەری نیویۆرکی ئەمریکا بەو دوو گورزەی( سەنتەری بازرگانی جیهانی) کە ڕەمزی( هێزی ئابوری ئەمریکایە) لەگەڵ هێرشەکەی سەر پێنتاگۆن( ڕەمزی هێزی سەربازی)، ئەمریکا پێینایە قۆناغێکی تازەوە، لێرەشدا مەدرەسەکەی ریتشارد بێرل سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێناو، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بە تەواوی کەوتە ژێر ڕکێفی ئەوەوە. قۆناغ بە قۆناغ بیرو بۆچوون وتێڕوانین و، دواتریش پلانەکانی ریتشارد بێرل بوون بە بەشێکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا.

ئەمەریکا هەموو هەوڵ وتوانایاەکی خۆی خستەگەڕ بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیەکی سەرتاسەری درێژخایەن لە دژی ڕێکخراوی قاعیدە کە بووە مایەی مەترسیەکی گەورە نەک تەنها بەسەر سیاسەتەکانی دەرەوەی ئەمریکا، بەڵکو بەسەر خودی هاوڵاتیانی ئەمریکا کە هەڕەشەکانی قاعیدە گەیشتە نێو ماڵەکانیان.

لەم سەروبەندەدا ئەمریکا بڕیاریدا ڕژێمی تالیبان لە ئەفغانستان بڕووخێنێت. بەو پێیەی کەوا ڕۆڵی ئاسانکاری هەبووە لە یارمەتیدانی ڕێکخراوی قاعیدە و لە باوەش گرتنی سەرکردەکانی.

ئەگەر سەرنجێك لە سیاسەتەكانی دەرەوەی ئەمریكای پێش ڕووداوەكەی ١١ سێپتەمبەر بدەین، هەست دەكەین ئەمریكا بە شێوەیەكی گشتی باوەڕی بە سیاسەتی پێكەوە ژیانی ئاشتیانەی نێو دەوڵەتان هەبوو، پێیوابوو كۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی دوای كۆتایی هاتنی شەڕی سارد دەتوانێت لە ڕێگەی بەرنامەیەكی تۆكمەی سیاسی و ئابوری و كلتوری لەسەر ئاستی جیهاندا مەترسیەكانی جەنگو ئیرهاب كەمتر بكاتەوە.

بەڵام لە راستیدا هەرچەندە ئەو رژێمانەی كە لە ئەنجامی شەڕی ساردا هاتنە كایەوە، بۆ نموونە وەكو یەمەنی باشوور و ئەریتیریا كە دوو حیزبی كۆمونیست حوكمیان بەدەستەوە گرت تیایدا، دوای تەواو بوونی شەڕی سارد تووانەوەو شكستیان هێنا، ئەویش بە یەكگرتنەوەی هەردوو یەمەنی باكوور و باشورو، ڕووخانی ڕژێمی مانغیستۆ هیلا ماریام و نزیك بوونەوەی ئەریتیریا و ئەسیوبیا، بەڵام لە لایەكی ترەوە هەڕەشەی ڕێكخراوە ئیسلامیەكان پەرەیسەندو، بەمەش مەترسیەكانی بەسەر كۆمەڵگەی نێو نەتەوەیی زۆر زیاتر بوو لە مەترسیەكانی شەڕی سارد.

دوای ڕووداوەكەی ١١ سێپتەمبەر كۆنگریسی ئەمریكا كە هەردوو حزبی كۆماری ودیموكرات بەڕێوەی دەبەن، بۆ یەكەمین جار لە مێژووی سیاسی ئەمریكادا بە یەك دەنگ مامەڵەیان لەگەڵ ڕووداوەكەو هەڕشەكانی جەنگ كرد.هەردوو حیزب بەیەك دەنگ و یەك هەڵوێست پشتگیری سەركردەكانی وڵاتیان كردو، بودجەی كراوەیان خستە ژێر دەستی سەرۆك بۆش بۆ ئەوەی رووبەڕووی ڕێكخراوە تیرۆریستەكان ببێتەوە، لە سەرووشیانەوە رووخاندنی رژێمی تالیبان و ئەو رژێمانەش كە هاوكاری دەكەن.





لەگەڵ جاڕدانی شەڕی دژە تیرۆر، ئەمریكا زۆر ڕاشكاوانە دروشمێكی تازەی لە مێژووی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەكاندا هەڵكرد، ئەویش دروشمی ( هەر كەسێك و وڵاتیك لەگەڵماندا نەبێت،دژمانە). بەو پێیەش ئەوەی لەگەڵماندا نەبێ، دەچێتە خانەی لیستی هاوكارانی رێكخراوە تیرۆریستەكانەوە، ئەمەش هەڵبەت خاڵێكی وەرچەرخان بوو لە سیاسەتەكانی دەرەوەو پەیوەندیە دیبلۆماسیەكانی ئەمریكا.

عێراقیش یەكێك بوو لەو وڵاتانەی بە هاوكاری رێكخراوی قاعیدە تۆمەتبار كرا، دوای ئەوەی كە ئەمریكا رایگەیاند چەندین بەڵگەی بە دەستەوەیە لەو بارەیەوە.

گومان لەوەدا نییە كەوا بیانووەكانی ئەمریكا بە بوونی جۆرە پەیوەندیەك لە نێوان عیراق وقاعیدەدا، تەنها هۆكار نەبوون بۆ ڕووخاندنی ڕژێمی سەدام لە عێراق، بەڵكو هۆكاری تریش هەبوون كە وایان كرد ئەمریكا بڕیاری روخاندنی سەدام بدات، لەوانە هەندێكیان پەیوەندیی بە دەرهاویشتەكانی داگیركردنی كوەیت و هەرەشەكانی عیراق بۆ سەر وڵاتانی كەنداوی هاوپەیمانی ئەمریكا، جگە لە چەندین هۆكاری ئابوریش، چونكە ئەمریكا ترسی زۆری لەوە بوو كە ناوچەی كەنداو بە هۆی ململانێی سیاسی ببێتە ناوچەیەكی پڕ چەكی سەربازی، وفشار بخرێتە سەر گواستنەوەی نەوتی خاو لە ناوچەكەوە لە رێگەی كەشتیەكان كە باجی گواستنەوەیان رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبوو و ، باری ئابوری ئەمریكای قورستر دەكرد. ئیدی ئەمریكا بڕیاری روخاندنی رژێمی سەدامیشی داو لەوەشدا سەركەوتوو بوو..

بەر لە كۆتایی ئەم بابەتە، دەبێت ئاماژە بەوە بدەین كەوا دەرهاۆشتەكانی رووداوی ١١ سێپتەمبەر تا ئەمرۆش كاریگەری بەسەر ناوچەی خۆرهەڵاتی ناویندا ماوە و، بەردەوامیش دەبێت، تا شەڕی دژە تیرۆر بەردەوام بێت، پێم

وانیە تەنانەت بە گرتنی یا کوشتنی ئوسامە بن لادنیش کۆتایی پێ بێت.. چونکە بوونی ڕێکخراوی قاعیدە وەکو فیکرێکی توندڕەوی دژ بە عیلمانییەت ودژ بە بەرژەوەندی ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە ناوچەکەدا درێژەی هەیەو دەشبێت، ئەوانەی خۆیان کێشا بە تاوەرەکانی سەنتەری بازرگانی وئەوانەی خۆیان لە ناو پینتاگۆندا تەقاندەوە کەسانی نەخوێندەوارو مناڵ و هەرزەکار نەبوون، نابێت خۆمان بخڵەتێنین چونکە ئەگەر سەیرێکی لیستی ناوی ئەو کەسانە بکەین کە خۆیان تەقاندەوە، دەبینین کەسانێکیان تیایە بڕوانامەی بەرزو لەخانەوادەی دەوڵەمەند بوون، کەواتە مەسەلەکە فیکرێکی زۆر بەهێز هەیە هانیان دەدات گیانی خۆیان لە پێناویدا ببەخشن.

پێموایە ئەمریکا ئەگەر هەوڵێکی جیددی نەدات بۆ چارەسەری ئەو قەیرانانەی لە ناوچەکەدا هەیە لە پێش هەمووشیانەوە کێشەی فەلەستین و ئیسرایلیەکان، زۆر ئەستەمە لە شەڕی دژە تیرۆردا سەرکەوتنێکی بەرچاو بەدەست بێنێت، ئەگەر جارێکی تر سەرنجی لیستی ناوی ئەو ١٩ کەسە بدەینەوە کە خۆیان تەقاندەوە دەبینین ڕەگەزنامەی جیا جیایان هەیە، دەتوانین بڵێین نزیکەی هەموو وڵاتانی عەرەبی تیا بووە، ئێستاش بە دەیان هەزار کەسی وڵاتانی عەرەبی هەوادارو لایەنگیری ئەو ڕێکخراوەن.

ئەمرۆ لە خۆر هەڵاتی ناویندا دەیان کێشەی سیاسی هەیە کە دەبی ئەمریکا هەوڵی چارەسەریان بدات وەك بەشێك لە بەرنامەی جەنگی دژە تیرۆر، چونکە بەشێکی زۆری ئەو کێشانە بوونەتە هەوێنی سەرکەوتنی ڕێکخراوی قاعیدە لە ڕاکێشانی گەنجانی عەرەب وگەشە پێدانی فیکری توندڕەوی لە ناوچەکەدا..





# ئێستا و ئایندەی پەیوەندییەکانی هەرێم-بەغدا

ڕێبوار کەریم

## پێشەکی:

بەپێی دەستووری عیراق و هەر لە پێناسەی ئەم دەوڵەتەوە عیراق دەوڵەتێکی فیدراڵییە و تیایدا هەرێمەکان توانای دروستبوونیان هەیە و بەمەش دەسەڵاتەکان لەنێوان هەرێمەکان و دەوڵەتی فیدراڵیدا دابەش دەبێت، ئەمەش بەپێی دەستوور دیاریکراوە. هەرکاتێکیش حکومەتی هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی لەسەر یەکێك لە دەسەڵاتەکان ناکۆکی کەوتە نێوانیان ئەوا دەبێ پێش هەموو شتێك پەناببەنە بەر دەستوور و دەستووریش بتوانێت بە تەواوی ئەو ناکۆکییانە یەکلایی بکاتەوە و بەمەش لە ڕێگایەکی یاساییەوە هەرێمەکان و حکومەتی فیدراڵی دەگەنە چارەسەرێکی بنەڕەتی بۆ کێشەکانیان. لە حاڵەتی بوونی خوێندنەوەی جیاوازیش بۆ دەقە دەستوورییەکان دەکرێ هەموان بگەڕێنەوە بۆ دادگای فیدراڵی و ئەو دادگایانە خوێندنەوەی خۆی بۆ کێشەکە پێشکەش دەکات و بڕیاری کۆتایی لەبارەوە دەدات.

ئاشکرایە دەوڵەتی فیدراڵی بە دوو شێواز دروست دەبێت، یان لەڕێی یەکگرتنی چەند دەوڵەتێك بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی فیدراڵی، یان لەڕێی دابەشبوونی دەوڵەتێك بەسەر چەند هەرێمێکدا. لەڕووی یاساییەوە لە هەردوو

شێوازەکەدا هێز و ئاستی دەوڵەتە وەك یەکە و هیچ جیاوازییەکی نیە.

ئەگەر تەماشای نموونەی ئەو دەوڵەتەی ئێستای عیراق بکەین کە لەسەر بنەمای دەستوورێکی پەسەندکراو بنیاتنراوە، بەئاشکرا ئەوە بەدی دەکەین کە دەوڵەتێکی فیدراڵی تازە پێشگەیشتووە کە تا ئێستاش لە سەرەتاکانی دروستبوونیدایە و تەنها هەرێمێك لەم وولاّتەدا هەیە ئەویش هەرێمی کوردستانە. لەم نێوەندەدا و هەر لەم سەرەتایەوە کێشە و ناکۆکی کەوتۆتە نێوان هەرێمی کوردستان و ماوەیەکیشە ئەو کێشانە گفتوگۆیان لەبارەوە دەکرێت بەلاّم نەتوانراوە چارەسەرێکی بنەڕەتی و ریشەییان بۆ بدۆزرێتەوە. ئەمەش بووەتە هۆی سەرهەڵدانی گرفتی گەورەتر کە رەنگە لە داهاتوودا مەترسییەکانی بەدیار بکەوێت.

## خاڵەکانی ناکۆکی:

کۆمەڵێك پرسی سەرەکی هەیە کە بووەتەمایەی دروستکردنی بارگرژی لە پەیوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵی، کە دەتوانین بەمشێوەیە باسیان بکەین:

### یەکەم: پرسی پێشمەرگە:

لە پێش تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٥ واتە پێش پەسەندکردنی دەستووری هەمیشەیی عیراق، ناکۆکی لەنێوان کورد و لایەنەکانی دیکەی عیراقدا هەبوو سەبارەت بە پێگەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان و چۆنێتی ئەژمارکردنی لە سیستەمی بەرگری عیراقی. بەشێکی دیاری ئەو ناکۆکییانەش یەکلانەکرانەوە و هێڵرانەوە بۆ دوای پرۆسەی پەسەندکردنی دەستووری عیراقی. پاش پەسەندکردنی دەستوور و تا ئێستاش ئەم پرسە رایەکی دیار و ئاشکرای لەبارەوە پێشکەش نەکراوە لەلایەن حکومەتی فیدراڵییەوە.





چەندین کۆبوونەوە و چەندین دانووستانی نێوان بەرپرسانی حکومەتی عیراقی و حکومەتی هەرێم نەیتوانیوە ئەم پرسە یەکلایی بکاتەوە. تا ئەم ساتەش حکومەتی عیراق ئامادە نیە پێشمەرگە وەك بەشێك لەو سیستەمەی بەرگری عیراقی بناسێنێت. لە بەرامبەریشدا کورد پێداگری لەو حاڵەتە دەکات. واتە حکومەتی عیراقی دەیەوێت بودجە و پێداویستی هێزی پێشمەرگە لە بودجەی تەرخانکراو بۆ هەرێمی کوردستان ئامادە بکرێت، واتە لە چوارچێوەی ١٧٪ی بودجەی عێراق بدرێت. بەلاّم هەرێمی کوردستان دەیەوێت بودجەی پێشمەرگە لەلایەن وەزارەتی بەرگری عیراقەوە تەرخان بکرێت. خواستی هەرێم لەوەدایە بوجەی پێشمەرگە لە چوارچێوەی سیستەمی بەرگری عیراق ئەژماربکرێ و هەروەك سوپای عیراق پێداویستیە ماددی و مەعنەوییەکانی بۆ دابین بکرێت. بەم دواییانەش چەند دەنگێك لە گۆڕەپانی سیاسی عیراقیەوە بەرزبوونەوە بە ئاراستەی نارازیبوون لە بوونی پێشمەرگە، بەلاّم لە سەرەتادا هەمووان کۆك بوون لەسەر بەردەوامی رۆڵی پۆزەتیڤی پێشمەرگە و ئەژمارنەکردنی وەك میلیشیایەکی هاوشێوەی میلیشیاکانی عیراق کە رۆڵیان هەیە لە دروستکردنی تەنگژەی ئەمنی بۆ خەڵك و حکومەتی عیراق. هەر سەبارەت بە پێشمەرگە دەبوایە لە کۆی ئەو ١٥ ملیار دۆلارەی بۆ سیستەمی بەرگری دابینکرابوو لە ساڵی ٢٠٠٧ بڕی یەك ملیار دۆلاریان بۆ هێزی پێشمەرگە تەرخان بکرێ، لە گفتوگۆ یەك لەدوای یەکەکانیشدا حکومەتی هەرێم و حکومەتی بەغدا لەسەر جێکردنەوەی ئەندامانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە چوارچێوەی سوپا و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ و پاراستنی هەرێم دیالۆگێکی بێ ئەنجامیان کردووە، تا لەوێوە ئەو پشکەی بەر ئەم ژمارە سوپایە دەکەوێت بۆ هێزی پێشمەرگە دیاری بکرێت.

ئەو تەنگژانەی ئەم دواییە لە ناوچە کوردییەکانی سەر بە پارێزگای دیالە ڕووبەڕووی هێزی پێشمەرگە بوەتەوە بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە حکومەتی عیراقی و هێزە عیراقیە عەرەبەکان لەگەڵ بوونی پێشمەرگەدا نین بەو ڕێژە و هێزەی ئێستای. ئەمەش زەنگێکی مەترسیدارە بۆ بوونی هێزی پێشمەرگە و ڕۆڵبینینی لە چوارچێوەی دابینکردنی ئارامی و سەقامگیری لەپێناو پاراستنی ئاسایش بە تایبەتی لەو ناوچانەی کە تاراددەیەکی بەرچاو بارودۆخی ئەمنییان خراپە.

بۆ ڕزگاربوون لەو دۆخەی ئێستای تێڕوانینی هێزەکانی سوننە و شیعە بۆ بوونی پێشمەرگە، پێویستە جۆرێك لە ڕێکەوتنی سیاسی لەنێوان کورد و ئەو لایەنانەدا بێتەکایەوە، باشترین ڕێگاچارەش بۆ دەربازبوون لەو مەترسییەی بوونی پێشمەرگە لای ئەوانی دروست کردووە بریتیە لە ئەژمارکردنی پێشمەرگە وەك بەشێك لە سوپای عیراق و سپاردنی هەمان ڕۆڵی سوپای عیراق بەم هێزە بەمەبەستی پاراستنی هەموو ناوچەکانی عیراق لە ناوەراست و باشوور و باکوور بەبێ جیاوازی. بەمەش هەمووان دەگەنە چارەسەرێکی مامناوەندی تەوافوقی کە هەمووان رازی بکات. ئەمە لە حاڵەتێکدا ئەگەر لایەنە عەرەبەکانی نێو حکومەتی عیراقی بیانەوێت بگەنە دەرەنجامێکی پۆزەتیف سەبارەت بە پرسی پێشمەرگە. چونکە لە بەرامبەر ئەم حاڵەتەدا چەند لایەنێکیش هەن کە لە بنەڕەتەوە لەگەڵ بوونی پێشمەرگەدا نین و وەك میلیشیایەکی لە یاسا دەرچووی ئەژمار دەکەن. ئەوەی کە دەبێ هەمووان بیزانن ئەوەیە کە پرسی بوونی پێشمەرگە بە پەنابردن بۆ هەڕەشە و مەترسی بە بەکارهێنانی هێز چارەسەر ناکرێت و بگرە ئەوەندەی دیکەش ئەم واقیعە ئاڵۆز دەکات و ئەو پێشکەوتنە بەرچاوانەش کە لە بواری ئەمنیدا بەدەستهاتوون دەخاتە ژێر مەترسییەوە.





**دووەم: پرسی ماددەی ١٤٠:**

لە دووتوێی دەستووری هەمیشەیی عیراقدا ماددەیەکی گرنگ هەیە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پرۆسەی بەدیموکراتیکردنی عێراقەوە هەیە ئەویش ماددەی ١٤٠ە کە درێژکەرەوەی ماددەی ٥٨ی یاسای بەڕێوەبردنی کاتی دەوڵەتی عێراق بوو، تایبەتیشە بە ئاساییکردنەوەی ناوچە دابڕاوەکان. بەپێی ئەو دەستوورە ٣١ی کانونی یەکەمی ٢٠٠٧ دوا وادەی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیە بوو، بەڵام لەو وادەیەدا جێبەجێنەکرا و لەسەر پێشنیاری نەتەوە یەکگرتووەکان لایەنە عێراقیەکان ڕێککەوتن لەسەر درێژکردنەوەی ماوەکەی بۆ شەش مانگی دیکە، واتە دەبوایە لە شەش مانگی یەکەمی ٢٠٠٨دا جێبەجێ بکرێت.

جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور بە چەند هەنگاوێك تێپەڕ دەبێت، سەرەتا دەبێ بە قۆناغی ئاساییکردنەوەی ئەو ناوچانەدا بڕوات کە لە سەردەمی حکومەتی بەعسدا گۆڕانکاری دیمۆگرافی و ئیدارییان تێدا ئەنجامدراوە ئەمەش بە ناردنەوەی عەرەبە هاوردەکان و گێڕانەوەی خەڵکە ڕاگوازراوەکان بۆ زێدی بنەڕەتی خۆیان، قۆناغی دوای ئەوەش بریتیە لە ئەنجامدانی سەرژمێرییەك بۆ سەرجەم دانیشتوانی ئەو ناوچانە، لە دواهەنگاویشدا دەبێت ڕاپرسیەکی فراوان بۆ دیاریکردنی چارەنوسی ئەو ناوچانە لەنێو خەڵکەکەیدا ئەنجام بدرێت و بەمەش ئەو ماددە دەستورییە بە تەواوی و بەوشێوەیەی لە دەستووردا هاتووە جێبەجێ دەکرێت.

هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عیراقی لەنێوان هەرێم و بەغدادا کێشەیەکی سەرەکی دروستکردووە، لەلایەك حکومەتی عێراقی



هەواڵنامەی کێژ

هەوڵەکانی لە ئاستێکی تەواو لاوازدایە و ناوبەناو لەژێر بیانووی جیاجیادا کاری لیژنەی ماددەی ١٤٠ پەك دەخات. لەلایەکی دیکەش هەوڵێکی دیاری هەندێك لایەن هەیە بە ئاراستەی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤێك بۆ ماددەی ١٤٠، هەروەك بە ئاشکرا لە پەسەندکردنی ماددەی ٢٤ی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی پارێزگاکاندا بەدیارکەوت، کاتێك بەشێکی دیاری هێزە سیاسییەکانی نێو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بە هاوپەیمانەکانی کوردیشەوە دەنگیان بۆ ئەو یاسایە دا.

لە هەمووی مەترسیدارتر ئەوەیە تیمی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش کە بەشێك لە کارەکانی بریتیە لە دۆزینەوەی چارەسەرێکی گونجاو بۆ ناوچە ناکۆکی لەسەرەکان، تا ئەم ساتە نەیتوانیوە چارەسەرێکی تۆکمە و بەهێز بدۆزێتەوە کە لانی کەم لایەنەکانی عێراق رازی بکات، هەروەك بینیمان لە بەشی یەکەمی راپۆرتەکەی (ستیڤان دیمستۆرا)ی نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق چۆن زۆرینەی لایەنە عێراقییەکان رەتیان کردەوە.

ئێمە دەبێ دان بەوەدا بنێین کە جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ کارێکی هەروا ئاسان نیە چونکە چەندین رێگری ناوخۆیی و ئیقلیمی هەیە کە نایەڵن ئەم ماددە دەستورییە وەك خۆی جێبەجێ بکرێت. لەلایەك هەندێك لە هێزە سیاسیەکانی عیراق، بەتایبەت عەرەبە شۆڤێنیەکان، هەر لە سەرەتای دارشتن و نوسینەوەی دەستوری عێراقی دژی ئەم ماددەیە بوون لەناو دەستوردا، بەلاّم بەهۆی ئەوەی نەیانتوانی کاریگەربن لەسەر رای گشتی خەڵکانی عیراق بۆ دەنگنەدان بە دەستور، هەربۆیە کەوتنە هەوڵی چرپوپری سیاسی و ئەمنی و کلتوری بەمەبەستی دروستکردنی رێگری لە بەردەم ئەم ماددەیە و لە هەمان کاتیشدا لە ناوخۆی عێراقدا چەندین هێز و لایەن هەن کە بونی هەرێمی





کوردستان بە مەترسیەك دادەنێن بۆ سەر یەکپارچەیی خاکی عێراق، لەبەرئەوە بە هەموو هۆکارێك دژایەتی پێگەی سیاسی ئەم هەرێمە دەکەن و پێیان وایە گەرانەوەی کەرکوك و ناوچەکانی دەوروبەری بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەبێتە مایەی بەهێزتربوونی ئەم هەرێمە و بەمەش چانسی دروستبوونی هەرێمی دیکە لە عێراقدا زیاد دەکات و دوورنیە لە دەرەنجامدا دابەشبوونی ئەم دەوڵەتە بەدوای خۆیدا بێنێت، هەربۆیە ئەم هێزانە رێگە نادەن ئەو ناوچانە بگەرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان و کار بۆ ئەوە دەکەن رێگری زیاتر دروست بکەن لە بەردەم جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

لەلایەکی دیکەوە و لەسەر ئاستی ئیقلیمی دەوڵەتە ئیقلیمیەکان بۆ جێبەجێنەکردنی ماددەی ١٤٠ کۆمەڵێك رێگری دروست دەکەن، بۆ نمونە ئەو دەستتێوەردانە سیاسیانەی کە هەندێك لە دەوڵەتانی ئیقلیم سەبارەت بەم بابەتە پێشنیاری دەکەن، لە گرنگترینیان هەڵوێستی تورکیا و ئێرانە، کە هەریەکەیان بە شێوازێکی دیاریکراو گوزارشتیان لە هەڵوێستی خۆیان بەرامبەر بارودۆخی کەرکوك کردووە، ئەوەش بەرِوونی لە یەکێك لە هەڵوێستەکانی ئێراندا ئەوە بەدیکرا کاتێك لە لێدوانەکانی (مەنوچەهر موتەکی) لە کۆنگرەی ئەستەمبوڵی سێی نۆڤەمبەری ساڵی ٢٠٠٧ داوای دواخستنی ماددەی ١٤٠ی کرد بۆ ماوەی دوو ساڵ. بە هەمان شێوە تورکیاش لە سەرووبەندی جێبەجێکردنی ئەو ماددەیەدا قەیرانێکی فراوانی لەگەڵ حکومەتی عێراقیدا دروست کرد، بەلاّم یەکێك لە ئامانجە سەرەکی و ئاشکراکانی ئەو قەیرانە بریتی بوو لە سەرقاڵکردنی کورد بەو قەیرانە و دوورکەوتنەوە لەسەر بابەتی جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠.

بەشێوەیەکی گشتی تا ئەم ساتە ماددەی ١٤٠ بەو شێوەیەی لە دەستووری



هەواڵنامەی کتێب

هەمیشەیی عێراقدا هاتووە جێبەجێنەکراوە و ئاماژەکانیش بۆ داهاتوو بەو جۆرەن کە وەك خۆی جێبەجێ ناکرێت و پێدەچێت خوێندنەوە جیاوازەکان بۆ ئەم ماددەیە ئاراستە و هەنگاوەکانی بگۆڕن و ئەم کێشەیەش هەر بە هەڵپەسێردراوی لەنێوان هەرێم و بەغدادا بمێنێتەوە.

**سێیەم: پرسی گرێبەستە نەوتییەکان:**

پرسی دەرهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان و چۆنێتی گونجانی ئەو بابەتە لەگەڵ ماددەکانی (١١١) و (١١٢)ی دەستووری عێراق بۆتە خاڵێکی تەنگژەی نێوان هەرێم و بەغدا کە تا ئێستا بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە. لەڕاستیدا ئەمە وەك کێشەیەکی گرنگ لەنێوان ئەم دوولایەنەدا دەردەکەوێت، ڕای حکومەتی عێراقی لەگەڵ ئەوەیە کە حکومەتی هەرێم مافی ئەنجامدانی گرێبەستی نەوتی نیە و ئەرکی ڕاپەراندنی کاروباری بیرە نەوتیەکان لە ئەستۆی حکومەتی فیدراڵدایە، هەربۆیە حکومەتی فیدراڵ لەگەڵ ئەوەدا نیە کە ئەم گرێبەستانە بەردەوام بن. لەبەرامبەریشدا حکومەتی هەرێمی کوردستان لێدانی بیرە نەوتیەکان و ئەنجامدانی گرێبەست لەگەڵ کۆمپانیا دەرەکیەکان و مامەڵەکردن بەو بەرهەمە نەوتییانەوە بە مافی خۆی دەزانێت و وەك مافێکی دەستووری تەماشای دەکات.

ئەم دوو بۆچوونەی هەریەك لە هەرێم و بەغدا سەبارەت بە گرێبەستە نەوتییەکان دوو بیرکردنەوەی تەواو پێچەوانەی یەکترن، ئەمەش بە مەترسی ئەژمار دەکرێت لەسەر ئایندەی پەیوەندییەکانی نێوان هەرێم و بەغدا. هەربۆیە پێشنیاری سێیەم لەلایەن چەند شرۆڤەکارێکی سیاسییەوە پێشنیار دەکرێ کە بریتیە لە ڕاگرتنی گرێبەستیە نەوتییەکان تا ئەوکاتەی یاسای نەوت و گاز لەلایەن ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقەوە پەسەند دەکرێت و تیایدا بابەتی





گرێبەستیە نەوتیەکان و گشت ئەو بابەتانەی دیکەش یەکلادەکرێنەوە کە ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە کەرتی نەوتەوە هەیە، چونکە خودی دەستوور جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە ئەم مەسەلەیە بەپێی یاسایەك ڕێکدەخرێت، بەڵام تا ئێستا ئەم یاسایە لەلایەن هێزە سیاسییەکانەوە لەنێو ئەنجومەنی نوێنەراندا پەسەند نەکراوە بەهۆی ئەو جیاوازییە قوڵەی لەنێوان لایەنەکاندا هەیە.

**دەرەنجام:**

سەرەڕای بوونی ئەم کێشانە و چەندین کێشەیتریش بەڵام ئەمانە هانی کوردی نەداوە پاشەکشە لە حکومەت و پرۆسەی سیاسی عیراق بکات و بەردەوامیش لە هەوڵی ئەوەدابون لەڕێی وەفدەکانی هەرێمەوە بۆ بەغدا و لەڕێی سیاسیەکانی کورد لە بەغداوە تەنگژە لەنێوان ئەم دوولایەنەدا دروست نەبێت و ئەگەر دروستیش بوو بە زوویی و لەڕێی هەوڵی هەمووانەوە چارەسەر بکرێت. بەڵام هەرچۆنێك بێت دەبێ پێداچوونەوەیەك بەم حاڵەتەدا بکرێت، باشترین پێداچونەوەش بریتیە لەوەی ئەوە بە بیر حکومەتی عێراقی بهێنرێتەوە کە زەمەنی مەرکەزییەت بەسەرچوە و بەپێی دەستوور شتێك نیە ناوی حکومەتی مەرکەزی بێت، بەڵکو لە دەوڵەتێکی فیدراڵی پێشنیارکراودا دەبێ دەسەڵاتەکان دابەش بکرێت و هیچ هێزێك ناتوانێ قۆرخیان بکات. ئەوەی عێراقی نوێی دروستکردووە بریتیە لە دەستوورێکی فیدراڵی کە لەڕێی سیستەمی فیدراڵیەوە چارەسەری قۆرخکردنی دەسەڵاتی لە عێراقدا کردووە و بە سادەترین مانا دەسەڵاتی لەنێوان عیراقیەکاندا دابەشکردووە.

هەرچۆنێك بێت کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا نەگەیشتنە ئەو ئاستەی لێکدابڕانێك لەنێوان هەردوولادا ڕوویدات، باشترین حاڵەتیش بۆ دروستنەبوونی

ناکۆکی و لێکدانەبڕان بریتیە لە پێداچوونەوەی تەواوی ئەو پەیوەندییانە بەپێی دەستوور و بەپێی بڕیار و هاوپەیمانێتیە نوسراوەکان بەجۆرێك حکومەتی فیدراڵ نەتوانێ لەکاتی باڵادەستیدا ماف و بەرژەوەندییەکانی هەرێم بخاتە ژێر مەترسیەوە و لە هەمان کاتیشدا ئەو بابەتە چارەنووسسازە هەڵپەسێرراوانەی تا ئێستا چارەسەر نەکراون بەپێی یاسا و دەستوور جێبەجێ بکرێن، ئەگەر نا بەپێی ئاماژەکان دوور نیە کێشە و تەنگژەکان قوڵتر ببنەوە و پەلبکێشن بۆ ململانێیەکی درێژخایەن لەسەر هەموو ئاستەکان.

هەواڵنامەی کتێب

# دیـــــــــدار

- ❖ حــزبو ئــەگــەری چـاکسـازی لــە هێڵــی فیکــریو بنیــاتــی ڕێکخــراوەییــدا.

- ❖ نوسەر و ڕووناکبیر (ڕێبین هەردی) لە دیــداریێکـــــدا.



هەواڵنامەی کتێب

بەوپێیـەی کـە ئێمـە لـە مانگـەکانی داهـاتوودا خۆمـان لەبـەر دەم سـێهەم کـۆنگرەی (یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتان)دا دەبینینـەوە .(ی.ن.ك)یـش وەك هێزێکـی سیاسـی پێشکەتووخواز سـەرباری چـەندین کـەموکوڕی و ناتەواویـەك، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا هـەر ئـەو هێـزە سیاسـیە مێـژوویی و واقعیەیـە کـە ڕەنجـدەرانی بیروبـازوو ڕوونـاکبیران و دڵسۆزانی گەلەکەمان هیـوای سـەوزی خۆیـان و خواسـتی ڕوناکبیریـان بـۆ گەیانـدنی ئـەم گەلــە بەکــەناری ئــارامی و پێکهێنــانی کۆمەڵگایــەکی ســیکولاری مــەدەنی لەســەر هەڵچنیوە. بۆیە قسەکردن لەسەر ئەم هێزە بـە ئاقارێکدا کە ڕۆڵی لـە بـەدیهێنانی ئـەو خەونانەدا ئازادتر و ئازاتر بکات بێگومان ئەرکی هەموو ڕووناکبیر و سیاسەتوانێکە.

بۆ ئەم مەبەستە گۆڤـاری (نوێبـوون)پێـی بـاش بـوو بـەم پرسـیارانە هەریـەك لـە نوسەر و ڕوناکبیر د. شاهۆ سعید و ڕێبین هەردی بەسەر بکاتەوە.

١. لەسـەرو بەنـدی کۆتـایی مێـژوو کۆتـایی ئایدۆلۆژیاکانـدا کـە تـا ڕادەیـەك ئەمڕۆ بانگەشەی بۆ دەکرێ، حـزب ژۆن دەتوانێـت سـوود لـە ئایـدۆلۆژیا، یان لە ئایدیا نوێیەکان ببینێت و بیکاتە داینەمۆی بەگەڕخستنی خۆی. دیارە (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) بە نمونە؟

٢. بەو حوکمەی کـە هەیکـەلی ڕێکخستنی (ی.ن.ك) زیـاتر خـۆی لـە فـۆڕمی پارتـە کۆمۆنیـست و سۆسیالیـستەکاندا دەبینێتـەوە، ئـەمڕۆش ئـەوجۆرە ڕێکخـستننانە چ لـە ڕووی مێـژووی و چ لـەڕووی کارکردنیانـەوە ئـەو زەرورەتـەی جارانیـان نـەماوە. ئایـا (یـەکێتی نیـشتمانی کوردسـتان) ئەتوانێ چی بکات بـۆ ئـەوەی هەرچۆن لـە ڕووی ناوەڕۆکـەوە خـۆی بـە نوێخواز دەزانی ، ئاوەهـاش شـێوە و فـۆڕمێکی نـوێی گونجـاو بـۆ خـەباتی

سیاسی ئەمڕۆی خۆی دیاری بکات؟

٣. پەیوەندی نێوان دروشم و واقیع و بەرجەستە بوونبان لەمڕۆی دەسەڵاتداری کوردیدا ، تا چەند لەیەکەوە نزیکە و (ی.ن.ك) بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە چەند توانیویەتی ئەو دروشمانە جێبەجێ بکات؟

٤. (یەکێتی نیشتمانی کوردستان) ئاشنایەتیەکی دێرینی لەتەك ڕۆشنبیراندا هەیە -نامانەوێت چەندین نمونەی مێژوویی بۆ ڕاستی و دروستیئەم حاڵەتە بهێنینەوە- ئاخۆ ئەمڕۆش ئەو ئاشنایەتیە هەر بەردەوامە....؟ ئەگەر نەخێر ئەی ئەبێت چی بکرێت...؟

لەگەڵ ڕێزی گۆڤاری (نوێبوون)



# حزبو ئەگەری چاکسازی لە هێڵی فیکریو بنیاتی ڕێکخراوەییدا

د. شاهۆ سەعید

**دوو جۆر "بەدحاڵیبوون" سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان حزبو ئایدیۆلۆجیا:**

لە دنیای ئێمەدا دوو جۆر تێڕوانینی خراپ لە ئارادان سەبارەت بە پەیوەندیی نێوان حزبو ئایدیۆلۆجیا، هەردووکیان خراپ شکاونەتەوە بەسەر پێگەی حزبو سروشتی کاری حزبی لە کوردستاندا.

**تێڕوانینی یەکەم**، تێڕوانینێکی پەتیو تیۆرییە، پێیوایە ئایدیۆلۆجیای حزب بریتییە لە کۆی ئەو پرنسیپو ئیلتزامانەی کە لە دەقێکی پێشوەخت-ئامادەکراودا دەبێتە ئینجیلی حزبو قابلی گۆڕانو دەستکاریی ریشەیی نیە. ئەم تێڕوانینە تێڕوانینێکی سەلەفییە، جا ئیتر هەڵگری هەر دروشمێك بێ، چەپ بێ یان ڕاست، عەلمانی بێ یان فەندەمێنتاڵ، سۆسیالیست بێ یان ناسیۆنالیست..، چونکە سەلەفیەت واتە گەڕاندنەوەی هەقیقەت بۆ تێگەیشتنێکی پێشوەخت. لە سیاسەتدا واتە بەستنەوەی هەموو تەڵەزگەکانی واقعی سیاسیو حزبی بۆ خراپ جێبەجێکردنی ئایدیۆلۆجیا. ئەم دیدە هەمیشە دەخوازێ واقع بە بەری ئایدیۆلۆجیا ببڕێ..، واتە هەوڵدەدا دەستکاری واقع بکا بەو شێوەیەی کە ڕاستیو

دروستی پرنسیپو پێشبینییە ئایدیۆلۆجییەکان دێنێتەدی، نەك بەپێچەوانەوە هەوڵبدا لە بەر رۆشنایی گۆڕانکارییەکان خوێندنەوەی تیۆریو چاکسازیی فیکری لە هێڵی ئایدیۆلۆجیو پێشبینییە سیاسییەکانیدا بکا. زۆربەی حزبە کوردستانیەکان، بە چەپو ناسیۆنالیستو ئیسلامییەکانەوە، خاوەن پێشینەیەکی ئایدیۆلۆجیی لەم جۆرەن.

**تێڕوانینی دووەم**، کە وەك پەرچەکردارێکی ساکارو نامەعریفی، وەك جۆرێك لە مۆدێلی پێچەوانە بەرامبەر تێڕوانینی یەکەم لەنێو زۆربەی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا دروستبووە، تێڕوانینێکی دەسەڵاتخوازی دژە ئایدیۆلۆجییە، کەمبایەخانە دەڕوانێتە پرسی تیۆرەی ئایدیۆلۆجیو هێڵی فیکریی حزب. ئەم تێڕوانینە دەسەڵات کورتدەکاتەوە بۆ دەسەڵاتی عەسکەریو ئابوریو دەسەڵاتی بەرجەستە لەسەر زەوی. حاڵی حاز، ئەم تێڕوانینە تێڕوانینێکی باڵادەستو باوە لە مەیدانی سیاسیو کاری حزبیی کوردستاندا، بگرە بووەتە جۆرێك لە مۆدێل کە گوایا سەردەم سەردەمی جیهانگیرییە، ئیدی هەموو حزبو باڵە سیاسییەکان خۆیان لە پۆلێنکردنی هێڵی فیکریو ئایدیۆلۆجی دەدزنەوە، پێیانوایە پاش دارمانی یەکێتی سۆڤێتو کەوتنی حزبە کۆمۆنیستو ئایدیۆلۆجیستەکان ئیتر قسەکردنیش لە ئایدیۆلۆجیاو فیکری سیاسی کۆتایی هاتووە. ئەوانەی بەم نەغمەیە قسەدەکەن پێیانوایە جیهانێك کە بە ئێمە نەگۆڕدرێ پێویست ناکا بیری لێبکەینەوەو بیفەلسەفێنین. بەڵام لە راستیدا مرۆڤ بیر ناکاتەوە تا جیهان بگۆڕێ، بەڵکو بەر لە هەر شتێك بیردەکاتەوە تا خۆی بگۆڕێ. گۆڕانی گەورە لە سیاقە گەورەکاندا زادەی گۆڕانە بچووکەکانە لە بیرکردنەوەی مرۆڤەکاندا لە خانەو کەرتە وردەکاندا.





بۆ ئەوەی لەڕووی سیاسییەوە لەم کێشەیە بگەین دەبێ جیاکاری بکەین لەنێوان دوو چەمکی "گۆڕان"دا: گۆڕان، بەمانا ریشەییە رادیکاڵییەکەی، کە خولیای هێزە تۆتالیتارو گشتگیرە موژدەبەخشەکانە. لەگەڵ گۆڕان، بەمانا ستراتیجییە ریفۆرمخوازەکەی ،کە ئامانجی هێزە دیموکراتەکانە. کەواتە جیاوازییەکە جیاوازی نێوان دوو هێز نیە کە یەکێکیان بڕوای بە فیکرو ئایدیۆلۆجیا هەیەو ئەوی تریان دژیەتی، بەڵکو راستتر جیاوازی نێوان دوو دەزگای بیرکردنەوەو دوو قوتابخانەیە: کە یەکەمیان پێیوایە گۆڕان زادەی بیرکردنەوەی پێشوەختە.. هەرچی دووەمە پێیوایە بۆ ئەوەی بتوانین گۆڕان ئەنجام بدەین دەبێ بیر لە "ئێستا" بکەینەوە بە بەراورد لەگەڵ بیرکردنەوەی دوێنمان، کە زەینمان رۆشندەکاتەوە سەبارەت بە پلانو پێشبینیو ئەگەرەکانی ئایندە. بەم مانایە هەموو چەقبەستنێك، هەموو قەیرانێکی سیاسیو حزبی، زادەی قەیرانی بیرکردنەوەیە، زادەی نەناسینی خودە لەناو کۆمیونیتیو کەرتە کۆمەڵایەتیەکاندا، هەروەك چۆن زادەی نەناسینی کۆمینیتیو کەرتە کۆمەڵایەتییەکانە لەناو جیهاندا.

بەداخەوە گوتاری نوخبەی سیاسیی کوردی، لەڕووی مەعریفییەوە، زۆر لەوە لاوازترە کە بتوانێ پاساوی فیکری بۆ بەسەرچوونی سەردەمی ئایدیۆلۆجیا تۆتالیتارو موژدەبەخشەکانی وەك ناسیۆنالیزمی گشتگیر یان کۆمۆنیزم بێنێتەوە، یان بتوانێ لە دیدێکی پراگماتییەوە باس لە پاشکۆیەتیی ئایدیۆلۆجیا بۆ واقع بکا، ئەو دیدەی کە ئێستا لە سەردەمی گلۆبالیزەیشندا لە دۆخی بەجیهانیبووندایە. ئەوانە تەسلیمی واقعێك بوون کە دەزانن شتەکان لەڕووی واقعییەوە گۆڕاون، بەڵام ناتوانن بیانخوێننەوە یان بیانناسن، چونکە لە رووی فیکرییەوە نازانن شتەکان بۆچی گۆڕاون.

لێرەوە دەبێ جیاوازیی لەنێوان دوو جۆر مەعریفەدا بکەین: مەعریفەیەکی سەرەتایی‌و ساکار سەبارەت بەوەی "دنیا گۆڕاوە"، کە ئەوەش مەعریفەیەکی پاسڤ‌و بێ بەرهەمە، لەگەڵ مەعریفەیەکی لێکدراوو قووڵ سەبارەت بە هۆکاری گۆڕان، کە ئەوەش مەعریفەیەکی فیکریی ئاکتڤە دەتوانێ پشکی ئیجابیی لە مێژوودا هەبێ. بەڵام تەسلیمبوونی نوخبەی سیاسی کوردی لەئاست ئەو واقعەی کە لە دنیاو ناوچەکە، تەنانەت لەناو عێراق‌و کوردستانیشدا دەگۆڕێ، تەسلیمبوونێکی پاسڤە، زادەی دۆشدامان‌و سەرسوڕمان‌و شۆکە نەك تەفسیرکردن وردبوونەوەو خۆئامەدەکردن.

بۆ حزبی کوردیی زووە بیر لە گۆڕان بکاتەوە لەسەر ئاستی عێراق‌و ناوچەکەو جیهان، گەر پێشتر توانای گۆڕانکاریی نەبێ لە بنیات‌و بەرنامەو هێڵی فیکری خۆیدا.. گەر پێشتر توانای دیاریکردن‌و ناونانی ئەو کەرتە کۆمەڵایەتییانەی نەبێ کە ئەو لەسەر ئاستی کوردستان نوێنەرایەتییان دەکا، گەر پێشتر توانای وەرچەرخانی ڕێکخراوەیی نەبێ لە دەزگای دیوەخانەوە بۆ دەزگایەکی سیاسیی لێکدراو. بۆ ئەو مەبەستە دەبێ لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆجیای سیاسی - ئەو زانستەی کە نامۆیە بە فەرهەنگی سیاسیی حزبی کوردی- ئەو ئەفسانەیە هەڵبگێڕینەوە کە دەڵێ "مرۆڤ ئینتمای بۆ هێزی سیاسی هەیە"، چونکە راستیەکەی ئەوەیە: هێزی سیاسی ئینتمای بۆ ئەو کەرتە میللی‌و کۆمەڵایەتیانە هەیە کە نوێنەرایەتییان دەکا. شەرعیەتی هەر هێزێکی سیاسی بەندە بە شەرعیەتی نوێنەرایەتیکردنییەوە. ئەمەش گرنگترین خاڵە کە یارمەتیمان دەدا بۆ تێگەیشتن لە شێوازی هەڵبژاردنی ئایدیۆلۆجیاو قوتابخانەی فیکریی هەر هێزێکی سیاسی، بۆ جیاکردنەوەی چەپ لە راست، کۆنزێرڤاتیڤ لە



رادیکاڵ، حزبی ناوچەیی لە حزبی ئایدیۆلۆجی، حزبی سادە لە حزبی فرەباڵ‌و.. هتد. گەر هێزە سیاسییەکان ئەو کۆمیونیتی‌و کەرتە تایبەتانە بناسن کە نوێنەرایەتییان دەکەن، گەر بزانن خەڵکی لەسەر چ بنەمایەك دەنگیان دەدەنێ‌و بۆچی متمانەیان پێدەبەخشن.. هوشیاریش دەبن سەبارەت بەدیاری کردنی فەلسەفەی سیاسیی خۆیان. رەنگە کەسێك بڵێ جەماوەری حزبە کوردستانیەکان لەژێر کاریگەریی مێژووی سیاسی‌و خەباتی شۆڕش‌و چەکداریی ئەو هێزانەدا وەلا دەبەخشن‌و پەیوەندییەکی سۆسیۆ - سیاسیی هەنوکەیی لەنێوان خەڵك‌و حزبدا نیە. ئەمە دیدێکی هەڵەیە، چونکە دەبێ بپرسین بۆچی لە بنەڕەتدا نەخشەی حزبایەتی بەو شێوەیە دابەشبووە، ئەو دابەشبوونە چ پەیوەندییەکی بە دابەشبوونی کۆمیونیتی‌و نێوەندو پەراوێزە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەبووە. ئەی دابەشبوونەکان لە ئێستادا چ گۆڕانێکیان بەسەر هاتووەو بۆچی نەخشەی ئینتما لە هەندێ شوێندا گۆڕانی بەسەر هاتووەو لە هەندێ شوێندا وەك خۆی ماوەتەوە. ئەڵبەتە خراپترین‌و نازانستیترین تەفسیر ئەو تەفسیرەیە کە لەسەر بنەمای دڵسۆزی‌و پەرۆشی نەتەوەیی خەریتەی سیاسی‌و حزبیی دەکێشێ، چونکە جگە لەوەی ئەو کارە مانای پاوانکردنی هەق‌و نیشتمانپەروەری دەگەیەنێ، نکوڵی لەو راستییە مێژووییەش دەکا کە ئینتماو لایەنگریی بۆ حزبی کوردیی زۆر لەوە فراوانترو میللی ترو زۆرو بۆر ترە کە تەنها ژمارەیەکی دیاریکراوی شۆڕشگێڕو خاوەن هەڵوێستە نیشتمانییەکان بگرێتەوە. واتە ئەوەی حزبە سیاسیەکانی کوردستان لێك جیادەکاتەوە سەنگەرە جیاوازەکانی خەباتی پێش راپەڕین نیە، بەڵکو دابەشبوونێکی سۆسیۆ- سیاسییە. ئێستا بەجدی کاتی ئەوە هاتووە کە حزبە کوردستانیەکان بیر لە دیاریکردنی پێناس‌و هێڵی فیکری‌و ئامانجە سیاسییەکانی خۆیان بکەنەوە، بەتایبەتی پاش ئەوەی هەردوو حزبە

گەورەکەی کوردستان، یەکێتیو پارتی، نەك هەر نەیانتوانی جەماوەری یەکتر داگیربکەن، بەڵکو ئێستا کەوتوونەتە بەردەم قەیرانی نوێنەرایەتیکردنی جەماوەری تەقلیدیی خۆشیان.. ئێستا لەبەردەم کێشەی جۆرێکی تری دابەشبووندان، کە ئەمجارەیان لەسەر ئاستی ناوخۆی حزبە، بەتایبەتی لە یەکێتیدا. ئێستا ئەو سەردەمە بەسەر چوو کە حزبە کوردستانیەکان بتوانن وەك سەردەمی شاخ کێشە ناوخۆییەکانی حزب لەڕێگەی زەبرو پاکتاوکردنەوە چارەسەر بکەن، بەڵکو هەردەبێ لەڕێگەی بیرکردنەوەی سیاسییەوە کارێکی لەوجۆرە بکەن، بەڵام لە هەمووی ترسناکتر "بیرکردنەوەی سیاسی" خۆی لە خۆیدا لە قەیراندایە. تا ئێستا ئەو ئەقڵیەتە باڵادەستە کە پێیوایە دەشێ لەڕێگەی ترساندن یان دەمچەورکردنەوە کێشە ناوخۆییەکانی حزبی کوردی چارەسەرو پاکتاوبکرێ.

### قەیرانی چاکسازی لە بنیاتو هێڵی فیکریی یەکێتیدا:

دەتوانم بڵێم لە سیاقی کوردستاندا هیچ هێزێك هێندەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەسەختی، دووچاری "قەیرانی بیرکردنەوەی سیاسی" نەبووە.. چونکە هیچ هێزێك هێندەی یەکێتی لێکدراوو ئاڵۆز نیە، چ لە رووی مێژوییو چ لە رووی پێکهاتەی رێکخستنو هێڵی سیاسیو ئایدیۆلۆجیو چ لەڕووی نوێنەرایەتیکردنی کۆمەڵایەتییەوە. هێزە کوردستانیەکانی تر، بەتایبەتی پارتیو ئیسلامییەکان، بەبەراورد لەگەڵ یەکێتیدا، سادەترن لەڕووی رێکخستنو بنکەی کۆمەڵایەتییانەوە، بۆیە دەکرێ ئاسانتر نزیککاری سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئایدیۆلۆجییان بۆ بکرێ، دەکرێ ئاسانتر تیۆریزە بۆ بنیاتی هەرەمی سیاسییان بکرێ. یەکێتی هێزێکە لەسەر بنەمای دوالیزمە کۆدژەکان دامەزراوە، کە ئەوە لە یەك کاتدا خاڵی هێزو خاڵی لاوازییشە. بەڵام کێشەکە ئەوەیە یەکێتی تەنها لە





دۆخی شەڕدا توانیویەتی ئەو فرەییە وەك هێز بۆ خۆی تەوزیف بکا، لەوە بترازێ لە کاتی ئاشتییدا هەمیشە ئەو تایبەتمەندییە یەکێتی بەرەو پەرتەوازەییو دەستەگەریی ترسناك بردووە، کە زۆرجار چارەسەری نادیموکراتیانەی بۆ دۆزراوەتەوە. بەدرێژایی مێژووی هەشتاکانو نەوەدەکان شەڕی رژێمو هێزەکانی تر یەکێتی لە پارچە پارچەبوون پاراستووە، لە دوای روخانی سەدام حسێنو هاتنی ئەمریکاوە یەکێتی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدایە، کە بەم نوخبە سیاسییە تەقلیدییەی ئێستاوەی دەرەقەتی نایەت.

ئێستا رەوتێکی باڵادەست لەناو یەکێتیدا هەیە بە عەمەلی، نەك تیۆریی – چونکە توانای تیۆیزەکرنی نیە- کار بۆ ئەوە دەکا یەکێتی وەك هێزێکی ساکار نیشان بدا، پێیوایە دەکرێ بە سەرکردایەتییەکی مەرکەزیو رێکخستنێکی هەرەمییەوە بەڕێوە ببرێ. بەڵام بەرەنجامی سیاسەتی ئەم ئەقڵیەتە، لە باشترین حاڵەتدا، یەکێتی کردۆتە پاشکۆی هێزە خاوەن رێخستنە سادەکانی وەك پارتی، چونکە لە سادەکردنەوەو بەمەرکەزیکردنو بەهەرەمیکردنی رێکخستنو سەرکردایەتیدا یەکێتی هەرگیز دەرەقەتی پارتی نایەت. پێشتر خاڵێ بەهێزی یەکێتی لەوەدا بوو کە خاوەن تایبەتمەندیو ستایڵی رێکخستنو سەرکردایەتی خۆی بوو، ئەوەش وای کردبوو لەسەر هەموو ئاستە سیاسیو سەربازیو ئیعلامیو رۆشنبیرییەکان خاوەن موبادەرە بێ.

بەڵام چیتر لەڕێگەی شەڕو دروستکردنی دوژمنی هاوبەشی نێوان هەموو باڵە جیاوازەکانی ناو حزبەوە، یەکێتی ناتوانێ پرۆسەی بەیاساییکردنی پێکهاتەو شوناسی خۆی دوابخا. شەڕ باشترین فرسەت بوو بۆ خۆدزینەوە لە چاکسازییو دیموکراتیزەکردن، بۆ خۆدزینەوە لە بەیاساییکردنی کۆدژییە ناوەکییەکانو

بەیاساییکردنی باڵو دەستە جیاوازەکانی ناو حزب، کە دەرفەت دەکاتەوە بۆ بەتاڵکردنەوەی توندو تیژیو جیاوازییەکان بەشێوەیەکی سیاسی نەك لەڕێگەی پاکتاوکردنو سەرکوتکردنەوە.

بەڕای من یەکێتی لەڕووی بنکەی سیاسیو کۆمەڵایەتییەوە لە دوو کەرتی گەورە پێکدێ، کەرتێك کە چاوەڕوانی مۆدێرنیزەکردنو گۆڕانو چاکسازیی لێدەکا، کە لەناو سەرکردایەتییدا نوێنەری نیە.. کەرتێکی تر کە بەدۆخی ئێستا رازییەو بەرژەوەندیی لەگەڵ بەمەرکەزیکردنی سەرکردایەتیو ساناکردنەوەی یەکێتیدایە، ئەم کەرتە هەرچەندە لەسەر ئاستی بنکەی کۆمەڵایەتی بەهێز نیە، بەڵام سەر ئاستی سەرکردایەتی بەهێزەو خاوەن بەرژەوەوندیی سیاسیو ئابورییە لە شوێنە هەستیارەکانی ناو وحزبدا.

دەکرێ ئەم کەرتەی دووەم ناوبنرێ باڵی کۆنزێرڤاتیڤی حزب، کە بەڕای من بوونی گرنگە بەڵام وەك شەریکی کەرتەکەی تر، کە دەکرێ ناوبنرێ باڵی رادیکاڵی حزب. رێکخستنو بەیاساییکردنی پەیوەندیو ململانێ لەنێوان ئەم دوو باڵەدا، کە یەکێکیان بەرژەوەندیی لەگەڵ هێشتنەوەی دۆخی ئێستادایەو ئەوی تریان کار بۆ گۆڕانی ریشەیی دەکا..، زامنی هێشتنەوەی یەکێتییە وەك هێزێکی یەکگرتووی خاوەن موبادەرە.

واتە ئێمە لە بەردەم دوو باڵدا نین، کە یەکێکیان گەندەڵو ئەوی تریان چاکسازە، چونکە ئەمە پۆلێنکردنێکی ئەخلاقییە نەك سیاسی.. راستتر ئێمە لەنێوان دوو باڵداین کە یەکێکیان کۆنزێرڤاتیڤو راستڕەوترە، زیاتر بەرژەوەندیی لەگەڵ "وەزعی قائم"دایە..، لەگەڵ باڵێك کە رادیکاڵترو چەپترەو



بەرژوەندیی لەگەڵ گۆڕانی ریشەییدایە. بەڵام کێشەی ئەم دوو باڵە ئەوەیە کە تا ئێستا پێناسی سیاسیی خۆیان نەدۆزیوەتەوەو تا ئێستا نەگیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە یەکێتی هێزێکی سادە نیەو پێویستی بەگۆڕانی دیموکراتییە لە پێکهاتەکەیدا بەجۆرێك هەردوو باڵەکە لەخۆی بگرێ. دەڵێم "گۆڕانی دیموکراتی" نەك "گۆڕانی ریشەیی"، چونکە گۆڕانی دیموکراتی لە ستراتیجدا لە بەرژەوەندیی ئەو باڵەی یەکێتیشدایە کە لەگەڵ وەزعی ئێستادایە.

ئەم دوو باڵە، لەسەرەتای دامەزراندنی یەکێتییەوە تا ئێستا، خاوەن ئەدگارو نوێنەرایەتی روون نەبوون لەناو ئۆرگانەکانی حزبدا، بەدوو شێوازی زۆر خراپ گوزارشتیان لەخۆیان کردووە: شێوازی یەکەم، بەر لە راپەرین لە وێنەی دوو ئایدیۆلۆجیای تۆتالیتاردا گوزارشتیان لەخۆیان کرد، دوو ئایدیۆلۆجیای خاوەن دوو موژدەی پەرگیری ناسیۆنالیستی لەلایەكو سۆسیالیستی لەلایەکی ترەوە، کە بەهۆی هەژاریی فیکریو حەماسەتی شۆڕشگێڕانەوە توانای دایەلۆگو لێکگەیشتنیان نەبوو، تەنانەت توانای نوێنەرایەتیکردنی کەرتە کۆمەڵایەتیەکانی خۆشیان نەبووە. ئەڵبەتە هەڵەیە گەر مەبەستمان لەو دوو باڵە "کۆمەڵە"و "شۆڕشگێڕان" بێ، چونکە هێڵی ئایدیۆلۆجی نێوان ئەو دوو رێکخراوەش توانای جیاکردنەوەی کۆنزێرڤاتیڤو رادیکاڵەکانی نەبوو لەیەکتر، هەربۆیە ئینتمای ئەندامانی ئەو دوو رێکخراوە وردە.. لە ئینتمای ئایدیۆلۆجییەوە بوو بە ئینتمای شەخسیو بەکاریزماکردنی سەرکردەکان.

دوای راپەڕینیش، سەرکوتکردنی جیاوازییە فیکریو سۆسیۆ- سیاسییەکانی ناو یەکێتی دوو دەرکەوتەی ترسناکی دەستەگەریی خستەوە: یەکێکیان دەستەگەری بوو لەسەر بنەمای بەرژەوەندیی شەخسی، کە خەونی

دەستەجەمعی کوشت، ئەوی تریان دەستەگەری بوو لەسەر بنەمای ناوچەگەری کە یەکێتیی لە ڕێکخراوێکی سیاسییەوە کردە کۆمەڵێك دیوەخان بۆ کڕینی وەلائاتی تەقلیدیی، وەك وەلا بۆ خێڵو ناوچەو شارو.. هتد. لە کاتی جەولەکانی شەڕی ناوخۆدا ئەو وەلائاتانە زۆر ترسناکانە دەرکەوتن.

ئێستا، کە هاوکێشە سیاسییەکان لەسەر ئاستی کوردستانو عێراق بەتەواوی گۆڕاون.. چیتر دواخستنی چاکسازیی لە بەرژەوەندیی یەکێتیدا نیە، کاتی ئەوە هاتووە پرسیار بکرێ بۆچی جیاوازییەکان لەناو یەکێتیدا هێندە سەختن، کە یان زۆر نادیموکراتیانە پاکتاو دەکرێن..، یان لە شێوەی صەفقەی سیاسیو چارەسەری تەوافوقیدا دیزە بەدەرخۆنە دەکرێن. کاتی ئەوە هاتووە یەکێتی بپرسێ کە لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی نوێنەرایەتی کێ دەکاو چۆن دەتوانی پارێزگاری لەو نوێنەرایەتیکردنە بکا؟ دەبێ لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆجیای سیاسییەوە پرسیار بکا دەربارەی شێوازی دابەشبوونی جەماوەرەکەی لەنێوان شارو ئۆردوگاو گوندەکاندا؟ لەنێوان خەڵکی موحافیزکارو خەڵکی کراوەدا؟ لەنێوان سەنتەری شارەکانو ناوچە پەراوێزخراوەکاندا؟ لەنێوان پارێزگاکاندا، بەتایبەتی لەنێوان هەولێرو سلێمانیو گەرمیاندا؟ دەبێ پرسیار بکرێ بۆچی لە دەڤەری بادینان یەکێتی کەمترین جەماوەری هەیە؟ ئایا یەکێتی حزبێکی ناوچەیی عەمودیی تەقلیدییە کە هەر چییەك بێو هەرکەسی رابەرایەتی بکا خەڵکی هەر دوای دەکەون؟ یان حزبێکی خاوەن بەرنامەی سیاسییە کە گەر لە بەرنامەی خۆی لا بدا جەماوەر لە دەست دەدا؟ ئایا یەکێتی حزبێکی چەپە، یان حزبێکی تێکەڵە لەنێوان چەپو راست، خاوەن خەونی مەدەنیو خاوەن خەمی دیوەخان گەرمکردن؟

لە هەر کۆمەڵگایەکدا دابەشبوونە ستوونییە تەقلیدییەکان زاڵ بن، حزبی



سیاسیش رەنگی ئەو کۆمەڵگایە دەگرێو لە ڕێکخراوێکی سیاسییەوە دەبێتە نیمچە خێڵێکی گەورە.. بەپێچەوانەوە لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا، کە تاکەکەس سەنتەری بڕیاردانە، حزبی سیاسیش دەبێتە دەزگایەکی مۆدێرن کە پێویستی بە نوێنەرایەتیکردنی توێژو گروپو بەرژەوەندییە تایبەتەکان هەیە. لێرەوە ئینتما لە کۆمەڵگەی تەقلیدیدا قەدەریو بۆماوەییە، خەڵکی دوای کاریزماو بنەماڵە دەکەون، بەڵام لە کۆمەڵگەی شارستانیدا ئینتما ئارەزوومەندانەیە، لەسەر بنەمای قەناعەت پێهێنانی تاکەکان لە لایەن بکەرە سیاسییە جیاوازەکانەوە دروست بووە.

ناوچەی نفوزی یەکێتی لە رووی کۆمەڵایەتییەوە، بەبەراورد لەگەڵ ناوچەی نفوزی پارتیدا، پڕ جووڵەترو پڕ کێشەترە، کە لەیەك کاتدا دەلالەت لە دینامیەتو دەلالەت لە قەیرانی کۆمەڵایەتیش دەکا. وەلائات لەم ناوچەیەدا تەنها ستوونیو بۆماوەیی نین، بەڵکو تا ئەندازەیەکی زۆریش ئاسۆییو ئارەزوومەندانەن. ئەم ناوچەیە لە بنەڕەتدا ناوچەی نفوزی پارتی بوو، بەڵام کاتێ پارتی ویستی بە سەرکردایەتیەکی مەرکەزیی سادەوە حوکمی ناوچەکە بکا، کاتێ پێی وابوو کۆمەڵگەی کوردیی خاوەن پێکهاتەیەکی نەتەوەیی سادەیە، بەشی هەرە زۆری جەماوەرەکەی خۆی لە دەستدا. بۆیە دووبارەکردنەوەی هەمان ستراتیج یەکێتی بەرەو سیناریۆیەکی هاوشێوە دەبا.

بەڕای من یەکێتی هەم حزبێکی ناوچەییو هەم حزبێکی چەپیشە، پارتیش لەیەك کاتدا حزبێکی ناوچەییەو حزبێکی کۆنزێرڤاتیڤیشە. ناوچەییبوونی هەردوو حزبەکە وای کردووە کە یەکێتی زیاتر موغازەلەی توێژە راستڕەوو موحافیزکارەکان بکا، پارتیش بەپێچەوانە لە هەوڵی کەسبکردنی ئەو کەسو کەرتانەدایە کە زیاتر چەپن. بەڵام کێبڕکێی سەختی هەردوو حزب لە ساڵانی

پاش راپەڕیندا ئەوەی سەلماند کە پارتیو یەکێتی هەوڵێکی بێهوودە دەدەن گەر بیانەوێ لە جەماوەری یەکتر بەرن، چونکە هەمیشە لە کاتی قەیرانو شەڕدا زیاتر ئینتمای تەقلیدیو ناوچەیی زیندوو دەبێتەوە. حاڵی حازر، پاش گۆڕانی قۆناغەکە، یەکێتی لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی سەختدایە، کە چیتر ناتوانی گرەو بکا لەسەر مانەوەی وەك هێزێکی تەقلیدیی خاوەن رێکخستنی سادەو سەرکردایەتی مەرکەزیی. واتە دەبێ لەمەودوا گوزارشتێکی دیموکراتیو مەدەنیانە لە دۆخی جیاوازییەکانی ناو جەستەی خۆی بکا، دەبێ رادیکاڵو موحافیزکارەکانی ناو یەکێتی، کە تا ئێستا دۆخی شەڕو ئینتمای هاوبەش بۆ ناوچەگەری کۆی کردوونەتەوە، بیر لە پێکەوەهەڵکردنی دیموکراتیو ئاشتییانە بکەنەوە.. ئەگەر نا خەریتەی سیاسیی کوردستان بە تایبەتی لە ناوچەی تەقلیدیی نفوزی یەکێتیدا وەك خۆی نامێنێتەوە.

## چەند سەرنجێك دەربارەی چاکسازیو دیموکراتیزەکردنی کاری حزبی، "یـــەکێتی" وەك نمونە.

یەکەمین پرسیار کە پێویستە هێزێکی وەك یەکێتی ئاراستەی خۆی بکا ئەوەیە: ئایا بەڕاستی ئەو هێزە بیر لە چارەسەری کێشەو قەیرانە کەڵەکەبووەکانی خۆی دەکاتەوە، یان تەنها لە بیری دواخستنو کەڵەکەکردنی کێشەکانو سڕکردنی جەستەی خۆیدایە؟

ئێستا دوو رێگەچارەی خراپ پێشنیاردەکرێن بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو یەکێتی، یەکێکیان چارەسەری "هەڵۆکان"ە بەرەو پێکدادانو پاکتاوکردنو سەرکوتکردنی جیاوازییەکانی ناو یەکێتی، کە ئەوە هیچ نیە جگە لە ئینتحارێکی سیاسیی خێراو بەپەلەی حزبێك (کە ناوی یەکێتی نیشتمانی



کوردستان بوو).. دووەم چارەسەی "کۆترەکان"، بۆ دۆزینەوەی رێگەچارەیەکی تەوافوقیو بەنجکردنی زیاتری جەستەی یەکێتیو دواخستنی چارەی دیموکراتی بۆ وادەیەکی تری نادیار.. ئەمەشیان هیچ نیە جگە لە ئینتحارێکی تەدریجیو بەپاشکۆکردنی وردە.. وردەی یەکێتی بۆ هێزەکانی تر.

پێویستە یەکێتی جیاوازییەکانی ناوخۆی بسەلمێنێو بەگوێرەی پەیڕەوو فەلسەفەیەکی سیاسیی نوێ هەوڵی فۆرمەلەکردنی یاساییو سیاسیی ئەو جیاوازیانە بدا، ، ئیتر گرنگ نیە چ ناوێك لەو جیاوازیانە بنێ: باڵ، گروپ، مینبەر، هێڵ.. یا هەر ناوێکی تر. بەڵام پێویستە بە چەند خاڵێك جیاوازی بکەین لەنێوان باڵ (بە مانا سیاسییە دیموکراتییەکەی) لەگەڵ دەستەگەری (بە مانا تەقلیدییە نادیموکراتییەکەی، کە تا ئێستا لەناو یەکێتیدا باو بووە):

**یەکەم:** دەستەگەری بەنهێنیو ژێراوژێر دروست دەبێ، بەڵام باڵ ئاشکراو یاساییو راگەیاندراوە.

**دووەم:** بەرژەوەندیی مادییو هەلپەی ئیمتیازو پۆست ئەندامانی دەستەی نهێنی پێکەوە کۆدەکاتەوە، بەڵام ستراتیجو بەرنامەیەکی هاوبەش ئەندامانی باڵ کۆدەکاتەوە.

**سێیەم:** زۆرجار (وەلا) بۆ دەستەی نهێنی فۆرمێکی ستوونی ناوچەگەریو تەنانەت خێڵەکی دەپۆشێ، بەڵام ئینتما بۆ باڵ ئینتمایەکی ئاسۆیی مەدەنی ئارەزوومەندانەیە.

**چوارەم:** گواستنەوەی ئینتماو قەناعەت لە باڵێکەوە بۆ باڵێکی تر ئەدگارێکی دیموکراتانەی هەر حزبێکی مۆدێرنە، واتە هەر باڵێك پێشنیارو پلانو بەرنامەی

باشتری پێ بێ دەتوانی زۆرترین دەنگ بۆ خۆی بەرێتەوە، بەڵام ئینتما بۆ دەستەی نهێنی ئینتمایەکی کوێرانەیە لە سەر بنەمای متمانەی پێشوەخت دادەمەزرێ.

**پێنجەم:** دەستەی نهێنی تەنها لەسەر پاوانکردنی ئابوریو ئیمتیازو دەسەڵات کار ناکا، بەڵکو کار بۆ پاوانکردنی لایەنی موخابەراتیو عەسکەریش دەکا.. واتە تەنها پەنا بۆ دەم چەورکردن نابا بەڵکو ترساندنو تۆقاندنیش پێڕەو دەکا. بەڵام بەگوێرەی یاسای ناوخۆی حزبە دیموکراتەکان قەدەغەیە باڵی سیاسی پەنا بۆ پاوانکردنی ئابوری حزب بەرێ، چ جای پەنابردن بۆ کاری توندوتیژیو سیخوڕی.

**شەشەم:** لە حزبی خاوەن بەرنامەی دیموکراتیدا باڵە جیاوازەکان لەڕێی ئارگیۆمێنتو مونازەرەی ئاشکراوە ململانێو کێبڕکێ دەکەن، بەڵام دەستە نهێنییەکان لەڕێگەی لێخوێندنی پاشەملەو چاڵ هەڵکەندنەوە ململانێ دەکەنو یەکتری پاکتاودەکەن.

سەبارەت بە حزبێکی وەك یەکێتی، تا ئێستا نەتوانای ئەوەی هەیە جیاوازییەکانی خۆی لە شێوەی باڵی جیاوازدا رێك بخا، نەتوانای ئەوەیشی هەیە دەستە نهێنییەکانی ناو جەستەی خۆی ریشەکێش بکا. واتە بە رواڵەت یەکێتی خۆی وەك حزبێکی یەکگرتووی سادە نیشان دەدا، بەڵام لە جەوهەردا نەك هەر سادەو یەکگرتوو نیە، بگرە پڕە لە گروپی بەرژەوەندیو دەستەی نهێنی کە ئەندامەکانی تەنها لە خەمی بەرژەوەندیی زۆر شەخسیو زۆر تایبەتی خۆیاندان، کەرتێکی گەورەی بێدەرەتانو دڵسۆزانیش هەیە کە تەنها لەبەر ئەوەی شارەزای ئەو گەمەیە نیە، بێکەس ماوەتەوە. ئەندامانی ئەو کەرتە، کە دەکرێ ناویان بنێین دەروێشەکانی حزب، توانایەکی فیکریی ئەوتۆیان نیە تا خۆیان رێك بخەنو نوێنەریان لە ئاستە باڵاکاندا هەبێ. ئەڵبەتە دەروێشەکان بێ جیاوازی لەنێو هەموو دەستەکاندا هەن، هەندێ جاریش زۆر سەرسەختانە





بەرگری لە کوتلەکانیان دەکەن، بێ ئەوەی هیچ ئیمتیازێکیان پێ ببڕدرێ.

یەکێتی بەم پێکهاتەیەی ئێستاوەی، کە لە شێوەی نیمچە حکومەتێکدایەو خاوەنی دەزگای داراییو هێزی پێشمەرگەو دەزگای موخابەراتی خۆیەتی، دەبێ ئەو سێ دەسەڵاتە (دارایی، هێزی سەربازیو دەزگای موخابەراتی) بەتەواوی بێ لایەن (تحیید) بکاو بەگوێرەی یاسای ناوخۆی حزب نابێ رێگە بدرێتە هیچ باڵێکی سیاسی، چ جای کوتلە نهێنییەکان، ئەو دەسەڵاتە خەتەرانە بۆ بەرژەوەندیی خۆیان، بەترساندنو تەرهیب یان دەمچەورکردنو تەرغیب، بەکار بێنن. ئەگەر نا ئەوە یەکێتی نەك هەر دەبێە حزبێکی پۆلیسی، بەڵکو ئەزمونی کوردستانیش بەگشتی بەرەوە هەڵدێرێکی ترسناك دەبا، چونکە تا ئایندەیەکی دیاریش یەکێتی لەگەڵ پارتیدا ئەم وڵاتە دەبەن بەڕێوە، ئیدی تەجروبەیەکی حوکمڕانی ئەوتۆ بۆ کوردستان دەسازێنن کە لەشێوەی تەجروبەی ناوخۆی حزبەکاندا بێ. لە حاڵەتێکی ئاوهادا ئەگەر یەکێتی پێداچوونەوەیەکی دیموکراتانە لەناو خۆیدا ئەنجام نەدا ئەوا لەسەر ئاستی کوردستانیش ناتوانێ ببێتە هێزێکی سیاسی بۆ دروستکردنی فشاری دیموکراتیو مەدەنی تا کوردستان بەرەو ئەو هەڵدێرە ترسناکە نەڕوا.

بەڕای من چاکسازی لە خانەکانی تری حزبدا، وەك رێکخستنو راگەیاندنو پەیوەندییەکانو پەیڕەوو دروشمو... هتد، بەرەنجامی سروشتیی بەرچاوڕوونیو چاکسازییە لە فەلسەفەی سیاسیدا. لە یەکێتیدا ئەو بەرچاوڕوونیو چاکسازییە پێویستی بە دوو "پێشمەرج"ـە لەسەر ئاستی سەرکردایەتی: **یەکەم:** ئیرادە.. **دووەم:** خوێندەواری. ئەو دوو پێشمەرجە وادەکا نوخبەی سەرکردایەتی بە رۆحی تیم کار بکاو توانای هەبێ پەنجە بخاتە سەر ئازارو خاڵ بخاتە سەر وشە. بەڵام ئایا سەرکردایەتی یەکێتی ئەو دوو پێشمەرجەی تا چ ئەندازەیەك تێدایە، ئەوە پرسیارێکە دەبێ ئەندامانی یەکێتی وەڵامی بدەنەوە.

## نوسەر و ڕووناکبیر ( ڕێبین هەردی ) لە دیداریکدا

**پ)** لەسەرو بەندی کۆتایی مێژوو و کۆتایی ئایدۆلۆژیەکاندا کە تارادەیەك ئەمرۆ بانگەشەی بۆ دەکرێت، حزب چۆن دەتوانێت سود لە ئایدۆلۆژیا و یان ئلیدیا نوێکان ببینێت یان بیکاتە داینەمۆی بەگەڕخستنی خۆی. دیاری یەکێتی نیشتیمانی کوردستان وەك نمونە؟

**وەڵام:** بڕواناکەم مێژوو کۆتای هاتبێت و ئایدۆلۆژیاکانیش بەسەر چووبن..ئەو تێزە سادەکارانەی وا تەماشای مێژوو و ئایدۆلۆژیاکان دەکات، نە ئالۆزیەکانی جیهانی تازە و نە ئالۆزیەکانی خودی ژیانی مرۆڤ و نە ئالۆزیەکانی پێدراوە واقعیەکان لەبەرچاو نەگرتووە. ژیان و مێژووی مرۆڤ چەندانجار لەوە ئالۆزتر و پێشبینی نەکراوترە لەوەی ئەم تێزە سادەکارانەیە پێشکەشیدەکەن. چونکە مێژووی هاوچەرخی مرۆڤ گەر لەهەندێك شوێندا کەوتنی ئایدۆلۆژیای بینی بێت، ئەوا لەهەندێك شوێنی دیدا زیندوبونەوەی هەندێك ئایدۆلۆژیای دی بینیوە. سەرهەڵدانەوەی ئایدۆلۆژیای دینی لەوڵاتە ئیسلامیەکانەوە بۆ هندستان، لە ئیسرائیلەوە بۆ چیچان، تەنها چەند نمونەیەکن. ئەو روداوانە و پێشهاتە چاوەڕوان نەکراوانەی لە کۆتایەکانی سەدەی بیست و سەرەتای سەدەی بیست و یەکدا رویاندا، هەر هەمویان باس لەوە دەکەن نەك مێژوو کۆتایی نەهاتووە، بەڵکو تا هەنوکەش هەڵگری چەندان ئەگەری جیاواز و چاوەڕواننەکراوە کە پێشبینی ناکرێت. مێژوومان لەسەرەتاکانی سەدەی رابردودا چۆن بەجێ هێشتبوو، هەرواش



لەسەدە بیستویەکدا دۆزیمانەوە: ئالۆز، پێشبینی نەکراو، پڕ لەڕوداو و هەڵگەڕانەوە.

خاڵێکی دی کە بتوانین دژی ئەم دیدە ئاسانکارانەیە بیهێنینەوە ئەوەیە مێژو هەرگیز و هەمووکات رووی لەپێشەوە ناکات...رەوتێکی راستەهێڵی نیە کە وەك شەمەندەفەرێك نەگەڕێتەوە بۆ ئەو وێستگایەی بەجێی هێشتووە، بەڵکو هەمیشە ئەگەری گەڕانەوە بۆ دواوە و دوبارەکردنەوەی ئەزمونگەلێکی هەیە، کە پێشتر ئەزمونیکردووە. مێژووی مرۆڤ و کۆمەڵگاکان لەوە ئالۆزترن بەم بیرۆکەی راستەهێڵیەی پێشکەوتن تەماشایبکەین.

کەوابوو قسەکردن لەکۆتایەکان هەمیشە بێ مانایە.تا مرۆڤ دەژی و کۆمەڵگاکان هەن، هەمیشە هەم مێژومان هەیە و هەم ئایدۆلۆژیاش. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین لەبری وشەی کۆتایی باس لەقەیرانێك بکەین..یان راستر باس لەقەیرانی دیدێکی تایبەت بۆ ئایدۆلۆژیا بکەین، بێ ئەوەی باس لەکۆتایهاتنی بکەین. ئەوەی لەپاشەکشێدایە یان لەقەیرانێکی قوڵدایە ئەو بیرۆکەیەی کە ئایدۆلۆژیا وەك تیورەیەکی سەرتاپاگیر بۆ رزگارکردنی نەك کۆمەڵگایەك، بەڵکو سەرجەم مرۆڤایەتی تەماشادەکات. ئەو ئامانجە بەرزەفڕانەی ئەم دیدە دەیخوڵقێنێت بەجۆرێك ختوکەی هەستیاری و هوشیاری مرۆڤ دەدات کە هەموان چاو لەو سادەگۆیانە دەنوقێنن کە تێزەکانی ئایدۆلۆژیا جیهان و کێشەکانی پێ تەماشادەکات و رێگەچارە بۆ کێشەکانیان پێشنیاردەکات. ئەوەی لە قەیراندایە (یان ئەزمون دەریخستووە درەنگ یان زوو توشی قەیران دەبێت) ئەو سەیرکردنەی ئایدۆلۆژیایە کە جیاوازیە قوڵ و فرەکانی کۆمەڵگاکان نابینێت و یەك چارەسەری گشتی بۆ کێشەگەلێکی جیاواز و فرەلایەن پێشنیاردەکات، کە رەگ و ریشە و سەرچاوەی جیاوازیان هەیە. ئەوەی ئەزمونە مێژوویەکان

دەریانخستووە ئەوەیە مرۆڤ دەبێت کەمێك خاکیتر بێت و لەبری ئەوەی لافی ئەوە لێبدات توانای چارەسەری کۆی کێشەکانی هەموو مرۆڤایەتی و هەموو ئەو کۆمەڵگایانەشی هەیە کە نەیدیون و نایاناسێت، بیر لەرێگە و یان پێشنیار بۆ کێشەکانی ئەو کۆمەڵگایە بکاتەوە کە لەناویدا دەژی و دەیناسێت و ئەزمونیکردووە. کەوابوو خاڵی سەرەکی ئەوەیە پێشوەخت وازمان لەم دیدە سەرتاپاگیرە هێنابێت و بەرۆحێکی خاکیەوە و بەشتێك لەرێژەگەریەوە پێشنیار بۆ کێشە و گرفتەکانی ئەو کۆمەڵگایە پێشکەشبکەین کە لەناویدا دەژین.

بەڵام کۆمەڵگاکان خۆشیان لەناوخۆیاندا ئاڵۆزن و لەچەندان چین و گروپ و کۆمەڵی جیاواز پێکهاتوون کە هەریەکەیان خواست و ئارەزووی جیاواز و چاوەڕوانی جیاوازیان هەیە. کاری سەرەکی حیزبە سیاسیەکان هەمیشە ئەوەبووە بەشێوەیەك لەشێوەکان تەعبیر لەم جیاوازی و کێشە و گرفتانە بکەن. لەراستیدا سەرچاوەی فرەیی حیزبەکان، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوجیاوازی و هەمەڕەنگیەی لەنێوان گروپ و کۆمەڵ و چینە جیاوازەکانی یەك کۆمەڵگادا هەیە. کۆمەڵگایەك نیە لێکچوو و تەبا و هاوئاهەنگ بێت کە هەموان تیاییدا یەك چاوەڕوانی و یەك ئامانج و یەك بەرژەوەندیان هەبێت. ئەوەی لەقەیراندایە ئەو ئایدۆلۆژیانەیە کە تەماشای کۆمەڵگا وەك یەکپارچەی چونیەکی درۆزنانە دەکەن و لەپێناوی ئەو چونیەکیەشدا، دەکەونە جەنگەوە لەگەڵ هەموو جیاوازیەك کە ئەم چونیەکیە تێکبدات. ئەم ئایدۆلۆژیا چونیەکبینە هۆکاری سەرەکی دروستبوونی ئەزمونە تۆتالیتاریە ترسناکەکانی سەدەی بیست بووە و هەنوکەش هۆکاری سەرەکی دروستبوونی پەڕگیری دینی لەهەموو شکڵ و شێوەکانیدایە.

لێرەوە گرنگترین سەرەتایەك بتوانین لێرەدا باسیبکەین ئەوەیە بۆ هەموو



حیزبێکی مۆدێرن پێویستە هەر لەسەرتاوە دان بەفرەیی و جیاوازی و هەمەڕەنگی کۆمەڵگادا بنێت و وەك دەنگێك خۆی دەربخات کە دەتوانێت نوێنەرایەتی بەشێکی ئەم هەمەڕەنگیە بکات. ئالێرەدا دەتوانین کێشەی سەرەکی زۆربەی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بەگشتی و (ی.ن.ك) بەتایبەتی ببینین. حیزبە کوردستانیەکان تاهەنوکەش وەك کۆمەڵگایەکی چونیەك و تەبا تەماشای کۆمەڵگای کوردی دەکەن کە هێزێك بەتەنیا دەتوانێت تەعبیر لەخواست و ئامانج و ئارەزوەکانی بکات. ئەم دیدە هەڵەیە بێگومان هەم رەگوریشەی ئایدۆلۆژی هەیە، هەم رەگ و ریشەی مێژوویی. رەگ و ریشەی ئایدۆلۆژی هەیە چونکە زۆرینەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان تاماوەیەکی زۆر لەژێر کاریگەری دیدی مارکسیزم-لینینزمدا بوون کە تەماشای نەك یەك کۆمەڵگا، بەڵکو سەرجەم مرۆڤایەتی وەك یەکەیەکی چونیەك دەکات، کە لەهەموو جێگەیەکدا و لەهەموو کاتەکاندا یەك کێشەی هەیە و یەك چارەسەری راستەقینەش بۆ ئەو کێشەیە هەیە. مرۆڤ لە کوردستان بژی یان مالیزیا..لە ئەریتریا بێت یان لە شیلی، لە ئیرەلندا بێت یان ئەمەریکا لەناو هەمان سیستەمی سیاسیدا دەژین کە هەمان نەگۆڕی ئابوری و سیاسیان هەیە و هەمان نمونەی حیزبی سیاسیش بۆ چارەسەری ئەو کێشانە.

رەگوریشەی مێژوویش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کۆمەڵگای کوردی لەدروستبوونی دەوڵەتی عێراقەوە کێشەیەکی درێژخایەنی لەگەڵ ئەم دەوڵەتەدا هەیە کەئەویش بەدەستهێنانی مافە نەتەوەیاتیەکانێتی لەچوارچێوەی دەوڵەتی عێراقدا. زۆربەی قۆناغە مێژویەکانی کوردستانی عێراق و زۆربەی حیزبە سیاسیەکانی، رزگاربوون لەم دەسەڵاتە و چەسپاندنی مافەکانی کوردستان لەناو دەوڵەتی عێراقدا کردبوو بە ئامانجی سەرەکی خۆی. واتە هەموان یەك ئامانجی

سەرەکیان هەبوو. ئەم لێکچونی ئامانجە ئەو خەیاڵە سیاسیە نادروستەی بەرهەمهێنا، کە حیزبێك بەتەنها دەتوانێت نوێنەرایەتی ئەم ئامانجە بکات. بەڵام ئەگەرچی راستە یەکێك لەئامانجە سەرەکیەکانی کۆمەڵگای کوردی چەسپاندنی ئەم مافانەیە لەناو دەوڵەتی عێراق و رزگاربوون لەدەوڵەتی دیکتاتۆری، ئەوا ئەو مەبەستانەی خەڵکی کورد لەم رزگاریە دەیەوێت جیاواز و جونیەك نیە. هەر گروپ و کۆمەڵ و چینێك چاوەڕوانی و مەبەست و خواستی جیاوازی لەم رزگاربوونە هەیە. ئەگەرچی هەموو حیزبە سیاسیەکانی کورد و سەرجەم کۆمەڵگای کوردی لەراستەوە بۆ چەپ کەوتنی حیزبی بەعس و روخانی ئەو رژێمەیان دەویست، بەڵام پڕ ئاشکرایە هەریەکەیان چاوەڕوانی و ئارەزوی جیاوازی بۆ قۆناغی دوای ئەم روخانە هەبوو...ئەمەش ئەو خاڵە گرنگ و ستراتیژ و چارەنوسسازەیە کە حیزبە سیاسیەکانی ئێمە لێی غافڵن. حیزبەکانی ئێمە دەیانەوێت نوێنەری هەموو کۆمەڵگای کوردی بکەن، چونکە لەبنەڕەتەوە وەك یەك کۆمەڵگای چونیەك و تەبا تەماشای دەکەن. هیچ شتێکیش هێندەی خۆ رزگاردن لەم دیدە سۆسیۆلۆجیە هەڵەیە راست نیە. کۆمەڵگای ئێمە وەك هەر کۆمەڵگایەکی دی پڕە لەجیاوازی و خواست و ئاواتی جیاواز کە پێویستی بەهێزگەلی جیاواز هەیە تەعبیری لێبکات. پێویستی بەوە هەیە هەر هێزێك نوێنەرایەتی گروپێکی دیاریکراو بکات و هەوڵبدات ئارەزوو و چاوەڕوانیەکانی ئەو گروپە بخاتە بەرنامەی کاریەوە..لەم ئاراستەیەشدا یەکێك لەکێشە بنەڕەتیەکانی حیزبە سیاسیەکانی کوردستان بەگشتی و(ی. ن. ك.) بەتایبەتی ئەوەیە کە دەیانەوێت نوێنەری هەموو ئەو گروپ و کۆمەڵ و چینانە بکەن کە ئارەزوی و بەرژوەندی جیاوازیان هەیە..بەمانایەکی دی دەیانەوێت هەموان رازیبکەن..بەڵام لەبەرئەوەی ئەو خواست و داوایانە جیاواز لەیەك و



زۆرجار ناکۆك و دژبەیەکن، لەدەرئەنجامدا هەموان لەخۆیان ناڕازیدەکەن. کەوابوو سەرەتا گرنگترین شت بکرێت وازهێنانە لەم بیرۆکەیەی رازیکردنی هەموان و گەڕانەوە بۆئەوەی نوێنەری ئەو ئارەزوو و چاوەڕوانیانە بکەن کە بەشی سەرەکی حیزبەکانی لێپێکهاتووە. لەم ئاراستەیەدا سەبارەت بە (ی.ن.ك)یش دەتوانین ئەم شتانە بڵێین:

بڕیاروایە یەکێتی یەکێك لەباڵە چەپەکانی حیزبە کوردیەکان بێت. واتە بەرنامە و ئاراستەی هێزەکە دەبێت رووی لە هێزە پێشکەوتوخواز و مۆدێرن و فەقیرانی کۆمەڵگای کوردی بێت..بەرنامەکانی پتر تەعبیر لەخواست و ئارەزوەکانی ئەم چینە کۆمەڵایەتیانە بکات، نەك ئەو داواکاریانە بێت کە رووی لەهەموو کۆمەڵگای کوردیە. هێزەکە دەبێت بێ هیچ دودڵیەك لایەنگری خۆی بۆ ئەم هێزە خوێندەوار و مۆدێرنە ئاشکرابکاتو پرۆژە و بەرنامەی جیاواز بۆ چارەسەر و چاوەڕوانیەکانی ئەم هێزە پێشکەشبکات. هێزەکە نابێت بۆ هیچ مەرام و مەبەستێك ئەم ئاراستە چەپەی خۆی بشارێتەوە و مساومەی لەسەربکات. دەبێت هێزەکە وەك هەر هێزێکی چەپی دنیا بەرنامەکانی لەبەرژەوەندی ئازادی ژنان، بێکاران، خوێندکاران و پیرو پەککەوتوەکان و چەندان گروپی لەم چەشنە ئاشکرا بکات و بەهیچ شێوەیەك مساومە لەسەر چاوەڕوانیەکانی ئەوان نەکات. ئەوەی پێویستە ئەوەیە یەکێتی واز لەخەوی رازیکردنی هەموان بێنێت کە دواجار بەناڕازیبوونی هەموان کۆتای دێت، و روبکاتە رازیکردنی ئەو هێزە مۆدێرن و چەپانەی لەبنەڕەتەوە لێی دروستبووە.

پ) بەو حوکمەی هەیکەلی رێکخستنی ی ن ك زیاتر لەفۆرمی پارتە کۆمنیستەکان و سۆسیالیستەکاندا دەبینێتەوە، ئەمڕۆش ئەوجۆرە رێکخستنانە چ

لەرووی مێژوویی و کارکردنیانەوە ئەو زەروەرەتەی جارانیان نەماوە، ئایا یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دەتوانێت چی بکات بۆئەوەی لەرووی ناوەڕۆکەوە کە خۆی بە نوێخواز دەزانێت، ئاوهاش لەرووی شێوە و فۆرمێکی نوێی گونجاو بۆ خەباتی سیاسی ئەمڕۆی خۆی دیارییبکات؟

**وەڵام)** سەرەتا چەند قسەیەك لەبارەی ئەوەی ئەو ڕێکخستانە زەرورەتی جارانیان نەماوە: ئایا بەڕاست ئەو هوشیاریە ئامادەیە کە هەستبکات ئەم شێوازە لەرێکخستن لەهەنوکەدا پێویست نیە؟ ئایا ئەو هوشیاریە ئامادەیە مەترسیەکانی دوبارەکردنەوەی ئەم شێوازە ببینێت و هەوڵبدات خۆی لێ رزگاربکات؟ کەوابوو خاڵی یەکەم و بەرلەوەی دەست بەهیچ شتێك بکرێت پێویستە ئەو هوشیاریە ئامادە بێت کە بڕوای بەوە هەیە ئەم شێوازی ڕێکخستنە لەپشت دروستبونی ئەزمونی تۆتالیتارانەوەیە و بەهیچ شێوەیەك بەکەڵکی ئەو ئەزمونە سیاسیانە نایەن کە دەیانەوێت دیموکرات و کراوە بن. بەڵام پێدراوە واقعیەکان دەڵێن ئەم شێوازی ڕێکخستنە تەنانەت بووە بەشێوازی باڵادەستی ئەو هێزانەش کە نەك هەر لە مارکسیەتەوە دورن، بەڵکو بەتەواوی دژین. ئەم شێوازە هەمان ئەو شێوازەشە کە بەعسیەکان بەکاریانهێنا و هەنوکەش هەندێك هێزی ئیسلامی بەکاری دێنن.

هەستدەکەم هیچ گۆڕانێك لەم شێوازەشدا روو نادات، گەر ئەو گۆڕانکاریانە رونەدات کە لەوەڵامی پرسیاری پێشودا باسمانکرد کە ئەویش وازهێنانە لەوەی حیزب نوێنەرایەتی هەموو کۆمەڵگا بەهەموو جیاوازیەکانیەوە بکات. ئەم ئارەزوە تۆتالیتارانەیە کە ئەوجۆرە ڕێکخستنە دروستدەکات، دەستدەخاتە ناو هەموو جومگە سەرەکیەکانی کۆمەڵگاوە بۆئەوەی زۆرترین خەڵك لەدەوری خۆی کۆبکاتەوە. خەونی نوێنەرایەتی هەموان کە دواجار وەك هەموو ئەزمونێکی



تۆتالیتاری جگە لەنوێنەرایەتی کۆمەڵێك بەرپرسیاری داخراو، نوێنەرایەتی هیچ کەسێکی پێناکرێت. بەعسیەکان خۆیان بە نوێنەری هەموو عەرەب دەزانی، بەڵام لەدواجاردا جگە لە نوێنەرایەتی بەرژەوەندی و خواستەکانی خێزانی سەدام حسین و هەندێك لە بەعسیەکان هیچی دی نەبوون. راستت بوێت هەموو ئەمجۆرە ئەزمونانە کە بەخەونی بەرزەفڕی درۆزنانەی نوێنەرایەتی هەموانەوە دروستدەبن، دواجار بەنوێنەرایەتی کەمایەتیەکی یەکجار بچوك کۆتاییان دێت کە زۆرینەی خەڵکیان لەخۆیان ناڕازیکردووە.

شێوازەکانی ڕێکخستن وەرگێڕانی پراکتیکی ئەو ژێرخانە فکریانەن کە هێزێکی سیاسی هەڵگرێتی. شێواز چیە جگەلە بەرجەستەبوونی ناوەڕۆك لەپراکتیکدا. کەوابوو ئەم شێوازی ڕێکخستنە ناگۆڕێت، گەر پێشوەخت دەستکاری ئەو ژێرخانە فکریانە نەکرێت کە ئەمجۆرە شێوازەی سەپاندووە. ئەگەر سەبارەت بە (ی.ن.ك)یش قسە بکەین ئەوە دەتوانین راستیەکی سەرەتای دیارییبکەین: یەکێتی لەسەرەتادا هێزێکی چونیەك و هاوفکر و بەرنامە نەبوو:

یەکێتی لەسەرەتای دروستبونیدا خاوەن یەك شێوازی ڕێکخستن و یەك بیروبۆچونی سیاسی و فکری نەبوو، بەڵکو لەچەند ڕێکخراوێکی جیاواز پێکهاتبوو کە ئەگەرچی هەموان لەسەر دروشمی دژایەتی بەعس و مافە نەتەوەییەکانی کورد ڕێکەتبوون، بەڵام هەریەکەیان بەرنامە و فکری جیاوازی خۆی هەبوو. سکرتێری گشتی وەك بێلایەنێك دەمایەوە کە سەرپەرشتی ئەم جیاوازیانەی دەکرد. ئەم خاڵە وایکردبوو یەکێتی هەمیشە لەناوخۆیدا هەڵگری بیروبۆچونی جیاواز بێت کە لەلایەك ڕێگربوو لەدروستبوونی بیری تاکڕەهەند و دیکتاتۆریانە و لەلایەکی دیش نزیکدەبۆوە لەتەعبیرکردن لەهەندێك لەو



هەواڵنامەی کتێب

خواست و ئارەزوانەی لەبەشێکی کۆمەڵگای کوردیدا هەیە. راستە لەدوا کۆنگرەدا کەپاش راپەڕین سازکرا ئەم فرەیی رێکخراوە بەقازانجی یەك رێکخراو لەناوبرا، بەڵام یەکێتی هەر وەك هێزێکی ناچونیەك و فرەیی بیروبۆچون مایەوە. رێکخراوە جیاوازەکان لەناوچوون، بەڵام بیروبۆچونە جیاوازەکان لەجێی خۆیان مانەوە. بەجۆرێك هەمیشە یەکێتی وەك هێزێك دەرکەوتووە کە پڕە لە ناچونیەکی و زۆرجاریش وەك هێزێك دەرکەوتووە کە لەقەیراندایە..بەتایبەتی لەو دۆخانەدا کە هەست بەوەدەکرێت ئەو جیاوازیانە توانای پێکەوەکارکردن و قبولکردنی یەکدیان نەماوە. لێرەوە هەستدەکەم گەڕانەوە بۆ دروستبوونی رێکخراوی جیاواز، یان هەر شێوازێکی تر کەتوانای پاراستنی ئەم بیروبۆچونە جیاوازانەی لەناو یەکێتیدا هەبێت، بەبێ ئەوەی بەدابڕان و پێکەوە کارنەکردن بڕوات، گرنگترین ئەرکێکە کەدەبێت یەکێتی جێبەجێی بکات. لەراستیدا چەند رێگەگرتن لە دابڕان و توانای پێکەوە کارنەکردن بۆ یەکێتی گرنگە، هێندەش پاراستنی ئەو جیاوازیانە و رێگەپێدانیان کارێکی گرنگ و ستراتیژیە: یەکەمیان یەکێتی وەك هێزێکی کاریگەر و بەهێز لەناو گەمە سیاسیەکاندا دەهێڵێتەوە و دوهەمیشیان یەکێتی لەناو ئۆرگانەکانی خۆیدا دەکات بەهێزێکی دیموکرات و کراوە کە باشتر ئامادەی دەکات بۆئەوەی لەجیهانی دەرەوەش پەیڕەوی لێبکات.

**پ)** پەیوەندی نێوان دروشم و واقع و بەرجەستەبونیان لەمڕۆی دەسەلاتی کوردیدا، تاچەند لەیەکەوە نزیکە و ی ن ك بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونە چەند توانیوێتی ئەو دروشمانە جێبەجێبکات؟

**وەڵام:** ژیانی سیاسی کوردی مێژویەك دەژی تەواو جیاواز و بگرە ناکۆك بەو دروشمانەی هێزە سیاسیەکانی بەرزیان کردۆتەوە. بۆ نمونە ئەگەرچی دیموکراتی



یەکێك لەدروشمە سەرەکیەکانی زۆربەی هێزە سیاسیەکانی کوردستان بووە، بەڵام ئەو ئەزمونە سیاسیەی لەپاش راپەڕینەوە لەکوردستاندا دروستبوو، گەلێك بنەمای سەرەکی دیموکراتی پێشێلکرد..سادەترینیان نەبوونی هەڵبژاردنێکی دەوری کە دەستاودەست بە دەسەڵاتداریێتی دەکات...کاتێکیش هێزەکان مل بۆ هەڵبژاردن دەدەن پێشتر لیستێکی هاوبەش دروستدەکەن و پێکەوە دەچنە ناو گەمەی هەڵبژاردنەوە...واتە یەکێك لەبنەما هەرە سەرەکیەکانی گەمەی هەڵبژاردن کە بوونی چەند هێزێکی سیاسیە کە هەڕەشەی دۆڕان لەیەکتر دەکەن، لەناودەبرێت و خەڵکی لەکاتی دەنگداندا لەبەردەم هەڵبژاردنێکی راستەقینەدا نین. وڵات لەبری حکومەت، بەدەست حیزبە سیاسیە کاریگەرەکان و رێکخراوەکانیەوەیە کە هەریەکەیان هێزی چەکداری تایبەتی خۆی هەیە. لەراستیدا ئەم ئەزمونە حکومەتێکی دروستکردووە کە سوپاکەی بەدەست حیزبەوەیە و لەژێر فەرمانی ئەودا کارەکانی رادەپەڕێنێت. ئەم دۆخە رەگەزێکی گرنگی تری دیموکراتیشی پەکخستووە کە جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانی دادوەری‌و جێبەجێکردن و یاسادانانە. چونکە بەکردەوە هیچ سیستەمێکی دادوەری ناتوانێت سەربەخۆ بێت، گەر سوپایەکی سەربەخۆی لەبەردەستدا نەبێت کە فەرمان لەدەسەڵاتی دادوەریەوە، وەك گەورەترین دەسەڵات وەردەگرێت، نەك لە حیزب و بەرپرسیارە حیزبیەکانەوە.

بەکورتی مێژووی ژیانی سیاسی ئێمە دور لەدروشم و ئەو ئامانجانە بەڕێوە دەچێت کە حیزبەکان خۆیان هەڵگرین. جێبەجێبوونی ئەو دروشمانە پێویستی بەدامەزراندنی سیستەمێکی کراوە و دیموکرات هەیە کە بەڕاستی توانای چاودێریکردنی دەسەڵاتەکان بەسەر یەکەوە بێنێتەدی. تا ئەم سیستەمە حیزبۆکراتیەی کوردستانیش بەردەوام بێت، هیچ ئەگەرێك بۆ بەدیهاتنی ئەو

دروشمانە لەرووی پراکتیکیەوە نیە. بەدیهاتنی دروشمەکان پەیوەندی بەکارەکتەری تایبەتی ئەندام و بەرپرسیارە حیزبیەکانەوە نیە، واتە پەیوەندە بەنیەتی باش و خراپی بکەرە سیاسیەکانەوە نیە، بەڵکو پەیوەندی بە بوون و نەبوونی فەزای دیموکراتی و کراوە و ئازادەوە هەیە. ئەوە نیەت باشی یان خراپی بکەرە سیاسیەکان نیە کە دەستنیشانی چونێتی سیستەمی حوکمڕانی دەکات، بەڵکو ئەوە سیستەمی حوکمڕانیە بکەرە سیاسیەکان ناچار بەپەیڕویکردن لەگەمەکانی دیموکراتی و بەدیهێنانی دروشمە سەرەکیەکان دەکات. لەسیستەمێکی حیزبۆکراتی وەك ئێمەدا، چەند نیەتی باشیش لەئارادا بن هیچیان پێناکرێت لەبەردەم ئەو دەزگا و بەرژەوەندیە زەبەلاحانەی حیزبدا کە چەندان بەرژەوەندی ئابوری و سیاسی گەورەی بۆ کەرتێکی دیاریکراو دروستکردووە کە هەموو ئەو هێزانەی لەبەردەستدایە کە بۆ پاراستن و پارێزگاریکردن لەو بەرژەوەندیانە پێویستن. بەپێچەوانەشەوە دەیان نیەتی خراپ ناتوانێت لە سیستەمێکی دیموکرات و کراوەدا بەبێ لێپرسینەوە، پێشێلی بنەمایەکی بچوکی دروشمەکان بکات.

لێرەوە ئەوکارەی دەبێت یەکێتی بیکات بڵاوکردنەوەی و گەشەپێدانی ئەو هۆشیاریە سیاسیە هەستیارەیە کە کار بۆ دامەزراندنی سیستەمێکی حوکمڕانی چاودێریکراو دەکات، کە تیاییدا کار و کردەوەی هەموان لەژێر چاودێری و لێپرسینەوەدایە. کاری گرنگ ئەوەیە لەئێستاوە هەوڵبدرێت ئەو پێداویستیە ڕێکخستنانەی بۆ بەدیهاتنی ئەو دروشمانە پێویستن، لەناو خودی ئۆرگانەکانی حیزبدا کاری پێبکرێت. حیزب لەناوەوە دیموکرات بکرێت و سیستەمێکی چاودێری بۆ بکەرە سیاسیەکان دابنێت کە توانای لێپرسینەوە و سزادان و لابردنی هەموو ئەو کەسانەی هەبێت کە پێشێلی ئەو بنەما و دروشمانە دەکەن





کە هێزەکە هەڵگرێتی. یەکێتی و هەر هێزێکی سیاسی دیش بۆئەوەی دیموکراتیو مافی مرۆڤ و دروشمەکانی دی لەکوردستاندا بێنێتە دی، پێشتر پێویستە لەناو ئۆرگانە حیزبیەکانی خۆیدا کاری بۆ بکات و ئەندام و لایەنگرانی خۆی بەو شێوەیە پەروەردە بکات کە ڕێز لەو بنەمایە بگرن. دەبێت یەکێتی لەخۆیەوە دەست پێبکات و هەوڵبدات ڕێگری لەهەموو سەرپێچی و لادانێك بکات کە لە لایەن ئەندام یان بەرپرسەکانیەوە ئەنجامدەدرێت و ڕێگەنەدات کەس بەرپرسیاری و پشتگیری حیزبی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆی بەکاربهێنێت. ڕێگە نەدات حیزبیوون ببێت بە ئیمتیازێك کە مافی زیاتر لە هاوڵاتی ئاسایی بۆ ئەندام و بەرپرسیارێکی حیزبی دروستدەکات. لەکوێشدا هەستیکرد هەر ئەندام یان کادرێك دەسەڵاتە حیزبیەکانی خۆی خراپ بەکارهێناوە و مافی خەڵکانێکی پێشێلکردووە، دەستبەجێ کاردانەوە پیشانبدات و هەم مافی خوراوی ئەو خەڵکانە بگەڕێنێتەوەو هەم لێپرسینەوەش لەگەڵ ئەو کادرەدا بکات. یەکێتی بۆئەوەی بیسەلمێنێت بەراستی بڕوای بەو دروشمانە هەیە و خەبات لەپێناو بەدیهاتنیاندا دەکات، دەبێت لەخۆی و ئەندام و دەزگاکانیەوە دەست پێبکات. بۆ ئەمەش بێگومان پێویستی بەدەستکاریکردنی هەیکەلی ڕێکخستن هەیە کە دەکرێت لە کۆنگرەی داهاتودا بەجدی باسی لێبکرێت. یەکێك لەو پێشنیارانەی کەدەکرێت ئاماژەی بۆ بکرێت و بکرێتە بنەمایەك بۆ وتوێژ لە کۆنگرەی داهاتودا، پێشنیارەکەی د. فوئاد مەعسومە، کە لە ژمارەیەکی کۆنگرەدا بڵاوبۆوە. ئەو پێشنیارە دەکرێت بە یەکێك لە وەرقەکانی کۆنگرە تەماشا بکرێت و ئەگەر بەشێویەکی وردتر دەوڵەمەند بکرێت، دەکرێت سیستەمێکی ڕێکخستن دامەزرێنێت کە توانای چاودێریکردن و لێپرسینەوەی هەیە.

**پ)یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئاشنایتیەکی دێرینی لەتەك ڕۆشنبیراندا**

هەیە- نامانەوێت چەندین نمونەی مێژوویی بۆ راستی و دروستی ئەم حاڵەتە بهێنینەوە_ ئاخۆ ئەمڕۆش ئەو ئاشنایەتیە هەر بەردەوامە...گەر نەخێر ئەی ئەبێت چی بکرێت؟

**وەلام:** یەکێتی وەك هێزێکی سیاسی لەسەرەتادا نوخبەیەکی خوێندەوار و رۆشنبیر دایانمەزراند..باڵی بەهێزی ئەم هێزە کۆمەڵەی رەنجدارانی کوردستان بوو کە بزوتنەوەیەکی مارکسی بوو..وەك بزوتنەوەیەکی مارکسیش بەبێ بووونی خوێندەواران و رۆشنبیران، مومکین نەبوو پێبگرێت و بەردەام بێت..مارکسیزم تیورەیەکی فکری و سیاسی و فەلسەفیە کە بەبێ بوونی نوخبەیەکی خوێندەوار، مومکین نیە دروست ببێت. کارەکتەرە سەرەکیەکانی هێزەکە هەر لەسەرەتاوە نوخبەیەکی خوێندەواری شاری بوون کە زۆربەیان شەهادەی زانکۆ و بگرە ماستەر و دکتۆرای هێنابوو. دەبوو ئەم سەرەتایە وایبکردایە لەهەموو هێزەکانی دی زیاتر لەخوێندەواران و رۆشنبیرانەوە نزیك بێت. هەمیشە هاوپیشەیی چەند ناکۆکی بیروبۆچونیشی تیا بێت، نزیکایەتیەکی هەرچەند بچوکیش بێت دروستدەکات، کە دەبوو لەلایەن یەکێتیەوە بقۆزرێتەوە. بەڵام مێژووی یەکێتی بەئاستەنگی جیاوازدا رۆیشت. هێزەکە وەك هێزێکی مەدەنی لەدایك نەبوو کە چەکی دەستی تەنها بیر و قەڵەم و فکرە، بەڵکو وەك هێزی شۆڕشگێڕانە و بەرگری سەریهەڵدا کە جەنگ لەگەڵ رژێمێکی دیکتاتۆردا دەکات. بەڵام جەنگ یاسای خۆی و پێداویستی خۆی هەیە. لەو خەباتە دورودرێژە چەکداریەدا دژی رژێم، پێویستی باڵی سەربازی هێزەکە ئەوەندە گەورە و کاریگەر بوو کە رووی رۆشنبیرانەی هێزەکەی شاردەوە. بگرە تەنانەت خوێندەواران و رۆشنبیرانی هێزەکەش تەنها لەبەرئەوەی بیسەلمێنن زانکۆیی و خوێندەوارەکان، ناسك و ترسنۆك نین (وەك زۆرجار لەلایەن



هەواڵنامەی کتێب

عەسکەریەکانەوە بەگاڵتەوە پێیان دەگوترا) بوون بە سەربازی جەنگاوەر و هەندێکیشیان لەمەدا ئەوەندە رۆیشتن کە شوناسی سەرەکی خۆیان وەك رۆشنبیر لەبیرچۆوە. هێزەکە لە مێژوییەکی خوێناوی شەڕ و پێکدادان ژیا کە وایلێهات ئەوەی سەربازێکی جەنگاوەر نەبێت، تیاییدا جێیەکی کاریگەری نابێت. بۆ ئەوەی لەیەکێتیدا بەهێز بیت، نەك خوێندەواری، بەڵکو پێگەی سەربازیت گرنگە. هێز کە لەشەڕدا بوو، پێداویستیە سەربازیەکانی پێش فکر دەکەوێت و ئەمەش زەربەیەکی کوشەندەی لە خوێندەواران و رۆشنبیران هێزەکەدا. کەمیش بوون ئەو کەسانەی توانیان پێگەی رۆشنبیری و سەربازی پێکەوە کۆبکەنەوە. ئەو رۆشنبیرانەشی نەیانتوانی ئەو دوانە پێکەو کۆ بکەنەوە، دواجار لەراگەیاندنی حیزبدا جێگەیان بۆ کرایەوە. هیچ رۆشنبیرێك لەیەکێتیدا جێی کاریگەر و چارەنوسساز وەرناگرێت، گەر مێژویەکی سەربازی و جەنگی نەبێت. ئەم دۆخە کە بەهۆی هەلومەرجی شەڕی بەرگریەوە دروستبوو، تا هەنوکەش بەردەوامە. رۆشنبیران لەناو یەکێتیدا تەنها وەك کادری راگەیاندن تەماشا دەکرێن کە زۆرکەم گوێ بۆ قسەکانیان دەگیرێت. ئەوانەشی بەختی سەرکەوتنیان هەیە، هەمیشە لەناو هێزەکەدا وەك کەسایەتیەکی مەعنەوی کاردەکەن کە رێزیان لێدەگیرێت، بەڵام توانای ئاراستەکردنی هێزەکەیان نیە. یەکێتی ئەگەرچی هێزێکە نوخبەیەکی خوێندەواری شاری دروستیانکردووە، بەڵام هەنوکە تەوژمێکی سەربازی بەسەریدا زاڵە کە رووی رۆشنبیرانەی کز کردووە.

خۆ گەر قسەش لەپەیوەندی یەکێتی بە رۆشنبیرانی دەرەوەی یەکێتی بکەین، ئەوا دەتوانین بڵێین ئەم پەیوەندیە بەچەندان هەوراز و نشێودا تێپەڕیووە. لەهەندێك ساتدا دژایەتی تەواو و لەهەندێکی دیشدا نزیکبونەوە و رێزگرتن. هەندێك کات فەرامۆشکردن و هەندێك کاتیش گوێ لێگرتن. هەندێك کات

تۆمـەتبارکردن و هەنــدێکجاریش رێزگــرتن. هەســتدەکەم هــەرکاتێك نەزعــەی سەربازی یەکێتی زاڵ بێت، فەرامۆشکردن و دژایـەتیکردنی رۆشـنبیرانی دەرەوەی یەکێتی زیاد دەکات، هەرکاتێکیش ئەم نەزعەیە کز بێت نزیکبونـەوە و رێزگـرتن زیــاد دەکــات. لەراســتیدا یــەکێتی هــەرگیز یــەك ســیما و یــەك تــەوژمی نــەبووە..هەمیــشە چــەندان ســیما و رووی جیــاوازی هــەبووە. هــەر تەماشــای کوردستــانی نــویّ بکــەین: دەبیــنین لــەپڕ کرانــەوەی تــەواوی بەســەر رۆشــنبیرانی دەرەوەی حیزبدا هەیە و لەپڕیش بەرویانـدا دادەخرێت..ئەوەشی ئـەم داخـران و کرانەوەیــە دیاریــدەکات، بــالاّگرتن و نزمبونــەوەی نەزعــە ســەربازیەکەی نــاو یەکێتیە. تا هاوسەنگی نێوان بـاڵی سەربازی و باڵـە خوێنـدەوارانی نـاو یـەکێتیش بـەم هـەوراز و نـشێوەدا بـڕوات، پەیوەنـدیان بەرۆشـنبیرانی دەرەوەی حیـزبیش بەهەمان هەوراز و نشێودا دەڕوات.



هەواڵنامەی کتێب

## القسم العربي

- ❖ الكورد و دولة الفيدرالية العراقية .
- ❖ التعايش السلمي في كركوك.
- ❖ آليات التنشئة السيـــاسية.





## الكورد و دولة الفيدرالية العراقية

كما هو معلوم ليس للكرد دولة ذات حدودجغرافية معترف بها دولياً، رغم أنهم من اعرق القوميات واكثرهم سعياً نحو تأسيس دولة وكيان مستقل مرسوم على الخارطة السياسية في الشرق الاوسط، وذلك بسبب ماعانوا على طول التاريخ من التشتت والاضطهاد على يد الانظمة الحاكمة.

ان النزاعات والتنافس بين الدول الكبرى لاسيمافي سنوات الحرب العالمية الاولى حال دون تحقيق حلمهم المنشود (دولة كوردستان مستقلة). هذا الشعب المنكوب راح حلمه المنشود بتاسيس كيان مستقل ضحية لتلك السياسات التعسفية التي تجسدت بتقسيم كوردستان على اربع دول وهي( تركيا، أيران، العراق، سوريا).

ومن ذلك التاريخ، لم يكن للكرد سوى طريق النضال والكفاح على كافة الاصعد بغية استرداد حقهم المسلوب، وبحثاً عن ظروف توفر لهم مثل سائر شعوب المنطقة عيشاً كريماً وحراً بعيداً عن المذلة والهوان بتقرير مصيرهم، أما أن يبقوا مع الدولة المركزية أو أن يسعوا الى قيام دولة مستقلة.

غير أن تجارب القرن المنصرم مع الانظمة الحاكمة المتتالية في تركيا وسوريا وايران والعراق اثبتت عدم امكاينة التوصل الى معالجة ناجحة مع تلك الانظمة، بحيث تكفل لهم حفظ الهوية القومية وعدم اضمحلالها في بوتقة القوميات الاخرى،ويعزى ذلك الى السياسات العنصرية والتسلطية التي مورست من قبل تلك الدول الاربع تجاه المسألة



هەوالنامەی کتێب

الكوردية من واقع رؤية الاغلبية للاقلية برؤية عنصرية وتسلطية .

ومن هنا نفهم لماذا اعتبرت هذه الدول الكوردي مواطن من الدرجة الثانية، ونظرت الى اليهم على اساس انهم غير مؤهلين لنيل حقوقهم المشروعة، هذا الارث الثقيل من التعامل العنصري، ومامورس من أضطهاد وقمع ترك اثراً كبيراً في ضمير ابناء هذا الشعب، وفي المقابل فان هذه الرؤية العنصرية للانظمة في التعامل مع الكوردانتجت علاقة غير سوية مازالت سارية حتى الان.

ايهاالقارىء العزيز لانريدأن نستقرء التاريخ، بقدر مانحاول ان نتخذ هذه الاسطر كتوطئة الى موضوع يهمنا التمعن فيه وقراته من ابعاده المختلفة الا وهومشكلة ابناء جنوب كوردستان مع الدولة المركزية في بغداد بعدسقوط النظام البائد في عام ( ٢٠٠٣ ) و التحولات التي حصلت في المجالات شتى بعد سقوط النظام السياسي في العراق التي تمثلت بتشكيل سلطة ذات الطباع الديمقراطي نابعة من ارادة الشعب الذي تحدى كل الاهوال والمخاطر عبر مشاركته الفاعلة في الانتخابات التي اجريت خلال عامي (٢٠٠٥-٢٠٠٦)، ورغم الشوائب التي شابت تلك العملية تعد بكل المقاييس منعطفاً في تاريخ العراق الحديث، وكان دور الكورد في تلك العملية محوريا عن طريق نوابها، الذين ترشحوا على قائمة التحالف الكردستاني، والذين حصلوا على عدد لايستهان به من المقاعد داخل البرلمان العراقي وذلك بفضل مشاركته في العملية الانتخابية بلهف وكثافة مما كسب الكورد قوة وثقلا في بغداد.

## ان استراتيجية الكورد تهدف الى التركيز على الفقرات التالية :

١- احاطتهم في المركز بكل ماتجري من التغيرات في الساحة العراقية .

٢- اثبات حسن نية ابناء الشعب الكوردي على انهم يرغبون بالبقاء في اطار





عراق موحد،ولايسعون الى الانفصال .

٣- صياغة دستور يحفظ جميع حقوق الكورد،والعمل بشغف على اعادة المناطق المتقطعة من كردستان .

٤- العمل على كسب ود الاحزاب السياسية المتواجدة على الساحة العراقية من اقصى اليمن الى اقصى اليسار،وتعزيز العلاقات مع العشائر والمستقلين من اجل اعطاء دفعة قوية للمسالة الكوردية.

٥- السعي من اجل طرح المسالة الكردية على الصعيدين الاقليمي والدولي بشكل اوسع واقناع الدول العربية بمشروعية مطالبها .

٦- التعاون مع الولايات المتحدة الامريكية حتى تتوج جهودها من اجل دمقرطة العراق بالنجاح ،لان الولايات المتحدة الامريكية استطاعت ان تضع نهاية لنظام هيمن على العراق لاكثر من ثلاثة عقود.

٧- الاستفادة من القوة التي يمتلكها الكورد، ومشاركته في كافة المحافل السياسية، لكي يكون مطلعاً على المعاهدات والعقود التي لم يتم ابرامها بعد ...

وعلى المسؤولين الكورد أيضاً ان يبذلوا مزيدا من الجهود لتحسين ميزانية كوردستان و كسب المنحات من اجل ترميم البنية التحتية، والعمل على زيادة دخل الفردفي الاقليم هذه الاسباب وغيرها كانت حافزا لحضور الكورد في بغداد، رغم انه كانت هناك اراء اخرىو مطالب ملحة اصر اصحابها على انسحاب الكورد من بغداد، وأحجامهم في اعادة بناء دولة لاتستردد في تكرار ما قام بها النظام المنحل اذا تصلبت شوكتها.

ينبغى هنا ان ننوه الى ان الهدف من مساهمة قادة الكورد في العملية السياسية واعادة بناء العراق هو ضمان و توسيع حقوق الكورد، و لم يكن هناك اي دافع

اخر كما يحلو للبعض الان ان يجد لذلك تفسيرات يرفضها المنطق و التاريخ..

بعدمرور اكثر من خمس سنوات من النزاع ووالصراع بين الشيعة والسنة، والذي بلغ أوجه لاسيما في السنوات الاخيرة وقف الكورد رغم كل الصعوبات التي واجهها وقفة وطنية من حيث مشاركتهم في العملية السياسية وانجاحها.

لكن الذي كان يعتبر الحليف الاقدم للكرد، والذين كانوا يعدون رفيق درب للشعب الكوردي في نضالهم ضد الدكتاتورية، نجدهم قد تقاعسوا عن وعودهم، وأصبحت العلاقة بين الطرفين ليست على مايرام وغير قائمة على أسس الديمقرطية و التسامح وحق الاختلاف وقبول الاخر. وان الافكار التي تتحكم بذمة النظام في العراق مفعمة بالعنصرية والخصومة، وعدم الاعتراف بالاخر ، وهي موجه لتقوية المركز والتمتع بالسلطة المطلقة، من هنا نلاحظ بان كفة المعادلة السياسية العراقية غير راجحة لمصلحة الديموقراطية والمفاهيم المدنية.

واذا اردنا ان نستقرء جهود قادة الكورد في بغداد على ضوء هذه الحقيقة، نشعر بالصدمة لاننا لم نخطو خطوة واحدة الى الامام ومازلنا نراوح في دائرة مفرغة، في مقابل تصريحات بعض من المسؤولين في بغداد، فان علينا ان نعود الى حدود ماقبل (٢٠٠٣ )، كأن لم يتغير في الامر شيىء بعد السقوط، وهذا دليل على عدم توفر ارضية مناسبة على المستوى السياسي والفكري لبناء دولة ديمقراطية مبنية على التعايش السلمي بين القوميات المكونة للعراق. لذلك ما يدعو هنا الى القلق و التخوف، هو ان انحصار المشكلات وتقارب بين اخواننا العرب، وتضيق هوة الخلاف بينهم ، قد يدفع بهم الى اضطهاد وانتهاك حقوق اطراف غير عربية، لذلك يجب علينا التفكير بأخذضمانات دولية لتنفيذ بنود الدستور ، حتى لايذهب ما انجزناه في ادارج الرياح.





## الاسـباب

١- ان منطقة الشرق الاوسط تسبح على بحر من المشاكل القومية والدينية والمذهبية التي لها جذور ضاربة في التاريخ، لذلك فان سياسات الدول الكبرى لها تاثير كبير على هذه المنطقة لاسباب عدة، منها بقيت معلقة تغذي الارهاب بعد تبلور مشروع الشرق الاوسط الكبير، وعولمة الاقتصاد وانتشار (الاسلام السياسي و الارهاب) في جميع انحاء العالم، ومنها اتخذت منحاً اكثر تعقيداً لاسيما في العراق نجد تداعياتها على مكونات المجتمع واضحة وجلية.

٢-تتمتع الولايات المتحدة الامريكية بسياسة احادية الجانب تريد من خلالها ان يكون لها دور في مسالة بناء الديموقراطية و انتشار الحريات و حقوق الانسان والاقتصاد الراسمالي والسوق الحر، و تعمل جاهدة لتغير الانظمة التوليتارية والديكتاتورية بفرض أنظمة ديقراطية تستند على أقتصاد راس مالي ، وهذا يتعارض مع سياسة المنطقة (الشرق الاوسط)مما يزيد حدة الصراع يوماً بعد اليوم..

٣- بعد عملية تحرير العراق عملت الولايات المتحدة الامريكية على اساس استراتيجية شاملة من اجل دمقرطة الشرق الاوسط، في المقابل عملت النظم السائدة في المنطقة على اجهاض المشروع الامريكي، وايران تعد من ابرز تلك الدول التي تقتضي مصلحتها محاربة امريكا عن طريق المجموعات المسلحة التي تدور في فلكها، ان سياسة الولايات المتحدة الامريكية شهدت تحولا في الاونة الاخيرة، فاصبح استخدام القوة ضد ايران من قبلها قاب بين القوسين او ادنى. وان تعاطف الكورد مع الولايات المتحدة الامريكية دفع به الى دائرة هذا الصراع الذي لاناقة له فيه ولاجمل، وعلى اثره اخذت الدول المجاورة في محاربة تجربة اقليم

كردستان ومادة (٢٤) التي صدرت في (٢٢) تموزمن العام الحالي خيردليل على ذلك ..

٤- الى اي مدى استطاع الكورد خلال السنوات السابقة ان يحرز تقدما على صعيد السياسي و الاقتصادي و الاجتماعي؟ ربما يحتمل هذا السؤال كثيرا من الابعاد بحيث نحتاج الى بحث مستفيظ لنوفي به، انما اذا نظرنا الى نتائج الاستراتيجية التي اتبعتها القوى السياسية سواء على المستوى الاقليمي او على المستوى الداخلي نكتشف بانها لم ترق الى مستوى طموحاتنا وهذا بحد ذاته تعد مسالة مهمة في ترسيخ شعورنا بالانتماء للقومية..

### التوصيات

١- التجارب كشفت لنا باننا لانستطيع تحقيق اهدافناو بلوغ مبتغانا عن طريق اللجوء الى الخيار العسكري، والافضلية هي لمنطق الحوار والعقل و الدلوماسية ، لاخوفا منا ، ولكن لمتطلبات الواقع السياسي المعاش في العراق.

٢- لابد للسلطة الكوردية ان تدرك اهمية توحيد خطابها، و اطلاع الشعب على محتوى سياساتها بعيدا عن النظريات الضيقة، لذا يجب علينا وضع المصالح القومية فوق المصالح الحزبية الضيقة، وان نرى في الحزب وسيلة مستخدمة من اجل القضية القومية، وفي نفس الوقت نحن بحاجة الى عملية اعادة بناء النظام الاداري في كوردستان، و تعزيز البنية التحتية و الانتقال باقتصادنا من الطور الاستهلاكي الى الطور الانتاجي من اجل تحسين المستوى المعيشي للفرد الكوردي .

ويجب ان نلتزم بسلطة القانون، لان بدونها لايمكن توفير الحرية،وحماية حقوق المواطن علاوة على ماذكرناه ينبغي ان ناخذ بنظر الاعتبار مسالة





العدالة الاجتماعية وتاثيرها على نفسية المواطن من جهة الشعور بالانتماء....ومن المهم جدا ان ندرك ضرورة الحفاظ على التوازن بين تحالفاتنا الدولية والاقليمية ونسعى للعب دور فاعل على كلا المستويين .

٤- لابد ان نحافظ على علاقاتنا مع القوى الشعبية، والعمل من اجل تنميتها و تطويرهالاسيما مع الشيعة لانهم الاغلبية في العراق، ولم يخسر الكورد شيئا نتيجة دخوله في تحالفات مع التيارات السياسية الشيعية، بل هي تصب في مصلحته.

٥- يمكن للكورد ان يستخدم العقود في مجال استخراج النفط كورقة ضغط لمعالجة بعض المشاكل المعلقة، وان نلتزم بما ورد في الدستور حول مسالة الجهة المخولة بابرام المعاهدات و العقود مع الشركات العالمية لاستخراج النفط مقابل تفصيل البنود المتعلقة ب (المناطق المتقطعة) من اقليم كردستان ..

رئس تحرير



هەواڵنامەی کتێب

# التعايش السلمي في كركوك

د.رشيد عمار ياس

**يقول الفقية الاسلامي الشعبي:**

(( تعايش الناس بالدين زمناً طويلاً حتى ذهب الدين ، ثم تعايش الناس بالمروءة زمناً طويلاً حتى ذهبت المروءة ثم تعايش الناس بالحياء زناً طويلاً حتى ذهب الحياء ، ثم تعايش الناس بالرغبة و الرهبة و اظن انه سيأتي بعد هذا ماهو اشد منه ))[١].

من اجل ان لا يأتي على التعايش ما هو اشد من الرغبة و الرهبة فان الضرورة تقتضي و من جميع الاطراف المختلفة توحيد الجهود و البحث بروح صادقة عن وسائل و اساليب تبتعد عن التهميش و القسر و الاقصاء . لا سيما في مدينة كركوك ، تلك المدينة التي تعد من المدن الحيوية و المهمة في العراق[٢] .

لاسباب عدة في مقدمتها الثروات الطبيعية التي تكمن في باطنها من البترول و الغاز الطبيعي . و خصوبة اراضيها الزراعية ، و تاريخها العميق الذي تدل عليه شواهد الاثار و ما تناقلته الكتب و الاجيال عن هذه المدينة[٣] .

و الاهم من كل ذلك ما شهدته المدينة عبر حقبها التاريخي من مميزات التسامح و التعايش السلمي بين الاديان و المذاهب و الاعراق المختلفة من الكورد و العرب و التركمان و الاشورين و الارمن ، كما ضمت المدينة تعايش المسلمين و المسيحيين و اليهود جنبا الى جنب حتى ما بعد الحرب العالمية الثانية ، و ما شهدته المدينة من نزوح اليهود الى فلسطين و تشير المصادر بان كركوك في ايام





الامبراطورية الساسانية كانت مركزا مهما من مراكز النساطرة و كرسيا رئيسياً اساقفة ( بين كرمي ) .

اما الطائفة اليهودية يقوم على رأ سها ماقام و تاجررسمه اسحاق عين في المعهد الملكي غضوا في مجلس النواب و كذلك عزيز افندي عين مديراً خزينة اللواء[٤] .

**تبعا لذلك اضحت المدينة على قدر كبير من الاهمية لجميع المكونات المشكلة لها ، و لفهم الحقيقة التعايش السلمي في هذه المدينة لابد من البحث في النقاط الاتية :-**

اولاً :- في مفهوم التعايش السلمي .
ثانياً :- الاسلام و التعايش السلمي .
ثالثاً :- اليات التعايش السلمي .
رابعاً :- مقترحات التعايش السلمي في كركوك .

## اولاً :- في مفهوم التعايش السلمي .

كثر الحديث في الاونة الاخيرة عن مفهوم التعايش السلمي و اضحى محط اهتمام الكثير من الباحثين و الدارسين في الشؤون السياسية و تعالت الدعوات من القادة السياسين الى ضرورة التعايش السلمي لاسيما في زمن الازمات و الخلافات الحادة التي حاقت و تحيق بعموم العملية السياسية للعديد من الدول و العراق عن وجه الخصوص .

**من هذه الاهمية اقتضت الضرورة تعرج على مفهوم التعايش السلمي و البحث في مدلولاته اللغوية الاصطلاحية :**

١. **الدلالة اللغوية**

ان مفهوم التعايش جاء من مفردة العيش و مشتقاتها مادة مستخدمة في اللغة العربية و مستنبطة منها ، فالتعايش هو اشتقاق لكلمة العيش كما وردت في قواميس اللغة و تعايش اي عاشوا على الالفة و المودة ، و عايشه اي عاش معه ، و العيش معناه الحياة و منه اشتقت مفردة التعايش . و التي تقابل في اللغة الانكليزية مفردة coextstence .

٢. **الدلالة الاصطلاحية :-**

تجدر الاشارة الى ان هناك جملة من التعاريف الاصطلاحية لمفهوم التعايش التي يصعب حصرها في نطاق محدد ، و بغية ايجاد مقتربات موضوعية للمصطلح فيمكن القول بانه الحيز الذي يشمل التعامل بين طرفين او اكثر ، و يتضمن اذعان الفرد كما ان له الحق في الحياة بحرية تامة ان يعترف بحق الاخرين بالعيش بحرية تامة مهما اختلفوا معه في مفاهيم الحياة او اختلفوا معه في اللغة او الدين او العرق او المذهب و يشمل ايضآ حسن المعاشرة من الدائرة الاصغر ( الدائرة الزوجية ) الى الدائرة الاوسع التي تمثل علاقة الفرد بالبيئة و الدولة .

بذلك يكون المفهوم بمعنى دخول للاخرين في حوار و تفاهم و تفهم للجميع الحقوق و لكافة الناس .

**من هنا فان البحث في الدلالة الاصطلاحية تقودنا الى ان هذا المفهوم له مستويات ثلاث و هي:**

**المستوى الاول :-** سياسي – ايديولوجي : يعني محاولة الحد من الصراع و العمل على ترويض الخلافات (العقائدية – السياسية) بالطرق السلمية عبر قنوات الاتصال .





**المستوى الثاني :-** اقتصادي و تشير الى علاقات التعاون بين الشعوب المختلفة اقتصادية مما يقدم المنفعة للجميع دون غبن او تهميش .

**المستوى الثالث :-** ديني – ثقافي : اي فتح قنوات التحاور الحضاري و الثقافي بين جميع اراء بما يخدم تحقيق و الامن و السلام[٥] .

و على الرغم من الدلالات السالفة و ما تضمنته من معاني و محتويات فان المفهوم اخذ بالتوسيع و الانتشار في عالم اليوم ، علمآ ان المصطلح شاع استعماله منذ فترة ليست بالقصير و بالتحديد بعد ظهور الصراع بين الكتلتين الشرقية و الغربية بعد الحرب العالمية الثانية لاسيما بعد ان ادرك طرفآ الخلاف الرئيسي الولايات المتحدة و الاتحاد السوفيتي ( سابقآ ) استحالة حسم الخلاف عن طريق القوة العسكرية فبدئآ بالبحث عن مفاهيم اخرى كان من ابرزها التعايش السلمي .

**و في اطار البحث المفاهمي تجدر الاشارة ان نميز بين نوعين من التعايش :**

**النوع الاول :- التعايش المفروض ( الوهمي ) :** و يكون هذا النوع عندما يكون الانسان او قسم او شريحة اجتماعية معينة على درجة من الضعف و الوهن تكون مجبرة على التعايش دون قناعة .

اما الخوف من السلطة معينة او عدم القدرة على المواجهة ، و بذلك يكون التعايش مؤقت و هش و يمكن ان يتعرض الى الانهيار باقل اختيار او نتيجة تغير موازين القوى ، لانه لم يكون مبنيآ على اسس سليمة و صحيحة .

**النوع الثاني : التعايش المقبول ( الحقيقي )**

يكون هذا التعايش مبني على قبول و قناعة كافة الاطراف المجتمع و هذا

النوع من التعايش ارسخ و اقوى و اكبر قدرة على الصمود و التطور ، و يرتبط هذا النوع من التعايش بمفاهيم التسامح و مباديء حقوق الانسان و حرية التعبير عن الرأي و مباديء العدل و المساوات على ان تكون هذه المارسات على مستوى الافراد و الجماعات .

و يكون التعايش الحقيقي هو الاقرار بحق الاخرين في التمتع بحقوقهم و حرياتهم . و ان يبتعدوا قدر الامكان عن مفاهيم الاقلية و القهر و اشعار الاخرين بالتهميش و الغبن او اشعار الاخرين بالخوف على هويتهم و وجودهم .

و هو ما دفع ارنست رينان الى القول ليست الانسان عبدى لعرقه و لا لغته و لا لديانته و لا لمجرى الانهر و او سلاسل الجبال . ان تجمعآ كبيرآ من البشر ذا روح سليمة و قلب مخلص يولد مهدآ اخلاقيآ اسمه امه و مادام هذا الوعي الاخلاقي يبرهن عن قوته عبر التنظيمات التي يقتظيها التنازل عن مصلحة الفرد لمصلحة الجماعية .

## ثانيآ :- الاسلام و التعايش السلمي :-

اولى الاسلام موضوعة التعايش السلمي اهمية كبيرة ، وارسى اسس و مباديء لاحترام التنوع و التعدد الاثني و الديني و الثقافي بحيث شكلت هذه المباديء جوهر العقيدة الاسلامية . و هذا ما نجده في العديد من الايات القرآنية الكريمة . فقد اكد سبحانه و تعالى في القرآن الكريم على الوحدة الانسانية ، اذ كرم سبحانه و تعالى بني ادم بقوله و تعالى ( و لقد كرمنا بني ادم حملناهم في البر و البحر و رزقناهم من الطيبات و فضلناهم على الكثير ممن خلقنا تفضيلآ )[٦] .

اي ان الكرامة الالهية للانسان تشمل الناس حميما و ليس وقفا على مؤمن دون اخر و حتى في قضية الاستخلاق الله للانسان في الارض لم يستخلف امه دون غيرها





او مؤمنين بدين معين دون غيرهم.

و تتجلى الوحدة الانسانية بصورة اوضح بقوله تعالى " انا خلقناكم من ذكر و انثى و جعلناكم شعوبآ و قبائل لتعارفوا ان اكرمكم عند الله اتقاكم "[٧] .

**ان هذه الاية توضح لنا قواعد ثلاثة رئيسية و هي :**

١. الوحدة الانسانية : بمعنى ان الناس جميعآ يشكلون امة واحدة لان الله سبحانه و تعالى خلقهم من نفس واحدة من ذكر و انثى .

٢. التنوع الانساني : ان الارادة الالهية هي التي جعلت التنوع الانساني و الاختلاف بين البشر من خلال جعلهم شعوبآ و قبائل .

٣. التعارف : ان الهدف من الاختلاف و التنوع ( التنوع هو التعاف بين الناس تحقيقآ لحفض التنوع ، فالتعارف هو الجسر الذي يربط بين الجماعات المئتوعة و المختلفة .

ان الدعوة القرآنية للناس للتعارف هي في حد ذاتها دعوة للتعارف على الاختلافات و لادراك حتمية استمرارها و بناء مجتمع انساني واحد و متناغم على قاعدة معرفة المختلفين .

و بذلك لم يعد القرآن الكريم الاختلاف حالة سلبية و انما هي قضية ايجابية تعزز الوحدة الانسانية ، و لو كان فيها اثر سلبي لابقى على الناس امة واحد و هذا ما جاء بقوله تعالى " و ما كان الناس الا امة واحدة و اختلفوا "[٨] و كذلك قوله تعالى " لو شاء ربك لجعل الناس امة واحدة و لايزالون مختلفين "[٩] و افرد الاسلام دون الديانات الاخرى مساحة للتعايش ، بانه لم يجعل علاقة الانسان بالرسلات السماوية الاخرى علاقة تسامحية و انما علاقة ايمانية ، و ذلك ان ايمان المسلم لم يكتمل الا بالايمان بالديانات الاخرى كما جاء بقوله تعالى " الذين يؤمنون بما انزل اليك و ما انزل من قبلك و بالاخرة هم يوقنون "[١٠] و بذلك ارسى الاسلام قواعد

اساسية تقوم عليها الوحدة في التنوع التي يمكن ايجازها بما يلي :

١. التداول : اي تواصل الانسانية و استمرارها بما هو متناقض و مختلف فيما بينهم بقوله تعالى " و تلك الايام نداولها بين الناس و يعلم الله الذين امنوا و يتخذ منكم شهداء و الله لا يحب الظالمين "[١١] .

٢. التدافع : اي دفع الناس بعضهم بعضآ و لا يقصد به التحارب و انما التنافس التطويري للمجتمعات الانسانية بقوله تعالى " و لولا دفع الله الناس بعضهم ببعض لفسدت الارض و لكن الله ذو فضل على العالمين "[١٢] .

٣. التغاير و الاختلاف : و هي قاعدة ثابتة في المجتمعات الانسانية منذ بدء الخليقة و ارسى قاعدة التعارف المكملة لقاعدة التغاير و الاختلاف و كانت الدعوة لمعالجة الاختلافات و التباينات بالتي هي احسن بقوله تعالى " ادفع بالتي هي احسن فاذا الذي بينك و بينه عداوة كانه ولي حميم "[١٣] .

اذا كانت هذه دعوة الاسلام للديانات الاخرى ، فكيف الدعوة للامم المختلفة ضمن العقيدة الاسلامية جاءت لامة كلها و ليس للامم بعينها و ليس هناك امتياز او تفضيل ضمن الدعوة الاسلامية لاي امة الا بالايمان ، كما دعى الاسلام الى نبذ الفرقة و الاختلاف كما جاء بقوله تعالى " و اعتصموا بحبل الله جميعآ و لا تفرقوا و اذكروا نعمة الله عليكم اذ كنتم اعداء فألف بين قلوبكم وفاصبحتم بنعمته اخوانآ "[١٤] و قوله " و لا تكونوا كالذين تفرقوا و اختلفوا من بعد ما جاءهم البينات و اولئك لهم عزاب عظيم "[١٥] و قوله " و اطيعوا الله و رسوله و لا تنازعوا فتفشلوا و يذهب ريحكم و اصبروا ان الله مع الصابرين "[١٦]

و قدم لنا الرسول الكريم محمد صلى الله عليه و سلم منهجآ واضحآ للتعايش





السلمي من خلال ارساء قواعد الحوار و منهجية الاختلاف و ضرب لنا اروع الامثلة، و قد عاش مع قومه سنوات عدة على الرغم من كفرهم و عدم ايمانهم بنبيوته ، كما عاش سيدنا نوح عليه السلام في قوله الف سنة الا خمسين رغم كل الخلاف و التناقض . و حتى عندما رجع الرسول الكريم الى مكة منتصرآ تعامل مع قومه على اساس مبدأ التسامح على الرغم من الاذيه و العداء و الحرب التي اعلنوها ضده ، فقال لهم اذهبوا فانتم الطلقاء .

كما قدم لنا درسآ آخر في المدينة عندما استطاع ان يخلق تعايش السلمي بين الاوس و الخزرج بعد عداء طويل و اخى بينهم و اصبحوا بنعمة الاسلام اخوانا متحابين ليس بينهم وحسب و انما حتى مع اخوانهم المهاجرين و اظهر ايضآ حرصآ شديدا على عدم العداء مع اليهود في المدينة و وقع معهم عهدآ يعد انموذجا للتعايش السلمي عرف ب " وثيقة المدينة " و عندما توسعت الدولة الاسلامية عقد الرسول الكريم مع القبائل العربية المسيحية و ثيقة نجران التي آمنت لهم حرية ممارسة شعائرهم و عقائدهم .

و من هذا المنهج الشمولي جاءت مقولة الامام محمد الباقر عليه السلام " صلاح شأن الناس التعايش و التعاشر مل ( مثل ) مكيال ثلثاه فطن و ثلث و تغافل "[١٧] و هو مارده الائمة من بعده الامام زيد العابدين و الامام جعفر الصادق عليهم السلام لاعتقادهم ان صلاح شأن الدنيا في صلاح شان جميع الناس على اختلاف مذاهبهم و مشاربهم .

و لعل من اكثر التجارب الانسانية انموذجآ للتعايش السلمي هي تجربة الاندلس في الفترة بين القرن الثامن الميلادي حتى القرن الخامس العشر و قد شهدت هذه

الفترة تعايشى ليس بين الفئات و الطوائف الاسلامية و حسب و انما حتى بين الديانات السماوية و لا سيما مع المسيحية و اليهودية .

و انعكس ذلك ايجابآ على الاندلس فانها شهدت حقبة من الابداع الثقافي و المادي . عاش فيها الجميع في الانسجام النسبي لا ظالم فيها و لا مظلوم ، و انطلق فيها انجازات حضارية مميزة ازدهرت من خلالها الاندلس و عموم منطقة الحوض المتوسط .

و قد كشف عن ذلك مؤرخوا الغرب انفسهم بقولهم " لم يكن التعايش في الاندلس مبنيآ على انموذج ( الذوبان في القدر ) و لكن على تبادل وجهات النظر المختلفة و على حوار يمتد من العقائد المشتركة في الفلسفة الاخلاقية الى المواجهات الدينية و المناظرات اللغوية و لم تكن هذه المحاولة الثقافية الغينة ذات اهمية تاريخية فحسب بل كان لها اهمية تواصلية لدى ثقافة التعددية الحديثة في بحثها عن نماذج للتعايش السلمي .

## ثالثآ / اليات التعايش السلمي :

الاختلاف عملية طبيعية الا انه يمكن ان يؤدي الى نتائج قد تكون بناءة او مدمرة ، بناء على الطرق التي تتعامل بها الاطراف مع القضايا التي يقوم عليها الاختلاف ، لذلك يستوجب لحل الاختلافات تحديد الطرق المحتملة للتغير و التي يمكن ان توفر مصالح لجميع الاطراف .

و امر كهذا يتطلب البحث عن الاليات و الوسائل التي من خلالها يمكن الوصول الى هدف التعايش السلمي .

ان اليات التعايش السلمي ، على درجة من السعة و الشمول بحيث يمكن ان





تشمل كل التفاصيل الدقيقة و الجوهرية من القاعدة الاجتماعية العامة الى قمة القيادات السياسية . بيد ان البحث هنا سيقتصر على ايجاد المقاربات العامة الرئيسية لعملية التعايش السلمي و التي يمكن ان نحددها بالنقاط الاتية :-

**اولآ :- التواصل :**

تعد الاتصالات القناة الرئيسة في عملية التعايش السلمي ، اذ من خلالها يمكن معرفة وجهات النظر المختلفة فضلآ عن المشاعر و الطموحات لكل طرف من الاطراف ، و الوقوف على النقاط الخلافية التي من خلالها يمكن تقديم الاراء و المقترحات للتقريب بين الاطراف المختلفة .

و تجدر الاشارة بهذا الصدد ان الاتصالات يجب ان تكون اتصالات فعالة و على مستويات تكون مؤهلة لتحمل المسؤلية و يكون قادرة على اتخاذ القرارات المؤثرة و المهمة و من ثم الانتقال الى تعميم الاتصالات للقاعدة العامة من اجل تهيئة الاجواء و خلق روح الايجابية بين عموم المكونات المختلفة[١٨] .

و عملية الاتصال تحتاج الى ارادة سياسية من جانب الاطراف المتنازعة لمواجهة خصومهم و معالجة المشاكل بشكل مشترك يبتعد قدر الامكان عن الربح و الخسارة.

و لعل ابرز طرق الاتصال و اهمها هي الحوار البناء الذي يستوجب ان يكون حوارآ سلمياً يبتعد كلياً عن لغة التهديد و استعمال القوة مهما كانت الظروف و الاسباب ، لان القوة بأي حال من الاحوال لا يمكنها ان تخلق تعايشآ سلميآ حقيقيا و دائمياً[١٩] .

كما يتوجب ان يكون الحوار حوارا حقيقياً من اجل الوصول الى صيغ توفيقية لا حوار من اجل الحوار فحسب او حوار طرشان من خلال تمسك كل طرف برئيه دون ان يقدم بدائل او تنازلات للطرف الاخر .

ان من الضروريات الاساسية للحوار ان تكون على بينة من رغبات و طموحات و متطلبات الاطراف المختلفة و ان تملك فهماً واضحاً للقضايا التي يدور حولها الخلاف . و ان تكون على استعداد للبحث عن مخرجات لهذه الخلافات تبتعد عن اجواء العداء و الكراهية و ان يسود الحوار جو من الثقة و الرغبة المتبادلة في التعاون المشترك للوصول الى الحلول التي تلبي طموحات الجميع .

**ثانياً / التسامح :**

ان الشرط الاساسي للتعايش الدائمي ان يكون هناك روح التسامح بين جميع الاطراف المختلفة لان هذه الشرط هو مفتاح التخلص من الخلافات و هو شرط ضروري للسلام و التقدم الاجتماعي .

و تجدر الاشارة الى ان التسامح للوصول الى هدف التعايش السلمي يختلف عن التسامح في قضايا اخرى سواء كانت فردية ام جماعية .

ففي حالة التعايش السلمي لا يبنى التسامح على قاعدة عفى الله عما سلف و انما ينى على جملة من المعطيات و المتطلبات الاساسية التي يجب توافرها للوصول الى التسامح لعل في مقدمة ذلك البحث عن الوسائل و الاليات لازالة و رفع المظلومية و التجاوزات التي اصابت المتضررين . بجمع اطيافهم و انتماءاتهم و استرجاع حقوق الافراد و الجماعات بما يساعد على خلق جو من الالفة و المودة و يرفع الاحقاد ( الثأرات المختلفة )[٢٠].





اقرار القوانين العامة و الشاملة و الاحتكام اليها في حل الخلافات بعض انظر عن الانتماءات السياسية و العرقية ، و ان يكون القانون هو القاعدة العامة التي يركن اليها الجميع .

و الابتعاد عن الغضب و امر كهذا لا يعني ان تترك رئيك الخاص و الفردي او عقيدتك او دينك و انما التخلي عن التعصب و الانفعال و التشدد لانها تكون مفسدة للتعايش ، و محاولة اعطاء الاولوية للمصلحة العامة على حساب المصالح الفؤية و الفردية ، على ان تكون هذه الاولويات السالفة خلال فترة زمنية معينة (فترة تهدئة ) تستطيع خلالها خلق الاجواء المناسبة لانجاح عملية التسامح و البناء الحقيقي للتعايش السلمي .

**ثالثاً / التوافقية :**

تعد التوافقية ثلاثية التعايش السلمي ، فالاخيره لا تكتمل دون ان تكون هناك مباديء التوافقية بين الاطراف المختلفة ، و ربما بعض الاحيان تتعارض هذه التوافقية مع قوانين العدالة و الديمقراطية و لكن تبقى التوافقية اكثر جدوى في اهميتها للتعايش السلمي من العدالة و الديمقراطية .

ان شروط انجاح التوافقية تحتاج الى قدر كبير من الحكمة لانها تحتاج الى تقديم تنازلات قد تكون في بعض الاحيان تنازلات مؤلة لطرف على حساب الاطراف الاخرى لكن يشترط فيها القناعة و القبول و ليس الفرض و الاكراه ، فالتوافقية المبنية على الاكراه لا تقدم حلول ناجحة للتعايش السلمي و سرعان ما ينفرط عقدها و قد تؤدي الى نتائج لا يحمد عقباها على العسكر من التوافقية المبنية على القبول و الرضا من كافة الاطراف المختلفة لانها تساعد على خلق

الاجواء المناسبة للبناء و الاستمرار و ضمان تحقيق تعايش سلمي حقيقي .

اذن من خلال ثلاثية الحوار و التسامح و التوافقية يمكن للتعايش السلمي ان يحقق هدفه في كل المجتمعات المتعددة و املتنوعة و بغض النظر عن نوع و حجم الاختلافات و مدى تقدم او تأخر المجتمعات .

**رابعآ / مقترحات للتعايش السلمي في كركوك .**

لاشك ان كل المجتمعات متقدمة كانت ام متخلفة تحتوي على العديد من المشاكل و التحركات المدمرة ، التي يقف ورائها هيمنة القوة .

و ان عملية حلها تتطلب اقامة علاقات متوازنة تعزز وضع جميع الاطراف من خلال تحويل القوة التعسفية ( الاكراه ، السيطرة على الموارد ) الى قوة مشتركة تبتعد عن التهميش و الحرمان .

ان الاختلاف في القيم و المصالح و الحاجات يمكن حلها بطريقة مشتركة تعاونية تولد امكانات التغلب على الخلافات لاسيما عندما لا تنغمس الاطراف المختلفة او تحدد نفسها مسبقآ بنتيجة الربح اوالخسارة و تعمل هذه الاطراف على توحيد جهودها من اجل حل المشاكل بارادة مشتركة .

**يبدو ان مدينة كركوك كانت و مازالت تشكل احدى العقد اليي تقف امام ايجاد حل سلمي بين المكونات المختلفة ، و بالتالي فان الضرورة تقتضي العمل على :-**

١. اتفاق جميع الاطراف و بارادة سياسية مشتركة على ضرورة الحوار الدائم و المستمر بينهم . و الابتعاد نهائيآ عن التهديد او استخدام القوة في حسم القضايا الخلافية في المدينة .





٢. العمل الجاد على رفع الغبن و المظلومية التي لحقت ابناء هذه المدينة و بكل مكوناتها و استرجاع الحقوق المسلوبة و بروح يسودها الثقة و الاخوة المشتركة.

٣. العمل على استلهام تاريخ المدينة بوصفها رمزآ للاخوة و التسامح و الوئام بين المكونات المختلفة .

٤. ان تقوم الاطراف المختلفة بمصالحة تأريخية قوامها التسامح الذي يقود للتعايش السلمي و بما يحقق مباديء العدل و المساواة . و معالجة السلبيات و الارث السابق على كافة المكونات بروح وطنية بعيده عن الثأر و الانتقام .

٥. ابتعاد جميع الاطراف عن الترويج للافكار التي تثير العداء و الكراهية و محاولة تعزيز عناصر الثقة و اواصر المشتركة بين المكونات المختلفة .

٦. اقامة الندوات و الحملات الاعلامية التي تعزز روح المودة و التعاون المشترك بين جميع المكونات و بما يهدف الى ازالة الهواجس و المخاوف المتبادلة .

و اخيرا ان تحديد وضع و مستقبل مدينة كركوك هو رهن بارادة اهالي المدينة و احترام حريتهم و قرارهم بنوع و شكل و مستقبل هذه المدينة دون ان يؤثر ذلك على وحدة العراق و مستقبله و يجب ان تبقى المدينة عنصر رفدو دعم لوحدة العراق و مستقبله .

المصادر

(١) الشعبي هو عامر بن شراحبيل بن عبد بن ذي كبار ، و يعد من فقهاء الدين الاسلامي عاش نحو ٨٧ سنة ، توفي في مدينة الكوفة عام ٧٢١ .

(٢) يعود تاريخ مدينة كركوك الى الاف السنين و تنشر الدراسات الى انها وجدت قبل ميلاد السيد المسيح عليه السلام ، و انها تأسست في زمن الكوتين و الكيشيين ، ١٦٠٠ ق.م و كانت تعرف باسم ( كوركوا ) اي نور النار باللغة الميدية القديمة .

بينما يرى الاخرون بانها تعود الى العصر السومري و ان المقصود من كلمة كركوك هو العمل المنضم الشديد .

انظر في ذلك شاكر خصباك ، الكرد و المسألة الكردية ، بغداد ، ١٩٥٩ ، ص١٤ — ١٥ .

و مزيد من التفاصيل من اسماء مدينة كركوك انظر نورى طالباني ، منطقة كركوك محاولات تغير واجها القومي ١٩٥٩ ، ص٨ — ١١ .

(٣) تشير المصادر بان هذه المدينة بنيت على تل كبير مستطيل يرتفع نحو ٢٢٠ قدماً عما يجاوره ، و بنى بعضها تحت التل على ضفتي مجرى واسع مليئة بالماء و هو مجرى ( خاسه جاي) و معظم النصف الغربي من التل خرائب و انقاض ، اما اسوار المدينة محصنة من حافة السطح الشديد الميل ، و من ابرز اماكنها الاثرية القبر المعروق بقبر دانيال و البرج الاثري المشمس الذي يعود تاريخه الى عهد السلاجقة و دخلت المدينة في الاملاك العثمانية وفق معاهدة الحدود العام ٥٥٥ او اطلق عليها اسم شهرزور . مزيد من التفاصيل انظر

سي . جي ادموند ، كرد و ترك و عرب ، سياسة و رحلات البحوث عن الشمال الشرقي من العراق ١٩١٩ — ١٩٢٥ ، ترجع جرجيس فتح الله ، بغداد ، ١٩٧١ ، ص٢٣٩ — ٢٤٠ .

(٤) آدمو ندز (م س ذ ) ، ص ٢٤١ — ٢٤٢ .

(٥) تجدر الاشارة الى ان هناك جهود عالمية كثيرة تبذل من اجل حوار الاديان و اتفاقات ، و عقدت العديد من المؤتمرات العالمية لاسيما في الحوار الاسلامي — المسيحي و الدعوة للتعايش





المشترك بالمقابل ظهرت بعض الافكار التي روحت للتصادم و الاختلاف مثل كتاب فوكاياما ، نهاية التناريخ و كذلك كتاب صموئيل هتتنفقون صدام الحضارات.

(٦) الاسراء : ٧٠

(٧) الحجرات : ١٣

(٨) يونس : ١٩

(٩) هود : ١١٨

(١٠) البقرة : ٤

(١١) آل عمران : ١٤٠

(١٢) البقرة : ٢٥

(١٣) فصلت : ٣٤

(١٤) آل عمران : ١٠٣

(١٥) آل عمران : ١٠٥

(١٦) آل عمران : ٤٦

(١٧)

(١٨) سنثيا ساميسون ، المقاربات الايجابية لبناء السلام ، ترجمة فؤاد سروجى ، منشورات المكتبة الاهلية ، ٢٠٠٧ ، ص٤٠ .

(١٩) تعتبر المقاربات التي تستخدم العنف اعلى كلفة و اكثر ايقاعاً للضرر على الاطراف المتنازعة من تلك التي لا تستخدم العنف ، كالوسائل اللاعنفية تتيح المجال للاطراف المتنازعة بان تبني و تنمي علاقات و روابط اكثر انتاجية من تلك التي تستخدم العنف .

مزيد من التفاصيل مصدر سابق ، ص٣٩ .

(٢٠) مزيد من التفاصيل مصدر سابق ، ص٣٩ .

# آليات التنشئة السياسية

## Mechanism of Political Socialization

الناصر الدريد

**تبرز مشكلة التنشئة السياسية في دول العالم المختلفة و ان بأطر متباعدة و لغايات متباينة :-**

**اولآ –** ففي دول العالم المتقدم تسعى النظم و المؤسسات السياسية فيها الى احداث التنشئة السياسية بهدف تنمية الروح المؤسساتية و غرس مقيم المجتمع الغربي المختلفة ( الليبرالية، حقوق الانسان، المواطنة، احترام الاخر، الانصياع للقانون..الخ ) و ذلك حفاظآ على روحية و بنية المجتمع الغربي و يحدث ذلك باقل حجم من القسر و باكثر ما يمكن من استخدام الادوات التنشئة الطوعية (الاعدام، التربية، النتاج الفكري، الاحزاب و المنظمات، المجتمع المدني .. الخ ) .

**ثانيآ -** اما فيما يخص دول العالم النامية فالمهمة تبدو اكثر تعقيدآ بكثير و يبدو انها كذلك اقل نجاحآ بالنظر للنتائج عن مثيلتها في دول العالم المتقدم و ذلك للاسباب التالية :

١. حداثة تكون هذه الدول و بالتالي حداثة تكون مؤسساتها ( ان وجدت ) و هذا يعني بذل جهود اكبر في التنشئة عن الدول التي تملك نظمآ عريقة في العالم الغربي .

٢. هشاشة المؤسسات السياسية و الاعلامية و بالتالي انعدام او ضعف كفائتها في توصيل رسالة التنشئة السياسية المطلوبة للمجتمع .





٣. ضعف و طزاجة تكوين الهوية القومية و الوطنية اصلآ مما يترك اعباء مختلفة تمامآ على عاتق عملية التنشئة عن تلك التي تواجهها نفس العملية في العالم المتقدم الذي لايكلف عملية التنشئة عبء غرس و تكوين الهوية القومية و الوطنية .

٤. عدم توضح بنى النظام السياسي و اندماجها في المؤسسات الحكومية مما يخلق مشكلة الازدواج بين عملية التنشئة السياسية و عملية التعبئة و التثقيف لسالح النظام السياسي ( و التي غالبآ ما تكون ذات طيف طائفي او ديني او قومي معين طاغي بل و حتى حزبي في كثير من الحالات ) .

لكل هذه الاسباب فان دراسة التنشئة في المجتمعات المتقدمة تتحول لتصبح نوعآ من الدراسات السايكوسوسيولوجية مرتبطة بتطور الانماط الثقافية في تلك المجتمعات بينما هي في دو العالم النامية تدخل في صلب الدراسة السوسيوسياسية موضوعة تحت التركيز الواضح المختلف النخب السياسية و المسيسة داخل المجتمع و سنحاول في هذه الدراسة ان نركز على اليات التنشئة السياسية في المجتمعات النامية اخذين بنظر الاعتبار شمولية هذه المجتمعات و تنوع طيفها بين القارات الثلاث ( اسيا و افريقا و امريكا اللاتينية ) و عدم اندماجها بالضرورة في صيغة موحدو مهما بدت هذه الصيغة في مظهرها عامة و قابلة للتطبيق على اكثر من صعيد :

١. الية الغرس العائلي ( Family Incultation Mechanism ) في هذه الآلية تمارس العائلة دورها في عملية التنشئة ( Socialization ) و هي من اخطر اليات التنشئة و اكثرها تعقيدآ و اهمية بسبب :

أ. كونها اول عملية تنشئة يتلقاها الانسان في حياته، اي اول عملية غرس مفاهيمي و قيمي للانسان .

ب. انطباعها العميق في الذهن، اذ يؤكد علماء النفس ان مراحل الثلاث الى

الخمس سنوات الاولى من عمر الطفل تبقى معلقة في الذاكرة او المخزون اللاوعي لقيم الانسان مهما مرت من مراحل بعد ذلك في التغير و التطور الذهني و الثقافي لذلك الانسان في مراحل عمره اللاحقة و تمارس العائلة هذا الدور بشكل واعي او لاواعي و ذلك اما عن طريق التلقين المباشر لقيم و عادت و تقاليد المجتمع* او عن طريق معايشة العاملة لتلك القيم و التقاليد و بالتالي اكتساب الطفل ( ابن العائلة ) لهذه القيم و التقاليد و عملية المعايشة ( و سوف يذهل الكثيرون لو قاموا بمراقبة عالم الاطفال محاولين اكتشاف اعقد القيم الثقافية و السياسية و الدينية و حتى الطائفية فيهم دون وجود لعملية تلقين مباشر لهم من ذويهم بهذه القيم ) .

**هذا عن التنشئة بشكل عام اما بالنسبة للتنشئة السياسية بشكل خاص فانه يمكن القول ان دور العائلة في هذه العملية هو دور ضعيف نسبياً قياساً لدورها في عملية التنشئة العامة لسببين اساسيين هما :-**

**اولاً** – ان كثير من الادوار و العلاقات السياسية ( الانتماء، الانتخاب، الترشيح، تولي المناصب .... الخ ) لاتتم الا في مراحل النضوج العمري المتأخرة و بعيداً عن مرحلة الطفولة، لكن واقع الحال في دول النامية يخالف احياناً هذه الحقائق حيث تبدأ عمليات التلقين السياسي للطفل في محيطه العائلي منذ مراحل عمره المبكرة بسبب اصطباغ هذه التلقين بالروح الايدولوجية المتشددة وهي سمة الانتماءات السياسية في معظم دول العالم النامية .

**ثانياً** – ان الاسرة عادة لا تهتم باعداد ابنائها للعمل السياسي لذلك ان هذا الموضوع لا يكون عادة على سلم اهتمامات الاسرة العادية و الطبيعية و يكاد هذا الامر يصدق بشكل عام على الاسر في المجتمعات المتقدمة و النامية على حد سواء





دون ان يفوتنا ان نشير الى ان الاطفال في اسر النخب السياسية و الحاكمة سواء بالشكل السياسي او الشكل التقليدي ( كاعشائر و القبائل و الطوائف و الاقاليم ) يلقنون احياناً و بشكل مبكر بنوع من التنشئة السياسية و الاعداد المسبق للقيام بالدور سياسي موروث منذ نعومة اظفارهم* و مع ذلك فاننا نشير الى الدور الخطير و المهم للاسرة في موضوع التنشئة السياسية . و السؤال هنا هو كيف يكون نوع الاستجابة لهذا الغرس و التنشئة ؟ ان هناك نوعين من الاستجابة يجدر بنا ذكرها و يبرز هذان النوع خلال السنوات اللاحقة :-

١. التبني الكامل Total adoption : و في هذه المرحلة من الاستجابة يكون الانسان قد تبنى بشكل كامل و هضم و تمثل كل منظومة القيم التي تلقاها سواء عبر عملية التلقين المباشر او عبر عملية المعايشة، و قد دلت الدراسات السوسيولوجية ان معايشة القيم تكون غالباً اقوى تأثيراً من عملية التلقين المباشر التي قد تخلق في حالات نادرة نوعاً من الرأي المحافظ ( Conservatism ) عموماً فان عملية التبني الكامل تشكل نوعى من الاستجابة الاكثر احتمالاً على المستوى الانساني لاسيما في المجتمعات النامية حيث تنعدم او تضعف الاليات المنافسة في هذه المرحلة المبكرة** .

٢. العصيان ( Rebeliance ) : و هذا النوع من الاستجابة يكون نادر الوقوع نسبياً في المجتمعات النامية و يحدث اما بسبب فشل الالية اساساً بفشل ادواتها ( القسوة، التزمت، وجود مؤثرات منافسة و بديلة ..... الخ ) او بسبب شخصية الفرد نفسه و التي قد تكون في حالات نادرة ذات طبيعة عاصية و متمردة*** .

بعد ان يتعلم الطفل اول خطواته يغادر منزله ( العائلة ) للعب في الشارع و هذا ما يحصل غالباً في معظم المجتمعات النامية و هنا تبدأ ذلك المرحلة التي

يتقاسم فيها عملية التنشئة لدى الانسان الاليتين ( الغرس العائلي و الغرس البيئي) بشكل متبادل فكلما حل الغرس العائلي زاد الغرس البيئي و هذه هي الضرورة الطبيعية مع تقدم العمر (*) و هنا قد يبرز لدينا نوعين من العلاقة بين الغرسين :-

أ. علاقة متألفة حيث تتطابق المفاهيم و القيم بين الغرسين فيعملان بشكل متناغم في داخل البنية القيمية للانسان مما يزيد من تركيزها و ثباتها داخلياً .

ب. علاقة متناخرة :- حيث تتناخر من قيم الالية الاولى مع قيم الالية الثانية مما يولد صراعى داخل

الانسان يحدد نتيجته في النهاية الغرس الاكثر متانة ة تأثيراً من الناحيتين السوسيولوجية و الاقتصادية و غالباً ما تبدأ القيم السياسية في هذا النوع من الاليات رغم عدم استبعاد امكانية تواجد هذه القيم في الآلية السابقة تماماً . و تكف التاثيرات هذه الآلية عادة في مرحلة عمرية معينة تتفاوت بين مختلف الاشخاص تبعاً لتكوين شخصياتهم و الظروف المحيطة بهم، لكن هذه المرحلة تتعدد عموماً بالوصول الى مرحلة البلوغ، لكن يفوتنا ان نذكر ان الضرورة الحياتية للفرد الغربي مختلفة تماماً في هذه المرحلة لان الطفل لا يغادر البيت الى الشارع بل الى المدرسة و التي تتحول لتصبح مؤسسة بالغة الاهمية في ضرورة التنشئة بشكل عام لذلك درس العلماء السوسيوسياسين في المجتمعات المتطورة هذه الالية و تمثلوها بشكل خاص في المدرسة، و ما زالت دراسات علم الاجتماع السياسي تفتقر الى دراسات جادة حول نماذج مجتمعية من المجتمعات النامية و بالنسبة لعملية التنشئة في المدرسة فانها يمكن ان تحدث بمرحلتين :-

١. التنشئة من خلال الدراسة الرسمية :- تعتبر المناهج الدراسية اول وسائل التنشئة السياسية المستخدمة في مدرسة فمناهج التأريخ تكون عادة مملوءة (





بالاحداث التي تعزز المجد القومي والتي يتم التركيز عليها مثلما يتم التركيز على صورة الماضية الخالية من الشقوق و التصدعات ) حسب رأي في . او . كي و كذلك مناهج التربية الوطنية و يتم من خلالها غرس مختلف مفاهيم التنشئة السياسية لكننا بالطبع يجب ان ان نميز انه فيما تتم عملية غرس مفاهيم الوطن بشكله العام تأريخياً في المناهج الدراسية في المجتمعات المتقدمة فانه يجرى نوع من الاستغلال لهذه المناهج بهذا الخصوص لتمجيد و تبرير النظام السياسي القائم و تعميم ديمومته من خلال غرس الولاء له في المناهج الدراسة في المجتمعات النامية و تحاول الانظمة السياسية ان تتماهى مع صوره الوطن و تطرح في المناهج هذا التماهي و تحاول ان تسويته على النشيء الجديد و يقول شارلز ميريام (C .Merriam ) انه اجرى دراسة في ثمانية دول اوروبية اثبتت ان المدرسة تعتبر جوهر تعليم المواطنة و التربية الوطنية ( Civic Training ) في المجتمع السياسي و انها على الاغلب ستظل تلعب هذا الدور بل و ربما سيزداد هذا الدور مستقبلاً و مع ذلك فاننا يجب نؤكد ان المناهج الدراسية قد تتناقض بشدة مع مختلف وسائل التنشئة البيئية خارج المدرسة مما يجعل تاثيرها ضعيفاً للغاية بل و معدوماً في كثير من الاحيان لاسيما في المجتمعات النامية حيث تغرس وسائل التماهي بين الوطن و النظام السياسي بشكل فج و مرافق لمشاعر السخط و الاحتجاج و الرفض لدى المجتمع تجاه النظام السياسي و ان هذا التناقض قد يحدث احياناً حتى في المجتمعات المتقدمة كما اثبتت دراسة لورنس وايلي ( L .Wylie ) عن فلوكس في فرنسا و دراسة ادكار لت (Edgar Litt ) عن تأثير مادة التربية الوطنية في الثانويات الامريكية و السؤال هو كيف يمكن التمييز بين عملية التنشئة السياسية الوطنية و بين عملية التلقين الايدولوجي للانظمة السياسية ( Indoctrination – Ideological ) .

**ان الفروق تكمن اساسها في النقاط التالية :-**

١. كلما ارتبطت عملية الغرس في الدراسية بنظام سياسي معين كلما اقتربت من مفهوم التلقين الايدولوجي .

٢. كلما كانت العملية في طبيعتها التأريخية ذات طبيعة انتقائية اكثر كلما كانت اقرب للتلقين الايدولوجي .

٣. كلما ابتعدت العملية عن المنهجية العلمية و اقتربت من الاسلوب الدعائي و الشعاري كلما اقتربت من عملية التلقين .

و يورد لنا جريمي ازرائيل ( J. Azrael ) نموذجآ واضحآ عن هذا التلقين في النظام السوفيتي السابق مؤكدى ان الاعتبارات الايدولوجية في ذلك النظام ادت الى تسيس المنهج الدراسي باكمله و كل ذلك لاجل اقناع الطلبة بان انجازات الاتحاد السوفيتي ليس لها مثيلفي العالم فيما اكد ريتشارد فاجين( R . Fagen ) ان التلقين الايدولوجي قد وصل الى مناهج الرياضيات في كوبا و لم يكف عن حد الردراسات الانسانية و الوطنية و السياسية !! .

فيما يؤكد ملفورد سبيرو ( Melford . SPIRO ) في كتابه طفل الكيبوتز ( Children of The Kibbutz ) عن استغلال المناهج الدراسية في نشر الايدولوجية الصهيونية في الكيبوتزات الاسرائيلية ذاكرآ النص في احدى المقالات في ارائيل يقول ( الاهداف التي تعبر عن جماعتنا يجب التعبير عنها في كل مشروع دراسي .... سواء كانت الطبيعية او ارض الوطن او التوراة او الاقتصاد ) و يؤكد سبيرو ان كثير من المناهج ما هي الا ( تلقين ايدولوجي تحت عنوان الحقيقة العلمية ) .

كما ان هناك جملة من التقاليد المدرسية ( Traditions ) التي تكرش قضية





التنشئة السياسية مثل تحية العلم و انشاد الاناشيد الوطنية و الاحتفالات المدرسية و تعليق الرموز الوطنية مثل العلم و الخارطة و صور ابطال التأريخ و القادة و يؤكد اصرار الدول على ابقاء هذه المراسم و التقاليد و النشاطات مدى اهمية التي تعلقها على هذا النوع من اساليب التنشئة السياسية و رغم تاكيد الكثير من العلماء الى عدم اليقين بالنسبة لدرجة التأثير الذي تمارسه هذه التقاليد في النشأة السياسية الى ان هناك دراسات ايدت هذا التأثير و اثبتته في ممسوحات امبريقية مثل الدراسة التي اجراها هيس و تورني ( Hess Torney ) حول تاثير هذه التقاليد في المدارس الامريكية حيث يؤكدون هذه التقاليد تبحث الاحساس بالخشية و الرهبة تجاه الرموز التي تتناولها و تفرض نوعى من الخضوع و الاحترام و التبعية لها حتى و ان كان الاطفال غير مدركين لمعناها الا انهم نادرآ ما يسألون عن مغزاها او معناها !! فيما يؤكد ريتشارد و كارن داوسن ( Dawsin ) على ان هذه التقاليد تؤكد على الطبيعة الجماعية و الكلية لهذه الاحاسيس يجعلها اكثر تأثيرآ و فاعلية من التلقين الفردي و هناك عوامل اخرى مؤثرة في التنشئة السياسية تتمثل بدور الهيئة التعليمية و الادارية و قدرتها الفائقة التأثير احيانى في هذا المجال كون المدرس يلعب احيانى دور الرمز و النموذج الاول في تمثيل السلطة الفوقية بالنسبة للطلاب و يزداد هذا التأثير في المراحل الدراسية المبكرة و هو يمثل صيغة محترمة بشكل عام من المجتمع حتى و ان لم تكن سلطوبه الامر الذي يمنحه تأثيرآ متزايدآ في العملية التنشئة و احيانآ تكون التركيب الخاصة للمؤسسة التعليمية ذات بعد و مضمون سياسي واضح في التنشئة مثل مدارس الاقليات الاثنية للطلاب دون الحاجة حتى الى مساعدة من المناهج او الهيئة التعليمية او المراسم و حتى المدارس العامة التي لا تعرف التميز تمنح رسالة للتنشئة السياسية داعمة الوحدة المجتمع و سياسة المساواة منه و تثبيت للهوية الوطنية داخل البلد .

**ثالثآ – آلية الغرس المؤسساتي** ( Institutional Incultation Mechanism )

و في هـذه المرحلـة تبـدأ عمليـة غـرس القـيم الـسياسية و المعنويـة باوضـح صورها، بل تكاد لانتقادها الا في حـالات قليلـة ( مثـل اسـتمرار الدراسـات لاسيما في مراحلها العليا ) حيث تتكون الهوية الثقافية و القيمية للانسان و الـتي سيـستمر في علاقة التأثر و التاثير معها حتى نهاية العمـر و تـدخل دراسـات التـنشئة الـسياسية في هـذه المرحلـة ضـمن دراسـات تـأثير الظـروف و القـيم المحيطـة بالـسلوك الانـسان لاسيما في الناحيـة الـسياسية منـه بـشكل فـردي ( مثـل دراسـات صـناعة القـرار او التـأثر بـه، و تـأثير الاعـلام و الاقتـصاد و التـأثير النفـسي علـى الفـرد ) او بـشكل جماعي ( ما يخص المجتمعات المختلفة ) و يعتبر التغيير في ظروف الفرد واحـدآ مـن اهم عوامل التنشئة اتلسياسية و الاجتماعية مثل الانتقال من الريـف الى المدينـة او تغـير المهنـة او تغـير الظـروف الـسياسية و الاقتـصادية المحيطـة او الـتغيرات التكنولوجية و الاركيولوجية . . الخ )

و تؤكد مختلف الدراسات المستجدة في هـذه المرحلة شـيئآ واردآ بـسبب طبيعـة و سرعة التغيرات الناجمة عـن عـدم الاسـتقرار و تكـون البنـى الراسخة بينمـا تعتـبر التطـورات التكنولوجيـة و الاركيولوجيـة مـن اهـم اسـباب الـتغير في المجتمعـات المتقدمة و بذلك يكون الاختلاف بينيي في هذه النقطة اكثر من كونـه كميآ و هـذا مـا يحـدد الى درجـة كـبيرة مـستوى التفـاعلات و معالجتها علـى مـستوى التـنـشئة السياسية فمثلآ يؤكد لبست

( Lipset ) في كتابه الرجل السياسي ( Political man ) على ان توجهات و سلوك الفـرد يميـل للارتبـاط بوضـعه الاجتمـاعي و ارتباطاتـه الفؤيـة و ان هنـاك علاقـة





عضوية واضحة بين النزاعات و الميول السياسية و بين وضع الافراد في الجماعات الاقتصادية و الاجتماعية المختلفة حيث ثبت ان الافراد ذوي الاوضاع الاقتصادية المتشابهة تكون اختياراتهم السياسية و رؤواهم متشابهة و هذا ما يوضح اسباب تصويت العمل المشترك في الانتخابات او المزارعين او الموظفين . .. . الخ بينما يؤكد كامبل ( Compbell ) و كورين ( Gurin ) و ميللر ( Miller ) بان المعيشة المشتركة و الطويلة بين مجمعة من الافراد و الفترات بينهم، طويلة تخلق اراء سياسية مشتركة بينهم و هذا ما يفسر الولادات المناطقية سياسيآ حتى بدون وجود مصالح مشتركة و تقيم داوسن ( Dawsen ) الجماعات الى ثلاث انواع :-

١. التجمعات المجتمعية ( Sociaetal Groupings ) و هو الفئات العريضة من الافراد المرتبطين بهوية مشتركة و عامة ( قد تكون طبقية و مهنية و تنظيمية و قد تكون قومية او دينية او طائفية لكنها ايضآ ليست جماعات بالمعنى بالمعنى الدقيق للمصطلح لانه ينقصها البنية و التفاعل المباشر بين اعضاءها و مع ذلك فانه قد يكون لها تأثير ضخم على التوجهات السياسية و ذلك من خلال طريقتين اساسيتين :

أ. انها تعمل لخاطر مرجعية او انتمائية اساسية .
ب. انها تشكل علاقات الافراد بالجماعات التي تعمل بدورها لقنوات التنشئة .

٢. الجماعات الاولية ( Primary Groups ) و هي عادة تكون صغيرة العدد و ليس لها هيكلية واضحة و هي ترتبط مجموعة من الافراد بروابط شخصية كالصداقة او القرابة او المصاهرة ..... . الخ فهم يجتمعون معآ بسبب رغبتهم بذلك و ليس لاي سبب اخر و لهذه الجماعة تأثير مهم في عملية التنشئة و الخيار السياسيين بل ان كولمان (Colman) يعتقد بانه حتى خلال مرحلة المراهقة فان الروابط الرفاقية

(الصداقية ) قد تحل محل الوالدين و المدرسين كرموز مرجعية مهمة، و بذلك تزداد اهميتها لاسيما في مرحلة التحول العمري من المراهقة للنضوج .

٣. الجماعات الثانوية ( Secondary Groups ) و هي تضم عادة عددى اكبر من الناس لكن لها هيكلية اكثر وضوحآ و تنظيمى و علاقاتها اقل شخصية من الجماعة الاولية مثل مجموعة العمل او الوظيفة المشتركة او زملاء الدراسة في الصف او المدرسة و يؤكد الموند ( Almond ) و فيربا ( Verba ) ان الافراد الاعضاء في التنظيمات ( غير سياسية ) يشعرون بقدرتهم و انتمائهم و اختياراتهم السياسية اكثر من الذين لا ينتمون الى اي تنظيمات مما يؤكد ان هذه الروابط تقوم باداء وظائف سياسية كامنة و هذا ما يقود ربما ( لاسيما في المجتمعات المتقدمة ) الى موضوع ما يسمى تنظيمات المجتمع المدني ( N . G . O ) و تأثيراتها السياسية التي لم يعد هناك مجال لانكارها .

و بذلك نكون قد استعرضنا في هذه الدراسة وسائل و اليات التنشئة السياسية بدءآ من العائلة و البيئة المحيطة الاولى ثم المجتمع الامر الذي يؤكد ان الفرد هو كائن معرض للتأثير السياسي ضمن مجال التنشئة السياسية و ان هذا الامر ينطبق على المجتمعين المتقدم و الناس ( و ان كان يأخذ في الثاني طابعآ الحثي و ايدولوجية من الاول ) بآلياته الثلاث و بطرق اكثر تنوعآ و اختلافآ من ان ترصد بشكل كامل و دقيق، و هذا ما يجعل موضوع هذه الدراسة اكثر حسمآ بالدراسات الامبريقية منه الى الجدل النظري و الكلامي .





**المصـــادر**

١. انتوني كدنز ( علم الاجتماع ) ترجمة د. فايز الصباغ، مؤسسة ترجمان، بيروت، ٢٠٠٥ .
٢. ثامر الخزرجي ( النظم السياسيةالحديثة و السياسات العامة ) دار مجدلاوي للنشر و التوزيع، عمان، ٢٠٠٤ .
٣. ريتشارد داوسن و اخرون ( التنشئة السياسية ........ دراسات تحليلية ) ترجمة د. مصطفى خشيم و د. محمد زاهى المغيربى . منشورات جامعة ثار يونس، بنغازي، ليبيا ١٩٩٨ .
٤. صادق الاسود ( علم الاجتماع السياسي ...... اسسه و ابعاده ) جامعة بغداد، بغداد ١٩٩٠ .
٥. د. عبدالله محمد عبدالرحمن ( علم الاجتماع السياسي . . .. النشأة التطورية و الاتجاهات الحديثة و المعاصرة )، دار النهضة العربية، بيروت، ٢٠٠١.
٦. غازي فيصل ( التنمية السياسية في بلدان العالم الثالث ) مديرية دار الكتب للطباعة و النشر، بغداد، ١٩٩٣.

١. HERBERT Hyman ( Politi Sociolozitation ) . a study in the psychology of political beharior ) Glencoe Free Press . London ١٩٥٩ .

٢. Robert Dowese and John Highes ( Political Sociologe ) . John Wiley and Sons . London . ١٩٧٢ ) .

---

* تعمد الكثير من المجتمعات الاسلامية الى عادة ذات دلالات واضحة و بهذا الشأن و هي الهمس باذن الطفل بالقيم الدينية الاسلامية في اللحظات الاولى لولادته بينما تعمد العائلة في مصر على سبيل المثال الى اقامة احتفال صاخب في الاسبوع الاول من ولادة الطفل حيث يتم تلقينه عادات اجتماعية معينة كلاميآ ناهيك عن الصحن المفتعل لغرض تلقينه صورآ من صخب الحياة و هي يحلها فعاليات ذات دلالات رمزية واضحة عن التلقين .

* في لبنان على سبيل مثال يربي السياسيون المرمقون اولادهم ليرثوا ادوارهم السياسية منذ الطفولة و يسمى الطفل ب( الشيخ ) رغم طفولته و رغم عدم وجود قبيلة او عشرة او توجه ديني يبرر هذا اللقب فيما يعمد الحكام في الانظمة ( التوتالية ) لوراثة مناصب ابائهم و التدريب امنيآ على ذلك .

** و هناك نقطة مهمة تتمثل في تشجيع ثقافة الاختيار لدى الطفل في العالم المتقدم و انعدامها في المجتمعات النامية بل و احياناً حتى محاربتها و تحريمها او حتى تكفيرها دينياً احياناً .

*** للمقارنة بين الموقعين يمكن دراسة ردة فعل الاديب د. طه حسين تجاه شخصية ( الراوي ) في قريته في موقف نوستاليجي واضح و تفضيله اياه على مقطوعات باخ و بتهوفن فيما كان موقف الاديب المغربي محمد شكري متناقضاً تماماً في رفضه و تمرده على واقع طفولته و اسرته في طنجة و الواقع انه ردود الفعل التي عكست نجاح رواية ( الايام ) لطه حسين و ردود الفعل الغاضبة تجاه رواية ( الخبز المر) لمحمد شكري تعكس الرأي التقليدي للمجتمع العربي بهذا الشأن .

هدوالنامه كيتب